# RAMAN

174

مانگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ــ دەزگای ڕامان دەری دەکات

خولی سێیەم/ ساڵی شازدە/ تشرینی دووەمی ٢٠١١

**خاوەن ئیمتیاز**

شەوکەت شێخ یەزدین

**سەرنووسەر**

ئازاد عەبدولواحید

**بەڕێوەبەری هونەری**

سەرکەوت وەلی

**مۆتیف و پۆرترێت**

قەرەنی جەمیل

**بەرگ**

باسم ڕەسام



ناوونیشان/ هەولێر ـ ڕێگای کەرکووک ـ تەنیشت قبووڵ مەرکەزی
ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net
تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ 2228506 - 07504494662
(دەرەوە)/ 4494662 - 003248
تەلەفۆنی نۆرماڵ / 2230582
پۆستی ڕامان: azad_abdulwahid@yahoo.com
sarkautw@yahoo.com



چاپخانەی خانی/ دهۆک
نرخ/ ٧٥٠ دینار

## ناوەرۆكی ڕامان


● سەروتار

- زۆری و بۆری لە ڕۆژنامەنووسیی ئەدەبیدا/ سەرنووسەر/ 3

● دەق

- سەمای بەلەمەکان/ دڵشاد عەبدوڵڵا/ 6
- من لەویم.. پێویست بە هاتنم ناکا!/ بورهان ئەحمەد/ 8
- ڕەوە چۆلەکەی ڕوح/ هاوژین صلیوە/ 10
- بێ دوماهی/ لە ئەڵمانییەوە: بەدەل ڕەڤو مزووری/ 11
- ئایا گەمییەکان بەم ڕادەیە تۆیان بە عیشوە خاپاند؟/ لە عەرەبییەوە: جەلال زەنگابادی/ 13
- خەج و سیامەند/ ک. د. ئازاد/ 15
- دارتاش/ مەهوەش خان عەلی زادە/ 19
- شەقی نووسەر/ دابان بەرزنجی/ 21
- چیرۆکا شەڤێ/ عیرفان ئامیدا/ 24
- بیر/ لە عەرەبییەوە: موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی/ 26

● هەڤپەیڤین

- چاوپێکەوتنێک لەگەڵ (سدیق بابایی)ی نووسەر و باسکار/ ئا: شەریف فەلاح/ 30
- دیمانەیەکی بڵاونەکراوە لەگەڵ (شێخ حەسیب قەرەداغی)ی شاعیر/ ئا: ئارام ساڵح/ 39

● ڕێپۆرتاژ

- «خەڵاتی نۆبێل» بۆ تۆماس ترانسترۆمەر/ ڕزگار شێخانی/ 43

● ڕەخنە و لێکۆڵینەوە

- نموونەی بێ لافی، یان وێنەی دووەمی شاعیرەکانمان/ د. عەبدوڵڵا خدر مەولوود/ 51
- بنیادی کارەکتەر و ئیستێتیکای گێڕانەوە لە ڕۆمانی (کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان)/ عەلی عوسمان یەعقووب/ 57
- تێکەڵبوونی ناسنامەکان/ بەختیار محەمەد/ 74

● دەق و ڕەخنە

- گێڕانەوەیەکی نوێ لە قەڵەمێکی ئازا و بیرێکی ورد/ قادر عەلیخا/ 81

● وتار

- تەنیایی سواڵکەرەکان/ سەعید سلێمانی/ 87
- خزمەتگوزاریی ئینتەرنێت و بەکارهێنانی لە کتێبخانەکاندا/ ئا: یاسین قادر بەرزنجی/ 92
- قانیع شاعیری خاوەن هەڵوێست/ عومەر فارووقی/ 97
- ئەدەب و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی/ حەمە مەنتک/ 101

● مێژوو

- سەعدییە و جەلەولا لە مێژوودا/ عەباس سلێمان سمایل/ 105

● هزر و فەلسەفە

- ئیمانۆییل کانت.. ڕابەری فەلسەفەی ترانسندێنتالی/ د. حەمید عەزیز/ 115

● هونەر

- مێژووی گۆرانی موزیکی ناوچەی کۆبە/ وریا ئەحمەد/ 129
- فیلمی ئاڤاتار/ ئا: خەسرەو حەمەکەریم/ 133

● ڕاپۆرت

- فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی هەولێر بۆ شانۆ/ خەلیل یابە کەریم/ 139

● خوێندنەوەی کتێب

- فەلسەفەی هیگڵ/ هاشم سەڕاج/ 146
- کۆلارەباز یادەوەریی جەنگێکی دۆڕاو/ غەمگین بۆڵی/ 154

● نرخاندن

- (ڕامان)ی سەرچاوە/ د. ئازاد عوبێد/ 159

● سووکە لەنگەر

- تیرێژی تیرۆژە چیرۆک/ ئەحمەد حەقناس/ 160

**سەروتار**

**لە پەراوێزی کولتوورەوە**

# زۆری و بۆری لە ڕۆژنامەنووسیی ئەدەبیدا

* وەک لای هەمووان ئاشکرایە لە پێش ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١، بەهۆی بوونی سانسۆرێکی توند، بێجگە لە چاوە زەیتەکانی دی کە لە ناوەندەکەدا چاودێریی هەر ڕستە و وشەیەکی نووسەرانیان دەکرد، هەروەها لەبەر نەبوونی کەشوهەوایەکی ئازاد، بۆ ئازادیی بیروڕا دەبڕین، ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە قاتوقڕی و پەلەقاژەی مەرگ و تەنگژەیەکی خنکێنەردا پەلی دەکوتا و بە کولەمەرگی دەژیا. وێڕای ئەو بارودۆخە گرژ و ناهەموارەی بۆ ڕۆژنامەنووسیی هاتبووە پێش، لەولایشەوە ڕووبەری (بڵاوکردنەوە)ی کار و بەرهەمە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکان زۆر بەرتەسک بوون. دواتر ڕاپەڕین زەمینەیەکی لەبار و گونجاوی بۆ ئەدیبان و نووسەران ڕەخساند و فەزایەکی ئازادیی پانوپۆڕ و بەرینی بۆیان خستە سەر پشت و بووە دەریچەیەک بۆ ڕزگاربوون لەو چەپاندنە (کبت) کە پێشتر پرزەی لێیان بڕیبوو. ئیدی لەوساوە تا ئەمڕۆکە کە ماوەی بیست ساڵێک دەبێ، دەرفەتێکی بێ سنوور لەبەردەم دەرکردنی لێشاوێک گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاڤۆک و هەفتەنامە و مانگنامە کراوەتەوە، بەمەش زۆری و بۆرییەکی زۆر زەق بە تەختی تەوێڵی ڕۆژنامەنووسیی کوردییەوە نووساوە، لەناو ئەویشدا زۆری و بۆری یەخەی بە ڕۆژنامەنووسیی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و هونەرییش گرتووە، کە پێم وایە ئەو زۆری و بۆرییە ئەگەر بۆ قۆناغێک ڕەوابووبێ کە بەهۆی سەروەختی چەپاندنەکەوە سەری هەڵدابوو، ئەوە ئەمڕۆکە هیچ پاساو و بیانوویەک بەدەستەوە نەماوە بۆ (بەخۆداچوونەوە) و هەوڵدان بۆ چاککردنی جۆر و کوالیتی ڕۆژنامە و گۆڤار و پاشکۆ ئەدەبی و هونەرییەکانمان و خۆ ڕزگارکردن لەو پاشاگەردانی و کەڵەکەکردنی زۆری و بۆرییە بەسەر یەکدا، کە ئەمە لەبەر ونبوون و نەمانی پێوەرە پیشەییەکە و بەدەست نەهێنانی پڕۆفیشناڵی لە بوارەکەدا کەوتووەتەوە و نابێ چیتر بەو شێوەیەی هەیە درێژە بکێشێ.

* ڕۆشنبیریی گشتی ژێرخانی کاری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەوانییە، بۆیە ڕۆشنبیرێک دەتوانێ هەوڵ بدات ببێتە ڕاگەیاندنکار و ڕۆژنامەنووسێکی باش ئەگەر عیشقی ئەو پیشەیەی تێدابێ، بەڵام ڕۆژنامەوان و ڕاگەیاندنکارێک هەروا بەئاسانی ناتوانێ ببێتە کەسێکی ڕۆشنبیر و ببێتە خاوەنی ڕۆشنبیرییەکی هەمەلایەن و قووڵ، کە ئەو ڕۆشنبیرییە قووڵ و هەمەچەشنە بۆ هەر ڕۆژنامەنووس و ڕاگەیاندنکارێک بە پێویست دەزانم، بە تایبەتی بۆ ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە لە بواری ڕۆشنبیری و ئەدەبیدا کار دەکەن، چونکە ناکرێ ئەو پاشخانە ڕۆشنبیرییە پێویستەیان نەبێت. ئەگەر ڕۆژنامەنووس ڕۆشنبیر و خوێنەرەوەیەکی باش بێت، بێ گومان دەتوانێ لە کاری ڕۆژنامەنووسیی خۆیدا بەردەوام هەوڵی (نوێ بوونەوە) و (تایبەتمەندی) و (جیاوازبوون) لەوانی دی بدات و خۆی لە ڕووکەشی و لاساییکردنەوە و پەراوێز بوون دەربهێنێ و وەک خەمخۆرێکی (داهێنان) و (نوێ بوونەوە) بەدوای بەهرەی نوێ و داهێنان و نوێگەریدا بگەڕێت، تا بە بەرپرسیاریەتی و وردەکارانە کاری خۆی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و هۆشمەندی و تێڕوانین و چێژ و زانیاری خوێنەرەوان و بینەران و گوێگران بکات، چونکە ئەو جۆرە ڕۆژنامەنووسە دەگمەن و دانسقانە کە بە ڕۆشنبیرییەکی گشتییەوە خۆیان پەروەردە کردووە و تێیدا قووڵ بوونەتەوە، ئەوانە هەمیشە خۆیان لە جوینەوە و لاساییکردنەوە و لە دەرگادانی ئەو باس و بابەتانە بەدوور دەگرن کە پێشتر باسیان لێوە کراوە و چارەسەری ڕۆژنامەوانییان بۆ دۆزراوەتەوە.

* لێرەوەیە ئەو ڕۆشنبیرانەی دەکەونە بواری کاری ڕۆژنامەوانیی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و لە ڕۆژنامەیەک، گۆڤارێک، پاشکۆیەک، بڵاڤۆکێکی وەرزانەدا کار دەکەن، ئەوانە لە خەم و پەرۆشیی و گەڕان بەدوای (تایبەتمەندێتی) ئەو چاپەمەنییەوە دەبن و بە دووای

**سەرنووسەر**

کاری جوان و سەرنجڕاکێشدا وێڵ و عەودالن، مەبەستیان نییە کاری (بۆر) و بێ نموود بکەن، واتە تەنیا ئامانجی ئەو جۆرە ڕۆژنامەنووسانە هەڵکڕوزانی کارەکە نییە، تا زوو بێتە دەست و پاڵی لێ بدرێتەوە، چونکە کاری ڕۆژنامەوانیی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی (وەزیفە) نییە تەنیا بۆ (مووچەیەک) کارێک بکرێت و کاتەکانی کارکردنی تێدا بەسەرببرێت و ڕۆژ و سەعاتەکانی تێدا بژمێررێ بۆ هاتنی سەری مانگ چاوەڕێ بین، ئەو جۆرە کارە پێش هەموو شتێک عیشقەو بەرگەی پەلە پەل کردن و تەقەڵ درشتی و گورگە لۆقەیی ناگرێ، وەک ڕۆژنامەیەک، هەفتەنامەیەکی سیاسی و گشتی نییە بە خێرایی (هەواڵ) و (زانیاری) تێدا بگەیەنرێت، نەوەک هەواڵ و زانیارییەکە کۆن بین، یان زووتر لە شوێنی دیکەدا بڵاو ببنەوە و ڕەواجیان نەمێنێ و نەخوێنرێنەوە، بۆیە ئەوانە دەکەونە ڕاکەڕاکەی بەردەوام بە مەبەستی خێرا گەیاندنی هەواڵ و زانیارییەکانیان، بەڵام لەبەر ئەوەی کاری ڕۆژنامەوانیی ئەدەبی و ڕۆشنبیری، کاری تێڕامان و وردبوونەوە و پێگەیاندنی چێشتەکەیە لەسەر ئاگرێکی هێمن و کز، تا بە شێنەیی پێبگات، هەروەک چۆن ڕووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ کەسانێکی خوێنەوار و ڕۆشنبیر و خاوەن بیروڕا و تێڕوانین و چێژ و سەلیقە و هەستیار، کە هەروا بە ئاسانی بە هەر کارێک قایل نابن و سەریان بۆیان نالەقێنن. ئەو جۆرە کارانەش بۆ خۆیان سەرلەنوێ داڕشتنەوە و کارکردنن لەسەر بیر و ناخ و ڕوح و ویژدانی مرۆڤ، بۆیە هەوڵدان بۆ دروستکردنی داوونەریتێکی ڕۆژنامەوانیی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و هونەریی، زۆر جیاوازە لە کاری ڕۆژنامەوانیی گشتی، ئەوەش بەو مانایە نییە کە ڕۆژنامەوانییە گشتییەکە پێویستی بە ڕەنگڕشتنی داوونەریتی ڕۆژنامەوانیی تایبەت بەخۆی نییە، بگرە بۆ هەر کارێکی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەوانیی، ڕشتنی ڕەنگی ئەو داوونەریتە بە گرنگ و پێویست دەزانرێ، بەڵام هەریەکەیان بە ڕێچکە و شێواز و نەفەس و ڕێگای تایبەتی خۆی، کاری لەسەر دەکرێت.

* لە بواری کاری ڕۆژنامەنووسیی ئەدەبی و کولتووریدا، پێویستە ئەو کەسەی ئەو کارە دەکا لایەنی ئەدەبی خۆیشی لە دەست نەدات و نەیدۆڕێنێ، وەک ڕۆژنامەنووسێکیش خەسڵەتی ڕۆژنامەنووسێکی پشوودرێژی ورد و دیقەتکاری تێدا بێت، چونکە جاری وا هەیە لەو چەشنە ڕۆژنامەوانییەشدا مامەڵەکردن لەگەڵ (هەواڵ)ی هونەری و ئەدەبی و ڕۆشنبیریدا دێتە پێشەوە، بە تایبەتی لە ڕۆژنامە و پاشکۆیەکاندا کە دیسانەوە پێویستە ڕەچاوی لایەنی (نوێ) بوونی هەواڵەکانیان تێدا بکرێ، هەروەها دەبێ (سەرنجڕاکێشان) لە هەواڵەکەدا لە مەسەلەی (وروژاندن) لە پێناوی (وورووژاندن) جودا بکرێتەوە و بەدوور بگیرێ، ئنجا خۆی لە تانە و تەشەر و نوقرچک گرتن و جنێوی جولەکانەی (ژێراوژێری) بە دوور بگرێ کە بەناوی ڕەخنەوە دەنووسرێن، هەروەها لە ڕۆژنامەوانیی ئەدەبی و هونەری و ڕۆشنبیریی گشتیدا دیسانەوە (هەڤپەیڤین) و (دیمانە) و (وتوویژ) و (دەمەتەقێ) هەیە کە لە ڕووی جێبەجێ کردنەوە ئەو هونەرە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ئەو (هەڤپەیڤین) و (چاوپێکەوتن) و (دیمانە) و (وتوویژ) و (دەمەتەقێ)یانەدا نییە کە لە بواری کاری سیاسی و چالاکی کۆمەڵایەتی و ئابووری و...تاد جێبەجێ دەکرێن. (ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی) و (ڕێپۆرتاژ) سازکردنیش لە ڕۆژنامەوانی ئەدەبی و ڕۆشنبیریدا هەیە کە بنەمایەکانی لەگەڵ ڕۆژنامەوانی گشتی یەک بنەما و یەک مەبنا و شێوازە و ناشێ کەسێک لە بواری کاری ئەدەبی و هونەریدا کار بکات و لە کار و ئەرکی ڕۆژنامەوانیی گشتی جیای بکاتەوە، لەپاڵ ئەوانەشدا سازکردنی (مێزگرد)یش بەدی دەکرێ کە سەبارەت بە زەقکردنەوەی بابەتێکی هەنووکەیی و ئاریشە و گرفتێک دێتە ناوەوە و گرنگە و وەک هونەرێکی ڕۆژنامەوانیی خۆی دەسەپێنێ.

* هەرگیز نابێ بە هەر بیانوویەکەوە بێت گرنگیی کاری ڕۆژنامەوانی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و هونەریی پشتگوێ بخرێ و نادیدە بگیرێ و بە هەندی وەرنەگرین، چونکە لە هەموو سەردەم و کات و قۆناغەکاندا پێویستیی بوونی ئەو جۆرە ڕۆژنامەوانییە خۆی بەسەرماندا دەسەپێنێ و دەبێ بایەخی پێبدرێت، کە لەو ڕێگایەوە خوێنەری زۆر بەلایدا دەچن و دەیخوێننەوە و سەرنجیان بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ و کەمەندکێشیان دەکات. ئەگەر ئەو ڕۆژنامە و پاشکۆ و گۆڤار و بڵاڤۆکانە خەڵکی ئاسایی بۆ لای خوێندنەوە ڕابکێشن، ئەوە بەشێکی زۆریان توێژی لاوەکان دەبن کە هەر لەو ڕێگایەوە بۆ سیحر و ئەفسوونی خوێندنەوە پەلکێش دەکرێن. بوونی ئەو جۆرە «ڕۆژنامەوانی»یە بۆ لاوەکان زۆر گرینگ و پێویستە، بە تایبەتی کاتێک دەبینین لاوەکانمان کاتی زۆریان هەیە و لێیان بە فیرۆ دەڕوا و نازانن چۆن کەڵکی لێ وەربگرن و چۆنی بقۆزنەوە، بوونی ئەو بۆشایی و دەست بەتاڵی و بێ ئیشییە زۆرجار دەبێتە هۆی پەنگ خواردنەوە و خۆ خواردنەوەیان، خەفەت و مەراق و گرفت و ئاریشەکانی ژیان بۆ ناوەوەی خۆیان دەباتەوە، بۆیە پێویستیان بەوەیە لە ڕێگەی خوێندنەوە و چێژ وەرگرتن لە ئەدەبیات ئاسوودە بکرێن و ئەو پەنگاوەی ناخی خۆیان خاڵی بکەن و کاتی خۆیان بە خوێندنەوەی ئەو بڵاوکراوانەوە بەسەر ببەن، لە جیاتی ئەوەی خۆ بەکاری لابەلاو بێ سوود مژووڵ و سەرقاڵ بکەن.

* ئەمڕۆکە دوای دامرکانەوەی ئەو کەفوکوڵەی ساڵانێکە هەیە، لەپاش ئەوەی دەرفەتی زۆر بۆ گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاڤۆکی ڕۆشنبیری و ئەدەبیی هاتووەتە پێشێ، لەپاش ئەوەی هەرچی هەستاو پرۆژەیەکی لەو جۆرەی دەرکرد، بەبێ ئەوەی ڕەچاوی ستایل و شێواز و ڕێبازی ئەو بڵاڤۆکە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییە بکرێ کە لەوانی پێشتردا هەیە، بەپێویستی دەزانم لەپاش کەڵەکەبوونی ئەزموونێک لەو بوارەدا و پاش ئەوەی ئەو چەپاندنەی پێش ڕاپەڕین ڕەویوەتەوە کە بەهۆی سانسۆر و بەرتەسکردنەوەی ڕووبەری بڵاوکردنەوەوە هەبوو، ئەمڕۆکە هیچ پاساوێک بۆ ئەو زۆری و بۆرییە لە ئارادا نەماوە و دەبێ بەپێی ئەو یاسایەی دەڵێ مانەوە بۆ چاکەکانە (البقاء للأصلح) کاربکەین، هەروەک چۆن پێویستە لەسەر ئەو گوتەیەش بووەستین کە: (کەڵەکەبوونی زۆر، دەبێتە مایەی چاککردنی جۆر) و ئەمە لەلای خۆمانەوە بگۆڕین، چونکە کاتی ئەوە هاتووە چاک و خەراپی ئەو جۆرە ڕۆژنامەنووسییە بناسینەوە، هیچ نەبێ بۆ ئەوەی چیتر خوێنەرەوەی کورد تووشی دڵەڕاوکە و دوودڵی و دڕدۆنگی نەکەین و پتر لە خوێندنەوە نەیتۆرێنین.

* ئەو ڕۆژنامە و پاشکۆ و بڵاڤۆکە ئەدەبی و ڕۆشنبیریانە کە لەبەرچاوی خوێنەران دەبێزرێن، هۆیەکەی ئەوەیە کام بەرهەمە لاوازە و لە شوێنە بەرچاو و باشەکاندا بڵاو ناکرێنەوە، دێن لەو

شوێنانەدا بڵاویان دەکەنەوە کە بابەت و بەرهەمی نووسەرە باشەکانیان پێ ناگات، بۆیە هەرچی چۆنێک بێت و بەهەر جۆرە بەرهەمێک بێت لاپەڕەکانیان پڕ دەکەنەوە، بەبێ گوێدانە ئاستی ئەو نووسەرانە و ناوەڕۆک و قووڵیی بابەتەکان و جۆری کەسەکان ئەم کارە دەکرێ. لەلایەکی تریشەوە زۆر (وەرگێڕان)ی سەقەت و بێ سەرچاوە و ئاڵۆز و بێ سەروبەریان تێدا بڵاودەکرێنەوە و وەک خۆراکی ئیسکپایەر دەرخواردی خوێنەرەکانیانی دەدەن، یان بەدەقی زۆر لاواز و شەپڕیوی شیعر و چیرۆک پڕ دەکرێنەوە، یان بە نووسین و ڕەخنەی زبر و پڕ لە نوقرچک گرتن و ئازاردانی یەکتری لاپەڕەکان ڕەش دەکرێنەوە کە بە مەبەستی یەکلایی کردنەوەی حیساباتی شەخسیی دەنووسرێن، لەو حاڵەتانەشدا بەهیچ شێوەیەک ناتوانرێ داوونەریتێکی ڕۆژنامەوانی جوان دابمەزرێنین کە تێیدا پیرۆزی و گەورەیی هونەر و داهێنان ڕابگرین و بە سەنگینی خزمەتی ڕۆشنبیران و ئەدیبان بکەین، بەمەش باری سەرنجێکی دزێو بۆ سەرجەم چاپەمەنییەکانمان لەلای خوێنەران دروست دەکرێت و باشەکانیشیان لەبەرچاو دەخرێت.

* لایەنێکی گرنگی دیکە لە ڕۆژنامەوانیی ئەدەبی و ڕۆشنبیریدا ڕێزگرتنە لە خوێنەران و دەرچوونی بڵاوکراوەکەیە لە کات و ساتی خۆیدا، تا لەو کاتەدا خوێنەران بە چاپکراوەکەی خۆیان شاد بن کە چاوەڕێی دەرچوونی دەکەن، هەروەها پێویستە ئەو کەلێنوکەلەبەرانەی پێویستن بۆ ئەدەبیات و کولتووری کوردی پڕ بکرێنەوە و بایەخیان پێ بدرێ، تا شوێنێک لە کتێبخانەی کوردیدا پڕ بکەنەوە. بایەخدان بە (نەوەکان)یش قەت نابێ لەسەر حیسابی لاوازیی بەرهەم و کارەکان بێت، ئەم کارە ڕەمزە جوانەکانی بواری ئەدەبی و هونەری و ڕۆشنبیریی کوردییش کاڵ دەکاتەوە، هەروەک دەبێ دەرفەتیش بڕەخسێنرێ بۆ هەر بەهرەیەکی جوانی لاوەکان و ئافرەتان لەسەر ئەو لاپەڕانەدا بپشکوێن و بەردەوام لەسەر بنەڕەتی گەڕان بەدوای (بەهرەی تایبەتمەند) و بەپێوەری ڕاستو دروستی ڕەخنەیی و ئێستێتیکایی دەستگیرۆییان بکرێت. ئەوەی لەو بڵاوکراوە ئەدەبی و ڕۆشنبیریانەدا سەرنج ڕادەکێشێ ئەوەیە کەمتر بابەتی کوردی بەرچاو دەکەون، یان تا بابەتێکی کوردیی لەلایان بڵاودەکرێتەوە، بەدەیان بابەتی دیکە جێگەیان دەگرنەوە، بۆیە دەبێ لەمەولا زیاتر بەرەو (کوردێنی)ی کارەکانمان بگەڕێینەوە و زیاتر خزمەتی داهێن و نووسەر و ڕۆشنبیر و هونەرمەندی کورد بکرێت، نەک بۆ کەسانێک بگەڕێینەوە کە بەدەیان و سەدان و هەزاران بابەتی لەبارەوە نووسراوە و هەر کەسێک بیەوێ دەتوانێ لە ئینتەرنێت وەک سەرچاوە وەریان بگرێت و وەریان بگێڕێتە سەر زمانی کوردی و بابەتێکیان لێ ئامادە بکات، لەکاتێکدا داهێنەری کوردی وامان هەیە، دوای پەنجا ساڵ تەمەنی پڕ بەخشش و داهێنان و کار و هونەر، دەشمرێ و کەسێک دە دێڕی جوانی لەسەر نەنووسیوە و نانووسێ و هەر بە ڕێکەوتیش بەسەر ناکرێتەوە.


* وای لێهاتووە بۆ ئەوەی ڕۆژنامەیەک بخوێنرێتەوە و بە حیساب هی هەموو چین و توێژێک بێ و هەموو لایەک ڕازی بکات، ستافەکەی دێن و هەر لاپەڕەیەک، دووان بۆ پسپۆڕی و بابەتێک تەرخان دەکەن، ئەدەب و ڕۆشنبیرییش بە تەواوکردنی بەشێک لەو ئەرک و پەیامە تێدەگەن، واتە ئەو بایەخەی پێویستە پێی نادرێ و زیاتر وەک کێش و قافیە تەماشا دەکرێ و دێتە ناو کارە ڕۆژنامەوانییەکەیانەوە و پێیان وایە دەبێ هەبێ و بەو شێوەیە هەبێ کە دەبینرێن، لە پێودانگی ئەو لە کۆڵ خۆکردنەوە و (هەبێ)یەدا، زۆربەی نووسەرەکانی بریتی دەبن لە نووسەری سەفەری و سەرپێی کە بە ڕاگوزار و ڕەوتەنیانە دێنە ناو ئەو کارانە و بەدوای ناوبانگی خێرا و زوو بڵاوبوونەوەی بەرهەمەکانیان و خەڵاتی زوو بەدەست هاتوو دەکەون، بۆیە دەیانەوێ بە کورتیلە وتاری ڕووکەش و سەرپێیی و وەرگێڕانی بابەتی هەڵبزڕکاو خۆ بخزێننە ناو ئەو لاپەڕانەوە، بەبێ ئەوەی لەناو باس و بابەتەکاندا قووڵ بووبێتنەوە و بەرپرسیارانە نووسیبێتیان، ئەم جۆرە نووسینانەش زیاتر لەناو ئەو ڕۆژنامە و پاشکۆیانەدا جێگەیان دەبێتەوە کە دەروەستی دروستکردنی (داوونەریت)ێک نین بۆ خۆیان، بۆیە ئەوەی لە شوێنێکی دیکەدا هەوڵی بۆ دەدرێ تا سەرەتای داوونەریتێک دابڕێژرێ، ئەوان تێکی دەدەن و لەلایان گرنگ نییە، چونکە ئەو چاپەمەنییانە هەرچییەکیان بەدەستەوە هات، ئەوە لاپەڕەکانیانی پێ ڕەش دەکەنەوە، تەنانەت وەک دەبینین (شیعر) و (چیرۆک)یش بەو ڕەچەتەو پێودانگە دەنووسرێن، نەک وەک ئەوەی پێوەرەکانی داهێنان لێیانی داوا دەکات، یان بە فریوی ڕەنگاوڕەنگ کردنی وێنەی شاعیر و نووسەرەکان هەوڵ دەدرێ بەلای خۆیاندا ڕایانکێشن، یان بە خەڵاتی چەور، لەجیاتی بەرزکردنەوەی ئاستی بڵاوکراوەکە خۆی.

* ئەو چاپەمەنی و پاشکۆ ئەدەبییانە ئەگەر هەر بێ بەرهەم بوون، ئەوە دەچنە ناو سایتەکانی ئینتەرنێت و بەبێ ئاگاداری و ڕەزامەندیی خاوەنەکەی، بەرهەمەکەی لەوێ وەردەگرن و بۆ جاری دووەم و سێیەم بۆی بڵاودەکەنەوە، خاوەنەکەشی ئەوەی پێ خۆشە، چونکە وەک ڕیکلام بۆ خۆی تەماشای ئەو کارە دەکات و لەو ڕێییەوە ناوبانگ و ئامادەیی زیاتری بۆ دەستەبەر دەکات و بەزەرەری نازانێ، لەوانەیە هەندێک جار پاداشتی ئەو نووسینە بڵاوکراوەیەش بەدەست بهێنێ، بەڵام لێرەدا ڕۆژنامەنووسی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی، دەبێ لەم ڕووەوە ڕێزی بڵاوکراوەکەی خۆی ڕابگرێ و ئەوەندە دەستەو دامێنی بڵاوکردنەوەی ئەو بەرهەمانە نەبێ، با هی نووسەری ناسراو و بەناوبانگیش بن، کە بەلای منەوە ئەمە هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەو چاپەمەنییە نووسینی نووسەرە ناودارەکانی بە چنگ ناکەوێ، یان ئەوان بەرهەمی خۆیانی بۆ نانێرن، بۆیە بەو شێوەیە خۆیان دەکەنە وەکیلی نووسەرەکان و بەرهەمەکانیان لە ئینتەرنێت وەردەگرن. سەیرەکەش لەوەدایە ئەو چاپەمەنییانە وای نیشان نادەن کە ئەوان ئەو بەرهەمەیان لە ئینتەرنێت و سایتەکان وەرگرتووە، بگرە وا نیشانی خوێنەرانی دەدەن کە نووسەرەکان خۆیانن ئەو بەرهەمانەی خۆیانیان بۆیان ڕەوانە کردوون، ئەوە باسی وەرگرتنی پۆرترێت و وێنە و هۆیەکانی دیکەی ڕوون کردنەوە هەر ناکەم، کە ئەوان بە نوێژی نیوەڕۆ فەرهوودی دەکەن و بەبێ ڕەزامەندی وەرگرتن و ئاماژەدان بە سەرچاوەکانیان بەناڕەوا بە مافی خۆیانی دەزانن ئەو شتانەی کە هی ئەوان نین دەستی بۆ درێژ بکەن، واتە ڕەنج و بیرۆکە و کات و پارەی تێچووی ئەو کارانەی چاپەمەنیی دیکە کە مەبەستێتی بۆنو بەرامە و داوونەریتی خۆی هەبێ، ئەوان سووک و باریک وەری دەگرن و دێنە سەر سفرە و خوانێکی ئامادە کراو و ڕازاوەوە، ئنجا بەم قۆپییەکارییەوە پۆز بەسەر کار و ڕەنجی چاپەمەنییەکانی دیکەشەوە لێدەدەن.

# سەمای بەلەمەکان

دڵشاد عەبدوڵلا

لە ناوەڕاستی دەریابووین کە زەنگی کڵێسای قەشە
مەرقۆس لێی دا
دەروازە ڕۆمانسییەکانی، لە دوورەوە کاس بوون.
ژنێکی ڕووس لە تەنیشتمەوە شتێکی دەچرپاندە گوێی
پیاوەکەی بەردەمی،
وەکو ئەوەی بیرەوەرییەکی بێنێتەوە یاد.
هێمای پێیەک بەسەر ئاوەوە
دەنگی پێیەک بەسەر ئاوەوە
چاومان بڕییە ئەو جێ پێیە، ئەو جێ دەنگە.
بە ملوانکەی ملییەوە دیاربوو، ژنە، عیساییە
بە سنگ و مەمک دەریایی.
هەبێ و نەبێ پێی مەسیحە پێشمان کەوتووە
بەرەو مەلەکوتی خودا.
بەلەمەکان کەوتنە سەما
دەریای ئەدریاتیک پڕ بوو لە ئاواز هی کۆن و نوێ.
هەندێک کوڕوکاڵ بەسەر پاناوکی دەریاوە،
لەناو گەمێیەکی باریک، ماندۆلینیان دەژەند
گۆرانییەکیان دەوت نەغمە ڕۆژهەڵاتی.
پۆلە سەماکەرێک لێمان نزیک بوونەوە،
پەڕەمووچەی ڕەنگاوڕەنگیان چەقاندبوو لەسەر گوێ،
تاجە گوڵیان کردبووە ملیان،
بەو شێوەیە دەچوونە پێشوازیی زەریاوە!
ئاو لێرە نەک هەر برادەرە، دایکیشە!
دەچینەوە بەر مەمکان،
لەگەڵ سەمای بەلەمەکان.
دەریای ئەدریاتیک ڕەحەت دەبوو،
هێندەی خۆی بسووێ لە دارودیواری لووسی فینیسیا.
پشتمان کردە کڵێسا و ڕوو لە «بینالە»
هونەرمەندێکی کۆریایی مەسیحی دروستکردبوو بە
باوەشی مریەمەوە،
هەردووکیشیان بووکەڵە بوون، بە جلوبەرگی کۆرییەوە.
دەتوت لە قودس دانیشتوون!
ئەو خەمە پەڕیوەتەوە گشت جێ،
مەملەکەت نەماوە نەگەڕێ.



هونەرمەندێکی جوولەکە بە (ئینسلێشن)،
جەنگی خۆیان و عەرەبی کۆکردبووەوە،
لە پارچە خاکێکی شەقار و چەند شەپۆلێک.
هەریەکەیان هەوڵی دەدا ئەو خاکە بۆ خۆی دابڕێ،
بەشی زیاتر بۆ خۆی ببا.
شەپۆل دەهات و یارییەکەی لێ تێکدەدان،
سەرلەنوێ دەستیان پێ دەکردەوە.
ئەو جۆرە جەنگانە هەتا دێ بچووک دەبنەوە
ئەو جۆرە یارییانە هەتا دێ لەبیر دەچنەوە.
هونەر نووساوە بە ڕووداوەکانەوە، لێیان جیا نەبۆتەوە،
گرفتەکە لای بینەرە، خاڵی هاوبەش لەلای ئەوان بزر بووە.
بێهوودەیی دەکەن بە بیانوو بۆ درێژەدان بە جەنگەکان.
کە گەڕاینەوە،
بەسەر تەختەی شێدار پەڕینەوە کەنار
لە لۆقنتەیەک لاماندا،
چەند بیرەیەکمان خواردەوە بە دەم پیتزای ئیتاڵییەوە.
چۆلەکە لەسەر خوان ئامادەبوون، دندووکیان دەدا لە
ڕۆخی پیتزاکە.
گیایەک لە شێوەی پوونگ لەناو قاپێکی پەل دانرابوو،
ئەو گیایە بردمییەوە دوور،
ئەو کاتەی یەکەم جار لە (خەتێ)، گۆمی پوونگم دی،
ساڵ نەسووڕاوە دیوانێکی شیعرم نووسی، بوومە
خاوەنی «گۆمی پوونگ!»
چەند دوورە خەتێ لە فینیسیا؟
هەندێک ئینجانەی گوڵی زەرد لە بالکۆنێکدا
دەبریسکانەوە لەبەر تیشکی خۆر
خەریک بوو دەست ببەم بۆ دەرگای ئەو ماڵە،
وامزانی ماڵی خۆمە!
ژنێکی شەپقە لەسەر هاتە دەرێ.
سلاو خانمی گوڵە زەردەکان!
ئەو ماڵە بە چەندی؟
زەردەخەنەیەک ئەفسوونی نواند، نرخەکەی شاردەوە.
ئەو ماڵە بەو زەردەخەنەوە چەندی پێ بدەی هەر کەمە!
ڕێی هەزار و قسوور میلم بڕیوە،
بۆ دیتنی جوانییەک کە زەریا دەشڵەژێنێ.
بەبیرم دێتەوە، ئاشنباخ لێرە تا دزێوی دیوە،
ئاخی لەبنوبۆتکەوە هەڵتەکیوە
لەبەرانبەر ئەو جوانییە ئەبەدییە
کە فەرقی نێر و مێی نییە.
ئەو شارە ئەوهایە، دەستی بتگاتێ مەحاڵە بەرت بدا.
مارکۆپۆلۆ لێرەوە خولیای دنیابوو... تا هەتا شەیدابوو.

سەوڵ لێدە ئەی کەشتییەوان، سەوڵ لێدە.
ژنەکەم لە پشتەوە توند کەمەرم دەگرێ
ئەوەندە مەستە بە جوانی ئەدریاتیک،
دەستی خۆی تێ دەهاوێ
چەند جوانە ئەو دەستە لەناو دەریا
خەریکە دەگەم بە جوانی بێ کۆتا
بە دڵی دەریا!
سەوڵ لێدە دڵشاد!
زەنگی کلێسا دوور کەوتۆتەوە
ژنەکەم نووساوە پێمەوە،
نەبادا زەریا بمبا.
بەلەمەکان مەستن بەسەما
هەموو نووساون بە یەکترەوە،
ماڵ و گوڵە زەردەکان و ئاوازی ماندۆلین،
هەموو ژنەکان و هەموو پیاوەکان،
بە کلێسای مار مەرقۆسیشەوە.
ئای لەبەر ئەو سەما و مەستییە
ئای لەبەر جەژنی باخۆس
لە فینیسیا.

**فلۆرەنسە – ٢٠١١**

# من لەوێم..
# پێویست بە هاتنم ناکا!

**بورهان ئەحمەد**
**(کەرکووک)**

پێویست ناکا بدوێم
ئەم چەند وشەیە
ناو مەنێ پەیڤین
ڕوخسارم خۆی
نیگاری بێ هوودەییم دەکێشێ
هیچ پێویست ناکا
هانکەهانک
دڵنیایی بدەمە هیلاکی فەرامۆش کراوم
قاچەکانم خۆیان
وڕێنەی هاتنم کورت دەکەنەوە
ئەو چۆڵەوانییە،
ئەو چۆڵەوانییەی...
بە ئێسک و درەخت شین بووە
بە ئازایەتییەکی ترساو
بە ئازادییەکی نیگەران
بە تەم و یاقووت گەمارۆ دراوە
هەر لەم غەریبییەی من دێ
ئەم ئاوەدانییە
خاپووریی دەستەمۆی کردووە
کووچە و کۆڵانەکانی پڕن لە نووستنی دەنگ
کە دەلیلی پشووی خامۆشییە
لە بێ بەهابوونی شکۆفەی ڕوحدا
کەشتی گەلێکە بۆ گواستنەوەی باڵندەی خەواڵوو
بنواڕە چۆن داهات بۆ نقووم بوون کۆ دەکاتەوە؟
سەیری کە چۆن دەڕمێ!؟
تا فڕین ببەخشێتە وەچەی داهاتوو
تاکو بێداری بداتەوە بە زەنگ
ئاخر ئەم ئاوەدانییە
وەحشەت دەیکێڵێ
تاریکی چاندوویەتی
سەرئەنجام
هەر دەبێ خۆر
بەسەریا بچەمێتەوە
ڕۆشنایی کڕنووشی بۆ بەرێ
چاوەڕێی بووژانەوەی هەنگاوەکانم مەکە
قامکەکانم لەوێن
شوێن پەنجەم بەسەر خوێنتەوە دیارە
بە تەمای نووژەنبوونەوەی ژوانت نیم
چوون هاتنت قورسەقورس



وەک هاتنەوەی ناوونیشانی بەرخێک
لەنێو حیکایەتەکانی قەڵای گەلەگورگێکدا
هاتنەوەت سەختە سەخت
وەک گەڕانەوەی
ئەو گۆرانییەی
هەروەکو مووروو کەوتە ژێر زەریا
ڕۆژەکانی من لەکەدارن
سەر بە ئێوارانی پێنج شەممەی غەمبارن
بەشداریی زەماوەندی مردووەکان دەکەن
سپێدەکانی من
خل دەبنەوە نێو جۆگای ساڵەکان
ئەوەتا،
سەعاتەکانی من
ژەنگ تینوویێتی چەورییان دەشکێنێ
خەنجەرەکەم بۆ بەزین هەڵکێشاوە
شانەی ئەم تفەنگە بۆ ماوەم
پڕە لە فیشەکی خۆبەدەستەوەدان
نیاز لێم زیزە
جارێکی تر بگەڕێیتەوە ناو دۆڵابی ڕۆژژمێرەکەم
هەر کاتێک هەوەسی بینینت بجزوێنێ
دیدارت بیەوێ ڕاڤەم کا
دەچمە بەردەم ئاوێنە
شوێن پێت بەسەر دڵمەوە جێ ماوە
سڵ مەکەرەوە
لە خوێنی ڕژاوی مۆری ڕیشاڵی ئەڤین
مەترسە
دەوران دەورانی شۆڕش و جەنگە
جەنگ لە ئاشتی زیاتر سەرقاڵی کردووین
دوکانەکان هەموویان داخران
لە بازاڕ
گوڵ فرۆشێک نەماوەتەوە
شووشەیەک خەندە
گۆزەیەک تریفە
قوومێک ڕووناکی
لەتێک مانگ
پاروویەک خۆشبەختی
چەند ئەستێرەیەکی زێڕینی لێ بکڕین
تۆ لێرەی
کەواتە چاوەڕێی هاتنت ناکەم
من لەوێم
کەواتە بە تەمای سەردانم مەبە
قەیناکا

دەبا مێژووی ڕۆژهەڵات
هەروا تەپوتۆز
تووڕەی کات

# ڕەوە چۆلەکەی ڕوح

هاوژین صلێوە
(کۆیە)



هەنارێکی قەڵەشیوی لێو گڕاویی ددان سوور
دەمی پڕ ببوو لە ئاو،
بۆ دوو لیمۆی کیژۆڵەیەک
کە نوشتابووەوە لەبەردەمی و
گێسکی دەدا بن دار هەنار..

**کولیچە**

کچێک بە پەنجەکانی دەستی ڕاستی
ڕوومەتی ئەنگوتکە هەویرێکی ماچ دەکرد و
کولیچەی عیشقی لێ دروست دەکرد

**گاندی**

شاری بۆربەنداری هیندستان
تاکو ئێستاش لۆکەی سپی دایپۆشیوە،
چونکە ڕوحی پەپوولەیی گاندی لەم شارەدا باریوە.

* * *

مۆم سەرگۆی مەمکێکی گڕکانییە
لە داخی بێ پەپوولەیی دەتوێتەوە.

**یەکگرتن**

بلۆکەکانی ئەم دیوارە ڕووتەڵەیە
پەنجەکانیان ناوەتە نێو پەنجەی یەک و
باکیان نییە لە لافاوی ناوەخت و
لە ڕەشەبای ژەهراوی.

**چۆلەکە**

چۆلەکەش لە یاسای سەربازی دەزانێ،
کە بە ئاسمانا دەفڕێ، لەنجە دەکات بۆ ژێر و ژوور،
تاکو مزی تووتوو و بەردی دارلاستیک نەیپێکێ.

**ماسی**

ماسی هەمیشە چاوی کراوەیە!
چونکە بوونەوەرەکانی ئاسمان و زەوی و ئاو دوژمنین

**ڕیشۆڵە**

زیڕ و زوڕی دوو ڕیشۆڵە
لەنێو درەختێکی بەفر گرتوو
فێرە ئەویندارێمان دەکەن.

**ڕەنگاڵە**

جاجم باندێکی مۆسیقایە،
هەر ڕەنگێ ئاوازێ دەژەنێ، بە هەموویان کۆ ئاواز و
هونەری چنینی جوان.

**درەخت**

ئەم درەختە کۆترێکە
باشوکەی پاییز لێی داوە و
پەڕەمووچەکانی هەڵوەریون.

**هێشوە قەیسی**

ئەم دارقەیسییە چەند عاشقە
ئەوەتانێ پۆلێ بلبلی زەرد و سوور و نارنجی
خۆیان بەلقوپۆپی هەڵواسیوە.

**ڕووبار**

ئەم ڕووبارە شەکەت و سەرخۆشە
هێندە پێکە بارانی مەی و
پێکەشەرابی قوڕاوی خواردۆتەوە،
لە ڕێڕەوی خۆی لایداوە و
ملی لە چەقۆی بەرد دەسوێت.

ژ هوزانا نەمساویا هەڤچەرخ

# بێ دوماهی



**کونتێر ڤینتێر**
**Gunther Winter**
**وەرگێڕانا ژ ئەلمانی: بەدەل ڕەڤو مزووری**
**(نەمسا)**


### ١- بێ دوماهی
تیشکێن ڕۆژێ
ل بەر باو و باڕوڤان
دژی هەمی یاسایان
خو دچەمینن
لێ! د خەونێ دا
باران بەرەڤ ئەسمانا دباریت و
دل د کویراتیا خۆشییێ دا
بێ دویماهیک دمینیت.

### ٢- هوشداری
دەم هەبوو
ل بەر ڕۆژێ بڕوینێت و
دگەل تەیرو تەوالا بپەیڤیت
بەلێ ئەم...!!
هەردەم ب لەز بووین
و دەم مە نە بوو
سلاڤێ لێ بکەین،
لێ پا نهو..
بەری مە گهەشت.

### ٣- ئاژەلێ ب شاخ
ئەو ئاژەلێ ب شاخ
ژ خەونا من بۆ پەنجەرێ
بازدا
بەرەڤ سەربەستییێ.
بۆ دەمەکی... بەرزە بوو
ب شەڤ ژی
دکرە گری
خەونا من یا نوی
ژ ڤەخوارنا ڕوندکێن وی
تێربوو.

### ٤- نە پتر
هێژ..
خولی یا گەرمە
دەست خو وێ گەرم دکەن
هەروەکی بالندێن
رازای
دناڤ خیزی دا.



ئەوێ دلسۆتی
نەشێت دلێ کەسێ بکوزرینیت،
چ مەترسی
ل سەر نینە.

**٥– بو بەر دەرازینکێ**
ئەز دلێ خو
دهاڤێژمە بەر دەرگەهی و
ژدەرڤە
یا ژ سەرما قەرسی
دێ هێتە سێدارەدان
ل ڤێرێ
ئەوا دەستێن هەمیا دا بوویە
هەڤیر و
ژ ئەڤینێ پڕن
دێ مینیت نازک و نەرم
سوباهی ژی...
دەمێ هەیڤ ب سەردا
دبوریت،
دێ زانم کانێ
هێشتا خو دقوتیتن...!!

**٦– ڕویس**
بۆ وێراهە،
ئەو دەرا دەم لێ دهێت
چڕکێن سەلخاندنێ
دهێن و دچن.
رویس و دناڤ رۆناهیێ دا
هێدی هێدی
کەڤنەڕوژ دێ
هچکێن وان ساکۆیێ میهرەبانیێ.
ل بەرخو دکەت

**٧– ب کێمی د ئەڤ سالە دا**
ئاشتی...
مالا بارکری
دناڤ مێرگێدا
وەکی مرۆڤێ دانعەمر
سلاڤ بکە مێشا هنگڤینی
بۆ دارگولێ بگڕنژە
یا ب نەرمی
دناڤ دەستیدا دلەیزی
کارتێکرنا وێ
ل سەر ڕوژێ
نیشانا ئومێدێیە
ل وێراهە.. پێ خۆ
پێ بلند کری
ب کێمی دڤێ سالێدا
بەفر نابارێت.

**٨– بەختەوەری**
تویێ خەونا ب خوشیێ ڤە دبینی
ئەوا ناڤێ
ژنەکێ هەلدگریت
بەلێ ژبیرا تە دچیت
کو دەم پاییزە...!!
پیرەکە من حەژێکربوو
د چاخێ هێشتا
کچەک تولاز.

**٩– ڕۆژا یەک شەمبی**
بێ دەنگی....
ئەوا بشکۆژ
تێدا گەش دبیت
خو ستری ژی
رەخ و روی نینن
کو هەردووک
دا بو تە خویا ببیت
کو هەردوو
یەک شەمبەکێ
دێ بنە گول.


**١٠– رەڤ**
ئەڤ شەڤە من.. سەروژنوی
جلکێت شاهیێ ل بەرکرن
ژ میچرانکێت دەڤێت شەڤێ
بەلێ تاری ب تنێ
گەرەنتی نینە
ب جه بێت
چونکی رەڤینا بیرۆکەکێ
بۆ سەر سینگێ شەڤێ
چێدبیت هەمی
ئەندێشا بکوژیت
ئەوا بمینیت
دبێژنێ هیڤی.

**هۆزانڤان د چەند رێزاندا:**
**– ل سالا ١٩٣٧ێ، ل باژێرێ (بوزن)، ل دەڤەرا (تیرول) ژ دایکبوویە.**
**– د بوارێ ئەلکترونیا دا ل زانکۆیا گراتسی خواندایە.**
**– کارەکێ سەربەست د بوارێ ئەلکترونیا دا دکەتن.**
**– د بوارێ (چیرۆک، هۆزان)ێدا دنڤێسیت.**
**– ژمارەیەکا دیوانان هەیە: یاری د ئاسوییێدا، نەمسا سالا ١٩٧٢، وەرپێچا خەونێ، سالا ١٩٨٠. بەلاڤکرینە.**

**ئەندامێ یەکەتیا نڤیسەر و هونەرمەندانە ل تیرولا رۆژئاڤا.**
**– هۆزانێت وی ژ دیوانا وی وەرگێڕاینە.**
**ZEITKRISTALLE- GUNTHER WINTER ATHESIADRCK, Bozen.**

# ئایا گەمییەکان بەم ڕادەیە تۆیان بە عیشوە خاپاند؟

سەرگۆن پۆڵس
لە عەرەبییەوە: جەلال زەنگابادی




※ ئایا بەم ڕادەیە
گەمییەکان تۆیان بە عیشوە خاپاند و
بەسەر ئاودا ڕێت کرد
میناک وتت؟!
هەڵبەتە مەجازانە و
لە ڕۆخی (نیگار)دا پیاسەت کرد، ببوورە ئایا
ئەمە ناوی ڕووبارەکەیە؟
تا سەردانی هۆزانڤانەکە بکەیت،
یان ڕاستتر کەلووەکەی!
کە لەورە شێت و مەلوول دەسووڕایەوە
کێ دەزانێ چەند ساڵ؟
– سی ساڵ
※ ئەی ناوی چییە؟
– (هۆڵدرلین) قدیسی هۆزانڤانان.
※ جا تا ئەم ڕادەیە تۆیان بە عیشوە خاپاند؟
– بێ گومان
کەلووم ئاوە، پشتەوانەم دەریایە
هەر کە کەوشم بکەفێتە سەر وشکانی
کۆڤان دەمخنکێنێ
(بە ئارەزووی خۆت ناوی بۆ دانێ)
بێ ئەسڵە
دامدەتراشێ بە ڕادەیە
جارجار مینا دەمی گوێزان دەبریسکێمەوە
وام لێدەکا شەوانە بە دەوری خۆما بخولێمەوە
بخولێمەوە وەک ئەو نەورەسە (ئایا دەیبینی؟)
کە بە دەوری سارییەدا دەخولێتەوە.
کێشەم زۆر ڕوونە:
یا دەبێ بە زووترین کات خۆمی لێ ڕزگارکەم
یان دەمکوژێ
نەک لە منەی شتێکدا
بگرە هەڵاتن لە زۆر شتدا
کە هەمیشە دەمەوێ خۆمیان لێ بپارێزم
میناک: ئایدز و فریشتەسانی سەروەر و کۆیلە
خنکاندنم تاقی کردەوە
خۆمم دایە دەستی خونکاری دەریای گۆنگەوەوە
لە هەرەتی لاوێتیا
کەچی ئێستا
خەون بە تۆفانەوە دەبینم.
※ ئەرێ وتت: خنکای؟
– بەڵێ هەر لەمێژە لە دەریای سپی ناڤیندا

گەیشتمە بن بنی
کە مەرگ لەورە فریومی دا
کۆسەج ئاسا لی لە پێشوازیما دەپەخشاند
نازانم چۆن خۆمم لێ ڕزگار کرد
چاوانم کرانەوە و
پیاوێکم دی زللەیەکی لێدام و چریکاندی:
«ڕۆڵە دەنگم هەژنەفی؟»
ڕاوچییەکی پیری بەیرووتی ڕزگاری کردم
دەنگی – گەر بزانی – هەلەلۆیای فریشتەیەک بوو
هێمان ولنگەی لە گوێمە
ئەم بەندەرە زۆر قەڵەباڵغە
(بیرە) یان گەرمە
ڕووی بۆیەکە بێ نهێنییە
※ ئەی ئەو ئافرەتە؟
– ئەو بە تەنیشتما تێپەڕی
لە پتر لە بەندەرێک
لە تۆڕێن ڕاوچیگەل مەنەریم دۆزییەوە
لە ڕۆخەیلی کە نەیانم بینیوە و
لە پێناوما دەدرەوشێنەوە
مەگەر لە گرانەتایەک یا لە مەستییەکدا
ئیرەنگە لە خەرەندەکانیدا
بە ڕابردوو مەست دەبێ
ڕۆژئاوا لە دووڕیانی هەردوو ڕانی
ڕۆژهەڵاتە
لە بزاڤێن دەستەکانی
یازییەکانم جۆش دەخۆن
گوڵستانێکە هەمرە دەیمە باخچەوانی
کاتێ لە سەفەرەکانم بگەڕێمەوە
※ ئەی سبەینێ؟
– دەربارەی دوێنێم لێ بپرسە
※ ئەی ئەمڕۆکە؟
– ئەمڕۆ.. ئەمڕۆ دەبێ (بڕوات بێ درێغی ناکەم)
گۆشەیەکی تر بدۆزمەوە، کە بۆیەکە پێی نازانێ
بەڵکو گەر بەخت یاربوو
بەم نهێنییە نەفرەتبارە بیەیوەندیم
ئەمڕۆ بەڵکو نهێنی بدرکێندرێ و تاقی بکرێمەوە.

*** سەرگۆن پۆڵس (١٩٤٤/٢/١٩-٢٠٠٧/١٠/٢٢)**

**فەرهەنگیلە:**
**مەجازانە = ڕواڵەتانە/ لەورە= لەوێ/ بکەفێتە= بکەوێتە/ کۆڤان= خەفەت و خەم/ گوێزان= تیغ/ سارییە= دەکەڵ، کۆڵەکە گەمییە/ گۆنگ= تەمومژاوی، غامز/ هەژنەفی = دەبیسی/ مەنەر = ئاسەوار/ ئیرەنگە= ئێستاکە/ یازی = سەرنووشت.**

**سەرچاوە:**
**جريدة (النبأ)، العدد ٥٥، آذار ٢٠٠٥، ص٥.**



# خەج و سیامەند

**ک. د. ئازاد**
**(بانە)**

– سیامەند؟
– گیانەکەم!
– لە تۆ دوور بم دەمرم!
– دڵنیابە خەجێ گیان، جێت ناهێڵم! مەگەر مردن جیامان کاتەوە!

* * *

کتێبەکانی دەباوەش گرتبوون و بەرەو زانکۆ دەڕۆیشت! وا دەفیکرەوە چووبوو کە گوێی لە دەنگی ژینۆ نەبوو!
– کچەکە دەگەڵ تۆمە! خەجێ؟ بۆ کوێ ملت پێوە ناوە؟
– ئای! ژینۆ گیان ببوورە! گوێم لێ نەبوو!
– چیبیە؟ بیر لەچی دەکەیەوە؟
پێکەنینە شیرینەکەی ئاوێتەی قسەکانی کرد و بەدەم بزەوە گوتی:
– هیچ! واز بێنە! تۆ چۆنی؟
ژینۆ مەیلەو ڕەنجاو وتی:
– باشە! ببوورە! خۆت باشتر دەزانی!
ویستی بڕوا. خەج توند باوەشی پێداکرد و چاوی بڕییە ناو چاوانی و وتی:
– ژینۆ گیان! لە ژیاندا زۆر زامی بە ناسۆر هەن بۆ گوتن نابن! لێم مەڕەنجە! تکایە! با هەر بۆ خۆم پێوەی وەتلێم!

- تۆ ببووره خەجێ گیان! من زۆر لە خۆباییم! پێم وایە دەبێ هەموو شتێکت بزانم! ڕاستە زۆر شت هەن ناکرێ بوترێ! بەڵام ئەگەر ویستت من دەتوانم گوێگرێکی چاک بم!
- سپاس!

* * *

سیامەند لەبەر دەرکی زانکۆ وێستابوو! کایەی بە کتێبەکانی ناو دەستی دەکرد! سمایل گەیشتە لای!
- چۆنی کوڕە لاوەکەی پیرانشار؟
- باشم لاوە خوێن شیرینەکەی سەقزی!
- دەتەوێ یارمەتیت بدەم، ئەمڕۆ هەرچی جوان بەلاتداهات پێتی بڵێم!
- واز بێنە سمایل! من هەریەک کەس دەناسم و بەس!
- کەسی کاکی! پیاوی عاقڵ حەز لە ئامۆزای خۆی ناکا؟ ئەویش ئاوا بە ئاشکرا!
- سمایل تۆ عاشق نەبووی بزانی من چی دەچێژم!
- دوای باوکی نەمێنێ! من لە پازدە ساڵییەوە تا ئێستا، کە بیست و دوو ساڵمە حەزم لە بیست کەس زیاتر کردووە! هەمووشیان منیان وەلا ناوە!
- ئەوە حەز نییە! هەوەسە!
- کوڕە سیامەند! شۆخیم کرد! بە دڵی مەگرە! بەڵام حەز لێ کردنیش وەک تۆ نابێ! خۆت تواندۆتەوە!

* * *

خەج و ژینۆ گەیشتنە لای سیامەند و سمایل!
- سڵاو لە کچە شیرینەکەی پیرانشار و شۆخە بێ وێنەکەی مەهاباد!
کچەکان دەگەڵ زمانی سمایل ڕاهاتبوون!
- سڵاو کاک سمایل! چۆنی سیامەند؟
-باش!
چوار قۆڵی بەرەو پۆل وەڕی کەوتن!

* * *

سمایل و سیامەند کۆمەڵناسییان دەخوێند و ژینۆ و خەج دەروونناسی!
دەگەڵ ئەوان، زیاتر لە سەد کچ و کوڕی کوردی تریش لە زانکۆی تەوریز دەیانخوێند! سمایل، چاوشین و دەموچاوێکی سوور و سپی درێژ و سمێڵێکی قەیتانی زەردی بوو. سیامەند، سەرێکی ڕەش و بژ و پێستێکی گەنم ڕەنگ، لووتێکی بەرانی و سمێڵێکی ڕەش و دەموچاوێکی کێشراو و تێکسمراوی پیاوانەی هەبوو!
ژینۆ، قژێکی زەرد و چاوێکی کاڵ و دەموچاوێکی خڕ. خەج، ڕەش ئەسمەر و چاو و قژ ڕەش و دەم بە پێکەنین!

* * *

زیاتر لە سێ ساڵ بوو یەکتریان خۆش دەویست! خەج و سیامەند ئامۆزای یەک بوون و لە منداڵیشەوە بە یەکەوە گەورە بوون و بۆ یەک دیاری کرابوون و ناوی یەکتریشیان لەسەر بوو.
ساڵێک بوو باوکی سیامەند و خەج لەسەر میرات بەشەڕ هاتبوون! باوکی خەجیش هەر ئەو نەورۆزە بە کچەکەی گوتبوو کە ڕازی نییە بیدا بە سیامەند! هەرچەند خەج وەک کچێکی ڕووناکبیر باوکی حاڵی کردبوو کە داهاتووی خۆی، هی خۆیەتی و کەس ناتوانێ زۆری لێ بکا، بەڵام دابونەریتی عەشیرەیی و تایفەگەری و بنەماڵەیی، وسکووتی بە خەج کردبوو، ئەویش لە ترسی باوک و براکانی زیاتر پرکێشی نەکردبوو! ئێستا ئەوانیش وەک خەج و سیامەندی ئەفسانەیان لێ هاتبوو!

* * *

- خەجێ؟
- گیانەکەم سیامەند!
- چارەمان چییە؟ چ بکەین؟
- خوا گەورەیە! من و تۆ لە هەر کات و ساتێکدا هەر لای یەک دەمێنین! وانییە؟
- وایە! کەس ناتوانێ لە یەک جیامان کاتەوە!

* * *

- ئەوە دەڵێی چی مام ڕەسوو؟ بابی سیامەندی زوڵمی لێ کردووم! چۆن کچی دەدەمێ؟
- کاکە! حیسابی باوک و کوڕ جودایە! سیامەند و خەج ئامۆزان! هەر لە منداڵییەوە یەکتریان خۆش دەوێ! ئەوە دەیەمین جارە دەنێرێ بۆ خوازبێنی! کاکە وازبێنە! بەسیەتی! نەتبیستووە پێشینیان گوتوویانە: «هەر کەس دەبێتە باعیسی دوو دڵان خێر لە ماڵ و مڵکی خۆی نابینێ»!
- ئەوە هەموو قسەن! هەموو ماڵەکەشم داتێ، کچی خۆمی نادەمێ! سیامەندیش لەوە بەولا ناوی خەجێ بێنێ، کوڕەکانم هان دەدەم شار بەدەری کەن!

* * *

- سیامەند؟

- گیانەکەم!
- باوکم قیرسیچمەیە! ڕازی نییە بەیەک بگەین!
- سەیرە خەجێ گیان!
- چی سەیرە؟
- من و تۆ بووینە قوربانی شەڕی باوکەکانمان! ئەویش لەسەردەمانێکدا کە بە سەدەی پێشکەوتن و تەکنۆلۆژیا و ئینتەرنێت ناوبردە دەکرێ! سەیرە!

* * *

- سیامەند گیان! خۆ ئەگەر باوک و براکانیشم ڕازی نەبن، من هەر هی تۆم!
- ڕاستە بە قوربان! ئەگەر دوو بە دوو وەک خەج و سیامەندی پێشوش ڕامان کردبێ، هەر دەبێ بۆ یەک بین، یان بۆ خاک!

* * *

- سمایل؟ ئەوە دەڵێی چی؟
- بە ڕاستیمە ژینۆ!
- ئاخر تۆ...
- دەزانم! من تا ئێستا هەر بە گاڵتە قسەم دەگەڵ کردووی! بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ ژینۆ زۆرم خۆش دەوێی!
- باشە! ڕەنگە تێکەڵاوی دەگەڵ سیامەند و خەج تۆشی ئەویندار کردبێت؟
- ڕاستە! ئەو دووانە دەبینم ئاوا ئەویندارانە دەجووڵێنەوە، منیش خۆ دار و بەرد نیم! ئەوەی ڕاستی بێ ژینۆ هەست دەکەم بێ تۆ ناژیم!
- ........

* * *

ژینۆ و سمایل، خەج و سیامەند!
تا دەهات ئەو چوار نەفەرە لە یەکتر پتر نزیک دەبوونەوە.
باوکی خەج وەڵامی دابوو: «نەچی توخنی سیامەند کەوی! هەر ببیسم ناچارت دەکەم واز لە خوێندن بێنی»!
هەر چوار بڕیاریان دا بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە بۆ ماڵی خەج بچن! بۆ خانێ!
- بە باوکی خەج و براکانی دەڵێم ئەو زەمان زیلۆخ باوک و برا دیکتاتۆرانە پێش بە خۆشەویستی کچ، یان کوڕیان بگرن!
- نا سمایل گیان! خۆم بەسەر کەوشەکانی مامدا دەکەوم تا واز لەو کارەی بێنێ و ئێمە تێکەڵ بە شەڕی خۆیان نەکەن!
- منیش دەبێ شەڕی خۆم بۆ بەیەک گەیشتنی ئێوە بکەم! زۆر سەیرە! دەڵێی دە سەدەی بۆقدا دەژین!
- ژینۆ گیان! باوک و براکانم هەروەکو سەردەمانی عەشیرەتی دەجووڵێنەوە! هەر چوارمان دەبێ ئاگاداریان کەینەوە تا لە من و سیامەند گەڕێن!

* * *

لە مەهاباد، ژینۆ ماشێنەکەی باوکی وەرگرت و لە لێخوڕینی ژینۆ چوار قۆڵی بەرەو خانێ وەڕێ کەوتن!
ژینۆ و سمایل لە پێشەوە دانیشتبوون و سیامەند و خەجیش لە دواوە!
بە قەراخ سەددی مەهاباددا و بەلای سەردەشتدا بەرەو خانێ وەڕێ کەوتن!
- بۆیە بەلای سەردەشتدا دەچین دیمەن و کوێستانەکانی زۆر خۆشن! من جارێکی دەگەڵ باوکم بە وێدا چووم بۆ خانێ! هەر زۆر خۆشە!
- من نازانم کوێ خۆشە و کوێ ناخۆشە! هەر جێیەک تۆی لێ بی ژینۆ گیان خۆشە!
هەموو دەستیان کرد بە پێکەنین!

* * *

گەیشتنە سێ ڕێی (بێزیلێ).
- ئیتر ئەم ڕێگایە بەرەو خانێ دەچێ! شان بە شانی چۆمی کەڵوێ دەڕۆین!
- دیمەنەکانی ئێرە زۆر خۆشن!
- کوردستان هەمووی هەر خۆشە!
لە «نەڵاس» و «واوان» ڕەت بوون. گەیشتنە دۆڵێکی ڕژد و تەلان. لە زۆر شوێن جادەکە تەنیا هەر جێی ماشێنێک دەبوو!
- ئێرە پێی دەڵێن «تەنگەی گرژاڵ»!
دیمەنی دارستان و ئاوی چۆمی کەڵوێ لە دۆڵێکی تەنگەبەردا، سەرنجی هەموویانی بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو، بە شێوەیەک کە ژینۆش هۆشی لای لێخوڕینەکەی نەمابوو! لەوکاتەدا ماشێنێک ڕووبەڕوویان هات و ژینۆ ویستی خۆی لادا، لە پڕ هەموو هەستیان کرد کە ماشێنەکەیان لە عەرز جیا بۆتەوە و لە مابەینی عەرز و عاسماندایە و بە حەوادا دەڕوا!
- ئەی خوایە هاوار!
ژینۆ ئەمەی وت و هەموو وێکڕا هەستیان بە

کـارەسـاتەکـە کـرد کـە چ قـەومـاوە! چەند چرکـەیەکی نەخایاند کـە مـاشـێنەکـە لەسـەر تەنیـشت هاتە خـوار و کـەوتە سەر دەوەنێک! پاشان چەند تلی خوارد و لەسـەر پشت بەرەو چەمەکە ڕۆی!

* * *

خەڵکی ڕێبوار و شۆفێرەکان، کەوتنە فریاکەوتنی ئەو ماشێنەی کە هەڵدێراوە!

سێ نەفەریان بە شپرزەیی لە ماشێنەکە دۆزییەوە، کە داخزابوو بۆ قەراخ چۆم!

یەکـیـان کە لە مـاشـێنەکـەدا پەڕیبوو بۆ دەرەوە، بەسەر دارێکەوە بە مردوویی دۆزییەوە! هەمـوو یارمەتییان دا تا بۆ سـەر جـادەیان هێنان و خـێـرا بە مـاشـێن بەرەو «سەردەشت»یان بردن!

* * *

ئەو خەبەرە خێرا گەییەماڵەکانی خوێندکاران و بە پەلە خۆیان گەیاندە خەستەخانەی «سەردەشت»!

هەر لە یـەکـــەم ڕۆژدا ژینـۆ و ســـمـــایـل بـەهـۆی برینەکانیانەوە مردن!

خەج باشتر بوو!

کە وەهۆش هاتەوە پرسی:

– کوا هاوڕێکانم؟

کـەس نەبوو ڕاسـتـی پێ بڵێ. باوکی خـەج تەنیـا کەسێک بوو کە خەبەری مردنی ژینۆ و سمایلی پێ دا!

– ئەی سیامەند؟

بە درۆ پێیـان وت باشـە و لە دیوێکی تردا خـەریکی دەوا و دەرمانە!

پاش بیـست ڕۆژ خـەج توانی هەسـتێ! دەست و قـاچی لە گـەچدا بـوو، بەڵام حـاڵی باش بـوو! لە مـاوەی ئەو بیـست ڕۆژەدا هەزاران جـار لە کـەسـوکـاری سـۆراخی سیـامـەندی گـرتبـوو! هەمـوو جارێ پێیـان وتبـوو ئەویش وەک تۆ دەست و قاچی لە گەچدایە و ناتوانێ بجووڵێ!!

* * *

لەلایەن خەستەخانەوە ئیجازەیان بە خەج دا بڕواتەوە. کاتی هاتنەدەر لە دیوەکەی بە براکەی وت:

– تکایە کاروان گیان، دەمەوێ سیامەند ببینم!

کاروان کە برا چکۆلەی خەج بوو، لەکاتێکدا فرمێسک لە چاوانیدا بە مۆلەق وێستابوو وتی:

– خەجێ گیان! سیامەندیش نەماوە!

خەج بێ هۆش دەکەوێ!

* * *

بنەمـاڵەی خـەج، دەیانەویست بە تەنگەی گـرژاڵدا بڕۆنەوە بۆ خانێ!

لە شـوێنی پێشـهاتەکـەدا، کە ماشـێنەکە هەڵدێرابوو، خەج داوای کرد تا تاوێک ڕاوەستن.

هەموو هاتنە خوار!

یارمەتییان دا خەجێش بێتە خوار و ئەو شوێنە ببینێ!

باوکی خەج بۆی دەگێڕاوە، کە ئەوانەی کارەساتەکەیان دیوە دەڵێن:

– ژینۆ و سمایل و تۆ، لە ماشێنەکەدا بوون و تا قەراخ چۆمەکە چوون!

– ئەی سیامەند؟

– سیـامـەند، لە پەنجـەرەی مـاشـێنەکەوە پەڕیوە و لەو دامێنە بەسەر پەلی دارەبەنێکەوە گیرساوەتەوە!

– دارەبەن؟

– بەڵێ دارەبەن!

خەج لەبەرخۆیەوە وتی:

– دروست وەک ئەفسانەی خەج و سیامەند!..

خەج، نەیتوانی چیتر بخوێنێ!

بەهۆی پێشهاتەکە، تووشی نەخۆشی ئاوسانی دڵ ببوو!

پاش سـاڵێک سـووڕانەوە بە دکـتـۆرەکـاندا، ئەویش چاوی بۆ هەمیشە لێک نا!

«کۆنەخان»، گۆڕستانی لە مێژینەی بابو باپیرانی خەج و سیامەند بوو، بەڵام خەج و سیامەندیان لە «گۆڕستانی زەرگـەتەن» ناشت! گـۆڕسـتـانی، کـەسـایەتیـیـە بەناوبانگەکانی پیرانشار!

**(۱۳۹۰/۵/۱۱) بەرانبەر بە (۲۰۱۱/۸/۲ز)**



# دارتاش

**مەهوەش خان عەلی زادە**
**(دیواندەرە)**

هیچ ژنێ وەک ژنی ئاغـای دارتاش پیـاوەکـان باش ناناسێ... کەس نەزانێ، دەڵێ خۆی نـاوکی تەواوی پیـاوەکـانی بڕیوە.

ڕۆژێک کە بۆ تاشینی کەوچکی دارینە بەرەک ژنی دارتاشم گرت و بەلا لووتەوە گوتی:

– نابێ.... نابێ... ئاغای دارتاش دەرفەتی ئەو شتانەی نییە.

– گوتم: وابزانە بۆ خوشکی خۆتە....

– گوتی: نابێ خوشکی من... گوتم ئاغای دارتاش دەرفەتی تاشینی ئەو شتانەی نییە.. تازە ئەوە بیانکە... دەنا تۆ دەبێ شانازی بە هاوسەرەکەت بکەی... خۆ هەر پیاوێک ناتوانێ کاری وا بکات... نابێ دادە...

جا بە سرکەوە لەژێر گوێی چەپم وتی: (ئەگەر ئاغای دارتاش کاری وابکات من لەسەر چاوی ڕاستم دایدەنێم».

ژنی ئاغای دارتاشیش بە فریای من نەگەیشت و من هەمـوو ڕۆژێ چەند جار سەیرترین و قیـزنترین و ناخۆشـترین... دەنگی جیـهان دەبیسـتم. دەنگێک پیسـتر لە دەنگی گوێدڕێژ کە من لە بیسـتنی و هەرکات دەگاتە دەمـارەکانم تەواوی لەشم سن سن دەکاتەوە... دەنگی شڵەقاندنی قاوە لەناو ژوورەکەی چۆل... خۆی قـاوەشی لەبەرچاوم خسـتبوو و ئەو ڕۆژانە ئەگەر بەیانییەکی فێنک ئیشتیای قاوە بکەم. پا لەسەر نەوسم دەنێم و خۆم دەخلافێنم.

کەوچکی برنجەم گۆڕا... قـاوەی خراپم کرد... فـینجانە چینییـەکانم ورد و خاش کرد. هەر هیـچ و ئەو دەنگە هەر بەردەوامە کە بینیم قاوەی ناوبیچ و مەلامین و شووشە هەرقیزینترین دەنگی هەیە. قسەکەی ژنی ئاغای دارتاشم پڕ بە دڵە کە شێوەی شڵەقاندنی قـاوەی هـاوسەرەکەی من تاکە.... بێ پەلە و لەسەرخۆ دەیشـڵەقێنێ... کەوچکە لەناو فـینجانەکە وەها هەڵ دەپەڕێنێ و دەیخولێنێتەوە کە دەڵێ... ئەو شوفـێری ئەو مـاشێنە داشقە نییـە و قـاوە شڵەقـاندن

کار و باریەتی هەر وەختێ قاوە دەشڵەقێنێ، خوێن دەزێتە سەر هەردووک گۆناکەی.. بە ئەو کارە وا من ئەمڕۆ کردوومە، دەزانم خوێن دەزێتە ناو چاوەکانی.

دانیشتنەکەی سەیرە. دوولاقی خستووە سەر دەسکی کورسییەکە... خۆ دڵ بۆ من ناسووتێنێ. ڕۆژێ سێ جار پاکی دەکەمەوە... «بە فینار» ئەمڕۆ دەیکەم بە چوارجار و خۆزگە ئەو قاوە وا دەیشڵەقێنێ، هەڵ نەقوڕێنێ.... نە دڵم دێ پێی بڵێم خوێ و شەکرەکەم تێکەڵ کردووە... نە دڵم دێ هەموو ڕۆژێ سن سن بوونی خۆم ببینم... گوتم: قاوەی تاڵترمان هەیە... پێم وابێ ئاوەکە جوان نەکوڵاوە... دەڵێم بۆ لەگەڵ شیر نایخۆیت...

لایی لێم نەکردەوە. دەمزانی بیری لەلای من نییە دڵم بۆ تاوێک ڕاوەستا هەڵیقۆڕان بە یەکجاری. فینجانەکەی فڕدا و گوتی: بن ئەم فینجانە تام هەر شتێک دەدا جیا لە قاوە... قاوەیەکی ترم بۆ سازبکە.

تاق لە فینجانە گوڵ سوورەکانم نەما... ناوچاوی بێ خوێن بوو. دیسان ئاوم نا سەر گڕەکە... تازە کەوتووە بیری پێڵاوەکانی دەربێنێت. بە پێچەوانەی شڵەقاندنی قاوەکەی عاشقی گۆرییەکانی بووم... بۆن خۆش و سپی وەکو لۆکە... ژنی ئاغای دارتاش دەیگوت چاکە و خراپەی پیاو لە گۆرییەکانی دیارە... بۆ من وا نەبوو. مەرج کراواتەکەیان بوو. لە وەختی دڵداری لەگەڵ گورەی ڕەفیقم ڕەنگی پشت چاوم و کراواتەی ئەو یەکێ بوو... ئەم ڕۆژانە ژنی ئاغای دارتاشم قەت بە کراواتەوە نەبینیوە هەر کراس کێشێکی کۆنی بەن لەبەر دەکات کە بۆنی داردەدات و ئەگەر لە تەشتی ئاوە کوڵ بیخەن قەد پاکی نیات...

ئاوە کوڵەکە قوڵ هەڵ دەخست. بۆ قاوەیەکی تر. بۆ هەڵپەرکێی کەوچکە کلک باریکە. خۆشیم لە ئەوکەوچکە نایەت وەکو کراوات. خۆزگە باوی نەمێنێت وەکو جلی کوڵ و تەنگ کە بازاڕی هەڵ پێچرا. ئەم ڕۆژانە ژنی ئاغای دارتاشیش جلی باو لەبەر دەکات... کەسێکم شک نابرد بە هاوسەرەکەی من بڵێت شێوەی شڵەقاندنی قاوەکەی سەیرە هەم بە ژنی ئاغای دارتاشیش بڵێت لەناو ئەم جلە دەڵپ و درێژانە هەم پۆخڵە هەم ناشیرین... دڵنیام ئەوکەسە ئاغای دارتاش نییە... هەر چاویلکەی زلی تۆزاوی لەسەر لووتی دادەنێت و هەر دار دەتاشێ...

شەرکەی بێ خوێ و فینجانێکی گرنج گرنجی بێ گوڵ و قاوەسینک و قاوەی تاڵم، بۆی ساز کرد. بۆ ناوێکیش دەگەڕام بۆ تامی تاڵی و شووری و شیرینی. ئەگەر بە ژنی ئاغای دارتاشم دەگوت ناوێکی دەدۆزییەوە...؟ داماو ئاغای دارتاش هەم کوڕی ژنی ئاغای دارتاشە، هەم ئاغای ژنی ئاغای دارتاشە بۆنی قاوەی تاڵ ژوورەکەی و منی لەبەرگرت... کە بینیم مێردەکەم لەوانەیە بڕواتەدەر...

گوتم: قاوەکەت؟

دەرگا لێوی کردەوە ئەونە.. ڕۆیشت بە کراواتێکی ڕەنگ خۆشەوە. ژنی ئاغای دارتاش دەیگوت نابێ زۆر خێ بە پیاو بدەی... پێش لە ئەوی. ئەو ئامۆژگاریم بکات من خۆم ناپرسم لە چ شوێنێکی تر قاوە دەشڵەقێنێت، ئەو هەموو کات لەبەر پەنجەرە ڕادەوەستا. ئێمە. دز، درۆزن... ماقووڵ و جندە و بێوەژن و کاسب و خوێڕی، حاجی و صۆفی و جوان و ناجوان دەرهاوسێمان هەیە و من هێشتا نازانم هاوسەرەکەی من بۆ کامیان وادەکات..

بۆ هەوەڵ جار قاوەیەکم بۆ خۆم تێکرد و بەرانبەر پەنجەرەکە دەستم بە شڵەقاندنی کرد. ناشیانە کەوچکەکەم خول دا و خول تا چاوم کەوتە دز و درۆزن و ماقووڵ و جندە و بێوەژن و کاسب و خوێڕی.. لە ژوورە چوڵەکە نەمام. ئەوەندە شڵقاندم تا گەیشتمە حەوشەی ژنی ئاغای دارتاش. کراس کێشە کونەکەی ئاغای دارتاش بوو بە تەنافی چەند جووت گۆرێ سپی... شڵەقاندم... چەڵەقاندم. کە کەوتە بیرم ئەمڕۆ یەک ساڵ و یەک ئێوارە و یەک قاوەیە کە من ئاغای دارتاشم لە ئەم دنیا نەبینیوە... پێش لە ئەوە کەوچکی دارینە بۆ من بتاشێ.. قاوەکەم هەڵقوڕاند...



# شەقی نووسەر!

**دابان بەرزنجی**

(ڕوو لە بازاڕ و پشت لە ئیبن مستەوفی)

کۆمەڵێک کتێبی لەبن هەنگڵی بوو، دەیویست سەرکەوێ، ماندووبوونێکی زۆری پێوە دیاربوو، لەبەردەم پەیکەرەکەی ئیبن مستەوفی لەسەر سەکۆیەک دانیشت، بەشێوەیەک کە پشتی لە پەیکەرەکە و ڕووی لە شاربوو. سەیری قەرەباڵغی شاری دەکرد کتێبەکانی لە تەنیشت خۆی دانا، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، بە حەسرەتەوە لە کتێبەکانی ڕوانی بیست کتێبی هاوشێوەی بیر هاتەوە کاتێک بەلای کتێبفرۆشییەکەدا تێپەڕیبوو، کتێبفرۆشەکە بانگی لێکردبوو و پێی گوتبوو «دەبێ کتێبەکانت بدەمەوە.» بۆچی؟ «واز لە کتێبفرۆشی دەهێنم.» ئاخر بۆ؟! «لەبەر ئەوەی خوێنەر بووە بە ملیۆنێر! و توانای خوێندنەوەی نەماوە» (کاتێک ئەو قسانەی دەکرد بۆنسۆی لێ هەڵدەستا هەمان بۆن کە ئێستاکە لە نووسەر هەڵدەستێ).

بە خەمێکی قووڵەوە چاوەکانی لێک ناو هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا تا ئەوکاتە کتێبفرۆشم کە خوێنەر هەبێ، نووسەرەکە بە هەمان دیمەنی سەرەوە بە خەمێکی قووڵەوە... گوتی «بە...ڵ...ێ! کتێبەکانی ژمارد یەک دانەیشی لێ نەفرۆشتبوو، هەرچەندە زیاتر لە سێ مانگ بوو لەکنی بوو! نووسەرەکە ئەوکاتەی وەبیرهاتەوە کە دەبوایە کتێبەکان دابەش بکات (بەخوای ڕۆژێکی پڕ وەسوەسە بوو) لەگەڵ هاوڕێییەکیدا کە هەندێک لە کتێبفرۆشییەکانی دەناسی، کتێبەکانی دابەش کردبوو. زۆربەی کتێبفرۆشییەکان دەیانگوت «ببوورە جێمان نییە لێی دابنێین»، هەندێکیشیان دەیانویست بڵێن «کتێبی چیرۆک وەرناگرین»، بەڵام قسەکانیان دەخواردەوە و لەجێی ئەو هەمان قسەیان دەکرد! هەستی دەکرد ئەوانەی وەریشیان دەگرت لەبەر شەرمی برادەرەکەی وەریان دەگرت! (بەڕاست: دەیتوانی ئەو ڕۆژە بە یەکێک لە ڕۆژە ناخۆشەکانی ژیانی لە قەڵەم بدا) هەروەکی بەخۆشتان دەزانن زۆربەی نووسەرەکانی وڵاتی مە


دایەعن! ئەویش یەکێک بوو لەوان. پارەی چاپکردنی کتێبەکەشی بەهەزار تەشەبوس و دەست ماچکردن لە باوکی وەرگرتبوو! بەڵێنیشی پێدابوو هەرکە فرۆشتنی پارەکەی بداتەوە. وایدەزانی بە زووترین کات دەیانفرۆشێت. بەخۆی دەگوت نوێترین تەکنیک..! وەکو خۆی تەماشای خەڵکی دەکرد کە چۆن بۆ خۆی بەدوای کتێبەوەیە، خەڵکی تریش ئاوا... ئەوانە ئەو وێنانەبوون کە بەبەر چاویدا دەهاتن و دەچوون.

کەوتە قسەکردن لەگەڵ خۆی. هەرکەسێک بەو شێوەیە بیدیتبا دەیگوت «شێت بووە (لەلای ئێمە تەنیا شێت لەگەڵ خۆیدا قسان دەکات و ژیرەکان بەرانبەرەکانیانن!)» باشە خوێنەرەکان چیيان لێهات؟ ئایا خوێنەر هەیە، یان ئەوە بە تەنیا منم بەدوای کڵاوی بابردوو کەوتووم؟ جاری وا هەبووە چەندان ڕۆژ بگرە چەندان مانگ بەدوای کتێبێکەوە وێڵ بووم. بەدوای کتێبەوە چوومەتە شاری تر. چەندان جار خۆم بێ پارە کردووە بۆ کتێب تەنانەت وام لێهاتووە پارەم پێ نەمێنێ و بەپێ هاتوچۆ بکەم.. بۆچی دەنووسم؟ وەبیری هاتەوە کە پێش ئەوەی کتێبەکە بڵاوبکاتەوە چۆن لەسەر ئاووئاگر بووە تاوەکو بیرەکانی خۆی بەخەڵک بگەیەنێ (وریابە نەخنکێن) دەیگوت ئەرکی ئێمەیە ئاو بەو خەڵکە تینووە بدەین. بە زووترین کات. چەندە دەتوانین.. دەیگوت «باشە دەبێ ئەمن شێت نەبم؟ ئەگەر خەڵک نەیەوێ بخوێنێتەوە بۆ بنووسم؟!» لەوکاتەدا هەر لە بەرانبەر خۆی چاوی چووە سەر شوێنێک. زوومەکەی زیاتر هێنایە پێشەوە دوکانێکی قەرەباڵغ بە کوردی پێی دەڵێن (دەڵێی لە ژوورەوە شەکرۆکە دابەش دەکەن) کابرای خاوەن دوکان نەیدەزانی وەڵامی کێ بداتەوە! لە هەر چوار لاوە پرسیاری لێدەکرا «ئەو فیلمە ڕۆمانسییە..؟ فیلمی ڕۆمانسی..ت هەیە؟» لە دەرەوەی دوکانەکەدا چەند پەڕەیەک هەڵواسرابوون. هەستی کرد دەتوانێ بیانخوێنێتەوە.. (ئاخر ئەو بەبێ خوێندنەوە!) بەهێزترین فیلمی ڕۆمانسی گازینۆی حورمان، لە خوارەوەی نووسرابوو تکایە ئەم فیلمە بۆ خوار تەمەنی هەژدەساڵی نابێت. فیلمی ڕۆمانسی خیانەتی ژن، تکایە ئەگەر تەمەنت لە خوار بیست ساڵە.. بەهێزترین فیلمی ڕۆمانسی مۆزەمبیقی گەیشت، تکایە.. نوێترین فیلمی ڕۆمانسی ماچی عەولا.. فیلمی بەسێ و ماستاو، تکایە.. فیلمی وسوو عەشق بازی، تکایە... ئەو نووسراوانەی لەبەر خۆیەوە خوێندەوە، هەندێکیش لەو ناوانە بۆ خۆی هەر بۆ پێکەنین (بگرە لە ترسی ئەوەی دوای بڵاوبوونەوەی چیرۆکەکە دوکاندار پشتی ملی نووسەر بگرێ و داوای قەرەبووی لێ بکات، هەرچەندە ئەو شوێنە ڕەمزیشە و نووسەر مەبەستی پێی میللەتێکە) شێواندبوونی... باشە ئەو دێرەی ژێرەوە بۆچی نووسرابوو؟ یەکەم جاری بوو موجەب بیست، یان سالب بیستی بینیبوو (وابزانم ئەم ژمارەیە داهێنراوی وڵاتی خۆمان بوو). خەریکی لێکدانەوەی واتای نووسینەکان بوو، موچوڕکێک بە مورەغەی پشتیدا هات بۆچی نووسرابوو خوار هەژدە و بیست؟ لەوکاتەدا گوێی لە یەکێک بوو ئەوە لۆ هەندە گرانە؟ سێ هەندەی فیلمی ئاساییە! فرۆشیارەکەش دەیگوت «برام ئەوە فیلمی ڕۆمانسییە، ئەمەش بە گران دەیکڕین.. ئەگەر نایبەی مەبە». بەقسەکانی ڕا دیار بوو بێ منەتە! «باشە باش لۆم دانێ.. لۆ وەها تووڕەی!» تێگەیشت کە ئەو خوار بیست ساڵە دوکانەکەی ئاوەها قەرەباڵغ کردبوو و نرخی فیلمەکانی سێ بەرانبەر کردبوو! سێ بەرانبەری فیلمی خەیاڵی زانستی و ئەکشن کە سێ سەد بەرانبەری ئەو ڕۆمانسییانە پارەیان تێدەچوو! شتێکی سەیری بۆ دەرکەوت: کابرا شەرمی کردووە بنووسێ فیلمی خیلاعیمان هەیە. وشەکە دەگۆڕێ بۆ ڕۆمانسی و بۆ ئەوەش کڕیارەکانی دڵنیا بکاتەوە و پڕ فرۆشی بکات، دەنووسێ خوار هەژدەساڵی.. هەروەکو هەندێک نووسەر شەرم دەکەن بڵێن خیلاعی دەڵێن ئیرۆتیکی، یان... وابزانم ناسک کردنەوەی، یان وەرگێڕانی وشەکان هیچ ناگۆڕێت لە.. بە ئاراستەی لای ڕاست سەری وەرسووڕاند سەیری کتێبفرۆشییەکەی بەردەمی قەڵای کرد. چۆڵوهۆڵ بوو فرۆشیارەکەش دانیشتبوو لە بیرێکی قووڵدابوو..

«باشە ئەگەر بۆ خەڵک دەنووسێ ئەوەتا خەڵک سێ بەرانبەر بە ڕۆمانسی دەدا (لەبیری چوو کە بۆ ویژدان دەینووسێ)! بۆ ناچی خەریکی فرۆشتنی فیلمی (ئیرۆخیلاعی) بی؟ ئەوکاتە لە فشە پێکردنی ماڵەوەش ڕزگارت دەبێت و دەبییە خاوەن پارەیەکی باش کە پێویست ناکات چیتر بەپێ بڕۆی و فەلافلی سەر عارەبانان بخۆی... تۆزێک ڕاما» ها؟ کورە وەڵڵاهی زۆر باشە! لەوکاتەدا کە گەیشتە ئەو بڕوایە گوێی لە

دەنگی هەنسکێک بوو، هەنسکێکی زۆر ترسناک! ئاوڕی دایەوە، ئاوێکی شین باو لە چاوی پەیکەرەکەی ئیبن مستەوفی دەهاتە خوارێ. لۆچێکی زۆر کەوتبووە نێو چاوانی، بەرەبەرە فرمێسکەکانی زیاتر دەبوو دەنگیشی بلّندتر. نووسەرەکە نەیزانی ئەو پیاوە بۆ ئەو دەگریا، یان بۆ ئەو شارەی کەوا ئەویان کردۆتە چاودێر و ناشتوانێ چاودێری بکات (شارێک با وەک نووسەرە بە ئەدەبەکان بلّێم هێن پەرست!) لەوکاتەدا دەنگی فرۆشیارەکە لە گێیدا دەزرینگایەوە «ئاخر ئەوە فیلمی رۆمانسییە.. ئەگەرنا مەیبە..» دەستێکی لەگیرفانی ڕاکرد، خالّی بوو. دلّی توندبوو فرمێسکێک هاتە خوارەوە.. شاپێکی لە کتێبەکان هەلّدا لەسەر قەلاّتەوە غلۆربوونەوە. توند گوێی خۆی گرت تاوەکو گوێی لە دەنگی پەیکەرەکە نەبێ بەهاوار هاوار تاوەکو دەنگی پەیکەر لە گوێی خۆیدا بشێوێنێ بە ڕاکردن بەرەو بازاڕ غاری دا! لەوکاتەدا دەنگێکی زۆر ترسێنەر کە پڕ بوو لە ترس و غەم لە پەیکەرەکەوە بەرز بۆوە ئا.. خ! عەنتیکەتان پێ نەیە کە پەیکەرەکە وەدەنگ هاتبوو و بلّێن درۆیە! چونکە نووسەر دەتوانێ پەیکەر بە دەنگ بهێنێ! ئەمن کە نووسەری ئەو چیرۆکەم بۆ ئەوەی چیرۆکەکەم زیاتر لە ڕاستییەوە نزیک بێ، بۆتان شی دەکەمەوە کە چۆن پەیکەرەکە بە قسە هات.

هەرچەندە باوەڕیشم وایە هەر ڕووداوێکی ئەفسانەیی کە چیرۆکبێژ (نووس) دروستی دەکات، سەرچاوەیەکی ڕاستەقینەی هەیە، هۆکارێک وای لە نووسەر کردووە بیکاتە شێوەی ئەفسانە (واتا ڕاستەقینەیە)، بەلاّم لەبەر ئەوەی دەزانم کە حەزتان لێیە سەیری فیلمەکی خیلاعی بکەن، زیاتر لەوەی توانای لێکدانەوەی شتی واتان هەبێ! بۆتان شی دەکەمەوە: لەوکاتەی هەستم کرد وا کەسایەتییەکی ناو چیرۆکەکەم خەریکە بەرەو هەلّدێر دەڕوا (حەتمەن ئەوە باوەڕی خۆیەتی و پێوەر نییە) چوومە پشتەوەی پەیکەرەکە بە هەندێک شێواندن لە دەنگم بەهۆی ئامێرێکەوە دەستم بە هەنسک کرد. هەستم کرد کارەکتەرەکەم زۆر ترساوە، بەلاّم نایەوێ لەکەری شەیتان بێتە خوارەوە (وابزانم ئەو کەرە لە مۆنیکا خۆشترە «بە هەلّە تێ مەگەن مەبەستم لاندکرۆزەرە») شاپێکی لە کتێبەکان هەلّدا و هەردوو دەستی بە گوێیەکانییەوە گرت و بەرەو خوار غاری دا.. دەزانن ئەو فرمێسکانەش چۆن... ئەو ڕووداوە زۆر کاری تێکردم چووم لە جێگای کارەکتەرەکەی ناو چیرۆکەکەم دانیشتم پشتم لە هەمان پەیکەر و ڕووم.. جیاوازی نێوان کڕیارانی کتێب و فیلمی ڕۆمانسیم بەچاوی خۆم بینی. پرسیارەکم بۆ دروست بوو، ئەو کوڕە بۆ بە پارەی خۆی کتێبەکانی چاپ کردبوو؟ دەزگایەک نەبوو لەسەر ئەرکی خۆی بۆی چاپ بکات؟ ئەوە چییە ئەمنیش دەلّێی فشە بەخۆم دەکەم! ئەو نووسەرەکی وا بچووک و بەبێ ناوبانگ کێ هەیە کتێبی بۆ چاپ بکات (بە دلّنیاییەوە خزمی سەپانی شێخیش نییە!) ئەو دەزگایانەی لەمەڕ خۆشمان تەنیا خزمی بایەعەکەیان و نووسەرە قەلّەوەکان (مەبەستم ناسراوەکانە) و.. دەناسن! ئەوە ئەو کارەکتەرە بەستەزمانەشم بەدەردی زۆرێک لە بەهرە تۆپێنراوەکان چوو، ئەرێ بەڕاست «ئەو کارەکتەرە وێنەیەکی ژیانی تۆ نییە؟ لەوانەشە هی خۆم بێ؟!»



# چیرۆکا شەڤێ

**عیرفان ئامیدا**
**(مێردین)**

تو بێ...
ئەزێ دەنگەکی بلبلینم ل بێ
و ژ تە رە ڤەبێژم چیرۆکا شەڤێ
لێ نەیێ!
تو بێ...
ئەزێ ل هەلبەستێن خوە بێم غەزەبێ...

چلێ چوونا تە قەدیا...

چەنگەک شەولا شکەستی. ل شەڤێن شرکوشتی. ل بنێ باسکێن چل چڤیکێن چقجوون. ب چلێ چوونا تە دکەڤن و چل گێرکێن فرۆک. ل چلکانیکان. ژ ڕۆژیا چل ڕۆژی ب خوینا بنچەنگان دفترن. کەون دکەون و پیرهەڤۆکێن من دبن کەو ل ئاگووشکێن شەڤان.شەڤ دبەیرن.

و باژار دبە ئەپیگرافەک د چیرۆکا شەڤێ دە. هەلبەستی... د تە شەڤان دە هلناییێم ئێدی. ئەز نیشەیەکە ل بنێ هەلبەستا بشرینا تە دەرزی...

دخانا جغارەیا من ل دلۆپێن دۆرا پیالا شەرابێ دڕەقسن. و دەم د کەزەبا پیالێ دە سۆر دخەنقە. ب خوەلیا ئاگرێ ژ دل دڕەڤینە دقەلشە ئەسمانێ دەڤێ من. هەر قەلشەک ب قاسی گرانیا پەیڤێن کو نەهاتبوون گۆتن. خوە ب خوێ

دگوڤێشه. دەما کو ب ئاورەکی خزان و پوشمانبوویی دبن مێڤانێ بەژن و بالا خەیالێن ژ خیالا من دەرناکەڤن. و ب مرجان و مۆریکێن زارۆکی خوە دادلقینن. ژ نیڤێ شەڤێ و پێش دە بیرانین. ب ستوونا قەسرا د دلێ دەرزی دە. دلێ غرامەت د ستوویێ من دە شەڤا سەرخوەش و لال. و پەیکەرەکە دخانی کو ژ بشرینەکا قورفی و کەسەرین مایە.

شەڤان باژاران دئافرینم ژ ستێرکان. مشت پەیکەرێن تە. ل هەر قونجکی و یەک ب یەک ئەز یێن خوە ل گەوریبۆزیێن وان دکم شیعر. ل قەفتا لنگێن تە تلیێن من دبن خرخال. و ب چیچیرۆکێن هەر تو تێ دە یی. دخەوینمقورخا روویێ تە لێ وێناندی. ژ بلی تە ، بێ ترس، ب لێڤێن ژ تینا تە تەرکی و ب زمانێ ساوگرتی. سترانێن ژ خویدانێ فەتسی دبلینم. ژ هەر تێلێنم پۆرێ تەیی عەبیارا ڤی باژاری. کو هەر من یێن من ل بن قەرمی. و هەر ستێرک دبن و دبارن هینو هینو وەکی هەلێن بەرفا سەرحەدی.

دزانم کو نەگریم
حلۆلیکێن پاییزخێرکی
ب مژانگێن خوە یێن عەوراوی
تێ من بدی گرتن

شەڤان. دیبا من ل پێشیا مریێن من نمێژ دکە.دو رکعەت ژ بۆ دەفعا نفرینێن قسمەت گرتنێ. خویشکا من گورچکا گوران و سۆندا لیلینا هەفت دەنگان دخوە کو ستەوربیا هەفت تەبەقێن ئەسمێن بقەلێشە. هێ ژی ب ئێشە. دئێشە رەبەنێ و ب باسکێن پەلچەمۆکان سیلۆعەتێن تە دپارزنینن چاڤێن وێ یێن هنگڤین. لێ قەت ل هەڤ نایێ فالا قەرەچییێ.کوندێ ل سەر دارا توویێ ب توندی روودنێ.

و ژ دێڤلا من دەست ب گری دکن چرچرکێن حەوشێ.

دزانم کو نەگریم ئەز ژی...
ب هێسرێن گنجری
وێ برزن ببکێن کزری
تێ من ب گری ڤەکی.

شەڤان. شڤانێ کەریێ پیرهەڤۆکان. نیچیرڤانێ شۆپێن تە مە. ل ڤان دەران. د کولاڤێ خوە کورمی. دگەل شیرەتێن پیرهەڤۆکێن بەرتیکری پاشیڤا من بەیتکێن ژ سینگێ تە شیرڤەکری. و ل ناڤا دەڤیێن دارستانێن دەرەوین. ل بەندا شیڤا ئێڤارا ئینێ نە مار و مارمارۆکێن کەمینێن خەولەکری. ئەز ل یا پێژنا تە...بزۆت بە ژی گەر من بسۆژە.

بێنا تە بلا ب هنگورا شەڤێ بەو بلا هەلەبچەیا تە بم. من بشەوتینە تەڤی پیرهەڤۆکێن من.کور بکە دووندێ دیبێ د داوێ دە. قەت نەبە دەستێ خوە د کەڤرێ رۆهلاتی یێ گۆرێ بدە کو دلێ خوە ل تینا تە هێنک بکم و دوو رە. ب پێچییێن داربنی بدێرە پۆرێ خویشک و دیبا من. بەر دەستێ ئێڤارێ؟. و تو ژی دەنگەکی بلیلین ل بێ... لێ تو نایێ.

دزانم کو نەرم
دل نەغەدرینم
وەک غەلا ل من رابە. تێ ببی
ستێرکێن شەڤا من
ئەزێ بێ باژار بمینم.

**ئەڤ دەقە ژ پەرتووکا (دیەنێن دەرزی) روویەلێن (١٧-١٩) هاتیە وەرگرتن، کو چاپا وێ یا یەکەمین ل سالا ٢٠٠٢ ێ ل ستەنبۆل هاتیە چاپکرن و هەژمارە (٩) ژ وەشانێن دەزگەها سی ب خوەڤە دهەلگریت.**

**«رامان»**



# بیر

**چەند کورتە چیرۆکێکی فوئاد میرزا**
**لە عەرەبییەوە: موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی**

لە مشیگن پێنج دەریاچە هەن ڕووباریان بە چوار دەوردا دێت و دەچێت. پێویست ناکات ئاو لە ژێر زەوییەوە دەربهێنرێت. ئەمە وای لە دراوسێکان کرد سەریان سوڕ بمێنێت کاتێک لەسەرووی شوورە و سەربانەکانەوە تەماشای پیرەمێردەکەیان دەکرد دەستی بە هەڵکەندنی قۆرتێکی قووڵی ژێر زەوی کرد. قایلی کردن کە هەڵکەندنی بیرێکی قووڵ لە گۆڕەپانی پشتەوەی ماڵەوە زۆر لە ژیانی خانەنشینی و تەمبەڵی باشترە کە هەموویان دەیگوزەرێنن.

خەونەکەی خۆی بۆ گێڕانەوە و ئەوانیش بڕوایان پێکرد.. بینی بەر لە هەزاران ساڵ تیشکێکی زێڕین بەر دەبێتەوە و دەکەوێتە سەر زەوی لەو شوێنەی کە لە پشتەوەی ماڵەکەیدا هەڵیدەکەنێت.. دۆزینەوەی ئەو تیشکە خەونەکەی بە دەوڵەمەندبوونەوە بەدی دەهێنێت و زێڕ بەسەر هەموویاندا دادەبارێنێت.

چەند پڕیشکێکی زێڕین لە بێڵەکەوە بازرەقەیان بەست. هەموو خانەیەک لە خانەکانی لەشی و هەموو خانەیەک لە خانەکانی لەشی ئەوانەی لە سەرەوە تەماشای بیرەکەیان دەکرد هاتە هەژان و خرۆشان.

دوایەمین چینی خۆڵی لەسەر قەباغی سندووقە ڕەشەکە لادا. لە جیاتی تیشکی زێڕین کە هەموویان پێشبینییان دەکرد مشتێک ئێسکی دۆزییەوە..

بە هەموو هەستەکانی دەرکی بەوە کرد کە ئاکام ئەو شتەی دۆزییەوە کە بە دوایدا دەگەڕا لە قووڵایی ژێر خۆڵی یادوەریدا نێژرابوو.

**٢٠٠٧**

**٢ - کۆچەر**

زۆر بە زەحمەت هەر چوار هەگبەکەی دەگواستەوە. ئاکام دەگاتە لای ئەو فەرمانبەرەی کە بلیتی گەشتەکەی بۆ مۆر دەکات. بە هەنگاوێک بەرەو پێشەوە دوو هەگبەی دەگواستەوە، ئەو دووانەکەی بە پێ پاڵ دەدا، چونکە زۆر قورس بوون و دەتگوت (تاوێر)یان تێ ئاخنراوە.هەندێک جار ناچار دەبوو لە عەردیان بەرز بکاتەوە. ئەو کاتیش ئارەقە بە تەوێڵیدا چۆڕاوگەی دەبەست.. برادەر و هاوەڵەکانی لە سەرما و سەهۆڵ ئاگەداریان کردبووەوە و پاڵتۆ و پەتۆی زیادیان پێ دابوو. هەرچی دوو هەگبە قورسەکە بوو ئەوە بە کتێبی ئاخنیبوو.. ئەو کتێبخانە بچووکەی کە بە ناڵی عەلی پێکەوەی نابوو و بە ژووری یەکێک لە هاوەڵەکانی سپاردبوو.. هەڵبژاردەی شیعر و ڕۆمانی جیهانی و کاغەزە زۆر و نامە تایبەتییەکانی بوو.

پاش پێنج خولەک لە هەموو شتێک قوتاری دەبێت، هەگبەکان ڕادەستی فەرمانبەرەکە دەکات تا بۆ ناو فڕۆکەکە بگوێزرێنەوە و بۆ ماوەی دە کاتژمێر پشوو بدات.. شوێنێکی گەرم، خواردن، پێشوازیکاری جوان.. دە کاتژمێری ژیانی ڕاستەقینە. لە سەردەمی لاوییەتییەوە شارەزای ئەزموونی گەشت کردن بووبوو. کاتێک بۆ خۆشی و ڕابواردن ئاوارە دەبوو، بەڵام ئەم جارەیان جیاواز بوو. کەس بەرێی نەکرد. لە ئەستەنبوڵەوە بۆ ئەسینا، فەرەنسا، بالیرمۆ، ناپولی، ڕۆما، تریست، جنێڤ، ئەوەتە بەرەو ئەمەریکا کۆچ دەکات.

- کۆچبەریت؟ فەرمانبەرە ئیتاڵییەکە ڕووی خۆی گرژ کرد.

- بەڵێ.

پاسپۆرتی پێ نەبوو، بەڵکو چەند کاغەزێکی پێ بوو پۆلیس پێی دابوو، کاتێک بینیبوویان لە یەکێک لە باخچە گشتییەکانی ڕۆمادا نووستووە و لە سەرماندا دەلەرزێت. فەرمانبەرەکە کاغەزەکانی مۆر کرد، پاشان ئاماژەی پێ کرد هەگبەکانی بخاتە سەر تەرازووەکە.

- هەموو ئەم هەگبانە هی تۆن؟

- بەڵێ.

- ئایە پارەی قورسییە زیادەکە دەدەیت؟

- تفی قووت دا (کام قورسایی زیاد!). کەس ئاگەداری نەکردبووەوە. بۆچی بیری لەوە نەکردبووەوە!

- تەنیا ڕێت دەدەن دوو هەگبە لەگەڵ خۆت ببەیت.. چاو لە قورسییە زیادەکەیان دەپۆشم.

- ناتوانم دەست بەرداری ئەم هەگبانە ببم.. ئەوانە شتومەکی منن.

فەرمانبەرە ئیتاڵییەکە بێ دەنگ بوو و تەماشای ناو چاوی کرد و وەک بڵێیت لە ورتە ورتە نارەوانەکەی نەگەیشتبێت. ئەو هەر بیری دەکردەوە.

چەند ساتێکی درێژ تێپەڕین.

گەشتیارەکان تەماشای دەکەن.

دەموچاوی سوور دەبنەوە!

پاشان هەڵیدایە:

- دوو هەگبە و قورسییەکەیان گرنگ نییە.

- دوو هەگبە و قورسییەکەیان گرنگ نییە. فەرمانبەرە ئیتاڵییەکە بەرسڤی دایەوە.

هەردوو دەستی کەوتنە لەرزین. دەبوو هەڵیان بژێرێت. بیری لە سەرما کردەوە. هەستی کرد زوقم بەر ئێسکەکانی دەکەوێت، ددانەکانی دەکەونە ددانە چۆقە.. بەڵێ، پێویستە هەردوو هەگبەی پەتۆ و پاڵتۆکان هەڵبژێرێت، نەفرەت لە کتێب.. کتێب زوقم و سەرمای بۆ گل ناداتەوە!! لە شارێکی نامۆ و شارێکی دڵڕەقی وەک نیویۆرک، پاشان دەتوانێت ئەگەر بەختی یار بێت لەوێ کتێبی دەست بکەوێت!! دەبوو بڕیارێکی یەکلاکەرانە بدات .. یەک سات .. ڕیزەکەی پشتی چاوەڕوان بوون. دەموچاوی فەرمانبەرەکە دارکاری دەکرد.. یەک هەنگاو چووە پێشەوە دوو هەگبەی هەڵگرت و خستنییە سەر تەرازووەکە. میلی تەرازووەکە توند بەرز بووەوە. هەردوو هەگبەکە ئەوەندە قورس بوون دەتگوت (تاوێر)یان تێ ئاخنراوە!!

**ڕۆما ١٩٨٨**

**٣ - ڕووبار**

لاوەکە بزەیەکی هاتێ، پاشان گوێلێک ئاوی بۆ لای دەمی بەرزکردەوە، بۆیە ڕووبارەکەیش لای خۆیەوە بزەیەکی بۆ کرد.ئەم جارەیان تەواو تینووی شکاو تێر ئاو بوو( ئای چ ئاوێکی پاک و سەرسوڕهێنەرە) خۆشییەکی لەڕادەبەدەر لە ناخیدا قوڵپەی دەدا لە کاتێکدا لە ئاوەکەی دەڕوانی کە بەردەوام هەڵدەکشا..

(ئاو هەمان ئاو نییە، لەگەڵ ئەوەیشدا ڕووبارەکە ماوەتەوە و هەر دەمێنێت!).

بە دەوری خۆیدا سووڕایەوە، ئەو ناوە تەواو کپ و بێ دەنگ بوو، تەنیا ئەو و ڕووبارەکە بوون. هەستی کرد کە ئەو قـــوولاییـــە بەرەو قـــوولایی تر دەیڕفـــێنێت .. لەو شوێنەی بێ دەنگی ترسناک و گۆشەگیری تۆقێنەرە..

– تۆ کێیت؟

– من ئەوەم دەیبـــینیت .. چی لە مـــێـــشکتـــدا دەخولێتەوە؟

– هەرگـیـز هیچ شـتـێک لە گـۆڕێ نیـیـە.. بەلام لە مێرووله دەترسم.

– کام مێرووله؟

– پاش ماوەیەکی کورت ڕەوە مێروولەیەکی زۆر بەرەو لام دەکشێن و دەمخۆن.

– وەرە لای من.

– میوانداریم دەکەیت؟

– تۆ دەبیتە بەشێک لە من.

– ماوەیەکە خۆشم ویستوویت .

– نەمری، یان من؟

– بەڵکو تۆ.

لەناکـاو نەمـامـێکی ڕەگ و گەلا پچڕاو بە بەردەمیـدا تێپەڕی بە شێوەیەک جێی غـەم و پەژارە و بەزەیی بوو، بەلام لە بەردێک گیری کرد.

– کێیە؟ لاوەکە پرسیاری کرد.

– ئەویش وەک تۆ میوانە.

– ئایە میوانداری شتی بێ گیانیش دەکەیت؟

ئەم جارەیان ڕووبارەکە بە گاڵتەوە هەڵی دایە و گوتی:

– شـتـێکی سـەیرە .. مـرۆڤ هەر مـرۆڤـە .. تەنانەت لەلای زانینی منیش!

– نەمری! .. هیچ تێنەگەیشتم!

ڕووبارەکـــە وەڵامی نەدایەوە و بە پێکەنینەوە لەناو شەپۆلە هێـورەکـانیـدا نغـرۆ بوو. لاوەکە گـوێی لە دەنگی شـەمـەندەفـەرێک بوو لە دوور کـە تۆقـاندی و بە هۆشی خـۆی هێنایەوە..ئەو و ڕووبارەکـە لەو شــەوە تاریکەدا تەنیـا دوو بە دوو بوون، بەڵام پڕ لە هەسـتـێکی نامـۆیش بوو .. بوو بە هاوڕێی ڕووبارەکە.. ئەوەیش تا ڕادەیەکی زۆر تواناو هێـزی پێ بەخشی. لە خـۆشـیـاندا پێکەنی.. پاشان بازی دایە ناو ئاوەکەوە و هەستی کرد کە تینووی شکاو تا هەتایە تینووی نابێت.

**بەغدا ١٩٧٥**

**ئەبستراکت ١**

هەورەتریشـقـە ئاسمانی دوو کەرت کرد. چەند شتێکی سـەرسـوڕهێنەرە.. گـیـانداری هەمـەجـۆر و هەمـەڕەنگ بە جووڵەی شانۆگەرییانەوە لە درزەکەوە دێنە دەرەوە.

منداڵەکان پێکەنین. هەهەهەهەها هەهەها..

ئەسپێک سەرەکەی کیسەڵ بوو.

ئافرەتێک ئەندامەکانی ئەندامی پیاو بوون.

شێرێک سەرەکەی سەری مێرووله بوو.

خەڵکی بەرەو دواوە هەڵدەهاتن.

ڕووبـارو کــــاتژمــــێـــــرەکــــان بەرەو دواوە دەچوون و دەسووڕانەوە. ئەی چ کاتێک بوو. هەموو ترسیان نەبوو.

خوایە ئەو درزە ئاسمانییە دامەخە..

منداڵێک گوتی: ئەمەیە کامەرانی.

منداڵێکی دیکە فـرمـێـسکی دەڕێژاو گـوتی: ئەمـە بەهەشتە.

ئەو کــاتەی ئاســمــان زانی ئەقــڵــەکــان چیـــان بەسەرهاتووە، بە پەلە درزەکەی دوورییەوە.

هەتاوێکی گەرم هەڵهات.

خـەڵکی لە خـەو هەسـتـان و بە دەسـتی ژانە ئەژنۆوە دەیاننالاند.

**ئەبستراکت ٢**

لە غەیبەوە پیاوێکی فەیلیم بە جەستەی پیـاو و سەری ئەسپ لێ پەیدا بوو ناوی مەلەک بوو، دۆستێکی کۆنی باوکم بوو. پرسـیـاری لێ کـردم باوکت چۆنە. پێم گـوت ساڵی ١٩٦٣ کۆچی دوایی کردووە.

بە واق وڕمـاوییـەوە قـومـێکی لە چا گـەرمـەکـەی ناو پیاڵەکە دا.. بە بەزەییەوە تێی ڕوانیم پاشان گوتی: تۆ ئێستا هەتیویت

چاوەکانم پڕ لە ئەسرین بوون.

پارەی چایەکەی دا و بە سۆزەوە بە جێی هێشتم.

**خوێنی شەوی زەماوەند**

چووە لای بووکەکەی ..

ئەو مــــیـــــوزیکەی لە ڕادیـۆکــــەوە پەخش دەبووەوە ڕاوەستا..

چەند ساتێکی بێ دەنگی ..

بێژەرەکە دەست پێکردنی جەنگی ڕاگەیاند

خوێنی ئەرخەوانی بە شەقامەکاندا هەڵدەهات.

### دڵڕەقی
مـن زینـدووم .. یـەکـــــەمین جگـەرەم .. زینـدووی نەکردوومەوە.

### هیواخوازی
سێ هیواخوازی: ئافرەتێک و کتێبێک و خواردن
١ – ئافرەتێک هەموو بەیانییەک دەموچاوی بگۆڕێت!
٢ – کـتـێـبـێـک ناوونیـشـانەکـەی بگۆڕێت کـاتێک تەواوی دەکات!
٣ – خـواردن و خـواردنەوە پێـشکەشی خـانمە هاوەڵە زیرەکە نووستووەکەی دەکات!

### سزا
بە ژێر پێی دایکانی پیاوکوژەکاندا تێمەپەڕە.

### ڕووداوێک
لە تەنەکە گەرمەکەوە (من دڵۆپێکی بارانم) دەخزێمە ناو ژیانە سەیرەکەتانەوە ٢– دەخزێمە ناو دەریای ئەو ئافرەتەوە و دەبم بە هەڵم.

### برسیەتی
کـەروێشکەکـانی ناو شـەپقـەی سـیـحـرباز ئەو کـاتە دەخورێن کە پیر دەبن.

### پەتا
پاش کـوشـتنی جـاڵجـاڵۆکـە چێژی لە ئەشکەنجـەدانی نێچیرەکەی وەردەگرت.

### پشیلە
ئافرەتە سیامییەکە نینۆکەکانی لە ناو پشتمدا بەجێ هێشتوون!.

### ماڵئاوایی
بە هۆی بارانەوە ماڵئاواییەکە بەبێ فرمێسک بوو.

**فوئاد میرزا**

**کـوردێکی فـەیلی چیـرۆکنووس و هونەرمـەندێکی شـێوەکـارە، سـاڵی ١٩٥٥ لەدایک بووە. بە زمـانی عـەرەبی دەنووسـێت. لە شوباتی ساڵی ١٩٦٣ بەرخودانی شـەقـامی کیـفـاحی لە بەغدا بینیـوە. سـاڵی ١٩٧٨ عـیـراقی بەجێ هێشـتـووە و ئێسـتـا لە ئەمەریکا دەژێت. جگە لە زمانی عەرەبی هەردوو زمانی ئیتاڵی و ئینگلیـزی دەزانێت. بە خـۆی و خـێـزانەکـەی لەلایەن ڕژێمی دیکتـاتۆری پێـشـووی عـیـراقـەوە ئازار و ئەشکەنجـەیان بینیـوە. یەکـێکە لە پێـشـەنگەکـانی چیـرۆکی زۆر کـورت لە عـیـراق لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابوردوودا. چیرۆکەکانی لە زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی عیراق و وڵاتانی عەرەبدا بڵاوکردووەتەوە. ئێسـتـا بەڕێوەبەری دەزگـای ڕۆشنبـیـری سـەربەخـۆی (ترای)ـە کـە چەند سایتێکی لە تۆڕی ئینتەرنێت هەیە وەک سایتی (نووسەری عـیـراقی) و (هونەرمـەندی عـیـراقی). جگە لەوەیش بەشداری لە چالاکییە ڕۆشنبیرییەکانی عیراقدا دەکات.**

**ئەم چیـــرۆکـــانەمـــان لە لاپەڕەی نووســـەر لە ســـایتی (www.iraqiwriter.com) وەرگێڕاون.**



**سدیق بابایی «شارەزا لە مێژووی دیالێکت و ئەدەبی گۆران هەورامی»:**

## ئەدەبی زارەکی و نەنووسراو یەکێک لە گۆشە پڕ لە سەرفرازییەکانی کوردە.. هەورامانیش نابێ تەنیا بە بڵاوکردنەوەی چەند ئاهەنگ و هەڵپەڕکێیەک ئاوڕی لێ بدرێتەوە.

سازدانی: شەریف فەلاح
(سنە)

**سدیق بابایی باسکارێکی بواری مێژووە، خەڵکی شاری پاوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، بڕوانامەی ڕۆژنامەوانی ٢٠٠٧ /٢٠٠٨ی وڵاتی فەڕەنسای هەیە، سەرقاڵی خوێندنەوەی مێژووی کوردستانە و ئێستا دانیشتووی ئەڵمانیایە، وەک کەسێکی شارەزا لە مێژووی دیالێکت و ئەدەبیاتی گۆران (هەورامی) هێنامانە دواندن و سەبارەت بە زۆر پرسگەلی تایبەت ڕووبەڕووی چەند پرسیارێکمان کردەوە، ئەوەی لێرەدا دەیخوێنرێتەوە، بیروڕای ئەون لە بارەی ئەو پرس و باسوخواسانەوە.**

* هەروەک دەزانین کۆنترین و لەمێژینەترین دەقی نووسراوی کوردی لەبارەی مێژوو و فەرهەنگەوە لەناو شێوەزاری هەورامیدایە، ئەمە بۆ چ سەردەمێک دەگەڕێتەوە؟ لەم بارەوە چ زانیاریگەلێک لەبەر دەستدان؟

- ئەگەر بۆ ساتێک ئاوڕ لەهەڵوێستی دەسەڵاتدارانی هەنووکەیی ئێران لە هەمبەر زمانی کوردی بە گشتی وەک نەیاری مێژوویی بدرێتەوە، کوشتار و قڕانی زمانی کوردی بووە و لە بەرانبەریشدا خوازیارانی پاراستنی زمان، وێژە و تۆماری مێژوو هەر لەم ساڵانەی دواییدا بخرێتە بەرچاو، ڕەنگە هاسانتر بتوانین قبووڵی بکەین لەسەردەمانی کۆندا چ کێشمەکێشێک لەم ئاستەدا بەرۆکی لایەنی کوردی، یان وێژە و زمان و فەرهەنگی گرتبێتەوە.

دەکرێ بەپێی کورتە ئاماژەی سەرەوە بەو ئاکامە بگەین کە کورد لە ڕۆژگاری هەرە کۆنی مێژووی ناوچەکەدا چ ئاستەنگێک لەسەر ڕێگای بووە هەتا توانیبێتی خاوەنی زۆر دەسکەوت و خوڵقاندنی بەرهەمی بەرچاو بێت.

قـەباڵەکـانی هەورامـان، ئاڤـێسـتـا و سـەرلەنوێ پێـداچوونەوەکـانی.. درەخت ئاسـووریک، تۆمـار کـراوە مێژوویی ئایینییەکانی یارسان (ئەهلی حەق)، شانامەی هەورامی کە جیاوازی تەواوی لەگەڵ شانامەی فیردەوسی تووسی پێوە دیارە. شیرین و خوسرەوەکەی خانای قوبادی کـە لە ناوەڕۆک و باسـەکـانیـدا دەوڵەمـەندیی بیـری کەسایەتیی نەتەوەی کـورد شانبەشـانی کەسایەتییە ناودارەکانی شۆڕشی فەرەنسە چ لە هێنانە ڕۆژەڤی باسە فەلسەفییەکان هاوکات و چ شرۆڤەی کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتییـەکان و زۆر نموونەی تر هەر کـامـە بەنۆرەی خۆیان سـەردەستی وێژەی کـورد لە دەورانە جیـاوازەکانی ژیـانی خـــەڵکی نـاوچەکــــە دوور لە تۆزقــــاڵێـک خۆهەڵکێشانی پڕۆپاگەندەیی دەسەلمێنن.

لە مـێـژوونووسـانی کـورد دکـتـۆر جـەمـال ڕەشـیـد مامۆستای زانکۆ – بەغدا، محەمەد ئەمین هەورامانی، مووزەفەر بەهمەن سوڵتانی هەورامانی، دکتۆر بۆرەکەیی، دکتۆر بەهمەن فەریوەر و.... خراونەتە بەرباس.

دکـتـۆر فـەریوەر ناسـراو بە سـۆران کـوردسـتـانی لە پێوەندی قەباڵە مێژووییەکانی هەوراماندا دەڵێ:

"لە دەسـپـێکی سـاڵەکـانی سـەدەی بیـسـتـەم، یەک لە گرنگترین ڕووداوە فەرهەنگییەکانی جیـهان ڕووی دا کە لە چەشنی خـۆیدا وەک گـەورەترین دۆزینەوە لە بواری مـێـژووی وێژە و زمــانی نەتەوەی کــورد دێتــە ژمــار. سێیەمین قەباڵەی ناوبراو کە بە خەتی ئارامی دەسکاری کراو نووسراوە، دەبێ وەک کۆنترین بەڵگەنامەی نووسراو و دۆزراوەی زمـــانی نەتەوەی کـــورد بناســـێنرێ." – [مێژووی هەورامان. بەهمەن سوڵتانی. ل١٠٩١]

بەپێی وتەکانی دکتۆر جەمال ڕەشید، پرۆفیسۆر مینس لەو بڕوایەدا بووە، کە زمانی قەباڵەی سێیەم بە زمانی ئیـمـرۆی کـوردی نزیکتـرە. ئەو بە تایبـەت ئامـاژە بەو مەسەلەیە دەکات، پیتەکانی نووسراوی قەباڵەی سێیەم لە هیچ کام لە قەباڵە دۆزراوە مێـژووییەکـان لە جیـهان نەدیتـراوە، هەروەها پیـتـەکـان دەسـتی تێـوەردراوە و بە نیشانەگەلی تایبەتی ئاڵوگۆڕی تێدا کراوە، هەتا زمانی کـوردەکــانی ئەو سـەردەمـە لەو ناوچەیە دیاری کـراوە بنووسرێ."

*** ئەی لە بارەی ئاڤێستا و وێژەی کوردی چی؟**

– بە دڵنیـاییەوە دەکرێ پێداگری لەسەر ئەو ڕاستییە بکرێ، کـەمـتر کـەسێ نەختـێک شارەزا بە وێژەی گۆران {هەورامی} هەیە، ئەگــەر ســەرنج بداتە وشـەگــەلی ئاڤێستایی شتێکی لێ تێ نەگا. دیارە هەرچی شارەزایی و باڵادەسـتی لە وێژەوانی گۆراندا زیاتر بێت، بەم پێیـە تێگەیشتن لە ئاڤـێسـتـا و بەشێکی بەرچاوی وشەکـانی زیاتر دەبێت.

پێـداچوونەوەی ئاڤـێسـتـا بە زەینی کـوردی و دووبارە وەرد دانەوەی، ئەم جــارە لەلایەن بەڕێز، ڕەحـــمــەتی عـیـمـادەدین دەوڵەتشـاهی خـەڵکی کـرمـاشـان و چاپی کـتێبێک لەو پێوەندییەدا لەژێر نێوی "جغرافیای غرب ایران یا کـوهـهـای ناشناخـتـه اوسـتـا ١٣٦٣" گـەلێک بابەتی نوێ هەتا ئێستا کەمتر هەڵێنجراو لە دەقە پێشوو وەرگێردراو و تۆمارکراوەکان بەدەستەوە دەدات.

حـەمـەدەمین هۆرامـانی لەکـتـێبی گـوڵزاری هەورامـان، زمانناسی و ئەدەبیات، لە لاپەڕە٤٩ دا دەڵێ: "دایکزادی زەردەشت کـوردسـتـانە و مـەڵبەندی زمـانی ئاڤێـسـتـاش زۆرتر جـــەوهەری کـــوردی کـــوردســـتـــانی دێرینە و شـارسـتـانیـەتی کوردەکـانی دێرینیش لە خەڵکی دێرینی ناوچەکـانی دیکەی ئێـران پێـشکەوتووتر و سـەرلەبەرتر بووە" ناوبراو پێداگری دەکات هەتا پێش حەفتا ساڵ وێژە و گـوتاری نووسین و خـوێندن لەسـەر ئەساسی ئاسـەواری بەجێماوی ئاڤێستایی – هەورامی (گۆرانی) بووە.

م. هۆرامـانی بۆ سەلماندنی وتەکەی چەند وێنەیەک لە وێژەی ناوچەکـانی ئێران بۆ نیشـاندانی جەوهەری کـوردی ( هۆرامـانی – گـۆرانی) و وتەی زمـانناسـە بیـرمـەندە ئەورووپاییەکانی کردووە بە پشتبەندی بۆچوونەکەی.

جیا لە چەند دەقی مێژوویی وەک: درەخت ئاسووریک و حەوت خانی ڕۆستەم، ڕۆستەم و زەردەهەنگ، ڕۆستەم و زۆراو، فـەرهاد و شـیـریـن ، کـولە و ئاینەمـەل، حـەمـە حەنیـفـە، ڕۆسـتـەم و ئەسـفـەندیار، یووسف و زولێـخـا و...تاد بەڵگەنامە و دەفـتـەرە مێـژوویـیـەکانی زانایانی ئایینی کوردی "یارسان" هەر کامەیان بە گەنجینەیەکی پڕ بایەخ و دەوڵـەمـەندی مـێـژووی وێژەی کـوردی (گـۆران – هۆرامی) دەژمێردرێن .

لە سـەدەی دووی کـۆچیی بەدواوە تۆمـارکـراوەکـان لە چوارچێـوەی ئایینی یاریدا ڕێکوپێکتـر پارێزراون. کورد دەبێ قـەدری باوەڕمـەندانی ئەم ئایینە لانی کـەم لەبەر پاراسـتـنی وێژە و کـەلەپوورەکـەمـان بەرز بنرخـێنێ، هەرچەند لە بواری نیـشـتـمـانپـەروەری یەکـەم شـانازیی هێنانەگۆڕی ئەم چەمکە دیسان بەهۆی ئەوانەوە هاتووەتە

ئاراوە.

لە سـەدەی دووەمی کـۆچی بە دواوە، دەورەی باڵـووڵ. دەورەی بابە سـەرهەنگ هەتا دەورەی شـاخـوشین، بابەناووس و بابەجەلیل دەودانی ...و لە سەرەنجامی ئەم پرۆسـەیە سـوڵتـان ئیـسـحـاق هەرکامەیان خاوەنی ئاسەوار و شوێن دەستی نرخدار و تایبەت لەم بوارەدا سەرژمێر دەکرێن.

**هاوکـات لەگـەڵ شـۆڕشی فەڕەنسا، کـورد لە هەورامان شـانازی بـە زمـان و وێژەی خۆیەوە کردووە**

ئاسەوارە پەرشوبڵاوەکانی پیری مەزن پیرشالیار لەژێر ناوی "مـارفـەت و پیـری" ئەوە بۆ خـۆی هەر تامـەزرۆی بزوێن و زەوق و شەوق بەخشی ژینی مرۆڤایەتییە.

شـیـرین و خـوسـرەو (خـانای قـوبادی) ، دەوڵـەتنامـە (مەلا خدری ڕواری) ، هەروەها شـانامە بە هەورامی کە جیـاوازیی بەرچاوی لەگەڵ شـانامـەی فـیـردەوسی تێدا بەدی دەکرێ، هەرکـامـەیان بەنۆرەی خـۆی، ئەگـەر ئاوڕی پێـویسـتـیـان لێ بدرێتـەوە توانایی و جـەوهەری پڕ نێوەرۆکی ئەوەیان هەیە سەروگەردنی وێژەی کوردی دوو باڵا لەجیهانی وێژەی گەلاندا بەرز بکاتەوە.

* هـەروەک دەزانین ئـەدەبی زارەکـی و نـەنووســـــراو (ادبیـات شـفـاهی) لەنـاو کـوردان بەشـێکی گـرنگی ڕەسـەنایەتی و پاشـخـانی فـەرهەنگی و کـۆمـەڵایەتیی کـۆمـەڵگای کـوردەواری پێکدەهێنن، ئەدەبی زارەکی لە هەورامان خاوەنی چ تایبەتمەندی گەلێکن، لە چ ئاستێک دایە و چ کارێک بۆ کۆکردنەوە و ڕزگارکردنیان لە فەوتان کراوە؟

– ئەدەبی زارەکی و نەنووسـراو (سینگ بە سـینگ) یەک لە گۆشە پڕ لە سەرفرازییەکانی کورد لەم پارچە لە خاکی نیشتیمان بەحیساب دێت. دەوڵەمەندیی ئەم بەشە تەنێ لە پاراستنی وێژەی ساکاردا کۆ ناکرێتەوە. یەک لە تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی ئەم بەشە ئەوەیە لە مێژووی ئایینییەوە بگرە هەتا دەستنیشـان کردنی بەسەرهات و کارەساتی سیاسی و سروشتی و کۆمەڵایەتی بە ناسکی تـایبـــەت و ڕازاندنـەوەیەکی هونەری پڕ لە وردەکـــاری لەخۆیدا وێنەکێشی و کۆ کردۆتەوە.

بیستنی بەیتێکی سیاچەمانە لە هەمان کاتدا بۆ تاکی هەڵوەدا، حـەسـانەوەی ڕوحی دڵنەواز و وەحـەسـێنی ماندوویەتی بیر و لەشە، هاوکات سەربوردەی مـێژووی کـارەسـاتێک چ سـیـاسی و چ سـروشـتی، یان بیـر هێنانەوەی گـەنجـینەیەکی جـوگـرافی لە دووتوێی گۆرانییەکەدا پێشکەشی بیسەر دەکات.

**ئارۆ ڕام کەوتەن کۆنە هەواران**
**نە دەنگی بڵبڵ نە سەدای یاران**
**شاهۆ مەگرەوۆ، ئاتەژگا ماتەن**
**وێمیر، بەتەمای شنیای باڵاتەن**

شـاهۆ مـوبد، هێـمـا ، یان کەسایەتیی پایەبەرز، خەم و مـاتەم دایگرتووە. ئاتەشگا (ئاورگـەی پیـرۆز) بێـدەنگ و کـڕوکپ و دامـرکـێنراوە، کـوژاوەتەوە، گـڕوتینی جارانی نەماوە! "وێمیر" (ئێمیریا – خوای میهر – خـوای دەسەڵاتی خـۆجێی) ، هێشـتـا ورەی بەرنەداوە. ئەو بـەتەمـــای ســـەرلەنوێ بووژانەوە، ســـەرهەڵدان و گەڕانەوەی دەسەڵاتی خۆماڵی و جێگیرکردنەوەی دۆخی جاران و ڕەواندنەوەی خەم و ماتەمە. "ئاتەژگا": ئاتەشگا – ئاورگەی فرووزان لەسەر لووتکەی شاخێک، باکووری ڕۆژئاوای پاوە، هی سەردەمی پێش ئیسلام.

"وێـمـیــر": ناوی ســەیرانگایەک لە بناری شـــاهۆ، هەڵکەوتوو لە ڕۆژهەڵاتی شاری پاوە.

لە دووتوێی بەیـتی سـەرەوە، چەند نـاوی مـێـژوویی و جـوگـرافی ناوچەکـە وەک: شـاهۆ، ئاتەشگا، وێمـیـر و شیکاریی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی – سیاسی، مێژوویی و چڕینی پەیامی خۆڕاگری تۆمارکراوە.

مـەخـابن هەنگاوێکی ئەرێنی بۆ بەرگـری لە فـەوتـانی یەکجـارەکی ئەم بەشە لە ئەدەبی کـورد (گـۆرانی) ، وەک سـەرپاکی سامـانـی دیکەمـان هەڵـبـەت سەرەڕای هەوڵی تاکوتەرا و سـەربەخۆی چەند قەڵەم بەدەستێکی دڵسۆز بە فەرمی هەڵنەگیراوە.

ڕێـکـەوتـی ٢٠٠٤/٥/١٠ی زایـیـنـی لـە دووتـوێـی نامـەیەکی سـەرئاوەڵا بۆ بەڕێزان: مـام جەلال تاڵـەبانی و کـاک مەسـعـود بارزانی لەلایەن ئێـمـەوە تکای ئەوە هاتە ئاراوە کە سەرنج بدرێتە گەنجینەی مێژوویی هەورامان و چەند پێـشنیـارێک خرایە بەردەستی بەڕێزیان و بیروڕای گشـتی. داخەکەم چ ئەوکات و چ ئێـسـتـا هەورامان تەنێ بە بڵاوکـردنـەوەی چەند ئاهەنگ و هەڵـپـەڕکێ ئاوڕی لێ دەدرێتەوە.

لەم دواییـــانەدا چەند بەرنامـــەیەکی ســـالانە بۆ نیشـاندانی کەلەپووری هەورامان چێ کـراوە، بەڵام ئەمە ناتوانێ کەلێنی بوونی ناوەندێکی لێکۆڵینەوەی زانسـتی پسـپـۆڕان بەپێی پلان و لەبەرچاو گـرتنی پڕۆژە و دابین کـردنی خـەرجی پێـویست بە بڕیاری یاسایی لەسـەردراو

بگاتە ئەنجامی خۆی.

* تایبەتمەندییە زانستی و ڕێزمانییەکانی شێوەزاری هەورامی بەڕای بەڕێزت کامانەن، لە کوێی زمانی کوردیدا جێگای گرتووە، کەموکورتییەکانی چین؟

- لە کۆنەوە، ڕەنگە زیاتر لە کوردەکان گەڕۆک و بیرمەندی پسپۆڕی بیانی نووکی پێنووسیان لەمەڕ ڕێزمانی گۆران (هەورامانی) بۆ ئاوڕدانەوە لە تایبەتمەندییە جیاواز و دەوڵەمەندەکانی دەکار کردبێ.

لەم بوارەدا زۆر لێکۆڵەر و توێژەر و ڕۆژهەڵاتناسی بەناوبانگ و زۆر تاکی تر هەوڵیان داوە تایبەتمەندیی ڕێزمانی بە شێوازی زانستی کەم و زۆر شی بکەنەوە و بەشێک لە گۆشە ئاوارتە و دەگمەنەکانی ئەم شێوە زارە دەستنیشان بکەن.

ڕێزمانی کوردی گۆران (هەورامی) بە بەراورد لەگەڵ سۆرانی و کرمانجی لەگەڵ ئەوەی نزیک بە هەشتا ساڵی دوایی، بەگشتی پەراوێز خراوە و تاکوتەرا نەبێت، هیچ لایەنێکی کوردی مەیلی بووژاندنەوەی نەداوە، بەڵام سەرەڕای ئەو کەموکورتیانەش لە چەند لایەنێکەوە باڵادەستیی خۆی پاراستووە.

ڕەگەزی نێر و مێ و بێ ڕوح لە ئاخاوتنی هەورامیدا لێک جیا دەکرێتەوە و بیسەر و ئاخێوەر لێک تێدەگەن بەرانبەرەکەیان لە چ ڕەگەزێکە، هەروەها حاڵەتەکان زۆر بابەتی ڕێزمانی تێدا بەدی دەکرێ. سادە و ئاهەنگین و پڕ لە مێلۆدی گوێ نەواز و چێژبەخش و وروژێنەرە. چەند دەنگێکی تایبەت بە گۆکردنی پیتگەلێکی وەک (د، ڤ، ێ، و...) لە نووسین و گوتنی هەورامیدا کەڵکی لێ وەردەگیرێ کە لە شێوە زارەکانی دیکەی کوردیدا بەدی ناکرێن.

بۆ وێنە: لە کرمانجیی سەروو و خواروو بۆ خەبەردان لە نووستن، یان هاتنی نێر و مێ جیاوازی ڕەگەزی تەنیا لە ڕووی نێوەکانەوە دەردەکەوێ و ئەوە ئەو ناوانە ناگرێتەوە کە هەم بۆ نێر و هەم بۆ مێ کەڵکیان لێ وەردەگیرێت. وەک (عسمەت، خورشید،...). بەڵام لە وتنی هەورامیدا بەجیا لە چەشنی ناوی کەسەکان ڕێزمان بە وردی شی دەکاتەوە کە ئەو کەسە نووستووە، یان هاتووە کێیە .بۆ وێنە: (سۆرانی)، خورشید لە ماڵێ نووستووە: ئەم دەقە هەم بۆ مێرد و هەم بۆ ژن گۆ دەکرێ. لەبەر ئەوەی خورشید لە کوردەواریدا هەم بۆ نێوی ژن و هەم بۆ پیاو بەکار دێت، مرۆ نازانێ ئەم نووستووە پیاوە، یان ژن، مەگەر ئەوەی کە ناسیاری بێت.

(هەورامی)، خورشید یانەنە وتەن. ئەوە بۆ خەبەردان لەسەر نووستنی خورشید کە پیاوە، بەڵام بۆ ژن: (هەورامی)، خورشیدە وتێنە. لێرەدا بۆ جیاکردنەوە پاشبەندی (ە) بە خورشید ناوی ژن زێدە کراوە. سەرەڕای ئەوە بۆ نووستن لە ڕەگەزی نێردا (وتەن) و بۆ ڕەگەزی مێ (وتێنە) کەڵک وەرگیراوە کە بە تەواوی هەم لەناو و هەم تەواوکەردا جیاوازییەکە دەستنیشان کراوە.

وێنە بۆ (هاتن)، (سۆرانی)، دڵسۆز، لە هەولێرەوە هاتووە مژدەی بەهارمان بداتێ. ئەوە دەکرێ هەم بۆ پیاو و هەم بۆ ژن بەکار بهێنرێ!

بۆ ژن: (هەورامی)، دڵسۆزە، هەولێرۆ ئامێنە مزانی وەهاریمان، دۆ پەنە. لێرەدا دڵسۆزە بە واتای ژن هاتووە. ئامێنە بە واتای، (ژنێک هاتووە)

بۆ پیاو: (هەورامی)، دڵسۆز، هەولێرۆ ئامان مزانی ئامای وەهاریمان دۆ پەنە. لێرەدا دڵسۆز ئامان واتە پیاوێک بەنێوی دڵسۆز هاتووە.

دیارە لە نووسینی وێنە بۆ نیشاندانی بابەتە جیاوازەکانی تر کە هەرکامەیان گۆشەیەک لە وردەکاری ڕێزمان لە وتنی هەورامیدا ئاشکرا دەکەن لەبەرخۆ پاراستن بۆ درێژتر نەبوونی وەڵامەکان چاوپۆشییان لێدەکەم.

گەشە و سەرهەڵدانی هەر زمانێ وێڕای ئەوەی بە دەسەڵاتی سیاسی ئاخێوەرانی ئەم زمانە، یان هەبوونی ئازادی و گۆڕەپانێک بەبێ بەرگری لە خولقاندنی تەنگەبەری لەسەر ڕێی خوێندن و نووسین لە قوتابخانە و دامەزراندنی کۆڕوکۆمەڵی پسپۆڕ بۆ پێداچوونەوە و وشەسازی بەگوێرەی پێشچوونی زەمان و تەکنیک و پیشەسازی نوێوە گرێدراوە.

وێژەی هەورامی تا دەورانی دەسەڵاتی ئەردەڵانەکان و پاشتریش، تێکچوونی ئاخرین پێگەی دەسەڵاتی بەگزادە و شێخەکانی هەورامان (١٣٢٤ی هەتاوی) برەوی تایبەتی هەبوو.

لە دیوەخانەکان مشتومڕی باسی قورسی فەلسەفی، سۆفیگەری و شەڕە شیعری گەرموگوڕی نێوان زانایان لە مەکتەبخانە، خانەقا، حوجرەی فەقێیان، مزووڵی و دەروازەی جووڵاندنی زەوقی مەلا و فەقێکانیان بۆ چوونە نێو قوتابخانەی دەوڵەمەندی بەیاز، یان دەسنووسە پڕ نێوەرۆکەکان بوو. ئەوە بەڕادەیەکی دیار پێگە و توانایی

ئەم شێوازە لە ئاخاوتنی کوردی جیا لە بەهێزترکردن پاراستبوو.

بە گشتی لە ئەگەری کۆکردنەوە و هێنانەسەر ڕێنووسی نوێ، ئەدەبی نووسراوی هەورامی توانابەخشی دەسەڵاتی وشەی کوردی و پڕکەرەوەی زۆر کەلێن و کەموکوڕی لە پێداویستی ڕۆژانەی تامەزرۆی ئاخاوتنی کوردی پەتی و بێ نیاز لە بەکارهێنانی زۆرێک لە وشەگەلی نامۆ کە خۆیان خزاندۆتە ناو زمانی کوردییەوە بەهێزتر دەبێ.

***** سروشتی هەورامان وەک ناوچەیەکی دەست لێنەدراو (بکر) چ ڕۆڵێکی لە بزواندنی هەست و نەستی شاعیران و هونەرانی ئەو ناوچەیەدا گێڕاوە؟ بۆچی زیاتر توخمی سروشتگەرایی (ناتۆرالیزم) لە شیعر و ئەدەبی زاری هەورامیدا زاڵە؟ هۆکاری کەمڕەنگی هەستی نیشتمانپەروەری لە شیعری کلاسیکی هەورامیدا چییە؟

- من بۆ خۆم لەو باوەڕە دام بنەمای ژیاری هەورامان لەسەر سێ کۆڵەکە دامەزراوە کە بریتین لە:

١-سروشت

٢- ئایین

٣- مۆسیقا.

هەرکەس ناسیاری لە ژیانی تاک، کۆ، یان کۆمەڵی هەورامی زمان هەبێ، ئەم ڕاستییەی بۆ ئەزموون کراوە کە بیر و هۆشی هەر تاکێکی هەورامانی هەموو کاتێک لە دەورەی سروشتی هەورامان وەسف کردن، پێداهەڵگوتن، گێڕانەوە، گۆرانی بۆ وتن و لە وشەیەکدا شەیدایی سروشتی مەڵبەندەکەی لە جووڵەی لەشیدا خۆ دەنوێنێ. کەمتر هەورامییەک دژبەری ئایین دەردەکەوێ. یان بە واتەیەکی تر ڕەنگدانەوەی پێکهاتەی ئایینی نە بە نێوەرۆک سەلەفی و چەپڕەوانەکەی، بەڵکو وەک جۆرە گرێدراوەیەک بەودیوی سروشت لە جەوهەری بوونیدا ڕەنگدانەوەی نەبێت. لە هەورامان سەرەڕای ئەوەی زیاتر لە هەزار ساڵە بەشی هەرە زۆری خەڵک ئایینی ئیسلامیان وەرگرتووە هەنووکە کەس ناتوانێ لەنێو بیر و کرداری توندئاژۆترین تاکی ئەم مەڵبەندەدا ڕەگگەلێکی بە ڕەوشت پارێزراو لە توخمی ئایینە کۆنەکانی ناوچەی نەپارێزرابێ. دیسان ئەوە هەر لە مەڵبەندی هەورامی ژیارە کە کۆنترین ئایینی ڕەسەنی کوردان بەبێ کێشە پارێزراوە. کەس ناتوانێ شاهیدی ئەوە بدات لە هەورامان، یان ناوچەی گۆران بەگشتی تاقە کەسێک وەک ئەو بەڵایە لە شەنگار بەسەر دوعا هات لە گۆرانی شیعەنشین، یارسان پەروەر، مەڵبەندی جوو لە دەورەیەکدا و... تەنانەت لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا قەومابێت. هەورامی لە هەمان کاتدا خوا پەرستی، هاوشان خەڵکێکی کراوە، شایی پەروەر، شایی دۆست و ساتەکانی ژیانیان نوقمی سیاچەمانەیە. جیاوازی ناکات لە مووچە و مەزرا، لە شاخ و بەندەنان، لە کاری باخ و ئاوداشتن، یان بانگی نوێژان و خوێندنی ورد و تەراوێح و زیکری دەروێش و تەلیلەی سۆفییان هەتا ڕەوانەکردنی مردووەکان بۆ سەر قەبران و خوێندنی تەلقین هەموو پڕە لە ئاهەنگ و سۆز و هەڵپەڕکێی دەروونی و جەستەیی چ ئارام و چ بە جۆشو خرۆش. "دەنگی کنالەیل هەر دوایی نایێ، شیعری گەشتێک لە هەورامان ( گۆران شاعیری گەورەی کورد).

**میراتی کورد لە هەر گۆشەیەکی ئەم نیشتمانەدا، بە سامان و ماڵی هەموو تاکێکی خۆ بە کوردزان دەژمێردرێ.**

جارێک ناسیاوێک پێی وتم: "هەورامی جنێوەکانیشیان وەک گۆرانی دەچن". پێم وایە خەڵکی ئەم دەڤەرە دەبێ خولقاوی ئاووخاکی نیشتمانەکەیان بن. دەنا ناکرێ ئینسان ئەوەندە ئاوێتەی سروشتێک بێت کە بە بەرزکردنەوەی دەنگی ئاوازی مرۆڤەکان باڵندەکانیشی هاوڕایی بکەن. لێرە خوڕەی ئاوەکانیش لەگەڵ لەرینەوەی لیزگەکانی گەرووی مرۆڤەکانی، هاودەمی و سازگاری لێک دانەبڕاوی هەیە. ئەوە جیا لە تێکەڵاوی بوونەوەر و سروشت نییە. لێرە خۆشەویستیی خاک و مرۆ جیا ناکرێتەوە. ناسیاریی ئەوان زۆر کۆنە لە هەڤدوو تێدەگەن. نامومکینە کەسێک دەم بە وتنی سیاچەمانە بەرز کاتەوە کەو، یان بلبلێک لەو نزیکە هەبێ و هاوڕایی لەگەڵ نەکات. ناکرێ لەنێو ئەو سێ پێکهاتەدا کە سەرجەم بوونی هەورامان دەستەبەر دەکەن یەکیان لەوی تر هەڵاوێردرێ. شاعیری هەورامی یان وێژەوانی ئەم بەشە لە وڵات، ئەگەر نیشتمانی لێ بستێنرێتەوە وەک ئەوەیە لەنێو هەوای بەتاڵدا سەرگەردان بکرێ، تەنانەت ئەو تاک و بنەماڵانە کە بەهەر هۆیەک لە هەورامان دابڕاون ڕۆژانە بەبیر و بەبێ یاد کردنێک لە هەورامان ناتوانن ڕۆژ بە ئێوارەوە گرێ بدەن.

شیعری کەمتر هەورامییەک هەیە وەسفی داروبەرد، ئاووخاک، شاخ و هەرد، داروگیا، مەل و مۆر و باڵندە و چەرەندەی ئەم خاکە خۆشەویستە نەکات. هەورامی زمان یەکەم کەس بوون باسی کوردایەتییان کردووە. بابەسەرهەنگی دەودان ٣٢٤ی کۆچی:

**وەسەنەی سێ سەد بیست و چوار هیجری**
**هاتف نام ئەو جە شاهۆ چڕی**
**(سەرهەنگ دەودان، سەرهەنگ دەودان**
**ئەز کە نامەن سەرهەنگ دەودان**
**چەنی ئێرمانان، مەگێڵم هەردان**
**مەکۆشم پەرێ، ئایین کوردان)**

هاوکات لەگەڵ شۆڕشی فەڕەنسا، کورد لە هەورامان شانازی بە زمان و وێژەی خۆیەوە کردووە. ئەوە هەتا خانای قوبادی بە ڕاشکاوی ئەم ڕوانگە نەتەوەییە دەورووژێنێ و دەڵێ زمانی من لە زمانی فارسی شیرینترە و هەر لەو کاتەدا بە پێچەوانەی بیرتەسکی ڕەگەزەکانی جیرانی کورد ئەو مافە بۆ هەمووان بە پارێزراو دەزانێ بۆ ئەوەی بە پەروەردە و ئاخاوتن بە زمانەکەیان تێبکۆشن. خانا خۆی لۆمە دەکات، ئەگەر بێتو لەوە زیاتر بۆ خزمەت بە وێژەی کوردی کەمتەرخەم و خۆی بەکاری لاوەکی سەرقاڵ بکات. ئەم دڵسۆزە نیشتمانپەروەرە زمانی کوردی (هەورامی) بە دوڕ، گەوهەر و گەنج و کوردستان بە کۆی گەنج نێو دەبات. ئەو دەڵێ جەواهێر و دوڕ و گەنجی ئەوتۆ خەڵکانی زانا و گەورە پیاوان قەدری دەزانن، بۆیە دەبێ نەترسانە هیمەت بە خەرج بدرێ هەتا ئەم کاڵا بەنرخە بازاڕی گەرم و بە ڕاهێنان و گۆڕانی پێویست ڕەواجی زیاتری پێ بدرێت. (لێکدانەوەی سەرپێیی نێوەرۆکی شیعرەکانی سەرەوە)

سەیدی هەورامی (٨٥٠ - ٩١٨ یەکەم، دووەم ١١٨٩-١٢٧١کۆچی مانگی):

**ئەز ئورۆموون مەکانم بێ وڵاتم**
**سەروپیری خودای گێرەن خەڵاتم**
**بەرۆ دەروێش لوۆ سەیر و وڵاتۆ**
**نەنیشتۆ هیچ وڵاتیونە نە ساتۆ**

تاکی کورد لە هەورامان پێش هەر شتێک گرنگی بە زێد و وڵاتی خۆی دەدات. بەڵگە بۆ ئەوە زۆرن. وەک لە بەیتی سەرەوە هاتووە: بە گەڕان و سەیروسلووک بۆی دەرکەوتووە کە کەسایەتی تاقانە و پیرۆزی ئایینی تایبەت بە خۆی هەیە. جوانی و خۆشەویستی وڵات لە هەر شوێنێک ناچاری دەکات دیسان ڕووی خۆی بەرەو ڕووگەی دڵ بسووڕێنێ. پابەند بوون بەم تایبەتمەندیانە دەورگێڕانی خۆی لە پارێزگاری سنوور، یان بەرەنگاربوونەوەی هەر سنوور شکێنێک لە دەرەوەی ناوچەکە دەستنیشان دەکات. لە سەردەمی ئیمپراتۆری عوسمانی و سەفەوی، زمانی هەورامی لە قەراغ زمانی دەسەڵاتی سەرووی ئەوکات بەبێ شەڕ و هەراوهوریا و بەربەرەکانی سوننە و شیعە و تورک و فارس و عەرەب دەبێتە زمانی فەرمی وێژەیی و ناسنامەی کوردیی دەسەڵاتی ئەردەڵان تۆمار دەکات. وشەی وەتەن لە هەورامان لە وێژە و گۆرانییەکاندا ڕەنگ و بۆن و ڕەنگدانەوەی قووڵی ئەوتۆی چەسپاوە کە لە هەر بۆنەیەکدا سەرنجی هۆش و زەینی بیسەر ڕادەکێشێ. عوسمان و جەمیل دوو گۆرانیبێژی ئەم مەڵبەندە بە کەڵک وەرگرتن لە وێژەی سینگ بە سینگ سەڵا سەر دەدەن:

**"ئاوارەی وەتەن خەیلێ ستەمەن**
**لەجیاتی شادی خۆراکم خەمەن**
**ئانە نەدیەنش ئازار دووری**
**پەوکەی مەنێنێش سەرگوڵم بە سووری"**

لە جێگایەکی تر هەر لەم پێوەندیەدا:

**"هەناسەیم کێشا دەروونم چیا**
**ئاوارەی وەتەن من زەوقم نیا**
**ئینە خەیلێوەن دڵ نە گێجاوەن**
**ئارەزووش وەتەن پاینی وەفراوەن"**

ناڵین و دەربڕینی سۆزی بە پەرۆشی دڵ تەنیا لەبەر دووکەوتنەوە بە مەودای نێو سەعاتەڕێ سەری هەڵداوە. گوند، شاخ، دۆڵ، بەرد، دار، ئەشکەوت و هەر پێکهاتەیەکی ئەم مەڵبەندەیەک بەیەک وەتەن و خۆشەویستی ئەو لە شیعر، گۆرانی، سیاچەمانە، موزیک، زکر و گۆرانی شێخانە بانگەواز دەکرێ. بانگەوازی لە یەک قاڵ بوون و لە یەک لێک جیا نەکرانەوە.

* ئەدەبی کلاسیکی هەورامان چ قۆناغ و ڕەوتگەلێکی بڕیوە و بەستێنە کۆمەڵایەتی، سیاسی و فەرهەنگییەکانی کامانە بوون؟

- تێڕوانین لە ڕابردووی بزاڤی ئەدەبی هەورامان بەپێی کەونینە بوونی ڕێچکەی ئەم بوارە، دیسان، ئەگەر نێوەرۆکی زۆر نزیکی وشەی بەکارهێنراو لە ئاڤێستا بە

حیساب نەهێنین و قەناعەت بە وتەی لێکۆڵەرەکانی قەباڵە مێژووییەکان بکەین، دەتوانین بەپێی هەڵێنجرانی خاوەن ڕا و پسپۆڕان بەو ئاکامە بگەین کە:

**قۆناغی یەکەمی:** ئەدەبی هەورامی لە دەسپێکی هەزارەی یەکەمی زایینی و بە ڕەنگدانەوەی نێوئاخنی کۆمەڵایەتی، ئابووری و مێژوویی دەستی پێکردووە. ئەمە وەک یەکەم قۆناغ و لە ڕاستیدا هەتا ئەوکاتە پشکنینی نوێ و ڕای جیاواز نەگاتە ئەنجامی پێچەوانە بەقۆناغی یەکەم دەتوانین ناودێری بکەین.

**قۆناغی دووەم:** بە مەودایەکی زۆرەوە دەگاتە سەرەتای پەرە ئەستاندنی ئایینی ئیسلام لە ناوچەکە و دژکردەوە و هەڵوێستی تۆمارکراو، یان سینگ بە سینگ بەجێماو و گەیاندنی بەدەستی وەچەی هاوچەرخ بە بەرزکردنەوەی دەنگی باڵوولی ماهی وەک سەرقافڵە مەیدانداریی دەکات. هەڵبەت ئەم قۆناغە بە هێندێک جیاوازی و ڕۆشنگەری و تۆماری وردتری ڕووداوەکان وردەکاری پتر بە دەستەوە دەدات. ئەوە ڕێی تێدەچێ بە قۆناغی بەرزبوونەوەی توانایی تۆماری هەست و سۆزی پارێزگاری ژین، ژینگە، ئاڵوگۆڕە بنەڕەتییەکان بەتایبەت باوەڕی ئایینی و وێنەکێش کردنی بەسەرهاتەکان بە نەزمێکی نوێ و بەرفراوانتر. لە هەمان کاتدا نیشاندانی ڕەنج و پەرۆشیی مرۆڤی کورد و بەسەرهاتە تاڵەکانی لەم ناوچەیەدا. بە کورتی قۆناغی دووەم قۆناغی سەرهەڵدانی ڕەوشتی بەرپرسانە بۆ تێگەیاندنی ڕێکوپێکتری نەوەکانی دواتر لە ڕووداوەکان، هاندان و ڕێنوێنی لە پانتاییەکی بەرفراوانتر بۆ داهێنانی نوێ دەژمێردرێ.

**قۆناغی سێیەم:** بە ڕاسان و ورووژانی هەست و سۆزی دەستنیشان کراوی نیشتمانی. ئاماژەی ڕاستەوخۆ و هێدی هێدی ڕاپەڕین بۆ دامەزراندنی سیستەمی تایبەت بە باوەڕی خاوەن بەرنامە و پلان لە دەورەی بابە سەرهەنگی دەودانی سەدەی دووەمی کۆچی خۆی دەناسێنێ. لە سەدەی هەشتەمدا بە هاتنە مەیدانی سوڵتان ئیسحاق دەگاتە چڵەپۆپەی یەکەم دەزگای ئایینی کوردی بەرفراوان و داهێنان بە پشت بەستن بە بنەمای مێژوویی و ئەزموون وەرگرتوو. دەوڵەمەندیی وێژەی گۆران - هەورامی لێرەدا بنچینەی تۆماری ڕیشە دادەکوتێ و بەرهەمی باش بە گەنجینەی کورد دەبەخشێ.

**قۆناغی چوارەم:** دوای ئەم دەورانە بە هاتنە مەیدانی زانایانی نیشتمان خۆشەویست، بێسارانی، خانای قوبادی، مەولانا خالید نەقشبەندی، مەلا خدری ڕواری، سەیدی هەورامی، شێخی سەراجەدین - شێخ عوسمان نەقشبەندی (کۆچی١١٩٥)، شێخ محەممەد بەهائەدین، شێخ حیسامەدین، مەولەوی و...تاد.

لە درێژەی ئەم ڕەوتەدا سەرهەڵدانی وێژەی گۆران لەژێر کارتێکەری و تەوژمی تەسەوف و جەدەلی فەلسەفەی ئایینی کۆمەڵایەتی، شانبەشانی سەرهەڵدانی مەکتەبەکان دەکەوێتە بواری خوڵقاندنی بەرهەمی بەپێزی وێژەییەوە. لەگەڵ ئەوەدا بەرزی و نزمی دەخاتە نێوان ڕۆژەڤی بیری دیندارانی خاوەن فیکری کورد بەگشتی و ڕەکێش کردنی وزەی بیرمەندی کورد بۆ ئاقاری سۆفیگەری، مورید و مورشیدی ئایینی و...تاد لەم نێوانەدا دوو ئیمپراتۆری زاڵی ئایینی (عوسمانی و سەفەوی) لەسەر بیری باوەڕمەندان دەوری ڕێگری تەواویان بۆ پەرەسەندنی وێژەی ڕزگاریخوازانە (شۆڕشگێڕی) ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی کارتێکەریی فەرمانڕەوایانەی ئایینییەوە بەرچاوە.

هەرچەند بیری سۆفیگەریی پەرەسەندوو و سەرهەڵداوی سەدەکانی دووەم و سێیەمی، ئێستا ئیتر لە کوردستان بە تایبەت بەبوونی بلیمەتێکی وەک شێخ شەهابەدینی سۆرەوەردی (٦٣٢) کە خۆی کورد بووە و لەلایەکی دیکەشەوە دەوری بە توانایی کەسایەتییەکی وەکو مەولانا جەلالەدین، شانبەشانی شێخ سەفی (٧٣) و نفوزی مەعنەویی ئەمانە و کەسایەتییە بەناوبانگەکانی ئەم بوارە لە دوورونزیکەوە دەوری هەرە بەرچاویان لەم چاخە لە ژیانی کورد بۆ بەلاڕێدا بردنی بیری نەتەوەیی و غەرق و تێکەڵاویی شاعیر و زانا و بیرمەندانی سەردەم لە دەریای مەند و قووڵی فەلسەفە فیکرییەکەی هەر چەشنە بوارێک لە ئاوڕدانەوە بەلایەکەی دیکەدا دەخاتە پەراوێزەوە.

پانتایی توانەوە لەنێو بگرەوبەردەی ڕۆژانەی باسوخواسی سۆفیگەری و ملکەچ کردن بەرانبەر دەسەڵاتدارانی حاکم و شێخ و نوێنەرەکانیان کە پێوەندی نەپساویان لەگەڵ جەدەلەکان وێکڕای دوو دەستی چەسپان بە پاراستنی دەسەڵاتەکەیان، تێکۆشانە باوەڕمەندانەکەی مەولانا خالید نەقشبەندی هەر نەبێ بۆ جیاکردنەوەی ڕێچکەی ئایینی کوردان وەک تورک و فارس و عەرەب و هەوڵدانی بۆ بەرگی کوردی بەبەر

کردنی تووشی بێ ناکامی دەکەن.

* لە چەند زەمەنێکی مێژوویيدا، هەورامان ناوەندی دەسەڵات بووە و هەروەک دەزانین دەسەڵاتیش پاڵپشتێکی سەرەکییە بۆ گەشەی زمان و ئەدەب و فەرهەنگ، ئەو قۆناغە مێژووییانە کامانە بوون؟ چ کاریگەرییەکیان هەبووە؟ وەک دەبینین تەنانەت شاعیران و ئەدیبانی غەیرە هەورامی و ناوچەکانی تر شیعریان بەم زاراوەیە داناوە، بەڕای تۆ هۆکارەکەی چ بووە؟

– لە کوردستان هەتا سەرهەڵدانی نالی، سالم، مەحوی و گۆران و هێنانە مەیدانی کالای وێژەی سۆرانی ئەگەر تێکۆشانە وێژەییە، تاقانە ئێگجار مەزنەکەی خانی (دین و دەوڵەت)– تۆمارکراوەکەی لێ دەرچێ هەر لە سەرەتای مێژووی ئەدەبی کوردییەوە تەنێ وێژەی گۆران (هەورامی) مەیدانداری بە دەستەوە گرتنی قەڵەمی کوردی بووە.

ئەم ڕاستییە بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ پێشینەی مێژوویی ناوچەکە. هەبوونی دەسەڵاتدارانی مەزنی ئایینی زەردەشت لەم ناوچەیەدا وەک مۆبدی ناودار (پیر شالیار)ی زەردەشتی کە لەوە دەچێ نەوە دوای نەوە بەردەوامیی ئەرکی نوێنەرایەتی بەرزی ئەم ئایینە لە ئەستۆی کەسانێک بەم نێوە سپێردرابێ و هەتا سەرکەوتنی عەرەب هەر درێژەی هەبووە. دین و دەسەڵات زۆربەی کاتەکان یار و هاوتا و هاوبەسەرهات بوون. بە کورتی ئیرادەی کۆمەڵگا بە ئیرادەی هاوبەشی فەرمانڕەوایانی دینی و دنیایی (حاکمان) بەڕێوە چووە، هەورامانیش لەم ڕێوشوێنە بەدەر نەبووە. دەسەڵاتی بەهێزی دین لەم شوێنە ستراتیژیک و لەگیران نەهاتووە هەموو کاتێک یارویاوەر و پاڵپشتی دەسەڵاتداران و لە کێشەکاندا ڕۆڵی ڕێگاچارەی گێڕاوە. درێژەکێشانی دەسەڵاتی پشتاوپشتی بەگزادەکانی هەورامان هەتا سەروبەندی ساڵەکانی ١٣٢٤ی هەتاوی بەردەوامی ئاخاوتن بەم زمانە وەک زمانی دین لە قۆناغگەلێکدا کە بەداخەوە دەرەتانی توێژینەوەی تەواوی بۆ سەلماندنی یەکجارەکی نەڕەخساوە. هەرچەند لانی کەم جارێ بەپێی ئاسەواری بەنرخی جێماو لای یارسانەکان، ئەم بەشە دەرەتانی مشتومڕی نەهێشتۆتەوە. ئاسەوار و بەرهەمی ڕووگە بوونی هەورامان بۆ باوەڕمەندانی ئایینی، ڕەکێش کردنی سەرنجی باوەڕمەندان بۆ لای وێژەی مەڵبەندی دەسەڵاتی ئایینی، خۆ خەریک کردن بۆ فێربوونی زمانی پیرۆز و تۆماری بیروبۆچوونەکان بەم زمانەی لێکەوتۆتەوە. لە حاڵی حازردا ئەوەی توانرابێ لە فەوتان ڕزگاری بێ لە شارێکی وەک دزفوول لە پارێزگای (خوزستان) هەتا ئازەربایجانی ئەمڕۆ بەڵگەی نووسراو و بەرهەمی نرخداری لە بەردەست دان و هەتا دەچێ گەنجینەی زۆرتر بە کتێبخانەی سەرفراز و ڕزگار لە موسیبەتی فەوتان، دەوڵەمەندی زیاتری لێ وەدەر دەکەوێ.

لەسەریەک کاریگەریی دین و دەسەڵات لە شام و ئانادۆڵ و بەغداوە بگرە، هەتا هیندوستان و ئازەربایجان قەڵەمی مرۆی شەیدای ڕاستی و هەقیقەتی هێناوەتە خزمەت وشەی گۆرانی، لە درێژەی ئەم ڕەوتەدا ئایینی زەردەشت، ئایینی یارسان، شێخایەتی و شەیدایی کەسایەتییە بلیمەتەکانی عارف و سۆفی و موسڵمانانی شەیدای خاکی پیرۆز هەر کامە دەوری تایبەت بە خۆیان لەم پرۆسەیەدا گێڕاوە.

* پێت وانییە هەڵکەوتەی جوغرافیایی و سروشتی سەرکێش و بیرۆکەی نەریتی ڕابردوو لەباری خۆبژێوی و بێ منەتی بە بێگانە و تێکەڵ نەبوون بە کولتوورەکانی تر، چەند هۆکارێکی دواکەوتوویی فەرهەنگیی هەورامانە؟ ڕای بەڕێزت لەم بارەوە چییە؟

– هەورامان و هەورامی نە لە دەورانە دوورەکاندا کە پێوەندی مرۆیی هێندە ئاسان نەبوو و نە ئێستا حەز و ئارەزووی لەگەڵ خۆ حەشاردان و خۆشاردنەوە لە دنیای دەرەوەی خۆی نەبووە. ئەوەی کە لەنێو ئەم شاخە هەزار بەهەزارانەدا توانیویەتی دەوام بێنێ و لەگەڵیان ببێتە خزموکەس، بە هیچ پێوانەیەک دژەبەرایەتیی مەیلی ڕاکێشانی خەڵک لەوپەڕی دنیای دوورەوە بۆ زیارەتی دڵدارەکەی (هەورامانی ژینگە) وەک باس کرا لە هیندوستانەوە خەڵکی هێناوەتە ئەوێ و فێری وشەی گۆرانی کردووە نەبووە، خۆی بەڵگەی ئەم ڕاستییەیە.

وەک هێژا مەلا حەسەنی دزڵی (مەردوخی) فەرموویەتی ڕاستە کە هەورامانی:

**"کاڵە و کلاشی کاری هەورامان**
**نا دا بە قۆنرەی چەرمی سەکینە"**

بەڵام لە هەمان کاتدا هونەری تاکی هەورامی لەوە دایە لە بەرەبەری دەسپێکی مێژوودا و ئەو کاتانەی مرۆ فامی کردووە توانیویەتی پێوەندیی بازرگانی، کۆمەڵایەتی، زمانی، ئایینی و ... تاد لەگەڵ دوورونزیکی خۆی بە

ڕەچاوکردنی پاراستنی تایبەتمەندییە ڕەگەزییەکانی خۆی دابمەزرێنێ و ئەوە یەک لە خاڵە بەهێزەکانی ڕەمزی مانەوە و درێژەی ژیانیەتی. ئەمڕۆ هەر هونەرمەندێکی کورد کە سەودای ناو و دەنگ و ڕاکێشانی سەرنجی جەماوەر و خولقاندنی بەرهەمێکی بەپێز بێت، سەرەتا ڕوو لە هەورامان دەکا و لە خەزێنەی دەوڵەمەند و پڕ لە دوڕی هونەر بە تۆماری گۆرانییەکی هەورامی، یان تازەکردنەوەی یەک لە ئاهەنگە هەورامییەکان بۆ خۆی سەروگەردنێکی بەرز دەنوێنێ. ساڵانی دوایی نە تەنیا لە کوردستان، بەڵکو لە سەرانسەری ئێران زۆر ڕۆژنامەوان، فیلمساز، کەسانی هەڵوەدای فەرهەنگ و کولتووری پارێزراوی بێ خەوشی ڕەسەنی میللی ڕێگایان بەرەو هەورامان گرتووە، هەتا بتوانن ببن بە خاوەنی دەسکەوتێکی کەسایەتی سازی پڕ بەرهەم چ مادی و چ مەعنەوی هەورامان.

***** چ بکرێ هەتا ڕەوت و شەپۆلە نوێیەکانی ئەدەب وێڕای پاراستنی ڕەسەنایەتی، لە هەورامان سەقامگیر بکرێن و ئەم شێوە زارەش ببێتە کۆڵەکەیەکی گرنگ و زیندوو بۆ ئەدەبی نووسراو و دەوڵەمەندبوونی زمانی یەکگرتوو و نەتەوەیی کوردی؟

– خۆ دوورخستنەوەی کاربەدەست، دەسەڵاتدار، ئەدیب، زانا و کەسایەتیی کورد بەگشتی لە ناوچەیی بیرکردنەوە و دەسەڵات تەوەری، هەوڵدان بۆ جێگیرکردنی بیر و کرداری کوردستانی، نەک لە چوارچێوەیەکی داخراو، بەڵکو بە پانتایی کوردستان و قازانجی سەرجەمی وڵاتی کوردان دەتوانێ دەوڵەمەندیمان دەوڵەمەندتر و سەربەرزیمان تاسەر و هێزی خۆڕاگریمان بەهێزتر بکا.

ئەگەر تاکی نیشتەجێی فڵانەشار بە پاساوی ئەوەی کە پێشینەی دوورودرێژی لە فیسارە بواردا هەبووە، ئەوە دەبێ خەڵکی شارەکانی دیکەی کوردستان ملکەچی ئیرادەی ئەو و ناچاری پەسەندکردنی هەموو خواستێکی هەڵقوڵاو لە بازنەی بیری ناوچەکەی ئەودا بن، پشت لە ڕابردووی بەنرخی خۆیان بکەن، ئەوە نە مەیسەر دەبێ و نە قازانجی کورد و کوردستانی تێدایە.

تێفکرین و کردەوەی ئەوتۆ نە قازانجی تاک لە درێژخایەندا دەستەبەر دەکا و نە دەبێتە دەسمایەی بەهێزکردنی دەسەڵاتی هیچ بەشێک لە وڵاتی کوردان. میراتی کورد لە هەر گۆشەیەکی ئەم نیشتمانەدا بە سامان و ماڵی هەموو تاکێکی خۆبەکوردزان دەژمێردرێ. ئەرکی هەمووانە بۆ پاراستنی خاڵ بە خاڵ، پیت بە پیت و وشە بە وشەی زمان لە هەر گۆشەیەک و بست بە بستی شاخ و بەرد و هەردی ئەم نیشتمانە زوڵم لێکراوە تێ بکۆشین. هەرکام لەم پێکهاتانە، زمانی نەتەوەیی تاک بە تاکی خەڵکی ئەم وڵاتەیە کە نیشتمانی کوردانە. بۆ پارێزگاری کردنی ئەوەی کە وترا ڕێگە چارەی گونجاو هەیە، مەرجە بە دڵێکی پڕ لە سۆزی نیشتمانی و بەرپرسانە و ئیرادەیەکی پتەو بۆ کەڵک وەرگرتن لە هەر سەروەت و سامانێک کە هەمانە، بتوانین لە دەورەی یەک بە دامەزرانی کۆڕ و ئەنجومەن و دەستنیشان کردنی پسپۆڕانی هەر بوارێک بە لەبەرچاوگرتنی قازانجی وڵات و خۆگرێ نەدان بە بیری خۆ فەرزکردن لە هەموو دەرفەت و پێکهاتەکان کەڵک وەرگرین. زاراوەی هەورامی زەرفیەتێکی باشی بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەدەبی کوردی تێدا حەشار دراوە. کەڵک وەرنەگرتن لەم گەنجینەیە، ئەگەر دوژمنایەتی زمانی کوردی نەبێ، بە هیچ لەونێ پاساو نادرێتەوە. لە دنیای پێشکەوتوودا پارە و هێزێکی بەرچاو بۆ پاراستنی ئاخاوتنی تایبەتی خەڵکی تاقە گوندێک بە پەرۆشەوە تەرخان دەکرێ. گونجاو نییە لە کوردستان بۆ پارێزگاری و ئاوڕدانەوە لە سامانی هاوبەش، ئەو هەموو لاسارییە بەرانبەر بنچینەی زمانی ڕەسەنی کوردی و بێ مەیلی هەتا ڕادەی لە هەمبەر وەستانی ئاشکرای ببێتە بەرنامەی دەسەڵاتێک کە هەر تاکێکی هەورامان وێڕای هاوخەباتی بۆ وەدیهاتنی ئەو دەسەڵاتە خۆماڵییە، لەئاکامدا خەونی ڕۆژگارانی دوورودرێژی ببێتە تەوەرزێنی بڕین و سڕینەوەی یەکجارەکی ڕیشە پارێزراوەکەی لێ بێتە دی.

کاتێک ئاسۆی بەرەوڕوو هەنگاوی جێگیرکردنی ئەوی دی، واتە سڕینەوەی ئەوەی هەتا ئێرە بە زووخ و چەرمەسەری پارێزراوە، ببێتە پێوەر و بە یاسا پشتی بگیرێ، بەکامە ئومێد کۆڵەکەی نوێ دەتوانێ ببێتە بناغە و ئەستووندەک بۆ پتەوکردنی هێزی لەسەرپێ وەستانی قایمترمان؟!

لەنێوان ساڵانی (١٩٩٣– ٢٠٠٣) وەک ئامادەکار و پێشکەشکاری بەرنامەی هەفتانەی (گوڵزاری ئەدەب و هونەر) لە کەناڵی کۆیەی گەلی کوردستاندا، چەندین چاوپێکەوتن و دیدارم لەگەڵ شاعیر و ئەدیب و هونەرمەندانی کورد ئەنجام دا و ئیمڕۆ ئەرشیڤێکی دەوڵەمەندم لە گەنجینەی ئەدەبی کوردیدا پاشەکەوت کردووە، کە خۆی لەتۆمارکردنی پتر لە (١٠٠) چاوپێکەوتنی هەمەڕەنگدا دەبینێتەوە، بەداخەوە هەندێک لەو زاتە بەهرەمەند و کەسایەتییانە ئەمڕۆ لە ژیاندا نەماون. شێخ حەسیب قەرەداغی یەکێک بوو لەو شاعیرانەی کە لە ساڵی (١٩٩٦)دا لە میانی گەشتێکی بەرنامەکەمدا بۆ شاری سلێمانی لە دیدارێکدا بەسەرم کردەوە. ئێستاش وەک ئەمەک و وەفادارییەک بۆ ئەو قەڵەمە نەمرە و لە سۆنگەی خۆشەویستیمانەوە بۆ شاعیر، وەک ئەمانەتێکی مێژوویی وا دەقی ئەو چاوپێکەوتنە دەخەینەوە بەر دیدی ئێوەی خۆشەویست.



## حەسیب قەرەداغی:

## سەرچاوەی ئێمە لە ئەدەب و شیعری کوردیدا شاعیرە کلاسیکییەکان بوون. کاتێک شیعری ئەوروپی و دراوسێکانیشمان دەخوێنمەوە، هەست دەکەم ئەوەندە لەپێش ئێمەوە نین.

**ئا: ئارام ساڵح**
**(کۆیە)**

* حەز دەکەین لەسەر زاری خۆتانەوە کورتەیەک لە ژیانی خۆتان ببیستین؟

– من ناوم حەسیب عەزیز عەبدولڕەحمانە، نازناوم حەسیب قەرەداغییە، لە بنەماڵەی شێخە مەردۆخییەکانی قەرەداغم، لە دێی سۆڵەی شێخ قادر قەمچی ڕەش لە دایک بووم. هەر لە منداڵییەوە لەناو شێخ و عەشق و سۆز و تەسەوفدا گەورە بووم، لای باوکی خۆم کە مەلا بوو، زۆربەی کتێبە بچکۆلەکان، ئەوانەی لە کاتی خۆی ئەوسا بە قوتابییانی دەوت خوێندوومە، دوای ئەوە چوومە بەر قوتابخانە و پێنج و شەشی سەرەتاییم لە قەرەداغ تەواو کرد، دوایی چوومە خانەی مامۆستایانی ڕیفی، لە مانگرتنێکدا خانەی مامۆستایانی محاویلیان داخست، دوایی لە ناوەندیی وەریانگرتمەوە و لە شاری سلێمانی ناوەندیم تەواوکرد. دواتر چوومە پۆلی چوارەوە و بەهۆی بارودۆخی سیاسیی ئەو ڕۆژەوە دووجار تووشی گرتن و سزابووم، ناچار بۆ دوایین جار وازم لە خوێندن هێنا. هەروەکو وتم من هەر لە منداڵییەوە لەناو شێخ و عەشق و سۆزدا گەورە بووم، باوکی خۆم دیوانی زۆر لە شاعیرەکانی لەبەر بوو، بە تایبەتی شیعری شاعیرە کلاسیکییەکانی فارس وەک حافز و سەعدی و شەمسی تەبریزی و کەلیم، کە شیعری ئەمانەی زۆر لەبەر بوو. لە دێکەماندا پیاوێکی دەنگ خۆش و ڕووخۆش و دڵ تەڕ هەبوو، پیاوێکی زۆر هونەرمەند و گەورە بوو خەلیفەی شێخی دێکەمان بوو، ناوی خەلیفە محەمەد غەریب بوو، ئەو پیاوە لەبەر ئەوەی من بە شیری ژنی ئەو گەورە ببووم، واتە لەگەڵ منداڵەکانی ئەودا شیرم خواردبوو، ئیتر وەک باوکی دووەم وابوو بۆ من، لەبەر ئەوەش کە دڵ تەڕ بوو، هەمیشە هەر خەریکی دەف ژەندن و شیعر خوێندنەوە بوو، لەوانە شیعری تایەربەگ و کوردی و میسباحول دیوان، ئەمانەی هەموو بەدەف لێ دەدا، ئیتر هەر لەو ڕۆژەوە عاشقی شیعر و دەنگ و ئاواز بووم.

* سەرەتای نووسینتان بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟

– بۆ یەکەمین جار یەکەم شیعرم لە ڕۆژنامەی ژیندا بڵاوکرایەوە، کە ئەوکاتە گۆرانی نەمر سەرنووسەری بوو.

* ئەی کێ هاندەرت بوو بۆ هاتنە ناو دنیای ئەدەب و نووسینەوە؟

– دوای ئەوەی ڕێی خوێندنم لێ گیرا، ئیتر خووم دایە خوێندنەوەی دیوانی شاعیرەکان، ئەو کاتەش گۆڤاری گەلاوێژ و ڕۆژنامەی ژین هەبوون کە بایەخیان بە شیعری ڕەسەنی کوردی و ئەدەبی کوردی دەدا، منیش زۆربەی خوێندنەوەکەم لەو ڕۆڵەدا دەسووڕایەوە، هەروەها هەندێک ڕۆمان و کتێبی عەرەبیش. ئەو کاتە بزووتنەوەی ئەدەبی بە تەواوی نەک هەر لە کوردستان و لە عیراقیشدا ئەوەندە پەرەی نەسەندبوو، کە کتێب و دیوانی شاعیرەکان بە زۆری بڵاوبێتەوە، لەبەر ئەوە من هەر لەو بازنەیەدا دەسووڕامەوە، لەگەڵ هەندێک دیوانی کەل و کلۆمی خراپ چاپکراوی شاعیرانی وەکو کوردی و نالی و مەحوی و ئەمانە، کە خۆت دەزانیت ئەو چاپە کۆنانە هەمووی خراپ بوون، تا پیاو دێرێکی بۆ ساغ دەکرایەوە، دێرێکی دیکەی لەبیر دەچووەوە، ڕێنووسی ئەوکاتە جیاواز بوو، کە ئەو کتێبانەی پێ چاپ کرابوو.

* دیارە بەڕێزیشت وەک شاعیرانی سەردەمی خۆت بە کلاسیک دەستت پێ کردووە، ئایا هیچ یەکێک لەو بەرهەمە سەرەتاییانەی خۆتت بەبیر دێتەوە؟

– بێ گومان وەک ڕوونم کردەوە سەرچاوەی ئێمە لە ئەدەب و شیعری کوردیدا شاعیرە کلاسیکیەکانمان بوو، کوردی و تایەربەگ و جارجار دیوانی قانیع دەردەچوو، ئەمانبینین، هەروەها گۆڤاری گەلاوێژ، ئەو شیعرانەی کە بڵاوی دەکردنەوە لەو کاتەدا هەمووی شیعری کلاسیکی بوون، واتە لە دەوری جوانیی ئافرەت و وشەبازی و سروشت و جوانکاری دەڕۆیشت. جارجار شیعری واقیعی ئەو ڕۆژەمان دەخوێندەوە، کە پێی نابووە سەر ڕێگای شیعری سیاسییەوە، لەوانە شیعرەکانی بێکەسی نەمر و جارجار شیعرەکانی قانیع، کە بوو بە شاعیری جووتیاران و هەژارانی کورد، ئەو شیعرانەمان دەخوێندەوە. بێ گومان من هەر لەو بابەتەوە دەستم پێ کرد، لەبیرمە یەکەم شیعرم کە ئەدەب دۆستێک وتی باشە، دەڵێت:

**دڵ غەنیم و بێ نەوا خۆم دەردەکەم زۆر کارییە**
**دەردەکەم دەردی بەسۆزی دڵ بڕی دڵدارییە**
**تەن ئەوا جواناو ئەڕێژێ، دەم ئەوا زووخاوی دڵ**
**ئەشکی خوێنینت لە چاوم وا بە جارێ جارییە**

ئەو چامەیە یەکەم هۆنراوە بوو کە باشەیان بۆ کرد و وتیان لە شیعر دەچێت.

* تا چ ئەندازەیەک ڕۆڵت لە نوێکردنەوەی شیعردا، بە تایبەتی لەسەردەمی مامۆستا گۆراندا هەبوو؟

– ئەم پرسیارە لە ئاستی مندا نییە، چونکە بەڕاستی تا گۆڕانی نەمر خۆیشی مابوو دوای بڕینی ئەم قۆناغەی ژیانیش ئێمە کەوتینە ناو گێژاوی سیاسەتەوە، شیعری من بوو بە دروشم، دروشمی چینی کرێکار و قسەوتن بە زۆرداران و بە ئاغا و بە بەگ و بە ئیمپریالیزم و نۆکەرەکانی، ئەوکاتە ئیتر شیعر هەر ئەوانەبوو، ئەو شیعرانە لە ڕاستیدا هیچ ڕۆڵێکیان لە نوێکردنەوەدا نەبوو، ئێمە هەر چاومان لە گۆڕانی مەزن بوو، هەرچەند شیعرێکی ئەومان دەخوێندەوە دەحەپەساین، ئەو بەهرەوەرە، ئەو بلیمەتە، ئەو شتانەی لە کوێ دەهێنا!! لەبەر ئەوە من لەو ئاستەدا نەبووم کە ئەوکاتە ڕۆڵم لە نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا هەبێت، ئەڵبەت ئەمە بە هەموو تەوازوعێکەوە دەڵێم. دوای ئەوە وردە وردە ئاسۆی بیروبۆچوون و هۆشیاریمان زیادی کرد، ئێمەش هەنگاوێکمان لەو ڕێگەیە نا، کە گۆڕانی مەزن و شێخ نووری و ئەو ڕابەرانەی ڕچەکەیان شکاندبوو.

* بەڕای ئێوە مامەڵەکردنی شاعیری نوێخواز لەگەڵ کەلەپووری نەتەوەیی دەبێت چۆن بێت؟

– شاعیری نوێخواز بە مانای ئەوەی بیروباوەڕی نوێ بێت، یان شیعری نوێ بێت، بەڕای من دوو شتی جیاوازن. ئەگەر خۆی وەک بیروباوەڕی نوێخواز بێت، دەبێت لەگەڵ کەلەپووری گەلەکەیدا مامەڵەیەکی ڕۆشنبیرانە لەسەر بنچینەیەکی ڕەخنەسازی هەڵبژاردنی شتە چاکەکانی و بەستنەوەی بە ڕۆڵی پێشکەوتنی ئەمڕۆوە بکات و لەو بوارەوە دەست پێ بکات، ئەگەر مەبەستت ئەوە بێت، شیعری نوێخواز بێ، ئەمەیان مەسەلەیەکی ترە، ئەگەر ئەو شاعیرەش خوازیاری شیعری نوێ بێت، بەڕێگە و ڕێبازی شیعری نوێدا شیعر بڵێت، دەبێت ئەگەر هەستی نەتەوایەتی و کەلەپووری نەتەوایەتی و مێژووی میللەت و نەریت و ژیان و دەرد و ئازاری گەلەکەی لەبیرچوو، ئەوسا ئەو شاعیرە کە کورد بێت، نوێخواز بێت و نانوێخواز بێت، دەبێت بە کوردی شیعر بڵێت، کە بە کوردی شیعری وت، واتە زمانی کوردی و دەربڕینی کوردی و ڕستە و ئیدیۆمی کوردی و پەندی پێشینانی کوردی، ئەوسا ناتوانێت خۆی لە واقیعی کوردەواری دووربخاتەوە، خۆ ناتوانێت بفڕێت بۆ ئاسمان و گەلەکەی لە ئازاردا بەجێ بێڵێت. هەر دەبێت خۆی بە جۆرێک، هەر جۆرێک بێت بە کەلەپووری نەتەوایەتییەوە ببەستێت، بە ڕێگەی پێشکەوتنخوازیدا بە ئامانج و مەبەستی بەرەو پێشەوە بردن و هەڵبژاردنی شتی چاک لێیەوە، هەروەها پەند وەگرتن لە شتە خراپەکەی.

* تا چ ڕادەیەک شارەزایی و ئاشنایەتیت لەگەڵ شیعری تەسەوفدا هەیە؟

– بەڕاستی وەک وتم پێشتر من لەناو مەڵبەندی سۆفیەتی و دەروێشیدا گەورە بووم، هەتاوەکو تەمەنی بیست و دوو ساڵی و بیست و سێ ساڵی هەر لەناویان بووم و هەر لەگەڵیان بووم، دەروێشم دەدی، حاڵم دەدی، سۆزم دەدی، ئەشقم دەدی، هۆڕەم دەدی، هەموو ئەوانەم لە دانیشتنەکاندا دەدی. بێ گومان ڕۆشنبیرییە ئایینیەکەشم. شیعری من بەشی ئەوەشی تێدایە، بۆ نموونە من کە وردە وردە شیعرم وتووە، لە پێشەوە بە سادەیی وتوومە، وەکو دەروێش، بەڵام دوایی کە بیرم لێ کردەوە سۆفییەت، موفرەداتی سۆفییەت، داهێنانی سۆفییەت بوارت بۆ دروست دەکات بۆ هەڵبژاردنی ڕستەی شیعری، بە تایبەتی ڕەمزی بۆ ئەوەی خۆت لە ڕاستەوخۆیی بەدوور بگریت، لەوەی ئەدەبەکەت ئەدەبێکی شەعبی بێت، واتە باگراوەندێکی ڕووناکبیری و فیکری لە قەسیدەکانتدا دروست بکەیت، واتە وشەی سۆفییەت بوارێکی باشت دەداتێ بۆ ڕەخساندنی بیناکردنی چامە و شیعرەکانت، بۆ نموونە من لەو موتەسەوفانەی کە پێی سەرسامم و خۆشم دەوێت و بە پێشەوای ڕوحی خۆمی دەزانم حەلاجی شەهیدە، کە لە زۆر لە شیعرەکانمدا دەنگ و ڕەنگی هەیە، بۆ نموونە شیعرێکی کۆنم هەیە کە تێیدا دەڵێم:

**خۆشم ئەوێی دەتخۆمەوە وەکو پێکی خومارشکێن**
**هەتا دەبمە ئاوێنەیەک دنیا هەر تۆم تیا دەبینێ**
**دەتخۆمەوە تا دوایین بێن**
**ئەوساکە من دەبم بە تۆ، تۆش وەکو من ئاڵای گوڵم**
**ئەو مەنسوورەم تەنها بۆ خوا دەکرێتەوە ناخی دڵم**

* ئاستی ئەمڕۆی شیعری کوردی چۆن دەبینیت؟

– بەپێی ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانەی کە لە دەرەوە بۆمان دێن و شیعری دراوسێکانمان و شیعری ئەورووپی و بێگانە، کاتێک دەخوێنمەوە هەست دەکەم ئێمە لە دواوە نین، کە من شیعرێکی وەرگێڕدراوی فەرەنسی، ئینگلیزی، فارسی، تورکی دەخوێنمەوە واتە وەکو شیعر

و وەکو ئەدەب، وەکو ڕوح و گیان ئەوەندە لەپێش ئێمەوە نین، ئێـــــمـــەش ئەوەندە لەدواوە نین، بەلام ئەوەیە جیهانەکەی ئەوان جیهانێکی ترە و بۆچوونی ئەوان لە شیعردا مەبەستێکی ترە. ئێمە لە مەسەلەی سۆز و ڕوح و مەسەلەی ئەو ئازار و ئەشکەنجەی کە دەیبینین لە دنیای ژیانمان و لە دنیای سیاسەتمان و لەو دنیایەی کە ئێمەی خستۆتە ناو چوارچێوەیەکەوە کە چواردەورەمان هەندێک دراوسێی نالەبارن، جیاوازین.

* لە شاعیرە دیارەکانی ئەمڕۆی سەر گۆرەپانی شیعری کوردی کامیانت بەدڵە و پتر بەرهەمەکانی دەخوێنیتەوە؟

– لە ڕاستیدا من ئەوەندە گوێ نادەمە شاعیر ئەوەندەی گوێ دەدەمە شیعر، کە شیعرێکی جوان دەخوێنمەوە هی ئەحمەد بێت، هی مەحموود بێت، ئەو شیعرەم لاپەسندە، ئیتر ئەمە ناکەم بە بەڵگە و شاهید و دەهۆڵ بۆ ئەحمەد و مەحموود لێ بدەم، بەڵکو دەڵێم فلانە شیعر و چامە فلان کۆپلە شیعر یەکجار جوان و ڕەنگین بوو، یەکجار بەسۆز بوو، بۆ نموونە لەم چەند ڕۆژەدا کوڕێکی گەنجی تازە پێگەیشتوو کە لە دنیای شیعردا هێشتا ناوی دەرنەکەوتبوو چامەیەکی خۆی بۆ خوێندمەوە کە سۆزێکی خۆیەتی، حەزی لە کچێک کردووە، دوایی کچەکە چۆتە ئەوروپا و ئەمی لەبیرچووە، بەڕاستی شیعرێکی بۆ وتووە من ئاواتم دەخواست ئەو توانایەم هەبێت، ئەوەندەی وێنەی جوان جوانی تێدایە، بۆ نموونە دەپرسێت و دەڵێت:

پرسیم لە کوێی... یەکێ پێی وتم دوێنێ شەو لە باڕێکا بووم یەکێ ئەولای گرتبوو، چاوکاڵێ ئەولای گرتبوو، دوای هەموو شتێک وەک چەرچەفێکی سپی دایان بەسەر قەرەوێڵەیەکا و یەکە یەکە ئەچوون لەسەری ئەنووستن. ئەم وێنە شیعریەم ئەوەندە بەلاوە جوان بوو، حەزم دەکرد خۆم بمنووسیایە، هەرچەندە خاوەنەکەی شاعیرێکی ناسراویش نەبوو.

* ئەم وشانە بە کورتی لای تۆ چی دەگەیەنن؟

* بێ لایەنی؟

– بێ لایەنیی بەلای منەوە ئەوەیە لە حزبێکدا نەبیت.

* مەحوی؟

– ئەو ئازارەیە کە ئینسانی خاوەن هەست هەتا دەمرێت هەر دەکولێتەوە.

* سۆشیال دیموکرات؟

– ڕێگرتنە لە سۆسیالیستی زانستی.

* نالی؟

– خەونێکی زۆر قووڵە.

* کۆیە؟

– ئازادی، بەختەوەری، حاجی قادر، مەلای گەورە، باواجی، لەگەڵ هەموو شوێنە جوانەکانی تر، لەگەڵ مامە سێوە و تایەر تۆفیق.

* خۆ بە گەورە زانین؟

– شتێکی بێ کەڵکە.

* پەرلەمانی کوردستان؟

– خۆزگە ڕێگەیان دەدا ئاواتی گەلەکەیان دەهێنایە دی.

# ''خەڵاتی نۆبێل'' بۆ توماس ترانسترۆمەر
# ''چونکە ئەو لە وێنەی چڕ و ڕۆشندا واقیعێکی نوێمان دەداتێ''

ڕیپۆرتاژ: ڕزگار شێخانی
(ستۆکهۆڵم)

ڕێک سەعات یەکی دوای نیوەڕۆی یەکەم پێنج شەممەی تشرینی یەکەمی هەموو ساڵێک، ئەکادیمیای سویدی ناوی براوەی ''خەڵاتی نۆبێل'' ڕادەگەیەنێت. پێنج شەممەی ٦ی تشرینی یەکەمی ئەم ساڵ، لە ستۆکهۆڵم کەوەڕۆژێکی خۆشی پاییز بوو. دارودرەخت تازە ڕەنگیان گرتبوو و ئیتر لەوە دڵنیا بووین، کە وا بەرەو زستانێکی سەخت بەرێوەین.

لەناو ئەکادیمیا و لەبەر دەرگەی ژووری کۆبوونەوەکانی ئەندامانی ئەکادیمیادا، بەشی کولتووری، میدیای جیهان بە پەرۆشەوە چاوەڕوان بوون ''پێتەر ئینگلوند''ی سکرتێری هەمیشەیی ئەکادیمیا لە ژوورەکە بێتە دەرەوە و ناوی براوەی ''خەڵاتی نۆبێل'' بۆ ڕۆژنامەوانان ڕابگەیەنێت. نزیکەی دوو خولەک پێش سەعات یەک، زوومی هەموو کامێراکان بێ جووڵە کەوتنە سەر دەرگەکە. کە سەعات بوو بە یەکی تەواو، سکرتێری ئەکادیمیا هاتە دەرەوە و ڕوو لە ڕۆژنامەوانان گوتی:

بەخێر بێن بۆ ئەکادیمیای سویدی. تازە لە کۆبوونەوەکەمان تەواو بووین و تێیدا بڕیارمان دا ''خەڵاتی نۆبێل'' لە ئەدەبدا بۆ ساڵی ٢٠١١ دەبەخشینە توماس ترانسترۆمەر، ''چونکە ئەو لە وێنەی چڕو ڕۆشندا واقیعێکی نوێمان دەداتێ''

هەر بە بیستنی ناوی ''توماس ترانسترۆمەر'' یەکسەر ڕۆژنامەوانەکان چەند ساتێک بە چەپڵەڕێزانێکی زۆر گەرمەوە، ڕاز و دڵخۆشیی خۆیانیان دەربڕی. من تا ئێستا نەمبینیوە، ڕۆژنامەوانان بەم خۆشییە زۆرەوە پێشوازی لە ڕاگەیاندنی براوەی ''خەڵاتی نۆبێل'' بکەن.

### توماس ترانسترۆمەر کێیە؟

توماس لە ١٥ی نیسانی ساڵی ١٩٣١ لە ستۆکهۆڵم لە دایک بووە. باوکی ڕۆژنامەوان و دایکی مامۆستا بووە. ئەو ژن و مێردە زوو لە یەکدی جودابوونەوە. لە پشووی هاوینان دەچوونە دوورگەی ''ڕوونەرئۆ'' و لەوێ دەیانگوزەراند. دوورگەیەک کە بەدەورییەوە ئاسۆی زەریا تێکەڵی ئاسمان دەبوو. بوون لەناو دوورگەیەکی وادا، کە لەناو شینیی زەریا و ئاسماندایە، لە چەند شیعرێکدا ڕوون دیارە، کە ئاماژە بە ژیان لەم دوورگەیە دەکەن.

لە تەمەنی ٢٥ ساڵیدا خوێندنی دەروونناسی تەواو کرد و ماوەیەک وەک دەروونناسی زیندان کاری کردووە. هاوکات ئارەزوویەکی زۆری بۆ مۆسیقا هەیە و پیانۆژەنێکی زۆر بەتوانایە. بەجۆرێک کە مۆسیقا بەشێکی زۆری ژیانی ئەوی داگیرکردووە. لە گفتوگۆکانیدا هەمیشە باسی مۆسیقا دەکات، بەجۆرێک



**توماس ترانسترۆمەر**

ئەو نە مۆسیقا لە شیعر و نە شیعریش لە مۆسیقا جوداناکاتەوە. ساڵی ١٩٥٨ لەگەڵ "مۆنیکا بلاد" دەبن بە ژن و مێرد. دوای سێ ساڵ کچێکیان بوو و ناویان لێ نا "ئێمە".

ساڵی ١٩٦٦ خەڵاتی "بێلمان"ی پێ دەبەخشرێت و ئیتر یەک لە دوای یەک نزیکەی هەموو خەڵاتە ئەدەبییەکانی سوێد و سکاندێناڤیای وەرگرتووە.

ساڵی ١٩٨٣ ئەندامی ئەکادیمیای سوێدی و پرۆفیسۆر لە زانستی ئەدەب "شێل ئێسپمارک" یەکەم لێکۆڵینەوەی زانستی لەبارەی شیعرەکانی "توماس"ەوە دەنووسێت.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٠دا لای چەپی مێشکی سەکتە لێی دەدات و دەست و پێی ڕاستی لە کار دەکەون و زمانی لە گۆ دەکەوێت. ناتوانێت بڕوات و بە عەرەبانە هاتوچۆی پێ دەکەن و تەنیا دەتوانێت چەند وشەیەک بڵێت. لەو کاتەوە مۆنیکای ژنی، فێری ئەوە بووە چاو، ڕوخسار و خەیاڵی توماس بخوێنێتەوە و بیانکات بە دەنگ. واتە سەیری توماس دەکات و لەبری ئەو قسە دەکات و ئەویش سەر دەلەقێنێت.

لە مانگی نیسانی ئەم ساڵدا، حکوومەتی سوێد ڕێزی لە توماس گرت و "پرۆفیسۆری ڕێزلێنان"ی بە توماس بەخشی بۆ: "نووسەرایەتییەکی بێ هاوتا، کە زمانی سوێدی و ئەدەبی جیهانی دەوڵەمەند کردووە". مێژووی ئەم ڕێزلێنانە بۆ سەدەی هەژدە دەگەڕێتەوە.

ئێستا توماس لەناو شوقەیەکی بچووکی گەڕەکی "سۆدێرمالم" لە ستۆکهۆڵم، دەژی.

## هەموو نووسینەکانی بە یەک شەو دەخوێنرێنەوە

توماس ڕێک ٥٧ ساڵ لەمەوبەر و لە تەمەنی ٢٣ ساڵیدا یەکەم دیوانی بەناوی "١٧ شیعر"ەوە بڵاو کردەوە. لەو دەمەوە تا ئەمڕۆ نزیکەی بیست دیوانی زۆر بچووکی بڵاو کردووەتەوە، کە هەر هەموویان بەیەکەوە یەک دیوانی ئاسایی دەبێت.

لە مێژووی "خەڵاتی نۆبێل"دا لە ساڵی ١٩٠١ ـەوە، توماس یەکەم نووسەرە، کە یەک جار زۆر کەمی نووسیوە و "خەڵاتی نۆبێل"یشی پێ بەخشراوە. ڕەنگە لە مێژووی ئەدەبی جیهانیشدا هاوتای نەبێت. وەک سکرتێری ئەکادیمیا "پێتەر ئێنگلوند" گوتی: هەموو بەرهەمەکانی ئەو بە یەک شەو دەخوێنرێنەوە. ئەمە ڕاستە. کۆشیعری ئەو کە لەم ساڵانەی دواییدا چەند جارێک چاپکرایەوە، هەر بەقەد نیوەی بەرگێکی "دیوانی شێرکۆ بێکەس" دەبێت. نزیکەی ٤٠٠ لاپەڕەیە. واتە لە ماوەی نزیکەی ٦٠ ساڵ نووسیندا، هەر ئەوەندەی بڵاوکردووەتەوە.

## چۆن لە شیعرەکانی توماس بگەین؟

لارس گوستاڤسۆنی نووسەر، پرۆفیسۆر لە فەلسەفە و هاوڕێی دێرینی توماس، لەو گوتارەی کە بەبۆنەی هەشتا ساڵەی لەدایکبوونی توماس"ـەوە نووسیویەتی، دەڵێ: "سەرەتای ساڵانی شەست، من و مادێلێن ڕاهاتبووین لە پشووی هەفتە سەردانی توماس و مۆنیکا بکەین، کە ئەو دەم ئەو دەروونناسی گرتووخانە بوو. نزیکەی هەمیشە باسی دوو شتمان دەکرد شیعر و مۆسیقا. شیعرەکانی خۆمانمان بەراورد دەکرد و یەکدیمان ئاگادار دەکردەوە کە زۆر لە شاعیرە گەورەکان: ئێکێلۆف و لوندگرێن بچین. بێ گومان نا، نەک لەبەر ئەوەی چونکە ئێمە ئەوانمان بە کەم دەزانی، بەپێچەوانەوە: سێبەری ئەوان هێندە درێژ بوون، کە ئێمە دەترساین بکەوینە بەربییەوە، کە

نەبینرێین".
تۆماس بە دیوانی "٢٧ شیعر" کە ساڵی ١٩٥٤ بڵاوی کردبووەوە، شێوازێکی تری شیعرنووسینی داهێنابوو. هێچ لە ئێکێلۆف و شاعیرە گەورەکانی پێشوو نەدەچوو. ڕەنگە ئەم شێوازە تایبەتییەکەی ئەو بێت، کە وای کردبێت، چەندان نووسەری گەورە و پرۆفیسۆری زانست لە ئەدەبدا، بەشێک لە تەمەنیان بۆ لێکۆڵینەوە لەبارەی شیعرەکانی ئەووەوە تەرخان کردبێت.

ئەندامی ئەکادیمیای سوێدی، پرۆفیسۆر لە زانستی ئەدەب "شێل ئێسپمارک" ساڵی ١٩٨٣ یەکەم لێکۆڵینەوەی زانستی لە کتێبێکدا بە ناوی Resans formlerـەوە بڵاوکردەوە. شێل توانی بەم کتێبە باشەی وزەیەکی نوێ بداتە خوێندنەوەی تۆماس. لەو کاتەوە دەیان لێکۆڵینەوە و کتێبی زانستی لەبارەی شیعرەکانییەوە نووسراون.

نووسەر و ئەدەبناس "ستێفان بێرگستێن" کە ئەدەبناسە و دکتۆرانامەکەی لەسەر ت. س. ئێلیەت نووسیوە، نزیکەی شەست ساڵە بە وردی سەرنجی گەشەی تۆماس دەدات و دەیان لێکۆڵینەوەی زانستی لەبارەی شیعرەکانییەوە نووسیوە، دوا کتێبیشی "تۆماس ترانسترۆمەر- پۆرترێتێکی شاعیر" کە بەهاری ئەم ساڵ چاپ کرا، بیۆگرافییە و باسی ژیان و ئەزموونی شاعیر دەکات. ستێفان بەم پرسیارە دەست بەم کتێبەی دەکات: شیعرەکانی تۆماس چ تایبەتییەکیان هەیە، کە وا زۆر خۆشەویستی دەکەن، نەک هەر لە وڵاتی خۆماندا، بەڵکە لە هەموو جیهاندا". بە نزیکبوونەوە لە تۆماس و شیکردنەوەی رووی ناوەوەی شیعرەکان، وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە. نووسەر لەم کتێبەدا بە هۆی شیکردنەوەی شیعرەکان و لێکدانەوەی میتافۆرەکانەوە، لە دنیای دەروونیی شاعیر نزیک دەبێتەوە. مۆسیقایش، کە سەختە بێ زانیاری لەبارەی هونەری مۆسیقا، گوێمان لە مۆسیقای شیعرەکانی ئەو ببێت، بەڵام کاتێک لێکدانەوەی زانستی لەبارەی شیعرەکانییەوە دەخوێنینەوە، ئەوسا ئێمەیش وەک خوێنەر گوێمان لێ دەبێت، کە لە پشتی هەر وشە و ڕستەیەکدا، چین لەسەر چین ئاواز هەیە و کۆڵەکەی شیعرەکانیان پێکهێناوە.

نیکلاس شۆبلێر، لە دکتۆرانامەکەیدا (هونەری سەرنجدان "تەرکیز") کە ساڵی ١٩٩٩ چاپ کرا، باسی وێنەشیعری و میتافۆرەکانی تۆماس دەکات.

شاعیر و ڕەخنەگر، "مەگنووس ڕینگگرێن"یش لە کتێبەکانیدا

DEN TRÖSTERIKA GATAN,1989, Stjärnhimlen genom avloppsgallret, 2001

لێکۆڵینەوەی زۆر وردی لەسەر زۆر ڕەهەندی شیعرەکانی تۆماس کردووە. بە خوێندنەوەی ئەم لێکۆڵینەوانە، زێتر لە دنیای تۆماس نزیک دەبینەوە و ڕەنگە هەندێک جار گوێمان لە سیمفۆنیایانەیش بێت، کە کاریگەرییان بەسەر شیعرەکانەوە هەیە.

تۆماس نووسەرێکی سیاسی، یان حیزبی نییە. لە هیچ شوێنێک شتێکی وام بەرچاو نەکەوتووە، بەڵام هەڵوێستی سیاسی هەبووە. ئەورووپای کۆمۆنیستیی دوای جەنگی دووەمی جیهانی، ئەورووپای گرتن، ئازاردان و ڕاونانی ئەو نووسەر و هونەرمەندە سەربەخۆیانە بوو، کە باوەڕیان بە سیستمی کۆمۆنیزمی نەبوو. ئەو سەردەم بۆ ئەو نووسەرانە زۆر سەخت بوو، بەرهەمەکانیان بڵاو بکەنەوە. مێژووی ئەورووپای کۆمۆنیزم بە سەدان ئەزموونی ناخۆشی وەک هی ئانا ئەخماتۆڤا و یووسف برۆدسکی لە ڕووسیا و هێرتە مولێر لە ڕۆمانیای تێدایە. دەزگای سانسۆر و تۆڕی سیخوڕیی بەسەر نووسەر و هونەرمەندانەوە، هێندە توند بوون، کەس لێیان دەرباز نەدەبوو. تۆماس بە تەرجەمەکردنی چەند شاعیرێکی وڵاتانی بەلتیک، دەنگ و ئازاری ئەوانی گەیاندە جیهان. لە شیعری " بۆ هاوڕێیان لەودیوی سنوورێک "یشدا، کە لەو دیوانەدا هەیە ساڵی ١٩٧٣ بڵاوی کردەوە، بەئاشکرا دیارە، مەزەندەی رووخانی کۆمۆنیزم دەکات، کە وەک "فوسیل" وشک دەبێت و دەبێتە مێژوو.

**"نێوان دێرەکان بخوێنەوە. دوای ٢٠٠ ساڵی تر یەکدی دەبینینەوە**
**ئەوسا میکرۆفۆنەکانی ناو دیواری هوتێلەکە لەبیرکراون و**
**سەرئەنجام دەتوانن بنوون، دەبنە ئۆرتوسێراس."**

ئەگەر لە ڕەهەندی دووربینییەوە سەیری ئەو شیعرە بکەین، دەبینین ئەو لە سەردەمێکدا مەزەندەی رووخانی کۆمۆنیزمی کردووە، کە لەوپەڕی بەهێزیدا بوو. بەشێکی زۆر لە وڵاتانی جیهان پێوەندی توندیان لەگەڵ بلۆکی سۆسیالیستیدا هەبوو، تەنانەت لە ئەورووپای رۆژئاوایش

بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە گەشەکردندا بوو. وا لە میللەتان گەیەنرابوو، کە ژیان لە سێبەری حکومڕانیی کۆمۆنیزمدا، وەک بەهەشت وایە، کە قەت وا نەبووە و پێچەوانەکەی ڕاست بووە.

توماس بە شێوازی جودای دەربڕینەوە، کە تژییە لە وێنە و میتافۆر، هەر بە بڵاوکردنەوەی یەکەم دیوانی "١٧ شیعر" لە ساڵی ١٩٥٤، جێگەی خۆی وەک گەورەترین شاعیری سوێدیی هاودەم مسۆگەر کرد، ئەمڕۆیش بە بەخشینی "خەڵاتی نۆبێل" بە ئەو، ناوەندە ئەدەبییەکانی جیهانیش ئەو جێگەیەی ئەو دەبینن.

ماریا شوتێنیۆس، کە لە سەرپەرشتکاری بەشی کولتووری چەند ڕۆژنامەیەک بووە و دکتۆرای لە ئەدەبدا هەیە، لە ٥ی نیسانی ئەم ساڵدا، لە ڕۆژنامەی "ئوپسالا نییە تیدنینگ"دا، لەبارەی "توماس"ەوە دەگێڕێتەوە: کە لە زانستگەی لوند زانستی ئەدەبم دەخوێند، مامۆستایەکم هەبوو کە دەچوو سەردانی هاوڕێکانی بکات، لەبری گوڵ شیعرەکانی "توماس"ی لەگەڵ خۆیدا دەبرد. من هەر ئەو سەردەم بیرم کردەوە، کەم جار مرۆڤ نووسەرێک دەدۆزێتەوە وەک توماس لەگەڵدا بگونجێت.. توماس خۆشەویست و ڕێزدارە. ئەو بەشێکە لە سووڕی خوێنی شیعری لای ئەوانەی لەناو زمانی سوێدیدا دەژین.

توماس بە میتافۆرەکانی بە شێوەیەک چووەتە ناو قووڵایی ڕوحمانەوە کە لە شیعری سوێدیدا بەر لە توماس و دوای توماس هەیە، ئەگەرچی بەرهەمی سنووردارە و لەبەر سەکتەی مێشک کە بیست ساڵ لەمەوبەر تووشی هات، کەمی نووسیوە، بەڵام توماس بەم چەند دیوانە کەمانەیەوە شیعری داهێناوە، کە بۆ هەتاهەتایە ئەدەبی سوێدی گۆڕی.

## لەبارەی تەرجەمەکردنی شیعرەکانی "توماس"ـەوە

لە پاییزی ساڵی ١٩٩٦دا، تێبینیم لەسەر چەند شیعرێکی تەرجەمەکراوی توماس بۆ کوردی، هەبوو. شیعرەکان لە ژمارە (٣٠ و ٣١، هاوین و پاییزی ١٩٩٦)ی گۆڤاری مامۆستای کورد بڵاوکرابوونەوە، کە فەرهاد شاکەلی سەرنووسەری بوو. ئێمە، ئەوانەی لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە لە سوێد دەژین و کەمێک ئاشنای ئەدەبی ئەم نەتەوەیەین و شیعرەکانی "توماس"مان خوێندووەتەوە، دەزانین تەرجەمەکردنی شیعرەکانی ئەو کارێکی ئاسان نییە. دەمویست گوتارێکی ڕەخنەیی لەسەر تەرجەمەکردنی ئەم شیعرانە بنووسم. لە هەندێک شوێن کێشەم هەبوو. لە میتافۆر و سیمبوڵەکان نەدەگەیشتم. ناچار بووم تەلەفۆن بۆ توماس بکەم، کە ئەو دەم لە شاری "ڤێستێرۆس" دەژیا. تەلەفۆنم بۆی کرد و بە هۆی "مۆنیکا"وە گفتوگۆمان لەبارەی شیعرەکانەوە کرد و گرێکوێرەکانیان بۆ کردمەوە و گوتارەکەم لە ژمارە (٢١ ی ساڵی ١٩٩٧) ی گۆڤاری "ڕابوون"دا بڵاو کردەوە، کە لە سوێد دەردەچوو و ڕەفیق سابیر سەرنووسەری بوو. مێژووی تەرجەمەکردنی هەندێک لەم شیعرانە، بۆ ئەو سەردەم دەگەڕێتەوە، بەڵام ساڵی ٢٠٠٦ لە (ئەنتۆلۆژیای شیعری سوێدی/ بەرگی دووەم. دەزگای ئاراس) بڵاوکرانەوە.

توماس پێوەندییەکی چڕ و گەرمی لەگەڵ وەرگێڕی شیعرەکانی و ئەوانەی لێکۆڵینەوە لەسەر شیعرەکانی دەنووسن هەیە. ئەوەتا لەگەڵ وەرگێڕە ئەمەریکاییەکەیدا، Robert Blyی شاعیر، دەیان نامەیان بۆ یەکدی نووسیوە و لەبارەی میتافۆر و ناڕۆشنییەکانی شیعرەکانییەوە گفتوگۆیان کردووە.

وەرگێڕە عەرەبییەکەی توماس "قاسم حمادی" لە ڕۆژنامەی (ئێکسپرێسێن ٧/ ١٠) وا باسی ئەزموونی خۆی دەکات: "ڕۆژێکی شوباتی ساڵی ٢٠٠٣ کە ئەدۆنیس داوای لێ کردم کۆبەرهەمی توماس تەرجەمە بکەم، دەستم پێ کرد. ئەدۆنیس و توماس چەند ساڵێکە هاوڕێی یەکدین. لە کاتی نانخواردنی نیوەڕۆ، لە چێشتخانەی "بێرنس" لە ستۆکهۆڵم ئەدۆنیس گوتی: "توماسی هاوڕێمانم بینی، کە بە فەرانسی خوێندوومەتەوە. شێوازی شیعریی ئەو لە جیهانی عەرەبدا تاکانەیە. پێویستە تەرجەمە بکرێت. دەتوانین بەیەکەوە کار بکەین- تۆ تەرجەمە دەکەیت و من بەسەر تێکستەکاندا دەچمەوە". هەستم بە شانازی دەکرد، دڵخۆش بووم، بەڵام پێم وا بوو بەرپرسیارییەتێکی گەورەیە. شیعرەکانی توماس بەوە ناسراون کە لێکدانەوەیان سەختە، دەستەواژەی بە کۆدیان هەیە و بە ڕیتمی مۆسیقایی داپۆشراون... دوو ساڵ بەردەوام کارکردن، بەڵام بە سەفەرکردنێک لەنێوان ستۆکهۆڵم، پاریس و بەیرووت، ئەنجامی هەبوو... ڕۆژێکی هاوین لەگەڵ توماس، مۆنیکا و کچەکەیان و نوێنەری ئینستیتوتی سوێدی بەرەو بەیرووت چووین بۆ ئەوەی

کتێبەکەی بڵاوبکرێتەوە. لە بەیرووت دابەزین و سەرەتا بە ئۆتۆمبیل چووینە دیمەشق. "کتێبخانەی ئەلئەسەد" پڕ لە خەڵک بوو. کوڕ و کچی گەنج هاتبوون گوێ لە شیعرەکانی توماس بگرن و ئەدۆنیس ببینن. ئەو ئێوارەیە هەموو میدیاکان هاتبوون... هەر جارێک کە باسی "خەڵاتی نۆبێل"مان دەکرد، بە پێکەنینەوە بە دەست ئاماژەی دەکرد و لە ڕێگەی مۆنیکاوە دەیگوت: "دڵخۆش دەبم ئەگەر ئەدۆنیس ئەو خەڵاتەی بدرێتێ. باوەڕم وایە ئەکادیمیا نایەوێ بیبەخشێتە نووسەرێکی سوێدی. ئەدۆنیس لە هەموو کەسێک شایستەترە".

کە "دیرێک وەڵکەوت"ی شاعیری "دوورگەکانی کاریبی"یش ساڵی ١٩٩٢ "خەڵاتی نۆبێل"ی پێ بەخشرا، لە گفتوگۆیەکدا گوتی: جا بۆ من! خۆ زۆر نووسەری لە من شایستەتر هەیە. بە ڕۆژنامەوانێکی سوێدیشی گوتبوو، خۆ ئێوە خۆتان "توماس"تان هەیە. ئەم کاندیدکردنەی یەکتر، "یووسف برۆدسکی"یش کە ساڵی ١٩٨٧ "خەڵاتی نۆبێل"ی پێ بەخشرابوو، لەگەڵ "دیرێک وەڵکەوت"دا کردی. یەکەم دیوانی "دیرێک وەڵکەوت" بە سوێدی، Vinterlampor کە ساڵێک بەرلەوەی خەڵاتەکەی پێ ببەخشرێ چاپکرا، یووسف برۆدسکی پێشەکی بۆ نووسیوە و بە خوێنەرانی ناساندووە.

ئەو شاعیرە ناوهێنراوانە، شاعیری گەورەن و ئاسەواریان لەسەر ئەدەبی میللەتان هەیە. ڕەنگە ئەمە شێوەیەکی قسەکردنیان، کاندیدکردنی یەکدی بێت بۆ "خەڵاتی نۆبێل"، کە هەموو ئەوانەی ئەم خەڵاتە وەردەگرن، مافی ئەوەیان هەیە نووسەری تر کاندید بکەن.

قاسم شیعرەکانی تەرجەمە دەکردن، توماس و مۆنیکای دەبینی و گفتوگۆیان لەبارەیانەوە دەکرد و پاشان ئەدۆنیس بەسەر تێکستەکەدا دەچووەوە. ئەو شێوازەی کارکردنی قاسم، کە لە نزیکەوە و لەگەڵ توماس و مۆنیکادا شیعرەکانی تەرجەمە دەکرد، ڕەنگە باشترین و پاکترین تەرجەمەی شیعرەکانی توماس بن.

قاسم حەمادی شتێک دەگێڕێتەوە، کە وەرگێڕە ئینگلیزی و فرانسییەکەی توماس بە هەڵە تێی گەیشتوون و هەر بە هەڵەیش وەرگێڕدراون.

توماس لە دێرێکی هایکۆکانیدا دەڵێ:

Malarna skakar av skratt

"مالەر" Malarناوی جورێک ماسییە. کە نازانم ناو بۆ ئەم ماسییە بە کوردی هەیە، یان نا. دەکرێ ئەم دێرە وا تەرجەمە بکرێت: "ماسییەکان لەپێکەنینان دەلەرزن". ئەوەی وەرگێڕە ئینگلیزی و فرانسییەکە بەسەریاندا ڕەتبووە، ئەوەیە کە ئەوان بە Malی تێگەیشتوون، کە بە مانای مێشومەگەز، مێروولە - مۆرانە دێت و مەبەستی توماس ئەوە نەبووە.

**پەنجەرە والاکە**

**بەیانییەک لەبەر پەنجەرە والاکەی**
**نهۆمێکی سەرەوە**
**وەستابووم و ڕیشم دەتاشی.**
**مەکینەی تەراشم داگیرساند.**
**دەستی بە خولانەوە کرد.**
**هەر بەهێز و بەهێزتر وژەوژی کرد.**
**بوو بە گرمەگرمێک.**
**بوو بە هێلیکۆپتەرێک و**
**دەنگێک (هی فڕۆکەوانەکە)**
**بەناو گرمەگرمەکە دڕی دا، قیژاندی:**
**"چاوەکانت بکەوە!**
**دوا جارە دەبینیت."**
**بەرزبووینەوە.**
**نزم بەسەر هاویندا فڕین.**
**زۆر حەزم لێ بوو، هیچ قورساییەکی هەیە؟**
**دەیان زاراوەی سەوز.**
**بەتایبەتیش ئەو سوورەی سەر دیواری خانووە لە دارەکان.**
**لەبەر خۆردا قالۆنچەکان لەناو پەیینیدا دەدرەوشانەوە.**
**ژێر زەمین کە بە ڕەگەوە هەڵکێشرابوو**
**بەناو هەوادا هات.**
**کاروبار.**
**مەکینەکانی چاپکردن دەسووڕانەوە.**
**لەم دەمەدا مرۆڤەکان**
**تاکە شت بوون کە بێ جووڵە بوون.**
**خولەکێک بێ دەنگ وەستان.**
**بەتایبەتیش مردووەکانی گۆڕستانی گوند**
**بێ جووڵە بوون**
**وەک کە مرۆڤ بۆ وێنەگرتن دادەنیشت لە منداڵیی کامیرەدا**

**نزم بفڕە!**
**نەمزانی لەکوێ**
**سەرم وەرگێڕا**
**وەک ئەسپ**
**بە بینایی دابەشکراوەوە.**

### مەدریگال(*)

**دارستانێکی تاریکم بە میرات بۆ مایەوە بەدەگمەن دەچمە ئەوێ، بەڵام ڕۆژێک دێت کە مردوو و زیندووەکان جێگەیان دەگۆڕنەوە. ئەوسا دارستانەکە دەست بە جووڵەجووڵ دەکات. ئێمە بێ هیوا نین. تاوانە گەورەکان نادۆزرێنەوە سەرەڕای هەوڵی زۆر پۆلیسیش. بە هەمان شێوە لە شوینێکی ژیانماندا ئەوینێکی نەدۆزراوە هەیە. من دارستانێکی تاریکم بە میرات بۆ مایەوە، بەڵام ئەمڕۆ لەناو دارستانێکی تردا، لەناو ڕووناکەکەدا دەڕۆم. هەموو ژیاندارەکانی کە گۆرانی دەچڕن دەئاڵێن، دەخولێنەوە، دەخشێن! بەهارە و هەوا زۆر پڕە. من بڕوانامەم لە زانستگەی فەرامۆشیدا هەیە و وەک کراسی سەر تەناف دەستبەتاڵم.**

(*) مەدریگال Madrigal: جۆرێک مۆسیقا و گۆرانیی شوانان بوو، لە سەدەی چواردە لە فلۆرەنسا باو بوو. گۆرانی مەدریگال زۆر جاران شیعری خۆشەویستی بوون کە بە زمانی میللی گوترابوون. لە سەردەمی ڕێنێسانسدا لە هەموو ئەوروپا زۆر باو بوو.

### دەشتی بە خۆر

**لەپشت دیواری خانوودا خۆر دەخزێتە پێشەوە**
**لە ناوەڕاستی شەقام دەوەستێ و**
**بە فووی سووری**
**هەناسەمان لێ دەدا.**
**ئینسبروک(*) دەبێ جێت بهێڵم.**
**بەڵام سبەی**
**خۆرێکی داغ**
**لەناو دارستانە بێ ڕەنگە نیوە مردووەکەدا هەیە**
**ئێمە لەوێ کار دەکەین و دەژین.**

(*) ئینسبروک: شارێکە لە نەمسا.

### لە حوزەیرانی ۱۹۹۰دا

**بەخاکسپاردنێک بوو و**
**هەستم کرد مردووەکە**
**لە خۆم باشتر**
**خەیاڵی منی خوێندەوە.**

**ئۆرگەکە بێ دەنگ بوو. باڵندەکان خوێندیان.**
**چاڵی بەر قرچەی هەتاو.**
**دەنگی هاوڕێکەم**
**لە ڕووی دواوەی خولەکەکان بوو.**

**بە لە درەوشانەوەی ڕۆژی هاوین**
**بە لە باران و ئارامیی ئاشکرابووەوە**
**بۆ ماڵ لێم خوڕی**
**بە لە مانگ ئاشکرابووەوە.**

### شەوی یەڵدا

**نوورێکی شین**
**لە جلوبەرگمەوە بەخوڕ هەڵدەچێ.**
**شەوی یەڵدا.**
**زرینگەی دەفی لە شەختە.**
**من چاو دەنووقێنم**
**جیهانێکی بێ دەنگ هەیە**
**درزێک هەیە**
**لەوێ مردووەکان**
**بە قاچاخ لە سنوور دەپەڕێنرێنەوە.**

### سەفەری شەوانە

**لەژێرماندا ژاوەژاوە. شەمەندەفەرەکان دەڕۆن.**
**هوتێلی ئەستۆریا دەلەرزێ**
**پەرداخێک ئاوی سەر لێواری قەرەوێڵە**
**لەناو تونێلەکاندا دەدرەوشێنەوە.**

**ئەو خەونی بینی لە سڤالبارد بەند بوو.**
**هەسارەکە بە گرمەگرمەوە خۆی سووڕاندەوە**
**چاوی گەش بەسەر شەختەکانەوە ڕۆیشتن.**
**موعجیزەکانی جوانی هەبوون.**

ڕووناکی بەخوڕ دێتە ژوورەوە
لەو بەری پەنجەرەدا ئاژەڵی درێژی بەهارانە
ئەژدیها ڕوونەکەی لە پرشنگی خۆر
وەک شەمەندەفەرێکی بێ کۆتایی لیواری شار
بەلادا گوزەر دەکات هیچ پێرانەگەیشتین سەری ببینین

ڤێلاکانی کەنار بەلادا جێ دەگۆڕن
وەک قرژاڵ سەرفرازن.
خۆر وا دەکات پەیکەرەکان ببریسکێنەوە.

زەریا ئاگرە خێراکەی فەزا
لە زەوی ئاوێتەبووندا دەبێتە دەستپێهێنان
ژماردن بۆ خوارەوە دەستی پێ کرد.

دوو شار

دوو شار، هەر یەکەی لە بەرێکی دەربەندێکدا
یەکێکیان تاریکە، دوژمن داگیری کردووە.
لە ئەویتریان چراکان داگیرساون.
کەنارە ڕووناکەکە تاریکەکەیان هیپنۆس(*) دەکات.

لەسەر ئاوە ڕەشە درەوشاوەکاندا
لەناو جەزبە مەلە دەکەم.
گوشارێکی کپی بۆقی دڕ دەدا.
دەنگی هاوڕێیەکە، گۆڕت هەڵبگرە و بڕۆ.

(*)هیپنۆس: لە Hypneی گریکییەوە هاتووە، واتە نووستن.

بۆ هاوڕێیان لەودیوی سنوورێک

وا ســــادە بـۆم نـووسـین، بەڵام ئـەوانـەی بـۆم نەبـوو بیاننووسم
وەک کەشتییەکی هەوایی پەنمان و پەنمان و
لەدواییدا بەناو شەوی ئاسماندا خزین.

ئێستا نامەکە لای سانسۆرکارە. ئەو چراکەی دادەگیرسێنێت.
وشەکانم لە بەرڕووناکییەکەدا وەک مەیموون خۆیان هەڵدەدەنە سەر ئاسنبەندێک
هەڵدەبەزن، هێور دەبن و ددانەکانیان نیشان دەدەن!

نێوان دێرەکان بخوێنەوە. دوای ٢٠٠ ساڵی تر یەکدی دەبینینەوە
ئەوسا میکرۆفۆنەکانی ناو دیواری هوتێلەکە لەبیرکراون و
سەرئەنجام دەتوانن بنوون، دەبنە ئۆرتوسێراس(*).

* ئۆرتوسێراس Orthoceras: جۆرێک ماسیی باریک و درێژ بوو. بە دەوری سەریانەوە چەند ڕیشێک هەبوون و بە هێزی ئەوان بە پێچەوانەی سەریانەوە، خێرا دەڕۆیشتن. سەدان میلیۆن ساڵ لەمەوبەر دەژیان و جار جار لە چەند ناوچەیەکی سوێد، وەک فوسیل دەدۆزرێنەوە. لەم شیعرەدا "ئۆرتوسێراس" ئاماژەیە بۆ بەفوسیلبوون، واتە وشک و ڕەقهەڵگەڕاو.

ژووری کراوە و داخراو

پیاوێک بە پیشەی وەک دەستکێش دەست لە جیهان دەدا
لە ناوەڕاستی ڕۆژدا کەمێک پشوو دەدا و دەستکێشەکانی لەسەر ڕەفە داناوە.
لەوێ لەناکاو گەورە دەبن، دەکشێن و
هەموو ناوەوەی خانووەکە تاریک دەکەن.

خانووە تاریککراوەکە لەناو بای بەهارانە
"لێبوردن" لەناو گیادا چرپەچرپ دێت: لێبوردن.
کوڕیژگەیەک بە بەنێکی نادیارەوە ڕادەکات کە بەلاری بەرەو ئاسمان هەڵکشاوە
لەوێ خەونی ئەو بە دوارۆژەوە وەک کوللارەیەکی گەورەتر لە گەڕەکی دەرەوەی شار دەفڕێ.

لە سەرووترەوە لەسەر بەرزاییەکەوە ئەم دارستانە شینە بێ کۆتاییەی سنەوبەر دەبینرێ
لەوێ سێبەری هەورەکان
بێ جووڵەن.
نا، بەرەو پێشەوە دەڕۆن.

ئەو کەسەی کە بە گۆرانیی سەر سەربانان بێداربووەوە
بەیانی، بارانی مایس. هێشتا شار

وەک کوخێک خامۆشە. شەقامەکان خامۆشن. لە ئاسمانیش
مەکینەی فڕۆکەیەک شینی سەوز گڕەگڕی دێت.
پەنجەرە والآیە.

ئەوسا خەونەکەی لەو شوێنەی نووستووەکە پاڵکەوتووە و ڕاکشاوە
روون دەبێت. ئەو دەجووڵێ،
بەدوای کەرەستەی سەرنجدانەوە نزیکی فەزا
دەست بە لەپکوتان دەکات.

بەردەکان

ئەو بەردانەی کە هاوێژتمان گوێم لێیانە
بکەون، بەدرێژایی سالآن ڕوونن. لە دۆڵەکەدا
کردارە سەرلێشێواوەکانی ساتەوەخت
لە چلەپۆپەیەکەوە بۆ چلەپۆپەیەکی تر
بە قیژەقیژ دەفڕن
لە هەوایەکی تەنکتر لە هی ئێستا بێ دەنگ دەبن
وەک پەڕەسێلکە لە لووتکەیەکەوە
بۆ لووتکەیەکی تر دەخزن، هەتا دەگەنە
سەر بەرزاییەکانی درێژایی سنووری بوون
لەوێ هەموو کردارەکانمان
بە ڕوونی دەکەون
بەرەو هیچ بنێک نا
بێجگە لە خۆمان

لیسابۆن

لە گەڕەکی ئەلفامەدا، شەمەندەفەرە زەردەکان بەسەر هەورازەکانەوە گۆرانییان دەچڕی.
لەوێ دوو گرتووخانە هەبوون، یەکێک بۆ دزان بوو.
لە کەلێنی شیشی پەنجەرەکانەوە دەستیان هەڵدەبڕی.
هاواریان دەکرد و دەیانویست وێنەیان بگیرێت!

بلیتفرۆشەکە وەک کەسێکی نا دڵنیا خەنییەوە و گوتی "بەلآم لێرە"
"لێرە سیاسییەکان بەندن". من ڕووی گرتووخانەکەم بینی
ڕوویم بینی ڕووی، لەبەر پەنجەرەیەکی سەر سەرەوەیش پیاوێک
بە دووربینێک بەچاوەوە وەستابوو و تەماشای دەریای دەکرد.

جلوبەرگی شووشتراو هەڵواسرابوو، شوورەکان داغ بوون.
مێشوولەکان نامەی میکرۆسکۆپییان دەخوێندەوە.
دوای شەش ساڵ لە خانمێکی لیسابۆنیم پرسی:
"ئەمە ڕاستە، یان من خەونم بینیوە؟"

شەوێکی زستان

ڕەشەبا دەمی بە خانووەکەوە دەنێ و
فووی لێ دەکا تا دەنگی بێ.
من نیگەران نووستووم، خۆم وەردەگێڕم،
بە چاونووقاوییەوە نووسینی ڕەشەبا دەخوێنمەوە.

بەلآم چاوەکانی منداڵەکە لە تاریکیدا گەورەن و
ڕەشەبا گڤەگڤی بۆ دەکات.
هەردووکیان حەزیان لە چرایە بخولێتەوە.
هەردووکیان لە نیوەڕێی زماندان.

ڕەشەبا دەست و باڵی مندالآنەی هەیە.
کاروانەکە بەرەو لاپلاند غار دەدا.
خانووەکەیش بورجی لە بزماری خۆی دەناسێ
کە دیوارەکانی ڕاگرتووە.

شەو بەسەر زەوی ناو ماڵمانەوە ئارامە
(لەوێ هەموو هەنگاوە خامۆشەکان
وەکو گەلآی کەوتووی ناو گۆم پشوو دەدەن)
بەلآم لە دەرەوە شەو بزێوە!
ڕەشەبایەکی توندتر بە دنیادا هەڵدەکا.
دەمی بە ڕوحمانەوە دەنێ
فووی لێ دەکا تا دەنگی بێ
دەترسێن ڕەشەبا بەتاڵمان بکا.

# نموونەی بێ لافی، یان وێنەی دووەمی شاعیرەکانمان

د. عەبدوڵلا خدر مەولوود
(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی پەروەردە)

مەلا و مامۆستاکانمان، خوێندەوار و شاعیرەکانمان، نووسەر و زاناکانمان، خۆشنووس و نوسخەنووسەکانمان...تاد ئەمانە هەر هەموویان یەک سیفەتی بەرزی مرۆڤانە کۆیان دەکاتەوە، ئەویش بێ فیزی و خۆ بە کەم زانینە. ئەو بێ لافی و گەزافییەی ئەوان لە ژیانی ڕۆژانەیان، تەنانەت لەناو بەرهەمەکانیشیاندا بە تۆمارکراوی ڕەنگیان داوەتەوە. ئێمە لەو باسەماندا تەنیا نموونەی شاعیرەکانی خۆمان پێش چاو دەخەین.

ئەو خاکێتی و خۆ بە کەم زانینە، بۆ ئەو تەقلید و لاساییە دەگەڕێنینەوە کە ئەم زاتانە و ئەوانەی پێش ئەوانیش بەرانبەر بە باری تەعالا و پێغەمبەرمان (د.خ) و پیاوچاکان نیشانیان داوە. خاڵێکی تر ئەو ڕوحە پاک و گەورەیەی هەیانبووە، بەرانبەر بە سروشت و هەموو ئەو پێکهاتانەی تێیدا هەن و خۆشەویستییان بۆیان، یان هیچ حسێبێکیان بۆ ژیان و دواڕۆژ نەکردووە و پشتیان لە مادده و ڕوویان لە ڕوحی پاک و بەرزی بووە، هیچ نەبێت بەتاڵەمووەکیش بووبێت بەئاسمانەکان پێوەندار بوونە.

زۆر گەڕام و کۆشام، زۆریشم پرسی، بۆ ئەوەی لای کەمی، یەک سەرچاوە بەدەست بێنم و بیبینم لەسەر ئەو بابەتە (خۆ بەکەم زانین و بێ لافی) نووسرابێت، بەڵام بەداخەوە نەمبینی و هیچم بەهیچ نەکرد. من خۆم بە دەیان دەستنووس و دەستنووسی چاپکراوم بینیوە لە کۆتاییەکانیاندا ئەو تەعبیرانەی لەبێ لافی و خۆ بەکەم زانینیان تێدا نووسراون:

١- بید القفیر.
٢- أقل العباد.
٣- ألعبد الذلیل.
٤- أسوأ العباد.
٥- أحقر الطلاب أحوجهم الی عفو ربه الملک الدیان.
٦- العبد المذنب المفتقر الی الملک القدوس.
٧- أدنس العبد الطالب الی عفو ربه.
٨- از دست حقیر فقیر.

ئەو نموونانە مشتێکن لەخەرواریک(*). ئەمانە بە نیسبەت خۆشنووس و نوسخەنووسەکان و...تاد. هەمان شت لای شاعیرەکانمان، زۆر بەرفراوانتر ئەو بێ لافی و گەزافییە بەکارهاتوون و شتی زۆر سەیروسەمەرەشی تێکەوتووە. فەرموون لەگەڵ ئەو بەهەشتی و ڕەوان شادانە و وێنە هونەرییە شیعرییەکانیان بۆ ئەو بابەتە.

* نالی دەڵێت(١)

**دوور لە تۆ (نالی) سەگێکە بێ وەفایە هەرزەگۆ**
**بۆچی بانگی ناکەی ئەم کەلبە کە نانی نانییە** (١١٣)

لەنیوەی دێری یەکەم، زۆر بە ئاشکرا وتراوە: نالی



سالم

سەگە، واتە خۆی بە سەگ چواندووە. لە سەگانیش، سەگێکی بێ وەفا و سفڵە، لەغوەچی و بە حەپەحەپ. لەنیوە دێری دووەم، نەتیجە و ئەنجامی ئەو سیفەتانە دەداتە دەست و دەڵێت: سەگێک ئەو سیفەتانەی هەبێت، هەموو دەم و هەرساتە وەختێک بانگی بکەی بەپیرتەوە دێت و ئارەزووەکانت جێبەجێ دەکات، لەبەر ئەوەی خۆی نانی نانییە، واتە چڵێس و بێ چاوورووە.

ئەوەی مەبەست و سەرنجڕاکێشە، بزانە و تەماشای نالی، ئەو مرۆڤە مەزن و لێهاتووە چۆن باسی خۆی دەکات و چۆن وێنەی دووەمی خۆی نەخشاندووە و نیشانی ئێمەی خوێنەری شیعری دەدات، کە ئەمەش وا تۆمارکراوە، هەتا هەتایە خۆی دووبارە دەکاتەوە. نالی لە نیوەدێری یەکەم سەگی بەکارهێنا، لەنیوە دێری دووەم کەلب.

* دیسان دەڵێت:

**(نالی) چییە وا میسلی جوعەل غەرقی شیاکەی**
**خۆ تۆ بەحیسابێ وەکو پەروانە شەمت بوو** (٨١)

جوعەل: قالۆچە. میسلی: وەکو، ئامرازی تەشبیهە.

نالی لە نیوەدێری یەکەم، خۆی بە قالۆچە چواندووە و دەڵێت: نالی ئەوە چییە!! وەکو قالۆچە نقومی ناو ڕیخ و سەرگین و پاشەڕۆی ئاژەڵانی! ئەوە چ حاڵێکە. بە حیسابان ئەتۆ وەکو پەروانە (پەپوولە) شەمێکت هەبوو (سەرچاوەی خۆشەویستی و ڕووناکی). لەو نیوە دێڕەدا نالی خۆی بە پەپوولە چواندووە. نالی دوو جۆرە شتی زۆر دووری پێکەوە بەرانبەر کردووە:

قالۆچە- پەپوولە

ڕیخ و سەرگین (پیسی) — ڕووناکی (پاکی)

* دیسان دەڵێت:

**لۆمەیی (نالی)یی دێوانە مەکەن ئەی عوقەلا**
**مووددەتێکە کە زەدەی لەتمی دەستی پەرییە** (١١٢)

نالی ڕوو لە زانا و هۆشمەندەکان دەکات و دەڵێت: لۆمەی نالی (دێوانە) واتە شێت و بێ هۆش مەکەن، دیارە شێت بووە و شێتیش هیچ حەرەجەی لێ ناگیرێت. لە نیوەدێری دووەمدا، نالی هۆکاری هۆش لە دەست دانەکەی دیاری کردووە، کە ئەویش دەست لێوەشاندنی پەرییانە (لەناو کوردەواری خۆمان واباوە ئەگەر پەری دەستی لە یەکێک بوەشێنێت و شەقازللەیەکی لێ بدات، ئەوە هیچ عیلاجی نییە ئەو کەسە شێت دەبێت و عەقڵی لەدەست دەدات).

* دیسان دەڵێت:

**لە دارولعیلمی تەحسیلی مەعاریف**
**وەکو (نالی) جەهوول و بێ بەسەر مام** (٦٣)

دارولعیلم: خوێندنخانە، قوتابخانە، واتە خوێندنی هەموو قۆناغەکان. تەحسیل: بەدەست هێنان، دەست خستن. مەعاریف: کۆی مەریفەیە، زانست و زانیاری.

نالی لە نیوەدێری یەکەم، باس لەوە دەکات تەمەنێک، یان هەموو تەمەن خەرج کراوە بۆ بەدەست خستنی زانیارییەکان. لە نیوەدێری دووەم، وەڵامی ئەو پرسە گرنگە دەداتەوە و دەڵێت: لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، وەکو نالی بێ هۆش و هیچ نەزان و نابینا نەماوە. لە بری وشەی جاهیل، نالی وشەی جەهوولی بەکارهێناوە، کە ئەمەش پلەیەک لە سەرووی وشەی یەکەمەوەیە.

* دیسان دەڵێت:

**هێندە پێم خۆش بوو زمانی حاڵی دەیگوت (نالیا)!**
**هەردوو حەیوانین ئەتو گوێکورت و ئەمنیش گوێدرێژ**
(٥٥)

ئەمە دێری کۆتایی شیعری (هەی کەرێکم بوو چ پەیکەر..) لە هەر (١٠) دێری پێش ئەم دێرە، نالی باس لە کەرەکەی دەکات و ستایشێکی وای کردووە مەپرسە. نالی بێ و مەدحی شتێک بکات!! ئەو مەدح و پێهەڵگۆتنەی لە سمی تا کەللەی سەری گرتووەتەوە، لەو دێرەیدا نالی بە زمانی کەرەکەی دەدوێت و دەڵێت: ئێمە هەدووکمان حەیوانین و تاکە جیاوازیمان لە کورت و درێژی گوێیەکانمدایە، ئەمن گوێم درێژە و ئەتۆش گوێ کورتی.

لەسەر وشەی (حەیوان) دەبێت چەند شەڕ و ئاژاوە و لێکدان و... دروست بووبێت!! نالی خودی خۆی لە زمانی کەرەکەی دەگێڕێتەوە، کە ئەو (کەر)ـە کە بەنالی گوتووە حەیوان. بوون بە حەیوان و بەرانبەر بە کەر، ئەمە دەبێ نالی چەند ئاژەڵ دۆست و مرۆڤێکی گەورە بووبێت، دەبێ چ نەفس و نەفسییەتێکی جیا لە ئێمەی هەبووبێت. هەر ئەو جۆرە مرۆڤە پاکانەن دەگەن بە ئاوی حەیات و نەمری بە دەست دەهێنن و هەموو مرۆڤەکانی سەر زەوی، لەژێر سێبەری ئەوانە بە شادی و سەرفرازی ژیان بەسەر دەبەن.

* سالم دەڵێت: (٢)

**بە پەنهانی لە کۆی یارا سەگ ئاسا مەسکەنت دەسکەوت**

**تەشەکور کە گەلێ بالاّیە (سالم) مەسکەنت ئەمشەو** (١١٨)

لەبەر کێشەکەی وشەی (تەشەکور) دەبێت بیێت بە (تەشەککورکە)= مفاعیلن. لا چەپ و لابەلا (کەس نەزان) وەکو سەگ شوێنێکی زۆر باشی حەوانەوەت لە کوچە و کۆڵانی یار دەسکەوتووە. سالم خەنی لەخۆت!! سوپاسگوزار بەو شوکرانە بژێر. خەوی ئەم شەوت دەبێت چۆن بێت؟! لەو شوێنە بەرز و بالاّیە. ئای بۆ خەو و خەونەکانی ئەم شوێنە. سالم خۆی بەسەگی کۆڵان و سوقاقەکان چواندووە.

* دیسان دەڵێت:

**کوتم (سالم) دزە، دەستی بلّند کرد ئاییینەی ڕاگرت**

**وتی: کێشکچی ئەم باغە بەدایم خاڵی هیندوومە** (١٢٣)

گوتی (سالم) دزە (ئەو خۆی پێی گوتووە). بەرانبەرەکەی (دلبەر)ـەکەی بەبێ مننەتی دەڵێت: خاڵی هیندووم پاسەوان و ئاگاداری ئەم باغەیە (ڕووت و ڕوخسار، کولمە، دەم و لێو، چاو و برۆ، چەناگە و لاملەکان...تاد). هەموو ئەمانەش لەژێر چاودێری کامێرای شاراوەدان.

* دیسان دەڵێت:

**ئیسمی هو حەقە لەڕێی حەق دەستی ڕددم لێ مەدەن**

**(سالم)ی مسکین وەکو دەروێش لە دەرگەت هو دەکا** (٣١)

(هو) لە دنیای سۆفیگەری واتە باری تەعالا. حەق: کۆمەڵە واتایەکی هەیە، زۆربەیان ناوەکانی سیفەتی خوای گەورەن. کوردیش دەمێکە گوتوویەتی (کە گوتت هەق ئاو ڕادەوەستێ).

هو کردنی دەروێش: زیکری ئەڵلا، ئەڵلای دەروێشەکان. دەروێش: ئەوانەی سەر بە تەریقەتی قادرین.

مسکین: مسکین ئەو فەللاحەیە هیچ زەوی و زارێکی نەبێت، کورد بەو جۆرە کەسانە دەڵێت (ئاوخۆرەوە)، هەژاری بێ ماڵ و حاڵ. سالمی (مسکین) وەکو دەروێش لەپێش دەرگاکەت خەریکی زیکری هوو هووە.

* دیسان دەڵێت:

**ئەی ڕەفیقان بێنەوە نیکتەی عجایب بشنەوون**

**(سالم)ی مەجنوون لە عیشقا مەیلی تەدبیری هەیە** (١٣٥)

نیکتە: قسە و باس. عەجایب: سەرسوڕهێنەر، سەیروسەمەرە. بشنەون: ببیسن. لە نیوەدێری یەکەمدا بە ئاشکرا دەڵێت: سالم شێتە (مەجنوون)ـە، ئەو سالمە وای لێهاتووە لە عیشقا خۆی بسازێنێت و خۆی ڕێک بخات.

* کوردی دەڵێت: (٣)

**وتم: گەردەن کەچی عەشقت منم قوربان. وتی: شێتی**

**هەزارێکی وەکو تۆ کوشتەیی شمشێری ئەبروومە** ب٢(٥٨)

کوردی دەیەوێت بە دلبەرەکەی بڵێت من وام و وام. ئەو بەسەری لموزی (زۆر بەنازەوە) وەلامی دەداتەوە و دەڵێت: ئەتۆ شێتی. هەزاری وەکو تۆ، هەر بە تەنیا و بە شمشێری برۆم کوشتوومن. واتە تۆ چاکەت لەگەڵدا کراوە و لەوەندەی براندیتمانەوە، کە هەر ئەوەندەی پێ گوتراوە: شێتی.

* دیسان دەڵێت:

**بە کەیفی خۆیە، موختارە، هەچی دەیلێ و بلێ، ئیدی**

**کە سوڵتانی خوبانە و دڵی (کوردی) گەدایەکە** ب٢(٤٢)

کوردی دەڵێت ئەو بە کەیفی خۆیەتی، چ دەکات و چ ناکات. کەس ناتوانێت بڵێت لەل. ماشوقە کەسێکی گەورە و بەدەسەڵاتی هەموو جوانان بێت، هەردەبێت وابێت. دڵی کوردی گەدایەکە، واتە سواڵکەرە. (دڵی) بەڕێنووسی کۆن بە (دەڵێ)یش دەخوێندرێتەوە، ئەو دێرە ئەوەی لێ دەفامرێتەوە (دەڵێ کوردی گەدایەکە).

* دیسان دەڵێت:

**بە وەڵلا حاجەتی قەتڵی نییە هیجرانتان مەرگە**

**چ فایدە، هەروەکو (کوردی) ئەویش گیان سەخت و بێعارە** ب١(٥٥١)

کوردی لەنیوە دێری دووەمدا، خۆی بەگیان سەخت و بێعار چواندووە. گیان سەخت: ئەوەی بە زەحمەت گیان لە لەشی دەربچێت، ڕووقایم، بێ باک.
بێعار: بێ شەرم، ئەوەی عاری بەخۆ نەبێت.
* دیسان دەڵێت:
**من کە ڕیسوا بووم و تەپڵی عاشقیم لێ دا ئیتر**
**(کوردی) هیچ پەروای دڵ و سامان و جان و دین نییە**
ب٢(٩٣)
دەڵێت: ئەگەر من ڕیسوا بووم و ناوم لە هەموو شوێن و کۆڕ و کۆبوونەوەیەک هات (بەخراپە باسم کرا)، باکم بەهیچ نایەت و گوێ نادەمە هیچ شتێک: دڵ، سامان، جان، دین.
* مەلا وەسمان دەڵێت:(٤)
**نەوەک فایق بەد ئەتوار و بەد ئەندێش**
**خیانەت پیشە و قاسیر لە خزمەت** (٢٠٠)
تەماشای ئەو دێرە شیعرە بکە و بزانە چ ناووناتۆرەیەکی لەخۆی ناوە! لە نیوەدێری یەکەمدا، باس لە حاڵ و حەواڵ و بیری خراپ دەکات، واتە ئەوەی دیار و پێش چاوە لەگەڵ ئەوەی نادیارە و هێشتا ئاشکرا نەکراوە. خیانەت پیشە: ئەوەندەی پێی بکرێت و لۆی بلوێت خیانەت و خائینی کار و پیشەی بێت. قاسیر لە خزمەت: دەست کورت، نا تەوان، تەمبەڵی و تەوەززەلی. مەلا وەسمان چوار کار و سیفەتی زۆر خراپی داوەتە پاڵ خۆی و بزانە چی لە خۆی کردووە.
* دیسان دەڵێت:
**غەریقی بەحری عوسیان و قەباحەت**
**خەریک فایق لەقوڵڵەی جورمدا تاک** (١٤١)
نقوم لە دەریای سەرکێشی و بێ ئەمری و کاری نابەجێ و ناشیرین. بەردەوام خەریک و مەشغوولی خراپە و خراپەکاری. لە هەموو ئەو کار و کردەوانەشدا یەکەمە و لە لووتکە دایە.
* دیسان دەڵێت:
**لە دنیا تێر نەبوو فایق هەتا مرد**
**غەریقی بەحری ڕەحمەت بێ خوداسا** (٣٠)
مەلا وەسمان، بە زمانی خۆی دەڵێت و پێی لێ دەنێت: لە دنیا تێر نەبووە. تێرنەبوونی دنیاش چەند واتەیەک بەخۆ دەگرێت: تێری بەزگی خۆی نەخواردووە، یان تێر بەچاوی خۆی ئەو دنیایەی نەدیوە.... تاد.
* حاجی دەڵێت:(٥)
**بەیادی کونجی تۆ (حاجی) وەکو بووم**
**لە مەعموورە دەچێتە ناو کەلاوە** (١١٣)
ئەم غەزەلەی حاجی (٥) دێرە. لەگەڵ یەکێک قسان دەکات. بە ئەو دەڵێت: بەیادی ئەو کونج و کەلەبەرەی تۆ، بەیادی ئەو ڕۆژانە، منیش وەکو کوندەبۆ ئاوەدانی بەجێ دێڵم و کەلاوە و خەرابەکان دەکەم بە ماڵ و حاڵ. ئەمەش تاکە سیفەتی ئەوە، هەربۆیە لەحەقایەت و ئەفسانەکانی کوردەواری ڕۆڵی خۆی پێ دراوە، لای ئێمەی کورد ڕەمز و هێمای شوومی و خراپییە.
* دیسان دەڵێت:
**بۆ تەماشای بەلەک و زەندی سپی و چاوی بەڵەک**
**نیشتووە لەم دەرە عاشق وەکو حاجی لەک لەک**
(٧٠)
حاجی بۆ ئەو وێنە هونەرییەی ڕەنگەکانی تێکەڵ بەیەک کردووە، بەلەک و بەڵەک. بەلەک و زەند دوو ئەندامی لەشی مرۆڤن و ئەو دوو شوێنە سپییەی بە چاو بینیوە. بەڵەک: دوو ڕەنگ. چاو بەڵەک: چاوێک دوو ڕەنگ بێت. لە نیوەدێری دووەمدا حاجی خۆی بە حاجی لەق لەق چواندووە، کە لەپێش دەرگای ئەوان نیشتووە.
* دیسان دەڵێت:
**ماچی دەست و پێی ئەمیری دەستگیری حازرە،**
**شێتە (حاجی) ماچی لێو و دەستی دەست و پێ دەکا**
(٤٧)
حاجی لەو دێرەیدا دوو چینی ناو کۆمەڵمان نیشان دەدات، (ئەمیری دەستگیر، دەست و پێ، یان دەست و پێوەند).
هەڵەیەک لەچۆنیەتی ماچکردنەکەدایە، ماچی دەست و پێی، یان ماچی لێو و دەستی. دواجار حاجی شێتاتییەکەی خۆشی، ئاشکرا دەکات.
* دیسان دەڵێت:
**هەرکە بیستم دەڵێ (حاجی) سەگی دەرگانەمە**
**من لە ترسی گورگی بەدکار کەری خۆم بەستەوە**
(١٢٧)
بەڕاستی حاجی باس لە شتی سەیر و پرسەمەرە دەکات. لە مێژە گوێ قوڵاغە و حەز دەکات شتێک ببیسێت و دڵی پێ خۆش بێت، ئەوە دڵی خۆش کرا و بیستی (حاجی سەگی دەرگانەمە). لە ترسی گورگی بەدکار کەرەکەی خۆی بەستووەتەوە (دیارە کەری بەرەڵڵا لە فەوتان و بوون بە خۆراکی گورگ زۆر نزیکە) حاجی دەیەوێت بەو پەندەی ئاستی ئەو پلە و عینوانەی تازە وەریگرتووە، بپارێزێت و لەبەر دڵی بەرانبەرەکەی

نەکەویت.

* دیسان دەڵێت:

**غەم مەخۆ قوربان لە بۆ قوربانی عیدی وەصڵی تۆ**
**مـوددەیەکـە بەو ئومـێـدە (حـاجی) خـۆی دابەسـتـووە**
(١٣٢)

قوربان و قوربانی، قوربانی عید و دابەستی. عیدی وەسڵ. هەموو ئەو وردەکارییە هونەرییانەی حاجی هەر بۆ ئەوەیە بڵـێت: حـاجی خـۆی دابەسـتـیـیـە بۆ قـوربانی جـەژنێکی تایبـەتی خـۆی، کـە ئەویش جـەژنی بە یەکگەیشـتنی حاجی و مـاشوقەکەیەتی. ئەو بۆنەیە لای حاجی نرخ و بەهای جەژنی قوربانی هەیە.

* دیسان دەڵێت:

**سـەرسـپی و دڵ ڕەش بـوو (حـاجی) تا فـەقێ بـوو، ئێستەکەش**
**ڕوو ڕەشێکە ڕیش سـپی خـوا عـالیـمـە هەروا دەبێ**
(١٥٠)

حاجی لەو دێرەیدا، باس لە ئێستا و ڕابردوویەکی زۆر دوور دەکـات (دوو قـۆناغی تەمـەن). تا فـەقێ بووە مـەندیلێکی سپی لەسـەرەخـۆی ئاڵاندووە، ئەوە بچم و شێوەی دەرەوەی. دڵی گەنجێکی وەکو حاجی (ئەوسا) دەبێت چی تێـدا بووبێت، کـە ئەو بە ڕەشی ناوبردووە. ئێسـتـاش دەڵێت ڕوو ڕەشێکم ڕیش سپی (هەر خـوا بەخـۆی دەزانێ)، بەڵام وای تێ دەگـەم هەروا دەبم و هەرواش دەمینێم. تەماشای ئەو هاوکێشەیەش بکە:

سەر سپی- دڵ ڕەش- گەنجی
ڕیش سپی - ڕووڕەش - پیرو پەککەوتوو

* دیسان دەڵێت:

**لە تووشی خۆم بوو هەرچی تووشی خۆم بوو**
**لە دەستی خۆیەتی (حاجی) شکاتی** (١٦٧)

تووشی یەکـەم: تووشـە، یەکـێک هەر لە خـوای بوێت، سـەرگـەرم و شـەڕاوی، قـیـسکە تەنگ، تووشی دووەم: بەرانبـەر بوونـەوە و پێکگەیشتن، بەرێکەوت دوو کـەس، یان شتێکت بێتە پێش. خەڵکانێک بە دەست کەسانێک گلە و گـازاندە و شکایـەتیـانە، ئەوەی حاجی وەکـو هیچ کەسێک نییـە، ئەو گلە و گازاندە و شکایەتی لە دەست خۆیەتی، ئەوەیە سەیران!!

* مەحوی دەڵێت: (٦)

**لەمن نازانم ئـیـسـتـر نەفـسـی بەدخـوو چیی دەوێ (مەحویی)**
**کـە بەدکـردار و بـەد ڕەفـتـار و بەد ئەفکار و بەد طەورم**
(٢٢٢)

ئەگـەر خـوای گـەورە بەخـۆی فـەرمـوویەتی: (إن النفس لأمارة بالسوء) دەبێ نەفس چ بەڵا و نسیبـەتێک بێت، دەیەوێت چیمـان لێ بکات؟ مەحویش شەڕی لەگەڵ ئەوە. بزانە چی لێ کردووە و هێشتا تێر نەبووە و شتی تری لێ دەوێت. ئەمانەی مەحوی (کردار، ڕەفتار، ئەفکار، تەور) هەموو ئەمانەی بۆگەنی کردووە و نەیهێشتووە و هێشتا ڕاناوەسـتێت. لەو تابلۆ ڕەنگاوڕەنگە وێنەی مـەحوی بە پێـچـەوانە دەبینم، ئینجـا گـەورەیی ئەومـان بۆ دەردەکەوێت.

* دیسان دەڵێت:

**گەدایەکی وەکو (مەحوی) قەلەندەرێکی کورد**
**میثالی پادشەهی فورسە، صاحێبی دیوان** (٣٤٨)

مـەحـوی لەو دێرەیدا، خـۆی بە گـەدا و قـەلەندەر چواندووە، لەبەر ئەوەی خاوەنی دیوانە، وەکو شاهنشای ئێـران وایە، وشـەی دیوان لەو دێرەدا تەورییـەیە و دوو واتای هەیە، لێرە واتای دیوانی شیعـری مەبەسـتـە نەک دیوان و دیوەخان و...تاد.

* دیسان دەڵێت:

**منم مووری ضەعیف و ئەم قەصیدە لاقە کوللەی من**
**فـەقـەط من هەدیەکـەم خـدمـەت سـولەیمانی سـولەیمانە**
(٤٥٦)

موور: مێروو، مێروستان. ئەو دێرە لە باسێکی تر بەو شێوەیەم نووسیـوە: ئەم دێرە لە قـەسیـدەی بەحری نوور وەرگـیـراوە. لە دیوانەکـەیدا هاتووە: (دەیگێـڕنەوە جارێکیـان مێرووڵەیەک لاقە کوللەیەکی بەدیاری برد بۆ حـەزرەتی سـولەیمان و عـەرزی کـرد دیاری بەپێی پایەی خاوەنەکەیەتی)

دیارە مەحویش بەرانبەر بە پێغەمبەری خۆمان (د.خ) دەیەوێت هەمـان دەور بگێـڕێت. ئەوەتە بەخـۆی دەڵێت: ئەو قەسیدەیەم بەرانبەر لاقە کوللەیەکی مێرووەکەیە، بە واتایەکی تر:

لاقە کوللە - قەسیدەی بەحری نوور
مێروو - مەحوی
سولەیمان - موحەممەدی کوڕی عەبدوڵڵا (د.خ)(٧)

* دیسان دەڵێت:

**دەخیلی ئەو سەگی بەرقاپییەم جارێ بەیەکجاری**
**سـەرئەفـرازم بکە، فـەرمـوو: سـەگی بەردەرکی خۆمـانە**
(٤٥٧)

مـەحـوی بەرانبـەر بەزاتێکی گـەورە دەڵێت: نەک بۆ

بەڕێزتان، من خۆم دەخیلی سەگەکەی پێش دەرگانەکەتان دەکەم، بۆ ئەوەی ئەگەر بە یەکجاری لەگەڵم ببڕێننەوە و سەرفرازم بکەن و بڵێن: ئەویش سەگی بەر دەرگای خۆمانە.

* دیسان دەڵێت:

**بەیەک دوو قەترە ئاوی حەیاتی کە وەکوو قیطمیر**
**لە کەهفی خۆتیا ڕێ دە، سەگی ئەصحابی خۆتانە**
(٤٥٨)

قیتمیر: ناوی سەگەکەی ئەسحابولکەهفە. مەحوی ڕووی لە پێغەمبەرە (د.خ) دەڵێت: منیش سەگی ئەسحابی ئێوەم. دیارە مەحوی بەو هاوکێشەیە دەیەوێت ئەوەی بۆ سەگی ئەسحابولکەهف کراوە، بۆ ئەویش بکرێت. ئەو وێنە شیعرییە لای زۆر لە شاعیرەکانی ترمان و بە وێنەی جیاجیا خۆی دووبارە کردووەتەوە.

* شێخ ڕەزا دەڵێت: (١٨)

**خواستی لێی ماچێ ڕەزا کافرە نەیداو و وتی**
**ئەی خودا لەم کوڕە شێخ زادەیە چەند بێ ئەدەبە**
(٩٤)

دیارە شێخ ڕەزا داوای ماچێکی لەکچێک کردووە، ئەویش لەگەڵ ئەوەی ماچەکەی نەداوەتێ، جنێوێکی خەفیفیشی پێداوە (ئەو کوڕە شێخ زادەیە چەند بێ ئەدەبە).

* دیسان دەڵێت:

**مەربووتە حەیاتم بە سولەیمانی وو خاکی**
**خۆزگەم بە سەگی قاپییەکەی ئەحمەدی کاکی** (١٢٠)

شێخ ڕەزا لە نیوە دێری یەکەمدا، ژیانی خۆی بەخاکی سلێمانییەوە گرێ داوە. لە نیوە دێری دووەمدا، خۆزگە بە سەگەکەی پێش دەرگانەکەی مەرقەدی کاکە ئەحمەدی شێخ دەخوازێت.

* دیسان دەڵێت:

**ئەی نەقیب زادە، بنێرە کەڵەشێرێکی وەها**
**بۆ ڕەزاکەی سەگی قاپییەکەی گەیلانی** (١٢٠)

شێخ ڕەزا لە دۆستە نەقیب زادەکەی داوا دەکات کەڵەشێرێکی بۆ بنێرێت، کامە ڕەزا...!! ئەو ڕەزایەی خۆی بە سەگەکەی پێش دەرگانەکەی حەزرەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی چواندووە (دامەزرێنەری تەریقەتی قادر)ییە.

* دیسان دەڵێت:

**یارسول الله چە با شد چون سگ اصحاب کهف**
**داخل جنت شوم در زمرەء اصحاب کهف**
**او رود در جنت و من درجهنم کی رواست**
**اوسگ اصحاب کهف ومن سگ اصحاب تو** (٤٠٥)

لەبەر زێدە بەهێزی و بەناوبانگی، ئەو دوو دێرە فارسییەی شێخ ڕەزامان هێناوەتەوە. ئەو خۆی لەگەڵ ڕووداوێکی مێژوویی ئایینی گرێ داوە. ڕوو لە پێغەمبەرمان (د.خ) دەکا و دەڵێت: ئەگەر لەبەر خاتری ئەسحابولکەهف سەگەکەیان بچێتە بەهەشت، منیش خۆم بۆ چوونە بەهەشت ئامادە کردووە و حەقی ئەوەم هەیە، لەبەر ئەوەی منیش سەگی ئەسحاب و یارانی تۆم.

لە کۆتایی ئەو بەشە، بە نیشاندانی نموونەی ئەو (٧) شاعیرانە، هیوادارم گیانیانم شاد کردبێت و خزمەتێکی بچووکی ئەدەبی کۆنی کوردیشم کردبێت.

* ئەو باسە درێژەی هەیە

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**

**(*) کاتی خۆی (الکلب الحقیر)یشم بینیوە، لەبەر ئەوەی دووبارە سەرچاوەکەم بۆ نەدۆزرایەوە، تۆمارم نەکرد.**


**١- نالی (دیوان)، ساغکردنەوەی مارف خەزنەدار، چاپی دووەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٨.**

**٢- سالم (دیوان)، چاپی دووەم، چاپخانەی کوردستان، هەولێر، ١٩٧٣.**

**٣- کوردی (دیوان)، لێکۆڵینەوەی محەمەد مستەفا (حەمەبۆر)، چاپی یەکەم، بەرگی (١، ٢)، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠.**

**٤- مەلا وەسمان (دیوان)، لێکدانەوە و لێکۆڵینەوە و لەسەر نووسینی دکتۆر ئەمین موتابچی، چاپخانەی (الاداب)، (النجف الاشرف)، ١٩٧٣.**

**٥- حاجی قادری کۆیی (دیوان)، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی سەردار حەمید میران- کەریم مستەفا شارەزا، بەغدا، ١٩٨٦.**

**٦- مەحوی (دیوان)، لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، چاپی دووەم، چاپخانەی ئۆفسێتی (حسام)، بەغدا، ١٩٨٤.**

**٧- عەبدوڵڵا خدر مەولوود، هێز و دەسەڵاتی حەزرەتی سولەیمان لە شیعری کلاسیکدا، (بڵاونەکراوەتەوە).**

**٨- شێخ ڕەزای تاڵەبانی (دیوان)، ساغکردنەوە و شەرحی شوکر مستەفا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٠.**

# بنیادی کارەکتەر و ئیستێتیکای گێڕانەوە
# لە ڕۆمانی (کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان)دا *

**عەلی عوسمان یاقووب**

**(سوێد)**

**(٢ - ٢)**

بەر لەوەی پرۆسەی گێڕانەوەکان دەست پێ بکات، پرۆسەیەکی دیکە لە یادەوەریی هەر یەک لە حەکایەتبێژەکان، (ئامانج) و (ئازادی هەمین مامان) و (سۆزانی مام ئەنوەر باخەوان)دا بەڕێوە دەچێت، کە پرۆسەی بیرهاتنەوەی بیرەوەرییەکانە. کاتێک مرۆڤ بیری ناچێت، کە شتەکان بیر خۆی بێنێتەوە، خەیاڵ سنووری نێوان "خود"ی حەکایەتبێژ و دنیای دەرەوە ناهێڵێت. ئەو کاتە، حەکایەتبێژ دەبێتە هەموو گەردوون و هەموو گەردوونیش دەبێتە ئەو. ئەو کاتە حەکایەتبێژ دەبێتە هەموو خەڵک و هەموو خەڵکیش دەبن بە ئەو. ئەم هاوکێشەیە پانتاییەکی زۆری لە یادەوەریی حەکایەتبێژەکانی ئەم ڕۆمانەدا داگیر کردووە. یادەوەریی حەکایەتبێژەکان دەتوانێت هەموو ئەو شتانە بگرێتە خۆ، کە ئێمە لەوە دەچێت پێیان نەزانین. لەبەر ئەوەی حەکایەتبێژەکان توانایییەکی گەورەی بیرکردنەوە، یان بیرهاتنەوەیان هەیە، ئەوەی بینیویانە و بیستوویانە، هەردەم دەیبیستن و دەیبیننەوە. وزە و توانایی حەکایەتبێژەکان لە پرۆسێسی بیرهاتنەوەی شتەکانی ڕابردوودایە و هەر ئەمەیشە دەبێت بە سەرچاوە بۆ دارشتنی داهاتوو.

کاتێک حەکایەتبێژەکانی ڕۆمانی "کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان" بە ڕابردووی خۆیاندا دەچنەوە و پەنا بۆ بیرەوەرییەکانیان دەبەن، لەوێ خۆیان و هەموو خەڵکەکە و دەوروبەرەکە دەدۆزنەوە. بەم شێوەیە دەتوانن وەسفی ئەو وێنەیەی خۆیان بکەن، کە لە یادەوەرییاندا هەڵگیراوە. بیرەوەرییەکان هەستێکیان لەلا دەورووژێنن، کە دەبێتە مایەی بەدەستهێنانی زانیاریی زیاتر. (ئامانج) لە کەناڵی سێیەمدا، کاتێک باسی ماڵی خۆیان بۆ ئێمە دەگێڕێتەوە، دەڵێت:

"گۆمێکی لەبەردەم بووە و سەدان قاز و مراویی کێوی مەلەیان تێدا کردووە... من زۆر جار بۆنی گۆمەکە و باڵندەکانم لە دەرگاو دیوار و گڵی سەربانەکەمان دەکرد ..."

دواتر بۆ خۆی دەگێڕێتەوە و دەڵێت:

"بیری خانووە کۆنەکەی خۆتانت کرد، بە تایبەتی کاتێ لە سەربان لە کۆترە سپییەکانت دەڕوانی و وەکو ملوانکەیەکی گەورە دەهاتنە بەرچاو، کە کرابوونە ملی ئاسمانەوە... ئەوان پۆل پۆل لە گەڕەکی "تەعجیل"ەوە



**کاروان عومەر کاکەسوور**

بەسەر باخی گڵکەنددا دەهاتن و دەگەیشتنە ئەوێ... هێندە چاوت لەسەریان ڕادەگرت، تا بینایییت لێڵ دەبوو و کۆترەکان وەکو دوو کلووی شەکری ناو پیاڵەی پڕ چای گەرم دەتوانەوە... ماڵی "شێخ موعتەسەم"یش چەند جووتێکی نەجەفی و شیرازییان هەبوو... هەتا ئێستاش کۆڵانەکانیان، کە بە سەندووقی چا دروستکراون، ماون و کاتێ هەتاویان لێ دەدات، بۆنێکی ئێجگار خۆش بەو ناوەدا بڵاو دەبێتەوە، بەڵام خۆیان لەگەڵ فرۆشتنی خانووەکەدا پەرتەوازە بوون... "

گرنگیی ئەم دیمەنانەی ناو یادەوەریی (ئامانج) لەوەدایە، کە هەندێک بیرەوەریی دیکەی لەلا دەورووژێنن، بۆیە ناکرێت خوێنەر بڵێت ئەمانە دیمەنێکن بۆ سەرجەم پرۆسەی گێڕانەوەکە و کاریگەریەتییەکی ئەوتۆیان نییە. بە هەرحاڵ، سەبارەت بەم ڕاستییەیە، کە سەرجەم پرۆسەی بیرهاتنەوەکەیش لە ئامێزی هۆشیارییەکی قووڵدا بەڕێوە دەچێت. لێرەدا پرسیارێکی گرنگ دێتە پێشەوە: ئایا هۆکاری ئەم بیرهاتنەوەیە، یان بیرهێنانەوەیە چییە؟ دیارە کاتێک مرۆڤ، هەست بە نائاسوودەیی و نائارامی دەکات سەبارەت بە بۆشاییەک، کە دەروونی داگیر کردووە، ئەو کاتە دەیەوێت بزانێت کێ ئەم بۆشاییەی دروست کردووە و چۆن پڕ دەکرێتەوە، بۆیە شتێکی ئاساییە بە ڕابردووی خۆیدا بچێتەوە. لە دنیای ئەدەب و هونەریشدا، گومان لەوەدا نییە، کە هیچ ڕۆماننووسێک، هیچ شاعیرێک، هیچ نیگارکێشێک بەرهەمەکەی بۆ ڕابردوو نییە، بەڵکو بۆ داهاتووە. لەگەڵ ئەوەیشدا، ئەگەر ڕابردوویان لە ناخی خۆیاندا هەڵنەگرتبێت ناتوانن داهاتوو دابڕێژن. نابێت ئەوەیشمان بیر بچێت، کە ڕابردوو بە هیچ کام لە حەکایەتبێژەکان ناڵێت، کە چۆن بژین، بەڵکو پێشانیان دەدەن، کە چۆن نەژین!

لەسەرێکی دیکەوە، لەبەر ئەوەی بیرهاتنەوەی شتەکان لە یادەوەریی حەکایەتبێژەکاندا زیاتر بە ڕووداوەکانەوە گرێ دراوە، بۆیە دەکرێت بڵێین بەپێتی و بەهێزیی یادەوەرییەکانیان پێوەندییەکی کەمیان بە ئاستی ڕۆشنبیرییانەوە هەیە. حەکایەتبێژ ئەزموونی لەگەڵ ڕووداوێک، خەیاڵێک، خەونێک، یان کەسێک، یان چەند کەسێکەوە هەیە و لە چرکەساتێکی تایبەتدا، بێ ئەوەی هیچ بەربەستێکی لە بەردەم بێت، دەیگێڕێتەوە. دیارە ڕووداوە گرنگ و پڕماناکان هەردەم یادەوەریی حەکایەتبێژەکان زیاتر بە جووڵە دێنن، بۆیە زۆر جار ئەو ڕووداوانە دووبارە دەبنەوە. بێجگە لەمەش، پرۆسەی بیرهێنانەوەکەیش ئاسانتر دەکەن. ئەگەر پێوەندییەکانی زەمەن و شوێن و ڕووداوەکان گێڕانەوەکانی هەریەک لە (ئامانج) و (ئازادی هەمین مامان) و (سۆزان)ی بە یەکدی نەبەستایەتەوە لە فۆرمی ڕۆمانێکی ئاوادا، ئەو کاتە گێڕانەوەی هەر یەکێکیان دەبوو بە بایۆگرافیێکی سەربەخۆ بە هەمان گرنگیی ڕۆمانەکە. لە کاتێکدا ئەو ڕووداو و بەسەرهات و چیرۆکانە، کە لە چواچێوەی گێڕانەوەکەدا دەکەونە ناو دنیا دروستکراوەکان، بە چرکەسات و هەلومەرجی گێڕانەوەکان، هەروەها بەو شێوازەوە، کە حەکایەتبێژ بە کاری دێنێت بۆ گێڕانەوەی شتەکان، بەستراونەتەوە، بەڵام دواجار ئەوە یادەوەریی نووسەرە، کە ئەو بیرەوەریانەی لە چرکەساتەکانی گێڕانەوەکاندا هەڵگرتووە، هەڵبەت بە هەستکردن بە ئامادەبوونی قسەبۆکەر، یان گوێگر تەنانەت ئەگەر خۆیشی بێت.

یادەوەری بۆ پرۆسێسی گێڕانەوە وەکو عەمبار وایە. هەموو کەرەسە کولتوورییەکانی تێ دەخرێت. زۆربەی کەرەسەکانیش لە شێوەی چیرۆکدان. چیرۆکەکان پێمان

دەڵێن خەڵکەکانیان کێن و پێشتر چی بوون و ئێستا چۆنن. هەر کاتێک ئەم چیرۆکانە لە ڕێگای گێڕانەوەوە زیندوو دەکرێنەوە، هەمان وەزیفە جێبەجێ دەکەن. چیرۆکەکانی ماهیڤان و ژالین و شێرزاد ناجی و ئاواز و شەقاوەکانی شار و چیرۆکی حاتەم دێوانە و مەجۆی شوان و دایکی سۆزان و ڕەفعەت حەمدی و ڕەمزی ئازادی و... تاد وا دەردەکەون، کە مرۆڤ پێشتر هەموویانی بیستبێت، بەڵام لەبەر ئەوەی یادەوەریی حەکایەتبێژەکان بەو ئاراستەیەدا دەچێت، کە ڕابردوو لە وێنەی ئێستادا زیندوو بکاتەوە، بۆیە گرنگیی ڕووداوەکانی ڕابردوو، لە باری ناوەڕۆکدا، زۆرکەم کراوەتەوە. لە لایەکی دیکەوە، بیرەوەرییەکان تێکەڵێکن لە مەسەلە کەسێنی و مێژووییەکان، هەروەها پێوەندییەکانی حەکایەتبێژ بە کۆمەڵگا و ڕەوشە سیاسییەکانەوە. زۆر جار ئەفسانە و خورافەیشی تێکەڵ دەبێت. (ئامانج) لە کەناڵی سێیەمدا دەڵێت:


"بارانێک هەیە چەند ساڵێک جارێک دەبارێت... ئەو بارانە زۆر کەم دەخایەنێت... هەتا تۆ لە ئاسمان دەڕوانی، ئەو تەواو بووە... دڵۆپەکانی گەورەن... کاتێ دەکەونە سەر زەوی، وەکو گوڵی سەر قوماش دەردەکەون، چونکە تەنیا شوێنی خۆیان تەڕ دەکەن و ئەو ڕووبەرەی دیکە بە وشکی دەمێنێتەوە... ئەو بارانە بۆنێکی خۆش لەو خۆڵە تینووە هەڵدەستێنێت... خەڵکی گەڕەک دەڵێن لەوکاتەدا ئەگەر مرۆڤ هەرچی بخوازێت، بۆی دێتە دی ..."

تێکەڵبوونی هەموو ئەمانە مانای ئەوەیە، کە یادەوەریی حەکایەتبێژەکان سنووری ماوەی ژیان و ئەزموونی ئەوانیشی بەزاندووە. ئەو ڕابردووەی، کە حەکایەتبێژ ئەزموونیشی لەگەڵدا نەبووە، دواجار، کە لە چوارچێوەی گێڕانەوەدا دادەڕێژرێت، وەک ئەوەی لێ دێت، کە ئەزموونێکی ڕاستەقینەی لەگەڵدا هەبووبێت.

جێگای ئاماژەپێکردنە، کە زانیارییەکان لە یادەوەریی حەکایەتبێژەکاندا بە شێوەیەکی زۆر هونەری ڕێک دەخرێن، بەر لەوەی لە چوارچێوەی گێڕانەوەکەدا دەربڕدرێن. پرۆسەکە، وەکو پرۆسەیەکی هونەری، یەکجار ئاڵۆز و سەختە. زۆر لە دروستکردنی ڕۆڵی کارەکتەر دەچێت لە لایەن ئەکتەرەوە. لەوێ بینەر تەنیا دیوی دەرەوەی پرۆسەکە دەبینێت. ئەویش بریتییە لە جووڵەی جەستە، کە لە ئەنجامی مەشق و ڕاهێنانێکی تێروتەسەلەوە هاتووە. لە کاتێکدا هیچ جووڵەیەکی جەستە ئەنجام نادرێت، ئەگەر پێشەکی ئامادەکارییەکی هزری و دەروونیی بۆ نەکرێت و ئەکتەر لە خەیاڵی خۆیدا ڕێکی نەخات. بە واتایەکی دیکە پرۆسەی نواندن، وەکو لە ڕواڵەتدا دەردەکەوێت، دەرچوونی ئەکتەرە بۆ دەرەوەی خود، بەڵام ڕاستییەکەی پرۆسەکە پێچەوانەی ئەمەیە، واتە بریتییە لە گەڕانەوە بۆ خود و دواتر دەبێتە دەرچوون بۆ دەرەوەی خود. حەکایەتبێژەکانی ئەم ڕۆمانە هەمان شت دەکەن. بەر لەوەی ڕووداوێکی گرنگ، یان کارەکتەرێکی دیار، یان بیرۆکەیەکی سەرنجڕاکێش لە یادەوەریی خۆیدا بۆ گێڕانەوە ئامادە بکەن، بە شێوەیەک لە شێوەکان وێنەیەک پێشانی خوێنەر دەدەن، کە لەگەڵ ڕووداوەکە، یان کارەکتەرەکە ، یان بیرۆکەکە هاوتەریبە. نموونەیش بۆ ئەمە زۆرە. بەر لەوەی "فەوزی داود"ی هونەرمەند بناسین، "گوڵدان"ی کچی، کە ئەنتیکفرۆشە دەناسین. خوێنەر هەر لە ناوەکەیەوە هەست بەوە دەکات، کە ڕەهەندێکی هونەریی هەیە. کەواتە ناوی "گوڵدان" و پیشەکەی وەکو شوناس وان بۆ "فەوزی داود"ی هونەرمەند، هەروەها بەر لەوەی حەکایەتبێژ چیرۆکی (عیماد) و (ئیمان)مان بۆ بگێڕێتەوە، وێنەی "ماڵەباجێنە"کە لە یادەوەریی خۆی زیندوو دەکاتەوە و بۆ ئێمەی دەگێڕێتەوە، کە لەگەڵ چیرۆکی (عیماد) و (ئیمان)دا هاوتەریب دەبێت، ئەگەرچی لە ڕووی زمانەوانییەوە هیچ ئاماژەیەک بۆ ئامادەبوونی نووسەر وەکو حەکایەتبێژ لەم حاڵەتانەدا نییە، بەڵام مرۆڤ ڕێکخستنی گێڕانەوەکە لە یادەوەریی حەکایەتبێژەکە بەو شێوەیەی، کە لە مەسەلەی "گوڵدان" و چیرۆکی (عیماد) و (ئیمان)دا باسمان کرد دەخاتە پاڵ نووسەر خۆی.

* * *

هەڵبەت گێڕانەوە پێوەندیی بە حەکایەتبێژەوە هەیە، بەڵام ئایا دەکرێت بڵێین حەکایەتبێژ وەکو عەقڵێکی گشتی وایە بەسەر تەواوی ڕووداوەکاندا، ئەگەرنا ئەی پێوەندییان بە ڕووداوەکانەوە چییە؟ پاشان پێوەندیی نووسەر بەوانەوە چییە؟ دواجار، تا چەند ئەم حەکایەتبێژانە لە ڕۆمانی "کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان" ڕاستگۆن و جێگای متمانەن لە گێڕانەوەدا؟ گریمان هەموو ئەم پرسیارانە بە هەر شێوەیەک بێت وەڵام درانەوە، ئەی



**جۆزێف کۆنراد**

مرۆڤ چۆن مەزەندەی هەڵوێستی خوێنەر دەکات؟

حەکایەتبێژ لە ڕۆمانەکانی (کاروان)دا لە سەرووی هەموو کارەکتەرەکانەوەیە. ئەو ئاگاداری هەڵسوکەوتیانە، دەزانێت چۆن بیر دەکەنەوە و ناخیان دەبینێت. لەگەڵ ئەوەشدا، وەکو پرەنسیپێکی گشتی، پێویستە مرۆڤ لەوە بە گومان بێت، کە حەکایەتبێژ هەموو شتێک دەزانێت. واتە نابێت بە ئاسانی هەموو بیرۆکەکان قبوڵ بکات ئەگەر بەڵگەی بە دەستەوە نەبێت. (کاروان) سەبارەت بەم ڕاستییەیە، کە لە لایەک زیاتر لە حەکایەتبێژێک بەکار دێنێت و لە لایەکی دیکەیشەوە حەکایەتبێژ دەکاتە پێکهاتەیەکی سەرەکیی ڕۆمانەکانی. بەکارهێنانی زیاتر لە حەکایەتبێژێک بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەو، وەکو ڕۆماننووس، نایەوێت ئاکامی ناوەرۆکی ڕۆمانەکانی بەسەر بینەردا بسەپێنێت، کە ببێتە مایەی کوشتنی هەموو چێژێک، هەر بۆیە نایەوێت ئەو شتانەی، کە ڕایاندەگەیەنێت، تەنیا لە دیدی کارەکتەرێکەوە، یان حەکایەتبێژێکەوە ببینێت، بەمەیش تەکنیکی ڕۆمانەکان سنووردار ناکات. خۆ ئەگەر شتەکان لە چاوی کارەکتەرێکەوە ببینێت، ئەو کاتە هیچ شتێک لە دەرەوەی ئامادەبوونی ئەو کارەکتەرە، یان بە بێ ئاگاداری ئەو ڕوو نادات. ئەمەیش حاڵەتێکە، کە نووسەر، لە ڕۆمانەکەدا خۆی لێ پاراستووە. بۆیە کاتێ تێڕوانینی هەر کارەکتەرێک دەخاتە ڕوو جۆرێک لە وردبینیی بەرانبەر بە دۆخە ڕاستەقینەکانی ژیان جێبەجێ دەکات. ئەو کاتە شتەکان لە چوارچێوەی هۆشیارییەکی سنووردار دادەڕێژێت. بەمەیش بوارێک بۆ گۆڕینی باری سەرنجەکان دەڕەخسێنێت. نووسەر بەم گۆڕینە لە لایەک سنووری بینینی خۆی فراوانتر دەکات، لە لایەکی دیکەیشەوە بینینی خۆی لەگەڵ بینینی خوێنەر بۆ ژیان هاوتەریب دەکات، ئەمەیش هۆکارێکی ترە بۆ بەکارهێنانی زیاتر لە حەکایەتبێژێک لە ڕۆمانی "کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان"دا.

هەڵبەت لە هونەری ڕۆماننووسیندا، هەموو حەکایەتبێژێک جێگای متمانە نییە. کاتێک ڕۆماننووس حەکایەتبێژێک بە جێناوی کەسی یەکەمەوە بە کار دێنێت، خوێنەر لە گۆشەنیگای ئەو حەکایەتبێژەوە شتەکان دەبینێت. دەکرێت ئەم حەکایەتبێژە گوزارشت لەو باری سەرنجە بکات کە ڕۆمانەکە لە هەناوی خۆیدا هەڵیگرتووە هەروەک ڕەنگە دەنگێکی بە هەڵەدابەر بێت. لە هەمان کاتدا دەکرێ جێگای متمانە بێت. لە سەرێکی دیکەوە، زۆرجار ئەم حەکایەتبێژە زانیاری لە کارەکتەرەکانی دیکەوە وەردەگرێت بۆ ئەوەی بازنەی باری سەرنجەکان فراوانتر بکات، ئەو کاتە خوێنەر شتەکان لە پانتاییەکی گەورەتر و بە متمانەترەوە دەبینێت. خۆ لە هەندێک ڕۆماندا، گێڕانەوەکە لە حەکایەتبێژێکەوە دەگوێزرێتەوە بۆ حەکایەبێژێکی دیکە بە هەمان جێناوی کەسی یەکەمەوە. ئەمەیش بۆ ئەوەیە خوێنەر لە دیدگای زیاتر لە کارەکتەرێکەوە لە هەڵوێست و بیر و بۆچوون و ڕووداوەکان بگات وەکو لە ڕۆمانی "ژاوەژاو و توندوتیژی"ی "ولیەم فۆکنەر"دا دەبینین، هەروەها لەم ڕۆمانەی، کە بووەتە بابەتی ئەم نووسینە. دەکرێ حەکایەتبێژ بە جێناوی کەسی یەکەمی کۆ، واتە "ئێمە" شتەکان بگێڕێتەوە. لەم حاڵەتەدا دەبێت بە یەکێک لەناو گرووپە کەسێکەوە، کە پێکەوە کار دەکەن، ئەگەرچی ئەم شێوەیە لە ڕۆماندا زۆرکەم بەکار دێت، بەڵام کاریگەریەتییەکەی لەوەدایە، کە زیاتر جەخت لەسەر کارەکتەرێک، یان کۆمەڵە کارەکتەرێک دەکاتەوە، کە چیرۆکەکە دەربارەیەتی. نموونەیش بۆ ئەمە چیرۆکی

"گولێک بۆ ئیمیلی" "ولیەم فۆکنەر"ە. بێجگە لەمەش، هەندێک جار حەکایەتبێژ، کە بە جێناوی کەسی یەکەمەوە شتەکان دەگێڕێتەوە، کارەکتەری سەرەکییە، یان کەسێکی زۆر نزیک لە کارەکتەرە سەرەکییەکەیە وەکو لە ڕۆمانی"بەرزاییەکانی وەزەرینگ" بەرچاو دەکەوێت، کە "ئیمیلی برۆنتی" نووسیویەتی.

ئەگەر لە ڕوانگەی ئەم ڕوونکردنەوە کورتەی سەرەوە سەبارەت بە شوێنی حەکایەتبێژ لە ڕۆمانی "کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان" ورد ببینەوە، بۆمان دەردەکەوێت، کە حەکایەتبێژەکانی (کاروان) حەکایەتبێژی ڕاستگۆن لەبەر دوو هۆ: یەکەمیان، وەکو پێشتر باسمان لێوە کرد، (کاروان) زیاتر لە حەکایەتبێژێک بەکار دێنێت و زانیارییەکانی یەکدی پشتڕاست دەکەنەوە بێ ئەوەی ئاگایان لە یەکدی بێت. (ئازادی هەمین مامان) هەندێک لەو شتانەمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە (ئامانج) لە کەناڵی یەکەمدا بۆی گێڕاوینەتەوە، هەروەها ئەوەی (سۆزان) لە کەناڵی چوارەم دەربارەی ئامانج دەیگێڕێتەوە، پاشان (ئامانج)یش دەیانگێڕێتەوە. هەریەک لە (سۆزان) و (ئامانج) ڕووداوی (ڕەفعەت حەمدی)ی مێردی (سامیە خان) دەگێڕنەوە، کە لە یەکێک لە شەقامەکانی بەغدا کوژراوە. ئەو زانیارییانەی، کە (سۆزان) دەربارەی (مام ئەنوەری باخەوان)ی باوکی و کارکردنی لە ڕۆژگارێکدا لە نەوتی کەرکووک لای ئینگلیزەکان وەک شۆفێر و فێربوونی زمانی ئینگلیزی لەگەڵ زانیارییەکانی (ئازادی هەمین مامان)دا وەکو یەکە. ئەمە بێجگە لە خۆکوشتنی (ڕەمزی ئازادی) و چەندین شتی دیکە، کە گێڕانەوەی حەکایەتبێژەکان دەربارەیان هەمان شتە لە کاتی جیاجیادا.

دیارە پشتڕاستکردنەوەی ئەم حەکایەتبێژانە بۆ گێڕانەوەی یەکدی بەهۆی تەکنیکی ڕۆمانەکەوە پاش و پێشی پێ کراوە. دووەمیان، حەکایەتبێژەکان شتەکان ڕاستەوخۆ، یان بۆ خۆیان، یان بۆ خوێنەر دەگێڕنەوە و گێڕانەوەکە بۆ هیچ کارەکتەرێکی ناو ڕۆمانەکە نییە. ئەو کاتەی ڕاستەوخۆ بۆ خۆیان دەگێڕنەوە، ناڕاستەوخۆیش بۆ خوێنەرە. ئەگەر گێڕانەوەکە بۆ کارەکتەرێکی دیکە بووایە، ئەگەری نەبوونی متمانە بە چیرۆکبێژەکە لە ئارادا دەبوو، سەبارەت بەوەی ئەو کاتە دوور نەبوو چیرۆکبێژ شتەکان زیرەکانە بۆ سوودی خۆی بگێڕێتەوە. لە باری سایکۆلۆژییەوە، دیارە مرۆڤ لە قسەکردندا لەگەڵ کەسانی تردا وەک ئەوە نییە، کە بۆ خۆی بیر دەکاتەوە، یان خۆی دەدوێنێت، چونکە دەشێت لە ئاخاوتندا لەگەڵ خەڵکی دیکە بە پێچو پەنا بێت، پلارهاوێژ بێت، ئەو زمانەی، کە بە کاری دێنێت ئاماژەیەکی هەڵخەڵەتێنەری هەبێت، چونکە وشە و دەستەواژەی ئاوای تێدا بەکار دێنێت، کە زیاتر لە مانایەک هەڵدەگرێت وەک چۆن "هارۆڵد پینتەر" لە شانۆنامەکانیدا زۆر بە چڕی کاری لەسەر کردووە. خۆ ڕەنگە مرۆڤ لە ئاخاوتن لەگەڵ بەرانبەرەکەیدا ڕاستەوخۆ باسی مەسەلەی پێوەندیدار هەر نەکات، بۆیە حەکایەتبێژەکانی ڕۆمانی "کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان" شتەکان زیاتر بۆ خۆیان دەگێڕنەوە. جێگای ئاماژە بۆکردنە، کە ڕۆماننووسی بەناوبانگ "جۆزێف کۆنراد" لە نۆڤێلتە بەناوبانگەکەی "دڵی تاریکی"دا چیرۆکەکە لە زاری "مارلۆ" بە جێناوی کەسی یەکەمەوە دەگێڕێتەوە، کە بەشێکی زۆر لە چیرۆکەکە دەگرێتە خۆ، بەڵام دواتر، بۆ ئەوەی گێڕانەوەکە ڕاستگۆیی تێدا بەرجەستە ببێت، لە چوارچێوەی هەمان ئەم شێوازە گێڕانەوەییەدا حەکایەتبێژێکی دیکە دێتە پێشەوە بەناوی "کۆرتز". خوێنەر هیچ شتێک لەسەر زاری ئەم "کۆرتز"ەوە نابیستێت، بەڵکو "مارلۆ"، کە بە جێناوی کەسی یەکەمەوە شتەکان دەگێڕێتەوە، شتەکانی "کۆرتز" بە جێناوی کەسی سێیەم دەگێڕێتەوە. لە ڕۆمانی "کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان"دا، دەیان حاڵەتی وای تێدایە، کە حەکایەتبێژەکان لە زاری کەسانی ترەوە هەندێک لە چیرۆکەکانی پەیوەست بە باسەکانیان دەگێڕنەوە. ئەمە بۆ ئەوەیە حەکایەتبێژەکان ڕاستی و ناڕاستیی چیرۆکەکە نەخەنە ئەستۆی خۆیانەوە، کە دواجار بەڵگەی ڕاستگۆیی ئەوانە. ئەوەی "ئازاد"ی حەکایەتبێژ دەربارەی "مەرجان تیاترۆ" بیستبووی لە خەڵکی ترەوە بوو. بە واتایەکی تر، حەکایەتبێژ لە زاری کەسی سێیەمی نادیارەوە، کە جێگای متمانە نییە، چیرۆکی "مەرجان تیاترۆ"مان بۆ دەگێڕێتەوە، نەک ڕاستەوخۆ، کەچی پاشان "دایە ڕوقیە"ی ژنی (مەلا عارەب عەبدولسەمەد) خۆی چیرۆکی سەروبەندی ڕاکردن، یان ڕەدووکەوتنی (ئیمان)ی کچی لەگەڵ (عیماد)ی کوڕی "مەرجان تیاترۆ" بۆ "ئازاد"ی حەکایەتبێژ دەگێڕێتەوە.

مرۆڤ لە بەکارهێنانی ئەم تەکنیکە لە گێڕانەوەدا،

هەست دەکات نووسەر خۆی ئاخنیوەتە گێڕانەوەی حەکایەتبێژەکەوە، هەروەها هەست دەکات نووسەر لەگەڵ ناوزڕاندنی "مەرجانی نوورەدین تەیارەچی"دا هاوڕا نییە، بۆیە گێڕانەوەکە لە بنچینەدا دەخاتە پاڵ خەڵک نەک کەسێکی دیار. لە کاتێکدا لەگەڵ چیرۆکەکەی (عیماد) و (ئیمان)دا هاوڕایە، بۆیە تەنانەت لە گێڕانەوەیشدا حەکایەتبێژ جێگای متمانەیە. (ئازادی هەمین مامان) وەکو حەکایەتبێژ، چەندین چیرۆکی ترمان لە چوارچێوەی گێڕانەوەکەی خۆیدا بۆ دەگێڕێتەوە، کە لە کارەکتەرەکانی ترەوە بیستوونی. ئیتر خوێنەر خۆی ئازادە لەوەی باوەڕ بە چیرۆکەکان بکات، یان نا بە پێی هەڵسەنگاندنی خۆی بۆ ئەو کارەکتەرانە. بۆ نموونە، (شێرزاد ناجی) چیرۆکی پێوەندیی نێوان (دایە ڕوقیە) و باوکی (ئازادی هەمین مامان) بۆ (ئازاد) دەگێڕێتەوە و ئەویش بۆ ئێمەی دەگێڕێتەوە. ئەمە ئەوپەڕی ڕاستگۆیی (ئازاد) وەکو حەکایەتبێژ بۆ ئێمە دەسەلمێنێت، چونکە شتێک ناگێڕێتەوە، کە هیچی لەبارەوە نەزانێت. بە هەرحاڵ، دوور نییە سەبارەت بە ڕاستیی چیرۆکەکە بیەوێت خوێنەر بخاتە حاڵەتی گومانەوە. لەسەرێکی ترەوە، پێشانی دەدات، کە زانیارییەکانی ئەو سنووردارن. ئەگەر یەکێک پێی وابێت، کە (ئازاد) ئەم شتەی زانیوە و خۆی نەیگێڕاوەتەوە، چونکە پێوەندیی بە باوکییەوە هەبووە، بەڵام ئەوەتا خۆ دواجار زانیارییەکەی گەیاند، پاشان ئەی چۆن خۆی چیرۆکی پێوەندیی نێوان دایکی خۆی، واتە (هەمین مامان)مان لەگەڵ (ئەکرەمی نانەوا)دا بۆ دەگێڕێتەوە؟ کەواتە دەکرێت بڵێین زانیارییەکانی (ئازاد هەمین مامان)ی حەکایەتبێژ تا ڕادەیەک سنووردارن، لەگەڵ ئەوەشدا، خوێنەر هیچ گومانێک لە ڕاستیی گێڕانەوەکەیان ناکات. بێجگە لە پێوەندیی نێوان (هەمین مامان) و (ئەکرەمی نانەوا)، کە (ئازاد)، وەکو حەکایەتبێژ پێی نازانێت، ئەو بەو ڕاستییەیش نازانێت، کە (سامیە خان) پووریەتی، واتە خوشکی باوکیەتی. (ئازاد) ئەم زانیاریانە لە (شێرزاد ناجی) وەردەگرێت. بە کورتی، (ئازاد) وەکو حەکایەتبێژ، زانیارییەکانی لە هی (ئامانج) کەمترن. ئەمەیش مانای ئەوە نییە، کە جێگای متمانە نییە، بە پێچەوانەوە بەڵگەی ڕاستگۆییە، چونکە وەکو گوتمان شتێک ناگێڕێتەوە، کە نەیزانێت. لە لایەکی ترەوە، هەندێک جار حەکایەتبێژەکان پشت بە ئەزموونی خۆیان دەبەستن لە بەدەستهێنانی زانیاریدا.

(ئامانج) لە کەناڵی سێیەمدا زانی ئەو ژنەی لەگەڵ گەیشتنی تەرمەکەی (ماجیدی هەمزە قەڵاتێ)ی باوکیدا هەڵهەڵەی دەکێشا لە هەولێرییە کۆنەکانی دەوروبەری قەڵاتە، چونکە ئەوە نەریتێکی تایبەت بەوانە، (ئامانج)یش لە گێڕانەوەدا پشت بە حەکایەتبێژی دیکە دەبەستێت، کە ڕۆڵی سەرەکییان نییە لە گێڕانەوەدا. لەگەڵ ئەوەیشدا، ئەوانەی (ئامانج) لە گێڕانەوەکەیدا پشتیان پێ دەبەستێت هەروا بە سەرپێیی باسی کارەکتەرەکان ناکەن، بەڵکو دەچنە بنجوبناوانیانەوە. بۆ نموونە، ئەو زانیارییە فەنتازیئامێزەی، کە دەربارەی (عابید) برای (جاویدی شێخ موعتەسەم) لە کەناڵی سێیەمدا بۆمان دەگێڕێتەوە گوایە دوای ئەوەی "لە پۆلی شەشەمی سەرەتایی بۆ یەکەم جار لە وانەی مێژوو ژیاننامەی (ناپلیۆن بۆناپارت) دەخوێنێت و لە وێنەکەی دەڕوانێت، بڕیار دەدات بچێت لە نزیکەوە ئەو سەرکردەیە ببینێت" و دواجار ونبوونەکەیشی هەر لە (جاوید)ەوە وەرگرتووە و ئەویش ونبوونەکەی لە خەڵکەوە بیستووە و بۆ (ئامانج)ی گێڕاوەتەوە. دەتوانین هەمان شت سەبارەت بە مردنی (بوستان)ی ژنی (شێخ موعتەسەم) بڵێین، هەروەها هەواڵی گرتنی (فەرەیدوون)ی مامی لە لایەن ژنێکی سلێمانییەوە بە (ست ڕووناک) و (دادە دلارام) و (هەتاو) ڕادەگەیەنرێت و ئەمانیش بە ئامانج و ئەویش بۆ ئێمەی دەگێڕێتەوە.

خەسڵەتێکی بەرچاوی حەکایەتبێژەکانی ئەم ڕۆمانە، کە ڕەنگدانەوەی ڕاستگۆیی ئەوانە، ئەوەیە، کە هەر کاتێک لە گێڕانەوەی بەسەرهاتێکدا زانیارییەکی تەواویان نەبێت، ددانی پێدا دەنێن. بۆ پێشاندانی ئەم ددانپێدانانەیش، وشە و دەستەواژەی جیاجیا بەکاردێنن، وەکو "نەتدەزانی" و "لەوە تێنەگەیشتی" و "ڕوون نییە" و "ڕەنگە" و... تاد. (ئامانج) لە کەناڵی سێیەمدا دەربارەی (جاویدی شێخ موعتەسەم) دەڵێت:

"لەوە تێنەگەیشتی، ئاخۆ ئەو کوڕە چۆن ئەو هەمووە نهێنییە لەبارەی کەسانی دەوروبەرەوە دەزانێت... ئایا ئەو بەسەرهاتانەی بەو تامەزرۆیی و چێژەوە دەیگێڕانەوە، ڕاستی بوون، یان خەیاڵن ...؟!"

لە سەرێکی دیکەوە، هەندێک جار حەکایەتبێژ لە

چوارچێوەی گێڕانەوەکەیدا خۆی هەندێک وێنە دروست دەکات، کە لەگەڵ دۆخی ئەوسایدا هاوتەریبە. زۆربەی ئەو وێنانە بە دەستەواژەی "وات دەهێنایە بەرچاو"، یان "وات دەزانی" دەست پێ دەکات. کاتێکیش حەکایەتبێژ دیالۆگێکی خۆی دەگێڕێتەوە، کە بۆ زەمەنێکی دوور دەگەڕێتەوە، نەک هەر قسەکانی ئەوسای خۆی بە وردی دەگێڕێتەوە، بەڵکو بە پشتبەستن بە ئەنجامی گفتوگۆکە ناخی ئەوسای ئەو کەسەش بە ڕاستی دەخوێنێتەوە، کە قسەی لەگەڵ کردووە. بۆ نموونە، (سۆزان) لە گێڕانەوەی ڕۆژگاری جارانی لەگەڵ (میدیا)ی دەستەخوشکی، یان ڕاستتر بڵێین (عائیشەی کچی سابیر پوولەکە) پێی گوتووە:

"- دەترسم ڕۆژێک ماڵمان لێرە بگوێزینەوە، چونکە من وام لێ هاتووە بە بێ تۆ نەتوانم بژیم"

بەڵام کاتێک (میدیا) لە دڵی خۆیدا مانای قسەکەی لێک دایەوە، شەرم دایگرت و بۆ لای قازەکانی ڕای کرد"

ئەوە شەرمداگرتنەکەی ئەوسای "میدیا"یە وای لە سۆزان کردووە تێگەیشتنەکەی ئەو بە ئاراستەیەکی سێکسیدا ببات، لە کاتێکدا (میدیا) بۆیە شەرم دایگرتووە، چونکە ئەوان ماڵی (سۆزان)یان داگیر کردووە. ئەگەر ئەوان لەوێ بگوێزنەوە، واتە ماڵی زەوتکراوی (سۆزان) دەدەنەوە. ددانانان بە ڕاستییە سێکسییەکان لە زاری حەکایەتبێژەکان خۆیانەوە، چ تایبەت بن بە خۆیان و چ تایبەت بن بە کەسانی هەرە نزیکی خۆیان، یان تەنیا وێناکردنی حاڵەتە سێکسییەکان و گێڕانەوەیان، کە مرۆڤ لە تەواوی ڕۆمانەکە دەیبینێت، هەڵبەت بەدەر لە وردبینیی حەکایەتبێژەکان، بەڵگەی ئەوپەڕی جورئەتیانە لە گێڕانەوەدا. بە گشتی حەکایەتبێژەکان هێندە ڕاستگۆن، تەنانەت خەیاڵە ناوازە و سەیرەکانیشیان، کە ناکرێت بۆ کەسیان باس بکەن، دەگێڕنەوە وەک خەیاڵەکەی (سۆزان) لە کەناڵی چوارەم، کە وای دەخستە ئەقڵی خۆیەوە (ست ڕووناک)ـە و دایکی (ئامانج)ـە:

"لە کاتێکدا بەردەوام وام دەخستەوە ئەقڵی خۆمەوە من (ست ڕووناک)م و دایکی (ئامانج)یشم... دەمزانی ئەمە خەیاڵێکی زۆر سەیرە و ناکرێت بۆ کەسی باس بکەم... لەوەش ڕوونتر بڵێم، وا چووبووە ئەقڵمەوە ئەو ماوە زەمەنییەی نێوانمان دەبڕم و دەبمە ئەو (مەبەستی ست ڕووناکە)... ئیتر ئێمە دەبینە یەک کەس و هەر لە بنەڕەتیشەوە یەک کەسین... پڕ بە دڵ دەمویست باوەشی پێدا بکەم، بگرە ئارەزووم دەکرد دەمم بخەمە ناو دەمی و تێر تێر گیانی هەڵمژم، هاوکات هێندەی بگوشم تا بە ڕاستی لەودا دەتوێمەوە ..."

* * *

کاتێک مرۆڤێکی ئاسایی بە مانای چیرۆکێک سەرسام دەبێت سەبارەت بەوەی شێوازی گێڕانەوەکە چەند دیوێکی لە خۆ گرتووە. کۆمەڵێک پرسیاری لەلا دروست دەبێت. دەشێت پرسیارەکان لە ڕواڵەتدا کرچوکاڵ بن، چونکە پرسیارێکن بە خەیاڵی خوێنەرێکی ئاساییدا دێن بێ ئەوەی بینینێکی ئەکادیمیانەی هەبێت بۆ شێوازی بەڕێوەچوونی پرۆسێسی گێڕانەوە لە ڕووی هونەرییەوە، بۆ نموونە پرسیاری وەکو: ئایا ئەم چیرۆکە چیرۆکێکی ڕاستە؟ چی تێدا ڕوو دەدات؟ ئەوەی ڕوو دەدات باشە، یان خراپە؟ ماناکەی چییە؟ لەگەڵ ئەوەیشدا پرسیارەکان، لە ڕوانگەی هونەریی گێڕانەوەوە، پرسیاری قووڵن.

مرۆڤ پێویستە هەردەم پرسیاری ئاوا بکات و وەڵامیان بداتەوە ئەگەر بیەوێت لە ڕۆمانێکی وەکو ڕۆمانی کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان بگات، دیارە هەریەک لەم پرسیارانە لەئەنجامی ئەو سەرسامییە تێکەڵ بە سەرلێشێواوییەوە دێت، کە خوێنەر تووشی دێت کاتێک دەیەوێت بزانێت حەکایەتبێژەکان چۆن چیرۆکەکانیان دەگێڕنەوە، بەڵام ئەگەر پرسیارەکان بەم شێوەیە بکرێن، ڕوون نین. مەبەست و مەوداکانیان دیار نین و ئاماژە و ڕەهەندەکانیان ڕوون نەکراونەتەوە. بۆ ئەوەی بە پشتبەستن بەم پرسیارانەوە چوارچێوەیەک بۆ گێڕانەوە لە ڕۆمانی "کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان"دا ئامادە بکەین، پێویستە بە وردی بچینە بنجو بناوانی پرۆسێسی گێڕانەوەکەوە، کە نووسەر لە چەند ئاستێکدا بەڕێوەی دەبات و تایبەتمەندێتییەکانیان دەستنیشان بکەین، پاشان ڕوونی بکەینەوە چۆن هەموو ئاستەکان بە یەکەوە کار دەکەن، ئەو کاتە بۆمان دەردەکەوێت ئاخۆ چیرۆکەکە ڕاستە، یان نا وەک لە پرسیاری یەکەمدا هاتووە. دیارە ئەمەیش بەو مانایە نییە، کە ناکرێت ڕۆمانێک بخوێنینەوە بێ ئەوەی هۆشیاریمان لەبارەیەوە

هەبێت. بە ڕاستی، کە مرۆڤ ڕۆمانێکی وەکو ئەم ڕۆمانە دەخوێنێتەوە، هەست دەکات بە ئاسانی ئەم سەر و ئەو سەری پێ دەکرێت سەبارەت بە هەندێک ڕستەی تایبەت و هەندێک پەرەگراف لە دنیای دروستکراوی حەکایەتبێژەکاندا، کە پێوەندییان بە دنیای ڕاستەقینەوە هەیە و لەناو دنیا دروستکراوەکانی (ئامانج) و (ئازادی هەمین مامان) و (سۆزان)دا جێگایان بووەتەوە. دیارە ئەمەیش بۆ ئەو ڕاستییە دەگەڕێتەوە، کە نووسەر بە شێوەیەک لە شێوەکان خۆی ئاخنیوەتە ناو گێڕانەوەی حەکایەبێژەکان لەو شوێنانەی، کە ڕستەکان گوزارشت لە بیرۆکە گشتییەکان، یان فاکتەکان دەکەن. مەبەستی نووسەر لەم شتە ئەوەیە، کە پێوەری ڕاستەقینە بداتە پاڵ ڕووداوەکانی چیرۆکە دروستکراوەکان لەوپەڕی وردەکارییەکاندا. ئێستا با بگەڕێینەوە لای ئەو پرسیارەی، کە دەڵێ: ئایا چیرۆکەکە چیرۆکێکی ڕاستەقینەیە، یان نا: هەڵبەت ئەم پرسیارە لەناو خۆیدا ئاماژە بۆ ڕستەکانی چیرۆکەکە دەکات، بۆیە دەکرێت پرسیارەکە بەم شێوەیە بێت: ئایا لە دنیای دروستکراوی حەکایەتبێژەکاندا هیچ ڕستەیەک، یان باشترە بڵێین ئاخاوتنێک هەیە، کە گێڕانەوەکەی بخرێتە پاڵ نووسەرەوە؟، یان ئایا ڕستەکان دنیایەک پێشان دەدەن، کە ئاماژە بە شتەکانی دنیای ڕاستەقینە بکات؟

گرنگترین جیاوازی لەنێوان پێشاندانی دنیای دروستکراو و دنیای ڕاستەقینەدا ئەوەیە، کە تۆ ناتوانیت "ڕاستێتی"، یان "ناڕاستێتی"ی ئەو دنیا دروستکراوە هەڵسەنگێنیت، کە نووسەر پێشانی دەدات بە گەڕانەوە بۆ دنیای ڕاستەقینە. دیارە من مەبەستم دنیاکەیە نەک ئاماژەکانی، چونکە لەیەکچوونێکی زۆر لەم بارەیەوە لەنێوان گێڕانەوەی دنیای ڕاستەقینە و دنیای دروستکراودا هەیە. لە هەر دوو حاڵەتدا، نووسەر لە ڕێگای گێڕانەوەدا هەڵوێست دەربارەی بارودۆخەکان وەردەگرێت. ئەمە حاڵەتێکی زۆر هەستیارە و پێویست بەوە دەکات، کە مرۆڤ تەنانەت لەڕووی ڕێزمانیشەوە ئاگاداری داڕشتنی ڕستەکانی بێت، بە تایبەتی لە حاڵەتی دنیا دروستکراوەکەدا، ئەگەرنا هیچی دەست ناکەوێت. بێجگە لەمەیش، نووسەر لە گێڕانەوەی چیرۆکێکی ڕاستەقینەدا مەبەستێکی تری هەیە جگە لەوەی، کە مەبەستەکە ڕاستێتیی چیرۆکەکەیە. بە واتایەکی دیکە، هەر دوو دنیای دروستکراو و ڕاستەقینە ڕەهەندەکانی پێشاندان و دەربڕینی هەڵوێستەکان و مەبەستی نووسەرەکەیان تێدا بەرجەستە دەبێت. خاڵێکی دیکەی گرنگ ئەوەیە کاتێ ئێمە پرسیار لە ڕاستێتیی چیرۆکەکە دەکەین، مەبەستمان هەموو ئەو ڕاستییانە نییە، کە نووسەر دەیەوێت لە گێڕانەوەی چیرۆکەکەدا ڕایان بگەیەنێت. بانگەشەکانی نووسەر لە گێڕانەوەی چیرۆکەکە بە هەر شێوەیەک بێت دەبن بە بەشێک لە مەبەستی چیرۆکەکە.

نموونەیش بۆ ئەو ڕستانەی، کە گێڕانەوەکەیان دەخرێتە پاڵ نووسەرەکەوە لەم ڕۆمانەی (کاروان)دا زۆرن. (ئامانج) لە کەناڵی یەکەمدا دەڵێت "کچ چەند لەگەڵ دایک و باوکی هاوڕێ بێت، هێشتا سەدان شتیان لێ دەشارێتەوە". (ئازاد)ی حەکایەتبێژ لە کەناڵی دووەمدا دەڵێت: "لە نووسینیشدا شتێک نییە لە گۆڕینی ناو و سیمای کەسەکان و لە دروستکردنی خانوو و لە گواستنەوەی ماڵ و لە کوشتن و زیندووکردنەوەی گیانەکان ئاسانتر"، هەروەها دەڵێت "یەکێک نەتوانێت کۆتی بچووکی خێزان لە گیانی خۆی دامالێت، چاوەڕێی لێ ناکرێت سەرجەمی مرۆڤ لە کۆتی گەورەی سەرمایەداری ڕزگار بکات". لە کەناڵی چوارەمیشدا، ئەوە نووسەرە خۆی ئاخنیوەتە گێڕانەوەکەی (سۆزان)، کە دەڵێت: "نازانم کامە چیرۆکنووس، یان ڕۆماننووسی ئێمەیە گوتوویەتی: «چێژ لە ڕووداودا نییە، بەڵکو لە گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانەدایە». کەواتە دەکرێت گوتاری کارەکتەری حەکایەتبێژ، یان نووسەر وەکو حەکایەتبێژ چەندین جۆرە بیروباوەڕ، یان هەڵوێست دەربارەی دنیای ڕاستەقینە دەربڕێت. ئەمە یەکێکە لەو ئاستانەی گێڕانەوە لە ڕۆمانی "کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان". لەسەر ئاستی ئەدەبی جیهانیشدا نموونە بۆ ئەم حاڵەتە زۆرە. "تۆلستۆی" دەستپێکی ڕۆمانی "ئانا کارنینا" بە بیرۆکەیەکی گشتی دەربارەی دنیای ڕاستەقینە دەست پێ دەکات: "هەموو بنەماڵە بەختیارەکان وەکو یەک وان، بەڵام بنەماڵەی بەدبەخت بەپێی شێوازی خۆی بەدبەختە"، پاشان یەکسەر جیهانێکی خەیاڵی ڕۆ دەنێت: "هەموو شتێک لە ماڵی ئۆبلۆنسکی بە خراپ کەوتەوە". ئێمە بیرۆکە گشتییەکەی "تۆلستۆی" وەک بیرۆکەیەکی بەجێ و ژیرانە وەردەگرین با لە هەموو شوێنێک، یان بە

شێوەیەکی گشتی ڕاستیش نەبێت. دیارە ئێمە ئەم بیرۆکە گشتییە لە ڕوانگەی تەکنیکی گێڕانەوەدا ناخەینە پاڵ کارەکتەرێکی حەکایەتبێژەوە، بەڵکو دەیخەینە پاڵ نووسەر وەکو حەکایەتبێژ. ئەوە "تۆلستۆی"ـە نەک کارەکتەرێکی دروستکراو، کە شان بە شانی پرۆسێسی گێڕانەوەکە بە دڵنیاییەوە باسی دنیای ڕاستەقینەمان بۆ دەکات. بنەماڵەی "ئۆبلۆنسکی" بەشێکە لەو دنیا هەڵبەستراوە، یان دروستکراوە، کە خەیاڵی ئەم نووسەرە چنیویەتی و بیرۆکە گشتییەکەی بەسەردا جێبەجێ دەکات، وەک چۆن بەسەر دنیای ڕاستەقینەدا جێبەجێ دەبێت.

هەڵبەت چەمکی پێشاندان، هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە، کە لە دنیای دروستکراودا هەن و ئەوانەیش، کە تێیدا ڕوو دەدەن. دەکرێت هەر هەموو شتەکان، ڕووداوەکان باس بکرێن، بەڵام گرنگە ئاستی پێشاندانی دنیا دروستکراوەکە لە لایەن نووسەرەوە جیا بکەینەوە لە باسکردنی ئەو شتانەی لەم دنیایەدا بەڕێوە دەچن ئەگەر بمانەوێت لە سەروبەندی گێڕانەوەکە بگەین، چونکە پێشاندانی شتەکان، دواجار، گوزارشت لە هەڵوێستی نووسەر دەکەن. بە واتایەکی دیکە گێڕانەوەی هەڵوێستی نووسەرە.

ئەوەی لە ڕۆمانەکانی (کاروان)دا وەکو دیوێکی کێشەئامێز دەردەکەوێت، دەربڕینی ئەو هەڵوێستەیە، کە لە ڕۆمانەکەدا بەرجەستە دەبێت. بە وردبوونەوە لە هەموو ئەو ڕستە و دەستەواژانەی، دەکەونە خانەی گێڕانەوە لە لایەن نووسەرەوە، یان کە بۆ نووسەر دەگەڕێنەوە وەکو حەکایەتبێژ، ڕستەیەک نادۆزینەوە، کە هەڵوێستی خۆی بە ڕاشکاوییەوە دەربڕێت. لەگەڵ ئەوەیشدا، هەڵوێستەکە لە کۆی ئەو دنیایەدا، یان لە وردەکارییەکانی ئەو دنیایەدا بەرجەستە دەبێت، کە نووسەر ڕۆی دەنێت. چۆن؟

دەربڕینی هەڵوێست، وەکو ڕەهەندێکی گێڕانەوە، دەکەوێتە سەر مانای ئاسایی چەمکەکە و لێیشی جیاوازە. "فرانسیس سپاشۆرت" لە کتێبی "تیورەکانی هونەر"دا مەسەلەکە بەم شێوەیە دەخاتە ڕوو:

"لە ڕووالەتدا، جیاوازی لە نێوان قسەکردن و گۆرانیگوتن وەکو جیاوازیی نێوان قسەکردن و چرپەچرپکردن، یان هاوارکردن وایە. جیاوازییەکە بە ئاستەم هەستی پێ دەکرێت. مرۆڤ لە ڕێگای ئەمانەوە ئەوە دەگوازێتەوە، کە هەستی پێ دەکات، یان ئەوەی، کە دەیەوێت خەڵکی دیکە هەستی پێ بکات دەربارەی ئەو شتەی کە دەیڵێت، یان ئەو هەڵوێستەی، کە دەیەوێت بیوروژێنێت، دواجار، خەڵک چۆن هەڵوێستەکەی وەردەگرن، بۆ نموونە بە توانجگرتن، بە جیددی ، یان بە هەڵوێستێکی تەوسئامێزی دەزانن. ئەوەی مۆسیقای گۆرانییەک دەیکات ئەوە نییە، کە تێکستەکە دەیکات، چونکە مۆسیقا هەموو ئەو شتانە ناگوێزێتەوە، کە تێکستەکە مەبەستیەتی. مۆسیقاکە هیچ لەم مەبەستە ناڵێت، بەڵام لە ڕێگای تۆن و ئاوازەکەوە پێشانی دەدات. ئەم پێشاندانە بریتییە لە دەربڕینی هەڵوێست"٢

لە شانۆدا، قسەکەر لە ڕێگای مەنەلۆژەکانەوە هەڵوێستی خۆی دەردەبڕێت و لە ڕۆمان و چیرۆکە دروستکراوەکانیشدا لە ڕێگای دیالۆگ لەگەڵ کارەکتەرە حەکایەتبێژەکاندا، بەو شێوەیەی، کە "سپارشۆت" باسی لێوە دەکات، هەڵوێست و بیروڕای خۆی دەردەبڕێت. کەواتە ئێمە لە ئاخاوتن و شێوازی ئاخاوتنی کارەکتەرەکان دەگەین وەک ئەوەی لە لایەن قسەکەرێکی ناو دنیای ڕاستەقینەدا بکرێن. ئەی نووسەر چۆن هەڵوێستی خۆی لە بەرانبەر بارودۆخەکانی ناو دنیا دروستکراوەکەدا دەردەبڕێت؟

دیارە کارەکتەری حەکایەتبێژ، یان نووسەر وەکو حەکایەتبێژ هەردەم هەڵوێست و بیروڕای خۆی بەرانبەر بە ڕووداوەکان، یان کارەکتەرەکانی دیکەی ناو دنیای دروستکراو پێشان دەدات و هەڵیاندەسەنگێنێت. دەشێت ئەم هەڵوێستە پێشاندانی خۆشەویستی، بێزاری، ڕق لێبوونەوە، سەرسامبوون، ڕیسواکردن، یان هاوسۆزیبوون بێت بەرانبەر بە کارەکتەرێک، یان پێکهاتەیەکی کۆمەڵگا. ئەگەر دنیاکە توندوتیژیی تێدا بێت، دەشێت دڵخۆشی، یان نیگەرانی پێشان بدات. بۆ نموونە قسەیەکی وەکو "برۆ لەبەر چاوم ون بە!" لە لایەن کارەکتەرێکەوە نیشانەی تووڕەییە. دەشێت نووسەر لەگەڵ کارەکتەرەکە هاوڕا نەبێت، بۆیە لە وەسفکردنی ئەم کارەکتەرە، یان پێشاندانی، هیچ وشەیەک، ڕاستەوخۆ بێت، یان ناڕاستەوخۆ، بەکار ناهێنێت، کە نیشانەی هاوسۆزیبوون بێت وەک دەربڕینێک بۆ هەڵوێستەکەی. دەکرێت ئێمە لەم ڕوانگەیەوە، لێکدانەوەمان بۆ ئەم

کارەکتەرە پۆزەتیڤ بێت، یان نەگەتیڤ، هەروەک دەکرێت لەم ڕوانگەیەوە لە هەڵوێستی نووسەر بگەین. بە گشتی ئێمە نابێت مەبەستمان ئەوە بێت، ئاخۆ ئەم کارەکتەرانە بەپێی پێوەرەکانی جیهانی، یان بەپێی پێوەری خۆمان، کارەکتەری باشن، یان خراپ، بەڵکو گرنگ ئەوەیە نووسەر چۆن ئەم کارەکتەرانە دەبینێت. ئەم بینینەی نووسەر لە گێڕانەوەی حەکایەتبێژەکانەوە بەرجەستە دەبێت، بۆیە حەکایەتبێژەکان تەنیا لە ڕێگای پێشاندان تووڕەیی ئێمە بەرانبەر بە هەندێک کارەکتەری وەکو (ماجیدی هەمزە قەڵاتێ) و (ڕەقە) و (سابیر پوولەکە)وە دەورووژێنن و هەستی هاوسۆزیبوونیش لای ئێمە بەرانبەر بە خۆیان سەبارەت بە بوێرییان لە گێڕانەوەکەدا بەو جورئەتەوە، هەروەها بەرانبەر بە کارەکتەرەکانی وەکو (ست ڕووناک)، (ڕەمزی ئازادی)، (گوڵدان) و... تاد دروست دەکەن. کەواتە تەنیا پێشاندانی دۆخەکان لە پرۆسەی گێڕانەوەدا، هەڵوێستی نووسەری تێدا بەرجەستە دەبێت. بۆ نموونە، (سابیر پوولەکە)ی باوکی (عائیشە)یان (میدیا) وەک (سۆزان) بانگی دەکات، خانووەکەی ماڵی (سۆزان) داگیر دەکات ئەو کاتەی ماڵی (سۆزان) سەبارەت بە نسکۆی حەفتاوپێنجەوە لە شاخ دەگەڕێنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، (سۆزان) و (میدیا) دەبنە دەستەخوشک و دوو هاوڕێی زۆر نزیک لە یەکتر. پێشاندانی ئەم حاڵەتە، وەکو ڕەهەندێکی گێڕانەوە، پەیامی خۆشەویستی و ناتوندوتیژیی تێدا بەرجەستە دەبێت، بە تایبەتی کە حاڵەتەکە لە دوای نسکۆکەوەیە. ئێمە ئەم هەڵوێستە، دواجار، دەخەینە پاڵ نووسەر، ئەگەرچی لە چوارچێوەی دنیا دروستکراوەکەی (سۆزان) دایە.

کەواتە ئەو مەبەستەی کە نووسەر دەیەوێت لە ڕێگای دروستکردنی دنیایەکی ئەفرێندراوەوە ڕاییگەیەنێت، هەروەها مانای ئەو هەڵوێستەی، کە لە بەرانبەر ڕووداوەکانی ناو ئەم دنیایە و کارەکتەرەکاندا وەری دەگرێت، بە سەرچاوەکەوە بەستراوەتەوە، بەڵام بە دڵنیاییەوە سنووری سەرچاوەکە دەشکێنێت و پانتاییەکی فراوانتر لە سەرچاوەکە دەگرێتە خۆ. ئەوەی "جۆرج ئۆروێڵ" لە دنیای دروستکراوی ناو ڕۆمانی "باخچەی ئاژەڵان"دا دەیکات، وروژاندنی تووڕەیی ئێمەیە بەرانبەر بە هەندێک لە ئاژەڵەکانی ناو ئەو دنیایە، بەڵام خۆ مەبەستی ئەو تەنیا لە سنورری ئەم دنیایەدا ناوەستێت. "ئۆروێڵ" دەیەوێت کۆمەڵگای ئینگلیزی لە شێوازی وەرگرتنی دەسەڵات لە لایەن پارتە کۆمۆنیستەکانەوە ئاگادار بکاتەوە. ئەمەیش مەبەستێکە لە دەرەی ئەم دنیا دروستکراوەدایە. کاتێک (کاروان) لە ڕێگای حەکایەتبێژەکانەوە تووڕەیی ئێمە بەرانبەر بە هەڵوێستی هەندێک کارەکتەری ناو دنیا دروستکراوەکانی (ئامانج)، (ئازادی هەمین مامان) و (سۆزانی مام ئەنوەر باخەوان)دا دەورووژێنێت، مەبەستەکەی تەنیا لە چوارچێوەی ئەم دنیایەدا نییە. تەوزیفکردنی "ماڵەباجێنە" لە دنیای دروستکراوی (ئامانج)دا لە کەناڵی یەکەمی ڕۆمانەکەدا دەچێتە ئەو خانەیەوە:

- ئایا ئەو کچ و کوڕانە پرس بە کەس دەکەن، کە دەیانەوێت ئەو ماڵە پێکەوە بنێن و چەند منداڵێکیشیان ببێت ...؟!

- نەء.

- بۆ؟!

- چونکە منداڵن و ئەو ماڵەش ڕاستەقینە نییە.

- ئەگەر کچ و کوڕێکی گەورە بەبێ پرس و ڕەزامەندیی کەسوکاریان ماڵێک پێکەوە بنێن، چیان لێ دەکەن ...؟

بە ترسەوە گوتت:

ـ دەیانکوژن.

بەدەر لەوەی، کە ئەم دیالۆگە ئاماژە بە دۆخێکی ترسئامێز دەکات لە ژیانی (ئامانج)دا، ئەو پرسیارەی دەیورووژێنێت، هەر لە سنووری دنیا دروستکراوەکەدا ناوەستێت، بەڵکو پرسیارێکە هەموو (ئامانج)ـەکانی دنیای ڕاستەقینە دەیکەن.

* * *

ئەمڕۆ زۆربەی ڕەخنەگرەکان بەوە دڵخۆشن، کە حەکایەتبێژ بە بەشێکی سروشتی چیرۆک بزانن، بەڵام بەیەکەوە گونجاندنی حەکایەتبێژ لەگەڵ پێکهاتەکانی چیرۆک هێشتا هەر مەسەلەیەکی مشتومڕئامێزە. بەدەر لەوەی، کە حەکایەتبێژ لە لای (کاروان)، لە ڕوانگەی لێکۆڵینەوە لە فۆرم و چەمکی چیرۆک، وەکو بەرهەمێکی هونەری، ڕەگەزێکی بنچینەییە، ڕاستییەکەی بۆ تێگەیشتن لە ڕۆمانەکانیشی هەر ڕەگەزێکی بنچینەییە، سەبارەت بەو ڕاستییەی، کە حەکایەتبێژ دەچێتە ناو

پێکهاتەکانی ڕۆمان. ئەمەیش وەکو کاردانەوەیەک بۆ تایبەتمەندێتییەکانی ڕۆمان، بۆ قووڵکردنەوەی تەکنیکی گێڕانەوە ڕوو دەدات، نەک وەکو کاردانەوەیەک بۆ خودی چیرۆکەکە. حەکایەتبێژ لای (کاروان)، ئەو بەکارهێنانە ڕووکەشەی نییە، کە کار بۆ دامەزراندنی چوارچێوەیەک بکات بۆ چیرۆکەکە، بۆ ئەوەی هەرچی بابەتە، یان ئاخاوتن و دەمەتەقێیە وەکو ڕاپۆرتێک ڕایبگەیەنێت، چونکە لە پاڵ گێڕانەوەکەدا، خوێنەر لێرە و لەوێ سەبارەت بە دیالۆگەکانی ناو گێڕانەوەکەوە هەست دەکات لە بەردەم شانۆنامەیەکدایە، کە زۆر نەخشەکاریی بۆ کراوە.

دیارە یەکێک لە وەزیفەکانی حەکایەتبێژ ئەوەیە، کە لەیەک کاتدا لە هەموو شوێنێک، یان زۆربەی شوێنەکاندا ئامادە بێت. لە ڕۆماندا، ئەم وەزیفەیە بە هۆی تەکنیکی شەپۆلی هۆشەوە جێبەجێ دەبێت. هەموو زەمەنەکانیش لەیەک کاتدا لە یادەوەریی حەکایەتبێژەکەوە ئامادەبوونییان هەیە. حەکایەتبێژەکان لە یەک کاتدا ڕابردوویان لەناو مێشکی خۆیاندا هەڵگرتووە و ئاگاداری "ئێستا"یشن و ئەگەری داهاتووشیان لەبەرچاوە، بەڵام بۆ ئەوەی چیرۆکەکە ڕێک بخەن، ڕێژەی کاتەکانیش دەگۆڕن. هەندێک ڕووداو کاتێکی زیاتری پێ دەدرێت لە هەندێکی دیکە، بەپێی گرنگیی ڕووداوەکە بۆ بیرۆکە گشتییەکەی چیرۆکەکە.

وەکو لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد، ڕۆمانی "کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان" لەسەر ڕەگەزی زەمەن و سروشتی ئەو زەمەنە و کاریگەرییەتیی بەسەر ڕووداوەکان و دروستکردنی کارەکتەر بنیاد نراوە. نووسەر ئەگەرەکان و هەنگاوەکانی گەیشتن بە ڕاستییەکان لە دیوی ناوەوەی (ئامانج)دا بەڕێوە دەبات لە کەناڵی یەکەم و لە کەناڵی دووەمیش لە دیوی ناوەوەی کارەکتەری (ئازاد هەمین مامان)دا بەڕێوە دەچێت و لە کەناڵی سێیەمیشدا دیسان لە گێڕانەوەی (ئامانج) و لە کەناڵی چوارەمیشدا لە یادەوەریی (سۆزان) بەڕێوە دەچێت. هەڵبژاردنی هەر یەک لەم کارەکتەرانە وەکو حەکایەتبێژ، هەروا لەخۆڕا نەهاتووە. هەر یەک لەم کارەکتەرانە ناتوانن ڕاستییەکان بۆ هیچ کەسێک دەرببڕن، بۆیە پرۆسەکە تەنیا لە دەروونیاندا جێبەجێ دەبێت. تەنیا خوێنەر پێیان دەزانێت. کارەکتەرەکانی دیکە هیچ ئاگاداری ئەم پرۆسێسی گێڕانەوەیە نین، کە حەکایەتبێژەکان، دواجار، بۆ خوێنەر دەیگێڕنەوە یا لە ڕواڵەتدا لە ڕووی تەکنیکییەوە لەگەڵ خۆیان بدوێن. ڕاستە زۆر لە کارەکتەرەکان بەشدارییەکی کارایان لە ڕووداوەکاندا هەیە، بەڵام هیچ کام لەمانە وەکو خوێنەر ئاگاداری هەست و نەستی کارەکتەکان نییە. ئەم حاڵەتە ڕێک وەکو حاڵەتی خۆدواندنی ئەکتەرە لەسەر تەختەی شانۆ کاتێ شتەکان بۆ بینەران دەردەبڕێت بێ ئەوەی ئەکتەرەکانی دیکە هیچی لەبارەوە بزانن. (کاروان) بەم تەکنیکە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە گرنگترین شت لە ژیانی مرۆڤدا ئەو گەڕان و پشکنینەیە، کە دەیکات بە مەبەستی گەیشتن بە واتای شتەکان و هۆکارە ڕاستەقینەکان. لە چوارچێوەی ئەم بۆچوونەدا، (ئامانج)، (ئازاد) و (سۆزان) خەمڵاون، یان گەیشتوونەتە ئەم ڕاستییانە، بۆیە بۆ ئێمەی دەگێڕنەوە. دیارە کارەکتەر لای (کاروان) ئەو کاتە دەخەملێت، کە خۆی"واتە کاروان" هەست بکات کارەکتەرەکە ئامادەیە ئەم تێگەیشتنە لە ڕێگای بینینەوە قبووڵ بکات، ئەگەرنا ئەو ئەرکەی پێ ناسپێرێت، کە ببێتە حەکایەتبێژ.

کەواتە دەکرێت بڵێین ڕۆمانی "کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان"، دواجار، بریتییە لە تۆمارێک بۆ ئامادەکردنی کارەکتەر بۆ گەیشتن بە دوایین تێگەیشتن لە شتەکان. ئەم ئامادەکردنەیش لە فۆرمی گواستنەوەیەکی خێراوە دێت بۆ دیوی ناوەوەی کارەکتەرەکانی دیکەیش و لێکدانەوەی سیمبۆلە تایبەتییەکانی ئێستا و ڕابردوو، کە دواجار، لە منداڵدانی ئەم پرۆسەیە بینینی کارەکتەرەکە بەرانبەر بە واقیع، بە ژیان دروست دەبێت. پرۆسەکە، ڕاستییەکەی، چالاکییەکی دەروونی و هزرییە زیاتر لەوەی جەستەیی بێت. هەڵبەت زۆر کەس بەم گەڕان و پشکنینەی، کە باسمان لێوە کرد سەرقاڵن، بەڵام دیارە زۆربەیان وەکو (ئامانج) و (ئازادی هەمین مامان) و (سۆزان) لە چالاکییە دەروونییەکان بە ئاگا نین. (کاروان) ئەم کارەکتەرانە هەڵدەبژێرێت، چونکە بە گشتی، وەکو حەکایەتبێژ، لە ڕادەبەدەر هەستیارن سەرەڕای ئەو جیاوازییەی نێوانیان سەبارەت بە ڕادەی زانیارییەکان، یان بە خودی کارەکتەرەکانیان. بێجگە لەمەش، نووسەر لە ڕێگای بەکارهێنانی تەکنیکی شەپۆلی هۆشەوە هەوڵ دەدات نهێنییەکانی دیوی ناوەوەی کارەکتەرەکان لەگەڵ دنیای فراوانی دەرەوە هاوتەریب

بكات. بە واتایەكی دیكە دیوی ناوەوەی كارەكتەرەكان دەبن بە وێنەیەكی بچووكی دنیای دەرەوە. دیارە ئەم هاوتەریبوونەیش بەوە جێبەجێ نابێت، كە بینینەكە تەنیا لە مندالّدانی قۆناغێكی دیاریكراو لە مێژوودا دروست بێت، چونكە (كاروان) مامەڵە لەگەڵ قۆناغی جیا جیا دەكات لە مێژوو، بۆیە دواین بینینی كارەكتەرەكە لە بەیەكەوە بەستنەوەی كۆمەڵێك قۆناغی جیا جیای سەر بەزەمەنی جیاجیاوە دروست دەبێت لە چوارچێوەی تەكنیكی شەپۆلی هۆشدا. بنەمای ئەم تەكنیكە لای (كاروان) لەسەر هێزی ئەو درامایە بنیاد نراوە، كە لە مێشكی (ئامانج)، (ئازادی هەمین مامان) و (سۆزانی مام ئەنوەر باخەوان)دا بەڕێوە دەچێت، كە هەر یەكەیان وردەكارییەكانی قۆناغێكی جیا، یان دیوێكی جیا لە ئەوەكەی دیكە دەگێڕێتەوە و لەگەڵ یەك تێكهەڵكێش كراون.

دەشێ هەندێك خوێنەری ڕاستەقینە، ئەم شێوازە گێڕانەوەیەی (كاروان) لە ڕێگای بەكارهێنانی ئەم تەكنیكەوە بە بچووككردنەوەی خودی كارەكتەرەكانی وەكو (ئامانج)، (ئازادی هەمین مامان) و (سۆزان) بزانن بەو پێیەی ئەوان تەنیا لە پانتایی بێ سنووری خەیاڵدا خاڵەكان دەخەنە سەر پیتەكان. دیارە بیركردنەوە بەم ئاراستەیە پێچەوانەی ڕاستییەكانە، چونكە ڕاستگۆترین واقیع ئەوەیە، كە مرۆڤ بەوپەڕی سەربەستییەوە پێشانی بدات، ئەمەیش تەنیا لە پانتایی خەیاڵدا جێبەجێ دەبێت. ئەوەی لە پرۆسێسی بیركردنەوەی (ئامانج)، (ئازادی هەمین مامان) و (سۆزان)دا ڕوو دەدات لە واقیعە بەرچاوەكە ڕاستەقینەترە، چونكە دۆزینەوەی ئەو پاڵنەرە ڕاستەقینانە لە خۆ دەگرێت، كە واقیعەكەی هێناوەتە كایەوە. لە سەرێكی ترەوە، بە گشتی لە پشت هەر پرۆسەیەكی فەنتازیادا، كە لە خەیاڵی هەر كەسێكدا بەڕێوە دەچێت، هێزێك هەیە، كە كاری تێ دەكات، تەكانی پێ دەدات تا زیاتر پرۆسەكە بەرەو قووڵایی ببات، ئەو هێزەیش هێزی ئەو خواست و ئارەزووانەیە، كە جێبەجێ نەبوونە. دیارە ئەمە پاڵنەری ڕاستەقینەی ئەو فەنتازیایەیە، كە لە خەیاڵی حەكایەتبێژەكاندا بەڕێوە دەچێت. هیچ سانسۆرێك لەبەردەم سەرنجەكانی (ئامانج)، یان هی (ئازادی هەمین مامان) ، یان هی (سۆزان)دا نییە كاتێك بە ناخی خەڵكانی تریشدا شۆڕ دەبنەوە و دەیانپشكنن. تا ئەو جێیەی پێوەندیی بە خوێنەریشەوە هەیە، مەبەستی نووسەر لە دروستكردنی ئەو بینینەی، كە لە سەرەوە ئاماژەمان پێ دا، بە تەواوی لەوەدایە، كە خوێنەر هەست بكات پێوەندییەكی ڕاستەوخۆی بەو ژیانە بەردەوامەوە هەیە، كە لە چوارچێوەی ڕۆمانەكەدا دروست دەبێت بەبێ هیچ هەڵسەنگاندنێكی ڕاستەوخۆ، یان لایەنگیرییەكی كوێرانە، یان پێشەكی بڕیاردان لە لایەن نووسەرەوە، بۆیە وێنەكە بە تەواوی لەلای خوێنەر دروست نابێت تا ڕۆمانەكە بە تەواوی نەخوێنێتەوە.

* * *

ئەگەرچی (كاروان) وردەكارییەكان لەسەر زاری ئەو حەكایەتبێژانە و بە جێناوی كەسی یەكەمەوە دەگێڕێتەوە، بەڵام هەر لە چوارچێوەی ئەم گێڕانەوەیەدا دەیان دیالۆگی تێدایە لەنێوان كارەكتەرەكانی دیكەوە، كە حەكایەتبێژ لێیانەوە نزیكە. هەر لەم دەرگایەشەوە هەموو پرسە كۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیرییەكانی كۆمەڵگای كوردەواری پێش نسكۆی حەفتاوپێنج و دوای نسكۆكە دەخاتە ڕوو. لەم بارەیەوە، ناوی "كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان" وەكو ڕێكخراوێكی شۆڕشگێر بۆ تێكشكاندنی ئەو بێ ئومێدییەی، كە دوای نسكۆ دووچاری خەڵك ببوو، یەكەم جار لە ڕێگای كارەكتەری "دەرسیم كوردۆ"وە دەكەوێتە سەر زاری خەڵك. (دەرسیم كوردۆ) لە بنچینەدا ناوی (عومەر)ە و كوڕی (مەلا عارەب عبدولسەمەد)ە و (دەرسیم كوردۆ) نازناوی نووسینیەتی. نووسەر بە ڕوونی ئاماژە بە ئاستی ڕۆشنبیریی كارەكتەرەكانی ئەو ڕێكخراوە دەكات. (دەرسیم كوردۆ) بەر لەوەی بچێتە شاخ، مرۆڤێكی نووسەر بووە و لە زۆربەی ڕۆژنامە و گۆڤارەكانی ئەوسا بابەتی ئەدەبی بڵاو كردۆتەوە و لایەنگیریی ڕەوتی پێشكەوتووخواز و گۆڕانكارییە بنەڕەتییەكانە لە كۆمەڵگا و عەقڵی باودا. بوونی ڕێكخراوی كۆمەڵەی ڕەنجدەران بە هیچ شێوەیەك بۆ ئەوە نییە ڕۆمانەكە بە لای ئایدۆلۆژیادا بشكێنێتەوە، بەڵكو لە لایەك بۆ دەرخستنی جیاوازیی كارەكتەرە گەنجەكان و پیرەكانە و لە لایەكی دیكەوە دەیەوێت تایبەتمەندییەكانی ئەو قۆناغە مێژووییە پێشان بدات. ئەگەر (شێرزاد ناجی) زۆر

پابەندی ئەو ڕێکخراوەیە و دەیخاتە سەرووی هەموو گومانێکەوە، ئەوە (ئازادی هەمین مامان) دنیایەک گومان و ترسی لە ئاستیدا پێشان دەدات. نووسەر لە ڕێگای کارەکتەرەکانی سەر بەم ڕێکخراوەوە ڕەهەندێکی فیکریی هەمەلایەنە دەخاتە پاڵ ڕێکخراوەکە، ئەگەرچی وەکو گوتمان ڕۆماننووس کار لەسەر جیاوازییەکانی نێوان کارەکتەرەکانی ئەم ڕێکخراوەیش دەکات. دیارە (دەرسیم) هاوڕێی (ئازادی هەمین مامان)ـەو شەوێک بەر لەوەی (دەرسیم) بچێتە شاخ لە ماڵی خۆیان داڵدەی داوە. ئەم داڵدەدانە گوزارشت لە بوێریی (ئازادی هەمین مامان) دەکات لەو هەلومەرجانەی، کە پێویست بە لەخۆبووردەیی و بوێریی دەکات، ئەگەرنا ئەو بە پێی تێگەیشتنی (شێرزاد ناجی) بە گشتی کارەکتەرێکی بوێر و چاونەترس نییە، بە بەراورد لەگەڵ خۆی و (دەرسیم کوردۆ). دیارە (ئازاد) زۆر بە هۆشیارییەوە مامەڵە لەگەڵ دۆخەکە دەکات لەکاتێکدا (شێرزاد ناجی) زیاد لە پێویست سەرەڕۆ و ڕادیکاڵە.

بە هەرحاڵ، (ئازاد هەمین مامان)ی حەکایەتبێژ وەکو چاودێرێک سەیری هەڵسوکەوتی ئەندامانی ڕێکخراوەکە دەکات، ئەگەرچی (شێرزاد ناجی) وەکو ئەندامێکی "کۆمەڵە" سەیری ئەمی دەکرد، تەنانەت ڕەخنەیشی لێ دەگرت. لەگەڵ ئەوەشدا، کاریگەریی کۆمەڵەی بەسەرەوە دیارە. باشترین نموونەیش بۆ ئەمە فرۆشتنی تەزبێحە گرانبەهاکەی باوکیەتی بۆ ئەوەی پارەکەی بداتە (مەرجان)ی دایکی عیماد تا ساڵۆنی پێ دابنێت. ئەو (مەرجان)ـەی خەڵک بە سووک سەیریان دەکرد و بە (مەرجانی تیاترۆ) ناویان دەبرد. ئەم ڕەفتارەی (ئازاد) ڕەفتارێکی سەمبولئامێزە و ڕەهەندێکی فیکریی سەردەمانەی هەیە. بە دیوێکی تردا، هەڵوێستی نووسەری تێدا بەرجەستە دەبێت لە ڕێگای پێشاندان وەکو ڕەهەندێکی گێڕانەوە، ڕێک وەک چۆن لە مەسەلەی (سۆزان) و (میدیا)دا باسمان کرد، لە چوارچێوەیەکی شاراوەدا. نووسەر لە ڕێگای کارەکتەری (شێرزاد ناجی)یەوە ئەوە پێشان دەدات، کە "کۆمەڵە" چووەتە ناو هەموو جومگەکانی کۆمەڵگا، چونکە (شێرزاد) ئاگاداری هەموو کێشەیەک بوو و هەوڵی چارەسەرکردنی بۆ هەموو کێشەیەک دەدا. بۆ نموونە هەر (شێرزاد ناجی) کێشەی سکپڕییەکەی (دلارام)ی چارەسەر کرد و (ئازادی هەمین مامان)ی لەم تەنگوچەڵەمەیە ڕزگار کرد. یەکێک لە خەسڵەتە باشەکانی ئەوەیە، کە شەرمن نییە، بە تایبەتی لەگەڵ ئافرەتان. (ئازادی هەمین مامان) بەم شێوەیە باسی شەرمنیی خۆی و بوێریی (شێرزاد ناجی) دەکات:

"هەتا تۆ خەریکی فرۆشتنی هەندێک شت بوویت، ئەو(واتە شێرزاد) خۆی لە (گوڵدان) نزیک کردبووەوە... بە شێوەیەک لەگەڵی دەدوا، وەک بڵێی چەندین ساڵ بێت بیناسێت... هێندەی دیکە ترسەکەی گیانت (واتە هی ئازاد) تاوی دەسەند... لەوە دڵنیا بوویت بەم زمانە سیحرییەی لە خشتەی دەبات...(...) تۆ کاتێک دەچیتە ماڵیان و کەلوپەلەکانی لێ وەردەگری(واتە لە گوڵدان)، لە شەرمان هەموو گیانت دەلەرزێت و زمانت تەتەڵە دەکات، کەچی ئەوەتا ئەم خەریکە لەناو بازاڕ لە باوەشی دەگرێت"

(شێرزاد ناجی) کارەکتەرێکی بە کردوکۆش و پڕ جووڵەیە، مرۆڤێکی ڕۆشنبیرە. لە شیعر، هونەر، سیاسەت، هەروەها فەلسەفە و بوارە کۆمەڵاتییەکان شارەزاییەکی باشی هەیە. خێرا دەچێتە ناو کێشەکان. بە گفت و لفتە. هەست بە هەموو شتێک دەکات. لە هەموو شتێک دەکۆڵێتەوە. بۆ نموونە، کاتێ دەزانێت، کە (گوڵدان) کچی (فەوزی داود)ی نیگارکێشە، پێی دەڵێت:

– "فەوزی داودی نیگارکێش...؟! ئەو هونەرمەندە بەوە ناسرا بوو، کە تەنیا نیوەی شتەکانی دەکێشا... نیوەی باخچەیەک، نیوەی ئەسپێک، نیوەی ڕۆژ، نیوەی ئاسمان، نیوەی کچێک و نیوەی کوڕێک... جارێکیان لێیان پرسی: ئەی کوا نیوەکەی دیکەی هەر یەک لەوانە...؟! گوتی: ئەم نیوانە خۆیان نیوەکانی دیکەی خۆیان دەدۆزنەوە... ئینجا لێیان پرسی: ئەی ئەگەر نەیاندۆزییەوە...؟! گوتی: هەر نیوەیەک، کە نیوەکەی خۆی نەدۆزێتەوە، خۆی لەناو دەبات... لە هونەردا جوانترین شت خۆلەناو بردنە"

لە سەرێکی ترەوە، هەڵوێستی (شێرزاد ناجی) بەرانبەر بە کێشەی (عیماد) و (ئیمان)ی کچی (مەلا عارەب عەبدولسەمەد) هەڵوێستێکی سەردەمانەیە. (مەلا عارەب) ئامادە نییە کچەکەی خۆی بداتە (عیماد)، چونکە کوڕی (مەرجان) و (نوورەددین

تەیارەچییە) و لە رووی کۆمەڵایەتییەوە بە نزم سەیر دەکرێت و بە (مەرجان تیاترۆ) ناسراوە، بۆیە (ئیمان) رەدووی (عیماد) دەکەوێت. نووسەر لێرەدا، لە رێگای پاڵپشتیکردنی (شێرزاد ناجی) لە هەڵوێستی (عیماد) و (ئیمان)ەوە پێشانی دەدات، کە "کۆمەڵە" رووبەرووی نەریتە باوەکانی کۆمەڵگا بووەتەوە و پەنجە لەسەر نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکان دادەنێت. (شێرزاد) دەڵێت:

"من کاتێک دەڵێم خەڵک با بزانن ئیمان و عیماد ئاوایان کردووە، مەبەستم ئەوە نییە ئەوانە بشکێنم، بەڵکو ئافەرینیان لێ دەکەم و هەتا لە توانامدا بێت پشتیان دەگرم، بەڵام دەشمەوێ خەڵک بزانن ئەو پەروەردەیەی مەلا بۆ ئەم سەردەمە دەست نادات... "

(ئیمان) و (عیماد) وا لە شاخ دەڕوانن، کە پانتاییەکی فراوانە بۆ ئازادی، لە کاتێکدا (ئامانج) وەک لە کەناڵی یەکەمدا بینیمان نایەوێت "جارێکی دیکە بە مەبەستی سەیرانیش بۆ ئەم شاخوداخە (بگەڕێتەوە)". عیماد دەڵێت:

"... ئێمە لەبەرئەوە نییە شار جێ دەهێڵین و دەچین لەم شاخە چەک هەڵدەگرین، کە ڕقمان لە ژیانی شارە و حەز بە هەڵگرتنی چەک دەکەین، بەڵکو تەنیا لەبەرئەوەیە رێگامان نادرێت بەئازادی ببینە هاوسەری یەکتر... حەز ناکەم سبەینێ کەس وا بزانێت ئێمە دوای ئەوەی هیچ رێگایەکمان لە بەردەمدا نەمایەوە، ئینجا بەناچاری چووین بووینە پێشمەرگە"

بەدەر لە بەدواداچوونی رێکوپێک بۆ رووداوەکان و کارەکتەرەکان، وردبینیی نووسەر لەو خەسڵەتانە دەردەکەوێت، کە دەیانخاتە پاڵ کارەکتەرەکان بێ ئەوەی لەم بارەیەوە تووشی غەفڵەت ببێت. بۆ نموونە هەر لەو کاتەوە، کە خوێنەر ئاشنای (شێرزاد ناجی) دەبێت، سەیر دەکات ئەم کارەکتەرە لەگەڵ بیستنی هەر هەواڵێکی گرنگ، یان ناخۆش، یان تازە بۆکسێکی قایم بە ڕانی خۆی، بە دیوار، یان بە هەرشتێکی دیکەدا دەکێشێت. نووسەر هیچ کاتێک ئەم خەسڵەتەی (شێرزاد)لە بیر ناکات. ئێمە لە زاری (ئازاد هەمین مامان)ەوە دەبیسین، "دلێر"یش، کە یەکێکە لە ئەندامانی رێکخستنی کۆمەڵە لەناو شار، "دەقاودەق قسەکانی (شێرزاد) دەڵێتەوە... تەنانەت وەکو ئەویش لەکاتی گفتوگۆدا بۆکس بە دیوار و ستوونی کارەبا و پشتی مانگا و شتی دیکەدا دەکێشێت". ئەگەر ئەم خەسڵەتە بە دیوێکیدا ڕەهەندێکی شۆڕشگێڕیی تێدا بێت، بەڵام دوور نییە وەک ڕەنگدانەوەیەکیش بێت بۆ دیوێکی توندوتیژیی رێکخراوەکە. (ئازادی هەمین مامان)یش ئەو هەستەی لا دروست دەبێت، کە "هەتا (شێرزاد ناجی) لەناو ژیانی (ئەو)دا بێت، دەست بۆ هەر چی (بەرێت) بەرەو ناو ئاگر (ئاراستەی) دەکات"، چونکە "شێرزاد دەستی لە ئیش و کارە تازەکەی لەگەڵ "گولڵدان" وەردەدا بۆ بەرژەوەندیی بیروباوەڕی کۆمەڵە. نووسەر لەم رێگایەوە جیاوازیی نێوان ئەندامەکانی کۆمەڵە پێشان دەدات.

* * *

ڕۆمانی "کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان" لە رووی تەکنیکییەوە لەسەر بنەمای دروستکردنی حاڵەتێکی لۆژیکی "هۆ" و ئەنجامەکاندا دارێژراوە، بۆیە هیچ بۆشایی ، یان حاڵەتی پچڕپچڕبوون لە گێڕانەوەدا نییە. دیارە مەبەستم لە نەبوونی پچڕپچڕبوون ئەوە نییە، کە گێڕانەوەکە هەر شێوازی ریزبەندیی کلاسیکیانە لەخۆ دەگرێت، بە پێچەوانەوە، سەرەڕای یاریکردن بە زەمەنەکە و پاشوپێشکردنی رووداوەکان، مرۆڤ هەست دەکات بۆشاییەکان بە شێوەیەک لە شێوەکان پڕ کراونەتەوە. دیارە ئەمەیش بۆ تۆکمەیی دارشتنی پلانی ڕۆمانەکە دەگەڕێتەوە. کاتێک ڕۆمانووسێک لە سەرەتاوە دارشتنی پلانی ڕۆمانەکەی لەلا گرنگتر بێت لە گەڕان بەدوای ڕستەی جوان جوان، کە پێویستە دوای دارشتنی پلانەکە بێت، هەڵبەت بنیادی ڕۆمانەکە تۆکمە و بەهێزو بێ درز دەبێت. بە واتایەکی دی، دارشتنی نەخشەی چیرۆکەکە وەکو هەنگاوی بەرایی گرنگترە لە شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ رووداوەکان و ئەو زمانەی، کە نووسەر بە کاری دێنێت، بۆیە حاڵەتە پچڕپچڕەکان، ئەگەر هەبن، هەر لە سەرەتاوە پڕ کراونەتەوە و ڕۆمانەکەیش وەکو تەلارێکی جوان و رێک بنیاد نراوە، چونکە پێوەندییەکی لۆژیکی هەموو پێکهاتەکانی ڕۆمانەکە بە یەکدی دەبەستێتەوە. نووسەر بە تەنگ خستنەڕووی کرۆنۆلۆژیای رووداوەکانەوە نییە، بەڵکو ئەوەی لەلای ئەو گرنگە دروستکردنی حاڵەتێکی لۆژیکی هۆ و ئەنجامەکانە. ئەم حاڵەتە لای ڕۆمانووسی سەرکەوتوو هەر لە سەرەتاوە، لە دارشتنی پلانی چیرۆکەکەوە، بیری لێ دەکرێتەوە و مەسەلە تەکنیکییەکان لە سەرەتادا ناکاتە مەبەست. واتە

لە سـەرەتاوە بیـر لەوە ناكـاتەوە چ تەكنیكێك بە كـار بێنێت بۆ پێشـاندانی باڵای كـارەكتـەرەكـان و شـێـوەی دەمـوچاویان ، یان فـیـسـار شـوێن وەكـو چی وایە و وردەكاریی پێوەندییەكانیان چۆنە ، جوانكارییەكانی زمان دواتر دێن. گریمان ڕۆماننووس هەر لە سەرەتاوە بیری لەم شـتـانە كـردەوە ، بەڵام خـۆ دواجـار هەر دەبێت هێـڵـە سەرەكییەكانی چیرۆكەكە بكێشێت، پاشان بچێتە ناو وردەكارییەكانەوە. ئەگەر وا نەكات ڕۆمانەكە تۆكمەیی خـۆی لەدەست دەدات. (كـاروان) تەنانەت لە چیـرۆكـە كورتەكانیشـیدا ئەم نەخشەداڕێژییە تۆكـمـەیە جێبەجێ دەكات، بۆیە دەكرێ هەریەک لەم چیرۆكە كورتانە ببێت بە ڕۆمـانێكی دوورودرێژی تۆكـمـە و بەهێـز ، كـە كـەم چیـرۆكی كـورت هەیە ئەم نەخشـە داڕێژییـەی تێـدا بەدی بكرێت. جـێگای ئامـاژە پێكردنە زۆر لە چیـرۆكـە كـورتەكـانی "شـێـرزاد حـەسـەن" و "سـەلاح عـومـەر"یش هەمـان ئەو نەخـشـەداڕێژییـەیان تێـدایە و دەكـرێت لە چوارچێوەی ڕۆمانی تۆكمە و بەهێز دابڕێژرێنەوە. دیارە نەبوونی بۆشایی بەو مـانایە نییـە ، كە دەقـەكـە لە ڕووی فـیكرییەوە هیچ بۆشاییەک بۆ خوێنەر بەجێ ناهێڵێت تا لە پرۆسـەی خـوێندنەوەدا پڕی بكاتەوە. بێ گـومـان هیچ سنوورێک نە لـە بەردەم بۆچوونەكانی ناو دەقـەكە و نە لە بەردەم پڕكردنەوەی بۆشاییەكان لە لایەن خوێنەرەوە نییە ، چونكە ئەو واتایەی، كـە (كـاروان) ، وەک ڕۆمـاننووس، مەبەستیـەتی تەنیا ئەو پرۆسێسە فـیكرییە نییە ، كە لە لای خـۆیەوە بەڕێوە دەچێت لە كـاتی ڕۆمـاننووسـیندا. ئەگەر وابێت، ڕۆمانەكە وەک دەق دەبێتە دەقێكی مردوو و دواجار دیاریكردنی واتای بابەتیـیانەی دەقـەكـە هیچ ئەنجامێكی لێ ناكەوێتەوە.

دیارە هەمــــوو نووســــەرێک هەوڵـی ئەوە دەدات كاریگەریەتی خۆی بەسەر شێوازی بیركردنەوەی خوێنەردا بە جێ بێڵێت، بەڵام هیچ نووسەرێكی داهێنەر نایەوێت دەقەكە بۆ خوێنەر ئاشكرا بكات، چونكە نووسەر تەنیا لە ڕێگای ئەكتـیـڤكردنی خەیاڵی خـوێنەرەوە ئومـێدی ئەوەی هەیە خـوێنەرەكـە گـیـرۆدەی بەرهەمـەكـەی خـۆی بكات، ئەمـەیش ڕێک ئەو پلانەیە ، كە (كـاروان) كـاری لەسەر دەكات، بۆیە فاكتەرێكی گرنگ، كە (كاروان) لە ڕۆمانەكانیدا بایەخی پێ دەدات، هەرەسپێهێنانی ئەو ڕێككەوتنە نادیارەیە ، كـە سـەبارەت بە هەندێ پرس لەنێـوان نووسـەر و خـوێنەردا هەیە ، كـە دەبێـتـە بابەتی ڕۆمان. جێگای ئاماژە پێكردنە جاران ئەم ڕێككەوتنە ، یان هاوتەریبـییە پێوەر بوو بۆ هەڵبژاردنی هەر بابەتێک لە بەسـەرهاتەكـانی مـرۆڤ لە لایەن ڕۆمـاننووسـەوە. لە ئەدەبی ئینگلیزی، هەر لە "دانیال دیفۆ"وە بگرە تادەگاتە "تۆمـاس هاردی" ئەم ڕێككەوتنە لە بەرچاو دەگـیـرا. ڕۆماننووس لەم ڕوانگەیەوە بابەتەكانی هەڵدەبژارد ، بۆیە تێبـینیی ئەوە دەكـەین، كـە ئەوەی بۆ بابەتی ڕۆمـان بە گـرنگ دەزانرا بریتی بوون لە هەڵوەسـتـەكـردن لەسـەر پێكهاتە چینایەتییـەكانی كۆمـەڵگا . هەرچییـەک، كـە پێكهـاتەیەک لەو پێكهـاتانەی بەرز كـردبا ، یان بە پێـچەوانەوە ، یان دەبوو بە هۆكار بۆ گۆڕینی بارودۆخی مرۆڤ لە ڕووی شارستانییەوە بە گرنگ دەزانرا. "تۆماس هاردی" ڕۆمـانەكـانی خـۆی لەسـەر بنەمـای چینایەتی، هاوسەرگیری، هەروەها سامان داڕشت. ئەمە مامەڵەكردن بوو لەگـەڵ واقـیـعـێک، كـە پێی دەگـوترا "واقـیـعی بابەتییـانە" و بۆ خوێنەر سەرنجڕاكێش بوو. ئەم واقیعە لەلای (كاروان) بوونی نییە. ئەوەی هەیە هەستكردنە بە تێگەیشتن لە واقـیع. دیارە ئەمـەیش دەوەسـتێـتـە سـەر مێـژووی هۆشیـاریی مـرۆڤ، تا چەند مرۆڤ لەو مـێژووە هۆشـیـارە ، كـە لە نەسـتـیـدایە و پشت بەو گـریمانەیە دەبەستێت، كە دەڵێت ڕۆمان گوزارشت لە گەڕان بەدوای واقیعێكی نەزانراو دەكات، كە خوێنەر تێیدا بەشداری دەكـات بێ ئەوەی بینینی بۆ هەبێت و بە هۆیەوە بینینی دەگۆڕێت. لەم بارەیەوە، ڕووداوەكانی ڕۆمانەكە هێندە بە وردی لەگـەڵ شـارەزاییـەكـانی نووسـەر دەربارەی مـێژوو بەریەک دەكـــەون، كـــە هەندێک جـــار ئاڵۆزیی لێ دەكەوێتەوە ، بەڵام ئەم ئاوێتەبوونەی مێژوو لەگەڵ ڕۆمانی "كەناڵی مەیموونە چەكدارەكان" ، تێكستەكە وەكو هونەری ئەدەبی لەناو نابات، بە پێچەوانەوە ڕۆمانەكە هەر لەناو پانتـایی مـەجـاز و سـیـمـبـۆل و ڕۆمـانسـیـیـەتدا جـووڵانەوەیەكی فـراوانی هەیە و خـۆی لە هەمـوو ئەو چەمكە كۆمەڵایەتی و سیاسییانە دادەشۆرێت، كە دەبنە مـایەی كـەمكردنەوەی بەها ئەدەبییـەكـەی. بە واتایەكی دی، (كـاروان) لە ڕێگای فـۆرمـێكی هونەرییـەوە شارەزاییەكانی خۆی دەربارەی مێژوو پێشكەش دەكات و هەر لە چوارچێوەی ئەم فۆرمە هونەرییەوە شارەزاییەكانی خۆی ڕێک دەخات، بێ ئەوەی ئەڵقەكانی بە شێوەیەكی

ڕیزبەندیی بە یەکدی ببەستێتەوە بە هەمان ئەو ڕێگایەی، کە مێژوونووس باسی لێوە دەکات، بۆیە خوێنەر هەردەم لە چاوەڕوانی پێشهاتێکی چاوەڕواننەکراودایە، تەنانەت ئەگەر بە ڕاستی لە هەموو قۆناغە مێژووییەکانیش ژیابێت. ئەم واقیعە نەزانراوەی، کە لە سەرەوە باسمان کرد، لە زۆر ڕووداوی ئاسایی پێکهاتووە، بە شێوەیەک خراونەتە پاڵ یەکتر، کە بۆ خوێنەر واقیعێکی تازە دروست دەکەن. فاکتەری زەمەن گرنگترین ڕۆڵ لە ڕێکخستنی ئەم ڕووداوە ئاساییانەدا دەگێڕێت. چەمکی هۆشیاری لەیەک کاتدا لەسەر ئاستی جیا جیا هەستی پێ دەکرێت. پێشاندانی ئەم هۆشیارییە بە شێوەیەکی بەهێز لەسەر ئاستی دیوی دەرەوە بە ئاستە قوولەکانی دیوی ناوەوە پەیوەستە، کە دەرئەنجامی هەموو مێژووی پێشتری مرۆڤە وەکو تاک. ڕاستییەکەی ئەمە تا ڕادەیەک کێشەی پێوەندیکردن لەنێوان کارەکتەرەکان دروست دەکات نەک هەر لەلای (کاروان)، بەڵکو لە لای ڕۆماننووسەکانی دیکەیش وەکو (بەختیار عەلی)، لەو شوێنانەی، کە بەم ئاراستەیە مامەڵە لەگەڵ کارەکتەرەکانیان دەکەن. دیارە ئەمەیش سەبارەت بەوەیە، کە مرۆڤ لە کاتی پێوەندیکردنیشدا بە ڕابردووی خۆی بەستراوەتەوە. کاتێک هێما و جووڵە و ئەندامەکانی جەستە و تەنانەت دیالۆگیش نابێتە هۆی پێوەندیکردنێکی ڕاستەقینە، کاتێک گرنگیی بەسەرهاتەکانی مرۆڤ ناوەستێتە سەر ئەوەی تاچەند لەسەر ئاستی گشتی، لە لایەن هەموو کەسێکەوە، ڕێککەوتنی لەسەرە، بەڵکو پشت بە سەلیقە دەبەستێت، کاتێ لێکدانەوەی هێما و ئاماژەکانی مرۆڤ دەوەستێتە سەر خوێندنەوەی مرۆڤەکە خۆی، لەبەر ڕۆشنایی ئاستی ئەو هۆشیارییەی، کە لە ڕابردووەوە تا ئەو چرکەساتەی ئێستا لەلای گەڵاڵە بووە، کاتێ مێژووی کەسێنی مرۆڤ بەردەوام لەسەر ئاستی نەستیدا ئامادەیە بۆ بەهێزکردنی کاردانەوەکانی بەرانبەر بە هەر ڕووداوێک، ئەو کاتە مرۆڤ بە ڕابردووی خۆیەوە بەند دەبێت و دەشێت، تەنانەت لەناو قەرەباڵغیشدا تەنیاترین کەس بێت و بە پێچەوانەیشەوە، کاتێک تەنیایە، هەموو ڕابردووی خۆی لە خەیاڵی خۆیدا هەڵگرتووە وەک لە کارەکتەرەکانی ئەم ڕۆمانەی (کاروان)دا دیارە.

یەکێک لە بنەماکانی ڕۆمانی "کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان" ئەوەیە، کە "ڕاستێتی"ی تێدا بەرجەستە دەبێت. دوور نییە هەندێک لە خوێنەران، یان ڕەخنەگران پێیان وابێت، کە ئەم "ڕاستێتی"یە لای ئەو بەوە جێبەجێ دەبێت، کە مامەڵە لەگەڵ ئەو شوێنانە، یان ئەو کەسانە دەکات، کە بۆ خوێنەر حەقیقین، بۆیە ڕۆمانەکە ناوی زۆر لەو شوێنانەی لە خۆگرتووە، کە لە دەرەوەی دەقەکە بوونیان هەیە. بۆ نموونە، گەڕەکەکانی سەیداوە، تەیراوە، تەعجیل، گردی "ڤالینج ئاغا"... تاد. دیارە دەکرێ ئەم مەسەلەیە لە دوو ڕوانگەوە سەیر بکرێت، بەڵام بەر لەمە حەز دەکەم ئاماژە بەوە بکەم، کە زۆر لە ڕۆماننووسەکانی دنیا ئەم شێوە "ڕاستێتی"یەیان لە ڕۆمانەکانیان بەرجەستە کردووە. بۆ نموونە "جیمس جۆیس" زۆر مامەڵە لەگەڵ "دبلن" دەکات. دیارە مرۆڤ نابێت بە شێوەیەکی ساکارانە سەیری ئەم مەسەلەیە بکات. ئەگەر ئێمە وەکو چیرۆک سەیری چیرۆکی ئەدەبی و وەکو ڕۆمان سەیری ڕۆمان بکەین دەبێ تەنیا ئەوە لەبەر چاو بگرین و بە گرنگی بزانین، کە تا چەند ئەو چیرۆکە، یان ڕۆمانە لە ڕاستی دەچێت واتە تا چەند بڕواپێکراوە. کەواتە شوێنی دنیای ڕاستەقینە لە ڕۆماندا هەر ئەمەیە و هیچی تر، بۆیە کاتێک کاروان ناوی شوێنێکی وەکو گەڕەکی "سەیداوە"، یان "تەیراوە"، یان کاتێ "جیمس جۆیس" ناوی "دبلن" بەکاردێنێت، کە ناوی ڕاستەقینەن و لە دەرەوەی ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە بوونیان هەیە، ئەو کاتە ڕۆمانەکە تەنیا لە ناوەکان لەگەڵ دنیای ڕاستەقینە هاوبەشن، بەڵام ئەمانە هەرگیز نابن بە دنیای ڕاستەقینە بەڵکو "سەیداوە"، یان "تەیراوە" ، یان "دبلن"ەکەی "جۆیس" لەم حاڵەتەدا دەبن بە" سەیداوە"، یان "تەیراوە" ، یان "دەبلن"ی ناو چیرۆکەکە، نەک ڕاستەقینەکە. لە لایەکی دیکەوە، ئەو فەنتازیبیایەی، کە کاروان لە ڕۆماندا بەکاری دێنێت ڕەنگدانەوەی حاڵەتێکی "ڕاستێتی"یە، چونکە لە ڕێگای ئەو فەنتازیبیایەوە جیهانێک ڕۆ دەنێت، کە بڕواپێکراوە. هەتا ڕووبەری ئەو فانتازیایە فراوانتر بێت، بڕوانەکردن بە "ڕاستێتی" ڕۆمانەکە بەرتەسکتر دەبێتەوە. کەم ڕۆماننووس هەیە وەکو "ئەلەکساندەر پۆ" پەنای بردبێتە بەر فەنتازیا. چیرۆکی ناو هەموو ڕۆمانەکانی فەنتازین و لە سروشت بەدەرن، بەڵام ڕەنگدانەوەی "ڕاستێتی"ین. نموونەیەکی دیکەیش ڕۆمانی "باخچەی ئاژەڵان"ی "جۆرج

ئۆرویڵ"ە (١٩٠٣ - ١٩٥٠)، کە هەموو کارەکتەرەکانی ئاژەڵن، بەڵام "ئۆرویڵ" لەم ڕۆمانەدا جیهانێک دروست دەکات کتومت لە "ڕاستی" دەچێت. دەشێت لەیەکچوونێک لە نێوان ئەو دنیایەی، کە نووسەر لە ڕێگای حەکایەتبێژەکانەوە ڕۆی دەنێت لەگەڵ دنیای ڕاستەقینەدا هەبێت. ئەگەر گرتەیەک، یان بڕگەیەک لە دنیای ڕاستەقینە لە دنیا دروستکراوەکەدا هەبێت، ئینجا نووسەرەکە مەبەستی بێت، یان نا، ئەم گرتە، یان بڕگەیە لە دنیای ڕاستەقینە، دواجار نابێتە بەشێک لە چیرۆکەکە، بۆیە نووسەر هەرچییەک لە ناوی خەڵک و شوێن و ڕووداو لە دنیای ڕاستەقینە بخوازێت، ڕۆمانەکە ئەو دەرئەنجامە گشتییەی لێ ناکەوێتەوە وەک ئەوەی لە دنیای ڕاستەقینەدا هەیە، بەڵکو دەرئەنجامەکان هەر لە چوارچێوەی ئەو ڕووداو و کەشوهەوایە دەکەوێتەوە، کە ئەو بە شێوەیەکی هونەری لە ڕێگای بەکارهێنانی نائاسایی زمانەکەوە دەیچنێت. مرۆڤ تەنیا لەناو ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە دەتوانێت جەخت لەسەر حەقیقەتی شتەکان بکاتەوە. جەختکردن لەسەر حەقیقەتی کارەکتەری "هاملێت" تەنیا بە پشتبەستن بە دەقە ئەدەبییە نووسراوەکە دەبێت نەک بە پشتبەستن بەو سەرچاوە مێژووییەی، کە "شەکسپیر" بۆ شانۆنامەکە سوودی لێ وەرگرتووە.

سەرەڕای ئەمەش کارەکتەرەکان تەنانەت لەم حاڵەتانەشدا هەوڵ دەدەن ژیان بە دیوەکەی دەرەوە لەگەڵ دیوی ناوەوە هاوسەنگ بکەن. "جیمس جۆیس" لە بەشی "سایکلۆپس" لە ڕۆمانی "یۆلیسیس" دیمەنی بارەکان لە "دبلن" دەخاتە ڕوو، کە زۆر کاریگەرن نەک هەر لەسەر ئاستی واقیع، سەبارەت بەوەی، کە خەڵکی "دبلن" زۆر هامشۆی بارەکان دەکەن، بەڵکو لەسەر ئاستێکی سەمبۆلئامێزی پڕ ماناش، چونکە خواردنەوە بە یەکەوە یەکێکە لە نەریتە کۆنەکانی مرۆڤ، بەڵام "جۆیس" وای پیشان دەدات، کە مرۆڤەکان خەریکی جووڵانەوەی ئەندامەکانی جەستەیانن، بە تایبەتی دەموچاویان بێ ئەوەی بتوانن پێوەندییکردنە ڕاستەقینەکە ئەنجام بدەن. هەمان شێوە لە ڕۆمانی "خاتوو دالاوی"، کە "ڤەرجینیا وۆلف" نووسیویەتی. "خاتوو کلاریسا دالاوی" دەیەوێت ئاهەنگێک ساز بکات، چونکە ئاهەنگ هۆیەکە بۆ کۆکردنەوەی خەڵک، بەڵام جۆرێک لە پێوەندیکردنی ڕووکەشی (سطحی)ی لێ دەکەوێتەوە، چونکە وەکو گوتم مرۆڤ دەشێت تەنیاترین کەس بێت لەناو قەرەباڵغیدا. "خاتوو دالاوی" پێشتر داواکەی "پیتەر والش"ی ڕەت کردووەتەوە بۆ هاوسەرگیری، سەبارەت بەوەی کەسێکی شەڕانگێز و دەسەڵاتخوازە و مایەی هەڕەشەکردنە بۆ کەسایەتیی ئەو، بەڵام پاشان مێرد بە "ریچارد دالاوی" دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا هەست بە دابڕان دەکات. هەست دەکات لەناو تاوەرێکی چۆڵ زیندانی کراوە، لە کاتێکدا خەڵک لە دەرەوە خەریکی کۆکردنەوەی تووترکن. "کلاریسا" بەردەوام هەوڵ دەدا ژیانی ناو دنیای ناوەوەی لەگەڵ ژیانی ناو دنیای دەرەوە هاوسەنگ بکات. ئەوەی (ئامانج)، (ئازادی هەمین مامان) و (سۆزان) لەم ڕۆمانەدا دەیکەن هەمان شتە. ئەوان لە بەرانبەر خۆیاندا وەکو کەسێکی ڕووکەش دەرناکەون. ڕاستە دنیای دەرەوە، لە ڕوواڵەتدا، بریتییە لە دیوە ڕازاوە و ڕەونەقدارەکان، لە نەریتە شۆڕشگێڕ و بەها جوانەکان، بەڵام کاتێک بە ناو ئەم دنیایەدا دەچن، هەوڵی پشکنینی ژێرەوەی ئەم دیوە ڕەونەقدارانە دەدەن بە مەبەستی دۆزینەی مانای قووڵتر، ئارەزووی ئەوە دەکەن بە هەست و نەستی خۆیاندا بچنەوە، زیاتر بە جۆشو خرۆشییان بێن. کارەکتەرەکانی دیکە ئەم خەسڵەتەیان نییە. لەگەڵ ئەوەشدا هەردەم هەوڵ دەدەن هێمن و ئاسوودە بن. بە دەگمەن هاوسۆزی لەگەڵ خەڵکی دیکە پیشان دەدەن، وەک ئەوەی لە پێوەندیی نێوان (ئازادی هەمین مامان) و (شێرزاد ناجی)دا دەیبینین. (ئازاد) لە بەرانبەر (شێرزاد)دا وەکو کەسێکی ڕووکەش (سطحی) دەردەکەوێت هەوڵ دەدات ئاسوودەیی دەروونی لە ڕێگای ئاخاوتن بە ڕوویەکی خۆش بپارێزێت، چونکە "ئێستا" و "ڕابردوو" بەردەوام باری قورس دەکەن، گوشاری بۆ دێنن، بەڵام ئەو هەوڵ دەدات خۆی لەگەڵ ژیاندا بگونجێنێت.

*** ئەم لێکۆڵینەوەیەم وەکو پێشەکییەک بۆ ڕۆمانی «کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان» ئامادە کردووە، کە ئێستا خەریکە چاپ دەکرێت.**

**١- بڕوانە:**

**The Journal of Aesthetics and Art Criticism, Vol. 45. No. 4 (Summer, 1987), pp. 369-379 Publishe By: Blackwell Publishing.**

**٢- بڕوانە لاپەڕە ٨٥ لە:**

**Francis Sparshott, The Theory of Arts (princeton, 1982).**

# تێکەڵبوونی ناسنامەکان

بەختیار محەمەد

من پێم وایە، دەشێ هەمـوو کـەسـێک ڕۆشنبـیـر بێ، بەڵام ناشێ هەمـوو کـەسـێـک نووسـەر (یان هونەرمـەند) بێ، ئەمەش لە هونەری نووسین (یان کاری هونەری)دا بە دەردەکـەوێ، تەنانـەت هەمـــوو نووســەرێکیش بە واتایە مـەعــریفی و تەکنیـکیـیــەکـەی، ناشێ پێی بڵـێین نووســەر.(١) لە ڕاســتــیــدا نووســەرایەتی، کــارێکی (وەزیفـەیەکی) تایبـەتە، کـاری نووسـەرایەتی خـۆی لە خــــۆیدا – وەک هەر داهێـندراوێکی دیکە، بـە واتا تەقلیدی و سادەکەی – پەیامە: پەیامێکی مەعریفییە بۆ مرۆڤایەتی. وەک دەشبـینین، ئەم پەیامە هەر لە کۆنەوە، لە مێژووی دەقـە نووسراوە هەمـەجۆرەکـاندا بەرجەسـتـە دەبێ. پێـدەچێ کـاری نووسـەرایەتی بە شـێـوەیەک لە شێوەکـان، کـارێکی پیـرۆزیش بێ (ئەمـەش دەلالەت لە لایەنە ڕوحییەکەی کاری نووسین دەکات). دەشێ نووسین بە واتایە ئایینییەکەی، نموونەی دیاری ئەم حاڵەتە پیرۆزە بێ. ئێمە وەک دەزانین هەموو کتێبە پیرۆزەکانیش، کە قسەی خـوداوەندن، بریتین لە دەقی نووسین.(٢) لێرەوە مەعریفەی نووسین، پردی پێوەندییەکی ماددی و ڕوحییە لە نێوان خوداوەند و مرۆڤیشدا. هەموو دەقە پیرۆزەکان، دەلالەت لەم پێوەندییە بەرجەسـتـە مـاددییـە– ڕوحییـە دەکـەن. ئێـمـە لەم دەقـانـەدا، مـاهیـیـەتی کـەسـایەتی خـوداوەند دەبیـنین. خـوداوەند لە ڕێگەی نووسین (دەق)ەوە، حەقـیقەتی کەسایەتی خۆی بۆ ئێمە ئاشکرا دەکات؛ لە ڕێگەی پەیامی کـتێبە پیـرۆزەکانیشەوە، کە لە کـار و گـوتەی بەرجـەسـتـەی پێـغـەمـبـەرەکـاندا بە دەردەکـەوێ، خـوداوەند بەشـداری لە ڕەوتی پەرەسـتـاندنی مـێـژووی مرۆڤایەتی (کۆمـەڵگەکان)دا دەکات. سەرلەبەری ڕووداو و چیـرۆکـەکـانی ناو تەورات و قـورئان و ئینجـیلەکـان، بریتین لە نیـشـانەکـانی ئەم بەشـداربوونە ڕەهایە؛ هەر بۆیەش ئەم ڕووداو و چیـرۆکـانە لە زمـانی ئایینـدا (بە نموونە قورئان)، پێیان دەگوترێ ئایات (نیشانە). (دیارە لە قورئاندا هەموو ڕستە و بڕگەیەکی سوورەتەکان پێیـان دەگوترێ ئایات – هەمـان شتیش بۆ ڕسـتـە و بڕگەکـانی ئیسحاح و سفرەکانی ناو تەورات و ئینجیلەکانیش هەر ڕاسـتــە). بە نموونە، با بڕوانینە ئەم بەشـەی سـوورەتی قـەسـەس: «طسم (١) تلكَ آياتُ الكتـاب المبين (٢) نتلو عليكَ من نبـأ مـوسى وفـرعـونَ بالحقّ لقـومٍ يُؤمنون(٣) انّ فـرعـونَ عـلا في الأرض وجـعل أهلها شيعـاً يستضـعفُ طائفةَ منهم يُذَبّحُ أبناءَهُم ويستحي نساءَهُم إنهُ كانُ من المفُسدين (٤) ونريد أن نَمُنَّ على الَذينَ أستُضعفوا في الأرض و نَجعلَهُم أئمَّةَ ونجعَلَهُمُ الوارثين (٥) ...». (٣)

به هەرحاڵ، ئێمە لە سیاقی جیاکردنەوەی ناسنامەی نووسەر و ڕۆشنبیردا دەڵێین: مەرج نییە هەموو ڕۆشنبیرێکی باش، نووسەرێکی باش بێت (نموونەی وەها لە ڕۆشنبیریی ئێمەدا زۆرە)، بەڵام بێ گومان، دەبێ هەموو نووسەرێکی (هونەرمەندێکی) باش، ڕۆشنبیرێکی باشیش بێ. تاکە شتێک لێرە، کە نووسەر لە هەموو ڕۆشنبیرێکی دیکە جودا دەکاتەوە، بێ گومان پرسی زمانە (بە دیاریکراویش پرسی داڕشتنی زمانە)، بۆیە لە نێوان ناسنامەی نووسەر و ڕۆشنبیردا، تەنیا سنوورێک هەیە، ئەویش سنووری زمانە. واتە بۆ ئەوەی ڕۆشنبیر ببێتە نووسەر، دەبێ لە سنووری زماندا بپەڕێتەوە... لەم گۆشەنیگایەوە گادامێر دەڵێ: «دەق بەپلەی یەکەم دیاردەی دەربڕینە»؛(٤) کەواتە ئێمە نابێ ناسنامەی نووسەر (بە شێوە حەرفییەکەی) تێکەڵ بە ناسنامەی ڕۆشنبیر بکەین. واتە نابێ ناسنامەی ڕۆشنبیر وەک نووسەر، لەگەڵ ناسنامەی ڕۆشنبیر وەک (مەلا، مامۆستا، موزیکژەن، شانۆکار،...)، تێکەڵ بە یەک بکەین، چونکە ڕۆشنبیر چەمکێکی گشتییە و نووسەر چەمکێکی تایبەتییە. نووسەر ناچارە ببێتە بەشێک لە پرۆسەی داهێنانی زمانی دەق، بەڵام ڕۆشنبیر (مامۆستا، خوێنەر...) ئەو ناچارە نییە.

نووسەر ئەو کاتە نووسەرە، کە بە شێوەیەکی زانستی دەنووسێ. واتە نووسین دەبێ ببێتە پێوەری پەرەستاندنی زمان. بە واتایەکی دیکە، نووسین تەنیا گەیاندنی پەیامەکانی فیکر نییە، بەڵکو پرۆسەی بینا کردن و نۆژەن کردنەوەی زمانیشە (ئەم دوو حاڵەتە هەرگیز لە یەکدی دانابڕێن). لێرەشدا زمانی نووسین نابێ لە بنچینەی (ڕوحی) زمانی دایک (ئاخاوتن) داببڕێ. پێدەچێ لێرە حاڵەتێکی دووفاقانە هەبێ: واتە زمانی نووسین، هەم وەک زمانێکی سەربەخۆ و دابڕاو لە زمانی ئاخاوتن خۆی نیشان دەدات؛ هەم وەک بەشێکیش لەم زمانە خۆی دەنوێنێ. زمانی نووسین بەو پێیەی، کە زمانێکی نوێیە، وەک زمانێکی سەربەخۆ خۆی نیشان دەدات، بەڵام چونکە مێژووی ڕەگەکانیشی لە خاکی زمانی دایک (ئاخاوتن) دایە، ئەوە وەک بەشێکی درێژکراوەی ئەم زمانە (ڕەسەنە) خۆی نیشان دەدات. لێرەوە زمانی نووسینی چاک، ناشێ خۆی لە زمانی ڕەسەنی دایک داببڕێ. بەو پێیەش زمانی نووسین، نابێ لە بناغەی دەستووری ڕێزمانی زمانی دایک لا بدات.لەم بارەیەوە جاک دریدا دەڵێ: «بۆچی دەبێ زمانی دایک، لە پرۆسەی نووسین دوور بخەینەوە؟»،(٥) بەڵام پێدەچێ ئەمڕۆ لە چاو سەردەمی کلاسیکدا، دابڕانێکی ئۆرگانیکی گەورە لە نێوان زمانی نووسین و زمانی ئاخاوتنی کوردیدا چێ بوو بێ. ئێمە نووسەری هاوچەرخی ناسراومان هەن، کە بە زمانێکی کوردی یەکجار شپرزە و دابڕاو دەنووسن (دابڕاو لە ڕوحی زمانی دایک؛ لێرەشدا پرۆسەی حەزی خوێندنەوە، تووشی ئیشکالییەت دەبێ). لەم جۆرە نووسینانەدا، ئەوەندەی بایەخ بە واتا (مەبەست) دەدرێ، ئەوەندە بایەخ بە فۆرم (زمان) نادرێ (ئەمەش گوتاری ڕۆشنبیرە، نەک نووسەر).(٦) لە ڕاستیدا ئەم جۆرە نووسەرانە، وەک ئامرازێکی گەیاندنی لاوەکی، نەک وەک ئامانجێکی سەرەکی ئەپستمۆلۆگی، تەماشای شێوازی داڕشتنی زمانی دەق دەکەن، ئەمەش لە نرخی «زانستی نووسین»ی دەق کەم دەکاتەوە.(٧) لە سەرێکی دیکەشەوە، دەشێ ڕۆشنبیرە باشەکان قسەکەری باش بن، بەڵام مەرج نییە نووسەری باش بن، ئەمەش ئەو جیاوازییەمان بۆ بە دەردەخات، کە لە نێوان گوتاری نووسین و گوتاری ئاخاوتندا هەیە. واتە ئەو جیاوازییەی لە نێوان هونەری داڕشتنی (یان دەربڕینی) زمانی نووسین و هونەری دەربڕینی (یان ئەدا و گۆکردنی) زمانی ئاخاوتندا هەیە (لێرەشدا جیاوازی لە نێوان نووسەری باش و قسەکەری باش و جیاوازی لە نێوان ناسنامەی نووسەری باش و ڕۆشنبیری باشدا بە دەردەکەوێ، تەنانەت لە نێوان نووسەری باش و نووسەری خراپیشدا بە دەردەکەوێ).

ئێمە دەبێ بزانین، لە زمانی نووسیندا تێرامان و بیرکردنەوەیەکی وردتر، بۆ داڕشتن و ڕێکخستنی دەربڕین و ڕستە و دەستەواژە و پەیڤەکان هەن. دەشێ ئەم حاڵەتە ڕەوانبێژییە دەستکردە، لە زمانی ئاخاوتندا بەدی نەکرێ، چونکە زمانی ئاخاوتن لە زمانی نووسین خۆڕسکترە (سروشتیترە)؛ هەر بۆیە حاڵەتە ڕەوانبێژییەکەشی لە گەوهەری سروشتی خۆیدایە. واتە حاڵەتێکی خۆڕسکانەیە و ڕەگەزێکە لە گەوهەری سروشتی زمانی ئاخاوتندا خۆی (تا ئەو ساتە مێژووییەی، کە زمانی ئاخاوتن بە تەواوی ڕسکیوە و گەڵاڵە بووە). لایەنی ڕەوانبێژیی ئەدەبی فۆلکلۆری سەر زاران (پەند و باڵۆرە و

گـۆرانی و قـــــەی نەستـــەق و ...)، بەڵگەی ئەم ڕاستــیــیــەیە. لە زمــانی نووســیندا شــوێن (ڕووپێـوی کـاغـەز)، یەکـجـار بەرتەسکە و کـات (بیـرکـردنەوە و خەیاڵ) یش یەکجار بەرفراوان و بێ سنوورە.

ئێمە هەمیشە بە بیرکردنەوەی خێرا و ئۆتۆماتیکیانە قسە دەکەین؛ بەڵام ناتوانین وا بە خێرایی زمانی نووسین دەربـبڕین و دایبـڕێژین؛ هەر ئەمـەش وادەکـات، کە ئێـمـە (زۆربەمـان) لە کـاتی نـووسیندا، زۆر هەڵە بکەین و زۆر جاریش وشە و ڕستە و دەستەواژەکان، بگۆڕین و ڕەشیان بکەینەوە و هی شیاوتریان لە شوێندا دابنێین. (٨) ئێمە لە نووســیندا هەر بە خـۆمــان بە تاقی تەنێ، زمــان و ناوەڕۆکـە فکرییـەکـەی بینا دەکـەین، ئەمـەش کـارێکی ســەخت و دژوار و درێژخـــایەنە، کـــەچی لە دەربڕینی ئاخــاوتندا، هەمــیـــشـــە ئەوانی دیکە لە ڕێی کــار و پێداویستییـە کۆمەڵایەتییـەکاندا، هاوکـاریمان دەکەن. لێـرەشـدا قـسـە کـردن کـارێکی ئاسـانتـرە لە نـووسین (ئەگەرچی هەموو کەسێکیش لە هونەری قسە کردندا، لە ئاست یەکـدا نین). من وای بۆ دەچم، هەندێک جـار ئەزموونی نووسین، بە گەمـەی مـیکانۆی منداڵان بچێ، کـە دەبێ هەمـوو پارچە ڕەنگاوڕەنگەکـان (پەیڤـەکـان، ڕستە و بڕگەکان) لە شوێنی ڕاستی خۆیاندا دابندرێن، تا شـتـێکی نوێی لێ دروست بکرێ؛ کـەواتە نووسین کلێشەی دەربڕینی (دەقی) حازر بە دەست نییە، تا ئێمە وەک خۆی بە میرات لە دایک و باوکمانەوە فێری ببین و وەری بگرین. ئەمە زیاتر خەسڵەتی زمـانی ئاخـاوتنە. ڕاستە ئێمە لە دەقە نووسراوەکانی پێش خۆمان شت فێر دەبین، بەڵام نووسینی باش، دەبێ بە گوتنی شتی نوێتر (شتی نووسەرەکە خۆی)، خۆی لە میراتی ڕابردوو جودا بکاتەوە. داهێنان ئەم حـــاڵەتە بە زمـــانی نـووسین دەبەخـشێ، نەک هەر داهێنان، بەڵکو هەمـوو دەقـێکی باشیش، دەبێ بە ناوەڕۆک و بە فۆرم، خۆی لە دەقەکانی دیکەی پێش خـۆی جـودا بکاتەوە. بە هەرحـاڵ، ئێـمـە کاتێک باسی کات و شوێنی نووسین و ئاخاوتن دەکەین و بەراوردیان دەکـــەین، دەڵێین: نووسین دەبێ جـــێی زۆرترین خەیاڵ و تێڕامان و بیرکردنەوە، لەسەر ڕووپێوی (ناو فــەزای) تەسکی کـاغــەزدا بکاتەوە؛ کـەچی ئەم حاڵەتە عەقڵییانە لە ئاخاوتندا، لە کات و شوێنی زۆر بەرین و هەمـەڕەنگدا، بە خـێـرایی و سـەرپێی ئەنجـام دەدرێن؛ تەنیـا حـاڵەتی تێـڕامانی مـۆنۆلۆگـانە نەبێ، کـە دەزانین ئەم حـاڵەتەش لە ئاکـامـدا دەبێـتـەوە بە دەقی نووسین. (٩) دەشتـوانم بڵـێم، ئەو بڕیاردانە بلەزەی لە بیـرکـردنەوە و گـوتنی ئاخاوتندایە، لە کـایەی نووسـیندا قـووڵتـر و چڕوپڕتر و هێـواشـتـرە. لە پرۆسـەی نووسـیندا شوێن گرنـگ نییە، چونکە شوێنێکی یەکجار بەرتەسک داگیـر دەکات (لاپەڕەکان). گرنگی شوێن لە ناو پرۆسەی نووسین خۆیدایە. واتە لە نووسیندا، شـوێنی ناوەکی زۆر لە شـوێنی دەرەکی بەرینتـرە. ئەم حـاڵەتە پێـچـەوانەی کـایەی ئاخـاوتنە، کـە شـوێنی دەرەکی زۆر لە شـوێنی ناوەکی بەرینتـرە. لێـرەشـدا هەروەکـو گـوتم، شـوێن لە پرۆســەی نووســیندا گــرنگ نیــیـــە، بەڵـکو زەمـــەنی مـیـتـافـیـزیکی بیـرکـردنەوە و زمـان گـرنگن (نووسین کـە دەبێـتـە دەق، واتە زمانێک بۆ تێگەیشتن و خوێندنەوە، شوێن و کاتی بەرینتر بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ).

زەمەن لە پرۆسـەی نووسیندا بە شـێوەیەکی ئەسـتوونی (شـاقـووڵی)، نەک ئاسـۆیی بەرجەسـتە دەبێ؛ کـەچی لە ئاخاوتندا زەمـەن حاڵەتێکی ئاسۆیی هەیە. ئەم دیاردەیە لە دەقی ئەدەبی و مـــێـــژوویـیـــدا، زۆر بە باشی بە دەردەکەوێ. ئێمە هەردەم نابێ ئەوەش لە بیر بکەین، کە ئاخاوتن کایەی کاری هەموو خەڵکە، کەچی نووسین هی خەڵکێکی دیاریکراوە، ئەمەش وا دەکـات، کـە کـات و شـوێنی مـاددی دەرەکی ئاخـاوتن، زۆر لە کـات و شـوێنی مـاددی دەرەکی نووسین بەرینتـر بێ. دیاردەی نووسین، فەزایەکی نوێ و مێژوویەکی نوێ بە زمان دەبەخشێ، کە ئەویش فـەزا و مـێـژووی تۆمـارکـردنی داهێنانە. (١٠) وەک دەزانین، بەر لە نـووســـینیش هونەری نیگار ئەم ڕۆڵەی بینیـــوە. خـــۆ ئەگـــەر بەر لە ســـەرهەڵدانی ئەم مێژووەش، یادەوەری دەستەجەمعی پشتاوپشت نەبوایە ، کە زمانی داهێنانی تۆمـار کردووە و لەگەڵ خـۆیدا هەڵی گرتووە و تا قـۆناغی ئەمـڕۆی هێناوە، ئەوە ئێـستـا ئێـمـە هیـچ ئەدەبێکمـان نەدەبوو بە ناوی ئەدەبی مـیللیـیـەوە، بەڵام لە ئاکامـدا نووسین دێ، بەشێکی ئەم ئەدەبەمـان بۆ تۆمـار دەکـات و دەشـیـپـارێزێ؛ کـەواتە نووسین فـەزای بەرهەمـهـێنـان و پاراستن و بە ئاکـام گـەیاندنی خـەیاڵی فراوان و تێڕامان و بیر کردنەوەی قووڵ و چڕوپڕە (حاڵەتە عـەقـڵـیـیـە قـووڵ و درێژ خـایەنەکـانە)؛ فـەزای مـاددی پاراستنی ئەم حاڵەتە عەقڵییانەیە. داهێنانیش بریتییە

لەو فـەزایەی، کـە ئەم حـاڵەتە عـەقـڵـیـیـە درێژ خـایەن و قـووڵانەمـان، لە زمـانێکی چڕی پوختـدا (یان لە دەربڕینی شـایسـتـە و ڕاگـەیەندا) بۆ بەرجەسـتـە دەکـات؛ کـەواتە هەمـیـشـە داهێنان لە بـواری نووسـینـدا، پێـوەندی بە زمـانیشـەوە هەیە. هەمـان پرۆسـەش، بەڵام بە ئەزموون و کەرەستەی جیاوازەوە، لە هونەر و زانستەکانی دیکەشدا دووبـارە دەبێـتـەوە. واتە داهێنان لە هەر بـوارێکدا بێ، یەک گەوهەری عـەقڵی هەیە، بەڵام بە کەرەستە و فۆرمی جیاواز- جیاوازەوە. ئێمە دەزانین هەر لە کۆنەوە، هەموو دەقـە ئـاییـنی و یاسـایی و فـەلسـەفی و ئەدەبییـە شاکارەکان، ئەوانەی کە تا ئێستاش ماون و نەفەوتاون، لە ڕێگەی نـووسـینەوە پارێزراون، بـەڵام بێ گـومـان بە جیاوازی لە ئامراز و تەکنیکی نووسیندا. لێرەشدا بەر لە مـێـژووی سـەرهەڵدانی نووسین، یادگـەی داهێنەرانی دەسـتـەجـەمـعـیش، ئەدەبی فـۆلکلۆری سـەرزارانمان بۆ دادەهێنێ؛ تـا لە بری نـووسین، ئاخـاوتن بتـوانێ لەم یادگـەیەدا، ئەم داهێنـانە بێ خاوەن و مـیللییـەمـان (کە هەمـوو گـەل خـاوەنیـەتی) بۆ بپـارێزێ. لێـرەشـدا زمـانی ئەدەبی فۆلکلۆری بە گشتی، زمانێکی کورت و پوخت و ڕاگەیەنە.

لەم ئەدەبەدا ئەزمـوونی درێژی واقـیع- بێ گـومـان لە چوارچێوەی خەیاڵی داهێناندا- لە بیرۆکە و ڕستە و بڕگە و پەخـشـانی کـورت و پوختـدا بەرجـەسـتـە بووە، نەک بیرکردنەوە و خەیاڵی قووڵ و بەرفراوان، لە دەقی درێژدا، کە خەسڵەتی ئەدەبی نووسراوە بەرجەستە بن. لە ئەدەبی پێشیناندا ئەزموونی قووڵ، لە زمانی ئاخاوتندا (ئەدەبی سـەرزاران) قـەتیس و بەرجـەسـتـە بووە، بەڵام لە ئەدەبی هاوچەرخدا (یان لە ئەدەبی نووسراودا)، بیـر کـردنەوە و خـەیاڵ و تێـرامـانی قـووڵ و بەرفـراوان، دەقی درێژتر و ئاڵۆزتر لە چوارچێوەی دەسەڵاتی زمانی نووسیندا بەرهەم دەهێنن. لەوێ یادگەی دەستەجەمعی هەیە. لێرە زمـانی دەقی نـووسـراو هەیە، کـە بەرهەمی تاکـەکـەسێکە. لە ئاکـامـدا ئەم زمـانە دێ، زمـانی ئاخـاوتنی ئەدەبی فـۆلکلۆریشـمان بۆ تۆمار دەکـات و دەینووسێـتـەوە و لە فەوتاندن دەیپارێزێ: فۆلکلۆریش دەبێتە دەقی نووسراو (دیاره گـۆرانی فـۆلکلۆریش جـۆرە ئاخـاوتنێکە {ئاخـاوتنێکی ئیـسـتـێـتـیکی باڵایە} لە یادگـەی دەسـتـەجـەمـعی مـیللیـدا، کـە دەقـە ئەدەبییـە فۆلکلۆرییەکانی وەک شیعر و داستانمان بۆ دەپارێزێ. بە نموونە: لاوکی خـەج و سـیـابەند، کـە دەقی ئەدەبی {داستانە شیعری} خەج و سیابەندمان بۆ دەپارێزێ). ئا ئەم حاڵەتە جیاوازەی پرۆسەی شارستانانەی نووسینە، لە دیاردەی سروشتی ئاخاوتن، کە کەسی نووسەر لە هەموو ڕۆشنبـیـرێکی دیکە جـودا دەکـاتەوە؛ چونکە- جـەخت دەکەینەوە- نووسەر هەر تەنیا مامەڵە لەگەڵ یادگەی - (کەلەپووری) ڕۆشنبیریدا ناکات، بەڵکو مامەڵە لەگەڵ یادگـە (زاکـیـرە) ی زمـانیـشـدا دەکـات. ئایا یادگـەش هەمـیـشـە جـۆرە گـەمـەکـردنێک نیـیـە لە ناو مـێـژوودا: مێژووی خـود، مێژووی زمان، مێژووی نەتەوە...، هەر وەک چۆن، کـە «... نووسـینیش گـەمـەکـردنە لە ناو زمـاندا» ؟ (١١) گـەمـەکـردنێک، کە هەم تراژیدیایە و هەم کـۆمـیـدیا؛ هەم تاڵە و هەم شـیـرین، چونکە نووسین سـەد لـە سـەد بەندە بە ژیانەوە. نووسین وەک ئاخـاوتن دەیەوێ پێـمـان بڵێ ژیانی شـارسـتـانانە هەیە. دەیەوێ پێمان بڵێ، ژیان لە ناو چاکە و باشیدا، دەبێ بەردەوام بێ. ئەرکی نـووسین ڕووبەڕووبوونەوەی ژیانە، بۆ ئەوەی لە نهـێنییـە جوان و ناشیرینەکانی تێ بگات. نووسین، ئەگەر دۆستی ژیان نەبێ، دەبێتە دۆستی ستەم و مەرگ. لە لای نووسین، نابێ هیچ شتـێک بە نهـێنی بمێنێـتەوە. ئەرکی نووسینە، کە هەموو شتێکمان لە لا خۆشەویست بکات.

ئایا ئێـمـە بە ئاشکرا لە ڕێگەی زمـانەوە (ئاخـاوتن و نووسین)، دەربڕین لە هەموو شتێکی ژیان ناکەین؟ ئەدی زمان پەیامی گەیاندنی هەموو پێوەندییەکانی ئێمە نییە؟ ئەدی ئەوەی ئێـمـە ئەمڕۆ دەیڵـێین، داینووسینەوە، تا لە یادگەمـان بمێنێ و لە بیری نەکەین؟ تا لە ڕێگەی ئەرک و چێژی بیستن و خوێندنەوە و فێر بوونی زانینەوە، هەرگیز لە بیـری نەکـەین ؟ ئایا نووسین لە هەمـوو ئامـرازێکی هونەری دیکە پتر، ڕوح و گـەوهەری شـتـەکانمان نیـشـان نادات؟ ئایا زمـانی نـووسین، لە زمـانی هەمـوو هونەرە جوانەکانی دیکە، ڕوونتر و ڕاگەیەنتر و شەفافتر نییە؟ بێ گـومـان ئێـمـە بۆ ئەوەی لە هەمـوو هونەرێکیش تێبگەین، لە پاش بیر کردنەوە و خەیاڵ و ڕامان، دەبێ زمان بەکار بهێنین. زمان دوایین قاڵبی داڕشتن و گەڵاڵە کردن و بەرجەستەکردنی مانای هەموو شتەکانە. با لێرە بێینەوە سەر وەزیفەی نووسـەر و دەڵێین: خـەسڵـەتێکی

نووسەر ئەوەیە، کە کەمتر قسە دەکات و زۆرتر دەنووسێ (ڕادەمێنێ). نووسەر لە ناو پرۆسەی نووسیندا بیر دەکاتەوە و دەنووسێ. واتە لە ناو ئەم پرۆسەیەدا بیر دەکاتەوە و دئاخڤێ. گرنگ ئەوەیە لە ناو ئەم پرۆسەیەدا، بە باشی بیر بکاتەوە و بە باشی بنووسێ؛ چونکە نووسەر هەمیشە پێوەندییەکی نهێنی لەگەڵ زماندا دەبەستێ و وەک منداڵی بزێو، گەمەیەکی نهێنیش لەگەڵ زماندا دەکات. ئەمە خۆشەویستی نووسەرە بۆ وەزیفەی زمان، بۆ مانای ژیان. دەکرێ بڵێین، ئەگەرچی زمان لە قەفەزی نووسیندا بەند دەبێ، بەڵام لە هەمان کاتدا لە ڕووی واتا و تەکنیکەوە، چڕتر دەبێ. واتە زۆربەی جار ناشەفافتریش دەبێ (شیعر نموونەیەکە لەو حاڵەتەی، کە لەچاو زۆربەی ژانرەکانی دیکەی نووسیندا، چڕترین و ناشەفافترین زمانی هەیە. هەر بە تەنیا ڕەگەزی وێنە بەسە، کە ئەم چڕییەمان پێدەبەخشێ.

خوازە و هێما و وێنە، کە ڕەگەزە گرنگەکانی شیعرن، ئەم سیفەتە نادیار و ناشەفافە بە شێوازی زمانی شیعر دەبەخشن. لێرەشدا خوێندنەوەی دەقی شیعر، مامەڵە لەگەڵ ئەم ناشەفافیەتە- تەمومژە- دا دەکات)؛ کەواتە زمانی دەق لە ناو پرۆسەی خوێندنەوەدا، ئازادتر و شەفافتر دەبێ (ئەم حاڵەتە لە تەئویل و تەفسیر کردندا بە باشی بە دەردەکەوێ). واتە دەق هەرچەند بخوێندرێتەوە، هێندەش واتا و دەلالەتەکانی کراوەتر و شەفافتر دەبن. ئێمە هەرچەند باش بخوێنینەوە، هێندەش باشتر دەق، مەبەست و دەلالەتەکانی خۆی بۆمان ئاشکرا دەکات؛ کەواتە خوێندنەوە خۆی لە خۆیدا پرۆسەیەکی دیموکراسیشە، چونکە لە نێوان دەق (نووسەر) و خوێنەردا، بنەمای دایەلۆگی هەیە. بە هەمان شێوە، ئێمە هەرچەند باش گوێ لە قسەی بەرانبەر بگرین، باشتریش لە مەبەستەکانی تێدەگەین و دووچاری بەدحاڵی بوون نابین. ئەمە هەمان حاڵەتە، کە لە کایەی ژیانی سیاسیشدا بەدی دەکرێ و گەوهەرێکە، کە سیستمی دیموکراتی لە سیستمی دیکتاتۆری جودا دەکاتەوە. وەک دەزانین دیموکراسییەت بە پێچەوانەی دیکتاتۆرییەت، هەموو شتێک شەفاف دەکات. واتە دەرگا بە ڕووی هەموو جیهانە جیاوازەکاندا دەکاتەوە. ڕاستە لە جیهانی نووسیندا لەچاو جیهانی ئاخاوتندا (وەک پێشتریش ئاماژەمان پێکرد)، حاڵەتی داخستن هەیە؛ بەڵام لە ئاکامدا ئەم داخستنە، پاش ئەوەی، کە زمانی نووسین دەبێتە زمانی شرۆڤەکردن و ڕاگەیاندنی زۆربەی هونەر و زانینەکان، تێکدەشکێ. ئەوساش لە ڕێگەی خوێندنەوە و وەرگێڕانەوە، دەبێتە زمانی دەربڕینی هۆشیاری و درک و زانینی هەموو تاکێک و سەرلەبەری کۆمەڵگە مرۆڤایەتییەکان. ئێمە پێشتر گوتمان، خەسڵەتێکی نووسەر ئەوەیە، کە کەمتر قسە دەکات و زۆرتر دەنووسێ (ڕادەمێنێ)؛ پێچەوانەی ئەو ڕۆژنامەنووس و ڕۆشنبیرانەی، کە لە کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن و ڕۆژنامەکاندا، پتر خەریکی وەعزدان و سەفسەتەن، کە دەشنووسن، بابەتی بە پەلە و ڕووکەش دەنووسن؛ کەواتە نووسەران دەشێ نەتوانن بە باشی قسە بکەن، بەڵام بە باشی بتوانن بنووسن (بێ گومان ئێمە دژی خەسڵەتی قسەزانیی نین، ئەگەر نووسەر ئەم خەسڵەتەشی هەبێ، ئەوە شتێکی یەکجار نایابە، بەڵام وەزیفەی سەرەکی نووسەر نووسینە، نەک ئاخفتن). لەم چوارچێوەیەدا زۆر نووسەریش هەن قسەزانی (بیرکەرەوەی) باشن، بەڵام بە شێوازی خراپ دەنووسن؛ کەواتە ئەمانە - بە ڕای ئێمە- ڕۆشنبیری باشن، نەک نووسەری باش؛ ئەگەر پێشیان بڵێین نووسەر، ئەوە دەبێ بڵێین نووسەری خراپن.

بە کورتی دەمانەوێ بڵێین: ئێمە نووسەرمان هەیە ڕووناکبیرێکی خراپە و ڕووناکبیریشمان هەیە - کە دەنووسێ- نووسەرێکی خراپە. سەرباری ئەمەش، ئەگەر نووسین بەدەر لە بەهرە، تەنیا پرۆسەی مومارەسەکردن بێ، ئەوە زۆر نووسەر هەن زۆر دەنووسن، کەچی نووسەری باش نین؛ کەواتە لەپاڵ بەهرە و مومارەسەکردندا، تێڕامان (تأمل) و جددییەت، دوو حاڵەتی پێویستن لە پرۆسەی نووسیندا، کە ئەم دوو حاڵەتە، ماهییەتی نووسەر و ڕۆشنبیر دیار دەکەن. ئەوەی ئەم خەسڵەتانەشی هەبێ، لە نووسین دەترسێ و زۆریش دەخوێنێتەوە. نووسەری جددیش دەبێ وەها بێ! ئێمە هەق وا نییە، ئەگەر ڕووناکبیر نووسەرێکی باش نەبوو، واتە بێ گومان شێواز و زمانی نووسینی باش نەبوو، بەڵام ڕۆشنبیرێکی باش بوو، پێی بڵێین «ڕووناکبیر و نووسەر»، چونکە ئەو لێرە ڕۆشنبیرێکی زیرەکە، نەک نووسەرێکی بە توانا. لەمەوە هەموو جارێک شیاو نییە، ئێمە بۆ هەموو کەسێکی ڕۆشنبیر و نووسەر، دەستەواژەی «نووسەر و ڕۆشنبیر» بە کار بهێنین

(ئەم دەستەواژەیە ئەمڕۆ لە ڕاگەیاندنەکانی ئێمەدا، بووەتە دەستەواژەیەکی باو: هەندێ جار لە جێی خۆیدا بەکار دێ، بەڵام هەندێک جار دەستنیشان کردن و بەکار هێنانەکەی ئیشکالیەتی تێدایە، واتە لە جێی خۆیدا نییە؛ وەک ئەوەی ئێمە ئەمڕۆ لە مەیدانی سیاسی و ڕۆشنبیریماندا، نووسەر و ڕۆشنبیری ناسراومان هەن، بەڵام زمانی نووسینیان پڕە لە ئیشکالیەت. ئەمە بۆ ئێمە مایەی هەڵوەستە لەسەر کردنە: نووسەر دەبێ زمان وەک پێوەر و ئامانجی کارەکەی بە کار بهێنێ. ئەوسا دەتوانێ بە شێواز و دەربڕینی باش بنووسێ...). نووسەر و ڕووناکبیری باش ئەوانەن، کە وەک چۆن بە جددییەوە کار لەناو جیهانی فیکردا دەکەن، بە هەمان شێوە کار لەناو جیهانی زمانیشدا دەکەن، چونکە دەق، فیکر (دەلالەت) لەناو زماندا بەرجەستە دەکات و خوێنەریش فیکر لەناو زماندا دەخوێنێتەوە: زمان مانا و ئیستێتیکامان پێدەبەخشێ. لێرەش لە جێی خۆیدایە لە خۆمان بپرسین: ئایا نووسین هەڵوەستەکردنە لە ڕاست ماهییەتی وشەدا؟ لە ڕاست بوونی وشە خۆی لە خۆیدا؟ لە ڕاست ئەو پەیامەی، کە بوونی وشە لە ناو بوونی ئێمەدا ڕایدەگەیەنێ؟ ئایا نووسین هەمیشە «شۆڕشێکی سپی» نییە لە ناو زماندا؟ لە ڕاست مێژووی دەسەڵاتی زماندا؟ کەواتە نووسین لە ڕێی ئەم شۆڕشەوە، هەمیشە دەسەڵاتی زمانمان بۆ نوێ دەکاتەوە. ئا ئەمەیە ئەرکێکی داهێنان لە پرۆسەی نووسیندا! بۆیەش پێدەچێ بەر لەهەر شتێک، نووسەری ڕاستەقینە بە باشی بنووسێ، نەک بە باشی قسە بکات... شتێکی دیکەش هەیە ئێمە نابێ لە بیری بکەین، ئەویش ئەوەیە، کە لەوانەیە لە ژیانی واقیعی ڕۆژانەماندا، ڕۆشنبیرێک (مەلایەک، ڕۆژنامەنووسێک، سیاسەتمەدارێک، چالاکێکی مەدەنی...)،(١٢) باشتر بتوانێ لە نووسەرێک (شاعیرێک، ئەدیبێک، فەلسەفەناس و کۆمەڵناسێک...) ڕای گشتی شەقام ببزوێنێ، بەڵام ئەمە هیچ پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە داهێنانی جیهانی نووسینەوە نییە: دەشێ ڕۆشنبیران شۆڕشگێڕ بن (کە ئەمە کارێکی یەکجار ئەرێنییە)، بەڵام هونەرمەند نەبن. هەر وەک چۆن دەشێ هەموو داهێنەرێک (نووسەر، هونەرمەند، زانا، ...) شۆڕشگێڕ بێ: شۆڕشگێڕ بێ و ببێتە کارەکتەرێکی چالاک لە دروست کردنی ڕای گشتیدا. لە ئاکامدا دەڵێین، بەرهەمهێنانی هەموو کایەکانی هونەر و زانین، بۆ تاک و بۆ کۆمەڵگەن. داهێنانیش تاک بەرهەمی دەهێنێ، بۆ تاک و بۆ هەموو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە. ئێمە هەمیشە لە چوارچێوەی وێنەکانی زماندا، لە نهێنییەکانی ژیان و بوون و کەسایەتی خۆمان تێدەگەین. زمان (زمانی دەنگ و ڕەنگ)، تەنیا موڵکی مرۆڤە. ئەو دایهێناوە و ئەویش دایدەهێنێ و هەر ئەویش بەرەو پێشەوەی دەبات. ئێمە ئێستا لە چوارچێوەی زماندا دەزانین، کە مانای داهێنان چییە؛ چونکە زمان حاڵەتەکانی عەقڵ بەرجەستە دەکات؛ کەواتە ئێمە بۆ زمان دەنووسین، بۆ شکۆمەندکردنی ئەو زمانەی، کە تەنیا موڵکی مرۆڤە. ئەو کەسەی لە کایەی نووسینیشدا، لەمێژە دەنووسێ و زمان شکۆمەند ناکات (بە باشی نانووسێ)، وا باشە واز لە کاری نووسین بهێنێ! ئا ئەمەیە ئەرکی نووسەری ڕاستەقینە، کە زمان شکۆمەند دەکات؛ چونکە لە زماندا پرۆسەی تێگەیشتن بەدی دێ. (١٣)

**ژێدەر و پەراوێزەکان:**

**١- ئێمە لێرە باسی حاڵەتی داهێنانیش ناکەین، چونکە ئەوسا پرۆسەی نووسین دەبێتە شتێکی دەگمەن.**

**٢- بە بڕوای قەددیس تۆما ئەکوینی «خودا گەوهەر و سروشتی خۆی بە تەواوی، بە پەیڤ دەردەبڕێ». بڕوانە: هانز جورج غادامیر. الحقيقة والمنهج: الخطوط الاساسية لتأويلية فلسفية. ت: د. حسن ناظم ، علي حاكم صالح (دار أويا للطبع والنشر، الطبعة الأولى ٢٠٠٧). ص ٥٥٥ . لە سەرێکی دیکەش، چەمکی نووسین بە خۆی خوداوەند بووە. بە نموونە: (توت) ی خودای نووسینی میسری کۆن. بڕوانە: جاک دریدا. في علم الكتابة. ت: انور مغيث ، منى طلبة (المركز القومي للترجمة ، الطبعة الثانية ٢٠٠٨). ص ١٧٠.**

**٣- قورئانی پیرۆز. سوورەتی قەسەس. وەرگێڕانی: مام هەژار. ل ٣٨٥.**

**٤- هانز جورج غادامیر. الحقيقة و المنهج: الخطوط الاساسية لتأويلية فلسفية. ت: حسن ناظم ، علي حاكم صالح (دار أويا للطبع و النشر، الطبعة الأولى ٢٠٠٧). ص ٤٥٢.**

**٥- جاك دريدا. في علم الكتابة. ت: أنور مغيث ، منى طلبة (المركز القومي للترجمة ، الطبعة الثانية ٢٠٠٨). ص ١١٨.**

**٦- من لێرە مەبەستم ئەوە نییە، کە نووسەر و ڕۆشنبیر لە یەکدی دابڕم، بەڵکو مەبەستم ئەوەیە، کە پرەنسیپ و پێوەری**

ناسنامەکان بناسین. نووسەر دەبێ خاوەنی گوتاری (شێوازی) خۆی بێ لە نووسیندا. بۆ نووسەر شێوازی دەربڕینی زمان یەکجار گرنگە. زمان رووی راستەقینەی (بەرچاوی) هەموو دەقێکە. شوناسی دەق زمانە، بۆیە زمان لە دەقدا دەبێ بە شێوەیەکی دروست بە کار بهێندرێ. من لێرە بە شێوەیەکی ئەبستراکت باسی زمان ناکەم، بەڵام زمان خۆی لە خۆیدا، بەهایەکی یەکجار گرنگی لە دەقدا هەیە؛ چونکە ئێمە لە رێگەی زمانەوە، مانای شتەکان دەزانین.

٧- گرفتی ئێمە وەک زمانی (بیرکردنەوەی رۆشنبیریی) کوردی ئەوەیە، کە لەبەر تیشکی شێوازی (کاریگەریی رۆشنبیریی) زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی، بە زمانی کوردی دەنووسین و بیر دەکەینەوە، چونکە ئێمە زیاتر بەم زمانانە شت دەخوێنینەوە (ئەم زمانانە تەنیا کارمان تێ ناکەن، بەڵکو بە سەریشماندا زاڵن). واتە بە خۆمان مێژووی پاشخانێکی رۆشنبیریی دەوڵەمەندمان نییە، کە بە زمانی کوردی نووسرا بێ، بەڵکو لەسەر بنەمای زمانی ئەو رۆشنبیرییانە، ئێمە رۆشنبیریی خۆمان رۆ دەنێین. لێرەشدا زمانی نووسینمان لە بواری زاراوە و دارشتن و دەربڕیندا، تووشی تەنگوچەڵەمەی گەورە دەبێ. هەڵبەت من لێرە مەبەستم لە کاریگەریی رۆشنبیریی نییە لە نێوان رۆشنبیرییەکاندا، بەڵکو مەبەستم لەو کاریگەرییەیە، کە زمانی بەرکاری دووەم دەشێوێنێ. مەبەستم ئەوەیە، کە زمانی نووسینی باڵادەستی ئەوانی دیکە، لە رووی بینای رێزمانەوە، زمانی نووسینی کوردی دەشێوێنن. من ئەوەش دەزانم، کە سەردەمی کلاسیکی رۆشنبیری ئێمە، لە رووی فیکرەوە، سەردەمێکی سادەترە لەچاو سەردەمی ئەمڕۆ. ئێمە لەو سەردەمەدا تەنیا شیعرمان هەبووە، بەڵام ئەمڕۆ هەوڵی نووسینی بابەتە فیکری و فەلسەفییەکانیش دەدەین. ئەمەش بۆ زمانی کوردی، کە- وەک گوتم- پاشخانێکی رۆشنبیریی دەوڵەمەندی نییە، شتێکی تازە و سەختە. ئێمە هەمووشمان دەزانین، کە زمانی نووسینی کوردی بە ژانێکی یەکجار سەختەوە، لە دایک بووە. هێشتاش ئەم پرۆسەی لە دایک بوونە زۆری ماوە و تەواو نەبووە. ئەو بەچکەیەی، کە لە ئاییندەشدا لە دایک دەبێ، زمانی ستانداری کوردییە.

٨- لە یادمە چەند ساڵێک بەر لە ئەمڕۆ - ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم و یادگەم خیانەتم لێ نەکات، چونکە ناوی سەرچاوەکەم لەبیر نەماوە - جارێک هەڤپەیڤینێکی گابریل گارسیا مارکیز-م خوێندەوە، کە گوتبووی بە حەڤدە ساڵان رۆمانێک دەنووسێ و جاری واش هەیە حەفتەیەک چاوەڕێ دەکات، تا لە بڕگەیەکدا پەیڤێک بگۆڕێ و پەیڤێکی جوانتر و باشتری لە جێگەی دابنێ.

منیش لەخۆمان دەپرسم: ئایا ڕوحی داهێنان، وەها بە دژواری لە دایک دەبێ؟

٩- مۆنۆلۆگ حاڵەتێکە لە نێوان سایکۆلۆژیا و خەیاڵی زەینی خوددا؛ بۆیە ئەگەر لە حاڵەتی داهێنەردا، نەبێتە دەقی نووسین، یان کاری هونەری و زانستی، ئەوا یان لە بیر دەکرێ، یانیش دەبێتە بەشێک لە پرۆسەی ژیانی کۆمەڵایەتی تاک.

١٠- ئەفلاتوون و رۆسۆ تێروانینێکی نەرێنییان بۆ دیاردەی نووسین هەبووە. ئەوەتا بەنموونە رۆسۆ دبێژە: «نووسین بێجگە لە نواندنی ئاخاوتن هیچی دیکە نییە. سەیریش لەوەدایە، کە ئێمە بێین پتر لە بابەت بایەخ بە وێنە بدەین». ئەفلاتوونیش پێی وایە، کە «نەخۆشی نووسین لە دەرەوەڕا دێ». دیارە مەبەستی دەرەوەی زمانی ئاخاوتنە. بروانە: جاك دريدا. في علم الكتابة. ت: أنور مغيث، منى طلبة (المركز القومي للترجمة، الطبعة الثانية ٢٠٠٨). ص١٠٧، ١١٠. لەم کتێبەدا دریدا، لەسەر مێژووی چەمکی (دیاردەی) نووسین، رەخنە لە لیڤی شتراوس دەگرێ. بۆچوونێکیش هەیە پێی وایە زمان و نووسین پێکەوە لە دایک بوونە؛ لەم بارەیەوە فیکۆ دبێژە: «جاران فەیلەسووفان بەهەڵە لەو باوەڕەدا بوون، کە یەکەم جار زمانەکان زاون، ئنجا نووسین، کەچی بە پێچەوانەوە ئەمانە هەردووکیان جمکن و بە تەریبیش پەرەیان ستاندووە». بروانە پەراوێزی ژمارە (٥)ی هەمان ژێدەر، ل٢٧٦. پێدەچێ دریدا-ش لە سیاقی لێکۆڵینەوەکەیدا باوەڕی بەم بۆچوونە هەبێ.

١١- هەمان ژێدەر ، ل ١٣٠.

١٢- دیارە نووسەری رۆژنامەنووس، نووسەری رۆژانەی خەڵکە و سەروکاری لەگەڵ هەواڵ و باسوخواسە رۆژانەییەکاندا هەیە؛ بۆیە دەشێ ئەو چالاکێکی رۆشنیری مەدەنیش بێ؛ کەواتە ئێمە وەک رۆشنبیر تەماشای دەکەین، نەک وەک نووسەری تایبەت. رۆژنامەنووسان لە ناو هەموو نووسەراندا، پتر نووسەری پراکتیکی و کردەوەیین. ئەوان دەنووسن لە پێناو کارکردنی پراکتیکیدا؛ بۆیەش ئەوان لە هەموو نووسەرانی دیکە پتر، رووبەڕووی سزادان و توندوتیژی دەبنەوە.

١٣- گادامێر دبێژە: «زمان ئەو ناوەندە هەمەکییەیە. کە تێگەیشتنی تێدا روو دەدا». بروانە: هانز جورج غادامير. الحقيقة والمنهج: الخطوط الاساسية لتأويلية فلسفية. ت: حسن ناظم ، علي حاكم صالح (دار أويا للطبع و النشر ، الطبعة الأولى ٢٠٠٧)، ص ٥١١.

# گێڕانەوەیەکی نوێ لە قەڵەمێکی ئازا و بیرێکی ورد

قادر عەلیخا
(بۆکان)

بە درێژایی مێژوو، شیعر پاپۆڕێکی مەزن و بە کەڵک بووە بە دەست مرۆڤایەتییەوە، زۆر یارمەتی بە سوودی گەیاندۆتە سەر خوانی هەست و هزری مرۆڤ و ژیان و بیر و ڕوحی بۆ ڕازاندۆتەوە. بە دەیان و سەدان دەروازەی، جوان دیتن و جوان بیر کردنەوە و باش بیستنی بەسەردا کردۆتەوە و فێری چۆن چێشتنی تامەکانی ژیانی کردووە.

ئەو بیرمەند و لێزانانەی شیعریان کردۆتە هێڵی پێوەندی هزری خۆیان و هەستی جەماوەر ڕادەی گیرایی و سیحری بەرز و شوێنی مەزنی شیعریان لە دەروونی مرۆڤدا باش ناسیوە، ئەم هەستە پاکە و ئەم زمانە هەنگوینییە زۆر بە پەلە و هاسان شوێن لەسەر هەست و چێژی مرۆڤ دادەنێ و ئاوێتەی بوونی دەبێت.

شتێکی زۆر سادە و ساکار نییە کە ئەم ژانرە سەری کێشاوەتە هەموو کەلێنەکانی داهێنان، دەیان و سەدان سەربردەی مێژوویی لە ئامێز گرتووە، چیرۆکی حەز و ئەویندارى و داستانی حەماسی و خەبات و تراژیدیا و خەمی لە سینگی خۆیدا ڕاگرتووە.

بیری زانستی و فەلسەفی و ئیمان و دینداری و حەماسی و حەکایەتە ئەفسانەییەکان، هەموویان بە گشتی قەرزداری ڕوحی بەرزی شیعرن و ئەم پاپۆڕە مەزنە بۆ پەڕینەوە لە نێوان ڕوحی داهێنەر و هەستی بیسەر و خوێنەردا دەستی هەردوو لای گرتووە و یارمەتی داون.

هەر لە پرسیار و وەڵامە پڕ لە گرێپووچکەکانی خەییام، هەتا دەگاتە پەندی پێشینیان و نوکتە و قسە نەستەقەکان لە نێو دەفری شیعردا گەیشتوونەتە سەر خوانی هەستی کۆمەڵ، ئەمە بەڵگەیە بۆ سەری بەرز و ئامێزی ئاواڵەی شیعر.

هەر کاتێک شیعر، هەوای گۆڕان و تازە بوونەوەی

کەوتبێتە سەر، ئەوە ئەم هەوایە کەوتۆتە سەر هەموو بەستێنەکانی ژیانیش و ئەوانیش گۆڕانیان بەسەرداهاتووە. جیهانبینی تاک و کۆمەڵیان گۆڕیوە و هەنگاوێک ئەگەرچی بچووکیش بووبێت، بەرەو پێشەوە نراوە.

سەیوفولقوزات، تۆوی بیرێکی نوێی لە نێو مێشکی خەباتکارانی کورددا چاندو خەباتی خێڵەکی و ناوچەیی بەرەو خەباتی فرەلایەنی و نەتەوایەتی برد.

هەنگاوەکەی سوارە هاوکات بوو لەگەڵ گۆڕانی ژیانیش لە نێو کۆمەڵی کوردەواریدا، خوێندەواری لە کوردستاندا بەرەو ئاستی سەرێ دەچوو، کوڕی وەرزێر و کاسبکار و بازاڕیش دەچوونە زانکۆ و شوێنە زانستییەکان، ئیتر خوێندن و زانین هەر تایبەتی توێژی سەرەوەی کۆمەڵ نەبوو.

لایەنی سەربردەیی و گێڕانەوەیی لە شیعردا، کە بۆتە هەوێنی دەیان و سەدان چیرۆکی شیعری، کە هەموویان هەر یەکە و بە چەشنێک جێگایەکی تایبەتی و دانستەیان بۆخۆیان و ئەو زمانەی پێی نووسراون داگیرکردووە، بوونەتە ملوانکەی زێڕینی شیعری و مێژووی ئەو وڵات و زمانە شانازییان پێوە دەکات، بەشێکی گرینگە لە شیعردا.

لە مێژووی ئێمەی کوردیشدا، کەم نین ئەو دەقە شیعرییانەی، بۆمان بوونەتە بەڵگەی بوون و ڕەمزی نەتەوەیی و شانازییان پێوە دەکەین، بێ بوونی ئەوانە بەشێک لە مێژوومان ویشک و کاتۆر دەمێنێتەوە، ئەوانە باسیان لە جوامێری و ئازایی بەرەی ڕابردوویان بۆ بەرەی نوێ گێڕاوەتەوە و بۆ نەترسان و بوێری، بەرەی داهاتوویان پێ هان داوە، یان وەک بەڵگەیەکی مێژوویی، مەزلوومی و بێ دەرەتانی سەردەمێک لە ڕابردوومان بۆ دەگێڕنەوە، دێرەکانی ئەم شیعرانە پڕن لە باسی ئەشق و خوێن، ترس و ئازایی، سەرکەوتن و گلان، بەبێ تیشکی ئەم چرایانە، بەشێکی زۆر لە مێژوومان لێ بزرە و ڕووناکاییان تێ ناگەڕێت، ئەوانە پرشنگێکن کە لە ڕابردووەوە دێت و ڕێی داهاتوومان بۆ ڕووناک دەکاتەوە.

ئەگەر خانی باسی ئەشقی بە ئاکام نەگەیشتووی مەم و زین دەکات، ئەوە دەکاتە دەستەچیلەی باسێکی هەراوتر کە لەوێدا لە ئەشقی خاک و ئاو دەدوێت و باسی هەرێمی جەزیر و بۆتان دەکات و لە میری کورد و قەڵا و باڵەخانەی دەسەڵاتدارانی کورد دەدوێ.

قەڵای دم دم هەر میدالێک نییە بە سەر سینگی خانی لەپزێڕینەوە بدرەوشێتەوە، ئەوە خانی لەپزێڕین و قەڵایە بوونەتە مەیدانی شانازی بە سینگی نەتەوە و خاکەکەیانەوە.

هێمن سووڕی دەوران دەکاتە سووڕی دەستاڕ و سەری زۆردار و شۆڤار و بەرماوخۆرەکانی پێ دەهاڕێت. لەوێدا هەر لە ئەشقی کچی خان و کوڕی هونەرمەند نادوێ، ئەمانە هێما و سەمبولێکن، بە هۆی ئەوانەوە بە گژ بیری زۆرداری و خۆ بە زلزانی و خوێنخۆری و داپڵۆسیندا دەچێتەوە، چەمۆڵە و تف لەو بیر و بۆچوونانە دەکات کەوا کایە بە هەستی دەروونی مرۆڤ دەکەن و چەمۆڵەیان لێدەنێ.

یەکێک لە خاڵە گرینگەکانی گێڕانەوە، شێوە زمان، یان چلۆن گێڕانەوەیە، لە زۆربەی گێڕانەوەکانی پێشینیاندا، کە هەر یەکە و بە هۆی سەردەمی تایبەت و کاکڵی باسەکان، نێوەرۆک و پەیامەکانیان لە یەکتری جودایە، بەڵام شێوەی گێڕانەوەکان وەک پێوانەی ژمارەیی لە (١)ەوە دەست پێدەکا و بۆ ژمارەکانی ٢ و ٣ و ٤ و ٥ و ٦ و ٧ و ٨ و ٩ و... دەڕوات کەمیان وایە بۆ وێنە لە (٤)ەوە دەست پێبکات و بچێتە ٢ و ٥ و ٣ و ئەم گۆڕان و بازدانەش شوێن لەسەر ڕەوتی دەقەکە دادەنێ و خوێنەر هەم لە چیرۆکەکە و هەم لە شێوەی گێڕانەوەکە چێژ وەربگرێت، لە ئاکامیشدا ئەوە خوێنەر بێت هەوڵی سەر یەکتری خستنەوەی لەتوکوتی ئەو پازێلانەی بکەوێتە ئەستۆ.

ئەم شێوە گێڕانەوە هێڵییە لە ڕابردوویەکی دوورەوە کەڵکی لێ وەرگیراوە و بە هەموو شێوەیەک بۆ خوێنەر کارئاسانی کردووە و کاکڵی کارەکەی ناوەتە بەر دەستیان، خوێنەر ماندوو نەبووە و تەمبەڵی بار هێناون.

هەرچەندە ئەم گێڕانەوانە، زۆر جاران ڕەمزاوی و سەمبۆلاوی بوون و باڵندەیەک، چیایەک، یان دارێکیان کردۆتە هەوێنی باسەکە و بە هۆی ئەوەوە قسەی دڵی خۆیان دەربڕیوە، بەڵام لە کۆتاییدا وا کوڵی دڵی خۆیان هەڵڕشتووە، خوێنەر بە ئاسانی دەستی گەیشتۆتە کۆدی ڕەمزەکان و پەردەی ڕازەکانی بۆ هەڵدراوەتەوە.

وەک هەڵۆکەی سوارە و مامۆستا هەژار، داربووزەکەی

ماموستا هەقیقی، خاسە کەوەکەی ئاوات، تەرەغەکەی نیما بۆکانی، کە ئەمانە هەر یەکە و لە سەردەمێکی تایبەت بە خۆیاندا نووسراون.

بە پێی ڕەوتی زەمان کە هەمیشە سەری ڕمبی بیر و زانین بەرەو خالی نوێ بوونەوە و جوان باسکردنی ژیان بووە، کەسێک یان چەند کەسانێک، لە هەلودەرفەت و زەمانێکی تایبەتدا، بە هۆی ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر ژیان و گوزەرانی بیر و بیرکردنەوەی مرۆڤدا هاتووە، دەستیان داوەتە ئالوگۆڕ و کەرەستە و پێداویستی و بیر و هزری نوێیان، ئافراندووە، بوار و ڕێگای نوێ و تازەیان تاقی کردۆتەوە و بوونەتە پێشەنگ و ناوی سەر قافلەیان، لە لایەن کۆمەڵ و داهاتووانەوە پێ بەخشراوە.

لەم چەند ساڵەی دواییدا، لە بەستێنی ئەدەبیاتی کوردیدا چەند هەنگاوێک لە شێوازە جۆراوجۆرەکانیدا، بەرەو نوێ بوونەوە هەڵگیراوە، هەرچەند هەندێکیان سەرەڕای پڕوپاگەندەی زۆرزەوەند، نەیانتوانیوە بە باشی بیچم بگرن و نەیانتوانیوە سەر بکێشنە نێو دڵ و دەروونی خەڵکەوە و لە لایەن کۆمەڵگاوە دەستی ڕەتکردنەوەیان بە سینگەوە نراوە، بەڵام هەنگاوی پتەو و بەپێزیش دەبیندرێت.

کە هەم لە لایەن ئەدیب و ئەدەبدۆستانەوە، ئامێزی ئاواڵە و بەقەدریان بۆ کراوەتەوە و هەم بەرهەمی بە کەڵک و بەسوودیشیان بۆ ئەدەبیاتی کوردی لێ بەرهەم هاتووە.

یەکێک لەو دەقە شیعریانەی، من بۆ هەوێن و بەڵگەی ئەم باسەم پشتی پێوە دەبەستم، چیرۆکەشیعرێکی کورتی، محەممەد ئەحمەدی «ساماڵ»ـە بە نێوی (شەڕ):

* * *

**شەڕ**

**بارینی خۆر**
**بەسەر پەنجەرەی**
**ماڵانێکی تازەسازدا**
**دایە مەمدە بە گورگێ**
**لە زنجیرەی منالانێکی**
**هەشت – نۆ سالاندا**
**کوتوپڕ**
**هەلاتنی فڕۆکەیەکی ڕەش**
**لە سووچی شینی ئاسمان**
**دایکانی برد**
**گورگی خاتیرەیەکی**
**سوور**
**بارینی دووکەڵ**
**یان جەدەلێکی سیاسی**
**بەسەر کەلاوەی**
**هەرێمێکی دیسان ڕووخاودا**

ئەم شیعرە کورتە بە زمانێکی کورت زۆر کورت و بێ درێژدادڕی، جیاواز و دوور، زۆر دوور لەو شیعرە گێڕانەوانەدا ڕادەوەستێ، کە پێشتر شیعری کوردی، چ لە فۆڕم و چ لە زمانی گێڕانەوەدا بە خۆیەوەی دیبوو، زمان، جلوبەرگ و شێواز و قەڵافەتی لەوان جودایە، لێرەدا شێوە گێڕانەوەی ژمارەیی کە پێشتر وەک نموونە باسم کردووە و ئەوم وەک شێوازی ژمارەیی ١ و ٢ و ٣ و...تاد داناوە، لەم شیعرە کورتەی «ساماڵ»دا ئەو پابەندییە نابیندرێت و شێوەی گێڕانەوەی باسەکە گۆڕدراوە، «ساماڵ» لێرەشدا دەستی بردووە بۆ خالی تازە و شێوازی تازە و ڕچەیەکی نوێی شکاندووە و بوارێکی تازەی تاقی کردۆتەوە.

لەم کورتە چیرۆکە شیعرەدا، باس لە ڕووداوێکی تاڵ و ناشیرین دەکرێ، بە هەموو لایەنەکانی وێرانی و کوشتن و سووتانەوە، بە گڕ وشەی شەڕ و ئاکامی شەڕدا دێتەوە و لایەنە دزێوی و قێزەونەکانی بەرجەستە دەکاتەوە.

شەڕ، هێمای وێرانی و دەربەدەری، ئاوارەیی و خوێن ڕشتن و سووتاندن، شادی کوشتن و خۆشی لە گۆڕنان، بزە لە داردان و قاقا خنکاندن، کارگای هەتیو و بێوەژن سازکردن و کەم ئەندام و بێ دەست و پێ خولقاندن، شەڕ لەمانە زیاتر چی دەزانێ؟ لەمانە بەدەر چی بەرهەم دەهێنێت؟ ئەمانە هەموویان بەرهەمی سەرخەرمانەی شەڕن، لەم شیعرەدا شاعیر هەم بە گڕ شەڕدا دەچێتەوە و هەمیش شێوەیەک لە شێوە جوانەکانی گێڕانەوەی شیعری دەخولقێنێ.

ئەم کورتە شیعرە، کە لە پێنج تابلۆی ئاوێنەئاسا پێکهاتووە، دەروونی ڕووداوێکی تاڵ و گرژمان بۆ دەردەخات کە پڕە لە ئێش و برک و ژان، وێرانی و لە یەکتر هەڵبڕان و ترس و خۆف، ئەم ئاوێنە شیعرییە کە دووکەڵی شەڕ هەندێک ڕوخسارە گەشەکەی لێڵ کردووە، لە وێرانی گوندێک نادوێ، شەڕ و وێرانی ئەم گوندە

مشتێکە لە خەڵوار و دڵۆپێکە لە دەریای مێژوویەکی پڕ لە شەڕ و کارەسات.

ئەو لە دەروونێکی ساف و ساماڵی مرۆڤانەوە، بە گژ هەموو شەڕێکدا دەچێتەوە و چەمۆڵەیان لە نێوچاوان دەنێت.

بە دابەشکردنی ئەم شیعرە بەسەر پێنج تابلۆدا چاوێک بە پێکهاتە و دەروونی ئاوێنە ئاسای ئەو شیعرەدا دەخشێنن.




(١)

**«بارینی خۆر**
**بەسەر پەنجەرەی مالآنێکی تازەسازدا»**

ئەو کاتانەی ئاسمان ساماڵە و گڕیی گەواڵە هەورێک نایەتە بەر هەنگاوی تیـرێژ، دڵۆپەکـانی پرشنگ دادەبارێن، ساماڵبوون نیشانەی ئارامی و ئاسوودەیی و دوور لە دڵەڕاوکێ بوون و ترسـە، سـاوبوون هەوێنی فەرحانی و ئاوەدانییە، لە ژێر ئەم ئاسمانە ساماڵەوە خۆر دادەبارێ بەسەر ئەو دەروونانەی لێوڕێژن لە دڵنیـایی و هیـوا بە دوارۆژ، پرشنگ دەزێتـە پەنجـەرەی مـالآنێکی تازەسـاز، کـە دوای شـەڕ و نەهامـەتی و وێرانی، پاش ئاوارەیی و کـوشـتـار و خـوێنڕژان، بۆتەوە کـانگای ئاوەدانی، ساغی و ئارامی و سازبوونەوەی تێزاوە، ئەو چاوەی پەنجـەرانەی پەنجـەی دووکـەڵ قـامکی لە چاوان ڕۆدەکردن و ئەو مالآنەی لاقی زۆرداری و ئازار پاشقولی کۆڵەکەکانی دابوون، ئێستـا هەستـاونەتەوە سەرپێ و چاویان گەش و ڕووناک و هەوای بلاوێنی ژیان دەستیان بەسەر و کاکۆڵدا دێنێ.

لێـرە لەم ئاوێنە تابلۆیەدا باس لە گـوندێکی ئاوەدان دەکـات کـە سەردەمـێک دەستی غـەدر و شـەڕ گەرووی گـوشـیـوە و کـانی چاوەی ژینی لێ خنکاندوون، بە هێنانەوەی دوو وشەی – تازە * ساز – واتە تازەساز بێ ئەوەی باس لە شەڕ و وێرانی بکرێت، لە شـەڕ و وێرانی دەدوێت، ناڕاسـتـەوخـۆ وێرانی و تێک ڕمـانی ئەو گوندەمان بۆ باس دەکات، تازەساز هێمایەکە بۆ پێشتر وێرانی و کاولبوون یانی پێمـان دەڵێ ئەم گوندە پێشـتر شەڕ وێرانی کردووە، ژینگەیەکی خاپوورکراوی ئێستە ئاوەدانە، بارینی خـۆر نیشـانەی ئاوەدانی و ئاسـوودەیی ئێستایە و تازەساز هێمای ڕۆژگارێکی زبر و ڕووشێنەر و شەڕاوییە.

(٢)

**«دایە مەمدە بە گورگێ**
**لە زنجیرەی منالآنێکی هەشت – نۆ سالآندا.»**

ئەم ئاوێنە تابلۆیەش زیاتر کەشوهەوای تابلۆی یەکەمی بە سـەرەوەیە، هەر دوو تابلـۆکـە لە ژیانێکی ئاسـوودە و ئارام و بێ گـرێ لەو گـوندە تازەسـاز کـراوەدا دەدوێن. مندالآن لە کـەشـوهەوایەکی هێـوردا خـەریکی یاری و ڕابواردن و ژیانی مندالآنەی خـۆیانـن، لە سـەردەم و ڕۆژگارێکی ئاسوودەدا.

**«دایە مەمدە بە گورگێ**
**گورگە ددانی تیژە»**

بەڵام دایە مەمدە بە گورگێ لە ترسێکی کاڵ دەدوێت، سـەرەڕای ئەو ڕۆژگـارەی هەلی یاری و گـەمـەی ڕەخسـاندووە، لە دەروونی مندالآنی دێدا. بۆچی یاریی دایە مـەمـدە بە گـورگێ؟ بۆ لە یارییـەکـانی دیکەی مندالآنی دێ نادوێت؟ بۆ باسی جۆلانێ و هەقڵێ مەقۆ و شـەشـخـان و هەلووکـێن ناکـات؟ دیارە ئەوانە وشـەی گورگیـان تێدا نییـە، لە گورگ و دڕندەییەکانی نادوێن، ئەو چیـرۆکە یارییە مندالآنەی وشە و باسی گـورگیـان تێدایە هەمیـشـە تەمی ترسیـان بە سەرەوەیە و بیسـەر

دەخەنە ترس و دڵەڕاوکێوە، باس لە دایک و سەرچاوەی بەزەیی و ئەشق ناکەن، وشەی دایک ئاسوودەیی و ئارامی و دڵنیایی دەدات بە منداڵ و لە کاتە سەخت و دژوارەکاندا پەنای بۆ دەبات. پاڵی پێوە دەدات و سەبووری پێدێن، گورگ هێمای دڕندەیی و خوێن خۆریی زۆردارانە و خودای شەڕە، بەڵام دایک ڕەمزی پاکی و چاکی و لاواندنەوەیە فریشتەی ئەشقە، ترس لە چنگ و ددانی گورگ و هەڵدڕین و لەتوپەت بوون، ئاماژەیە بۆ ئەو باسانەی گەورەکان لە سەردەمی شەڕ و خوێن دەیگێڕنەوە و گوێی سووکی منداڵانیش هەڵیدەگرێ و ئاوێتەی نێو دڵ و دەروونیانی دەکات.

(٣)

**«کوتوپڕ**
**هەڵاتنی فڕۆکەیەکی ڕەش**
**لە سووچی شینی ئاسمان»**

ڕەنگی ڕەش= ترس و دڵەکوتێ و خەم و مەرگ و گریان، چەمەری و لەخۆدان و گۆنا و بەرۆک ڕنین، ئەم ڕەنگە شوێنی خراپ لەسەر لەش و ڕوح دادەنێ و دەبێتە هۆی ئازاری دەروون و شل بوونەوەی دەمارە گرژەکان و داهێزانی گیان.

ڕەنگی شین = سامالی، ئارامی. ڕووناکی، ئاسوودەیی و ئاوەدانی، ئەم ڕەنگە، ڕەمزی هاوڕێی و هاودڵی و پاکییە، هێمایە بۆ وەفاداری و لەخۆبردوویی و فەرحانی، دەمارگرژی و تووڕەیی لە بیر دەباتەوە و ئاسوودەیی دەخاتە دڵ و دەروونی هەژێندراوەوە.

فڕۆکەی ڕەش پەیامهێنی وێرانی و مردنە، قازانی ئاسوودەیی دەشێوێنێ و کەفوکوڵی مردن هەڵدەخڕێنێت، باری ترس و تۆقینی لە کۆڵ ناوە و دەیدات بەسەر سنگی ئارامی دێدا و چرچ دەخاتە نێوچاوانی ژیانەوە.

دەست دەخاتە هەرێمی شین و ئارامی دەیشێوێنێ و دەیشڵەژێنێت، ڕوحی چندراوی پێکەنین هەڵدەوەشێنێتەوە و هەناوی خۆشی دەئالۆزێنێت، تەشی خوێن دەڕێسێ و جاجمی ئاوارەیی دەچنێ.

ڕەش = لەگەڵ لێڵی و ترس

شین = لەگەڵ سامالی و ڕووناکی، دەبنە دوو هێڵی ناکۆک و دوو خاڵی دژ بە یەک، وەک، ئەهوورا و ئەهریمەن، پاکی و ناپاکی، چاکە و خراپە، لێرە لەم تابلۆیەدا، تەیارەی ڕەش نوێنەری خراپە و ئەهریمەنە، زمانی وێرانی و ئاوارەیی دەزانێ و پەیامهێنی مردنە، هەروەک ئاسمانی شین دەلالەت دەکات لە ژیانی ئاسوودەیی پێش هاتنی فڕۆکە ڕەشەکە، ڕەنگی شینیش دەبێتە هەوێنی ئارامی و ڕووناکی، بیری ئەهوورایی.

(٤)

**«دایکانی برد**
**گورگی خاتیرەیەکی سوور»**

ئەم تابلۆیە پێوەندییەکی زۆر نیزیکی پێکهاتەیی لەگەڵ تابلۆی ژمارە دوودا هەیە، کە لەوێدا منداڵان داوێنی دایە دەگرن بۆ ئەوەی لە دەست گورگی خوێنخۆر بیانپارێزێت، کەچی لێرەدا گورگی خاتیرە سوورەکان دێت و دایکەکان لەگەڵ خۆیدا دەبات.

ئەم گورگە هەمان خاتیرەی سووری ڕۆژانی بەر لە ئاوەدانی و سەردەمی وێرانییە، کەوا لە مێشکی دایکەکاندا چەقی بەستبوو و ببووە هەوێنی وێرانی و کوشتار و دەربەدەری، زۆر چیرۆک و سەربردەی تاڵی خولقاندبوو، دایکانیش لە کۆزیلکە و ئێوارە دانیشتنەکاندا و لە دەمی حەسانەوەدا، ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ، بۆ منداڵەکانیان گێڕابووەوە، ببووە هەوێنی ترس و شکابووە گیانی منداڵانەوە.

(٥)

**«بارینی دووکەڵ**
**یان جەدەلێکی سیاسی**
**بەسەر کەلاوەی هەرێمێکی دیسان ڕووخاودا»**

لەم تابلۆیەدا، گرێدانێک هەیە لە نێوان تابلۆی یەکەم و پێنجەمدا، لەوێ باس لە ئاوەدانی و ژیان دەکرێ و لێرە لە وێرانی و نەمان دەدوێت، لەم دوو تابلۆیەدا چەند خاڵێک دژ بە یەکتری دەبیندرێت. بارینی خۆر و بارینی دووکەڵ.

خۆر، ڕەمزی ژیان و ڕووناکی و هەتوان و وزەیە، هێزی ئەهوورایی.

دووکەڵ، هێمای سووتان و توانەوە و تاریکییە، پەیژەی قین و بوغز و ناخۆشییە بەرەو هێز و هەرێمی ئەهریمەنی.

پێکهاتەی دوو وشەی تازە + ساز -تازەساز- یا تابلۆی یەکەم و دوو وشەی دیسان + ڕووخاو-دیسان ڕووخاو- لە تابلۆی پێنجەمدا، هەردووکیان یەکتر تەواو دەکەن، گوزارشتێکن لە وێرانی و ئاوەدانکردنەوەی

بەردەوام لەم وڵاتەدا، لە تابلۆی یەکەمدا دەڵێ: پێشتر ڕووخابوو ئێستا ئاوەدان کراوەتەوە.

لە تابلۆی پێنجەمدا دەڵێ: پێشتر سازکرابووەوە و ئێستا خاپووریان کردۆتەوە. شاعیر بەم شێوەیە پەیام بە لایەنی شەڕ دەدات. ئەویش نەفەوتان و نەتوانەوەی ژیانە لەم وڵاتەدا.

شێوەی گێڕانەوە لەم کورتە شیعرەدا شێوەیەکی کەم وێنەیە، یان باش وایە بڵێیم لە ئەدەبی شیعری کوردیدا بێ وێنەیە، لەم بەستێنەدا، داهێنانێکی نوێیە، زمانێکی تازە و خوڵقاندنێکی ناوازەیە، ئەم شیعرە کورتە کە تەنیا چل و سێ وشە ئەتمۆسفێرەکەی پێکدێنێ، چیرۆکێکی شیعری زۆر کورتە، کە بێ دوودڵی دەتوانێت ببێتە هەوێنی کورتە فیلمێکی سەرکەوتووش. هەموو ئەو پەردە جیاوازانەی، ئەگەر بە دەستێکی وریا و شارەزا بخرێتە دڵی کورتە فیلمێکەوە دەبنە هێمایەکی دژبەر بۆ شەڕ و وێرانی. لێرەشدا، ساماڵ هەنگاوێکی نوێی هەڵێناوەتەوە و ڕچەیەکی تازەی شکاندووە.

شکاندنی ئەم شەقڵە کۆن و ڕچە تازانە قەڵەمێکی ئازا و بیرێکی ورد و وریای دەوێ. ئەم شیعرە ئەنگوستی ئاماژەی شاعیرە بۆ سەر خاڵە ناحەز و دزێوەکانی شەڕ:

* * *

**«زستان**
**کەفی کفریش هەڵخڕێنێ**
**گزنگی وتەی تۆ... ئەی یار!**
**باوەڕی پتەوی منە**
**بە ڕۆژە گوڵاڵەییەکانی بەهار!»**

**ژێدەرەکان:**

**(١) هەر هیچ... تەنیا! ساماڵ ١٣٨٠ عابد تاران.**
**(٢) تابووت، ساماڵ ١٣٨٣ ناشر پیام امروز تهران.**
**(٣) رنگ و تربیت، مهدی علی اکبرزاده ١٣٧٥ میشا تهران.**

# تەنیایی سوالکەرەکان

سەعید سلێمانی
(تاران)

تەنیاترین مرۆڤەکانی ئەم جیهانە سوالکەرەکانن. هیچ کەسێک نییە جارێک سڵاویان لێ بکات، بیاندوێنێ، قسەیەکی خۆشیان لەگەڵ بکات، یان لە سەر بابەتێک لەگەڵیان بدوێ و باسو خواس بکات. سوالکەرەکان ڕواڵەتیان دیارە و هەر ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوە کە هەموو خۆیان لێ ببوێرن. ئەگەر سڵاو لە کەسێکیش بکەن، ئەوە بە زۆر ورتەیەک لە بەرانبەرەکە دەبێتەوە و تەواو! کەسی سوالکەر شایەد لە ڕۆژدا چەند وشەیەک زیاتر لەگەڵ کەسانی دەوروبەر ئاڵوگۆڕ نەکات، هەربۆیەش دەکەونە خانەی بێ دەنگترین کەسانی ئەم جیهانە. کەسی سوالکەر بەبێ دەنگی خۆی عادەت دەگرێت و جۆرە مەشقێکی تەنیایی و نەدرکان دەکات. ئەوان پشتگوێ خراوترین و فەرامۆشکراوترین گرووپی ناو کۆمەڵگان کە هیچ کەس ئاوڕێکی شیاویان لێ ناداتەوە و کۆمەڵگا لە ئاستیاندا بە کەمتەرخەمییەکی بێ وێنەوە تێپەڕ دەبێت. کەمتەرخەمی نەک لە بابەت بارودۆخی کۆمەڵایەتی ئەوانەوە، بەڵکو لە بابەت شوناسی ئینسانی و دەستەبەرکردنی پێناسەیەکی بوونگەرایانەی مرۆیی کە شیاوی ئەوە بێت ناوی مرۆڤیان لێ بندرێت و وەک ئینسان سەیریان بکرێت. هیچ کەس ئەوان بە هێند وەرناگرێت و شوناسێکی مرۆڤانەیان بۆ قایل نابێت. لە تەواوی ژیانیاندا ناکەونە ناو گەرمەی باسێکی جددی ڕۆژانە و هەربۆیەش ژیانیان - تا کۆتایی - لە جۆرێک لە پەراوێزنشینیدا تێپەڕ دەبێت. دنیای ئەوان لە بازنەیەکی زۆر بچووکدا دەخولێتەوە و زۆر بەدەگمەن لەو بازنەیە دەرباز دەبن، چونکە هەمیشە شوناسی سوالکەرانەیان لەگەڵ خۆیان بەکێش دەکەن، ئەمەش وەک تەوقی دیلیەتی بەرۆکیان بەرنادات. جا بۆیە سوالکەرەکان لەگەڵ ئەوەیدا کە لە ناو هەناو و لە

قەرەباڵغی کۆمەڵگادا لە هاتوچۆدان، بەڵام لە جۆرێک لە غوربەتی کۆمەڵایەتیدا ژیان بەسەر دەبەن و هەمیشە شێوەیەک لە مەنفا و تاراوگەی مەجازی ئەزموون دەکەن، ئەمەش تووشی شێوەیەک لە نۆستالۆژیای نادیاریان دەکات کە بە ڕواڵەت هەستی پێ ناکرێت، بەڵام بەردەوام لەگەڵیدا دەست و پەنجە نەرم دەکەن. (لێرەدا پێویستە ئاماژە بەو خاڵە بکەم کە ئەمەی کە لەم نووسراوەیەدا دێتە بەر باس، زۆرتر ڕەهەند و لایەنی پێناسەی ئینسانی و شوناسی مرۆڤانەی ئەم گرووپەی مەبەستە تاکو بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئاستی ژیانی ڕۆژانەی ئەوان، هەربۆیەش کاتێک باسی چۆنیەتی باری کەسایەتی و بوونی ئەوان دەکەین و لەگەڵ گرووپەکانی هاوشێوەی دیکە بەراوردیان دەکەین، نابێ ببێتە هۆی تێنەگەیشتن و دژوازی.)

سواڵکەرەکان یەکێک لەو گرووپانەن کە لە کۆمەڵگای ئینسانی وەلادەنرێن بەو جیاوازییەوە کە گرووپەکانی هاوشێوە لە واقیعیشدا دوور دەخرێنەوە، بەڵام ئەوان نا. بۆ وێنە نەخۆشەکان، زیندانییەکان و شێتەکان شوێنێکی سەربەخۆیان بۆ دابین دەکرێت، بەڵام تەریک خستنەوەی ئەوان تەریک خستنەوەیەکی ڕوحییە و دەنگ دابڕانێکی کۆمەڵایەتییە، چونکە ئەوان بەردەوام لە بەستێنی کۆمەڵگادا حوزووریان هەیە، بەڵام هەمووان لەگەڵیان دەنگ دادەبڕن و نایاندوێنن، چما لەگەڵ کۆمەڵگا بەشەڕ هاتبن، هەربۆیەش ئەوان بەردەوام لە حاڵەتێکی ڕاگیراو و هەڵپەسێراودا دەمێننەوە بێ ئەوەی وەک نەخۆشەکان و زیندانییەکان و شێتەکان لەو حاڵەتە دەربانبێن. دەنگ دابڕینی کۆمەڵگا لەگەڵ ئەوان حاڵەت و شێوەیەکی مەجازی هەیە، ئەمەش ڕەنگە قورساییەکی جیاواز بخاتە سەر ڕوح و هەناویان، چونکە لە دنیای نەخۆشەکان، یان شێتەکاندا یەکڕەنگی و یەکیەتییەکی بەکۆمەڵ هەیە کە ئەوان لەو شێوە تەنیاییە دەرباز دەکات. بۆ وێنە نەخۆشخانە، یان زیندانێک کۆمەڵگە، یان جڤاکێکە کە هەموو هاوشێوە و هاوچارەنووسن، بەڵام خۆ سواڵکەرەکان خاوەنی ئەو جڤاکە تایبەتە نین تاکو هەست بە هاوچارەنوسی و هاودەردی و هاومەینەتی بکەن، بەڵکو ئەوان لە شوێنێکی بەردەوام نامۆدا دەژین کە هی ئەوان نییە، بەڵام لە بەستێنیدا دێن و دەچن. (ئەم وتەیە بە مانای پشتگیری لە بوونی زیندان و شێتخانە و ئەم جۆرە شوێنانە نییە، بەڵکو تەنیا بەراورد کردنێکە لەگەڵ دۆخی سواڵکەراندا.)

کۆمەڵگا بۆ تەواوی گرووپە جیاوازەکان ڕێگا و پێگە و شوێنێکی دۆزیوەتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا بۆ ئەم گرووپە کارێکی ئەوتۆی بۆ نەکراوە جگە لەوەی کە دەنگیان لەگەڵ دابڕێت. سواڵکەر لە ناو کۆمەڵگادا مرۆڤێکی ئاسایی نییە تا مامەڵەیەکی ئاساییشی لەگەڵدا بکرێت، بەڵکو وەڵامی کۆمەڵگا و مرۆڤەکانی تەنیا نیگایەکی تیژتێپەڕ و ساردوسڕە کە لە کاتی داخوازی ئەواندا ـ بۆ پارە و نان ـ ئاراستەیان دەکات. نیگایەک کە ماهیەتی توندوتیژی و دەنگ لەگەڵ دابڕینی لە هەناوی خۆیدا پاراستووە و ئاوێتەیە لەگەڵ شێوەیەک لە دەمارگرژی نابەجێی کۆمەڵایەتی. ئەوەیە کە ئەم شێوە ڕەفتارە و ئەم جۆرە مامەڵەیە دۆخێکی ناهەمواری هەمیشەیی و ڕوانینێکی جیاواز لە لای ئەوان دەخولقێنێ کە جیهانیان لە لا دەکاتە جیهانێکی نامۆ و دابڕاو.

کەسی سواڵکەر لە هەمان کاتدا کە لە کۆمەڵگا دابڕاوە، کەسێکی هەڵپەسێراو و ڕاگیراوە، چونکە لە نێوان دوو دنیادا گیری کردووە. دنیایەک کە هی ئەو نییە و دنیای کەسانی ئاساییە و لە بەستێنیدا دەژی و دنیایەکیش کە دەبوایە هەبێت و سەر بەو بوایە، کەچی بوونی نییە، واتە دنیای سواڵکەرەکان، وەک کۆمەڵگە، یان جڤاکێکی سەربەخۆ، چونکە ئەگەر بۆ وێنە بەراوردی بکەین لەگەڵ زیندانییەک، زیندانی خاوەنی دنیای خۆیەتی، واتە شوێنێکی تایبەت بە خۆی هەیە و وەک کەسی سواڵکەر هەڵپەسێراو نییە، بەڵام سواڵکەر بەردەوام لە هەناوی جیهانێکدایە کە بەردەوام تێیدا وەلادەخرێت.

زۆر بەدەگمەن پێش دێت کە کەسێکی ئاسایی لەگەڵ سواڵکەرێکدا بکەوێتە باس و ڕاوێژ، تەنانەت ئەگەر بە تەنیایی لە شوێنێکیشدا بە یەکەوە بن. چما دیمەنێکی ناپەسند و کەم بایەخ لە زەینی هەر یەکێک لە تاکەکاندا شکڵی گرتووە سەبارەت بە سواڵکەرەکان کە ناهۆشیارانە هەست بەوە بکەن لە ڕەگەزی ئەوان نین و سەر بە دنیایەکی دیکەن. لە کاتێکدا دید و ڕوانینی هەر ئەو کەسانە سەبارەت بە زیندانییەکان و نەخۆشەکان و...تاد لەو شێوەیە نییە. دەکرێت مرۆڤێکی ناو کۆمەڵگا لەگەڵ نەخۆشێک، یان زیندانییەک، یان تەنانەت شێتێکیشدا بکەوێتە وتووێژ، بەڵام زۆر کەمتر ئەم دەرفەتە بۆ سواڵکەرێک دەڕەخسێت. (یەکێک لە هۆکارەکانی ئەمە

شایەد پرسی ئابووری و سەرمایەدارانە بێت، چونکە لای تاکەکان هەمیشە ئەو هەستە زیندووە کە سواڵکەر هەمیشە داخوازی لێیان هەیە و ئەوانیش ناتوانن ئەو داواکارییە دابین بکەن، ئەمەش دەنگ دابڕین و دابڕانێکی هەمیشەیی لێ دەکەوێتەوە. کە باس لەم هۆکارانە ناکەوێتە پانتایی ئەم باسەی ئێمەوە.)

پێگەی کۆمەڵایەتی کەسی سواڵکەر هیچ کە پێگەیەکی ئاسایی نییە، بەڵکو تەنانەت لاوازیش نییە، بگرە ئەو هەر لە ئەساسدا خاوەنی پێگە نییە و کەسێکە هەڵپەسێراو، بێ پێگە و هەڵاوەسراو لە دنیایەکدا کە تەنانەت هیچ کەس بە هی ئەوی نازانێت و کەس دان بە پێگەی ئەودا نانێت. لە کاتێکدا دۆخەکە بۆ نەخۆشەکان و زیندانییەکان و شێتەکان لەو شێوەیە نییە، چونکە ئەوان خاوەن پێگەی خۆیانن لە ناو دنیا و جڤاکی خۆیاندا. ئەوان لە دنیایەکی داخراودا - بۆ وێنە زیندان - خاوەن پێگە و شوێن و کەسیش ئەمەیان لێ زەوت ناکات، بەڵام سواڵکەر لەو دەرفەتە بێ بەشە و ئەگەر بتوانێت پێگەیەکیش بۆ خۆی دەستەبەر بکات، ئەوە پێگەیەکی تەواو لەرزۆکە و هەردەم بەرەورووی رووخان و تێکدرانە، هەربۆیەش ئەو خاوەنی هیچ چەشنە شوناسێک - چاک، یان خراپ - نییە، چونکە شوناس لە بنچینەدا چەمکێکە پێوەندیدار بە پێگەی ئینسانی و کۆمەڵایەتی و بوونگەرایانەی ئەو کەسەوە. تۆ کە خاوەنی پێگەیەک نەبی خاوەنی شوناسێکی تایبەتیش نیت، هەربۆیەش کەسی سواڵکەر بێ بەشترین بوونەوەرە لە چەمکی بوون و پێگەی ئینسانیدا.

شوێن و پێگەی فیزیکی و ڕواڵەتیانەی کەسی سواڵکەر بەستێن و هەناوی خودی کۆمەڵگایە هەروەک هەموو ڕۆژێ لە سەر شەقامەکان و لە ناوەندی شارەکاندا بەرچاومان دێت، بەڵام پێگە و شوێنی ڕوحی و کەسایەتییانەی ئەوان تەنانەت پەراوێزیش نییە، چونکە ئەگەر دیسان لەگەڵ نەخۆش، یان زیندانییەکدا بەراوردی بکەین، دەبینین کە ئەوان لە پەراوێزی کۆمەڵگادا پێگە و شوێنی تایبەتی خۆی بۆ دەستەبەر کراوە. لێرەدا شایەد بارودۆخی ژیانی کۆمەڵایەتی ئەو گرووپانە لە سواڵکەران لاوازتر بێتە بەرچاو، بەڵام هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد مەبەستی ئێمە لایەنی شوناسی ئینسانی و کەسایەتی مرۆڤانەی ئەوانە وەک تاکێکی خاوەنی بوون لەم گەردوونەدا نەک ئاستی ژیانی ڕۆژانە و کۆمەڵایەتی ئەوان.

سواڵکەرەکان خاوەنی هیچ جۆرە بوونێکی بەرچاو نین و کەسیش دانیان پێدا ناهێنێت، هەربۆیەش بە پێچەوانەی تەواوی گرووپە جیاوازەکانی دی، خاوەنی هیچ کۆمەڵە و ڕێکخراوێکی سەربەخۆ و ناسەربەخۆ نین. میشل فووکۆ لە «مێژووی شێتی»دا دەڵێ: «کاتێک [سەرەتای سەدەی ١٧] کە هنری چوارەم پاریسی گەمارۆدا، ئەم شارە بە کەمتر لە سەد هەزار کەس دانیشتوانەوە، زیاتر لە سی هەزار کەس سواڵکەری تێدا بوو.» (١) ئەم ڕێژە زۆرەی دانیشتوان خاوەنی هیچ چەشنە شوناسێک نەبوون و هەر بە وتەی فووکۆش چارەسەری کۆمەڵگای ئەو کاتە تەنیا ئازاردان و دەرکردن و ڕاوەدوونان بووە. جا بۆیە ڕەفتار و مامەڵە کردن لەگەڵ ئەوان، هیچ کە مرۆڤانە نییە، بەڵکو ڕەفتارێکە هاوڕێ لەگەڵ پێپەست کردنێکی بێ هاوتا کە سەبارەت بە هیچ گرووپێکی دیکە نیشان نادرێت بە چەشنێک کە ناحەزترین نیگا بۆ گرووپە جیاوازەکان لە لایەن تاکە ئاساییەکانی کۆمەڵگاوە، ڕەنگە ئاراستەی سواڵکەران بکرێت تا ئەو ڕادەیە کە زۆرێک بە چقڵی چاوی کۆمەڵگایان دێننە ئەژمار. ئاستی ئەم ڕوانینە قێزەونە ئەوەندە بەرز دەبێتەوە کە زۆربەی کەسان وەک خوێنمژ و گەنەی کۆمەڵگا سەیریان دەکەن، چونکە وا مەزندە دەکرێت کە ئەم دۆخەی ئەوان دۆخێکی خۆهەڵبژاردەیە و بە ویستی خۆیان پێیان ناوەتە ناو ئەو پانتاییە نالەبارەوە. لە حاڵێکدا کە ئەم بیرۆکەیە و ئەم شێوە ڕوانینە، ڕوانینێکە دوورە لە ڕاستی. زۆر بەدەگمەن پێش دێت کە کەسێکی سواڵکەر حەز بە وەها دۆخێک و وەها بوونێک بکات. کەسی سواڵکەر ئەوەندە دەکەوێتە بەر توانج و تەشەر و تیلەنیگا و خێسەی دژەمرۆڤانەی کۆمەڵگا کە هەر چەشنە شوناسێکی ئینسانی لێ دەسڕێتەوە و بە تەواوی شوناسێکی دوورە ئینسانی وەردەگرێت بە چەشنێک کە هەر لە جێدا و دەمودەست گفتی قسەکردنی کەسەکان لە بارەیانەوە، یان لەگەڵیان دووچاری ئاڵوگۆڕ دەبێت و بە گفتێکی گاڵتەجاڕانەوە لەگەڵیان، یان لە بارەیانەوە قسە دەکرێت تا ئەو جێیە کە بڕوا ناکەم کەسێک پەیدا ببێت وشەی «گیان» لە ئاستیاندا بەکاربێنێت، یان لانی کەم لە کاتی بەرەورووبوونەوە لەگەڵیاندا گفتی نەگۆڕێت. ئەوە لەو شێوە ڕوانینەی تاکەکانی کۆمەڵگاوە سەرچاوە دەگرێت

کـە ئەوان لەوە بە کـەمــتــر دەزانن هەڵگری ڕوحـێـکی ئیـسـتـێـتـیکایی و خـاوەنی بـوونێکی جـوانیناسـانە بن، هەربۆیەش وەک بـوونەوەرێـکی خـاوەن بـوون سـەیریـان ناکەن و ناهۆشیـارانە وا هەست دەکەن کە ئەوان خوارتر لەوەن بتــوانن وەک بـوونەوەرێکی خــاوەن ڕوحــێـکی ئیستێتیکایی مرۆڤانە لەم گەردوونەدا خۆیان دەرخەن.

ئەم شـێـوە مـامـەڵە کـردن و بەرەوڕووبوونەوەیە لەگـەڵ سواڵکەراندا گەیشـتۆتە ئاسـتێک کە تەنانەت جۆرێک ترس و فۆبیای دروست کردووە لە کاتی بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵیاندا. بەو مانایە کە کەسی ئاسایی کاتێک لەگەڵ سـواڵکەرێکدا بەرەوڕوو دەبێـتـەوە دەمـودەست دووچاری جۆرێک لە ترس، یان هەستی نامۆ دەبێت کە نازانێ چۆن لەگەڵیـدا هەڵسـوکەوت بکات. من ئەو ترسە ناو دەنێم ترسی سواڵکەرانە. ئەم ترسە ڕەنگێکی گشتی بە خۆیەوە گـرتووە و بۆتە نەریـتـێکی کـۆمـەڵایەتی و تاڕادەیەکی زۆریش دەروونی کـە هەریەک لە ئێـمـە، واتە کـەسـانی ناسواڵکەر، ناهۆشیارانە هەڵگریەتی.

لە لایەکی دیکەوە کۆمەڵگا وەک هۆکاری بێ نەزمی و نارێکوپێکی سـەیری سـواڵکەران دەکـات، لە کـاتێکدا ڕاستییەکەی ئەوەیە کە کەسی سواڵکەر هیچ چەشنە بێ نەزمییەکی ئەوتۆ و خاوەن کـاریگەری ناخـوڵقێنێت کە کۆمـەڵگای مـرۆڤەکـان دووچاری نوشوسـتی و پەشـۆکان بکات، بەڵکو ئەمە تەنیـا گریمانە و وەهمێکی بۆشە کە سـەری هەڵداوە و تاکـەکـانیش بە بێ خـوێندنەوە و بیرکردنەوە باوەڕیان بەم دەنگۆ کۆمەڵایەتییە هێناوە، بێ ئەوەی بزانن ئاخـۆ لە واقـیـعـدا ئەم بیـرۆکـەیە چەندە لە ڕاستییەوە نزیکە.

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەگەر سواڵکەران هۆکاری هەر چەشنە بێ نەزمـیـیـەک بن، ئەوە دەرەنجـامی ئەو بێ بەرنامـەیی و بێ نەزمـیـیـەیە کـە کـۆمـەڵگا لە ئاست بە ڕێکخراوەیی کردن و دەستەبەرکردنی شوناسی تاکەکاندا دەینوێنێ. کەسی سواڵکەر کاتێک لە ڕێکخراوێکدا ـ بۆ وێنە ڕێکخـراوی مـەدەنی، یان سـەندیکایی ـ جـێی نەبێتـەوە و هەڵگری پێناسەیەکی تایبـەتی کۆمەڵایەتی، یان بوونمەندانە و تاکـەکـەسـیـانە نەبێت، بێ گـومـان کـە دەکـەوێتـە ترۆپکی بێ شـوناسی، واتە سـواڵکەری. کاتێک کەسـێک خاوەنی کەسایەتی کۆمەڵایەتی، یان تاکـەکـەسـیـانە نەبێت، بێ گـومـان کـە بێ کـەسـایـەتی بوونـیش خـۆی جـۆرێکە لە کـەسـایەتی. ئەم باسـە زۆر هەڵدەگرێت، هەروەک پێشتریش ئاماژەمان پێدا، ئێمە بۆ هۆکـارەکـان ناگـەڕێین، بەڵکو تەنیـا باسی دۆخی هەبوو دەکەین.

لە یەک ڕسـتـــەدا، سـواڵکـەرەکـان لە پرۆسـەی کۆمەڵایەتیدا بەشدار نین، یان بە واتایەکی دیکە بوار و دەرفەتی بەشداریان نییە لەو پرۆسەیەدا و شایەدیش تاکە تاقم، یان گرووپێکی ناو کۆمەڵگا بن کە ئەو دەرفەتەیان لێ سـەندراوەتەوە و ئەو بوارەیان لێ زەوت کـراوە بە بێ هیچ بەرنامـە دارێژییـەکی کـۆمـەڵایەتی و گـەلاڵەیەکی حکوومی و دەوڵەتی، یـان ئەخــلاقی و پەروەردەیی، هەربۆیەش بـواری گـشــتی بۆ ئەوان بەرتەسکە و لەو پانتاییەدا کەمـترین جێیان داگیـر کردووە، جا بۆیە بە پێـچەوانەی ڕای گشـتی و بیـرۆکەی باوی کـۆمـەڵایەتی کەمـترین ئەرکیـان بەسەر کۆمەڵگا و بواری گشـتییـەوە هەیە.

پرسیـار ئەوەیە کە ئەو هەموو ڕوانینە ناحەز و ناشیرینە بۆ سـواڵکـەران لە کـوێوە سـەرچاوە دەگـرێت؟! ئایا داخوازییـەکی بچووک ـ بۆ پارە یان نان ـ ئەوە هەڵدەگرێت کـە ئەو هەمـوو گـریمانە و دەمـارگـرژییـە سـەبارەت بە سواڵکەران سەرهەڵبدات و بێتە ئاراوە؟!

ڕاسـتـیـیـەکـەی ئەوەیە کـە مـرۆڤ لەگـەڵ هەر چەشنە جیـاوازی و دژوازییـەکی کۆمەڵایەتیدا دژایەتی دەکات و ئەم ڕەوتەش بە درێژایی مـێـژووی کـۆمـەڵایـەتی لە بزاڤدا بووە، چونکە لە ڕاستیدا سواڵکەران هیچ کات کۆسپ و تەگـەرەیەکی ئەوتۆی تاکــەکــەسی نین و هیچ چەشنە بەربەستێکی بەرچاوی تاکەکەسیانەش نانێنەوە کە تاک لە کۆمەڵگادا ئەوەندە دەمارگرژی بنوێنێ سەبارەتیان.

کــاتێـک دەڵێـن «سـواڵکـەر» هەمـــوو ڕواڵـەتێـکی پڕبەزەیی و مرۆڤ دۆستانە دەگرنە خۆ، بەڵام لە بنچینەدا زاراوەی «سـواڵکـەر» بەتاڵە لە هەر چەشنە سـۆز و عـاتیـفـەیەکی ئینسـانی، بگرە تەنانەت وشـەیەکی مـوچڕکـهێن و بێزارکەرە لە لای سـەرجەم بیسـەران لە کـۆمـەڵگادا. پرسـیـارەکە لە مەڕ کـۆبوونەوەی ئەم دوو جەمسـەرە دژ بەیەکەیە لە یەک کەسدا و لە یەک ساتی هاوبەشدا، بۆچی کەسێک ئەو هەمووە نەفرەتی هەیە لەو وشـەیە، کـەچی لە هەمـان کـاتدا هیچ کـە ئەو نەفـرەتە ڕاشکاوانە دەرنابڕێ، بەڵکو سـیـمـا و ڕواڵەتێکی پڕ بەزەییانەش بە خۆیەوە دەگرێت؟!

غـولام حسـێن سـاعـیـدی نووسـەری ناوداری ئێـرانی

یەکێک لەو نووسەرە دەگمەنانەیە کە لە چیرۆکەکانیدا بە وردی هەڵوێستەی لە سەر دۆخی نالەباری سواڵکەران کردووە و دنیای ئەوان و چۆنیەتی باری دەروونییان، هەروەها چۆنیەتی مامەڵەی کۆمەڵگا و کەسانی دەوروبەر لەگەڵیان. ئەو لە چیرۆکەکانیدا هاودەردییەکی بێ وێنە دەنوێنێ لەگەڵ سواڵکەراندا و خەم بۆ بێ بەشی و گوێ پێ نەدانیان دەخوات. لەگەڵ پیرێژنێکدا کە هیچ یەک لە کوڕ و کچەکانی وەخۆی ناگرن، تەنانەت بە دیتنی ناوچاوان تێک دەنێن، فرمێسک هەڵدەڕێژێ و خۆ دەکاتە هاوبەشی چارەنووس و خەمی. ساعیدی لە چیرۆکی «سواڵکەر»دا لە ڕواڵەتی «کەماڵ» ناوێکدا دەردەکەوێت کە تەنیا کەسە هەست بە پەرۆشیی باری نالەباری کۆمەڵایەتی و دەروونی سواڵکەران دەکات و لە کۆتایی چیرۆکەکەدا هیچ شتێکی لە دەست نایە بۆ نەنکی، جگە لە گریان.

ساعیدی لە چیرۆکێکی دیکەدا بە ناوی «خۆڵەمێشنشینەکان» باس لە دنیایەک دەکات کە هەموو سواڵکەرن. لەو چیرۆکەدا جیهانێک وێنا دەکات کە سواڵ و سواڵکەری هەموو کونوقوژبنێکی تەنیوەتەوە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە لەم جیهانەی سیخناخ بە سواڵکەرەدا هیچ دەرکەوتەیەکی کۆمەڵایەتی نابیندرێ کە تایبەت بێت بە ئەوان. ئەوان ڕوخسەتی بەشداری لە هیچ پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییان نییە. لەو دنیایەدا ڕێگە بە سواڵکەران نادرێت کە تەنانەت بچنە ناو گۆڕستانەکانیشەوە. واتە تەنانەت چوون بۆ تەریکترین شوێنی ئەم جیهانەش لە ئەوان قەدەغە دەکرێت، هەربۆیەش وەک هەندێک دەعبا و زیندەوەری بێ دەرکەوتە لە کەلەبەرەکانی کۆمەڵگادا ژیان بە سەر دەبەن. ئەم چیرۆکە بە باشترین شێوە شوێن و پێگە و دەرکەوتەی کۆمەڵایەتی سواڵکەران دەخاتە ڕوو و واقیعی ئەوان وێنا دەکات. خاڵی سەرنجڕاکێشتر ئەوەیە کە لەو جیهانەدا تەنانەت سواڵکەرەکان خۆیانیش پێگەیەک بۆ یەکتر بە ڕەوا نازانن و ئەگەر دانەیەکیان شوێن و پێگەیەک بۆ خۆی دەستەبەر دەکات، ئەوە لە لایەن ئەوانی دیکەوە لێی دەشێوێندرێت، تەنانەت ئەگەر ئەو کەسە لە کەسانی نزیکیش بێت، ئەمەش ئەو دۆخە ناسەقامگیرەی ئەوان لە کۆمەڵگادا دەخاتە ڕوو کە هیچ کات ناتوانن خاوەنی بن.

پێش کۆتایی، دەبێ ئەوە بخەمەوە بیر کە ئەم نووسراوەیە بە مانای پشتگیری کردن لە سواڵکەران و دیاردەی سواڵکەری نییە، بەڵکو تەنیا شرۆڤە کردنێکی ئاستی کەسایەتی و پێگەی ئینسانی و کۆمەڵایەتی و ڕەهەندی بوونمەندانەی ئەوانە، هەروەها هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی باری نالەبار و ئاڵۆزی ڕوحی و دەروونی ئەوان و لە هەمان کاتیشدا هەوڵێکە بۆ باشترکردنی شێوەی ڕوانینی ئێمەمانان بۆ دۆخێکی هەبووی کۆمەڵایەتی و واقیعێکی ئینسانی و ڕەهەندێکی بوونگەرایانەی مرۆڤ کە ناتوانین خۆی لێ ببوێرین.

بە پێی تەواوی ئەو تایبەتمەندیانەی کە کەسی سواڵکەر هەڵگریەتی، ئەو لە هەموو مامەڵەیەکی ئینسانی و لە هەر چەشنە چالاکییەکی مرۆڤانە و لە هەر جۆرە شوناسێکی بوونگەرایانە و مرۆیی دادەبڕێت، هەربۆیەش تەنیایی کەسی سواڵکەر لە چەشنی هیچ جۆرە تەنیاییەکی دیکە نییە، بەڵکو تەنیایی ئەوان شوناسێکی سەربەخۆ و ناوازەی هەیە کە هەر ئەم ناوازەییە، ئەوان لە تەواوی بوونەوەرانی دی جیا دەکاتەوە بە چەشنێک کە ئێمە هەموو وەک سواڵکەر سەیریان دەکەین، نەک وەک مرۆڤێکی جیاواز و خاوەن شوناسێکی بوونگەرایانە، یان کۆمەڵایەتی تایبەت.

**بەهاری ١٣٩٠ (٢٠١١ز)**

**پەراوێز:**

**١ـ تاريخ جنون، میشل فوکو، ترجمه فاطمه ولیانی، تهران: هرمس، ١٣٨٢، ص ٥٩**

# خزمەتگوزاریی ئینتەرنێت و بەکارهێنانی لە کتێبخانەکاندا

موونا کەمال ئەلقازی
ئا: یاسین قادر بەرزنجی
(سلێمانی)

(١ – ٢)

ئینتەرنێت لە جیهانی پێوەندیی مرۆییدا بە شەشەمین شۆڕش دادەنرێت لە دوای شۆڕشی یەکەم، کە بریتی بووە لە دۆزینەوەی وشەی گوتراو و شۆڕشی دووەم کە داهێنانی نووسین بووە و سێیەم کە داهێنانی چاپ بووە و چوارەم کە لە دۆزینەوە ئەلیکترۆنییەکاندا خۆی دیوەتەوە و لەگەڵیدا تەلەفۆن و برووسکە و ڕادیۆ داهێنراوە و بەدوایدا گواستنەوەی وێنە لەڕێی هێڵە تەلدارەکانی گواستنەوە و نیشاندانی وێنە لەسەر شاشەی سینەما، پاشان دەنگ خستنە سەریان، ئینجا داهێنانی تەلەڤزیۆن بۆ نمایشی وێنە جوولاوەکان بەدەنگەوە بۆ گواستنەوەی ڕووداوەکان لە کاتی خۆیاندا. شۆڕشی پێنجەمیش مانگە دەستکردەکان و کەناڵە ئاسمانییەکان توانیویانە ڕەهەندێکی تر دابهێنن کە لە جیهانی مەعریفەدا بەشداربێت و سڕینەوەی هەردوو ڕەگەزی کات و شوێن.

ئینتەرنێت کە شەشەمین شۆڕشە، نوێترین تەکنیکە کە دوا دەیەی سەدەی بیستەم بەخۆوەی دیوە، وەک ئینسایکلۆپیدیایەکی زانستی والآیە کە خزمەتگوزارییەکانی پێشکەش بەسەرجەم سوودمەندەکان و لە هەموو کایە و بوارەکاندا پێشکەش دەکات، وەک بوارەکانی توێژینەوەی زانستی و بوارەکانی کار لە هەموو لایەنەکانەوە و بوارە حکوومییەکان بەهەموو وێنەکانییەوە.

ئەم تۆڕە گۆی زەوی کردووەتە یەک بازاڕ لە شێوەیەکی نوێ و پێشکەوتوودا، ئێستا، هیچ شتێک نەبووەتە مایەی لێکدانەوەی خەڵکی وەک ئینتەرنێت، ئایا بۆ مرۆڤ سوودبەخشە، یان زیانی پێدەگەیەنێت؟

ئینتەرنێت وەک تۆڕێکی نێودەوڵەتی سوود بە مرۆڤ دەگەیەنێت و لە پێوەندییەکی خێرادا زانیارییەکان دەست



دەکەون. هەر خوێندکارێکی زانکۆ، یان هەر توێژەرێک دەتوانێت زانیاری چنگ بکەوێت، بێ ئەوەی گەشتی دوور بکات، یان لەنێوان کتێبخانە جیاوازەکاندا هاتوچۆ بکات.

ئەم تۆڕە نێودەوڵەتییە توانیویەتی قۆرخکردنی زانیاری و هەواڵەکان لەلایەن دەسەڵاتە فەرمییەکانی وڵاتانەوە، کە سانسۆر دەخەنە سەر بڵاوکردنەوە، نەهێڵێت و ئەو پرەنسیپە هەڵتەکێنێت کە دەیانەوێت دیدی خۆیان، یان بۆچوونی سیاسییان بەسەر هاووڵاتیانیاندا بسەپێنن.

لێرەوە دەڵێین، ئینتەرنێت بووەتە گرنگترین سەرچاوەی ئازاد و دەوڵەمەندی هەواڵ و زانیاری و پرۆگرامەکانی رۆشنبیرکردن و هۆشیاری، بە تایبەت لەم کاتەدا کە ئێمە لە جیهانێکی پڕ لە گۆڕانکاریدا دەژین، جیهانێکی جیاواز لە رابردوو، جیهانێک پڕاوپڕ لە تەکنۆلۆژیا کە بەرەو ئاراستەی گرووپگەرایی زانیارییەکان، هەروەها بەرەو تۆڕەکانی پێوەندی بۆ ماوەی درێژخایەن لەسەر رووی زەوی دەڕوات.

### کورتەیەک سەبارەت بە ئینتەرنێت

بیرۆکەی ئینتەرنێت لە ساڵی ۱۹٦۹دا چەکەرەی کردووە، وەک سیستمێکی کۆمپیوتەری کە وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا کاری لەسەر کردووە، تاوەکو پلەدارە سەربازییەکان بتوانن لە رێی کۆمپیوتەرەوە چاودێریی کاری میری بکەن، لە ترسی رووداني هەر پەلامارێکی ئەتۆمی، بۆ لەناونەچوونی زانیاریی نێو ئینتەرنێتەکانیان، یان لە کارنەکەوتنیان، کاریان بۆ بەستنەوەیان بەیەکترەوە کرد لە رێی تۆڕێکەوە بە بەکارهێنانی پرۆتۆکۆلی ئینتەرنێتی.

لە ناوەڕاست و کۆتایی هەشتاکانی سەدەی رابردووشدا، دامەزراوی زانستە نەتەوەییەکان (NSF) بڕیاری داوە کە زۆر لە زانکۆکان بەشداریی لەو تەکنۆلۆژیایەدا بکەن و کاری بۆ ئەو مەبەستە کردووە، ساڵی ۱۹۹٥ لەلایەن هەندێک لە کۆمپانیاکانەوە تۆڕەکانی ئینتەرنێت وەک ئامرازێکی ریکلام و بە بازاڕکردن بۆ بەرهەمەکانیان خراوەتە گەڕ، بەو شێوەیە ئینتەرنێت بووەتە تۆڕی گەورە لە تۆڕەکانی کۆمپیوتەر بەدرێژایی هەموو گۆی زەمین، هەربۆیە بە (تۆڕی تۆڕەکان) ناودێر کراوە.

لە ساڵی ۱۹۸٥دا بە ۱۰۰ تۆڕی هاوبەش دەستی پێکردووە و ساڵی ۱۹۸۰ گەیشتووەتە ٥۰ تۆڕی ناوچەیی، بەڵام لە کانوونی دووەمی ۱۹۹۰دا بۆ ۲۲۱۸ تۆڕ زیادی کردووە و لە ناوەڕاستی هەمان ساڵدا بۆ زیاتر لە ٤۰۰۰ و لە ئێستاشدا لە ۱۱هەزار تۆڕی فەرعی زیاتر لە ۱۰۰ وڵاتدا بەکاردێت.

### شێوەکانی سوود وەرگرتن لە تۆڕەکانی ئینتەرنێت

دەتوانرێ لەم بوارانەدا سوود لە تۆڕی ئینتەرنێت وەربگیرێت:

۱- ئاڵوگۆڕی بیروڕا و ئەزموون لەنێوان زانایان و پسپۆڕانی بوارە زانستییە دیاریکراوەکاندا.

۲- ڕایی کردنی کاروباری بلیتی فڕۆکە بڕین و گرتنی ئوتێل و شوێنە گەشتوگوزارییەکان.

۳- پێکهێنانی گرووپی کار لە بواری دیاریکراوی مەعریفی و پسپۆڕیدا.

٤- پێوەندی لەنێوان کتێبخانە جیهانی و زانکۆییەکان و سەنتەرەکانی توێژینەوەدا و توانایی وەدەستهێنانی پرۆگرامەکان و وێنە و تۆمارە بیستراو و بینراوەکان.

٥- بوارە هەواڵی و میدیاییەکان (نووسراو، بیستراو، بینراو) سوود لەم خزمەتگوزارییە وەردەگرن.

٦- دەتوانرێت تۆڕەکان وەک ئامرازی پێوەندی زانیاری لەگەڵ سەنتەرە جیهانییەکانی توێژینەوەدا بەکاربهێنرێت.

۷- ئاڵوگۆڕی پۆستی ئەلیکترۆنی و دابەشکردنی زانیارییەکان لەنێوان چی کۆمپیوتەری جیهاندا هەیە، کە ئەمەش فراوانترین بەکارهێنانە لەبواری ئینتەرنێتدا.

## خەسڵەتەکانی تۆڕی ئینتەرنێتی

زۆربەی دامەزراوەکان لەم دواییانەدا کار بە خزمەتگوزاریی ئینتەرنێتی دەکەن، ئەویش لەبەر ئەم خەسڵەتانە:

١- بوونی پانتاییەک بۆ گەڕان بە شوێن زانیارییەکاندا، ئیتر دەرەکی بن، یان ناوخۆ.

٢- ئاسانی بەکارهێنانی پانتایی بەرچاو و توانایی گەیشتن بە شێوەکانی زانیاری بەبێ بەکارهێنانی پرۆگرامە تەقلیدییە جیاوازەکان.

٣- دەستگرتنەوە لە تێچووندا و خستنەکاری ژمارەیەکی کەم لە کارمەندان بۆ بەڕێوەبردنی خزمەتگوزاریی زانیارییەکان لەڕێی:

أ- گەیشتن بە زانیارییەکان لە هەر کاتێکدا بویسترێت.

ب- خێرایی لە ئامادەکردنی بابەتەکاندا تا بڵاوکردنەوەی ئەلیکترۆنییان بۆ بکرێت.

پ- پاراستنی نموونەیەک لە زانیارییەکان، کە دەتوانرێت بە زیاتر لە ڕێگایەک چوونەوە سەری بۆ ئەنجام بدرێت.

## پێداویستییەکانی تۆڕ

گرنگترین پێداویستی بۆچوونە ناو تۆڕی ئینتەرنێت و ماڵپەڕەکانی، دابینکردنی ئامرازی گونجاوە کە بتوانێت بێ هیچ کۆسپ و گرفتێکی هونەری بتگەیەنێتە زانیاریی خوازراوت، پرۆسەی پێوەندیی بە ئینتەرنێتەوە ئەمانەی پێویستە:

أ- ئامێرەکانی Hardware و کۆمپیوتەر و پاشکۆیەکانی تریان.

ب- پرۆگرامەکان و کەرەستەکانی جێبەجێکردن.

## خزمەتگوزارییەکانی ئینتەرنێت

تۆڕی ئینتەرنێتی سێ خزمەتگوزاری سەرەکی ئەنجام دەدات:

١- خزمەتگوزاریی پۆستی ئەلیکترۆنی (Electronic Mail): کە سەرەکیترین و زۆرترین و بڵاوترین خزمەتگوزارییە لە هەموو تۆڕەکانی پێوەی پەیوەستن.

٢- خزمەتگوزاریی تلینیت (Telenet): کە بریتییە لە خزمەتگوزاریی گرێدان بە دوورەوە (Romotelog in)، کتێبخانە و سەنتەرەکانی زانیاریی دەتوانن سوود لەوە وەربگرن، ئەویش بە پێوەندیی بەستن بە سیستەمە دوور و نزیکەکانەوە، وەک پێڕستی کتێبخانە زانکۆییەکان و بنەمای زانیاریی تایبەت بە ژێدەرەکان و سیستەمی زانیارییەکان لەسەر ئاستی زانکۆیی تەواودا، هەروەها سوودوەرگرتن لە تۆڕە ئازادەکان.

٣- خزمەتگوزاریی پرۆتۆکۆلی گواستنەوەی فایلەکان (FTP):

کە کتێبخانە و سەنتەرەکانی زنیاریی سوود لە فایلەکان وەربگرن بۆ مەبەستی وەکو گەیاندنی ئەلیکترۆنی دوکیۆمێنتەکان، گواستنەوەی فایلەکانی سەرچاوە بەدەستهاتووەکان، هەروەها فایلی پێڕستەکان لە کتێبخانەیەکەوە بۆ یەکێکی تر.

## ئینتەرنێت ٢

لەم دواییانەدا تۆڕێکی زانیاریی پێشکەوتووتر بەناوی (Internet2) دامەزراوە بە توانایی و جۆری خزمەتگوزاریی زیاترەوە، ١٧٠ زانکۆی ئەمریکی بەشداربوون لە دامەزراندنیدا و تەرخانە بۆ خودی زانکۆکانیان، ئامانجی ئەم تۆڕە بەدەستهێنانی خێرایی زۆرە بۆ خزمەتگوزاریی توێژینەوە ئەکادیمییەکان و کتێبخانە ئەلیکترۆنییەکان، لەگەڵ ئەنجامدانی خزمەتگوزاریی پزیشکی لە دوورەوە، وەک دەستنیشانکردن لەسەر وێنە تیشکییەکان و شیکارە پزیشکییەکان، هەرچۆن بەپێی بایەخی زانیارییەکان ڕیزبەندی ئەنجام دراوە، نەک لە مێژووی دانانیاندا لە تۆڕەکەدا، لەگەڵ ئاڵوگۆڕی زانیارییەکان و کەمبوونەوەی ئەگەری ونبوونیان، یان نەگەیشتنیان.

## گرفتەکانی ئینتەرنێت

ئینتەرنێت کتێبخانەیەکی ئەلیکترۆنیی جیهانییە کە لەسەرجەم بوارەکاندا بە زانیارییەکان دەوڵەمەندە، هەرچەندە زانیارییەکان هەمیشە لەگەڵ دابونەریتی سەرجەم کۆمەڵگا مرۆییەکاندا ناگونجێن.

چەندین گرفت لەم تەکنۆلۆژیایەدا هەیە و تا ئەم ساتە پسپۆڕان عەودالی چارەسەریانن، لەوانە:

– گرفتی دەستەبەری پاراستنی تەواوی زانیارییە نهێنییەکان.
– نەبوونی پێوانە بۆ ڕێکخستنی دامەزراندنی ماڵپەڕە تایبەتەکان (home Page).
– پاراستنی موڵکداری و مافی فیکری.
– گرانی دانانی سانسۆر بەسەر زانیارییەکانەوە، بە تایبەت زیانبەخشەکان.

## بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە کتێبخانەکاندا

ئەم تەکنۆلۆژیا گرنگە، لە کتێبخانەکاندا گەلێک خزمەتگوزاریی پێشکەش دەکات، لەوانە:

١- سەرچاوە بە دەستهاتووەکان، کە لە ڕێی پۆستی ئەلیکترۆنی و پێوەندی بەستن بە دوورەوە بۆ وەرگرتن و بەکارهێنانی پرۆتۆکۆلی گواستنەوەی فایلەکانەوە دێتە دی.
٢- گەشەپێدانی پیشەیی.
٣- پێڕستی کتێبخانەکان لەسەر هێڵ Online.
٤- لیستی وتووێژکردن Discussion lists.

## تەکنۆلۆژیای زانیارییەکان لە کتێبخانەکاندا

گەشەکردنی تەکنۆلۆژیای زانیارییەکان لە کتێبخانەکاندا بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە، پەیدابوونی کۆمپیوتەر و بەستنەوەی بە ئامرازەکانی پێوەندیی پێشکەوتووەوە کاریگەریی لەسەر گەیشتن بە دەوڵەمەندترین کتێبخانەکانی جیهانەوە هەبووە بۆ سوودوەرگرتن لە سەرچاوەکانیان.

هەڵبەت مەحاڵە کتێبخانەیەک چی بەرهەمی فیکری جیهانییە، لە فۆرمە جیاجیاکانیاندا بگرێتە خۆی، ئەویش لەبەر چەند هۆیەک، لەوانە:

١- گەشەی بەرچاو لەدەرکەوتنی هەزاران گۆڤاری تایبەتمەندا.
٢- گەشەکردنی پیشەسازیی بڵاوکردنەوە کە بووەتە هۆی نەتوانینی دەستەبەرکردنی هەموو بەرهەمە فیکرییەکان.
٣- وابەستەیی کتێبخانەکان بە پانتایی دیاریکراوەوە بۆ پاراستنی بەرگی کتێب و چاپکراوەکان.
٤- گۆڕان لە پێویستیی سوودمەندان بۆ زانیارییەکان.
٥- لق لێبوونەوە لە چالاکییەکانی توێژینەوەی زانستیدا.
٦- بڵاوبوونەوەی کۆمپیوتەری کەسی.
٧- فراوانبوونی خزمەتگوزاریی زانیارییەکان.
٨- دەرکەوتنی تۆڕی زانیارییەکانی ئینتەرنێت.

لەبەر ئەو ڕووبەڕووبوونەوە گرانانە، کتێبخانەی ناوچەیی LAN'S دامەزرێنراوە کە بەسراونەتەوە بە کتێبخانە نزیکەکانەوە، هەروەها کتێبخانەی WAN'S کە بەستراونەتەوە بە کتێبخانەکانی ناوچەی جوگرافیایی جیاوازەوە و لە دووریی جیاوازیشەوە، تا وای لێهاتووە تۆڕەکان بەیەکترەوە بەستراون و تۆڕی جیهانیی ئینتەرنێت پەیدا بووە.

## پراکتیزەکردنی ئینتەرنێت لە کتێبخانەکاندا

سەرەتای بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە کتێبخانەکاندا نیمچە سنووردار بووە بۆ ئاڵوگۆڕی نامەی ئەلیکترۆنی E-MAIL و گواستنەوەی فایلەکان FTP، بەڵام لەگەڵ دەرکەوتنی تۆڕی جیهانی (WWW) و زۆربوونی میکانیزمی گەڕاندا، خزمەتگوزاریی ئینتەرنێت هەلی ڕەخساندووە تا کتێبخانەکان سوود لە توانای وەرگرتنی تێکستی تەواو Hypertext وەربگرن کە بریتییە لە تێکست و وێنە و دەنگ، بەو شێوەیە پراکتیکی کاریگەر و بەکەڵک لە کتێبخانەکاندا ئەنجام درا، بەوەش پاراستنی زانیارییەکان و سوودوەرگرتن لێیان بووە هۆی ئەوەی کتێبخانەی ئەلیکترۆنی بە ئاراستەی گونجاودا و بۆ ئەو مەبەستە ڕۆڵی خۆی ببینێت، هەرچەندە ئەوەش بەپێی توانایی هەر کتێبخانەیەک و ئەو ژینگەیەی تێیدا جیاوازیی دەبێت.

زۆربوونی خزمەتگوزاریی ئەلیکترۆنی هاندەربوو بۆ کتێبخانەکان کە نموونە تەقلیدییەکان کە کاری دەستی بوون بگۆڕێن بە نموونە نوێیە پێشکەوتووەکان کە لەبەر تیشکی تەکنۆلۆژیای زانیارییەکان بەرهەم هاتوون، ئەویش لەسەر خواستی سوودمەندان و پێویستییان بە زانیارییەکان.

کتێبخانەی جیهانی پڕن لە سەرچاوە و بووەتە ناوەندێک لەنێوان بەکارهێن و سامانی فیکریی جیهانی لە ناوچە جوگرافیاییە جیاوازەکاندا.

## کاروبارە هونەرییەکان

دیارە کتێبخانە کاتێکی زۆری دەویست بۆ

ئامادەکردنی سەرچاوەکانی بە ئەنجامدانی کارەکانی پێرست و پۆلێن و ڕێبەر، بەڵام لەگەڵ کارکردن بە ئینتەرنێتدا توانرا کتێبخانە لە پێرستی کتێبخانەکان ئاگادار بێت لەڕێی (OCLC) و (Rlin) و تۆڕە هونەرییەکانی تری تایبەت بە زانیارییە زانستییەکان و ڕاستکردنەوەی زانیارییەکانەوە، ئەوەش بووە هۆکاری کەمکردنەوەی کۆشش و پارە و بەشداری لە خواستنی ئەلیکترۆنی نێوان کتێبخانەکاندا.

## وەرگرتنی دوکیۆمێنتەکان

یەکێکە لە پێشکەوتنە بەرچاوەکانی بواری ئاڵوگۆڕی نێوان کتێبخانەکاندا و بەهۆیەوە زانیاری بەدەست دێت و دەگەیەنرێنە سوودمەندان لە هەر کوێیەکی جیهاندا بن.

ناوەندی بەریتانی بۆ بەڵگەنامەکان گرنگترین دامەزراوە بۆ دابینکردنی ئەم خزمەتگوزارییە کە تایبەتە بە کتێبخانە ئەکادیمییەکان و چی دوکۆمێنتی بوارەکانی مەعریفەیە بە خێراترین ئامرازی ئەلیکترۆنی و ئاسایی دەخاتە بەردەست.

## بایەخی بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە کتێبخانەدا

ئەو بەکارهێنانە دوو هەلی گرنگ بۆ پسپۆڕی کتێبخانە دەڕەخسێنێت:

١- وەرگرتنی سەرچاوەی کتێبخانەیی گرنگ و جەختکردن لەسەر ئەرکی سەرەکی خۆیان و هێنانەدی ئامانجیان لە بواری خزمەتگوزاریی زانیارییەکاندا، ئەویش بۆ بەکارهێنانیان لەپێناوی سوودمەندان‌دا.

٢- لە بەکارهێنانی ئینتەرنێتدا ڕۆڵی سەرکردایەتی کارمەندە پسپۆڕەکانی کتێبخانە لەڕێی ڕێنمایی و ئاراستەکردنی سوومەندان و سەرجەم کارمەندانی کتێبخانەوە دەردەکەوێت.

## ئەو هۆکارانەی چۆنێتی بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە کتێبخانەدا دیاری دەکەن

١- جۆری سوودمەند: ناسینی ئەو توێژەی کە کتێبخانە خزمەتیان دەکات، کارێکی پێویستە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو سەرچاوانەی پێشکەشیان دەکات.

٢- پلانی کار: لەوەوبەرو بەر لە چوونە سەر ئینتەرنێت دادەڕێژرێت.

٣- ئامانج: جەختکردنەوە لەسەر بەکارهێنانی ئینتەرنێت لەو پێناوەدا کە کتێبخانە و زانیارییەکانی بۆ دامەزرێنراون.

٤- دیاریکردنی ئامرازەکانی پێوەندی لە پۆستی ئەلیکترۆنی و تەلەفۆن و ڤیدیۆ و...تاد.

٥- بوونی کادیری پسپۆڕ لەو بوارەدا کە بتوانن سیستمی گونجاو بۆ سەرخستنی بەرنامەکە ئامادە بکەن.

## کارمەندی کتێبخانەکان و جیهانی ئینتەرنێت

ئەمڕۆ، ئەو گەشە گەورەیەی بەسەر جیهانی میدیا و پێوەندی و زانیارییەکاندا هاتووە، وای کردووە کە کاری کارمەند، بە تایبەت لە کتێبخانە زانستییەکاندا لەسەر دووڕیانێکدا بێت و پرسیاری زۆر لەمەڕ سروشتی پیشەکە و مافە یاساییەکان بکات.

هەروەک چۆن پرسیاری تریش سەبارەت بە سیستمی خودی کتێبخانەکان و ژمارەی کارمەندانی دێنە پێشەوە، بە تایبەت دوای گۆڕینی کارمەندە ناپسپۆڕەکان لە کتێبخانەکان و کارمەندانی دامەزراوە زانستی و توێژینەوەییەکان بۆ پسپۆڕی سەرچاوەکان و گۆڕانی کارمەندان بۆ توێژەرانی زانیارییەکان، هەروەها دوای بە ئاراستەدا چوونی پەیمانگای کتێبخانەکان بەرەو ئەو پێکهاتەیە، هەرچۆن پارێزگاری لە پیشەی کتێبخانەیی بەندە بە گەشەکردن و بە پسپۆڕی لە زانیارییەکاندا بەسنوورە تەسکەکانیانەوە وەکو پسپۆڕی لە زانیاریی کیمیادا، یان فیزیا...تاد.

ئەمە بێجگە لە پسپۆڕیی گشتی لە کتێبخانەکاندا، هەر لێرەدا پرسیارێک دێتە ئارا: ئاخۆ لە ئایندەدا پیشەی کتێبخانەکان تەنیا بۆ ئەو دەرچووانە دەبێت کە کارمەندی کارگێڕیی کتێبخانە، کارمەندی پسپۆڕی ژێدەرەکان، کارمەندی پسپۆڕی زانیارییەکان دەبن؟

هەموو ئەو پسپۆڕییانە، کاریان پەیوەست دەبێ بەو گۆڕانکارییانەی لەجیهانی پێوەندی و زانیارییەکاندا دێتە دی.

**سەرچاوە:**

**لە ماڵپەڕی (alyaseer.net)ەوە**


# ئەدەب و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی

حەمە مەنتک

ئەگەر ئێمە سەیری ئەو دوو زاراوەیەی سەرەوە بکەین لە ناوەڕۆکەوە دوو زاراوەی تەواو جیاوازن، هەروەها بابەتێکی ئاڵۆزیشە، بەوەی ئەم دوو لایەنە وەک دوو زانستی سەربەخۆیان لێهاتووە هەریەکەیان چەندان نووسەر و ڕەخنەگریان بەخۆیانەوە خەریک کردووە. دەتوانین بڵێین دوو چەمکی ئاڵۆزن، هەریەکەیان فەزا و دنیای تایبەتی خۆیان هەیە.

بابزانین لە سەرەتادا ئەم دوو چەمکە چین؟ جیاوازییان چییە؟ ئایا لێکۆڵینەوەی ئەدەبی هەروەک ئەدەب دەیان شاکاری پێدەنووسرێت وەک شیعر، ڕۆمان، چیرۆک...تاد؟ ئایا لێکۆڵینەوەی ئەدەبییش دەتوانرێت بە شتێکی نایاب لە قەڵەم بدرێت؟ دەبێت وردە وردە بێین وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەینەوە.

سەرەتا دەبێت بزانین ئەدەب چییە؟ چی ئەدەبە و چی ئەدەب نییە؟ ئایا هەموو نووسراوێک دەچێتە خانەی ئەدەبەوە؟ بۆ زانین و تێگەیشتن لە چەمکی ئەدەب دەبێت دیسان وەڵامی ئەم پرسیارانەش بدەینەوە؟ زۆر زەحمەتە پێناسەیەک بۆ ئەدەب دەستنیشان بکەین و دابنێین، بە شێوەیەکی ڕەها بڵێین ئەدەب ئەوەیە. دەتوانین بڵێین بە قەد ژمارەی نووسەر و باسکار و ڕۆشنبیرەکان پێناسەی بکەن تاکو بیرکردنەوە و داهێنانەکانیان پێ بنووسن کە ئەوەش تەنیا بەهۆی شیعرەوە بووە، مانای وایە کارەکە ئەوەندە ئاڵۆز نەبووە وەکو ئێستا، بەڵام لە سەدەی شازدەوە ئەمە گۆڕانێکی بنەڕەتی بەسەردا هات، کاتێک فۆرمێکی نوێی نووسین و داهێنان پەیدا بوو. ئەویش (ڕۆمان)ە، یان بەشێوەیەکی گشتی فۆرمی پەخشان بە هەموو جۆرەکانی گێڕانەوەوە. لە سەدەی (١٦) ڕۆماننووس (سێرڤانتس) شاکاری (دۆنکیشۆت)ی



**ئەحمەدی قازی**

نووسی. کە بەیەکێک لە فۆرمە نوێیەکانی نووسین دادەنرا. کە ئێستا لەلایەن وەرگێر، (ئەحمەد قازی)یەوە وەرگێڕراوەتە سەر زمانی کوردی و جێگای دەست خۆشییە، چونکە دەمێکە کتێبخانەی کوردی لە شاکارێکی وا بێ بەشە، بۆیە کاتێک ئەم فۆرمە نوێیە لە دایک بوو کۆمەڵێک بنەما و شێوازی نوێ لە دایک بوو کە پێویستن لەناو هەموو بەرهەمێکی نایابدا هەبن. وەکو مەسەلەی شێواز، هزر، سۆز، جوانی، خەیاڵ کە ئەمانە خۆراکی پلە یەکی ئەدەبن، کە دەبینین لەم بەرهەمەی سەرەوەدا دەیدۆزرێنەوە، بەڵام ئەمانە لەناو کتێبە کۆنەکانی پێش ئەو سەردەمە نایاندۆزینەوە، بەمەش ئەدەب بوو بە نیشانەی شارستانیەت و میللەتی پێ دەناسرێتەوە، بۆ نموونە شەکسپییر بە بەرهەمەکانی وای کرد ئەدەبێکی نایابی ئینگلیزی دروست بکات، هەزاران لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت. گابریل گارسیا مارکیز بەو ڕێبازەی دایهێنا لەنێو دنیای ڕۆمان (ڕێبازی ڕیالیزمی سیحری) ببێتە قوتابخانەیەک و دەیان نووسەر و ڕۆماننووس پەیرەوی ڕێبازەکەی بکەن.

بێ گومان هەموو نووسراوێک کە نووسرا ناچێتە خانەی ئەدەبی و ناتوانین بە کارێکی ئەدەبی لە قەڵەمی بدەین، چونکە ئەدەب هەروەک لەسەرەوە باسمان کرد کۆڵەکەی گرنگی هەیە، دەبێت ئەم خەسڵەت و کۆڵەکانە لەناو بەرهەمی ئەدەبیدا هەبن. تاوەکو بە ئەدەبی لە قەڵەم بدەین. ڕەنگە چەندان نووسین هەبن بە نووسین لە قەڵەم بدرێن، بەڵام تا چەند چێژمان پێدەبەخشن؟ لە کاتێکدا دەبینین نووسینی وشک و برینگن. ئێمە ناکرێت کتێبێکی جوگرافی، یان ئابووری بە ئەدەبی لە قەڵەم بدەین، چونکە دنیایەکی ئەدەبیمان بۆ دروست ناکەن و وەڵامی پرسیارە ئەدەبییەکانمان نادەنەوە، کە لای ئێمەی خوێنەر دروست دەبێت. ڕەنگە لە زۆر نووسیندا خەیاڵ هەبێت، چێژ هەبێت، ئەمەش پێوەندی بە هونەری نووسینەوە هەیە، چەندان کتێب و بابەتی زانستی هەیە، کە خەیاڵیان تێدایە، خوێنەر چێژیان لێ دەبینێت، بەڵام بەکارێکی ئەدەبی دانانرێن.

ئەگەر سەیری ئەو پێشکەوتن و شارستانیەتە نوێیە بکەین، کە ئەمڕۆ لە جیهاندا هەیە، دەبینین چەندان جۆری ئەدەب هاتوونەتە ئاراوە. هەروەک وتمان پێشتر نووسین تەنیا بە شیعر بووە و داهێنانی پێکراوە، بەڵام ئێستا زۆر جۆری ئەدەب هەن، وەک ڕۆمان، چیرۆک، ژیاننامە، گەشتنامە.. تاد. کە لە ڕۆمانیش وەکو جۆرێک فۆرمی نووسین چەندان جۆری تری هەیە، وەکو ڕۆمانی مێژوویی، دڵداری، کۆمەڵایەتی، ئەزموونی، دەروونی، پۆلیسی...تاد. لەناو کوردیشدا تاڕادەیەک هەندێکیان بوونیان هەیە، داهێنانیان تێدا کراوە وەکو ڕۆمانەکانی (بەختیار عەلی) کە سەر بە قوتابخانەی (ڕیالیزمی سیحری)ی مارکیزە، ڕۆمانەکانی (حسێن عارف) و چەندانی تر، بەڵام جۆری تر هەیە، تا ئێستا لە دایک نەبوونە، وەکو ڕۆمانی پۆلیسی، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە نەبۆتە دیاردەیەک.

ئێمە ناتوانین ئەدەب لە زانستەکانی تر دابڕین، بەڵکو ئەدەب دەتوانێت سوود لە هەموویان وەربگرێت و شاکارێکی نایاب بە یارمەتی ئەو زانستانەی دوێنێ و ئەمڕۆ بەرهەم بێنێ. بۆ نموونە لە ڕۆماندا کە جۆرێکمان هەیە پێی دەڵێن ڕۆمانی کۆمەڵایەتی، کە تێیدا باس لە کاریگەریی کۆمەڵ لەسەر کەسەکانی ناو ڕۆمانەکە دەکات، بەمەش ڕۆماننووس دەبێت شارەزایی لە زانستی سۆسیۆلۆژی هەبێت و شارەزای ئەو کۆمەڵە بێت، کە ڕۆمانەکەی لەبارەوە دەنووسێت، تاکو بە لێکدانەوە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەستنیشان بکات، یان ڕۆمانی

دەروونی، کە باس لە کەسایەتی ناوەوەی کەسەکانی ناو ڕۆمانەکە دەکات، ئەم ڕۆمانە گرنگی بە شیکردنەوەی ناوەوەی کەسایەتی ناو ڕۆمانەکە دەدات، بەمەش دەبێت دووبارە ڕۆماننووس شارەزایی زانستی سایکۆلۆژی بێت. ئاشنایەتی لەگەڵ تیورەکانی فرۆید و یۆنگ و پاڤلۆڤ و زاناکانی تری دەروونناسی بێت. دەتوانین بڵێین ئەدەب و زانستەکانی تر پێوەندییەکی پتەو لەنێوانیاندا هەیە و هەرگیز ناتوانن بەبێ یەکتری داهێنان دروست بکەن.

شتێکی تر لە ئەدەبدا دەبێت گرنگی زۆری پێ بدرێت و جێگای بایەخ بێت، ئەویش زمانە، چونکە ئەدەب زمانێکی جیاوازی هەیە لە زمانی ئاخاوتن، هەروەها زمانی زانستمان هەیە، کە زمانی ئەدەب زیاتر زمانی هێما و ئیشارەیە، بەڵام زمانی زانست ڕەمزە. بێ گومان هەریەک لەمانە خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆیان هەیە، زمانی زانست هەروەک وتمان ڕەمزە بەبێ هیچ جۆرە جوانکاری و هەست و سۆز و ئەندێشەیەک، بەڵام ئەمانە لەناو ئەدەبدا دەدۆزینەوە. نووسەرێکی بواری ئەدەب و ژانرەکانی جیاوازە لەگەڵ زانایەکی یەکێک لە زانستەکان، زاناکە زمان بە شێوەیەک بەکاردێنێ، کە ڕەمز بێت، واتە بەشێوەیەکی ڕووت و لەسەر یاسا، بەڵام کاتێک ئەدیبێک شتێک دەنووسێت، بەپێی هەست و بیر و سۆزی، زمانەکەی گۆڕانکاری تێدا ڕوودەدات هەرکاتێ ئەمانەی گۆڕا زمانەکەشی دەگۆڕێت، ئەمەش وادەکات زمانی ئەدەب تایبەتمەندییەکی تری هەبێت، ئەویش ئەوەیە شتێکە کە بەرجەستە نییە، نابینرێت، بۆیە بە سیستەمێکی ئیشارەیی دەڕوات. نووسەر دەتوانێت بەهۆی زمانەوە داهێنانی مەزن ئەنجام بدات. زمان لە ئەدەبدا دەورێکی زۆر گرنگی هەیە، دەتوانێ لەناو ئەدەبدا ڕۆڵی هەبێت و نووسەر بەهۆی گەمەکردن بە زمانەوە لەکاتی نووسینی ڕۆمانێک، شیعرێک، چیرۆکێک..تاد دەکارێ زۆر شتی جوان بکات و جوانکاری بە بەرهەمەکەی ببەخشێت.

پاش ئەوەی زانیمان چی ئەدەبە و چی ئەدەب نییە؟ ئێستا بابزانین لێکۆڵینەوەی ئەدەبی چییە؟ ئایا زانستێکی سەربەخۆیە؟ جیاوازی چییە لەگەڵ ئەدەب؟ ئایا دەتوانین داهێنان لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا بکەین؟ ئایا دەتوانین لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بگەیەنینە ئاستی داهێنانێکی ئەدەبی؟

دەتوانین بڵێین لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بیرکردنەوەیە لە ئەدەب، وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەیە کە لەناو بەرهەمێکی ئەدەبیدا هەیە و لەلای خوێنەر و ڕەخنەگری ئەدەبیدا دروست دەبێت. بێ گومان هەموو دەقێکی نایاب هەڵگری چەندان پرسیار و چەندین لایەنی شاراوەی هەیە، لایەنی جوان و ناشیرینی هەیە، بۆیە ڕەخنەگر و لێکۆڵەرەوەی ئەدەبی وەڵامی ئەو پرسیارانە دەداتەوە و لایەنە شاراوە و جوان و ناشرینەکان دەردەخات. لێکۆڵینەوەی ئەدەبی ئەگەر بگەیەنرێتە ئاستێکی بەرزی مەعریفی، دەتوانین لە سنووری زانستێکی سەربەخۆی نزیک بکەینەوە. واتە بە گەیاندنی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بۆ ئاستێکی بەرزی داهێنان دەتوانین وەکو زانستێکی لێ بکەین و هیچی لە بەرهەمێکی نایابی ئەدەبی کەمتر نەبێت. هەر بەرهەمێک جا چ ئەدەب بێت، یان لێکۆڵینەوە ئەگەر هاتوو گەیەنرایە ئاستی داهێنانێکی بەرز ئەوە چێژ و جوانی خۆی دەبێت و وەکو بەرهەمێکی نەمر دەمێنێتەوە، بۆ نموونە دەیان کۆمەڵە وتار، یان کتێبی ڕەخنەیی، یان فەلسەفی هەن کە داهێنانی مەزنیان تێدا کراوە و بە نەمری ماونەتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش چەندان بیروڕا و تیوری ئەدەبی هەن، کە هەندێکیان لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بە شتێکی بێ زەوق و بێ چێژ دادەنێن و هەندێکی تریان بە شتێکی نایاب و داهێنەر. بە ڕاستی ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی لەناو ڕۆشنبیران و ڕەخنەگران و نووسەراندا کێشەیەکی ئاڵۆز بهێنێتە ئاراوە. ئاڵۆزییەکەی لەوەدایە کە تائێستاش باسی لێوە دەکرێت ئەویش ئەوەیە، کە ڕەخنەی گشتی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بە ئەدەبێکی پلە دوو دادەنێن، چونکە دەڵێن وەک بەرهەمێکی شیعری، یان شانۆیی نییە ڕاستەوخۆ چێژ و جوانی لێوەربگرین، هەروەها بیروڕای تر هەیە، کە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی لە خوارەوەی ژانرەکانی تری ئەدەب دادەنێت، چونکە بە شتێکی بێ سوودی لە قەڵەم دەدەن، ئەوانە لەو باوەڕەدان، کە ڕەخنەگر کەسێکی گومان ئامێزە، چونکە داهێنان ڕاستەوخۆ لە ڕێگای ڕۆمان، شیعر، چیرۆک، شانۆ.. تاد ئەنجام دەدرێت، بەڵام ئەمە لە لێکۆڵینەوەدا زەحمەتە، چونکە لێکۆڵینەوە داهێنان نییە بەڵکو ڕوونکردنەوەیە، ئەوەی شایانی وتنە ئێمە لێرەدا ناتوانین بەبێ لێکۆڵینەوە دەقێکی شیعری، یان چیرۆک...تاد



**حسێن عارف**

بەر نەشتەر و ڕەخنە و خوێندنەوەی جیاواز بدەین. بەو مانایەی ئەگەر هاتو لێکۆڵینەوەی ئەدەبی نەبێت چۆن دەتوانین بزانین ئەم دەقە نایابە، یان لاوازە، داهێنانی تێدا کراوە، یان نا، بۆیە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بایەخ و گرنگی خۆی هەیە و دەتوانین داهێنانی تێدا بکەین.

ڕەخنەگری ئەمریکی (ریتشاردز) تیورێکی هەیە بۆ تێگەیشتن لە ئەدەب و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی ئەویش ئەوەیە هەوڵی داوە زانستی (نۆرۆلۆژی) بۆ تێگەیشتن لە ئەدەب و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بەکاربێنێت، لە ڕێگای بەکارهێنانی ئامار و گرافیک و دایاگرام لە بواری لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا، کە ئەمانە لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا ماون و سوودیان لێوەردەگیرێت. بۆ نموونە شیعر چەندین گرافیکی هەیە، دەبێ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی جوانی و شێوەی ئەو گرافیکانە پیشان بدات، بەڵام تارادەیەکی زۆر ئەمڕۆ ئەم تیورانە پشتگوێ خراون، سەرنجام ئەمڕۆ گونجاوترین و باشترین میتودی ئەدەبی ئەوەیە. کە ئەدەب داهێنان بکات و لێکۆڵینەوەی ئەدەبیش لەو داهێنانە بکۆڵێتەوە، چونکە بێ گومان هەموو دەقێکی نایاب داهێنانی تێدایە و پێویستمان بە میتودێکە بۆ دۆزینەوە و ئاشکراکردنی ئەو داهێنانە، ئەویش لێکۆڵینەوەی ئەدەبییە.

ئەمەش وادەکات ئێمەی ڕەخنەگر و لێکۆڵەرەوە بایەخ و گرنگی تەواو بە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بدەین، لەبەر ئەوەیە چەندێک بەشێوەیەکی ئەکادیمی خوێندنەوە بۆ ئەو دەقە نایابانە بکەین ئەوەندە زیاتر لایەنە جوان و داهێنانەکانی بۆمان ئاشکرا دەبێت، بەمەش سەرنجام هەوڵی ئەوە دەدەین، لەکاتی ڕەخنەگرتن لە دەقێک، یان خوێندنەوەی دەقێک، لێکۆڵینەوەکە بگەیەنینە ئاستی داهێنان، تاوەکو نرخ و بایەخی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی لە ئەدەب کەمتر نەبێت، یان ئەو سنوورەی لە نێوانیاندا هەیە نەهێڵێن، بۆیە پێویستە ئامانجی هەرە سەرەکیمان لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی داهێنان بێت. هەروەک چۆن شاعیرێک، ڕۆماننووسێک دەیەوێت بەهۆی دەقەکەیەوە داهێنان بکات.

کەواتە لێرەوە دەتوانین بڵێین ئەدەب و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بەهۆی داهێنانەوە کە لە هەردووکیان ئەنجام بدرێت دەتوانرێت سنووری نێوانیان کەم بکرێتەوە، ئەویش (لێکۆڵینەوەی ئەدەبی) وەک زانستێک بخرێتە ڕوو، بێ گومان هەموو زانستێک پێویستی بە چەندان تیور و میتود هەیە، بۆیە لە ڕابردووەوە تاکو ئێستا بۆ بواری لێکۆڵینەوەی ئەدەبی چەندان تیور لەسەر دەستی داهێنەرە مەزنەکانی بواری ئەدەبی و ڕەخنەی ئەدەبی داهێنراون، هەروەها پێویستمان بە ڕەخنە و مێژووی ئەدەبیش دەبێت بۆ ئەوەی سوودیان لێوەربگیرێت. شتێکی گرنگیش لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا هەیە، ئەویش لایەنی کەسایەتی داهێنەرە، کە ئەمەش بێ گومان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت، بەپێی بیرکردنەوەی لێکۆڵەر تاقە شتێک کە دەتوانرێت بکرێت بە پێوەر ئەویش داهێنانە، چونکە لێکۆڵینەوە گرنگی و بایەخێکی یەکجار زۆر دەداتە کەسایەتییە داهێنەرەکان و سەنگ و قورسایی خۆیان دەبێت. ئەو کەسانە لە زۆر ڕووەوە گرنگییان هەیە، بە تایبەتی لەناو کۆمەڵگەدا، ئەو کەسە داهێنەرانە دەتوانن لەناو کۆمەڵگە گۆڕان دروست بکەن، ڕەنگ دروست بکەن، جوانی دروست بکەن، کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا بایەخ و گرنگی و قورسایی ئەو کەسە لەناو کۆمەڵگەدا دەردەخات.

# سەعدییە و جەلەولا لەمێژوودا

عەباس سلێمان سمایل

دوای ئەوەی ئیمپراتۆریەتی ساسانی ناوچەکانی کوردانی فەیلی لە عیراقی ئەمڕۆ، کە بەگەرمەسێر دەناسرێت لە ئەنجامی شکست خواردنی لە فەتحی ئیسلامی بەجێهێشت، کە ناوچەیەکی پڕ لە خێروبێر و بەنداو و شاروشارۆچکە بوو، کەوتە بەر پەلاماری بیابانشینە دواکەوتووەکانی هۆزانی عەرەب، بەشێوەیەکی زۆر هۆڤیانە کەوتنە گیانی قڕکردن و ئاوارەکردن و کاول کردن و تالآنکردنی ئەم ناوچانە و بەغەنیمەتیان دەزانی، کە لای ئەوان حەڵاڵ و ڕەوابوو، بەتایبەتی لە شاری تیسفون (مەدائن)، کە پایتەختی ساسانییەکان بوو، تا دەگەیشتە کرماشان، کە زۆرجار دەبووە پایتەختی هاوینەی فەرمانڕەوایانی ساسانی، کە زیاتر ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی دیجلەی گرتەوە، لەترسی ئەوەی نەوەک هۆزانی ڕەسەنی ناوچەکە ڕۆژێک لێیان ڕاپەڕن و ناوچەکانیان ئازاد بکەن. جا بە درێژایی ساڵی (٦٣٧ک) تاکو ئەمڕۆ ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکان لە قڕکردنی کوردانی فەیلی و بە عەرەبکردنی ناوچەکانیان بەردەوامن، هەمیشە حیسابی فارسی مەجووس و ئاگر پەرستانیان بۆ کردوون و بەردەوامیش ناوە جوگرافیەکانیان لە کوردییەوە بۆ عەرەبی دەگۆڕن، هەڵبەت ئەمەش پێچەوانەی کولتووری مرۆڤایەتی و ئیسلامییە.

دواتریش کە کوردستان دەکەوێتە نێوان بەرداشی ڕژێمی عوسمانی و سەفەوی، وەک دوو دڕندە بکەونە گیانی نێچیرێک، بەو شێوەیە کەوتنە گیانی کوردان، کە کەوتبووە نێوان هەردوو ئیمپراتۆریەتەکە، بە تایبەتی کوردانی فەیلی، عوسمانییەکان بە هەموو تواناییەکەوە ئازادی کوردانی فەیلییان پێشێل دەکرد بە بیانووی

ئەوەی شیعە مەزهەبن و ئێرانین و ڕێگەشیان بۆ نیشتەجێ بوونی هۆزانی عەرەب لە ناوچەکانیان خۆشکردبوو تا ساڵی (١٥٣٧ز) و دابەشکردنی کوردستان لەنێوانیان، بە عەرەبکردنی ناوچە فەیلی نشینەکانی ژێر فەرمانڕەوای عوسمانی ئاسانتر بوو لە جاران، تا ئەوکاتە بە دەگمەن عەرەب لە ڕووباری دیجلە دەرباز ببوو.

دوای یەکەمین جەنگی جیهانی، کە سوپای عوسمانی لە عیراق پاشەکشەی کرد، خانەقین تا ساڵی ١٩٢٤ هەر بە لیوا مایەوە کاتێک لیوای دیالە دروست بوو خرایە سەر لیوای دیالە، ئینجا بەپێی دەستووری یاسای عیراقی نوێ دوو جۆر ڕەگەزنامەیان بۆ دانیشتوانی عیراق دەرهێنا، یەکێکیان بەناوی ڕەگەزنامەی عوسمانی، کە بەپلەی یەکەم دادەنرا و حیسابی دانیشتووی عیراقی ڕەسەنیان بۆ کردن، ئەوی دیکەش، کە پلە دوو بوو بەناوی تەبەعیە، یان (ڕعییە)، بە کوردییەکەی دەشتی هەولێر ئاو خۆرەوە، واتە بە ڕەسەن ئێرانی و بێگانەن، بۆیە لە خزمەتی سەربازی بێ بەش کران و هەر لەو کاتەوە پلان بۆ قڕکردن و ئاوارەکردنیان و گواستنەوەیان بۆ وڵاتی ئێران دانرا و لەگەڵ گواستنەوەی هەندێکیان بۆ باشووری عیراق و بە قسەی خۆیان مەترسی کوردانی فەیلییان لەسەر نەما، بە تایبەتی هەر سێ قەزای خانەقین و مەندەلی و شارەبان، سەرەڕای ستراتیژی ناوچەکان، نزیکترین پنتکیشە لە شاری بەغدا، هەروەها مەترسی وڵاتی ئێرانیشیان لەسەر کەم بووەوە، هەڵبەت ئەم ناوچانەش دەشتاییەکی بە پیتن و ئەوەندە سەخت نین، بۆیە پلانەکانیان بە ئاسانی سەریان گرت، تاکو ئەمڕۆش فەیلی و سنووری گەرمەسێر لای عەرەبی شۆڤێنی حیسابی مەجووس و سنووری مەجووسانیان بۆ دەکرێت، وادەزانن هێشتا فەتحی ئیسلامی لەم ناوچانە تەواو نەبووە.

کەچی عەرەبی بەدوو هەر بە بەردەوامی لە سووریا و سعوودیە و ئوردون سنووریان بڕیوە و هاتوونەتە عیراق و حکوومەتی عیراقیش لە بە عەرەبکردنی کوردستان یارمەتی داون، هەندێکیشیان ئاوارەی وڵاتی ئێران کرد، ئینجا دەست بە نیشتەجێکردنی هۆزانی عەرەب لە ناوچەکانی گەرمەسێر و ناوچە ستراتیژییەکانی دیکەی کوردستان کرا، لەوانە نیشتەجێکردنی شەممەری بەدوو بوو لەسەر سنووری سووریا، ناوچەکەش بەشێک بووە لە شارەدێی زومار و ناویان لێنا ڕەبیعە، هەروەها ژمارەیەک لە عەرەبی پسپۆڕ لە بە عەرەبکردنیان لە سووریا و فەلەستین وەک ڕاوێژکار بۆ بە عەرەبکردنی کوردستان هێنا، لەوانە (ساطع الحصری)ی ڕاوێژکار بوو، جا دوای ئەوەی حکوومەتی عیراق بەپێی بەڵگەنامەکان بۆی ڕوون بووەوە، کە ناوچە سنوورییەکانی ڕۆژهەڵاتی بەغدا بەشێکن لە کوردستان، لە ساڵی (١٩٤٣)دا پلانی بە عەرەبکردن چووە قۆناغێکی دیکەوە و ئەم جارە ڕاگواستنی کوردی فەیلی زۆر لە پێشتر فراوانتر بوو و هەموو ناوچەکانی گەرمەسێر و کوردانی فەیلی قووڵایی ناوەڕاست و باشووری عیراقی گرتەوە، لەوانە بە سەدان خێزانی شارۆچکەکانی سەرسنووری گرتەوە، بە تایبەتی شارۆچکەی مەندەلی کە نزیکترین پنتک بوو لە شاری بەغدا.

لە ساڵی ١٩٦٣ پلانی بە عەرەبکردن خزییە قووڵایی کوردستان، کە هەموو گوندەکانی شارۆچکەی دوبز و گوندەکانی ڕۆژئاوای کەندێناوە و ئەو گوندە کوردنشینانەی لە شارۆچکەی حەویجە مابوون و ژمارەیەکی زۆری گوندەکانی باشووری کەرکووک و سێ گوندی نزیک باشیک و چەندین گوندی نزیک شارۆچکەی تەلەعفەر و شەنگاری گرتەوە و بەشێک لە گوندەکانی گەرمەسێریشی گرتەوە، لەوانە گوندەکانی نێوان شارۆچکەی جەلەولا و کولەجۆی گرتەوە.

لە ساڵانی ١٩٧٠- ١٩٧٥ ژمارەیەکی دیکەی گوندەکانی گەرمەسێری گرتەوە، لەوانە (٧٠) حەفتا گوندی کوردنشینی سەر بە شارۆچکەی مەندەلی گرتەوە، لەگەڵ ژمارەیەک گوندی سەر بە شارۆچکەی خانەقین و شارۆچکەی بەدرە و هەموو دانیشتوانیان بۆ ناوچە عەرەب نشینەکانی ناوەڕاست و باشووری عیراق گواستەوە و عەرەبیان لە گوندەکانیان نیشتەجێ کرد، سەرەڕای ئەوەی ژمارەیەکی زۆری کارمەندی ئەم شارۆچکانەیان بۆ پارێزگەی سلێمانی و هەولێر گواستەوە.

بە تایبەتی کارمەندی شارۆچکەی مەندەلی و جەلەولا و خانەقین، بێجگە لەوەی کە بەردەوام کوردی گەرمەسێر لەژێر گوشار و کەم خزمەتگوزاری و پێنەدانی کار، ناچار دەکران ناوچەکانیان بەجێبێڵن و ڕوو لە شارەکانی

باقووبە و بەغدا بکەن.

بەڵام گەورەترین کارەسات کە بەسەر کوردانی فەیلی هات لەدوای ساڵی (١٩٨٠)ەوە بوو، کە بە تەواوی دەچێتە خانەی جینۆساید و قڕکردنەوە، واتە بەشێوەیەکی گشتی قورسایی بە عەرەبکردن لە دوای ساڵی (١٩٦٨)ەوە کەوتە قۆناغی قڕکردنی میللەتێک، هەرچەندە کوردانی فەیلی لەلایەن دەسەڵاتدارانی عیراقەوە تووشی ئەم دژایەتییە ببوون، ئابووری عیراق هەر لەناو دەستی ئەواندا بوو، بەڵام دوای ئەوەی لە ڕۆژی ٥/٤/١٩٨٠ کە بازرگانە گەورەکانی فەیلی بانگ دەکەن و هەموویان دەستگیر دەکەن و دەست بەسەر سامانەکانیاندا دەگرن و ئاوارەی ئێرانیان دەکەن. ئیدی لەم ڕێکەوتەوە دەورووبەری (٧٥٠) هەزار کوردی فەیلی ئاوارەی ئێران کران و ئەوکاتە دەورووبەری نیوەی ئاماری فەیلی عیراقی دەگرتەوە، هەروەها دەورووبەری (٧) هەزار کەسیش بێ سەرو شوێن کران، ژمارەیەکی زۆر لە فەرمانبەرەکانیشیان بۆ هەولێر و سلێمانی و شاری دیکە گواستەوە و بە عەرەبکردنیش بە درێژایی سنووری ئێران هەر لە شاری عەمارەوە بگرە تا هەنجیرە و کەبیت و سنووری هەڵەبجەی گرتەوە و دواتر بەهۆی جەنگی نارەوای عیراق و ئێرانەوە هەموو ئەم ناوچانە کاول بوون. دوای ساڵی ١٩٨٧ بە عەرەبکردن هەموو کوردستانی گرتەوە، ئەوەبوو سەرەتا لە ٩٠٪ی گوندەکان کاولکران، بەڵام بەهۆی شەڕی کوێتەوە فریانەکەوتن، شوێنی گوندە کاولبووەکان بەعەرەبی هاوردە پڕ بکەنەوە.

جا دوای ئەوەی ڕژێم لە ساڵی ١٩٩١دا لە داگیرکردنی کوێت شکستی هێنا، دانیشتوانی کوردستان ڕاپەڕین و بەشێکی زۆری کوردستان ڕزگارکراو ئیدارەیەکی سەربەخۆی بۆ دانرا، تا ساڵی (٢٠٠٣) و لەناوچوونی ڕژێمی بەعس، دانیشتوانی ئەو ناوچانەی لەژێر دەستی ڕژێم مابوونەوە بەهاوکاری هێزی پێشمەرگە ناوچەکانیان ئازاد کرد، لەوانە خانەقین و مەندەلی بوو، ئەگەر بێ هێزی هەستی نەتەوایەتی کوردانی شارەبان نەبوایە، ئەوە هێزی پێشمەرگە شارەبانیشیان ڕزگار دەکرد، ئینجا ژمارەیەکی زۆر کوردی ئەم ناوچانە کە گوسترابوونەوە بۆ هەولێر و سلێمانی و ناوەڕاست و باشووری عیراق دەگەڕێنەوە، بەپێی ڕێککەوتنێک لەگەڵ حکوومەتی نوێی عیراق هێزی پێشمەرگە بۆ پاراستنی دانیشتوانەکەی لە پەلاماری تیرۆرستان و عەرەبە شۆڤێنییەکان لەم ناوچانە مانەوە، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٨ شۆڤێنییەکان بەخۆیان نەوەستان ئەم ناوچانە لەژێر دەستی هێزی پێشمەرگە بێننەوە، چونکە بەرە بەرە پلانە بە عەرەبکراوەکانی ناوچەکە هەڵدەوەشایەوە بە گەڕانەوەی کوردان، بۆیە لە پەلامارێکی لەناکاو بە ئاگاداربوونی هێزی هاوپەیمانان، ئەم ناوچانەیان داگیرکردەوە و هێزی پێشمەرگەیان لەناوچەکە دەرپەڕاند و ئەم جارە پارتە بەرەنگاربووەکانیش خەباتیان زیاتر بۆ کورسی فەرمانڕەواییە نەک بۆ چاکسازی و ڕزگاری ناوچە داگیرکراوەکان، وتار و لێدوان و چاپەمەنییەکانیان زۆربەی لەپێناو دەست بەسەرداگرتنی کورسی هەرێمە، جا هەردوو شارۆچکەی سەعدییە و جەلەولا لەگەڵ قەرەتەپە کە سەر بە قەزای خانەقین و بە بەردەوامی کەوتوونەتە بەر پەلاماری بە عەرەبکردن و ڕاگواستن، بە تایبەتی لەساڵی ٢٠٠٨دا، کە هێزی پێشمەرگەیان لەناوچەکە دوورخستەوە، خەریک بوو کوردێک لەم ناوچانە نەمێنێت، بۆیە سەرۆکی هەرێم بڕیارێکی بە پەلەی دەرکرد بۆ گەڕاندنەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەعیدییە و جەلەولا، بەڵام ئەوی لە هەمووی گرنگترە گەڕانەوەی کوردانی ناوچەکەیە و بەشێکیان لێ بکەن بەهێزی ناوخۆی ناوچەکە و کورد و پێکهاتە ڕەسەنەکانی دیکە بپارێزن.

هەڵبەت هەر گەلێک لە بواری سیاسی و کولتووری چالاک نەبێت ئەوە بەرەو توانەوە دەچێت، گەلی کوردیش ئەگەر چالاک نەبوایە وەک گەلی لاز و چەرکەسی تورکیا و چەندین گەلی دیکەی لەناوچووی لێ دەهات.

جا (شارەدێی سەعدییە و جەلەولا)ش لەو ناوچانەن کە بوونەتە ئامانجی بە عەرەبکردن و قڕکردنی کوردان لەم ناوچەیە. سەعدییە و جەلەولا دوو شارەدێی سەر بە شارۆچکەی خانەقین-ن لە دەشتاییەک هەڵکەوتوون بەناوی (دەشت) واتە ناوچەی دەشت، ئەو زەوییە تەخت و ڕاستاییەیە کە کەوتووەتە نێوان گردۆڵکە و هەڕەت و پەرتەکانی ڕێگەی سەرەکی خانەقین- ئیمام وەیس لەباکوور، کە بریتییە لە زنجیرە گردی دارە وشکە، کە گردە بەرزەکانی دارا بەگ و چوارباخە، لە خۆرهەڵاتیشەوە گردۆڵکەکانی سەرووی جەلەولایە، کە بۆ باشوور دادەکشێ و لەخۆرئاواش زنجیرە چیای حەمرینە کە لەم

ناوچەیە بە کەشکە (قەشکە) دەناسرێت، تەنیا کەندێکی قوولّ لەم ناوچەیە لە بنار حەمرین بەناوی کۆردەرە واتە دۆڵی قوولّ دەبینرێت، کە لە سەرەتای هەشتاکانەوە گوندە کوردنشین و عەرەب نشینەکانی دەوروبەری کۆردەرەیان هەڵگرت و لەسەر بەرزاییەکانی حەمرین کردیانە کۆمەڵگەیەک بەناوی کۆمەڵگەی حەمرین و هەندێکیشیان بۆ جەلەولا گواستەوە کۆردەرەش بوو بە بەنداوێک بەناوی بەنداوی حەمرین.

زۆرجار لە کاتی زیادبوون و هەستانی ئاوی ئەم بەنداوە لە زستاندا مەترسی دەخاتە سەر شارەدێی سەعدییە، لەکاتی هەڵکەندنی ئەم بەنداوەش شوێنەوارێکی دێرینی زۆری سەردەمە جیاجیاکانی تێدا دۆزرایەوە، کە زۆربەیان بۆ سەردەمی سۆمەرییەکان دەگەڕێنەوە، لەوانە ژمارەیەک نووسینی بزماری بوو بە زمانی سۆمەری و ئەکەدی، کە هەندێکیان باس لەکڕین و فرۆشتنی جۆ و مس و چێڵ و بزن دەکەن، کنە و پشکنینەکە لە ساڵی (١٩٧٩) لەلایەن تیمێکی شوێنەوارناس بەسەرۆکایەتی د. فەوزی رەشید لە ژمارەیەک گردی ئەم بنارە بە تایبەتی لە گردی (سەلیمە) ئەنجام دراوە، لە ئەنجامدا شوێنەواری کۆنەشارێک دۆزرایەوە کە بۆ سەردەمی سۆمەرییەکان دەگەڕایەوە و لە سەردەمی ئەکەدییەکان و ئووری سێیەمیش ڕۆڵی بازرگانی هەر مابووەوە و ناوی ئەم شارە بە خەتی بزماری لەسەر خشتێک و مۆرێک بەناوی (ئەوال) هەڵکەنرابوو، کە شارێکی بازرگانی و سەرەڕێی نێوان ئاشوور و وڵاتی سۆمەر و گەلانی ڕۆژهەڵات بووە.

دوور نییە شوێنەواری گەلانی کۆنی کوردستانی وەک (کاسی، گۆتی، لۆلۆ، هووری)یشی تێدا بێت، هەروەها دوور نییە شوێنەواری گەلانی ئێرانی وەک میدی، ئەخمینی و ئەشکانی و ساسانیشی تێدا بێت، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە پێوەندییان بەگەلی کوردەوە هەیە، بۆیە بەناوی گەلانی کۆنی عێراق کراون، یان لەناویان بردوون، چونکە بەم دواییە روون بووەتەوە کە ژمارەیەک شوێنەواری میتانیانی بادینان بەناوی شوێنەواری ئاشووری ناوەڕاست تۆمارکراون، یەک لەوانە شوێنەواری (خنس)ە کە ئاشوورییەکان دوای دەست بەسەرداگرتن نۆژەنیان کردووەتەوە. دەبێت بە گوێرەی پشکنینەکان ئەو شوێنەی کە جەنگی جەلەولای تێدا ڕووی داوە نێوان شارۆچکەی مەنسوورییە و گردۆڵکەکانی حەمرین بێت، کە شوێنەواری چەندین ئاوایی دێرینی تێدا دەبینرێت، جا دوورنییە کۆنەشاری ئەوال ئەو شارە بێت، کە جەنگی جەلەولای تێدا ڕووی داوە، بەڵام لەسەردەمی فەتحی ئیسلامی وەک ئاوەدانییەکانی دیکەی ناوچەکە کاول بووە، بە گوێرەی بەڕێوەبردنی سەردەمی ساسانیان شارۆچکەیەک بەناوی بیە قوباد، کە سەر بە کورەی شاذ قوباد بووە لە شوێنی شارەدێی سەعدییە و بناری حەمرین هەبووە، کەچی ئاماژە بە خانەقین و جەلەولا و سەعیدییە ناکرێت، بەڵام لە ساڵی ٨٦٧ز (ابن الاثیر) لە(الکامل)دا باس لە شارۆچکەیەک لە شوێنی ئەمڕۆی جەلەولا بەناوی (کەرخ جدان) دەکات، کە نزیک تێکەڵ بوونی ئاوی ئەڵوەن و سیروان بووە، کە تاکو ئەمڕۆ پاشماوەی ئەم شارە هەر ماوە، دواتر دەڵێت لەبەر دز و ڕێگران ڕێگەکەیان بە یەکێک سپاردووە، پاسەوانی بکات، واتە ئەو شوێنە شوێنی ڕوودانی جەنگی جەلەولا نییە، کە ساسانییەکان تێیدا شکستیان هێنا و عەرەبی ئیسلامی سەرکەوتن و تالانێکی زۆریشیان دەست کەوت، هەڵبەت شوێنی ڕوودانی ئەم شەڕە (شەڕی جەلەولا) هەرەت و پەرەتێکە کە بۆ سەربازگە شیاوە و لە تەک شارێکەوە بووە، لە ناوچەی بیکورە، دوور نییە بیکورە هەر (کۆردەرە)ی بنار زنجیرە چیای حەمرین بێت.

ئیرەجی ئەفشاری لە پەرتووکی کرمنشاهان دەڵێت: جەلەولا ٤٢کم لە ڕۆژئاوای خانەقین لەسەر ڕێگەی سەرەکی خۆراسان(٩) بووە، کەواتە هەر دەبێت جەلەولا لەنێوان حەمرین و مەنسووریە بێت، (کۆردەرە)ش تا دروست کردنی بەنداوەکە هۆزی زەرگوش(١٠) و سوورەمیری(١١) تێدا نیشتەجێ بوو، تاکو ئەمڕۆ لەو شوێنە دوو گوندیان بەناوی کوردەوە و زەهاویە (زاویە) هەر ماوە، لە ناوچەی مەنسوورییەش هۆزی مەنسووری سەر بە کەڵهوڕ تاکو ئەمڕۆ نیشتەجێن، لەگەڵ چەند هۆزێکی دیکە لەوانە هۆزی هورمزیار، کە لە سێ گوندان نیشتەجێن، بەڵام بەداخەوە هەموو هۆزە کوردییەکانی مەنسوورییە بە عەرەبی دەدوێن و لە بۆتەی ڕەگەزی عەرەبدا تواونەتەوە، هەروەها هۆزی (سالحی و خالیدی) کە لە شارۆچکەی سەعدییە نیشتەجێن زۆربەیان خۆیان بە عەرەب تۆمار کردووە، هەرچەندە هەموویان کوردی دەزانن و زمانی ماڵەوەی هەندێکیشیان کوردییە، بەڵام

دوای ئازادبوونی عیراق ژمارەیەکی دیکەیان خۆیان بە کورد تۆمار کردەوە.

هەروەها ئیرەجی ئەفشاری دەڵێت سوپای ئیسلام لە جەنگی جەلەولا لە ڕۆژهەلاّت و لە ڕۆژئاواوە گەمارۆی سوپای ساسانی دەدەن، جا لەوانەیە (رباط جەلەولا) سەعدیەی ئەمڕۆکە بێت، کە بەهۆی ئەوەی رباتەکە واتە سەنگەرەکان بە خشتی سوور دروستکراون، بۆیە لەسەردەمی سەلجوقییەکان رباط جەلەولا بووەتە قزل ڕەبات، لە دوای دروست بوونی وڵاتی عیراقیش قزل ربات بووەتە سەعدییە، کە بەناوی سەعد کوڕی وەقاس ناویان لێ ناوە.

هەروەها لە پەرتووکی (دوحە الوزراء) ئاماژە بە دەربەندی دیالە لە چیای حەمرین دەکات، کە پێنج هەزار سەربازی ساسانی بۆ یارمەتیدانی سوپاکەیان لە شەڕی جەلەولا دەگەنە ئەوێ، کەواتە جەلەولا لەنێوان دەربەندی حەمرین و مەنسوورییە بووە.

هەروەها (روبرماک) لە چەندین شوێن لە پەرتووکەکەی بەناوی (اطراف بغداد)دا دەڵێت: جەلەولا لە شوێنی مەنسوورییەی ئەمڕۆ لە پێدەشتی حەمرین بووە، یان دەڵێت (منصوریە الجبل) (جلولاء) لەنزیک گردۆڵگەکانی حەمرینە.

تا دروستبوونی وڵاتی عیراقی نوێ ژمارەی دانیشتوانی کورد لەنێوان مەنسوورییە و شارەبان و سەعدییە و جەلەولا لە هۆزانی عەرەب زۆر زیاتر بووە، هۆزە کوردییەکانی ناوچەکە بریتین لە: سورەمێری، زەرگۆش، مەنسووری، ئەرکەوازی، مەلەکشاهی، ساڵەیی (صالحی)، خالدی، عەنتەر، جاف، باجەلاّن) کە بە گۆران دەناسرێن، خەیلانی و هورمزیار و..تاد، بە گوێرەی بەڕێوەبردنی ئەوکاتی ساسانیان سەعدییە و جەلەولا سەر بە تسسوج مەهرود (کەنعان) بوونە، لە شوێنی سەعدییەی ئەمڕۆش ئاواییەک بەناوی (بیە قوباد) هەبووە، ئەم شارەدێیەش کە مێژووی دروستبوونی بۆ دەوروبەری ٢٠٠ ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، کە لەسەر شوێنەواری چەندین شارۆچکەی یەک لەدوای یەک دروست کراوە و بەردەوام بەهۆی شەڕ و تێکهەڵچوون و تاعوون و لافاوەوە کاول بووە و بەناوێکی دیکە ئاوەدان بووەتەوە، وەک خەسراوا و چۆلک و لەسەردەمی سەلجوقیەکانیش بە (قزل رباط) ناسراوە. شارەدێی سەعدییەی ئەمڕۆ، کە لە بنار زنجیرە چیای حەمرین لەسەر ڕێگەی شارەبان لەسەر بەنداوی حەمرین (بەنداوی کۆردەرە) لەناو باخاتێکی دارخورما لەنزیک ڕووباری سیروان هەڵکەوتووە، زۆربەی دانیشتوانی کوردی لوڕن و ژمارەیەکی کەم تورکمانی (تاتران و بەیات)ن. کە ١٥٪ی سەعدییە پێک دێنن، لەدوای حەفتاکانیش ژمارەی عەرەب لە شارۆچکەکە و دەوروبەری زیاد دەکەن.

مستەر ریچ لەساڵی (١٨٢٠)، کە لە حەمرین دەرباز دەبێت و بەرەو خانەقین دەڕوات، دەڵێت: کوخی کوردان لەم ناوچەیە دەبینرێت، کە بە مەڕداری و کشتوکاڵەوە خەریکن، واتە تا ئەوکات شارەدێی سەعدییە نەبووە، تەنیا هۆزانی مەڕداری کورد لە ناوچەکە ژیاون، ئیتر سەعدییە بەدرێژایی سەردەمی عەبید و سۆمەرییەکان تاکو ئەمڕۆ بە بەردەوامی ئاوایی بووە و لەهەندێک سەردەمان کاول بووە و دواتر بەناوێکی دیکە ئاوەدان بووەتەوە. دەوروبەری ٢٠٠ ساڵیش دەبێت بە بەردەوامی ئاوەدانە و تەنیا لە ساڵی ١٩٥٧دا تووشی لافاو دەبێت و ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانەکەی ئەوێ بەجێ دێڵن، کە ئەو کاتە دانیشتووان بە قزڕەوات ناویان دەبرد، ئیدی بەزۆر ناو ناوی دەرکردووە وەک: ئاوال، بیە قوباد، قزل ڕەبات، قزڕەوات، خەسراوا، چۆلک و سەعدییە.

بە لێکۆڵینەوەی مەیدانی و سەرجەلە وەرگرتنی دانیشتوان دەتوانرێت مێژووی دروستبوونی قۆناغی کۆتایی ئەم شارۆچکە بزانیت و بزانیت کێ بەر لە ٢٠٠ ساڵ ئاوەدانی کردووەتەوە. بۆ یەکەمین جاریش لە ساڵی ١٧٧٨دا وەک ئاواییەکی ناو خاکی میرنشینی بابانەکان ناوی هاتووە و لە ساڵی ١٨٦٩دا وەک شارۆچکەیەکی سەر بە ویلایەتی بەغدا ناوی هاتووە، کاتێک کە هەمەوەند هێرشیان کردووەتە سەر خانەقین، حکوومەتی ئەو کاتەی عوسمانی بە یارمەتی ئەو هۆزە عەرەبانەی کە هاتوونەتە ناوچەکە لەوانە هۆزی ڕەبیعە هێرشی کردووەتە سەر هەمەوەندەکان، دواتر هەمەوەند لە تۆڵەی ئەمە هێرش دەکەنە سەر سەعدییە و (١٠) کەس لە هۆزی بەدووی ڕەبیعە لەناوچەکە دەکوژن. کە تاکو ئەمڕۆیش هۆزی ڕەبیعە لە چەند گوندێکی بناری حەمرین نیشتەجێن.

وادیارە لە شەڕی جەلەولا (٦٣٧ک) چەندین شار و شارۆچکە و ئاوایی کوردانی فەیلی کاول بووبێ، کە

شـارۆچكەی (كـەرخ جـدان)یش یەک لەم شـارۆچكانە بوویێت و دواتریش تالآن كـرابێت. ئیـدی شـوێنی جەلەولای ئەمرۆ هەر چۆڵ بووە و ئەو كاروانانەی، كە لە ئێرانەوە بۆ بەغدا و بە پێچەوانەوە بێرەدا تێپەڕیوون زۆر لەوە ترسـاون بەهۆی هەبوونی دز و جـەردەوە لەم شـوێنە ڕووت بكرێنەوە.

سـەردەمـانێک واتە لە سـاڵی ١٨٦٠- ١٨٧٠ دز و جـەردەی عـەرەبی ڕەبیع و ئەوس لەم شـوێنە خـەڵكیـان ڕووت دەكـردەوە و سـەردەمـانێكیش هۆزی هەمـەوەند، بەڵام چەند جارێک چەكدارانی هۆزی هەمەوەند پەلاماری سـەعـدییـە و بناری حـەمـرین دەدەن و لە یەک لە پەلامارەكانیاندا (١٠) كەس لە هۆزی ڕەبیعە دەكوژن و مەترسییان لەناوچەكە كەم دەكەنەوە.

بۆ یەكـەمین جـاریش لە دوای سـاڵی ١٩١٧ سـوپای بەریتانیا لەناو گردۆڵكەكانی جەلەولا سەربازگەیەک بە بەرد و گەچ دروست دەكەن، دواتر كە هێڵی شەمەندەفەر لەبەغداوە بۆ خانەقین و كەركووک ڕاكێشرا بەریتانیا لە ساڵی ١٩١٨ وێستگەیەكی شەمـەندەفـەر و كۆگـایەكی گـەورە دروست دەكـات بۆ ئەو كـەلوپەلانەی كـە دەگـەنە ئەوێ و لەوێوە بۆ ناوچەكـانی دەوروبەر دەڕوات، جا بەم هۆیەوە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەكانی خۆی سەربازگەكە فـراوانتر دەكـاتەوە، كە دواتر حكوومـەتی عیـراقیش بۆ خۆی بەكاری دەهێنێت و تا ساڵی (١٩٨٤) كۆگاكانی چەک و تەقـەمـەنی ئەم سەربازگەیە، كە لەژێر گردەكاندا دروستكرابوون هەرمابوون.

جـا جـەلەولا لە دوای سـاڵی ١٩٢٥ بەهۆی هەبوونی كـاری كـرێكاری و كـۆڵ هەڵگرتن لە وێسـتگەی شـەمەندەفەر لە دووریانەكە ژمـارەیەک لە دانیشـتوانی گوندەكانی ناوچەكە بەرانبەر سەربازگەكە لە شوێنی كۆنە شـاری كـەرخ جدان خـانوو دروست دەكـەن و نیشـتـەجێ دەبن، كـە بریتی بوون لە هۆزی پاڵانی، زەند، زەنگـەنە، دەلۆ، سوورەمێری و زەرگۆش... تاد.

دواتر سوپای بەریتـانیا خزمـەتگوزارییـان دەگـەیەنێت و عـامـودی داریان بۆ دەچەقێنێت و شـەوانە هەر عـامـودێک چرایەكی پێـدا هەڵدەواسن، بە قـسـەی بە تەمـەنەكـان ئەوكاتە جەلەولا ئاواییەكی زۆر خۆش بووە، زۆركەس لە شـار و شـارۆچكەكـانی دەوروبەر دەهاتنە جـەلەولا بۆ ئەوەی بیبینن، دواتر بەرە بەرە گەشە دەكات و عەرەب و توركمانیش بۆ كاركردن لەم شارۆچكەیە نیشـتەجێ دەبن و بەهۆی بوونی بەناوەندێكی بازرگـانی شـارۆچكەكـە بەردەوام فـراوان دەبێت و كـەسـانی بێ كـار و بازرگـانان ڕووی تێـدەكـەن، بە تایبـەتی دوای ئەوەی سـەعـدییـە لە سـاڵی ١٩٥٧ تووشی لافـاو دەبێت ژمـارەیەكـیـان دێنە جـەلەولا و لەسـەر زمـانی دانیـشـتـوان بە قـەرەغـان ناو دەردەكات. دوور نییە هەر لەناوی شوێنەواره دێرینەكەی كـەرخ جـدان سـەرچاوەی گـرتبـێت، ئەگـەر لە خـان و كـاروانسـەرای ڕەش، یان چڕی داروباری ناوچەكـە نەهاتبـێت. جـیـمس پەكنگهـام لە سـاڵی ١٨١٦ لە قـەرەتەپەوە دەچێـتـە دەلی عـەباس، دەڵێت ئەم ناوە هەمووی چۆڵ بووە تەنیا دەلی عەباس ئاواییەكی (٢٠) ماڵ بووە.

دیارە جیمس بە هاوین بەم ناوچەیەدا تێپەڕیوە، چونكە زسـتـانـان هەواری هۆزانی كـەڵهـوڕ بووە، كـەچی لەشكرەكـەی شـازادە مـیـرزادەی قـاجـاری كـە لە سـاڵی ١٢٣٧ك لە كرماشانەوە دەچێتە دەلی عـەباس و لەوێ دەمێنێتەوە باس لە دانیشتوانی ناوچەكە ناكات، دیارە دەبێت دانیشـتـوانی دەلی عـەباس و ناوچەكە ئێرانی بن، بۆیە باسی نەكـردوون. بە گـوێرەی سـەرژمـێـری سـاڵی ١٩٥٧، ٨٥٪ی كـورد بووە ئەوی دیكەش توركـمـان و عەرەب بوون.

لە ساڵی ١٩٥٨ كە بنكەی لیـوای (١٩) لە جەلەولا بوو ئـامـر لیـواكـەش عـەبدولكەریم قـاسم بوو، كـاتێک لیواكەی بۆ ئوردن دەچێت لە شاری بەغدا لە حكوومەتی پاشـایەتی هەڵدەگـەڕێنەوە و حكوومـەتی پاشـایەتی دەڕووخـێنن و بە جـۆشـتـرین ئاهەنگی سـەركـەوتن لە جەلەولا بەڕێوە چووە، ئینجا جەلەولا دەكرێتە ناوەندی شارەدێ بەناوی شارەدێی جەلەولا. بۆ یەكەمین جاریش لە سـاڵی ١٩٧٤ پلانی بە عـەرەبكردنی بۆ دارێژرا، كـە ئەو كـاتە زیاتر لە ٤٢٪ی كـورد بوون، ٤٠٪ی عـەرەب و ١٨٪ی توركمان.

لە سـاڵی ١٩٧٤ تـا سـاڵی ١٩٧٥ دەوروبەری (١١٩٣) خـێـزانی كـورد لەناو شـارۆچكەی جـەلەولا و گـوندەكانی دەوروبەری بۆ پارێزگـای ڕەمادی و باشـووری عـیـراق گـوێزرانەوە، هۆزانی كـروی و جـبـوری عـەرەبی ناوچەكـە و چەندین بنەماڵە و هۆزانی عـەرەبی مـووسڵ و ڕەمـادی و باشـووری عـیـراقـیـان لە گـوندەكـان و ناوشـار

نیشتەجێ کرد، تاپۆی خانووەکانی ناو شاریان بەناوی ئەم عەرەبە هاوردانە کرد و گرێ بەستی زەوی کشتوکاڵی گوندەکانیشیان هەڵوەشاندەوە و بەناوی عەرەبە هاوردەکانەوە کرد، ژمارەیەکی زۆریش لە فەرمانبەر و کرێکارە مووچەخۆرەکانی شارۆچکەکە بۆ فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتییەکانی شاری هەولێر و سلێمانی گوێزرانەوە.

ئەوەبوو کورد لە سەعدییە و جەلەولا کەوتە بەر پەلاماری کوشتن و ئاوارەکردن و لە ناوبردنی دابونەریت، قوتابخانە کوردییەکانیش کران بە عەرەبی. دوای ڕزگاربوونی عێراق، ئەو کوردانەی کە بۆ باشوور و خۆرئاوای عێراق گوێزرابوونەوە بەرە بەرە دەگەڕانەوە کوردستان و ژمارەیەکی زۆریان چوونەوە سەر خانووەکانیان و ئەوانی دیکەش چاوەڕێی ئارام بوونی ناوچەکە بوون، کەچی تیرۆرستان بواری ئارام بوونیان نەداو لە ساڵی (٢٠٠٨)دا هێزی پێشمەرگە ناچار بوو سەعدییە و جەلەولا و قەرەتەپە بەجێ بهێڵێت، ئینجا ئەو کوردانەی کە گەڕابوونەوە بە ناچاری لەژێر هەڕەشەی کوشتنی دووبارە ناوچەکەیان چۆڵ کردەوە.

بە جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠)یش نەبێت ناکۆکییەکان بن بڕ ناکرێن و ئەم ناوچانەش ناگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان.

**پەراوێزەکان:**

* ساسانی بەپێی بەڵگەنامەکان و قسەی مێژوونووسان ساسانییەکان کوردی لوڕن و زێدیان خاکی نێوان ڕووباری دیجلە و چیاکانی زاگرۆسە و ناوچەکانیان تا سەر کەنداو و شیراز و ئیسفەهان درێژ دەبێتەوە.

تیسفون (مەدائن) پایتەختی هەمیشەیی و کرماشان و دەوروبەری لە هەندێک سەردەمدا دەبوونە پایتەختی هاوینەیان و ناوچەکانی مەهرود (کەنعان) و دەسکەرە و شارەبان و کەرخ جدان سەیرانگایان بووە.

یەزدەگورد دوا پاشای ساسانییەکان کە لە جەلەولا شکستی خوارد پەنای بۆ کرماشان برد و لە جەنگەکانیش هەر ناوی هۆزانی کورد هاتووە لە یارمەتیدانی سوپای ساسانی دژی سوپای عەرەبی ئیسلامی.

* فەیلی: فەیلی بەشێکن لە لوڕی گچکە کە ناوچەکانی سەر سنووری هەردوو بەر دەگرێتەوە لە خانەقین و قەسری شیرین تا دەگاتە ئوستانی عەمارە و سوسەنگەرد لە خوزستان.

* تیسفون: کەوتووەتە باشووری بەغدا، کاتی خۆی شارێکی گەورەی کاشییەکان بووە و لە هەر سەردەمێک گەڕەکێکی بۆ زیاد دەکرێت، دوا گەڕەک کور ئاباد بوو کە لەسەردەمی ساسانییەکان دروست کرابوو، کە هەمووی بریتی بوو لە حەوت گەڕەک، هەر گەڕەکێک بە قەد شارۆچکەیەک بوو، بۆیە بە (مەدائن) لای عەرەب ناسرا، دواتریش کە تەرمی سەلمانی فارسی رامهرمزی لەوێ بە خاک سپێردرا، ناوەکەی بۆ سەلمان پاک گۆڕا.

دوای ئەوەی لە فەتحی ئیسلامی کاول کراو تالان کرا، خەلیفە و گەورە بەرپرسان دەرگا و پەنجەرەکانیان دەبرد و کۆشکەکانیان لەکوفە پێ ئاوەدان دەکردەوە.

* خانەقین: خانەقین لەسەردەمی سلووکییەکان بە ئارتمیت کە ناوی خوداوەندێکە هاتووە، کەچی ناوی خانەقین ناوێکە دوای فەتحی ئیسلامی دەرکەوت، لەسەردەمی عوسمانییەکان سنجەقێک بووە بەناوی دەرەتەنگ باجەلان، ماوەیەکیش دەکەوێتە ژێر فەرمانڕەوایی بابانەکان کە ئەوکات لە شارەزوور تا بەدرەی گرتبووەوە.

* دوای کۆتایی هاتنی شەڕی جەلەولا کوردێکی ناوچەکەیان بەناوی قوباد کردووەتە والی ناوچەکە.

* دیالە: ناوێکی ناوچەییە و لە دێ والا هاتووە وەک دێ عەباس (دەلی عەباس) و دێ لێتاوە (خالس) دواتر بەناوی دیالە پارێزگەیەکی بەناو کرا کە ناوەندەکەی خرێسان بوو، دواتر خرێسان بۆ باقووبە گۆڕا، باقووبەی کۆنیش هەمووی کوردبوون و دەکەوێتە بەری ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیالەوە بە قسەی برادەرێکم کە ناوی فەلاح حەسەن سەیالی بوو، دانیشتووی باقووبە بوو لە ساڵی ١٩٨٤ لە خانەقین بەیەکەوە سەربازبووین چەند جارێک چوومە ماڵیان تا ساڵی ١٩٢١ بەری ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیالە پێوەندی بەعەرەبەوە نەبووە، تەنیا هۆزانی مەڕداری عەرەب لە ناوچەکە بڵاوببوونەوە.

ئاوخۆرەوە: واتای ئەو خێزانانە دەگەیەنێت لە گوندێک کە زەوی کشتوکاڵیان نەبێت و مەڕداریش نەبن، جا دوکاندار، یان بەقاڵ بن تەنیا لەگوندەکە ئاو دەخۆنەوە، سوغرەش بۆ ئاغا ناکەن، کە لە عەرەبی ڕەعیە و تەبەعیەی پێ دەڵێن، جا کوردانی فەیلییان خستە ئەم

خـانەیە و ژمـارەیەکی زۆریشــیـان لە ئەرکی خـزمــەتی سەربازی بێ بەری کران.

* ستێرکی گەرمەسێر (حەوزی دیالە) هەر لەسەردەمی فوراتە سەرەتایەکان لە ٧٠٠٠پ.ز- ٤٠٠٠پ.ز) تاکو ئەمڕۆ ڕۆڵێکی زۆر گرنگ لە بواری ئابووریدا دەگێرێت، کە لەسەردەمی کاشییەکان گەورەترین پشتیوانی تیسفون بووە بۆ دابین کردنی دانەوێڵـە و خۆراک و لە سـەردەمی ئەشکانییەکان وساسانییەکان.

* لە سـاڵی ١٥٣٤ کـە عـیـراق کـەوتە بەردەســتی عوسمانییەکان، ناوچەی گەرمەسێر خرایە سەر ویلایەتی بەغدا و بەشی باشووریشی خرایە سەر ویلایەتی بەسرە.

لەسـاڵی ١٧٧٨ بەشی زۆری گـەرمـەسـێـر کـەوتە ناو قـەڵەمڕەوی مـیـرنشـینی بابان کـە خـانەقین، شـارەبان و مـەندەلی و بەدرەی دەگـرتەوە، هەرچـەندە چەند جـارێک میرنشینی کەوتۆتەوە بەردەستی عوسمانییەکان لە ساڵی ١٨٦٩ بووە سنجـەقێک و خرایە سەر ویلایـەتی بەغدا، دواتر تـەنیـا قــەزای خـانـەقین تا حـەمـرین خـرایە سـەر ویلایەتی شارەزوور کە کەرکووک ناوەندەکەی بوو بەناوی لیوا (سنجەق)ی باجەڵان.

لە ســـەرەتای ســـاڵی ١٩١٨ ناوی هەر بە لیـــوای خانەقین، یان باجەڵان مایەوە تا ساڵی ١٩٢٥ و خرایە سەر پارێزگەی دیالە.

هەر لە سـاڵی (١٩١٨)ە بوو بەغـدا و کـەرکـووک و خــانـەقین بەهێــڵی شــەمــەندەفــەر بەســتــرایەوە و دووڕیانەکەشی لە جەلەولا بوو.

* بە شێوەیەکی گشتی تا پاشەکشێی عوسمانییەکان لە عـیـراق گەرمـەسێر هەر لە خانەقینەوە تا بەدرە لەژێر دەستی بابانەکان بووە.

* وشــەی جــەلەولا ئەگــەر لە ناوی کــۆنی جللتــا نەهاتبـێت، ئەوە وشـەیەکی نوێیــە و لە (جل، جلل)ی عــەرەبی بە واتای داپۆشین هاتووە، لەو شــەڕەی کــە لەنێوان عەرەبی موسڵـمان و ساسانی کورد لەم شوێنە رووی دا بە قسەی نووسەرە عەرەبەکان هەزاران ساسانی کــوژران و لاشـەکــانیــان نـاوچەکــەی داپۆشی، بۆیە بە جـەلەولا ناویان هێنا. بەســەدان بەنداو و جـۆگــەی لێ هەڵبـەسـتـراوە و بە سـەدان شـارۆچکە و ئاوایی دروست کـراوە، هەر لە حـەمـرینەوە ڕووباری سـیــروان چەندین ڕووباریان لێ هەڵبــەســتــووە وەک نارین (نەهرەوان)، مـەهروود، خرێسـان، هاروونـیـە و شـارەبان،...تاد، بە تایبـەتی ساسـانیـیـەکـان زۆر گـرنگـیـان پێداوە، دوای ئەوەی لە ســـــاڵی ١٨٢٤دا ئـەم ناوچانە بە تەواوی لە دەست قـاجارییـەکان نەمـا و ڕێ بۆ بە عەرەبکردن خۆش بوو.

* لە پرۆسـەی بە عـەرەبکردنی دوای حەفـتـاکـان هەر شوێنێک بە عەرەب بکرابایە، ژمارەیەکی زۆریان عەرەب لێ نیشتەجێ دەکرد، بۆ ئەوەی لە قۆناغی دواتر ناوچەی دیکەیان پێ بە عـەرەب بکەن، جـا هەمـوو شـارۆچکەی خانەقین بێجگە لە بە عەرەبکردنی گوند و شارۆچکەکان ژمـارەیەک کـۆمـەڵگەشی لێ دروسـتکرا وەک: باهیـزە، الوليد، **الثورة، الاشتراكية**.

* (کەرخ)ی بەغدا کە بەناوی شێخ مەعرووفی کەرخی کـراوە، لە بنەڕەتدا دانیـشـتـووی کـەرخ جـدان (حەلەولا بووە)، بەرلەوەی لە سـاڵی ١٩٢١دا دوای چەندین جـار کۆربوونەوە و ئاوەدان بوونەوەی هەوارێکی مەڕداران، یان کاولە گوندێک بووە بەناوی شۆراو. بۆ یەکەمین جاریش لە ساڵی ٤٠٦ک ئەم ناوچەیە دەکەوێتە ژێر قەڵەمڕەوی میرنشینی عەننازی تا ساڵی ٥٠٠ک.

* بەپێی ئامارەکان لە حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابوردوو زیاتر لە ٣٠٠٠ خـێـزانی کـورد لە جـەلەولا و گوندەکانی دەوروبەری ڕاگوێزراون و عەرەبی هاوردەش بۆ جەلەولا و دەوروبەری بەدەیان هەزار خێزانە، دوای ساڵی ٢٠٠٨ سێ گـــەڕەکی بێ مـــۆڵەت لەلایەن عـــەرەبی هاوردەوە دروستکراوە.

* مـەنسـوورییـە: شارەدێیـەکـە سـەر بە شـارۆچکەی (دێلتـــاوە) کــە ناوەندەکـــەی دەللی عـــەباس (دێی عەباس)ە، کە بەناوی هۆزی مەنسووری کە بەشێکن لە کـەڵهـوڕ ناودێر کـراوە، بەڵام لەسـەردەمی بەعس ناوی مەنسوورییە گۆڕدرا بۆ سیبی تەمووز.

* هۆزی کـەرخی شـارەبان لەوانەیە هۆزی کـۆنی کـەرخ جدان (جەلەولا) بن.

* تاکـو ئەمـڕۆ لە ناوچە بە عـەرەب کـراوەکـان تاک و تۆک گـوندی کـوردنشین مـاوە کـە ڕەگـەزیان بۆ عـەرەب گۆڕیوە، یان دەستیان بە کڵاوی خۆیانەوە گرتووە بۆ نموونە گـوندی لەزاگـەو تەل عـەلی حـەویجـە و پێنج گـوند لە شـارۆچکەی بەدرە: وەرمـزیار، تەعـان، دی، هورجـبـە، ولدە.

* گەڕەکە کۆنەکانی سەعدیییە: گەڕەکی چۆلک، خالیدی، تەپە، ڕەبیع.
گەڕەکە کۆنەکانی جەلەولا:
گەڕەکی لۆکە (بۆ عرووبە گۆڕاوە)
گەڕەکی بازاڕ (بۆ تەلیعە گۆڕاوە)
گەڕەکی سەرایا سالح چەتال (بۆ جەماهیر گۆڕاوە)
گەڕەکی کتەبۆر (بۆ وەحدە گۆڕاوە)
گەڕەکی کەنەسۆر (بۆ عەمەکی گۆڕاوە)

لە هەشتاکانەوەش چەند گەڕەکێکی دیکە بەناوی عەرەبی لەم دوو شارۆچکەیە دروستکران، هەروەها لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ بەرە بەرە عەرەبی هاوردە خانووی بەبێ مۆڵەتیان لەم دوو شارۆچکەیەدا دروست دەکرد، بە تایبەتی لەدوای ساڵی ٢٠٠٨ و نەمانی پێشمەرگە لەناوچەکە، ئەمڕۆکەش تەنیا لە شارۆچکەی جەلەولا سێ گەڕەکی دیکەی عەرەبی هاوردە بە سنوور بەزاندن و بەبێ مۆڵەت دروست کراون، هەرچەندە شارەوانی خزمەتگوزاریشیان بۆ دابین ناکات.

* ژمارەی دانیشتوانی سەعدیییە لەسەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ (٦٢٦٥) کەس و ساڵی ١٩٦٥ (٧١١٦) کەسە بوو ژمارەی دانیشتوانی جەلەولا، لەسەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ (١٠٩٥٦) کەس و ساڵی (١٩٦٥) (١٢٧٤٦) کەس بووە.

* لە ساڵی ١٩٧٥ تا ٢٠٠٣ لە خانەقین و ناحیەکانی (٢١٥٦) گرێبەستی زەوی کشتوکاڵ هەڵوەشێنرایەوە و دووبارە بەناوی عەرەبی هاوردە کراوە، کە بریتییە لە ٦٧٠٠٠ دۆنم زەوی کشتوکاڵی ٢٠٠٠٠ دۆنم دێم و ٤٧٠٠٠ دۆنم بەراو.

بە گوێرەی بڕگەی (٤) ماددەی (١٤٠)-ی ساڵی ٢٠٠٧ دەبوایە ئەم گرێبەستانە هەڵبوەشایەوە، کەچی لە ساڵی ٢٠٠٨ پێشمەرگەی لەناوچەکە دەرپەڕاند و جێبەجێ کردنی ماددەی (١٤٠)ی زۆر قورستر کرد.

* لە ساڵی ٢٠٠٨- ٢٠١١ زیاتر لە ٣٠٠٠ خێزانی کورد سەعدیییە و جەلەولا و قەرەتەپەیان پێ بەجێ هێشتوون، دەوروبەری ٨٥٠ کەسیش لەم ماوەیەدا لەم ناوچانە کوژراون.

* لە ساڵی ١٩٧٤ و ١٩٧٥ دەوروبەری ١١٩٣ خێزانی کورد لەناو شارۆچکەی جەلەولا و (٢٤٢) خێزانی کورد لە دەوروبەری بۆ ناوەڕاست و باشووری عیراق گوێزرانەوە.

لە ساڵی ١٩٧٧ ژمارەی دانیشتوانی جەلەولا گەیشتە ٢٨٩٥٨ کەس کە زیاتری ٩٠٪ی عەرەب بوو، بەڵام لەسەرژمێری دوای ئازادبوون و ساڵی ٢٠٠٣ عەرەب ٤٩٪

کورد ٣٣٪

٢٠١١ عەرەب ٧٧٪

کورد ١٨٪

* لە ئامارێکی دیکە لەدوای ساڵی ٢٠٠٣- ٢٠١١، ٦٧٩ خێزانی کورد لە جەلەولا ئاوارە بوونە و ٦١٠ خێزانیش لە سەعدیییە ئاوارە بوونە.

* دوور نییە گەڕەکی چۆلک پێوەندی بەهۆزی (چۆلگ)ی لوولییەوە هەبێت کە لەهەیوان و زەرنە نیشتەجێن.

* کەرخ (کور) وشەیەکی سۆمەرییە، واتای شار و ناوچە دەگەیەنێت وەک کەرخ سلۆخ واتە شاری سلوقییەکان.

* لەسەردەمی ساسانیان ناوچەکە بە کورەی شاذ فەیروز دەناسراو پێنج تسوجی بەسەرەوە بوو: فەیروز قوباد، تسوج جەبەک، تسوج تامرا، تسوج ئەربل، تسوج خانەقین، تسوج هەلوان: ئەوکاتیش بە خانەقین دەگوترا ئارتیتا.

* دوا سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە جەنگی نێوان پێشمەرگە و سوپای ڕژێم لە ساڵی ١٩٧٤ لە دارە وشکە (دەراوشکە) لەسەر ڕێگەی ئیمام وەیس لەنێوان خانەقین و شارەبان تا ساڵی ١٩٨٤ دیوارەکانی هەر مابوو، پێویستە حکوومەتی هەرێم وەک جەڤەنگ و ڕەمزی بەرخودان نۆژەنی بکاتەوە.

* نەفت خانە کە گوندێکە لەسەر سنووری ئێران لەنێوان خانەقین و مەندەلی لەسەر دۆڵی شۆراو و چەم نەفت هەڵکەوتووە، ئەمڕۆ ژمارەیەک لە دانیشتوانەکەی گەڕاونەتەوە، بەڵام حکوومەتی عیراقی ئەمڕۆ ناوەکەی بۆ نەفت دیالە گۆڕی و لەسەر نەوتی باکوور خستییە سەر نەوتی ناوەڕاست و لە ٨٥ کرێکاری بیرە نەوتەکان تەنیا (١٥)یان کوردن، واتە لە خانەقینی دابڕی.

سەرچاوەکان:
١- مدن كردية قديمة تأريخها، جغرافيتها، رجالها، محمد جميل بندي الروژ بياني، ١٩٩٩.
٢- حدود كردستان الجنوبية تأريخيا و جغرافيا خلال خمسة الآف عام. عبدالرقيب يوسف، ٢٠٠٥.
٣- اللور (الكورد) الفيليون في الماضي والحاضر.
٤- مباحث كوردية فيلية، محمد عبدالله عمر ٢٠٠٤.
٥- لواء ديالى - خضير العزاوي- بغداد، ٩٧٠.
٦- ارض السواد، احمد جميل الصوفي- مطبعة الاتحاد الجديدة بالموصل، ١٩٥٥.
٧- الكرد الفيليون و حزب البعث (١٩٦٣- ٢٠٠٣). د. سعيد بشير، هەولێر، ٢٠٠٤.
٨- ری سامراء فی عهد الخلافة العباسية- بغداد، ١٩٤٨.
٩- مراكز الاستيطان في محافظات ديالى- واسط. ميسان، والقادسية- صبيح يوسف طاهر- الموصل ١٩٨٢.
١٠- مجله الشؤون الداخلية- العدد - ٥- مطبعة الادارة المحلية- بغداد- ١٩٦٢.
١١- لمحات من تاريخ مدينة مندلي، شهاب احمد القرەولسي، جريدة الاتحاد العدد ١٦٠-٢ كانون الاول ١٩٩٥.
١٢- منطقة فيلي الغربية، اكو عمر- مجله گەرمەسیر- ژ(١-٢)، ١٩٩٦، هەولێر.
١٣- العراق قديماً وحديثاً، السيد عبدالرزاق الحسني، بيروت، ١٩٨٠.
١٤- رحلة الى العراق سنة ١٨١٦- جيمس بكنغهام) ج١- ت سليم طه التكريتي، بغداد، ١٩٦٨.
١٥- دوحة الوزير، الكركوكلي- واكتاب العربي- بيروت.
١٦- اطراف بغداد، تاريخ الاستيطان فی سهول ديالى/ روبر ماك ارمز/ ت- د. صالح احمد، د. محمد صباح، د. عامر سلمان، مطبعة الجمع العلمي العراق، ١٩٨٤.
١٧- كرمنشاهان.
١٨-مندلي بلدة المحبة والسلام، سالم ضماني، جريدة التآخي، العدد ٤١١٤، ٢٠٠٣/١١/١١.
١٩- حمرين، عدد-٤- الدكتور فوزى رشيد ١٩٧٩.
٢٠- کێشەی کوردە فەیلیەکان و ئاواتی گەڕانەوەیان- پەدید فەیلی ب١، گۆڤاری گولان ژ(٢٠٨)، ٩/١/١٩٩٩).
٢١-قزرەوات (خدر ئاباد)، هادی حافز قەیتولی، گۆڤاری گوڵ سوو، بەغدا ٢٠٠٦.
٢٢- ئاماژەکانی سیاسەتی تەعریب لە قزرەبات (سەعدییە)، د. خەلیل ئیسماعیل، گۆڤاری گولان ژ(٤٠٢)- (٥)ی تشرینی یەکەم ٢٠٠٢.
٢٣- کەلار و جاف و مێژوویەکی پرشنگدار- گۆڤاری هاواری کەرکووک، ژ(٤)، ١٩٩٩.
٢٤- شێخ باوەی زنگاوات، عەبدولکەریم حەمید عەبدولکەریم- گۆڤاری گەرمەسێر ژ(١-٢)، ١٩٩٦.
٢٥- وا بروا کورد جەلەولا و سەعدییە دەدۆڕێنێ/ ڕەوەز کۆیی- ڕۆژنامەی هەولێر ژ(٩٥٦) ٢١/١/٢٠١١.
٢٦- خانەقین و ناحیەکانی گەرمیان دیموگرافیا و شێواندن ڕەحیم حەمید عەبدولکەریم- ڕۆژنامەی ئاسۆ- ژ١٥٤٤- ٦/٩/٢٠١١.

# ئیمانۆییل کانت
# ڕابەری فەلسەفەی ترانسندێنتالی

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی ئاداب)

(١ - ٣)

- ناوەڕاستی سەدەی هەژدە و تێکڕای سەدەی نۆزدە، ئەوەندەی پێوەندی بە بابەتی فەلسەفەوە هەیە، سەرەڕای شۆڕشی سەرتاپاگیری فەرەنسا کە بنەمای چینی سەرمایەداری ئەورووپای جێگیر کرد، دوو تایبەتمەندی پشت ڕاست دەکەنەوە:

**یەکەم:** بیرکردنەوە لە سەربەخۆبوونی فەلسەفە و دابڕانی لە بابەتەکانی دیکەی کولتووری مرۆڤایەتی کێشەیەکە هەویرەکەی ئاوێکی زۆروزەبەندە دەکێشێ. ئەگەر بە درێژایی سەدەکانی ناوەڕاست، لاهووتی کلێسەی مەسیحی کۆتو پێوەند بووبێ و کرابێتە دەست و پێی فەلسەفەوە(١)، دواتر ڕۆڵی لە زانست و سیاسەت کەمتر نییە و نەبووە، بەلام لە هەلومەرجی جیاتر و بە ڕوخسار و ناوەڕۆک بەجۆرێکی دیکەیە!

**دووەم:** دوای شۆڕشی فەرەنسا و بەدرێژایی سەدەی نۆزدە، فەلسەفە بابەتێکی ئەڵەمانی بووە، ئەگەر لەناوەڕۆکدا جێ دەستی دروشمەکانی ئەو شۆڕشەی فەرەنسای پێوە دیار بووبێ، ئەوە لە پوختە و گەوهەری داڕشتنەوەیدا کارەکتەرە ئەڵەمانییەکە بواری هیچ ئەگەر و گومانێک نادات.

ئەو دوو تایبەتمەندییە ئەگەرچی لەبەرهەمی هەندێک فەیلەسووف و لە جیهاندیدی گشتیی فەلسەفەی ڕێبازە فرە ڕەنگییە جۆربەجۆرەکاندا جۆرە کاڵ بوونەوە و خەست بوونەوەیان نیشان دابێ، لە پوختە و گەوهەردا لە ئەو بازنە دیارکراوە نەچوونەتە دەرێ و بەهیچ جۆرێک سنوورەکەیان بە تەواوەتی نەبەزاندووە. ئیمانۆییل کانت ١٧٢٤ - ١٨٠٤ز کە بابەتی ئەو نووسینەیە، شان بە شانی ئایدیالیزمی ئەڵەمان گەواهی ڕاستی ئەو بۆچوونەن.

کانت کە لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەوە چالاک و



کانت

دەست بەکار بووە، سێ ڕێبازی جۆربەجۆری فەلسەفەی لەبەردەمدا بووە، بێ گومان لەنێو هەر ڕێبازەشدا، ئەگەر جۆرە جیاوازی و فرەڕەنگی بەرچاو، سەرنجیان ڕاکێشابێ، لەو ڕاستییە کاڵ نابێتەوە کە فرە ڕەنگی لەخۆیدا هەلومەرجی بنەڕەتی یەکڕەنگییە. ئەو سێ ڕێبازە ئەو سێ شادەمارە بوون کە گەرموگوڕی ژیانیان بە بەر جیهاندیدە بەپێزەکەی کانتدا کردووە:

**یەکەم:** ڕێبازی ژیرەکی- ئایدیالیستی دیکارت و لایبنیتس کە جۆرە دوو ڕەنگی و میتافیزیکێکی لێکەوتۆتەوە، نەیتوانیوە خۆی لە جێ دەستی ئایین و فەلسەفەی سکولاستی سەدەکانی ناوەڕاست بە تەواوەتی ڕزگار بکات. کۆشاوە ڕەنگی جیهاندیدێک برێژێ کە جێگای ڕەوش و ڕووداوی تاک و پەیڕەوی ئەزموون و تاقیکردنەوەی بەشێوەیەکی بەرچاو و سەرنجراکێش هەست پێ نەکرێت.

**دووەم:** ڕێبازی ئەزموونی ئینگلیز کە بە فرەنسیس بیکۆن دەستی پێ کردووە و لەلای لۆک، بێرکلی، هیوم گەیشتۆتە لووتکەی پەرەسەندنەکەی. لەو ڕێبازەدا دەرگای توێژینەوەی توانایی و سنووری زانینی مرۆڤ خراوەتە سەر پشت و ڕێگای لێکۆڵینەوەی ڕەخنەگرانە لەو کایەیەدا گیراوەتە بەر. دوا ئەنجامیش کە لێی کەوتۆتەوە هەڵتەکاندنی بنەمای زانستی سەردەمی خۆی، بنەمای هۆیەکی، پێوەندی نێوان هۆکار و ئەنجام کە بۆنی گومانکاریی لێ هاتووە. ئەو هەڵوێستەی ڕێبازی ئیمپریزمی ئینگلیز بۆ یەکەم جار دەرفەتی شیکردنەوەی تواناییەکانی ژیر و تێگەیشتنی ڕەخساند. ئەگەر هەستەکان ئامرازی پەی پێ بردنی شمەکە بەرهەستییەکانی دەوروبەر بن، هەر لەو هەستانەوە بیرۆکەکان پەیدا دەبن و دەکەونەوە، ئەنجامەکەش ئەوەیە مرۆڤ تەنیا هەست و بیرۆکەکانی خۆی دەزانێ و پەیان پێ دەبات.

**سێیەم:** ڕێبازی ڕۆشنگەری فەڕەنسایی بە تایبەتی هەڵوێستی بەرانبەر بە ئایین و بنەماکانی ئاکار. لە ئەو ڕێبازەدا بەرانبەر بە ئایین و ئاکار دوو هەڵوێست بەدی دەکرێ کە بە ئاشکرا جێدەستیان لە فەلسەفەی پراکتیکی کانتدا هەست پێ دەکرێ:

- لایەنێک کە بە تەواوی بنەماکانی ڕێبازی مەتریالیستی پەیڕەو کردووە و بەسەر بابەتی ئایین و لاهووت و ئاکاردا جێبەجێی کردوون و هەڵوێستێکی نارێی لە بارەی بڕوا و ئایینەوە هەبووە.
- لایەنی دووەم بابەتی ئاکار و ئایینی لە ڕێبازی ژیرەکی جیا کردۆتەوە. ڕۆسۆ کە ڕابەرێکی بووە، وای داناوە کە ئایین و موعجیزە بابەتی ژیر نین و ناکرێ بە ژیر پشت ڕاست بکرێنەوە و نە دەکرێ گومان لە بنەماکانیان بکرێت، چونکە بابەتی هەست و سۆز و ناخی دەروونی مرۆڤن. ئەو بابەتە لەلای کانت بووە بە لایەنی فەلسەفەی پراکتیکی و مەترسی بڕیاری ژیری لە بنەماکانی لاهووت و ئایین و نەمریی و بوونی ڕەب و ئاکار ڕەواندۆتەوە.

ئیتر بەو پێیە کانت خۆی لەبەردەم ئەو ئەرکە گرینگەدا دیوەتەوە، ڕێبازی ئەزموونی- ئیمپری کە پەنا دەباتە بەر شایەتی هەستەکان و لە ڕووداوی تاکەوە هەنگاو دەنێ لەگەڵ ڕێبازی ژیرەکی کە پتر لایەنی تیوری بەهەند دەگرێ ئاوێتەی یەکتری بکات(٢) و ڕەنگی جیهاندیدە سەرتاپاگیرەکەی پێ برێژێ.

جیهاندیدی کانت ئەگەرچی لە چەندین سەرچاوەی جیاواز و فرە ڕەنگەوە هەڵی هێنجاوە و ڕێبازی فەلسەفەی پێش و سەردەمی خۆی نەبووە، شارەزای نەبووبێ و سوودی لێ وەرنەگرتبێ، ئەوە بە هەمان شێواز خۆیشی بووە بە ئەو سەرچاوە لەبن نەهاتووەی تا ئەم سەردەمەمان هەموو ڕێبازەکانی فەلسەفە بە شێوە و شێوازێک لە شێوازەکان لێوەی هەڵدەهێنجن و بەجۆرێک لەجۆرەکان ئاری ناری هەڵوێست لە بارەیەوە دەنوێنن.

دوور ناڕوێین کە بڵێین کانت تا ئەمڕۆ لە دەڤەری فەلسەفەدا هەر لەسەر تەختی شاهانە دانیشتووە و تاجەکەی هەر لەسەرە.

**بەرهەمەکانی:**

١- بەتێکڕایی بەرهەمەکانی کانت دەکرێن بە دوو بەشەوە کە توندوتۆڵ بەیەکەوە بەندن و لە یەکتری دانابڕێن:

**یەکەم:** قۆناغی پێش ڕەخنەکردن.

**دووەم:** قۆناغی ڕەخنەکردن.

ئەوەی بەلای ئێمەوە مەبەست و گرینگە لەو نووسینەماندا قۆناغی دووەمیەتی کە ئەو سێ شاکارە دەگرێتەوە و پشتیان پێ دەبەستین:

- ڕەخنەکردنی ژیری بێگەرد: ساڵی ١٧٨١-١٧٨٧ز.
- ڕەخنەکردنی ژیری پراکتیکی: ساڵی ١٧٨٨ز.
- ڕەخنەکردنی توانای هێزی بڕیار (حوکم)دان. ساڵی ١٧٩٠ز.

هەروەک لە ناوونیشانی ئەو سێ بەرهەمە دەردەکەوێ، ئەو جیهاندیدەی تێیاندا ڕەنگرێژراوە، بەپێی سێ بەرهەمەکە لە سێ بابەتی سەرەکی پێکهاتووە.

لە ڕەخنەکردنی ژیری بێگەرددا تیووری زانین و میتافیزیک بەگشتی کراون بە کەرەسەی توێژینەوە. بابەتی ئاکار و کردار و ڕەفتار ئەو کەرەسەیە بووە کە کتێبی ڕەخنەکردنی ژیری پراکتیکی تاووتو کردووە. لە بەرهەمی سێیەمدا، لایەک لە هونەر و جوانی و ڕەخنەی ئیستێتیک کراوەتەوە. ئەوی لێرەدا جێگای سەرنجدانە، بەرلەوەی مرۆڤ بچێتە نێو گوڵزاری جیهاندیدی ئەو فەیلەسووفەوە دوو خاڵە:

**یەکەم:** کانت کۆشاوە ژیری مرۆڤ دادگایی بکات، دادگاییەک بەشیکردنەوەی توانای بڕکردن و ئەو ئەرکەی دەکرێ پێی بسپێردرێ دەست پێ بکات. ئایا تا چەند ئەو ئەرکە بە بنەمای ژیر و لۆژیک پاساو دەدرێ؟ ئەگەر ژیر دادگایی بکرێت، کام لایەن، کام هێز دادوەر دەبێ؟ دەکرێ ژیر لێرەدا دوو ڕۆڵ بگێڕێ، جارێکیان تۆمەتبار و جارێکیان دادوەر بێ؟

**دووەم:** کانت لە شاکاری ڕەخنەکردنی ژیری بێگەرددا ئەرکی فەلسەفەی لە سێ خاڵدا دیوەتەوە: لەوێدا گوتوویەتی، ژیری بێگەرد و ژیری پراکتیکی لەو سێ پرسیارەدا یەک دەگرنەوە:

**١- دەتوانم چی بزانم؟**

**٢- چی پێویستە لەسەرم بیکەم؟**

**٣- دەتوانم بەهیوای چی بم(٣)؟**

تا چەند کانت توانیویەتی ئەو دوو بابەتە سەرەکییە سەرکەوتووانە جێبەجێ بکات؟ لە چوارچێوەی ئەو نووسینەماندا کۆششی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە دەکەین. ئەگەر کانت بلیمەتانە توانیبێتی، هەردوو ڕێبازی ژیرەکی و ئەزموون - ئیمپری پێکەوە بگونجێنێ و لەنێو جیهاندیدەکەیدا دوای مشتوماڵکردنیان پێکەوە بێنەوە و ڕەخنەی لە میتافیزیک گرتبێ بۆ ئەوەی ئاکار و دۆگمەکانی ئایین بپارێزێ و ڕادەیەک بۆ ئەو هێرشانە دابنێ کە بەناوی ڕەخنەگرتنی ژیرەکییەوە دەکرانە سەر ئایین، ئەوە خۆی چەندین کێشەی سەختی وروژاندووە تاوەکو ئێستا نەتوانراوە بە تەواوەتی چارەسەر بکرێن، هەربۆیە ناهەقی نەبووە کە چالاکییەکەی خۆی بەشۆڕشی کۆپەرنیکۆس بەراورد کردووە، شۆڕشێک هەردوو ژیری تیوری و پراکتیکی دادگایی کردووە! ئەو هەنگاوە بوێری ڕەسەنییەک نیشان دەدات، وێنەیان لە مێژوودا دەگمەنە.

٢- ئەگەرچی لە ژیانی کانتدا ڕووداوێک، بەسەرهاتێک سەرنج ڕاناکێشێ و نادیترێ کە ڕەوش و دیاردەیەکی نائاسایی نیشان بدات، بەڵام ژیانی کە پابەندی هێمنی و نەزم و جێگیری و لەسەرخۆیی و ڕامانی بەردەوام بووە بە تەواوەتی مشتێک لە نموونەی خەرواڵی جیهاندیدەکەی بووە و ئەو فەلسەفەیەی بەرجەستە کردووە. ڕۆشنبیر و سیاسەتمەدار و نووسەری بەناوبانگی بە ئایین جووڵەکەی ئەڵمان هانریش هاینە دەربارەی ڕەوتی ژیانی ئەو کەڵە فەیلەسووفە نووسیویەتی دەڵێ:

گرانە و ئاسان نییە مێژووی ژیانی ئیمانۆییل کانت بنووسرێتەوە، چونکە ئەو مرۆڤە نە مێژوو و نە ژیانی هەبووە، ژیانی پیرەمێردێکی وشک و برینگی ڕەبەنی بەسەر بردووە، ژیانێک وەک مەکینە ڕێکوپێک کراوە، لە شەقامێکی هێمن و بەلاوەی شاری کۆنیگسبێرگ، ئەوە شارێکی کۆنە کەوتۆتە ئەوپەڕی باکووری ڕۆژهەڵاتی ئەڵمانیا. من باوەڕ ناکەم سەعاتە زەبەللاحەکەی کاتیدرایی شارەکە لە بێ هەست و سۆزی و ئەوپەڕی تەواوەتی کارکردندا پتر لە ئیمانۆییل کانت ڕێکوپێک و چالاکتر بووبێ. لە خەو هەستاوە، قاوەڵتی کردووە، دەستی بە نووسین کردووە، لە کۆلێژ دەرسی گوتۆتەوە، نانی نیوەڕۆی خواردووە، ئینجا چووە بۆ پیاسە، ئەمانە

هەریەکەیان بە تەواوەتی کاتی دیاریکراو و بۆ دانراوی خۆیانیان هەبووە. پاش نیوەڕۆیان پاڵتۆ خاکییە-بۆرەکەی لەبەر کردووە، گۆچانە حەیزەرانەکەی بە دەستەوە گرتووە، هەموو ڕۆژێ سەعات سێ و نیو لەماڵ چۆتە دەرێ و دەستی بە پیاسە کردن کردووە، دراوسێکانی سەعاتەکانیان لەسەری میقات کردووە، لە شەقامی پڕ نەمام و درەختی زەیزەفۆن(٤) کە تا ئێستاش بەناوی ئەوەوە کراوە و پێی دەگوترێ شەقامی فەیلەسووف، پیاسەی کردووە.

هەرچۆنێک ئەو بڕیارە- حوکمەی هاینە لێک بدرێتەوە، ئەو کەڵە فەیلەسووفە هێمن و لەسەرخۆیە وەک ئەو ئاوە هێمنە لەسەرخۆیە بەردەوامە بووە کە هیچ گرۆکفی نەبووە و بەردی کون کردووە، جیهاندیدی فەلسەفەی پێش خۆی دارماندووە و بەردی بناغەی تەلارێکی لووت لە ئاسمان هەڵچووی جیهاندیدە فەلسەفەییەکەی سەرلەنوێ داناوەتەوە. جیهاندیدێک سەرگەرمی توێژینەوە و تێگەیشتنی سروشتی بنەڕەتی-ڕاستەقینەی شتی داوە و کۆشاوە مەرجەکانی خێروخۆشی و بەختەوەری مرۆڤ دیار و دەستنیشان بکات.

**سێ بنەما:**

کانت کە شۆڕشەکەی کوپەرنیکۆسی کردووە بە دروشم و کۆشاوە لە فەلسەفەکەیدا جێبەجێی بکات، پابەندی سێ خاڵ بووە و کردوونی بە بنەما و بەدرێژایی ژیانی و لە تێکڕای فەلسەفەکەیدا دەستبەرداریان نەبووە:

**یەکەم: ڕەخنەگرتن:**

کانت لەو باوەڕەدا بووە کە ڕەخنە ئامرازێکی سەرەکی فەلسەفەیە و دەبێ هەموو بابەت و لایەنێک بگرێتەوە و ڕەخنەگرتنیش تەنیا هەر ڕەخنەکردنی کتێب و نووسراو و ڕیژێم و سیستەمەکان نییە، بەڵکو ئایین و قانوون و ژیریش بەخۆیی و هێز و تواناکانی لێ بەدەر نین. کانت گوتوویەتی:

ئەو سەردەمەمان بە تایبەتی سەردەمی ڕەخنە گرتنە کە دەبێ هەموو شتێک بگرێتەوە. ئایین بە سایەی پاکی و پیرۆزییەکەی و قانوون ڕۆنان بەهۆی شکۆمەندییەکەیەوە دەخوازن لێی بەدەر بن، بەڵام بەمەیان گومان و گازندەی شایستە دژی خۆیان دەورووژێنن و ناتوانن ئەو مافەیان هەبێ داوا بکەن ئەو ڕێزگرتنە ڕەوایە ڕاستو دروستەیان پێ ببرێ کە ژیر تەنیا هەر بەوانەی دەبەخشێ کە لە تاقیکردنەوە ئازاد(٥)و ئاشکراکەیدا دەردەچن.

ئەگەر ئایین بکەوێتە ژێر باری ڕەخنەی ژیرەوە، دەبێ چی لێ بمێنێتەوە؟ لە جێگای خۆیدا هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە دەدەینەوە کە لەخۆیدا کێشەیەکە، کانت لە کاتی چارەسەرکردنی کێشەی دیکەدا وروژاندوویەتی!.

**دووەم: نەزم و ڕێکوپێکی:**

کانت لە سنووربەدەر بڕوای بە ڕێکوپێکی و نەزم هەبوو، جا ئەو ڕێکوپێکییە لە سروشت و دەوروبەردا بێ، یان لە بەرهەمی بیروهزری مرۆڤدا، کانت گوتوویەتی:

دوو شت هەمیشە و بەردەوام ناخی دەروونم پڕ دەکەن لە ڕێزلێنان و پەسندکردن:

- ئاسمانی پڕ لە ئەستێرە لەسەرمەوە.
- قانوونی ئاکار لە ناخی(٦) دەروونمدا.

ئەگەر ئاسمانی بە ئەستێرە نەخشاو، هێمای هەبوونی جۆرە ڕێکوپێکییەک بێ کە هەبوونی ئەندازیارێکی بەهرەمەندی پسپۆڕ لە بابەتی ڕێکوپێکی ماتماتیکدا بهێنێتە بەرچاو، ئەو پرسیارە هەر وەڵام ناردێتەوە ئایا ئەو ڕێکوپێکییە بیرکاریی ئاسایە خۆی لە سروشت و ئاسماندا هەیە، یان سروشتی ژیر و مێشکی مرۆڤ خۆی وایە کە بیرکارییانە و وەک پسپۆڕی ماتماتیک چالاکە! و دەشخوازێ هەموو شتێک لە بەرگی نەزم و ڕێکوپێکدا ببینێ؟! کاتی خۆی هیوم کە باسی قانوونەکانی سروشتی کردبوو، گوتبووی: شتێک لە سروشتدا نییە پێی بگوترێ قانوون و بنەمای ناچاریی، ناچاریی بابەتێکە لە مێشکی مرۆڤدا هەیە نەک لە سروشتدا، ئەوەش بە هەمان واتا ئەوەیە کە مرۆڤ خۆی قانوونەکانی خستۆتە نێو سروشتەوە! ئەگەر قانوونەکانی ئاکار لە ناخی مرۆڤدا بن، ئایین خۆی بە تایبەتی مەسیحی، لە قانوون و ڕێوشوێنەکانی ئاکار بەولاوە شتێکی دیکە نەبێ، دەکرێ بگوترێ ئایین باوەڕێکی تیوری نییە، بەڵکو کارو کردارێکی ناوەکی (ناخ) ئاکارە؟ ئەگەر وەڵامەکە بە ئا بێت، ئەوکاتە هەست و هۆش و سۆزی ئاکارییانە پلەیان لە بڕوا (عەقیدە) و نوێژ و پەرستن بەرزتر دەبێ، یان نا؟! کەوابوو ئەو قسەیە سەیر نییە کە کراوە، گوایە دەبێ مرۆڤ لە ناخی خۆیدا نەک لە دەرەوە بەدوای ئایینیدا بگەڕێ!. لەو سۆنگەیەوە قانوونەکانی ئاکار کە لە ناخی دەروونی مرۆڤدان لە بڕوا و باوەڕ و (عەقیدە و ئیمان) پتر جێگای دڵنیایی کردن دەبن!

**سێیەم: ڕەوشی ژیر:**

## تەنگژەی ژیر

١- ئەگەر فەلسەفەی کلاسیکی بە تایبەتی هی سەردەمی یۆنان سەرگەرمی توێژینەوەی بوون بووبێ بە هەموو ڕەنگ و جۆرەکانییەوە و فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست جڵەوی ئەندێشەی شل کردبێ و ئەم ژیان و جیهانەی خستبێتە لاوە و بەرەو ژیانێکی تری ئەفسووناوی لە شەقەی باڵی هەست و سۆزی دابێ، هەست و سۆزێک لە چوارچێوەی باوەڕدا ڕەنگی ڕێژرابێ، ئەوە فەلسەفەی نوێ- مۆدێرن تاوەکو کۆچی دوایی شۆڕەسواری فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵەمان هیگڵی گەورە و مەزن سەرگەرمی بابەتی بەپێت و پێزی زانین بووە. ئەو بابەتەش بە چەند شێوە و جۆر و شێوازێک قسەی لێ کراوە، گرنگترینیان هەردوو ڕێبازی ئەزموونی و ڕێبازی ژیرەکی بوون. ئەو دوو ڕێبازە، دەتوانرێ لەلای ئەزموونی ئینگلیز بە ڕابەرێتی جۆن لۆک و ڕێبازی ژیرەکی کە جێی دەستیان لە جیهاندیدی فەلسەفەی ترەنسێندێنتالیدا دیار و ئاشکرایە لەلای دیکارت بەگشتی و لایبنیتس بەگشتی سەرنج بدرین:

## ڕێبازی ئەزموونی

وشەی ئەزموون بە واتا فەلسەفەییەکەی لە جیاتی پەیڤی یۆنان ئیمپریا Empiria بەکارهاتووە کە بە عەرەبی (تەجرەبەی) پێ دەگوترێ، خۆی لە خۆیدا تێزەیەک دەربارەی سروشت و سنوور و بنەماکانی زانینی مرۆڤ دەبڕێ. ئەنجامی ئەو تێزەیەش ئەوەیە کە زانینی مرۆڤ سەرجەم و بەگشتی و لە کۆتاییدا لە تاقیکردنەوە و ئەزموونی هەست و هەستەکییەوە پەیدادەبێ و دەکەوێتەوە.

ئەو ڕێبازە لە جیهاندیدێکدا بەرجەستە بووە، سێ خاڵی سەرەکی تێدایە:

**یەکەم:** زانینی مرۆڤ بە هیچ جۆر و شێوازێک پابەندی چەند بیرۆکە و بنەمایەکی زگماکی نابێ کە لەپێش ئەزموونەوە بێن و لە ناخی مرۆڤدا بن. مێشکی مرۆڤ، تێگەیشتنی لەلاپەڕەیەکی سپی دەچێ و هیچی لەسەر نەنووسراوە، ئەزموون و تاقیکردنەوەی ژیانی ڕۆژانە شتی لەسەر دەنووسن و تۆماری دەکەن(٩).

**دووەم:** خاڵی دووەم ئەنجامێکە لە خاڵی یەکەم کەوتۆتەوە. پێوانە کە پشکی سەرەکی لۆژیکی ئەرستۆیە ناکرێ میتۆدەی ڕاستەقینەی زانین بێ، چونکە پێوانە هیچ شتێکی نوێ ناداتە دەست، ئەوی لە ئەنجامەکەدا

بەلای کانتەوە ژیری مرۆڤ چارەنووسێکی دیار و دەستنیشانکراوی هەیە کە لە سروشتی هێز و توانا و پێکهاتەکەیەوە کەوتۆتەوە. ئەو ڕەوشەشی کردووە بە دوو جۆرەوە: لەلایەکەوە هەمیشە سنووری توانای خۆی دەبەزێنی و لەلایەکی دیکەوە ناکرێ لە ڕەخنە دەرباز ببێ. کانت گوتوویەتی:

- ژیری مرۆڤ لە جۆرێکی شت زانیندا چارەنووسێکی تایبەتی هەیە:

بە چەند پرسیارێک باری سەرشانی گران دەبێت کە ناتوانێ ڕەتیان بکاتەوە، چونکە بەهۆی سروشتی ژیر خۆیەوە بەسەریدا سەپێنراون و ناشتوانێ وەڵامیان بداتەوە، ئەوان سنووری هەموو تواناکانی ژیری مرۆڤ دەبەزێنن(٧).

ئەو بڕیارەی کانت لێرەدا لە بارەی ژیرییەوە داویەتی، ئەگەر ژیر بەبێ هیچ تاوانبارێک کە کردبێتی، دووچاری ئەو قەیران و تەنگژەیە بێت، جۆرە داشکاندنێک بەلای بنەماکانی ئەزموون و شارەزایی و تاقیکردنەوەدا نیشان دەدات، هەروەها ئەوە دەردەخات کە ژیریش خۆی لە کەوتنە نێو گەرداوی ناکۆکی و ناتەبایی و Wi-derspruch تەمومژاوی بە دوور نییە!.

- لەلایەکی تردا، ژیر لەلایەن کانتەوە بەو مەرەیە چووە بکەوێتە داوی ڕەخنە لێ گرتنەوە. کانت گوتوویەتی:

پێویستە ژیر لە هەموو کاروچالاکییەکیدا بچێتە ژێر باری ڕەخنە لێگرتنەوە، ناشتوانێ ئازادی ئەوەی دوایی بەهیچ بیانوویەک کەلەبەر بکات، بەبێ ئەوەی زیان بەخۆی بگەیەنێ و گومان و ئەگەر بهێنێتە سەرخۆی. هیچ شتێک لە سوود و قازانجەکەیدا وا گرینگ نییە و هیچ شتێک وا پاک و پیرۆز نییە کە لەو تاقیکردنەوەیە و پشکنینە نموونەییە بەدەربێت کە باکی هیچ کەسێکی نییە(٨).. تەنانەت بوونی ژیر بەو ئازادییەوە بەندە کە هیچ ناووناوبانگێکی دیکتاتۆرییانەی نییە.

هەمان پرسیاری کێشە ئامێز دووبارە سەرهەڵدەداتەوە، هیچ شتێک، ژیر خۆیشی لە دەسەڵاتی ڕەخنە بەدەر نابێ، لێرەدا دەبێ چ هێزێک، ئامرازێک ئەرکی ئەو ڕەخنەگرتنەی پێ بسپێردرێ؟ دەکرێ ژیر خۆی لە یەک کاتدا دوو ڕۆڵ بگێڕێ. ڕاستە ئازادی ڕەها هەر لە مێشک و هزردا هەیە و بەبێ پابەندبوون کاڵ دەبێتەوە، دەکرێ خۆی وەک بنەما خۆی بەسەر خۆیدا جێبەجێ بکرێت؟

دەکەوێتەوە پێشەکی لە پێشەکییەکاندا گرێمانە کراوە. بۆیە پێشکەوتنی زانین بەگشتی و زانست بە تایبەتی واپێویست دەکات ڕێگای ئیندەکشن- تێبینی و ئەزموون- بگیرێتەبەر(١٠).

**سێیەم:** ئەو خاڵە بە تایبەتی لەلای دێڤید هیوم دەرکەوتووە بریتییە لە پووچەڵکردنەوەی لۆژیکیانەی پەیوەستی هۆیە، بەلای ئەو فەیلەسووفەوە، ئەو دەستەواژەیە کە دەڵێ، هەموو هۆکارێک لە هەلومەرجی وەک یەکدا هەمان ئەنجامی لێ دەکەوێتەوە، هیچ بنەمایەکی لۆژیکی نییە و بەژێر پشت ڕاست ناکرێتەوە، بابەتەکە بنەڕەتێکی دووبارە بوونەوە و نەریت و لەگەڵدا ڕاهاتنی هەیە.

ئەو جیهاندیدە ئەزموونییە کە تایبەتمەندی ڕەسەنی جۆری هزر و بیرکردنەوەی ئینگلیز دەردەبڕێ، لەو سێ خاڵە سەرەکییەیدا کە پێی لەسەرداگرتوون، جۆرە سنوورێک کە ناشێ ببەزێنرێ بۆ زانین دادەنێ و گومان و نیشانەی پرسیار و ئەگەر لەبەردەم هێز و توانای کارا و برکردنی ژیر قووت دەکاتەوە. ئەگەر ڕادە و سنوور بۆ ڕۆڵی ژیر دابنرێت، دوو ئەنجامی لێ دەکەوێتەوە:

- توانای زانینی مرۆڤ لە خۆیدا سنووردارە و پتر بڕ ناکات، خۆ ئەگەر هاتو ئەو سنوورەی بەزاند لە چوارچێوەی زانینی ڕاستەقینەی گومان هەڵنەگر دەچێتە دەرەوە.

- پێش ڕشتنی ڕەنگی زانین دەبێ و پێویستە توێژینەوە لە ئامرازەکانی زانین بکرێت و لێی بکۆڵرێتەوە بۆ ئەوەی سروشت و توانا و سنووری زانین دیار و دەستنیشان بکرێت و ئەو جیهاندیدەی ڕەنگی دەڕێژدرێ جێگای دڵنیایی لێکردن بێت و دەرفەتی گومان و ئەگەر نەدات.

دەبێ تا چ ڕادەیەک ئەو بۆچوونەی ڕێبازی ئەزموونی لە جیهاندیدی هەمەڕەنگ و سەرتاپاگیری کانتدا بە تایبەتی لێپێچینەوە لە تواناکانی ژیر و سنووری بڕ کردنی بکرێ و ڕەخنەکردنی ئامرازەکانی زانین، چەمکی «شت لەخۆیدا» و «دیاردە هەستییەکان» و بیرۆکەی پێشیینانە apriori ڕەنگی دابێتەوە.

### ڕێبازی ژیرەکی

١- وشەی ژیرەکی بەگشتی لە هەردوو سەدەی حەڤدە و هەژدەدا بڵاوبۆتەوە و بەکارهاتووە لە وشەی لاتینی Ratio کەوتۆتەوە، واتای ژیر دەبەخشێ، ژیرەکیش بەو ڕێبازەی تیوری زانین دەگوترێ کە باوەڕی تەواوەتی بە توانای لە سنوور بەدەری ژیر هەیە، جا ئەو توانایە ڕێکخستنی بیروبۆچوون بێ بەشێوەیەکی کلۆم و پتەوی لۆژیکیانە، یان دوور لە ئەزموون و بەبێ پەنابردنە بەر تاقیکردنەوە، گەیشتنە ڕاستی و پەیبردن بە هەڵکەوت و زانینی پێکهاتەی ژیری مرۆڤ بەهۆی ژیرەوە و زانین و پەردە لادان لەسەر گەردوون و نهێنییەکانی بێ. ئیتر بەو پێیە، هزری ژیرانە تاکە سەرچاوەی ڕاستەقینەی زانینە. ئەوی لەو پێناسەیە دەکەوێتەوە:

- زانین لە تاقیکردنەوە و ئەزموونی هەستەکان ناکەوێتەوە. هەست جێگای دڵنیایی لێکردن نییە، بەپێی ڕەوش و هەلومەرجی لە ئارادا بوو گۆڕانی بەسەردا دێ و ئەو داتا و زانیارییەش کە دەیداتە دەست، دەگۆڕێن و گومانیان لێ دەکرێت.

- دەرگا بە ڕووی ڕێبازی ڕێژەیی دادەخرێت، چونکە ئەو زانین و زانیارییانەی بەهۆی هزری ڕووت و ژیرەوە بەدەست دێن، بەپێی ئەو بنەمایەی ڕێبازەکە دەبێ هەمەکی- گشتی و ناچاریی بن و دەرفەتی هیچ جۆر و شێوەیەکی ڕێتێچوون نادەن.

- مرۆڤ لە مێشک و هزرو ژیریدا چەندین ڕاستی زگماکی هەیە کە لەپێش ئەزموون و تاقیکردنەوەوە دێن، وەک کات، جێگا و چەمکی دیکە ئەوانە هیچ پەکیان لەسەر ئەزموون نەکەوتووە، بەڵکو ئەوان خۆیان ڕاستی بە داتا و زانیارییەکانی ئەزموون دەبەخشن، خۆیان لەخۆیاندا ئەو هەلومەرجە داتا هاوردەکانی هەست- تاقیکردنەوە بەبێ ئەوان لە کردن نایەن و پوختە ناکرێنەوە.

ئەو دوو ڕێبازە ئەو سەرچاوە سەرەکییە بوون کانت لێوەی هەڵێنجاون، بەلام پشت ئەستوور بە ژیر ڕەخنەیەکی سەرنج ڕاکێشی لە هەردووکیان گرتووە. لایەنی ڕاستی و نادروستی هەریەکێکیانی بەجیا نیشان داوە. لە هەردوو شاکاری «ڕەخنەکردنی ژیری بێگەرد» و «پرۆلیگومینا»دا ئەو هەڵوێستە ڕەخنەییەی دەبینرێ.

٢- لە ڕوانگەی دابەشکردنی دەستەواژە، بڕیار (حوکم)دا بە چوار جۆر کە وەک مرواری لە شاکارەکانیدا دەدرەوشێنەوە:

- بڕیاری پێشیینانە.
- بڕیاری پاشیینانە.
- بڕیاری شیکاری.
- بڕیاری لێکدراو(١١).

هەڵوێستی خۆی بەرانبەر بە ڕێبازەکانی فەلسەفەی خۆی بەگشتی و هەردوو ڕێبازی ژیرەکی و ئەزموونی ئینگلیز دیار و دەستنیشان کردووە:

ڕێبازی ژیرەکی (لایبنیتس و ڤۆلف) وای بۆچووە چەند بیرۆکە و بۆچوونی زگماکی لە مێشک و ناخی مرۆڤدا هەن، ئەوانە یارمەتی هزرمەند دەدەن پەی بە جیهانی پشت ئەزموون و ئەودیو تاقیکردنەوە و بەجیهانی ژیرەکی بەرێت. بەلای کانتەوە ئەو بریار و بۆچوونەی ژیرەکی دوو لایەن دەگرێتە خۆی، لایەکیان ڕاستە و ئەوی دیکەیان چەوت و هەڵەیە و پشت ڕاست ناکرێتەوە: ڕاستە لە مێشکی مرۆڤدا بیرۆکە و بۆچوونی زگماکی هەیە و ئەو بۆچوونانە بەهیچ جۆرێک پەکیان لەسەر ئەزموون و تاقیکردنەوە نەکەوتووە و پابەندی نین، بەڵام هەڵەیە ئەگەر وابزانرێ ئەو بۆچوونە زگماکییانە دەبنە مایەی زانین و پەیبردن بە جیهانی ژیرەکی. ڕاستە مرۆڤ ئاوات و ڕاز و نیازی هەیە، بەڵام توانای برکردنی ژیر سنووردارە. ئەگەر ژیر سنووری ڕەنگ بۆ ڕێژراوی ئەزموون و شارەزایی شیاوەکی بەزاند لەگەڵ خۆیدا ناکۆک دەبێ و شتێک دەڵێ بێ سەروپا بێ و بەهیچ شێوازێک پشت ڕاست نەکرێتەوە، لێرەدا ناکۆکییەکانی ژیری بێگەرد دەردەکەون!

بە هەمان شێواز ڕێبازی ئەزموونی ئینگلیز (لۆک، بێرکلی و هیوم) لەوەدا ڕاست بووە مرۆڤ زانینی لە بارەی جیهانی ژیرەکییەوە نییە و ئەو زانینەی سنووری جیهانی هەستەکان (هەستەکی) نابەزێنێ، بەڵام لەلایەکی دیکەوە لەوەدا بە هەڵە چووە کە تەنیا هەر هاوردە و داتای هەستەکانی مرۆڤ و بۆچوونی هەستەکی سەرچاوەی پەی پێبردن و زانینی جیهانی هەستەکین.

بەلای کانتەوە ڕاستە مرۆڤ هیچ دەربارەی جیهانی ژیرەکی (ترانسندێنت) نازانێ و زانین بە پەیبردن بە جیهانی دیاردە (فێنۆمین) سنووردار کراوە، بەڵام بۆ زانینی ئەو جیهانە دەبێ داتا هەستەکییەکان و بۆچوونە پێشییەکان هاوکاری و کۆمەکی یەکتری بکەن(١٢).

٣- لە مرۆڤدا هەردوو هێزی تێگەیشتن و ژیر دەست بەکارن و لە پرۆسەی شت زانیندا دەسبەکارن و کۆمەکی یەکتری دەکەن. تێگەیشتن جگە لەوەی جۆرە بابەتییەک بە دیاردەکان دەبەخشێ، پابەندی مەرجەکی دیاردە بە مەرجی دیاردەوە بەند دەکات، ژیر هەمیشە بەدوای ڕەهادا وێڵە و سەرگەرمی بەزاندنی سنووری توانا و بڕ کردنیەتی. کانت گوتوویەتی:

ژیری مرۆڤ لە جۆرێکی زانینیدا چارەنووسێکی تایبەتی هەیە، باری سەرشانی بە چەند پرسیارێک کە ناتوانێ ڕەتیان بکاتەوە و کە بەپێی سروشتی ژیر خۆی لێ کراون، گران و قورس ببێ، چونکە ئەوان هەموو سنووری توانای ژیری مرۆڤ دەبەزێنن. بەو پێیە ژیر دەکەوێتە گەرداوەوە بەبێ ئەوەی هیچ گوناه و خەتایەکی هەبێ(١٣).

کەوابوو ژیر سەرەڕای ئەو ڕۆڵە گرینگەی لە ژیانی ڕۆژانە و زانین و زانستدا دەیگێڕێ، دووچاری کەوتنە نێو گێژاوی ناکۆکی و ناتەبایی دەبێ، چونکە ناچارە سنووری توانای برکردنی خۆی ببەزێنێ:

## ناکۆکییەکانی ژیری بێگەرد

هەر لە سەردەمی فەلسەفەی کلاسیکی یۆنانەوە مامۆستای یەکەم ئەرستۆتالیس بنەمای بێ ناکۆکی بە بنەمایەکی سەرەکی لۆژیک- ژیر داناوە. بەپێی ئەو بنەمایە ناکرێ دوو بابەتی بە یەکتری ناکۆک هەردووکیان پێکەوە لەیەک کاتدا ڕاست بن. ئەگەر دەستەواژەیەک ئا بکرێ، ناکرێ لەهەمان کاتدا نا بکرێ، هەروەها ناکرێ تایبەتمەندییەک لە یەک کاتدا بدرێ بە بابەتێک و لێی بستێندرێتەوە.

بەپێچەوانەوە، لەلای کانت ناکۆکی ڕەوشێکە ژیر دووچاری دەبێ، تەنگژەیەکە تێی دەکەوێ، چونکە بەبێ پشت بەستن بە بنەمایەکی ئەزموونی- ئیمپیری، ئارەزووی زانینی ڕەها دەکات و سنووری ئاسایی توانای خۆی دەبەزێنێ. ئەو سنوور بەزاندنە بریتییە لە جێبەجێ کردنی چەمکەکانی فام (تێگەیشتن) لە دەرەوەی سنوور و کایەی ئەزموونی شیاوەکیدا، ئەو سنوور بەزاندنە ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو چەمکانە لە دەڤەر و کایەی خۆیان بەکارنەهێنرێن و هەوڵ بدرێ لە پاوان و مەیدانی شت لەخۆیدا کە توانای زانینی لە کردن نایەت، جێبەجێ بکرێن.

کانت ناکۆکییەکانی ژیری بێگەردی بە چوار جۆر دابەش کردووە. هەر جۆرە لە تێزە و دژە تێزە پێکهاتووە. هەوڵی داوە ساغی بکاتەوە ژیر لە توانایدا هەیە هەر ناکۆکییەک، بە هەردوو جۆرییەوە پشت ڕاست بکاتەوە، چونکە ناکرێ بەپێی بنەمای بێ ناکۆکی لەنێویاندا ناکۆکییەک یەکلایی بکرێتەوە. بەپێی بنەمای بێ ناکۆکی ناکرێ هەردوو ناکۆکەکە پێکەوە لە یەک کاتدا ڕاست و درۆ بن. کەوابوو ئەو ناکۆکییانە بەهیچ سەلمێنە

و پشت ڕاستکردنەوەیەک لانابرێن و لەلایەکدا ناخرێن. لە دوو جۆری ناکۆکی یەکەم و دووەمدا ساغی کردۆتەوە کە هەردووکیان ئەگەرچی ناکۆک و پێچەوانەی یەکترین، بەڵام هەردووکیان ناڕاستن. دوو ناکۆکەکەی دیکە سێ و چوار هەردووکیان لەگەڵ یەکتری ناکۆکن، بەڵام هەردووکیان ڕاستن.

**یەکەم ناکۆکی:**

تێزە:

جیهان لەکاتدا سەرەتا و دەستپێکی هەیە و بەپێی جێگاش سنووردارە:

ساغ کردنەوە:

وای دادەنێین جیهان بەپێی کات سەرەتای نییە، کەوابوو دەبێ هەر لەسەردەمی کاتێکی بێ کۆتاییەوە هەبووبێ، ئیتر وا دەکەوێتەوە، زنجیرەیەکی بێ کۆتایی و نەپساوەی ڕووداو و قەوماوی بەدوای یەکتریدا تاوەکو ئەوکاتە و سەردەمی ئێستا بەسەر چووبێ، بەڵام ئەو ڕەخنەیەی لێرەدا لەو گریمانەیە دەگیرێ ئەوەیە کە ناکرێ و ناشێ بگوترێ زنجیرەیەکی بێ کۆتایی ڕووداو لە جیهاندا بەسەرچوون، چونکە ئەو ئەنجامە بەپێچەوانەی بۆچوونی بێ کۆتاییەوە هەیە کە هەر بەردەوامە و بەسەر ناچێ(١٤)، بۆیە تێزەکە ڕاست و دروستە: جیهان بەپێی کات سەرەتا و دەسپێکی هەیە.

سەبارەت بە بەشی دووەمی تێزەکە لە بارەی سنوور و ڕادەی جێگاکەوە هەروەک کات گریمانەکە دەیگرێتەوە: وای دادەنێین جیهان بریتییە لە تێکڕای لە ئارادابووی بێ سنوور و کۆتایی، لە هەمان کاتدا شتی هەبووی لە ئارادابوو، بەڵام مرۆڤ ناتوانێ بیر لە قەوارەی تێکڕاییەکی چەندێتی بکاتەوە و وێنای بکات ئەگەر ئەو قەوارەیە لەنێو چوارچێوەی سەرنجدانێکی دیار و سنووردارردا پەی پێ نەبردرێت. ئەو کاتێک دەزانرێت کە کۆی بەشەکانی پێکەوە کۆبکرێتەوە و بخرێنە سەر یەکتری، هەروەها دەکرێ هزر- بیر لە کۆیەکی هەمەکی ئەو قەوارەیە بکرێتەوە ئەگەر دووبارە و سێ بارە یەک بەیەک پارچەکانی لێک بدرێن و بخرێنە سەر یەکتری. لێرەوە، بەپێی ئەو بۆچوونە، دەبێ بگوترێ: وا پێویست دەکات بەو جۆرە لەو جیهانەی هەموو جێگاکانی پڕ کردۆتەوە بیری لێ بکەینەوە کە پێکهاتەیەکی یەکگرتووی بەدوای یەکتریدا هاتووی بەشەکانی جیهانێکی بێ کۆتاییە و پێکهاتەیەکی تەواوی تەواو بووە. کاتێکی بێ کۆتاییش بەسەر چووە لەوەدا کە هەموو شتە هەبووەکان پێکەوە ژمێردراون و بەسەر کراونەتەوە، ئەمەش کارێکە لە کردن نایەت، چونکە مرۆڤ ناتوانێ کۆیەکی بێ کۆتایی شتی هەبووی لە ئارادا بووی ڕاستەقینە لە هیچ کاتێکدا بژمێرێ، بۆیە دەبێ بگوترێ بەپێی جێگاش جیهان سنووردارە. جیهان بێ کۆتایی نییە لە جێگادا، بەڵکو لە سنوورێکی دیاریکراودا درێژ دەبێتەوە و هەیە.

ئەو سەردەمەی مرۆڤ تێیدایە ساغی دەکاتەوە کە زنجیرەی ڕووداو و قەوماوەکان تەواو بوون و ناکرێ وابیر لە جیهان بکرێتەوە کە قەوارەیەکی تێکڕایی بێ سنوورە، چونکە هەمیشە وا بەبیردا دێت کە لە چەندین بەش و پارچە پێکهاتووە، بۆیە دەبێ ئەو بڕیارە پەسند بکرێت کە جیهان لە کاتدا بێ کۆتایی و هەتا هەتایی نییە و بەپێی جێگا بێ سنوور و لەڕادەبەدەر نییە.

**دژە تێزە:**

جیهان هیچ سەرەتا و دەستپێکی نییە و لە جێگادا بێ سنوورە، بگرە لە کات و جێگادا بێ کۆتایی و بێ برانەوەیە.

ساغ کردنەوە:

ئەگەر وای دابنێین جیهان سەرەتا و دەستپێکی هەیە، خۆی سەرەتا بوونێکە کاتێکی لەپێشەوە دێ تێیدا هیچ شتێک نەبووە، بۆیە دەبێ لە پێشەوە، لەپێش کاتدا جیهان نەبووبێ، واتە کاتێکی بەتاڵ هەبووبێ Leere Zeit، بەڵام لە کاتی بەتاڵدا ناکرێ هیچ شتێک پەیدا و دروست ببێ، چونکە هیچ بەشێکی ئەو کاتە بەپێچەوانەی بەشێکی ترەوە جیاوازییەکی نییە ببێتە مایەی مەرجی ئەوەی بوون جیابکاتەوە و لەنابوون بە چاکتر دابنرێت (ئیتر مرۆڤ وای دابنێ ئەو مەرجە بەهۆی خۆیەوە، یان بەهۆی هۆکارێکی دیکەوە پەیدا بووە)، کەوابوو ئیتر دەبێ چەندین زنجیرە شت هەبن لەجیهاندا دەست پێ بکەن، بەڵام جیهان خۆی ناکرێ سەرەتای هەبێ و لەوەوە دەکەوێتەوە کە بەپێی کاتی ڕابردوو تێپەڕ، بێ کۆتاییەو دەستپێکی نییە(١٥).

لە بارەی جێگاوە ئەگەر وای دابنێین جیهان لە جێگادا کۆتایی و سنووردارە. دەبێ جیهان لە جێگەیەکی بۆش و بەتاڵی بێ سنووردا هەبووبێت و شتەکان دەبێ پێکەوە لەنێوان خۆیاندا و لەگەڵ جێگادا پەیوەستی یەکتری بن، بەڵام لەبەر ئەوەی جیهان خۆی کۆیەکی هەمەکی ڕەهایە

له دەرەوەیدا هیچ بابەتێک بوونی نییـــە وێنا بکرێت و سەرنج بدرێت، ئیتر پێوەندی جیهـان بە جێگای بەتاڵ و بۆشەوە ئەو پێوەندییەی جیهـان نییە کە بە بابەتێکەوە هەیبێ، بگرە ئەو جۆرە پێوەندییە شتێک نییە. پێوەندی جیهان بە جێگای بۆشەوەش، هەر شتێک نییە، کەوابوو جیـهـان لەجێگادا سنووردار نییە بەپێی کشانەکەی بێ کۆتاییە. لە شوێنی دیکەدا کانت بە ڕێکوپێکتر باسی ئەو بابەتەی کـــردووە و وای داناوە جـــێگا بوونی سەربەخۆی نییـــە، بەڵکو لە فـۆرمی هەستی دەرەکی بەولاوە نییـــە، بۆیە چونکە بابەتێکی سەربەخۆ نییـــە، ناکرێ وێنا بکرێ و پەی پێ ببردرێ.

**دووەم ناکۆکی:**

تێزە:

هەمــوو گـەوهەرێکی لێکدراو لە جـیـهـــاندا لە چەند پارچەیەکی سـادە و سـاکـار پێک هاتووە لە سـاکـار بەولاوە بوونی نییە، یان ئەوی هەیە لەوانەوە لێکدراوە و پێکهاتووە.

ساغ کردنەوە:

وای دادەنێین گەوهەرە لێکدراوەکان لە چەند بەشێکی سـادە و سـاکـارەوە پێک نەهاتوون، ئەوە ئەگـەر بە هزر هەمــوو لێکدراوێک لابەرین، هیچ بەشـێکی لێکدراو هەروەها (ئیتر هیچ بەشێکی سادە و ساکار بوونی نییە) هیچ شـتێک نامێنێ و گەوهەریش نامێنێ، ئیـتـر، یان ناکرێ هەرچی لێکدراوە بە هزر و بیر لاببرێت، یان دوای ئەو لابردنە شتێک دەمێنێتەوە هیچ لێکدراوییەکی نییە، واتە ســادە و ســاکــارە، بەڵام لە ڕەوشی (گــریمانەی) یەکـەمـدا ناکـرێ لێکدراو خۆی لە گـەوهەر پێکهـاتبێ (چونکە لێـــرەدا لێکدراو تەنیـــا هەر پێــوەندییـــەکی ڕێککەوتی ڕووکەشی گەوهەرەکانە کە دەبێ خۆیان بەبێ ئەو هەبووبن)، لەبەر ئەوەی ئەمـە لەگەڵ ئەو گریمانەیەی کردمان بە دەستپێک ناکۆکە، ئەوە دووەمیان دەمێنێتەوە بە تایبەتی کە لە جیهاندا گەوهەری لێکدراو لە پارچەی سادە و ساکار هەیە. لەوەوە ئەو ئەنجامە دەکەوێتەوە:

شـمـەکـەکانی جیـهـان هەموویان بە تێکڕایی گەوهەر- بوونەوەری Wesen سـادە و سـاکـــارن، پێکهـــاتەی لێکدراو ڕەوشێکی دەرەکی گەوهەرە. ئەگـەر نەکرێ هیچ جـارێک گـەوهەرە بنەڕەتییـەکـان لە دەرەوەی ئەو ڕەوشـە پێـوەندییـان هەبێ و جـیـابکرێنەوە و دابـبـڕێن، ئەوە دەبێ ژیر ئەوان بە یەکـەمین بنەمـاکـانی هەمـوو پێکهـاتەیەک دابنێ و بەو پێیـە چەند گەوهەر- بوونەوەرێکی سادە و ساکـارن و دەبێ لەپێش ئەو پێکهاتەیەوە بن(١٦). بەو جۆرە گریمانەکە دروستە و ئەوی سادە نەبێ لێکدراوە و ئەوی هەیە ســادە و ســاکــارە، یان لە چەند بەشـێک پێکهاتووە.

**دژە تێزە:**

هیچ شتێک نییـە لە جیـهـاندا کە لە چەند بەشێکی ســادە و ســاکـــار لێکدرابێ و پێکهـــاتبێ و لە هیچ جێگایەکدا سادە و ساکار نییە

ساغ کردنەوە:

وای دادەنێین شـتـێکی لێکدراو (وەک گـەوهەر) لە چەند بەشـێکی سادە و ساکار پێکهـاتووە، لەبەر ئەوەی هەمـــوو پێـــوەندییـــەکی دەرەکی، هەروەها هەمـــوو پێکهـاتەیەک لە گـەوهەرەکـان، تەنیـا هەر لە جـێگادا شیاوەکی دەبن. ئیتر دەبێ پێکهاتە لێکدراوەکە لە فرە بەش پێک بێ وەک چۆن ئەو جێگایەی تێیـدایە لە فـرە بەش پێکهـاتووە، بەڵام جێگا لە چەند بەشێکی سادە و ساکار پێک نەهاتووە، بەڵکو لە جێگاکـان کـەوتۆتەوە. کــەوابوو دەبێ بە ناچاریی هەر بەشـــێکی پێکهـــاتە لێکدراوەکە لە جێگایەکدا بێت، بەڵام یەکەمین بەشەکانی هەموو پێکهاتە لێکدراوێک بە ئاسانی سادە و ساکارن. ساکـاریش لە جێگادا دەبێت، بەڵام هەموو هەڵکەوت و ڕاستـەقـینەیەک Reale کە لە جـێگایەکـدا بێ، چەند هەمە ڕەنگییـەکی لە دەرەوەی یەکتری لە خۆیدا دەگرێ و ئینجا لێکدراوە، وەک ڕاستـەقـینەیەکی لێکدراو نەک لە ڕووکەش، بەڵکو لە چەند گەوهەرێک پێکهاتووە (ئەوانە بەبێ گـەوهەر ناتوانن لە دەرەوەی یەکـتـریدا هەبن)، بۆیە سـادە و سـاکـارەکـە دەبێت بە گـەوهەرێکی لێکدراو، ئەوەش ناکۆکە، کەوابوو هیچ شتێک لە جیهاندا لە چەند بەشێکی سادە و ساکار پێک نەهاتووە(١٧).

کـانت بەو دوو تێـزە و دژە تێـزە کـە بەلایەوە هەردوو بەشی دەســـتـــەواژەکــە، بە پێـچـــەوانەی بنەمـــای بێ ناکـۆکـیـیـەوە، ڕاست و دروستن و دەیەوێ ڕوونی بکاتەوە کە لە تێزەی یەکـەمدا دەکرێ مرۆڤ ساغی بکاتەوە کە جیـهـان بوونی داهێنراوە، بەپێچەوانەوە لەلایەکی تریەوە دەکـرێ سـاغ بکرێتـەوە کـە جـیــهــان دانەهێنراوە. ئەو هەڵوێستە شیکارییە ئەوە دەردەخات کە ژیر لە توانایدا هەیە دوو دەســـتـــەواژەی دژ و پێـچـەوانە و نـاکـۆک بە یەکـــتـــری ســـاغ و پشت ڕاست بکاتەوە کــە ئەو بە

ناکۆکــیــیــەکــانی ژێری بێگەردیان ناو دەبات. بەپێی بنەمـای لۆژیکی ڕوخـسـارەکی مـامـۆسـتـای یەکـەم- ئەرستۆ- ناکرێ دوو دەستەواژەی بەیەکتری ناکۆک لە یەک کاتدا هەردووکیان ڕاست، یان پێکەوە هەردووکیان هەڵەبن. دەکـرێ یەکـێکیـان بەهەڵە و ئەوی تریان بە ڕاست دابنرێ. لێرەدا ناکۆکییەکە بەلایەکدا دەخرێ و کێشەکە کاڵ دەبێتەوە. ئەو جیـهـاندیدەی کـانت ئەو بڕیارەی پشت ڕاست دەکـاتەوە کـە ژێر لە دوو هێـز پێکهاتووە.

**سێیەم ناکۆکی:**

تێزە:

بنەمـای هۆیەکی بەپێی قـانوونەکـانی سروشت تاکـە هۆکـارێک نییـە بکرێ لێیـەوە دیاردەکـانی جیـهـان بە تێکڕایی بکەونەوە. هۆیەکی تر هەیە بە پێی ئازادی بۆ ڕوونکردنەوەی دیاردەکان پێویستە پەسند بکرێت.

ساغ کردنەوە:

وای دادەنێین کـە لەو هۆیەکـیـەی بەپێی قـانوونەکـانی سـروشـتـەوەیە شـتـێکی دیکە نیـیـە، کـەوابوو ئەوەی دەقەومێ پێشەکی ئەو مەرجە دادەنێ، هەرچی ڕوودەدات ڕەوشـێکی پێش خۆی هەبووە کە بەپێی بنەمـایەک هەر دەبوو بەدوایدا بێت، بەڵام ئەو ڕەوشـە پێـشـووە دەبوو شتێک بێ ڕوویدابێ (لە کاتێکدا کە پێش ئەو لەئارادا نەبووە)، چونکە ئەگـەر هەمـوو کـاتێک لە ئارادابایە ئەنجامەکەی لێ نەدەکەوتەوە، بەڵکو هەمیشە لە ئارادا دەبوو.

کـەوابوو هۆکـارێتی هۆکـار کـە شـتـێک بەهۆیەوە ڕوودەدات بەپێی قانوونی سروشت ڕەوشێکی پێش خۆی و هۆکـارێتی ئەو ڕەوشە گریمانە دەکات، ئەوەی دواییش دیسانەوە ڕەوشێکی پێشتری دەوێ و بەم پێیە بەردەوام دەبێت. ئیـتـر دەگەینە ئەو ئەنجامـەی کە ئەگەر هەمـوو شتێک تەنیا بەپێی قانوونەکانی سروشت کەوتبانایەوە، ئەوە هەرگیز یەکەم سەرەتای دەستپێک نەدەبوو، بەڵکو هەر سـەرەتای پاشکۆی بەدواداهاتن Subalterne دەبوو، ئینجا زنجیرەی هۆیەکان کە لە یەکتری دەکەونەوە تەواو نەدەبوو، بۆیە ئەو دەستـەواژەیەی دەبێـژێ هەمـوو هۆکارییەک بەپێی قانوونە سروشتییەکان نەبێ، ناکرێ و شیاوەکی نییە لەخۆیدا ناکۆکە، ئیتر ناکرێ ئەو هۆیەکییە بە تاکـە هۆیەکی پەسند بکرێت. ئینجـا دەبێ پێی لێ بنرێ کـە هۆیەکـیـەک هەیە شت بەهۆیەوە ڕوودەدات بەبێ ئەوەی هۆکارەکە دیار و دەستنیشـان کراوبێ، واتە مرۆڤ لەهۆکـارێکەوە بەرەو سـەرووتر بۆ هۆکـارێکی دیکە هەنگاودەنێ، ئەوەش هەڕەمەکییەکی Spontaneitat ڕەهای هۆکـار و ئەنجـام بەناچارییـانە دادەنێ و پەسند دەکات، ئازادییەکی ترانسندێنتالی زنجیرە یەک لە دوای یەکـەکـانی دیاردەکـان پشت ڕاست دەکـاتەوە(١٨). کەوابوو تێزەکە دروستە و هۆیەکییەکی تری ئازادانەی ڕوونکردنەوەی دیاردەکـان لە ئارادا هەیە. هۆیەکـیـیـەک هەیە و لە ئارادایە شـتـێکی دیکەی بەدوادا دێ و ڕوودەدات هۆکـارەکـەی ناکرێ بەپێی چەند قـانوونێکی ناچارەکی دیار و دەستنیشـان بکرێت، بەڵکو بەهۆی هۆکـارێکی دیکە کە لەپێشەوە هاتووە ڕوون دەبێتەوە. ئەوەیە ئەو جۆرە ئازادییـەی کـانت گریمانەی کـردووە کـە ناکرێ بەبێ ئەو ئازادییە زنجیرەی دیاردەکان لەسەرووی هۆکارەکانەوە تەواو ببێ.

**دژە تێزە:**

هیچ ئازادییـەک نییـە، بەڵکو ئەوی لە جیـهـاندا دەقـەومێ تەنیـا هەر بەپێی قـانوونەکـانی سـروشت ڕوودەدات.

ساغ کردنەوە:

ئەگـەر بە واتای ترانسندێنتـالی ئازادییـەک وەک جـۆرێکی تایبـەتی هۆیەکی هەبێت بەهۆیەوە بکرێ ڕووداوەکـانی جیـهـان بقـەومـێن، بە تایبـەتی بوونی هێزێکی ڕەهای قەومانی ڕووداوەکان، ئینجا خستنەوەی زنجیـرەیەک ئەنجـامی ئەو ڕووداوانە، ئەوە وا پێـویست دەکات کە ئەو زنجیرەیەک لەو هۆکارەدا، نەک تەنیا هەر سـەرەتایەکی هەڕەمـەکی هەبێ، بەڵکو دەبێ توانای ئەو هۆکارە کە ئەو زنجیرەیە بقەومێنێ سەرەتایەکی هەڕەمەکی هەبێ. ئیـتـر ئەوکـاتە ڕووداوێکی لەپێشـەوە نابێ کـە بەهۆیەوە بەپێی چەند قـانوونێکی نەگـۆڕ کـەوتنەوەی ئەو توانایە دیار و دەست نیشـان بکرێت، بەڵام ئەم ڕووداوەی پێـشـتـر دەبێ ڕوویدابێ (لە کـاتێکدا کـە لە ئارادا نەبـووە)، چونکـە ئەگـــەر بەردەوام لـە ئارادا بوویـایە ئەنجـامـەکـەی نەدەکـەوتەوە، بەڵکو هەمیـشـە لە ئارادا دەبوو، بۆیە ئازادی و سـەربەستی ترانسندێنتـالی لەگەڵ قانوونی هۆیەکیدا ناکۆک و ناتەبایە و ئەو پێـوەندییـەی لەنێـو ڕەوشە بەدوای یەکـتـریدا هاتووەکەی دیاردەکـاندا گریمانە دەکرێ دەبێتە مایەی ئەوەی یەکڕەنگی شارەزایی و ئەزموون لە کردن نەیەت و لە هیچ ئەزموونێکدا بە دەست

نەیەت و ببێ بە بیرۆکەیەکی پووچی بۆش و بەتاڵ، بۆیە هیچ ئازادییەک نییە و ئەوی دەقەومێ تەنیا بە پێی قانوونەکانی سروشت ڕوودەدات(١٩).

کانت لەو تێزە و دژە تێزەیەدا کە هەوڵی داوە هەردوو دەستەواژە ناکۆک بەیەکترییەکە ساغ بکاتەوە دوو بابەتی تێکەڵاوی یەکتری کردووە بابەتی میتافیزیک و بابەتی ئاکار.

لە میتافیزیکدا بە تایبەتی لە جیهاندیدە فەلسەفەییە مەتریالیستییەکاندا باسی ناچاریی De-terminismus دەکرێ کە بەپێچەوانەی جۆرە ئازادییەکی بێ پابەند بوون دێتە بەرچاو و گوایە ئەوی ڕوو دەدات ناچارییانە بەپێی قانوونی دیار و دەستنیشان کراو دەقەومێن. ئەوی دیکەیان بابەتی ئاکارە کە تێیدا باسی خواستی ئازاد و پابەند کردن کراوە. لە ڕەوشی یەکەمدا مرۆڤ ئازادە و بە ئازادی دەچێتە ژێر باری ئەنجامی کردەوەکانییەوە.

**چوارەم ناکۆکی:**

تێزە:

بوونەوەرێکی ناچارەکی ڕەها سەر بە جیهانە وەک بەشێک لێی، یان وەک هۆکارەکەی.

ساغ کردنەوە:

جیهانی هەستەکی وەک تێکڕای هەموو دیاردەکان، زنجیرەیەک لە گۆڕانەکانیشی تێدایە. بەبێ ئەو زنجیرەیە وێناکردنی زنجیرەی کات بەو جۆرەی کە مەرجی شیاوەکی جیهانی هەستەکییە، شیاوەکی نەدەبوو، بگرە هەموو گۆڕانێک پابەندی هەلومەرجەکەیەتی کە بەپێی کات لەپێشەوە دێت و بەهۆیەوە ناچاریی دەبێ. هەموو ڕووداوێک کە بکەوێتەوە بەپێی بوونەکەی، دەبێ زنجیرەیەکی کامڵ و تەواوەتی مەرجەکانی هەبێ تاوەکو دەگاتە مەرجی ڕەها کە خۆی بە تەنیا ناچارییەکی ڕەهایە، بۆیە پێویستە و دەبێ بوونەوەرێکی ناچاریی ڕەها هەبێ(٢٠). ئەو بوونەوەرە ناچارییە خۆی سەر بە جیهانی هەستەکییە.

**دژە تێزە:**

نە لە جیهاندا و نە لە دەرەوەیدا بوونەوەرێکی ناچاریی ڕەها نییە کە هۆکارەکەی بێت.

ساغ کردنەوە:

وای دادەنێین جیهان خۆی، یان لەنێویدا گەوهەرێک- بوونەوەرێکی ناچاریی هەیە، ئیتر لە زنجیرەی گۆڕانەکانیدا، یان سەرەتایەک هەیە کە بەبێ هەلومەرج ناچارییە، بەبێ هۆکارە ئەمەش لەگەڵ قانوونە دینامیکییەکانی دەستنیشانکردنی هەموو دیاردەکان لەکاتدا ناکۆک و ناتەبایە، یان زنجیرەکە خۆی هیچ سەرەتا و دەستپێکی نابێ، ئینجا لە هەموو بەشەکانیدا ڕووکەش و پابەندی هەلومەرج دەبێ، بەڵام لە گشتی و هەمەکیدا ڕەهایەکی ناچاریی بێ هەلومەرج دەبێ، چونکە بوونی کۆیەک ناکرێ ناچاریی بێت ئەگەر بێتو تاکە بەشێکی خۆی لەخۆیدا بوونێکی ناچاریی نەبێ.

بەپێچەوانەوە ئەگەر وادابنرێ لە دەرەوەی جیهان هۆکارێکی ناچاریی ڕەها هەیە، ئەوە هەر هۆی بەو پێیەی ئاڵقەیەکی سەرەوەیە لە زنجیرەی هۆکارەکانی گۆڕانەکانی جیهاندا، لەپێشدا بوونی ئەوانەی دوایی و زنجیرەکەی دەست پێدەکەن.

ئیتر دەبێ هۆکارەکەی لە چوارچێوەی کاتدا لە تێکڕای دیاردەکاندا بێ، واتە سەر بە جیهان دەبێت، ئەوەش بە پێچەوانەی گریمانەکەوەیە، چونکە هۆکارەکە خۆی لە دەرەوەی جیهان نابێ! کەوابوو ئیتر لە جیهان و نە لە دەرەوەیدا (ئەوەندەی پێوەندی بە هۆیەکییەوە هەیە) بوونەوەرێکی ناچاریی ڕەها بوونی نییە(٢١).

کانت لەو تێزەی چوارەمدا بە هەردوو بەشی، بەرابەرانی فەلسەفەی ئایین و لاهووت دەڵێ: چۆن ئێوە هەوڵتان داوە بە ساغکردنەوە و بەڵگەی هەمەجۆر بوونی ئەو هێزە سەرووی سروشتییە ترانسندێنتییەی لە تەورات و ئینجیلدا بە ڕەب ناوبراوە پشت ڕاست بکەنەوە، لە توانای ژیردا هەیە بە هەمان هێز و گوڕ و تواناوە پێچەوانەکەی، نابوونی ئەو هێزە ساغ و پشت ڕاست بکاتەوە.

**بڕیار و چەمک**

١- کانت گوتوویەتی: «بیرۆکەکان بەبێ ناوەڕۆک بەتاڵن، سەرنجدان بەبێ چەمکەکان کوێر و نابینان(٢٢).»

ئەو دەستەواژەیە خۆی لەخۆیدا بڕیار (حوکم) دانێکە و وشەی چەمکی تێدا بەکارهاتووە، چ دەگەیەنێ و ڕەنگی چ بۆچوونێک دەڕێژێ؟ مەبەست لە چەمک چییە و چ پێوەندییەکی بە بابەتی بڕیاردانەوە هەیە؟!

لە پرۆسەی زانیندا کە بابەتی سەرەکی جیهاندیدی فەلسەفەیی ئیمانوییل کانتە، پێوەندییەکی دەستیاوی

توندوتۆڵ لەنێــــوان چەمک و بڕیاردا هەیە. ئەگـــەر هەســـتـەکـان کـەرەسـەی خـاو (داتا) بدەنە دەست، ئەو کــەرەســەیە بەبێ ڕێکوپێک کــردن نابێ بە زانین، ئەو ڕێکوپێ کــردنە کــە ئەگــەر ئەرکی فــام- ژێر بێ بەبێ هەردوو ڕوخسار و فۆرمی هەستەکی کە کات و شوێن لە کردن نایەت و ناکرێ تێی بگەیشترێ بەبێ بەکارهێنانی چەمکەکــان کــە ژێر خــۆی دەیانداتە دەست. لەوەوە ئەو ئەنجـامـە دەکـەوێتـەوە کـە چەمکەکــان ئەرکی دیار و دەستنیشـانکراویان هەیە و ڕۆڵـی تایبـەتی دەگـێڕن کە بریتـییە لە دابین کردنی پرۆسەی پەی بردن بە جیـهـانی ئەزموونی – بەرهەستەکی و جیهانی دیاردەکان.

٢- ئەگـەرچی چەمکەکــان چەند داهێنراوێکی هزری مرۆڤن کە جێگای بۆچوونیان پێ دەگیرێتەوە، بە تایبەتی لە زمانێکدا کە بیـرکاریی ئاسا بە بنەماکانی دەربڕینی زانســتی پشت ئەســتــوور بێت، بۆیە دەکــرێ بگوترێ چەمکەکان ڕۆڵی سیمبۆڵ و هێما ئەو بابەتانە دەگێڕن کە خـەسـڵـەت و تایبـەتمەندییـەکـانیـان لە یەکـتـری دەچن. گەوهەری چەمک کەوابوو لە سیمبۆڵ بەولاوە نییە کە لە بیرکردنەوەدا دەخرێتە پاڵ بابەتە هاوردەکان کە مرۆڤ لە بارەیانەوە دەدوێ، ئەو بۆچوونە ســەبارەت بە بڕیاردان دەخرێتە چ خانەیەکەوە؟

ئەگـەر چەمکەکــان ســیــمــبـۆڵی بابەتە هاوردەکــانی هەستەکی بن، بڕیاردان خۆی لەو سیمبۆڵە بەولاوە نییە کە پێوەندییەکانی نێوان بابەتەکان دیار و دەستنیشـان دەکـات(٢٣) ئەگـەر مـرۆڤ دەڵێ بەفـر سـاردە. خـۆی لە جۆرە بڕیاردانێک بەولاوە نییـە کـە پێـوەندی نێـوان دوو چەمکی دیار و دەستنیشان کردووە کە واتا و دەلالەتەکە بەهۆی ســەرنجــدان دیاری کــراوە. بەهۆی ئەو بڕیارەوە پێوەندی نێوان بەفر (بنە) و سارد (بار) بەدەر خراوە، ئەو پێوەندییەی سەر بەیەکتری بوونی پێوەندی شمەک- خەسڵەت پشت ڕاست دەکاتەوە.

چەمک و بڕیار پێوەندی دەستیاوی تایبەتی بەیەکەوە دەیانبـەستێتـەوە چەمکەکـان بەهۆی بڕیاردانەوە دەخرێنە پاڵ یەکتری و بەیەکتریـیەوە بەند دەکرێن، دەستەواژەش کە ئەو بڕیارەی پێ دەدرێ لە دەرخســتنی دوو چەمک و پتـر بەولاوە شـتـیـکی دیکە نیـیـە، بە هەمـان شـێـواز بڕیارەکـــانیش هەر بەهۆی چەمکەکـــانەوە توندوتۆڵ هاوبەندی یەکتری دەبن. بەو پێیە ئەو پرۆسەیە ئاڵۆزە کە بە پرۆسەی زانین دادەنرێت بەبێ هەردوو ئامرازی چەمک و بڕیاردان لە کردن نایەت و ئەگەر ئەو پرۆسە سیمبۆڵییە بابەتی ئەنجـام گـیـری خـرایە سـەر، دەچێـتـە نێـو پاوانی تەکنیکی لۆژیکی کلاسیکییەوە.

کاتێک مرۆڤ شتێک دەبێژێ و ئەو شتە گوتراوە، واتا ســوودبەخش بوو، پێـوەندییــەک نیـشــان دەدات، ئەو پێوەندی نیشاندانە خۆی لەخۆیدا بڕیار (حوکم)دانە.

٣- دیاردەکان بە هەر جۆر و شێوەیەک بن لە خۆیاندا ناوەرۆک و بابەت و کــەرەســەی ســەرەکی پەیبــردنی هەستـەکییـان لێ پێک دێت نابن بە بابەتی تێگەیشتن، ئەگەر ژێر چەمکەکانیان بەسەردا جێبەجێ نەکات، ئەو چەمکانە خۆیان لە خودی ژێرەوە سەرچاوە دەگرن و بەهۆی چالاکـیـیـەکی یەکخستن و ڕێکوپێک کردنی مێشکەوە بڕیاریان لە بارەوە دەدرێ، بۆیە دەکـــرێ بگوترێ کـــە چەمکەکــان ئەرکـێکی دیار و دەســتنیـشـــانکراویـان لە ئەستۆدایە کە ڕەنگڕشتنی پێوەندی ناچارەکی نێوان بنە و باری دەســتـەواژە بەرجـەسـتـە دەبێ. ئەوە ئەو بۆچوونەی کانت پشت ڕاست دەکاتەوە کە کات و شوێن لەخۆیاندا سەر بە هێـز و توانای تێبـینی و پەی بردنن و جیـهـانی دەوروبەر ســەرچاوەی کــەرەســەی هەســتــەکــانە، بەڵام مێشکی مرۆڤ ئەو کەرەسەیە بەپێی کات و شوێن ڕێک دەخـات، ئینجـا ڕۆڵی چەمکەکــان دێن کـە بەهۆیانەوە مرۆڤ لە ئەزموون و تاقیکردنەوە دەکات. کات و شوێن خۆیان چەمک نین، بەڵکو فـۆرمی سـەرنجـدان و ڕامـانن Anschauung.

– بڕیار و چەمکەکـان بەپێی ئەو خشـتـەیە کـە کـانت ڕەنگی ڕشتووە دەکرێن بە چوار بەشی جیاوازەوە:

### خشتی بڕیار (حوکم)دان

بەلای کـانتەوە ئەگەر ناوەرۆک لە ڕوخسـاری بڕیاردان دابڕێژێ و abstrahieren بایەخ بە فـۆرمی تێگەیشتن (فـام) بدرێ، ئەوە ئەرکی هزر و بیـرکـردنەوە دەکـرێ لە چوار جۆردا کۆ بکرێتەوە(٢٤):

**یەکەم:** چۆنێتی بڕیارەکان:
– هەمەکی (گشتی).
– تایبەتی.
– تاک.

**دووەم:** چەندێتی بڕیارەکان:
– ئارێ (لەبار).
– نارێ (نالەبار)
– بێ کۆتایی Unendliche

**سێیەم:** پێوەندی بڕیارەکان:

- ڕەها.
- مەرجەکی پەیوەست.
- مەرجەکی دابڕاو.

**چوارەم:** مۆدالی بڕیارەکان:
- ڕێتێچوون.
- گوزارە.
- ناچاریی.

**خشتی چەمکەکان**

بە هەمان شێواز کانت چەمکەکان بەسەر چوار پشکدا دابەش دەکات، ئەو دابەشکردنە بەپێی بنەمای توانای بڕیاردان و بیرکردنەوە ڕەنگڕێژدراوە(٢٥):

**یەکەم:** چەندێتی چەمکەکان.
- یەکڕەنگی.
- هەمەڕەنگی.
- هەمەکی.

**دووەم:** چۆنێتی چەمکەکان.
- هەڵکەوت.
- ناکردن.
- سنوور بۆ دانان Limitation

**سێیەم:** پێوەندی چەمکەکان.
- گەوهەر و ڕووکەش.
- هۆکار و ئەنجام.
- کارلێک کردنی دەستیاوی (کارلێکردن و کارلێکراو).

**چوارەم:** مۆدالی چەمکەکان.
- شیاوەکی، ناشیاوەکی.
- بوون، نا بوون.
- ناچاریی، ڕێککەوت.

بەلای کانتەوە گرینگی بوونی چەمکەکان بەوە ساغ و پشت ڕاست دەکرێتەوە کە بەبێ ئەوان زانین- بڕیاری ئەزموونی لە کردن نایەت. خۆبواردن لەو چەمکانە و پشتگوێ خستنیان جۆرە گومان و ئەگەرێک دەورووژێنێ، چونکە بوونی ئەو چەمکانە مەرجێکی پێشییانەی زانینی ڕاستەقینەن، بۆیە زانینی ئەزموونی بەبێ چەمکەکان دەستگیر نابێت. زانین بە هەموو شێوازەکانیەوە لە دوو پشک پێکهاتووە:

- پەیبردنی هەستەکی کە بەهۆی ئەو کارەی دەوروبەر لە هەستەکان دەیکەن، دەکەوێتەوە.
- لایەنێکی پێشییانە کە لە سروشتی ژیرەوە پەیدا دەبێ و بەهۆی چەمکەکانیەوە مرۆڤ لە پەیبردنە هەستەکییەکان تێدەگات(٢٦).

**پرۆسەی زانین**

١- ئەگەر ئەو دەستپێشخەرییە بۆ جۆن لۆک تۆمارکرابێ کە هەوڵی لێپێچینەوەی ئامرازەکانی زانینی دابێ و ویستبێتی ساغی بکاتەوە تا چەند توانای زانینی مرۆڤ بڕ دەکات و لە چ سنوورێکدا دەوەستێ، ئایا ژیر، یان تاقیکردنەوە ئەو ئامرازانە لەو پرۆسەیەدا دەکرێ پشتی پێ ببەسترێ؟ ئەوە کانت لەلای خۆیەوە ئامرازی ڕەخنەی کردووە بەسەر پشک و لەو ئەرکەیدا ژیری بە دەرنەگرتووە، بەڵکو یەکەم جار تیری ئەو ڕەخنەیەی ئاراستەی ژیر کردووە و ئۆباڵی کێشەی زانینی خستۆتە ئەستۆی و خستوویەتییە قەفەزی دادگایی کردنەوە.

**کانت گوتوویەتی:**

ئەو سەردەمەمان بە تایبەتی سەردەمی ڕەخنەگرتنەکە(٢٧) دەبێ کە هەموو شتێک بگرێتەوە و دەستی بە هەموو لایەکدا بگات، تەنانەت ژیر خۆیشی ناکرێ لەو ڕەخنەگرتنە بەدەربێ.

ئەگەر جۆن لۆک لە بابەتی پرۆسەی تیوری زانیندا نەخشەی جوگرافیای مێشکی مرۆڤی کێشابێ و باسی کردبێ چۆن مێشک بیروبۆچوونەکانی ڕەنگ دەڕێژێ و ئەو کارە شرۆڤەکردن و لێکدانەوە بێ و کێشەی سەرەکی بابەخی زانین چارەسەر نەکات، ئەوە ئەو ئەرکەی کانت چۆتە ژێر باریەوە شیکاری بێ و هەوڵ بدات ژیر خۆی ڕەخنە بکات هەر لە سەرەتاوە پرسیارێک لەسەر شێوە و شێوازی کێشەیەک کە بە ئاسانی بەلایەکدا ناخرێ دەورووژێنێ، چ هێزێک، چ ئامرازێک ئەرکی ڕەخنەکردنی ژیری پێ دەسپێردرێ؟ دەکرێ لە ژیر بەولاوە هێزێکی دیکە هەبێ ئەو ئەرکە جێبەجێ بکات؟ ئەگەر وەڵامەکە بە نا بێت، دووبارە ئەو پرسیارە دەکرێتەوە: دەکرێ ژیر خۆی وەک ئامرازێک دوو ڕۆڵ بگێڕێ؟ ڕۆڵێک ڕەخنەگر و ڕۆڵێکیان ڕەخنەلێگیراو بێ؟ دەکرێ مرۆڤێک خۆی دادوەر و تۆمەتبار بێ لە یەک کاتدا؟

وەڵامی ئەو پرسیارانە سێ لایەنی هەیە: ئیپستمۆلۆژی، لۆژیک و میتافیزیک و ناوەرۆکی شاکاری ڕەخنەکردنی ژیری بێگەرد لە چوارچێوەی ئەو بابەتە بە گشتی نەچۆتە دەرەوە، بۆیە دەبێ لە سەرەتاوە سەرنجی خاڵە سەرەکییەکانی ئەو شاکارە بدەین، ئەوەندەی پێوەندی بە وەڵامی پرسیارەکانەوە هەیە، ئینجا

ڕاستەوخۆ بێینەوە نێو کایە و دەڤەری پرۆسەی زانین کە لایەک لەو دوو ڕۆڵە دەکاتەوە کە کانت بە ژیری سپاردووە.

٢- ئەگەر مرۆڤ بە وردی لە ناوەرۆکی شاکاری ڕەخنەی ژیری بێگەرد ورد بێتەوە و لەگەڵ ئەو توێژینەوە و لێکۆڵینەوانەدا کە لەچوارچێوەی چالاکی ئەکادیمی بە زمانە جۆربەجۆرەکان لە بارەیەوە نووسراون و پێشکەش کراون دێتە سەر ئەو باوەڕە و لەو بڕوایەدا دەبێ کە سێ بابەتی سەرەکی کەرەسەی توێژینەوەی ئەو شاکارەن:

**یەکەم:** دیاردە و شت لەخۆیدا.

**دووەم:** میتافیزیک چۆن بکرێت بە زانست؟

**سێیەم:** سەرچاوەکانی زانین بە تایبەتی وەرچەرخانی کۆپەرنیکۆسییانە.

**سەرچاوە و پەراوێز:**


1- Franz Schupp.: Geschichte der Philosophie im Uberblick. Bd. 3. Neuzeit. Meiner- Hamburg. 2003. S.332. ff.

٢- جون لويس مدخل الى الفلسفة. ترجمة: أنور عبدالملك دارالحقيقة بيروت ١٩٨٣، ص١٢٠.

3- Immanuel Kant.: Kritik der reinen Vernunft. Meiner Hamburg. 1978. A.805. B.833.

4- Heinrich Heine.,: Historisch- Kritische Gesamtausgabe der Werke. Bd. 7-1. Hamburg 1979.

5- Immanuel Kant.: k.d. r. Vernunft. Vorrede Zur ersten Auflage. A.XII.

6- Immanuel Kant.: Kritik der Praktischen Vernunft. Werke. 3. Konemann. Koln 1995. Para. 162. S.480.

7- Immanuel Kant.: k.d.r. V. Vorrede. A. V111.

8- Immanuel Kant.: Ebenda. A.738. B. 766.

9- John Locke.: Versuch Uber den menschlichen Verstand. Bd.1. Buch.1. und 2. Meiner- Hamburg. 2006. S.107.ff.

١٠- د. محمد فتحي الشنيطي: جون لوك. دراسة نقدية لفلسفته التجريبية. بيروت ١٩٦٩، ص٤٦ فما بعد.

11- Immanuel Kant.: k.d.r. V., (A. 7).

١٢- د. محمود فهمي زيدان: كنط و فلسفة النظرية. الاسكندرية ٢٠٠٤، ص٥٠.

- هەروەها بڕوانە:

- Immanuel Kant.: Prolegomena Zu einer jeden Kunftigen Metaphysik, die als Wissenschaft Wird auftreten konnen. In: Werke. 3. Konemann. Koln. 1995. S.11.ff. (para. 257).

13- Immanuel Kant.: k.d.r. V. Vorrede Zur ersten Ausgabe. A.VII.

14- Immanuel Kant.: k. d. r. V. (A.426. B.454).

15- Immanuel Kant.: k. d. r. V. (A.426. B.455).

16- Immanuel Kant.: k. d. r. V. (A.434. B.462).

17- Immanuel Kant.: k. d. r. V. (A.435. B.463).

18- Immanuel Kant.: k. d. r. V. (A.444. B.472).

19- Immanuel Kant.: k. d. r. V. (A.445. B.473).

20- Immanuel Kant.: k. d. r. V. (A.452. B.480).

21- Immanuel Kant.: k. d. r. V. (A.453. B.481).

22- Immanuel Kant.: k. d. r. V. (B.76. A.51).

23- Moritz Schlick., Allgemeine Erkenntanis Lehre. Stw. 269. Frankfurt am Main 1979. S.57.ff.

24- Immanuel Kant.: k. d. r. V. (A.70. B.95).

25- Immanuel Kant.: k. d. r. V. (A.80. B.106).

٢٦- د. كريم متى: الفلسفة الحديثة. ليبيا ٢٠٠١، ص٢٤٩.

٢٧- بڕوانە پەراوێزی ژمارە (٥)

# مێژووی گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە

وریا ئەحمەد

**مامە قالەی سووتوو**

ناوی تەواوی (مامە قالە عەبدوڵڵا ئەحمەد)ە، ساڵی (١٣٠٥)ی هەتاوی بەرانبەر بە (١٩٢٦)ی زایینی لە گوندی (نزنێ)ی سەر بە شاری (بانە) هاتۆتە دنیاوە. ماوەی (٣٠)ساڵیشە لێرە لە باشووری کوردستان بە ناچاری ژیانی پەنابەری دەباتە سەر. دیارە کەسێکی نیشتمانپەروەر بووە و زیندانیش کراوە و لەسەر ئەو هەڵوێستەی دواجار ئاوارەی وڵاتی خۆی بووە. کاتی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کاری کشتوکاڵی کردووە و لەو ڕێگەیەوە بژێوی ژیانی خۆی و خێزانی دابین کردووە.

* بەو پێیەی ئەمڕۆ تەمەنتان (٨٥) ساڵە، گەر لەبیرتان مابێ، سەردەمی منداڵی و مێردمنداڵیتان وەک خۆتان دەڵێن: (قام)(١) لای ئێوە لە چی بۆنەیەکدا گوتراوە؟

– ئەو سەردەمانەی باسی دەکەیت لە ناوچەی ئێمە شێوە گوتنەکانی وەک: (خاڵەی ڕێبوار، حەیران، یار غەزال، کورتێ) و هی دیکەش هەبوون، ئەوانەش زۆرتر لە (مەجلیس) و (دیوەخان) دەگوتران. دیارە گوتنی (داوەتان)یش هەبوو، کە شایەرەکان بە خەڵکیاندا هەڵدەگوت، ئەوانەی ناویانم وەبیر ماوە: (باوکی خاڵە سەعەی ـ ئەحمەد پەیمانە) و (مام سەلیم) ئەوانە بێ حەد دەنگیان خۆش بوو، ئەگەر لەم زەمانەدا بوونایە بێشک کەسی ناوداریان لێ دەردەچوو. ئەوانەش هەر لە دیوەخانەکان دەیانگوت، زۆرتر ئەو شێوە گوتنانەی زووتر ناوم بردن ئەوانەیان دەگوت.

* تۆ باسی تاقمە گۆرانیبێژێکی شایەرت کرد، کە لە شایی و داوەتان بە سەر خەڵکیاندا هەڵگوتووە، ئەگەر



**مامە قالە**

لەبیرت ماوە، بەڵکو ناوی ئەوانەیش بڵێیت؟

– شـــایەرەکـــان لەوانی ســـەرەوە تازەترن بۆ نموونە: (ئیبراهیمی قادری، ڕەسووی نادری) و هی دیکە بوون.

* ئێـمە مـەبەسـتـمـان لە نەوەی پێشـوترە، بۆ نموونە: عەولای سنجانیّ و مەلا حوسێنی عەبدوڵلا زادە و مەنیج حەیران و ئەوانی دیکەیە؟

– ئەوانەی ناویانت برد، لە (بانە) نەبوونە، بەڵکو لە ناوچەی (مـەهاباد)یّ بوونە، لای ئێـمـە گـۆرانیـبـێـژی شـایەری تایبـەتمەندی ئەو بوارە وەک ئەوەی مـەهابادیّ نەبووە، بەڵکو لەجیـاتی ئەوە لە شـایـیدا ٢ – ٣ کـەس دەیانگـوت و ئەوانی دی بۆیان دەگـــێـــڕانەوە، بەڵیّ کەسانێکیش هەبوون پێیان دەگوتن (لۆتی)، ناو ناوە لە (بێجار)یوە(٢) دەهاتن (دەهۆڵ) و (زوڕنا)یان پیّ بوو، هەندیّ لەوانە (ورچ) و (مـەیموون)یشـیـان پیّ بوو، جـا دەهۆڵ و زوڕنایان لیّ دەدا و مـــەیموون و ورچیـــان هەڵ دەپەڕاند، ئەوانە دیّ بە دیّ دەگـەڕان بۆ ئەوەی خـەڵکی پوول و پارەیان بداتیّ.

* وەک بیرت بێت (تەکیە) لە شاری بانە هەبوو؟

– بەڵیّ (شـێخ مـەلا قـادر) و (شـێخ شـەمـسـەدین) هەبوون، ئەوانە تەکـیـەیان هەبوو، کـاریان (ئیـرشـاد – ئاراسـتـەکـردن)ی خـەڵکی بۆ ئایینی ئیـسـلام بوو، دەروێشی دەفژەنیان هەبوو، دەروێشی دیکەیشیان هەبوو زەرگیان لەخۆیان دەدا!

* لە شـاری بانە (کـاروانسـەرا، یان خـان) و (قـەتار، یان کاروانچی) هەبوون؟

– لە بانە نەخێر، بەڵام لە (بۆکان)یّ هەبوون، لە بیرمە لەویّ (حاجی عەبۆی بۆری) هەبوو، پیـشـەی کـاروانچی بوو، (بارگین)ی هەبـوو، هاتوچۆی دەرەوەی دەکـرد، لەو پیشەیەدا کەسێکی بەناوبانگ بوو، دەیانگوت: زۆرتر بۆ لای (شام) چووە، بەڵام چونکە لە ئێمـەوە دوور بووە، بە تەواوی ئاگادار نیم هاتوچۆی کام شار و وڵاتی کردووە.

**پەراوێز:**

١– قـام: بەڕای ئێـمە وشـەیەکـە کـورتکراوەی زاراوەی (مـــەقـــام)ـە، کـــەچی لە هەندیّ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بە واتای (گۆرانی) بەکاری دێنن ـ (وریا).

٢– بێـــجـــار: کـــەوتۆتە ســـەرووی (مـــیـــاندواو)یّ، دانیشتوانەکەی کوردن.

## مەلامحەمەدی ڕەسووی سولێمان

ئەو پیـاوە بە مـەلا مـحـەمـەدی عـوسـمـانی ناسـراوە، لە دێی (نەمـەنجیّ)ی سـەر بە شـاری (پیـرانشـار ـ خـانیّ) ساڵی (١٣١٥)ی هەتاوی بەرانبەر بە (١٩٣٦)ی زایین هاتۆتە دنیـــاوە. ژیانی گـەنجی و لاوی وەک (فـەقیّ) بەسـەر بردووە، تا دواجـار بووە بە مـەلا. مـاوەی (٢٩) ساڵە لێرە لە باشووری کوردسـتان لە نزیک شـاری کۆیە لەگەڵ دەیان کوردی دیکەی نیشـتمانپەروەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە ناچاری ژیانی ئاوارەیی بەسەر دەبات.

* سەردەمی منداڵی و مێردمنداڵیتان ئەگەر لەبیرتان مابێت، گۆرانی لای ئێوە لە چی بۆنەیەکدا گوتراوە؟

– لەبیرمە لە سیّ چوار بۆنەدا گۆرانی گوتراوە:

(١) لە شایی و کاتی بووک گواستنەوەدا.

(٢) لە (دیوەخـــان) و لە (مـــەجلیس) و لە کـــاتی سەردان و هاتوچۆدا.

(٣) لە هەرەوەزی (دەغـڵ) و لە کــــاتی (دروێنە)، هەروەها لەسەر (جۆخین)یش گوتراوە.

(٤) یان کـۆمـەڵێـک کـەس لە مـاڵێکدا کـۆبوونەتەوە، چونکە ئەوسا هیچ جۆرە ڕێگەیەکی دیکەی کات ڕابواردن نەبووە، دەستیـان بە (بەیت) و (حەکایەت) و (گوتن) و



مەلا محەمەد

(یاری) کردووە.

* لە شاری خانێ (تەکیە) هەبوو؟

– زوو نەبوو، بەڵام بەم دواییانە ساڵی (١٣٢٤)ی هەتاوی (١٩٤٥)ی زایین، شێخی (بیارە) هاتە خانێ و (خانەقا)یەکیان کردەوە، بە ناوی (خانەقای شێخی بیارە) کە تا ئەمڕۆش هەر ماوە، تێیدا (خەتم)ی (نەقشبەندی) بەڕێوەدەچوو، بەڵام (دەف لێدان) و (زیکر)ی تێدا نەبوو. تەنیا ڕۆژانی هەینی خەڵک تێیدا کۆدەبوونەوە.

* لە شاری خانێ (کاروانسەرا)، یان (خان) و (قەتار)، یان (کاروانچی) هەبوون؟

– نەخێر، چونکە شارەکە نەکەوتبووە سەر ڕێی کاروانەوە، «مامۆستا (جەلیلی گادانی) کە لە کاتی ئەو چاوپێکەوتنانەدا ئامادە بوو،(١) لێرانەدا هاتە قسە و گوتی: کاتی خۆی شای ئێران هاتۆتە شاری خانێ و ناوی (پیران شەهر ـ پیران شار)یش ئەو بۆ شارەکەی داناوە، ئەوەش بە بۆنەی (هۆز، یان ئێڵ، یان خێڵ)ی (پیران) کە کەوتۆتە ئەم ناوچەیەوە.» لێرە جارێکی دی رووی پرسیارم کردەوە مەلا و ......

* ناوی ئەو کەسانەت وەبیر ماون کە لەو بۆنانەی زووتر باست کردن گوتوویانە؟

– زۆریانم وەبیر ماوە، یەکێک لەوانەی گۆرانی، یان بەیت و باویان دەگوت: (حەمەدئاغای بەیتبێژ)ـە ماڵی لە دێی (کانییە باغ)ێ بوو، ئەو دێیە کەوتۆتە نێوان پیرانشار و مەهابادێ، بەڵام لە خانێوە نزیکترە، ئەو پیاوە (حەیران)یشی دەگوت، دەنگیشی خۆش بوو، بە چاوی خۆم دیتوومە کە گوتوویەتی، تەنانەت لە ماڵی خۆشمان گوتوویەتی.

* لە کاتی ئەو گوتنانەدا کەسێک هەبووە بۆ نموونە: بە ئامێرێکی موزیکەوە هاوکاری حەمەدی ئاغای بەیتان، یان ئەوانی دی بکات؟

– ئەوەم نەدیوە، لە وەڵامی پرسیارێکی دیکەدا گوتی: ئەو حەمەدئاغای بەیتانە پیشەی خۆی کە بژێوی ژیانی لەسەری بوو، دەچوو بۆ نێو (جەنگەڵ) شوێنێکی کە داروباری زۆرە، لەوێ (گۆچان – گۆپاڵ)ی دروست دەکرد و دەیفرۆشتن.

* ئەدی لە بۆنەکانی دیکەدا کە زووتر باست کردن، لەوانەشدا هیچ ئامێرژەنێکت نەدیوە؟

– بەڵێ دیومە، (تووزەلە – دووزەلە) و (دەهۆڵ)م دیتووە لێ دراوە، ناوی یەکێک لەو موزیژەنانەم بیرماوە کە (عەلی تووزەلە)یان بانگ دەکرد، خەڵکی دەوروبەری پیرانشارێ بوو، گۆرانیبێژی دی هەبوون، لە کاتی ڕێوڕەسمی مەزهەبی وەک: ئیجازەدانی مەلایان و مەولوودنامە دەیانگوت، لەوانەش (مەلا عەباسی دەنگخۆش) خەڵکی دێی (سێڵوێ)ی نزیک پیرانشار بوو، لە هەمان کاتدا (ڕەسووی نادری)ش هەبوو، ئەمەیان شێوازی دنیایی دەگوت، کەسێکی دیکەی زۆر دەنگخۆش هەبوو بە نێوی (مەلا ڕەحیمی دەنگخۆش)، بەیت و باوی نەدەگوت، بەڵکو (حەیران) و (قەتار)ی دەگوت!

* کەواتە شێوە گوتنی (قەتار) لە داهێنانی گۆرانیبێژ (محەمەدی ماملێ) نییە، بگرە پێش ئەویش هەر هەبووە؟

– بەڵێ، دەتوانم پێت بڵێم کە محەمەدی ماملێ و ئەوانی دی ئەو قەتار و شێوە گوتنانەیان لە گۆرانیبێژان مەلا ڕەحیم و مەلا عەباس دەنگخۆشەوە فێربوون! دیارە ئەوانیش لەوانی پێش خۆیانەوە و بەو شێوەیە تا بە ئەمڕۆ گەییون.

* وەک لەبیرت بێت لای ئێوە (سوارسوارانێ) هەبوو، کە لە ناوچەکانی کوردستان (جلیتانێ) و (مەیتەرخانە)

و ناوی دیکەشی هەیە؟
– لای ئێمە پێی دەڵێن (شەڕناخێوی)!(٢) هەرچەندە ئەو شەڕناخێوییە لەگەڵ (جلیتانێ)(٣)دا جیاوازییان هەیە.
* ئایا لەگەڵ ئەو یارییانەی سەرەوەدا، مەبەستم لەگەڵ شەڕناخێوی و جلیتانێ، موزیک لێ دەدرا؟
– بەڵێ، بە تایبەتی شەڕناخێوی بەبێ موزیک کەم گوزەراوە، تەنانەت ئەسپەکانیش لەگەڵ دەنگی موزیک ڕاهاتبوون، ئەمەش لە جووڵانەوەی دەست و قاچەکانیاندا بە ئاشکرا دیار بوو.
* ئەگەر بیرت مابێت چ جۆرە ئامێرێکی موزیک لەگەڵ ئەو شەڕناخێوییە لێ دەدرا؟
– ئامێری (بلوێر ـ بلوول) و (زوڕنا و دەهۆڵ) و (دومبەک) بوون. لێرە مامۆستا (گادانی) هاتە قسە و گوتی: «کەسێکی دیکەی دەنگخۆش هەبوو، بە نێوی (سێمانی مارفاغای شاوەلە)ی کە لەگەڵ محەمەدی ماملێ پێکەوە گۆرانییان گوتووە، لە تەمەنی ئەواندا بوو، دەنگی خۆش بوو بەیت و باویشی دەگوت، بەیتێکی دەگوت بە نێوی (ئەسپی کانەبی) باسی ناوچەیەکی دەکرد پێی دەڵێن (پەڵاساو) کەس نەبوو ئەو بەیتە وەک ئەو سێمان ئاغایە بڵێت، لە وەڵامی پرسیارێکدا گوتی: نەماوە و کۆچی دوایی کردووە.» مەلا عوسمانی درێژەی بە قسەکانیدا و گوتی: پیریش هەبوون بۆ نموونە (سەعیدی حاجی سێمانی) خزمی ئێمەش بوو، بەیتەکانی وەک (سیامەند و خەجێ) و (مەم و زین) و (ناسر و ماڵ ماڵ)ی دەگوت.

**پەراوێز:**

(١) شایانی سوپاسە کە بە هەوڵ و کۆششی مامۆستای بەڕێز (جەلیلی گادانی)، ئاسانکاری ئەو چاوپێکەوتنانەمان بۆ کراوە، خۆیشی لە کاتی چاوپێکەوتنەکان هەر لەگەڵماندا بووە.

(٢) شەڕناخێوی: بریتی بوون لە (١٠ – ١٢) کەس ڕەنگە زیاتر، یان کەمتر سواری ئەسپ دەبوون و بە شێوەی بازنەیی بە دوای یەکدا دەڕۆیشتن و دەگەڕانەوە، دوایی بەلایەکی دیکەدا بایان دەدایەوە و پێچاوپێچ دەڕۆیشتن، ئەمە وەک نمایشێکی ئەسپ سوارەکان بوو.

(٣) جلیتانێ: زۆرتر لە ماڵە ئاغا و سەرەک هۆز و کەسانی دەست ڕۆیشتوو دەبوو، لە کاتی بووک گواستنەوە و ئەوانەدا بەڕێوە دەچوو، ئەمەیان: دووکەس دووکەس، یەکێکیان سواری ئەسپ دەبوو، ئەوی دیکەیان دارێکی بە دەستەوە بوو، بەو دارەیان دەگوت (جلیت)، دارەکە درێژییەکەی لە دەوری مەترێکدا بوو، لە هەمان کاتدا ئەستوور بوو، جا ئەسپ سوارەکە غاری دەدا و کابرای جلیت بەدەستیش دارێکی ڕادەوەشاندە ئەسپ سوارەکە! وا دەبوو بە پشتی دەکەوت و دەیخستە خوارێ، جاریش هەبوو بەری نەدەکەوت، کابرای پیادە جار جارە جلیتەکەی بە عەردی دادەدا و دارەکە هەڵدەبەزییەوە، چونکە سەری دارەکە پان بوو، ئەوەش بۆ ئەوە بوو ئەسپ سوارەکە بیگرێتەوە و لێهاتوویی خۆی نیشان بدات.

**تێبینی:**

ئەم چاوپێکەوتنانە ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٠١١/٥/١٩ لە دووڕێیانی کۆیە و هەولێر و کەرکووک لای کوردانی نیشتمانپەروەری ئاوارەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەنجام دراوە کە لێرە نیشتەجێن و مخابن ژیانێکی کولەمەرگی بەسەر دەبەن.

# فیلمی ئاڤاتار Avatar

ئا: خەسرەو حەمەکەریم
(سلێمانی)

فـــیلمی ئاڤــاتار زەنگێکە بۆ پاراســتنی ئاووهەوا و سروشت بەگشتی بۆ هەموو ئەوانەی کە پێیان وایە کارگە سروشت کاولکەرەکانیان لە خزمەت مرۆڤایەتیدایە.
**(کامیرۆن)***

فیلم: ئاڤاتار
دەرهێنەر: جیمس کامیرۆن
نووسەر: جیمس کامیرۆن
نواندنی: ســام ورزینجــز، زوی ســالدانا، جــیــۆڤــانی ریبسی. سیجورنی ویفەر.
مۆسیقا: جیمس هورنەر
بەرهەمهێنەر: نیوزکۆرپ، سینتشوری ڤۆکس
کاتی نمایشکردن: ٢٠٠٩/١٢/١٨
ماوەی فیلم: ١٦٢ خولەک
زمانی سەرەکی فیلم: ئینگلیزی
خەڵات: ٣ ئۆسکار، گۆڵدن گلوپ
تێچوون: ٢٣٧ هەزار دۆلار
دەستکەوت: ٢,٦٧٨,٥٢٩,٦٥١ دۆلار
دەرهێنەر: جیمس کامیرۆن James Cameron
لـەدایـکبـــــــووی ســــــاڵـی ١٩٥٤ لـە شـــــــاری (کابۆسکاسینگ)ی سەر بە ویلایەتی ئەونتاریۆی وڵاتی کەنەدایە، دەرهێنەرێکی ناوداری ئەمەریکی/کەنەدییە، خـاوەنی سێ خـەڵاتی ئەکـادیمی ئۆسکار و دوو گـۆڵدن گلوپی ئەمــەریکاییــە، ناســراوە بە فــیلمی پێکدادان و خەیاڵی زانسـتی، دیارە ئەم جۆرە فیلمانەش لەبەر زۆری هەواداران بەو ڕێگایە، هەم لەتێــچــووندا قـــوتداری مۆڵێکی زۆر لە خەرجییە و هەم پەیداکەر، یان لە فیلمە سـەر بە ڕزقـەکـانە. فـیلمـەکـانی کـامـیـرۆن وازییـەکی ئاشکرایە لەنێـوان مـرۆڤ و ڕوانگەدا، هەر لەسـەرەتای

دەسـپـێکی کـارکـردنی ئەم داهێنەرەوە ، کـارەکـانی بەسـتـراون بە نوێتـرین جـۆر لە داهێنانە هونەرییـە بەدەستهاتووەکانی سەردەمەوە بە چیرۆک، یان ناوەرۆکی فـیلمـەکـانییـەوە، کـامیـرۆن هەمیـشـە سـەرقـاڵی ئەو سیناریۆیانەیە کە پێشتر دەیان ساڵ بەر لە وەبەرهێنان، یان دەرهێنانی فیلمەکان، دەگەڕێت و وازناهێنێت هەتا تەزوویەک لەئامـانج لە قـالب دەدات و دەیانکاتە ناوەرۆکێک کە هونەری سینەما ئاوسبکات بەو کارەی کە بە بێ باکی خودی خـۆی وەک مـامـان دەریان دەهێنێت، فیلمەکانی کامیرۆن لە فۆتۆکانی ڕیکلام بۆکردنیانیشدا سەرەگوریسێک بە دەستەوە دەدەن، کە لەدووری بەرواری نمایشکردنەکەی چاو ئۆقرەی نامێنێت.

ئەگـەر دروسـتـبـوونی مـرۆڤ، یان لەدایکبونی ساوایەک کاری خودابێت، ئەوە بێ گـومـان کـاراکـتـەرە خەیاڵییەکانی نێو ڕۆمان کە هەندێک جار دەچنە سەرزاری ملیـۆنان مرۆڤ، سـەدان هەزار کـەس لە جـیـهـاندا لەخـۆیاندا بەرجەسـتـەی دەکـەن، ئەوە خەلقی هزری ڕۆمـاننووسـەکـانە، ئەوی کـاری تێـهـەڵکێـشکردنی ئەم دوو کەسایەتییـە خەیاڵی و حەقیـقـییـەی دەکەوێتە ئەستۆ، بێ گومان دەرهێنەرە سـینەمـاییـەکـانن، ڕۆمـاننووس و دەرهێنەر گەر کارەکەیان سووکتربێت لەکاری خودا لە دروستکردنی مرۆڤێکدا، ئەوە بێ گومان کارەکانیـان قورسترە لەکاری خودا لەبەرجەستـەکردنی کارەکتەرێکی خەیاڵی نەبووی ناسراو بە زاری ملیۆنان، کردنی گـیانی ئەکتـەرێک بە نێـو گـیانی کارەکتـەرێکی خەیاڵییـەوە و بەرجەستـەکردنی وەک مرۆڤێکی بوو، لە کەشوهەوایەکی لەنەبوو داتاشراو و لەئەستێرەیەکی دوور، دروسـتکردنی گـەلێک و دابەشکردنی بەسـەر چەند خـێـڵـێکدا و ئامـادەکـردنی بەشـێـوەیەک، یان بەرجەستـەکردنی وەک ئەوی ئێمـەی مرۆڤ لای ئەوانی ئەوپێی زمان جودا (زمانەکەش وەک فیلمەکە بۆ دروست کراوە) گەیاندنی پەیامە مرۆییەکەی، یان تراژیدییەکەی لەرێی دەرهێنەرەوە بۆ سینەما.

دەیان سـاڵە زاناکـان و گـەردوون و دەرەوەی گـەردوون پشکێنەرەکان، گەییـوون بەسەرە دەزووی ئەوەی بوێرن بە سەرلەقاندنێک لەبری نا ، یان بەڵێ، شتێک لە هیوای تێـدابێت، کـە لە ئەودیو ئەسـتـێـرەکـەی ئێـمـە لەوانەیە گیاندارێک لە ژیانی ناو ئەستێرەیەکی دیدا ببێت، وەلێ خەیاڵ چونکە سنووری نییە ، ئێمەشی بە خۆیەوە گرێ دا و گـەیاندینیـیـە یەکـێک لە ئەسـتـێـرەکـان، ئۆباڵی ئەم داهێنانە گەورەیەیش کەوتە ئەستۆی جیمس کامیرۆن.

دیارە دەرهێنەرانی بواری سـینەمـا بەپێی سنووری توانایی تەکنیک و زانست لە بواری هونەری سـەردەمدا خەیاڵەکـانیـان دەگـونجێنن، وەک گوتمان خەیاڵ سنووری نییە ، هەرچۆن حەقیقەت ئەوپەڕی خەیاڵە، وەلێ زانست نەگەیشتووەتە ئەوپەڕی خەیاڵ، سنووری فیلم یەکسانە بە سنووری خەیاڵ، وەلێ کە دەرهێنەر دەخوازێت خـەیاڵەکە بەهەرچی چۆنێک بووە لە فـیلمـەکـەیدا کـۆبکرێتـەوە و



کـوالیـتـێت لەئاسـتی، یان باشـتـر لەئاستی ئەوی خـۆی پێـشـبـینی بۆ کـردووە بـکات، دەکـرێت و دەگـونجـێت و ئامـادەببـێت، ئەوە ڕێوی بە پیـربیـەوە هاتووە، وەلێ کـاتێک تەکنیک و زانسـتی هونەری سـەردەم لەکـاتی خۆیدا ئامادە نابێت، ئەوە وەک هەردوو باشترین فیلمی پڕ داهاتی دنیا (تەیتـانیک و ئەڤاتار) دەبێت دەرهێنەر ددان بەخـۆیدا بگرێت، تەیتـانیک بە سـێـزدە سـاڵ هاتەبەرهەم و ئاڤاتاریش بە پازدە ساڵ، وەلێ دەرهێنەری هەردوو فیلمەکە بە کەمتر لە نۆ مانگ لەدایکبوون.

دیارە هەرچۆن فـیلمی سێ ڕەهەندی نوێ نییـە و دەیان سـاڵە کـاری تێـدا دەکـرێت، هەر ئاوەهایش فـیلمی گـەردوونی، یان نێـو بۆشـایی ئاسـمـان کـۆنەو نموونەیان زۆرە، وەک فـیلمی زنجـیـرەیی سـتـارتریک و ئی تی و ...تاد. وەلێ ئەم چەشنە لە فـیلم، یان فـیلمی ئاڤـاتار، بەبۆچوونی ڕەخنەگـرانی سـینەمـا و هونەر، بووە خـاڵی

دەستپێک بۆ قۆناغی نوێی سینەمای هاوچەرخ.

## بیرۆکەی فیلمی ئاڤاتار

لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٩٤ دەرهێنەر ٨٠ لاپەڕەی وەک بیرۆکەی چیرۆکەکەی ئامادەکرد، کە لە ڕاستیدا بڕیاربوو یەکسەر دوابەدوای تەواوبوونی فیلمی تیتانیک دەست بە وێنەگرتنی فیلمی ئەڤاتار بکرێت، وەلێ وەک دەرهێنەر ئاماژەی بۆ کردبوو، لەو کاتەدا زانستی هونەری قورسایی تەکنیکی فیلمەکانمی پێ هەڵنەدەسووڕا، وەک ئەوەی من لە خەیاڵی خۆمدا دەمهێنا و دەمبرد، وەلێ ساڵی ٢٠٠٥ هەندێک لە داهێنانە هونەرییە پێشکەوتووەکانم وەک نموونە پێگەیشت و کەوتمە بەدواداچوون لێی، چرای سەوزم لەخەیاڵی خۆمدا بۆ هەڵبوو و ئەوەبوو لە ساڵی ٢٠٠٦ دوای دەستکاریکردنێکی زۆر چیرۆکی فیلمەکەم لە چەند پەڕەیەکدا خستە هەردوو لەپی دەستمەوە، هەر لەو ساڵەشدا یەکەم (سینە) بەشی یەکەمی فیلمەکەمان خۆی لەکاری وێنەگرتن دا لە جزیرەی هاوایۆ لە نیوزیلەنددا.

## مانای ئاڤاتار

هندۆسەکان بەپێی چاوگی بڕواکەیان هەمیشە بەپەرۆشەوە لە چاوەڕێی دابەزینی درەنگ، یان زووی (کالکی ئاڤاتار)دان، کە ئەمەیش هاوشێوەی ئەو چاوەڕوانییەیە کە شیعەکان بۆ دوایەمین ئیمامی خۆیان (محەمەدی مەهدی) هەیانە، بێ گومان مەسیحییەکانیش لە چاوەڕوانی(دڵسۆزیان، یان خەمخۆر)ەکەیاندان، بەپێی دابونەریتی هندۆسەکان ئاڤاتارات ئەو خوایەیە، کە لەئاسمانەوە دادەبەزێت و لەم هەموو نایەکسانی و دڵڕەقی و خوێنڕشتنەی دنیای تەنیوە ڕزگاریان دەکات، دیارە لای ئەوان ئاڤاتارات دانەیەک نین و نزیکی دە خودان، ئەوان زۆرترین چاوەڕوانییان لە (فیشنو)ەکە کە دێت و دوای ئەوەی ئاهێک دەداتەوە بە دینەکەیاندا و ژیان بۆ ناو ئەو هەموو کاولکاری و سووتاندن و داڕمانانە دەخاتەوە و ژیانێکی نوێ بۆ دنیا و زەمین دادەڕێژێت، کە زۆر نابات مەڕ و گورگ پێکڤە لە کانییەک ئاو دەخۆنەوە، دواتر هندۆسەکان لە چاوەڕێی خوداکانی تردا دەبن بە ناوی ڕاما و کریشنا و بوزا.

کامیرۆن لەو کارەیدا زۆر بە وریبیایەوە مامەڵەی لەتەک جەهلی پیرۆز، یان دیلی ئەدیان و چاوەڕوانی بەندەی ئەدیانەکان کردووە ، بەجۆرێک سینەی فیلمەکەی دامالیوە بە هەندێک وێنە کە هەم ئەدیانەکان تووشی گێچەڵی تێڕامان دەکات و هەم ئەو گورزەی کە کرۆکی سیناریۆکەیەتی بدات لە مرۆڤی ئاژاوەگێڕ و پێی بڵێت ئێمە لە بەرانبەر هەر کارێکی خراپدا مرۆڤێکی بەهێزو یەکتر خۆر و هەتا دوایەمین وێستگە، ئەگەر دەرەوەی زەویش بێت دەستدرێژکەر و سووتێنەر و داگیرکەر و ڕزقبەری بژێوی ژیانی ئەوانی ترین، وەلێ بەرانبەر هەرکارێکی باشیش هزر پووچ و بیرتەسک و بێ تواناو داماوین، هەر ئەوەیشە داهێنەر کامیرۆن جاک سۆلی کەمئەندامی سەر کورسییە بزوێندارەکەی نیشانی دنیا دەدات، دەیەوێت بەم کەمئەندامە بە مرۆڤ بڵێت ئەوە گێلییە مرۆڤەکانی بێ هێزکردووە و ناهۆشیارییە بۆ تۆ، ئەی مرۆڤ سەر و هزرت خستووەتە بندەست و لەچاوەڕێی ڕزگارکەرێکدایت بۆت دابەزێت و دنیات بۆ جوان بکات، ئەوە هزری تۆیە من خستوومەتە سەر ئەو کورسییە بزوێندارە و بەو برایەی بەراوردت دەکەم جاک کە لە پەنایدا دەمرێت و فڕێ دەدرێتە ناو بۆشایی بەتاڵی ئاسمان، یانی بەتاڵی ژیانمانەوە، ئەوە تۆی کەم ئەندام نیت ئەوە تۆی خۆتت بە کەم ئەندام دەزانی لە چاوەڕێی خودایەکدایت بۆت دابەزێت و ژیانت باش و دڵخۆش بکات، ئەوە هەر خۆتی دەبێت هەستیتە سەرپاو قۆڵی لێهەڵماڵی و ئەم ژیانە لە پۆخڵەواتی پیسی دەوروبەرت پاک بکەیتەوە و چواردەورێکی جوان و ژیانێکی پاکژ بۆ خۆت و ئاوێکی پاکژ بۆ داهاتووت بڕێژی.

## چیرۆکی فیلمەکە

سەربازێکی ئەمەریکی کەم ئەندام لەسەر کورسییەکی بزوێنەدار، لەجێی برایەکی کە ئەم لەگەڵیدا بە زگماک دووانەبوون، ئەو کوژراوە و ئەم لەجێی ئەو بە کەشتییەکی هاتوچۆی سەربازی گەردوونی بۆ سەرزەمینێکی دی دەنێردرێت بە نێوی بەندۆرا کە ٤/٣ ساڵی تیشکی لە زەوییەوە دوورە.

(ژیانێک تەواو دەبێت و ژیانێک دەست پێ دەکات) کاتێک جاک لەسەر کورسییە بزوێنەدارەکەی دانیشتووە و چاوانی بڕیوەتە نێو چاوە خامۆشەکانی برا کوژراوە زگماکییەکەی و ئەو وشەیە دەکاتە خاڵ بۆ دەستپێکی فیلمەکە و بەئاگاهێنانەوەی تەماشاکەرانی.

کەسایەتی سەر کورسییە بزوێندارەکە ناوی جاکە، جاک ئەکتەری سەرەکی فیلمەکەیە و ئەو کارەی کە دەبوو براکەی وەک خزمەتی سەربازی بەئامانجی بگەیەنێت،

جاکی کەم ئەندام دەیگرێتە ئەستۆی خۆی و بەنەفەسێکی قووڵ و هەستێکی لەخۆڕابینییەوە دەیەوێت بەئامانجی بگەیەنێت، وەلێ کاتێک لە کەشتییە ئاسمانییەکە دادەبەزێت و کارمەندان و لێپرسراوانی ئەوێ تەماشای دەکەن وەک کەم ئەندامێک لێی دڵسارد دەبنەوە و ڕازی نابن کارێکی وا قورس بخەنە سەرشانی کەسێکی کەم ئەندام.

سەرزەمینی بەندۆرا موڵکی خەڵکانێکی پێکهاتە ئەندام وەک مرۆڤ شێوەن لەجەستەدا، وەلێ ئەندامانی ئەو ئەستێرەیە مرۆگەلێکن جودا لەوەی سەرزەمینی خۆمان بەشێوەیەکی دی، درێژی مرۆڤێکی ئاسایی سێ مەترە و ڕەنگی پێستیان شین، چاویان ڕەنگی ئاڵتوونی و کلکێکی درێژ بە قونیانەوەیە، زمانێکی تایبەت بەخۆیان هەیە (تایبەت بۆ فیلمەکە داهێنراوە) و بەهەمان شێوەش ژیانێکی سادە و ساکار وەک مرۆڤە سەرەتاییەکانی چەرخی دێرین دەگوزەرێنن، هەر خێڵێک خاوەنی سەرەک خێڵ و چەکداری تایبەتی خۆیەتی و سروشت و دەشت و دەر و جەنگەڵانیش خاوەنی پەپوولە و گوڵ و دڕک و درەخت و ئاژەڵ و شێر و پڵنگ و بەراز و داڵ و سەدان جۆری دیکەی لە بێ ترس و ترسێنەر لە ئاژەڵی خۆیەتی، کە بەکۆ و تێکڕا جودا لەوانی سەرزەمینی ئێمەن و ئاشناو تەبان بە دانیشتوانی ئەو سەرزەمینەی خۆیانن.

ڕوودانی چیرۆکەکە گوزارشت لە ڕووداوەکانی ساڵی ٢١٥٤دەکات، واتە باسی ڕووداوێک دەکات کە پاش ١٤٤ ساڵی داهاتوو ڕوودەدات، کە ئەمەیش بە بەراورد لەگەڵ ڕوودانی نوقومبوونی کەشتی دەریایی تایتانیک ٢٤٢ ساڵ بەینیانە، کە تایتانیک پێش ٩٨ ساڵ لەمەوپێشە و ئەڤاتاریش ١٤٤ ساڵ لەمەودوایە، کە بەڕاستی وەک داهێنان بۆ داهێنەر لە خۆوە نییە و کاری نەکردەیە، تەمەنی دەرهێنەری جووت فیلمەکەیش ٥٦ ساڵە.

ئەگەر مرۆڤی کورد ئەم ساڵانە بە خاڵ و ژمارە نەپێوێت نازانێت سینەما، یان کاری سینەما چییە؟ بۆ چییە؟ ئەرێ بەڕاست لەپای چییە؟

لە سەرزەمینی بەندۆرادا کە ٤/٣ ساڵی تیشکی لە زەوییەوە دوورە، مرۆڤ ناتوانێت بەبێ دەم و لووتپێچی ئۆکسجینی بژی، واتە ئاووهەوای ئەوێ بۆ هەناسەدان نەشیاوە، کۆمپانیای بەرهەمهێنانی کانزا، کە سەر بە سوپای سەربازی ئەمەریکییە، قەڵایەکی شوورەداری وەک وێستگەیەکی سەربازی زەبەلاحی بنیادناوە تێیدا کارمەندانی بەشی پلاندانان و پێگەی سەربازی و نەخۆشخانە و تاقیگەی پشکێنەر و چێشتخانە و گەراجی زرێپۆش و فڕۆکە و مرۆڤی ئەلەکترۆنی و ژووری نەشتەرگەری و خەوتنی هەزاران سەرباز لەخۆدەگرێت، بە ئۆکسجینی بەربڵاوی سروشتییەوە بۆ هەناسەدان.

کاری جاک (سام ورنینگستن)ی کەم ئەندام لەم وێستگەیەدا ئەوەیە، لەڕێی تاقیگەیەکی ئەلەکترۆنی ڕوحگواستنەوەوە، ڕوحی کەسایەتی جاک لەڕێی بەرنامەیەکەوە بۆ نێو لاشەیەکی سێ مەتری شین پێستی کلکدار بەناوی ئاڤاتار دەگوێزنەوە کە ناوی فیلمەکەیشە، جاک لەگەڵ تیمێکدا دەبێت بڕوات بۆ ناو جەنگەڵانی بەندۆرا بەسەرۆکایەتی پرۆفیسۆری بواری کانزا تۆتۆری خانم (سیجۆرنی ویفەر)، کاریان پشکنینی ئەو جێگایەیە کە کانزاکەی تێدا گردەمۆڵە، جاک لەگەڵ تیمەکەیدا لەگەرمەی پشکنینیاندا فزولی چاوانی بۆ پڕکردنی لەو سروشتە سەیروسەمەرەیە، لە تیمەکەی دووردەکەوێتەوە و تووشی چەند ئاژەڵێکی خەتەرناک دەبێت، بۆ خۆ دوورخستنەوە لێیان، تووشی ونبوون دەبێت، تیمەکەی دوای سۆراغکردنێکی زۆر لەبەر درەنگی وەخت بەجێی دەهێڵن.

جاک لە شەوەزەنگی تاریک و ترسناکی نێو جەنگەڵەکاندا تووشی هێرشی گەلەگورگ دەبێتەوە، دوای بەرەنگاربوونەوەیەکی زۆر بەئاگر دەردی گران دەبێت و کیژە چاوئاڵتوونییەکی نازدار بەناوی خانم نایتیری (زوی سالدانا) بەفریای جاکی گیرۆدەبوو دەکەوێت، نایتیری جاک لە ئابڵوقەی گورگەکان ڕزگار دەکات و لەو پێناوەدا بۆ دوورخستنەوەی گورگەکان لە جاک چەند دانەیەکیان لێ دەکوژێت، جاک لە یەکەمین نیگاوە شەیدای کیژەکە دەبێت و سوپاسی هەڵوێستی دەکات، وەلێ کیژەکە لەو کاتەیدا سەلکی گورگێکی برینداری لەسەرڕانە لێی تووڕە دەبێت و دەبێژێت.. هەموو ئەم کوشتارانە لەپای تۆ کارێکی پێویست بوو، بەڵام باش نەبوو.. بڕۆ لێم دوورکەوە .. لەبەرچاوم ون بە.

جاک دوای هەوڵێکی زۆر لەگەڵیدا دوای دەکەوێت و دەبێتە هاوڕێی، دوای سێ مانگ لەناو خێڵەکەیاندا، کە لەناو دارێکی زەبەلاحی هێجگار گەورەدا دەژین، فێری خووڕەوشت و دابونەریت و ڕاووشکار و زمانەکەیشیان دەبێت، لەمانەوەی زۆری لەناو دارەکەدا بۆی دەردەکەوێت کە ژێر دارەکە تێکڕا ئەو کانزا پڕ بەهایەیە کە ئەمان لە

دووی دەگەڕێن.

دوای گەڕانەوەی بۆ نێو وێستگەکەیان مژدەی ئەوەیان دەداتێ کە سەرچاوەی گەورەترین گردەمۆڵبووی کانزاکەی دۆزیوەتەوە و لەڕێی بەرنامەی وێنەی دیگیتاڵییەوە نیشانیان دەدات، سەرۆکی کەتیبە سەربازییەکەیان ئیفێرستی میلس (ستیڤن لانگ) لەگەڵ بەرپرسی ئەندازەیی پرۆژەکە پارکیر سیلفریدگ (جیۆفانی ریبیسی) بەبێ گوێدان بە هیچ ڕەوشتێکی ئەخلاقی و مرۆیی و مافی مرۆڤە، بڕیاردەدەن لەپێناو زوو بەدەستهێنانی کانزاکە دارەکە وێران بکەن و ماڵ و حاڵی ئەو دانیشتووانە تەفروتونا بکەن.

دانیشتووانی ناو وێستگەکە دەبن بە دوو کەرتەوە، زۆربەیان پێیان وایە گوێ نەدەنە هیچ و کات لەدەست نەدەن، هەرچی ڕوودەدات گرنگ نییە، گرنگ زوو بەدەسهێنانی کانزاکەیە، بەرەی دووەم پێیان وایە خەڵکی نێو دارنشینەکە ئاگادار بکرێنەوە و کاتیان بۆ چۆڵکردن بدرێتێ، زیان نەدان لە گیانی ئەو خەڵکە کارێکی ئەخلاقی و مرۆییە، لە هەندێک کات زیاتر هیچمان لەکیس ناچێت.

دوای ئەوەی پێشنیازەکەی بەرەی دووەم بە نابەدڵی قبووڵ دەکرێت، جاک و خانمی پشکێنەر تۆتۆری کە بەرپرسی پشکێنەرانی ئاڤاتارەکانی تریش و جاکیش بوو، بۆ ناو دارنشینەکان دەنێردرێن و لەوێ سەرەک خێڵ و خەڵکەکە کۆدەکەنەوە و لە هێرشە پێشنیازکراوەکە ئاگاداریان دەکەنەوە، خێڵ و سەرەک خێڵ دوای نارەزایی و تووڕەبوونێکی زۆر بە تۆمەتی جاسووسیکردنیش هەردووکیان دەگرن، کچی سەرەک خێڵ کە دەبینێت دڵدارەکەی درۆی لەگەڵ کردووە و ئاڤاتارێکی موتوربەکراوە، لێی دەبێتە شەیتان و بەر چەپۆکی دەدات بەگریانەوە، جاکی دڵسووتاویش دەیەوێت بۆیان ڕوون بکاتەوە کە ئەم هاوپشتیانە و ڕوحی خۆی لەپێناویاندا بەخت دەکات، وەلێ پاڕانەوە دەردی نادات و پەلکێشی بەرەکانی جەنگ دەکرێت، بە فەرمانی سەرەک خێڵ وەک پشتوێنە قەڵغان لە پێشی خۆیانەوە دەیان بەستنەوە بە هیوای ئەوەی کە لەبەر خاتری ئەمان جەیش بترسێنرێت، وەلێ خەیاڵی خاودەبێت و ئەوە نازانێت کە سەرۆکی سوپا دڕندەیەکە و ئامادەیە بۆ بەدەستهێنانی کانزاکە هەموو سەربازەکانیشی بکاتە قوربانی. دوای ئەوەی بەسەدان کۆپتەری جەنگی و مرۆڤی ئەلەکترۆنی سەربازی و فڕۆکەیەکی بارکراو لە سەدان تەن لە تی ئێن تی وێرانکەر، کە بەنیازن هەڵی بدەنە ناو دارەکەوە، هێرش دەست پێ دەکات و لە ماوەیەکی کەمدا بەسەدان هەزار مووشەک ڕەوانەی ژێر و ناوەوەی دارەکە دەکەن، دوای قاتوقڕ و کوشتارێکی زۆر لە دارنشینەکان، دارە زەبەلاحەکە لە ڕیش دەپچڕێت و بەسەر خەڵکەکە و زەویدا دەدات، دایکی کیژەکە کە ژنی سەرەک خێڵە، چەقۆیەک دەبات و جاک و هاوکارەکەی ئازاد دەکات، بەجاک دەبێژێت ئەوە ئەرز و ئەوە گەز، ئەگەر ڕاست دەکەیت و دڵسۆزی ئێمە و پشتوپەنامان بوویت وەک دەتگوت، داوای یارمەتیت لێدەکەم ڕزگارمان بکە.

جاک بەخت یاوەری نابێت و لەناو وێستگەکە ڕوحی ئاڤاتاری لێ دەسێننەوە و لەگەڵ هاوەڵەکانیدا دەست بەسەری دەکەن، وەلێ بەخت بۆی دەگەڕێتەوە، دوای ئەوەی هەندێک لە یاوەرە مەیلدارەکانی هاوکاری دەکەن و لە زیندان دەربازی دەکەن بە خۆی و ئامێرەکانی ڕوحگواستەوەکانەوە دەیگەیەننە جێگایەکی چەپەک و پەنا، جاک وەک فریشتەیەکی ڕزگارکەر بۆ ناو خەڵکە لێقەوماو و ماڵ سووتاوەکان دەگەڕێتەوە، مژدەی ئەوەیان پێدەدات ئەگەر یەکدەست و یەک باوەڕ بن و قبووڵم بکەن وەک کەسێکی خۆتان و لێم خۆش ببن، پەیمانتان دەدەمێ ڕوحی خۆشمتان فیدابکەم، دوای ئەوەی هەموو خۆیانی دەدەنە دەست، شەڕدەکەن و سەرکەوتن بەدەست دەهێنن و هەموو وێستگە و سەربازگەکانیشیان دەکەوێتە چنگ، ئافرەتە هاوەڵەکەی جاک پرۆفیسۆر تۆتۆری کە بریندارە، لە کاتی ڕوحگواستنەوەی بۆ ئەڤاتارێکی هەتا هەتایی گیان لەدەست دەدات، جاک غەمبار دەکات وەلێ لەوەی پەشیمان ناکاتەوە کە ئەویش بڕیاری خۆی داوە ببێتە ئەڤاتارێکی هەتاهەتایی، هەر بۆیە لە ڕوح گواستنەوەکەی جاکدا هەموو خەڵکی خێڵەکە بەشدار دەبن و هەموو هەوڵی ڕوحی خۆیان دەخەنەکار، جاکی خۆشبەخت ئیتر بۆ هەتاهەتایە دەبێتە ئاڤاتار و هاوسەری هەتاهەتایی کیژە چاو ئاڵتوونییەکە نایتیری خانم.

**زەنگە پڕ مانا و جوانەکانی فیلمەکە..(ئاگاداربە)؟**

(١) کاتێک جاک بەسەر کورسییە بزوێندارەکەوە لە دواوەی کەشتییە ئاسمانییەکەوە شۆڕدەبێتەوە، نوقمی کەشوهەوای بەندۆرا دەبێت، مرۆڤێکی میکانیکی خەریکە بیکات بەژێر پاکانییەوە، شۆفێرەکەی دڕندانە دەقیژێنێت (بەئاگابە).

(٢) بۆ یەکەمین جار کە چاوانی دەکاتەوە لە

جەستەییەکی ئاڤاتاردا، ئەو هەستە پڕ خۆشییەی خۆی بۆ پاکانی بۆ ناشارێتەوە و لە بێ باوەڕیدا خۆی ڕاستی و خۆی ئەڤاتاری لەبیردەکات و گوێ بەکەس نادات و تا هێزی تێدایە بە بێ گوێدان بە خەتەرناکی شوێنە هەستیارەکەی و کارمەندانی بچووکی ئەوێ ڕادەکات، تا هێزی تێدایە ڕادەکات.. ئەو هەستە مەگەر ئەوانی کە پەنجەیەک، یان قاچێک، یان چاوێک، یان قژیان نییە بەسەرەوە بزانن و لێی تێبگەن، ئەوە بەڕاستی چ هەستێکە.. دۆزینەوەی پارچەیەکی ونبووی خۆت، وەلێ مەخابن ئەوەی خۆی ڕاستی و خۆی ئاڤاتاری وەبیر دەهێنێتەوە، دیسان ئەو مرۆڤە میکانیکییە زەبەلاحەیە کە دووبارە خەریکە بیکات بە ژێر پاکانییەوە و بەسەریدا دەقیژێنێت (ئاگاداربە).

(٣) کاتێک سەردانی سەرۆکی سوپاکە دەکات لە جبەخانەیەکی پڕ مووشەکی مرۆڤە میکانیکییەکان، جاک کە بەسەر کورسییە بزوێنەدارەکەوەیە دووبارە مرۆڤێکی میکانیکی کە مووشەک دەگوازێتەوە خەریکە پانی بکاتەوە و دووبارە بە توڕەبوونەوە هاوار بە سەریدا دەکات و دەڵێت (ئاگاداربە).

وشەی ئاگاداربە کە دەرهێنەر بە مەبەست لە دەمی زەبەلاحەکانی فیلمەکانییەوە بەرەورووی تەماشاکەرانی دەکاتەوە، چەندین جار و لە چەندین شوێندا، زەنگی ئەو بەئاگاهێنانەوەیە بۆ تەماشاکەران کە مرۆڤ لە هەر بەرگێک، یان هەر جێییەک، یان هەر سەرزەمینێک، یان هەر پلەو پایەیەکی خۆی، یان خزمەتکار بێت، یان سەرۆک، یان پلەدار و پایەدار، یان هەر کەسێکی ئاسایی بێت، ئەوە دەبێت ئەوە بزانێت کە هێزێکی دڕندەی زەبەلاحی هەژدیهائاسا هەیە بەسەرییەوە، کە دەبێت مرۆڤ خۆی لەبیرنەکات و لێی بەئاگابێت.

دەشێت بۆ پشتڕاتکردنەوەی ئەم سێ خاڵەی سەرەوە ئەو سینە کورتەی ناو فیلمەکە بەنموونە بهێنینەوە کە تێیدا سەرۆک فرمانی سوپا (ئیڤیرستی میلیس) لەو کاتەی کە بەسەدان کۆپتەری جەنگی و فڕۆکەی زەبەلاح هێرش دەکەن بۆ لەبن هێنانی دارە زەبەلاحەکە، لەناو فڕۆکە جەنگییە تایبەتییەکە خۆیدا بێ هیچ سڵەمینەوە و گوێدان بە گیانی ئەو خێڵ گەلە دوای خواردنەوەی قومێک لەقاوە، وەک ئەوەی لە ماڵەوە و لەناو منداڵ و خێزانی خۆیدا بێت، سەیری یاری منداڵەکانی بکات، وەک گەمەیەک، بڕیار دەدات کە تەختیان بکەن. لەکاتێکدا کە جەستەی ئاڤاتاری جاک و خانمی پرۆفیسۆر ئەوەتان لەبەردەم دارەکەدا، کە ئەوەش نیشانەیە بە گرنگی نەدان بە هاوپەیمانەکانی ئەمەریکا.

### کۆمپانیای بەرهەمهێنەری فیلمی ئەڤاتار

فیلمی ئاڤاتار توانی لەماوەی ساڵێکدا زیاد لە ٢ ملیارد دولار قازانج بکات لەکۆی ئەو ٧ ملیارد دۆلارەی کە لە نمایش و جلوبەرگ و پلەی ستەیشن و یاری و کەلوپەل و دیڤیدی بەکرێدان و فرۆشراو، یان کاڵاکانی تری سەر بە ئەم فیلمەدا بۆ قازانج پەیدا کراون.

کۆمپانیای نیوزکۆرپ کە بەرهەمهێنەری ئەم فیلمەیە زیاد لە دوو ملیارد دۆلاری بۆ خۆی و کامیرۆن پەیداکردووە، کە شازادە وەلید کوڕی تەلال سعوودی لە سەدا حەفتی ئەم پارەیەی وەک شەریکی نیوزکۆرپ بەرکەوت.

وەلید کوڕی تەلال کە لە ٢٠٠٨ەوە خاوەنی کەناڵی ڕۆتانایە، لەهەمان کاتدا پێش چەند ساڵێک کە ئاگادار کرایەوە لەوەی کۆمپانیای نیوزکۆرپ قەرزارن و لە شکستداندا، خۆی کرد بە شەریکیان و لە ڕێگای کۆمپانیای فۆکس مۆڤییەوە هەموو قەرزەکانی بۆ دانەوە، لەو کاتەوە لە قازانج دەخوات و تەنیا لەو دوو ملیار و نیوەی کە قازانجی فیلمی ئەڤاتار بوو، ئەم لە سەدا حەفتی وەرگرت.

جێی ئاماژەیە کامیرۆن بۆ بەشی دووی ئەڤاتار ١٦ ملیۆن دۆلاری پێشەکی بۆ خۆی وەک دەرهێنەر وەرگرتووە و لە ماوەی داهاتوودا دەست بە وێنەگرتنی دەکرێت.

* وتەی دەرهێنەرە لەکاتی ئەو مێزگردەی لە ١٠ی ئەپریلی ٢٠١٠، لەلایەن کۆمەڵی ژینگەپارێزەوە لە لۆس ئەنجلس بۆی سازدرابوو، هەر لەوێش کامیرۆن بڕیاری دابوو بە ناشتنی ملیۆنێک درەخت لە سەر گۆی زەمین لەسەر تێچوونی خۆی، بە ئامادەبوونی خانم (تۆیتۆری) سیجورنی ویفەر ئەکتەری ئافرەتی فیلمی ئەڤاتار.

**سەرچاوەکان:**
**کەناڵی بی بی سی**
**ئەسودشپرێس**
**دێرشپیگڵ ئەڵمانی**
**ڤۆکس مۆڤی**

# فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی هەولێر بۆ شانۆ، بەبێ بەشداریکردنی تیپەکانی هەولێر کۆتایی بە کارەکانی هێنا

خەلیل یابە کەریم

ئەوەی جێگای دڵخۆشی و بەختەوەری شانۆکارانی کوردستانی ئازیزە، لە ماوەی ساڵی ٢٠١١دا ئەوە سێیەمین فیستیڤاڵی شانۆییە کە بەسەرکەوتوویی ئەنجام دەدرێت، فیستیڤاڵی پێشتر کە لە سلێمانی کرا لەنێوان ٢١/٥- ٢٦/٥/٢٠١١ بوو، پێشتر لە چەندین شوێن ئاماژەم پێکرد، بە تایبەتی لە ژمارە (١٧٠)ی گۆڤاری «ڕامان»ی خۆشەویست کە فیستیڤاڵی سلێمانی بۆ شانۆ لە ڕووی بەڕێوەچوون و ڕێوڕەسم و بڕگەکانییەوە گەلێک ڕێکوپێک بوو، بەلام لە ڕووی ناوەڕۆک و هەڵسەنگاندنی شانۆگەرییەکانەوە ئەگەر خاتوو ژولیای هونەرمەند بەکر ڕەشید نەبوایە بەرهەمەکانی تر گەلێک لاواز و ساکار و موتەوازیع بوون، دەبوایە بوار نەدرێت بەبێ هەڵسەنگاندن هەموو کارێکی شانۆیی بەشداریی لە فیستیڤاڵدا بکات، هەرچۆنێک بێت فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی هەولێر بۆ شانۆ بە بەشداریکردنی چەندین تیپی شانۆیی ڕۆژئاوا و ژاپۆن و کوردستانی ڕۆژهەلات، جگە لە دوو کاری شانۆیی هەولێر و کەرکووک و ئامادەبوونی برێک لە هونەرمەندانی کوردستان بەڕێوە چوو، ڕێوڕەسمی کردنەوەی فیستیڤاڵ لە کاتژمێر ١١ی بەیانی ڕۆژی ١٨/٩/٢٠١١ لە هۆڵی پێشەوا لەناو وەزارەتی ڕۆشنبیری دەستی پێکرد.

بەسەرپەرشتی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح بوو، هەریەک لە وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان د. کاوە مەحموود و پارێزگاری هەولێر بەڕێز نەوزاد هادی و برێکی زۆر لە بەرپرسە حزبی و حکوومییەکان و هونەرمەندان و هونەردۆستان و ڕۆشنبیران و میدیاکان و وەزیرەی کار و کاروباری کۆمەلایەتی و خەڵکێکی زۆر ئامادەی بوون، سەرەتا فیستیڤاڵەکە بەسروودی ئەی

ڕەقـیب دەسـتی پێکرد و بە سکرین چەند وێنەیەکی شـانۆکـارە شـەهیـد و کـۆچکردووەکـان نیـشـان دران، بە داخەوە دەبوایە وێنەی هونەرمـەند (حـەسکۆ) عـوسـمـان ڕەحمان-یشی تێدا بوایە، پاشان وتاری سەرپەرشتیاری گـشـتی فـیـسـتـیـڤـاڵ لەلایەن شـەمـال حـەویزی-یەوە پێشکەش کرا، تێیدا پاش بەخێرهاتنی میـوانان باسی ڕەوشی شانۆی کرد لە کوردستان و کارەکانی شانۆکارانی بە گـرنگ وەسف کـرد، پاشان د. بەرهەم ئەحـمەد ساڵح سـەرۆکی ئەنجـوومـەنی وەزیران چەند پەیڤێکی بە نرخی دەربارەی ڕۆڵی شـانۆ و شـانۆکـاران بە هەردوو زمـانی کوردی و ئینگلیزی پێشکەش کرد، لە دوای ئەو وەزیری ڕۆشنبیـری و لاوان د. کـاوە مـەحـمـوود لە وتەیەکـیـدا بەخـێـرهاتنی ئامـادەبووانی کـرد و ڕۆڵـی شـانۆکـارانی کـوردی بەرز نرخـاند، پاشـان هەمـان وتەی بە عـەرەبی دووبارە کردەوە، هەروەها پارێزگاری هەولێر بەڕێز نەوزاد هادی وتەیەکی پێـشکەش کـرد و تێـیـدا سـتـایشی شـانۆکـارانی کـرد و باسی لە گـرنگی ڕەوتی شـانۆ کـرد، پاشـان وتاری «[T]» لەلایەن سـەرۆکی فـیـسـتـیـڤـاڵ (Theatermeto) خـوێنرایەوە، لە دوای وتارەکـان میلۆدی فیستیڤاڵ پێشکەش کرا کە لە شیعری ئەحمەد سـالار و ئاواز و دابەشکردنی فـەرهەنگ غـەفـوور بوو، پاشان چەند تابلۆیەکی هونەری لەلایەن تیپی نەتەوایەتی هونەرە مـیللـیـیـەکـانەوە پێـشـکەش کـرا، هەروەها پێشانگایەکی فۆتۆگرافی لە پێش هۆڵی پێشەوا کرایەوە کە دەبوایە وێنەی ئەرشیڤی بزاڤی شانۆیی لە کوردستان لەخـۆ بگرێت، بەڵام ئەوە نەکرابوو هەرچەندە لە پرۆگرام نووسـرابوو تایبـەت بە شـانۆ، پێـوەندی بەشانۆوە نەبوو زۆربەی زۆری لە کـاتی ڕێزلێگرتن و تۆقـەکـردن لەلایەن جیـهـانگیـر گەردی گیـرابوو و وێنەی چەند کـەسێکی سنووردار بوو، دەبوایە بەلای کـەمـەوە چەند فـۆتۆیەکی شـانۆیی نمایش بکرایە لە سـاڵەی هۆڵی پێـشـەوا بە تایبـەتی پاش تەواوبوونی مـەراسیـمی کردنەوە سەرۆکی حکوومـەت سـەیرێکی ئەم فـۆتۆیانەی کـرد، کـاتژمـێـر ٥،٣٠ی ئێـوارەی هەمـان ڕۆژدا ٢٠١١/٩/١٨ی لە هۆڵی گەل بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە شانۆکارانی مـیـوان لە بیـانـی و عـەرەبی و خـۆجـێـیی شـانۆگـەری (چیرۆکە بەردەوامەکە) لە نووسین و دەرهێنانی ئەحمەد سالار و نواندنی کۆمەڵە گەنجێک: سایە حوسێن، هونەر



ئەحمەد سالار، بەڵێن ئومێد، ڕابەر شێرزاد، بەختیار عەبدولڕەحمان، لازۆ یووسف عوسمان، دڵشاد شهاب نمایش کـرا. ی. دەرهێنەر: زەردەشت جـەلال، ڕووناکی: زاهیر ئیبراهیم، سینۆگرافیا: شێرزاد عەزیز، میوزیک: نەوزاد تاهیر، بووکەڵە: شیلان ئەمین، دیکۆر: نیعمەت، مـحـەمـەد ئازاد، هەڵۆ ئازاد، وەک هەمـوو کـارەکـانی دی هونەرمەند ئەحمەد سالار بە هەمان ڕێبازی پێشووی ئەم شـانۆگـەرییـەی نمایش کـرا، شـێـوەی برێخـتی و ئاهەنگسازی، هەمیشە کاک ئەحمەد سالار لە تێکستە شانۆییەکانی کە هەمووی خۆی دەیاننووسێ و ئامادەیان دەکـات، سـوود لە چیـرۆک و بەسـەرهات و کـولتـووری کـوردەواری وەردەگـرێت، لەم شـانۆگـەرییـەدا سـوودی لە چیـرۆکی مـەڕۆکـە و بزونۆکـەی منداڵان وەرگـرتبـوو، کە بەدەیان ساڵ لەسەردەمی منداڵیدا گوێمان لەم چیرۆکەی گوێی ئاگردان بووە کە گەورەکانمان بۆیان گێڕاوینەتەوە، کاک ئەحمەد ئەم چیرۆکەی بە شۆڕش و تێکۆشانی گەلی کـورد بەسـتـابۆوە کـە ئەوە چەندین سـاڵە هەوڵ دەدا بۆ ئازادی و سەربەخۆیی، بەڵام دوژمنان، گورگەکان هەموو هەوڵ و خەباتمان لەبار دەبەن، بێچووەکانمان دەخۆن، ئەگەر بێتو بەراوردێک لەنێوان نالی و خەونێکی ئەرخەوانی کە کـاک ئەحـمـەد سـالار لە ناوەڕاسـتی هەشـتـاکـاندا بەسـەرکـەوتوویی نمایشی کـرد، ئێـسـتـاش لە زیهن و گـوێچکەی بینەردا دەزرنگێـتـەوە و لەنێـوان ئەم شانۆگەرییەی ئێستایدا بکەین، ئاسمان و ڕێسمان جیاوازە، لەلایەن دەرهێنان و نواندنەوە سەرکەوتوو بوو،

بەڵام لەلایەن تێکستەوە لاوازی پێوە دیار بوو، تاڕادەیەک هەندێک جار بینەری وەڕس دەکرد، کاک ئەحمەد سالار هونەرمەندێکی گەلێک بەتوانایە، نازانم چۆن ئەم دەقەی بۆ فیستیڤاڵ هەڵبژارد، لام وایە ئەمەیان ئامادە بوو، بۆیە دەبوایە هەر مۆنۆدرامای پاسەوان پێشکەش بکات گەلێک چاکتر بوو. کاتژمێر ٨ی ئێوارە لە هۆڵی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ، شانۆگەری مۆنۆدراما «شێتی جەنگ» پێشکەش کرا کە لە نووسینی: جیان دۆمینتیلۆ و دەرهێنانی: ڕۆبەرتۆ کۆپۆنی و نواندنی: لیگینۆ ماردیگان، ڕووناکی: والتەر کالا بریتۆ نمایش کرا کە بەرهەمێکی وڵاتی ئیتاڵیا بوو، گوایە ئەم شانۆگەرییە زیاتر لە (٢٠٠) جار لە شارەکانی ئیتاڵیا نمایش کراوە، ماوەی ئەم شانۆگەرییە مۆنۆدرامایە (٧٠) خولەک بوو لە هۆڵی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ کە لێواو لێو پڕ بینەر بوو لە کەشوهەوایەکی گەرم و خنکێنەردا، نمایشێکی دوورودرێژی وەڕسکار بوو، کەس پیتێکی لێ تێنەگەیشت، دیار بوو باسی لەو کەسانە دەکرد کە بەهۆی جەنگەوە شێت دەبن و هەڵسوکەوتی ناماقووڵ دەکەن، ڕۆژی دووەمی فیستیڤاڵ لە کاتژمێر (١٠)ی بەیانی لە هۆڵی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ وۆرک شۆپ لەژێر ناوی (دەرهێنانی شانۆیی) ئەنجام درا کە هونەرمەندە ئەڵمانەکان ئەنجامیان دابوو و بریتی بوو لەو جووڵە و هەڵسوکەوتەی، یان پێوەندییەی لەنێوان ئەکتەرەکان و کاردانەوەیان لە کاتی هەستکردن بە ترس و دڵەڕاوکێ و ئەنجام دەدرێت...تاد

کاتژمێر ٥,٣٠ی هەمان ڕۆژدا لە هۆڵی گەل شانۆگەری (خاتوو ژۆلیا) لە نووسینی: سترنبیێرگ و دەرهێنانی: بیۆڕن مێلەندەر و نواندنی کامیلیە نیبرگ، ئەندیراس ڕۆدەنکرجن، ڕۆڵف کریستیانس بوو کە باس لە کچێکی دەوڵەمەند دەکات، دەسگیرانی کوڕە لۆردێک دەبێت (دەوڵەمەند) لە بۆنەیەکی گرنگ کە لەیەک لە شەوەکانی هاوین، کوڕە و کچە لێک دەترازێن، کچە ئەم شەوە زۆر غەمبار دەبێت لەگەڵ خێزانەکەی بەشداری لە ئاهەنگی ئەم بۆنەیەدا ناکات کە لە وڵاتی سوێد ئەمە باوە، لەجیاتی ئەوە دێتەوە ماڵ لەگەڵ خزمەتکارەکەیان ڕادەبوێرن، سەمای لەگەڵ دەکات، پاشان خۆی دەدۆڕێنێت، پێشتر نمایشی خاتوو ژۆلیای کوردیمان بینی کە لە وەرگێڕانی نووسەر و ئەدیبی ناودار محەمەد موکری و دەرهێنانی هونەرمەندی لێهاتوو بەکر ڕەشید و نواندنی خانمە هونەرمەند دێرین عومەر و ئەکتەری گەنجی بە سەلیقە ئەژی نووری لە فیستیڤاڵی یەکەم و دووەمی سلێمانی نمایش کرا، لە دەرهێنان و نواندن و سینۆگرافیا و هەموو کارە هونەرییەکانی بە یەکەم دەرچوو، ئێمەش لە هەولێر لە ١٣-٢٠١١/٤/١٤ لە هۆڵی میدیا نمایشێکی جوانی خاتوو ژۆلیامان بینی، بەداخەوە ئەو تیپە سوێدییەی کە خاتوو ژۆلیایان نمایش کرد، یان ستافەکە لەگەڵ نمایشەکەی بەکر ڕەشید ئەرز و ئاسمانی جیاواز بوو، بینەر لە نمایشەکەی خاتوو ژۆلیا هەر تێر نەدەبوو، چونکە هەموو لایەکمان دەزانین شانۆ و نمایشی شانۆیی ئەوکاتە سەرکەوتووە کە خۆشی و بەختەوەری بە بینەر ببەخشێت، هەروەها بینەر فێر بکات و پەیامێکیشی هەبێت. نمایشی سوێدییەکان گەلێک ساردوسڕ بوو، هەرچەندە ئەوان چەند هێما و کردارێکی سێکسیان بە ئاشکرا نیشان دا، بەڵام ئەوە نابێتە پارسەنگ، بۆیە ئەم نمایشە لە ئاستی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیدا نەبوو.

کاتژمێر ٨ی ئێوارە لە هۆڵی میدیا (دایکە ئازاکە) نمایش کرا کە لە نووسینی برتۆڵد برێخت و دەرهێنانی زۆلێڤەر ئەرناسۆن، نواندنی سۆلڤیچ ئارناردوڵیز، کریستین موژویک، ئەلیسا مناکۆسکی، ئینگۆ بیرمان، گابریل گازیس، فرانک لیتنویج، میشیل ج مولێر، یانیک زۆرکێو، موزیک: گابریل گازیس، بە دیکۆر و ڕووناکییەکی خولڤێنەر، دیکۆرەکە بریتی بوو لە دوو پەپلیکان بەشێوەی سێگۆشە و لە هەمان کاتدا وەک یاری ڕۆلێت دەسووڕا، بەڕاستی تەکنیکی پێشکەوتوو بەکارهاتبوو، هەروەها نواندنەکە لە ئاستێکی بەرزدا بوو، شایانی باسە برێخت ئەم شانۆگەرییەی لە کاتی جەنگی جیهانی دووەم نووسیوە، تاکو ئێستا بە سەدان جار لە هەموو دنیا نمایش کراوە، باس لە دایکێکی ئازا دەکات کە چۆن لە کاتی جەنگ لەناو سەرباز و ئۆردییەکاندا بەدوای شتی بە کەڵک و بێ کەڵکدا دەگەڕێت و کۆیان دەکاتەوە و دەیانفرۆشێ و منداڵەکانی پێ بەخێو دەکات و لە نەهامەتی ڕزگاریان دەکات، ئەم نمایشە سەرکەوتووترین نمایش بوو لەم فیستیڤاڵەدا لە هەموو ڕوویەکەوە، چونکە تەکنیکی زۆر بەرز بوو، بە تایبەتی کە لە جیاتی باران خوێنیان باراند. کاتژمێر ٥,٣٠ی

ئێوارەی ڕۆژی سێشەممە ٢٠١١/٩/٢٠ لەهۆڵی گەل شانۆیی (بەهای ئاو) نمایش کرا، کە لە نووسین و دەرهێنانی لیزا زایدل بوو، نواندنی لیزا زایدل، ئێنێس شێوەر، کریستۆف ئیلینگ، دەنگ و مۆسیقا: کریستۆفەر لیلینگ، سینۆگرافیا: میریا فیۆرەنتینۆ و فرانگ مارتین فایفە، نمایشێکی بەپێز بوو، تەکنیکی جوان بوو کە سکرینیان لەگەڵ بەکارهێنابوو، لیزا زایدل لەشێکی نەرمونیانی لەنواندندا هەبوو، نمایشێکی جوان بوو بەشێوەی پانتۆمایم نمایش کرا. ئەم کارەش بەهاوبەشی سویسرا و ئەڵمانیا پێشکەش کرا.

کاتژمێر ٨ی هەمان ڕۆژ لە هۆڵی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان شانۆیی «دیموکراسییەت نەخۆشییەکی ڕۆژهەڵاتییە» دەرهێنان و سینۆگرافیا: د. هەیسەم عەبدولڕەزاق، ڕووناکی: عەقیل عوبێد عەلی، نواندنی: خالید عەلی هادی، سینان موحسین، یاس خدر عوبێد، لەیلا فارس یاسین، عەلی سەمیر محەمەد، یاسر قاسم عەبدوڵلا، حوسین جاسم، عومەر زیائەددین، ئەکرەم عیسام لەتیف، عوسام عەدنان ئەم شانۆگەرییەش باسی لە ململانێیی نێوان سیاسییەکانی عیراقی دەکرد کە چۆن یەکتر قبووڵ ناکەن و لەناو پەرلەمان شەڕە قسە و کورسی دەکەن، بەڵام بەشێوەیەکی کۆمیدی گاڵتەئامێز.
کاتژمێر ١٠ی بەیانی ڕۆژی چوارشەممە ٢٠١١/٩/٢١ لەهۆڵی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ ووۆرکشۆپێک سەبارەت بە ڕۆڵی مۆسیقا لە شانۆدا لەلایەن گرووپی ئێران بەڕێوەچوو. کاتژمێر ٥,٣٠ی ئێوارەی هەمان ڕۆژ لە هۆڵی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ مۆنۆدرامای (ڕۆمانی زانستی) نمایش کرا، کە لە نووسین و نواندن و دەرهێنانی جۆن جۆن بوو، لەبەر ئەوەی ئامادەی نمایشەکە نەبووم هیچ سەرنجێکم دەربارەی ئەم نمایشە نییە.
کاتژمێر ٨ی ئێوارەی هەمان ڕۆژ و لە هۆڵی گەل شانۆی (مێتا) نمایش کرا. دەرهێنانی ئیلی پاپا کۆنتانێنۆ، دراما تۆرگ: دیمتریس بابیلیس، میوزیک: لامبراس پیگۆنس، نواندنی: پاولین هۆکویت، ئادریان فریلینگ، ڤالیا پاپاکریست و گیانیس ڤۆلگاراکیس، ئەلیکترا سەکالیا، تیلیماخۆس موسلس، جۆرجیا سیلۆ، نمایشێکی یۆنانی بوو، لە چاو نمایشەکانی دی ئاستی بەرز نەبوو.

کاتژمێر ٥,٣٠ی ئێوارەی پێنج شەممە ڕێکەوتی



٢٠١١/٩/٢٢ لە هۆڵی گەل شانۆگەری «چوارسەد و حەفتاهەمین ڕۆژ» نمایش کرا، کە شانۆگەرییەکی کوردستانی ڕۆژهەڵات بوو، نووسینی: حەمید ڕەزایی، دەرهێنانی: فاتح بادی ڕەوان، ی. دەرهینەر: ڕەحمان هوشیاری، نواندنی: نەشوین نادری، نیکمەت ئەزەیی، هیوا مەنوچەهری، موختار قادری، کاژوان موحەمەدی، کەژاڵ ڕاستبین، سامانە سەیف، نگێن ئەزینە، میوزیک: ئومێد تاوسی، دیکۆر: فاتیح بەدیعە پاروا، نمایشێکی جوان بوو باس لە سێ گەنج دەکات کە لە کاتی ڕاوەماسی گەنجێکی مردوو دەدۆزنەوە، کە دەری دێنن و دەیهێننەوە ئافرەتەکان زۆر پێی سەرسام دەبن و پیاوەکانیش نیگەران، ئەم خنکاوە لەناو قەفەسێکی تابووت ئاسادابوو، ناوە ناوە قسەی دەکرد، واتە ئەو کەسانەی کە لە زیندانن، یان گرتووخانە وەک مردوو وان، بەڵام نمایشەکە ئاستێکی مامناوەندی هەبوو، کاتژمێر ٨ی ئێوارەی هەمان ڕۆژ و لەهۆڵی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ مۆنۆدرامای (کلاڤن جانچن) نمایش کرا، دەرهێنان و نواندنی: مارچین برۆزۆفسکی، ئەم بەرهەمەش شانۆگەرییەکی پۆڵۆنی بوو، بەڵام ئاستی مامناوەندی بوو، کاتژمێر ١٠ی بەیانی ڕۆژی هەینی لە هۆڵی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ لەلایەن د. فازڵ جافەوە ووۆرک شۆپێک دەربارەی نواندن بە تایبەتی ڕێبازی مایرهۆڵد ئەنجام درا، چونکە ئەو لەم ڕێبازەدا پسپۆڕە.

کاتژمێر ٥,٣٠ی ئێوارەی هەمان ڕۆژ لە هۆڵی میدیا شانۆگەری (قامیشی ئەفسانەیی) نووسینی: د. سەلاح ئەلقەسەب، ئامادەکردن و دەرهێنانی: نەژاد نەجم بوو،

یاریدەدەری دەرهێنەر: عەزیز عومەر، ب. شانۆ: عەبدوڵڵا کازم، دیکۆر: بەرزان مەدحەت، ڕووناکی: هیوا شکور، میوزیک: دەرهێنەر، سەرپەرشتیاری گشتی: عەبدوڵڵا کاکەیی، نواندنی، هونەر شەوقی، دارا عیزەددین، عومەر محەمەد لاوان، هاوار فارس، داستان بەرهەم، حسین عەلی، بڕیار مەروان، ئەڵوەند کاوە، هێمن جەمال، هێمن عومەر، ئالان هیوا، ئەحمەد نەجات، مراد ئایدن، حەیدەر ئەحمەد، ئەم شانۆگەرییە بەرهەمی شاری کەرکووک بوو، نواندنەکە پانتۆمایم بوو، بەشێوەی شانۆی وێنە بوو کە لە بنەڕەتدا سەلاح ئەلقەسەب بەم ڕێبازە بەناوبانگە، هەموو ئەکتەرەکان نیوە ڕووت بوون، تەنیا شۆرتێکیان لەبەردابوو جگە لە کچەکە، هەموویان جووڵەی وایان دەکرد کە لەناو کەشتییەکدان، ئەم شانۆگەرییە لەبەر ئاست لاوازی و نزمی پێشتر لیژنەی هەڵسەنگاندن بڕیاری نەدابوو لە ئامێزی فیستیڤاڵ بخرێتە کێبڕکێکەوە، ئەم شانۆگەرییانەش هیچ خۆشی و لەزەتێک بە بینەر نابەخشن، چونکە ڕێبازێکی وشکە. کاتژمێر ٨ی ئێوارەی ڕۆژی هەینی دەبوایە شانۆگەری (خەونا سەیدایێ هێژا) نووسین و دەرهێنانی زیاد عابد نمایش بکرێت، بەڵام لیژنەی هەڵسەنگاندن لەبەر ئاست نزمی بڕیاری بەشداری کردنی لە کێبڕکێکەیان نەدابوو، بۆیە دهۆک لەم فیستیڤاڵەدا بەشداری نەکرد، ڕۆژی شەممە ٢٠١١/٩/٢٤ ڕۆژی کۆتایی فیستیڤاڵ بوو، مەراسیمی کۆتایی لە کاتژمێر ١١ی بەیانی بە وتەیەکی وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان د. کاوە مەحموود دەستی پێ کرد کە گوتی ڕۆژە خۆشەکان بەخێرایی تێپەڕ دەبن، بەڵام بزاڤی شانۆیی هەر بەردەوام دەبێت، پاشان هەریەک لە هونەرمەندان سامی عەبدولحەمید و فازڵ جاف وتەیەکیان پێشکەش کرد و تێیدا باسی فیستیڤاڵەکەیان کرد و ئەنجامەکانیان خستە ڕوو، چونکە هەردووکیان لە لیژنەی داوەری کردنی فیستیڤاڵ بوون، ئەنجامەکان، سایە حسین لە نواندنی مێینە لە شانۆگەری (چیرۆکە بەردەوامەکە) خەڵاتی چاکترین ئەکتەری کچی بەرکەوت، خەڵاتەکانی دی زۆربەی زۆریان بۆ شانۆیی دایکە ئازاکە بوو، هەروەها دوو خەڵاتیش بەبەر نمایشی بەهای ئاو کەوت کە بەرهەمی سویسرا بوو و بە هاوکاری ئەڵمانیا نمایش کرا، پێش ئەوە سامی عەبدولحەمید چەند بڕیار و



ڕاسپاردەیەکی خوێندەوە و بە شێوەیەکی گشتی باسی لە ئاست نزمی هەندێک کار کرد، بۆ ئەم فیستیڤاڵە نێودەوڵەتییە چەند لیژنەیەک دانرابوو کە ئەوانە بوون:

لیژنەی ڕاگەیاندن: حەمە سوار عەزیز، مەسعوودی مەلا هەمزە- عەبدولغەفار عەبدوڵڵا، کارزان گلی، هەڤال جەوهەر، سامی کاکە.

ستافی میدیاکان:

زریان خەتاب: گەلی کوردستان، ڕەنجە کۆیی: کەناڵی هەولێر، میران محەمەد: کوردستان تیڤی، سەفەر کەریم: زاگرۆس تیڤی، هاوکار عەبدولڕەحمان:کوردستان، ساکار ڕۆستەم: گۆڤاری فیستیڤاڵ کە ئەم گۆڤارە کەس نەیبینی، بەهرە سدیق: گۆڤاری فیستیڤاڵ، ڕەوەند جەواد: گۆڤاری فیستیڤاڵ، کارزان فەیسەڵ: وێنەگر، سیامەند کەریم: وێنەگر، سامان عومەر خۆشناو: مۆنتێر، پشتیوان ڕەسووڵ: وێنەگر.

لیژنەی پێشوازی: بەکر مەعرووف، غازی شینە، سوهام حەسەن، شوعلە قاسم، شیلان مستەفا، گەلاوێژ تاهیر، جیهان تەها، تەلار ئازاد، سانا تاریق، سەلام باپیر، هێمن حەمە ڕەشید، هەدار ئەنوەر، سیروان شێرە، دڵدار ڕەسووڵ، فازڵ ئیسماعیل، دلڤین محەمەد، کاروان شەمسەدین، قاسم نووری، مەحموود گلی.

**لیژنەی کۆڕ و سیمینار:**

١- د. ئیبراهیم سمۆ- ئامادە نەبوو.

٢- یاسین قادر بەرزنجی- ئامادە نەبوو.

٣- موحسین محەمەد- لە لیژنەکە کشایەوە.

٤- مەهدی حەسەن.

٥- کرمانج مستەفا- هیچ ڕۆڵێکی نەبوو.

**لیژنەی هونەری هۆڵەکان**

١- کاروخ ئیبراهیم.
٢- ئاشتیڤان سەلام.
٣- زاهیر ئیبراهیم.
٤- بژار سەعدی.
٥- نەورۆز محەمەد.
٦- هیوا عەلی.
٧- محەمەد تاریق.

**لیژنەی هەڵسەنگاندنی بەرهەمی شارەکان**

١- یووسف عوسمان
٢- مەهدی حەسەن
٣- هێلا مێڤیس

**سەرپەرشتیاری گشتی فیستیڤاڵ**

شەمال حەویزی

**سەرۆکی فیستیڤاڵ**

هیوا سوعاد یوونس

**لیژنەی داوەری کردن**

١- زاشا بۆنگا، سکرتێری شانۆ Parkwa ئەڵمانی.
٢- ئیبر هارت فاگنەر ئەندامی (ITI)- ئەڵمانیا.
٣- سلیڤا پوو (دەرهێنەری فەرەنسی).
٤- یانۆش ئۆگۆفسکی- سەرۆکی شانۆییەکانی پۆلەندا.
٥- د. سامی عەبدولحەمید- عیراق.
٦- د. فازڵ جاف/ دەرهێنەر- هەرێمی کوردستان.

**لیژنەی پێوەندییەکان**

١- عەلی ئەحمەد- سەرۆک.
٢- نەوزاد ڕەمەزان- سکرتێری لێژنە.
٣- حەمە سەعید ئیبراهیم- ئەندام.
٤- غازی ئەحمەد شینە- ئەندام.
٥- هێلا مێڤیس- ئەندام.

**مۆسیقا**

فەرهەنگ غەفوور

**دیزاین و پۆستەر**

عەزیز سەقا
سازگار فازڵ

**لۆگۆ**

ئارام ناسر

**وەرگیری ئینگلیزی**

ئیدریس تاهیر خدر

**فۆتۆ:** جیهانگیر گەردی

**لیژنەی دارایی**

١- ئەحمەد جەوهەر عەدۆ
٢- هێمن حەمە ڕەشید
٣- هەڤاڵ جەوهەر.

**سەرنج و تێبینی:**

١- هونەرمەند هیوا سوعاد هەوڵێکی زۆری دا تاکو ئەم فیستیڤاڵە ئەنجام درا، ئەوەی من ئاگادار بووم گەلێک لە مێژ بوو خوازیاری ئەوەبوو فیستیڤاڵێکی نێودەوڵەتی ئاست بەرز ئەنجام بدرێت، چونکە پێشتر فیستیڤاڵی شانۆی لاوان و منداڵانی ئەنجام دابوو.

٢- فیستیڤاڵەکە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک بەڕێوەچوو، هیچ خەلەلێکی زەقی تێدا نەبوو کە سەرنجڕاکێش بێت، ئەگەرچی لە یەکەم ڕۆژدا هەندێک گرفت ڕووی دا.

٣- ڕۆژانە جەماوەرێکی زۆر لە هونەرمەندان و هونەردۆستان ئامادەی نمایشەکان دەبوون، ئەوەش ئەوە دەسەلمێنێت کە هەولێر شاری هونەر و ڕۆشنبیرییە و هونەری خۆش دەوێت.

٤- ئەوەی جێگای نیگەرانی بوو هەندێک هونەرمەندی پێشەنگ و بەرچاوی شاری هەولێر لە نمایشەکان ئامادە نەبوون، ئینجا نازانم بانگێشت نەکرابوون، یان خۆیان بایکۆتی فیستیڤاڵەکەیان کردبوو، بۆ نموونە شانۆکاران تەڵعەت سامان، سەباح عەبدولڕەحمان، فەرهاد شەریف، ژیلوان تاهیر هیچ کامیان دیار نەبوون.

٥- ئەوەی من تێبینم کرد لەم فیستیڤاڵەدا ئاشتبوونەوەیەک هەبوو لەنێوان هونەرمەندان، بە تایبەتی هونەرمەند هیوا سوعاد و چەند شانۆکارێکی دیاری شاری هەولێر کە پێشتر ساردییەک لەنێوانیاندا هەبوو، ئەوەش خاڵی پۆزەتیڤە.

٦- بە داخەوە لەم هەموو تیپە شانۆییانەی کوردستان کە بەدەیان تیپ و کۆمەڵە بەناو لە گۆڕەپانەکەن، کەچی هیچ تیپێک بەشداری نەکردبوو، جگە لە تیپی سالار کە لە بنەڕەتدا بارەگای لە سلێمانییە و کەرکووکیش لە دەرەوەی کێبڕکێکە بوو، هەندێک دەڵێن بانگهێشتی بەشداری کردن درەنگ بە دەستمان گەیشت، بۆیە بەشداریمان نەکرد، چونکە بەشداری کردن لە فیستیڤاڵێکی نێودەوڵەتی ئاوا ئامادەباشییەکی چاکی دەوێت، بە ماوەی چەند حەفتەیەک نە دەق ئامادە دەبێت نە پرۆڤە دەکرێت، بەش بە حاڵی خۆم لام وایە مەسەلەکە بودجەیە، ئەگەر بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ پێش وەخت، بۆ نموونە دوو مانگ پێش فیستیڤاڵ ڕەزامەندی دەرخستە و خەرجی فیستیڤاڵ وەربگرێت، لەوانەبوو تیپەکان زوو ئاگادار بکرابانەوە، بەڵام دەرخستەکە دواکەوت، هیچ کارێکی شانۆییش بێ دەرخستە ئەنجام نادرێت، هیوادارم ئەم جۆرە فیستیڤاڵانە بەردەوام بن بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەزموونی شانۆکارانی کوردستان و ئاشنابوونیان بە ئەزموون و کاری شانۆکارانی بیانی.

٧- پێویستە لەمەوپاش هونەرمەندانی کوردستان بەخۆدا بچنەوە و هەوڵ بدەن شانۆ بەرەو پێش بەن، تەکنیکی ئاست بەرز بەکار بێنن، چ لە ڕووی نواندن چ لەڕووی کارە هونەرییەکانەوە، تاکو ئێستا زۆربەی زۆری دەرهێنەرەکان لە کاتی نمایشێکی شانۆییدا تەنیا چەند ستولێک بەکاردێنن لە جیاتی دیکۆری دەربڕ، ڕووناکی هەر باس ناکرێ.

٨- کاتی ئەوە هاتووە وەزارەتی ڕۆشنبیری مشوورێک لە دروستکردنی هۆڵێکی هاوچەرخی شیاو بخوات بۆ نمایشی شانۆیی، کە هەموو سیما و ڕەهەندەکانی سەرکەوتنی شانۆیی تێدا بێت، لە ڕووناکی و دەنگ و ساردی بۆ هاوینان و گەرمی بۆ زستان.

٩- دەبوایە ڕۆژانی فیستیڤاڵ ڕۆژنامەیەک، یان گۆڤارێک هەبوایە، شانۆکارە میوانەکانی بیانی و شانۆکارە کوردەکان ڕۆژانە هەڵوێست و تێبینی خۆیان تێدا بنووسیبایە، بۆچوونەکانیان ئاڵوگۆڕ بکردایە، ئەمە وەک ئەرشیڤێک دەما و لەهەمان کاتیشدا شتێکی جوان بوو.

١٠- لیژنەی کوڕ و سیمینار هەبوو، کەچی هیچ کۆڕ و سیمینارێکی قووڵ و بەهێزمان نەبینی، تەنیا بەسەرپێیی چەند سەرنج و تێبینییەک لەسەر (چیرۆکە بەردەوامە)ی کاک ئەحمەد سالار لەلایەن کاک کەمال غەمبار و چەند شانۆکارێکی عیراقیمان بینی، دەبوایە بەلای کەمەوە کاتێک تەرخان بکرێت بە ئامادەبوونی ئەم هەموو شانۆکارانە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ڕەوشی ئێستای شانۆ، چونکە شانۆکاران دەڵێن شانۆ لە قەیراندایە، هەندێکیشیان دەڵێن نەخێر گیروگرفت هەیە... تاد، هەرچۆنێک بێت جارێکی دیکەش پیرۆزبایی و دەستخۆشی لەبەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ دەکەم، بەتایبەتی هونەرمەند هیوا سوعاد کە بەهۆی ئەم فیستیڤاڵە نێودەوڵەتییەوە ئەم کەشوهەوایەی بۆ خولقاندین.

# فەلسەفەی هیگڵ

**هاشم سەڕاج**

«فەلسەفەی هیگڵ» ناوونیشانی کتێبێکە دکتۆر محەمەد کەمال نووسیویەتی، ناوەڕۆکی کتێبەکە ئەم بابەتانەی لەخۆ گرتووە، پێشەکی، گەشەکردنی بیروباوەڕی هیگڵ، هیگڵ و کانت، دیالێکتیک چییە؟، دیالێکتیکی زات و بابەت، نامۆیی، تاک و کۆمەڵ، لۆژیکی دیالێکتیکی...

لەم نووسینە کورتەدا هەوڵ دەدەم پوختەی بیروبۆچوون و چۆنیەتی گەشەسەندنی جیهانە فەلسەفییەکەی هیگڵ بخەمەڕوو، هەمیشە دوو دەستە، بە دوو دید و تێڕوانینی جیا لە فەلسەفەی «هیگڵ»یان ڕوانیوە، گرووپی ڕاسترەو لە ڕوانگەیەکی ئایدیالیستانەوە سەیری فەلسەفەی «هیگڵ»یان دەکرد و شێوازێکی میتافیزیکی و ئایینییان دەدایە پاڵ فەلسەفەکەو بەو نیازە کە لە خزمەت و بەرژەوەندی ئایینی مەسیحیدایە، چونکە هیگڵ لۆژیکی دیالێکتیکەکەی لە کەسایەتی «عیسا»دا بەرجەستە دەکات و تێکڕای بابەت و پارادۆکس و خەسڵەتی هەمەکی و هەندەکی و خوداوەند و مرۆڤ لەم کەسایەتییەدا یەک دەگرنەوە، بەڵام دەستەی دووەم، بە گرووپی چەپڕەو دەناسرێن.

لۆژیکی دیالێکتیک بە واقیعی بەردەستەکییەوە دەبەستنەوە و بەرگە ئایدیالیست و ئایینییەکەی لێ دادەماڵن و هەوڵ دەدەن لەسەر بناغەی لۆژیکە دیالێکتیکییەکە پێوەندی نێوان تیوری و پراکتیکی بەهێزتر بکەن، هەندێک لە بیرمەندان دژی فەلسەفەی هیگڵ وەستاون و هەندێکی تریش داکۆکییان لێ کردووە «کارل پۆپەر» بە توندی پەلاماری فەلسەفەی هیگڵی داوە و نازیزمی بە منداڵی ئەم فەلسەفەیە نێوزەد کردووە، بەڵام «هربەرت مارکۆز» بەرگری لە فەلسەفەی هیگڵ دەکات و پێی وا نییە ڕژێمێکی فاشستی سوودی لە فەلسەفەکەی وەرگرتبێت، هاوکات مارکۆز دژی فەلسەفەی- پۆزەتیڤیزم- دەدوێت کە کارل پۆپەر یەکێکە لەوانەی باوەڕ بەم فەلسەفەیە دەکات، ئەم فەلسەفەیە بە بناغەی سەرهەڵدانی ئایدیۆلۆژیای نازیزم لە مێژووی ئەوروپادا لە قەڵەم دەدات.. دکتۆر



محەمەد کەمال بە وردی لە گەشەکردنی بیروباوەڕی هیگڵ «١٧٧٠- ١٨٣١» دەدوێت و ڕەوشی ململانێ رامیاری و کۆمەڵایەتییەکان دەخاتە ڕوو کە چۆن لەو سەردەمەدا شۆڕشی بۆرژوازی لە فەرەنسا کۆتایی بە دامودەزگا دەرەبەگایەتییەکان هێنا، لە هەمان کاتدا بزووتنەوەی ڕۆشنگەری و مۆدێرنیتی شکست بە دۆگمای ئایینی دێنێت؟

هیگڵ ڕەخنە لە بزووتنەوەی ڕۆشنگەری و ڕۆمانتیزم دەگرێت و پێی وایە ڕۆمانتیزم گرنگی بەلایەنی سۆز دەدات و بە بزاڤێکی ناتەواوی دادەنێت وێڕای گرنگیدانی هیگڵ بە لایەنی «هۆش» پێی وایە پێویستە ژیانی کۆمەڵایەتی و دادپەروەری بە تێروانینی میتافیزیکییەوە ببەسترێنەوە، یان بە شێوەیەکی دیکە باوەڕی بە سیستمێک هەیە کە ژیانی ئەمڕۆ و سبەینێ «جیهانی ڕوحی» بەیەکەوە ببەستێتەوە، هەروەها پێویستە خودی ڕەها لە ڕێگەی هۆشەوە نەک سۆز لەگەڵ بوونی مرۆڤدا یەک بگرن، ساڵی ١٨٠٢ لە نووسراوێکدا بەنێوی «بڕوا و زانیاری» تێیدا ڕەخنە لە بزاڤی ڕۆشنگەری و ڕۆمانتیزم دەگرێت و وای بۆ دەچێت کە نابێ مرۆڤ لە جیهاندا بێهوودە و بێ مانا دابنرێت، هیگڵ بە وردی لە کێشەکانی نێو فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی دەکۆڵێتەوە و ڕینێ دیکارت «١٥٩٦- ١٦٥٠» کە سەر بە فێرگەی هۆشەکییە و پێی وایە بیری بوونی خوا زگماکییە و هەموو تاکێک بەو بیرەوە هاتۆتە ژیانەوە.. هەڵبەتە زانایانی فێرگەی هۆشەکی زانینیان گەڕاندۆتەوە بۆ هۆش و تاقیکردنەوەی هەستەکی بە کەم و کورت دادەنێن، بەڵام پێشەوایانی فێرگەی هەستەکی وەکو جۆن لۆک و داڤید هیوم و بارکلی بوونی هۆش ڕەت دەکەنەوە و زانین بۆ تاقیکردنەوەی هەستەکی دەگەڕێننەوە.. لای ئەوان هەستکردن دوو جۆری هەیە، یەکەم لە ئینتیباعەکان، دووەم بیرەکان.. ئینتیباعەکان پێش بیرەکان دەکەون، هەر بیرێکمان هەبێت، ئەوە لە ئینتیباعەکەوە پەیدا بووە، بۆ نموونە شیرینی هەنگوین لە ئینتیباعی تامی هەنگوینەوە پەیدا دەبێت، هەروەها ئەمانوئێل کانت «١٧٢٤- ١٨٠٤» وەکو داڤید هیوم.. ئەزموونی هەستەکی بە یەکەم سەرچاوەی زانین دادەنێت. دەشڵێ ئەزموونی هەستەکی لەنێو کات و شوێندا ڕوودەدات، بەڵام کات و شوێن خۆیان لەنێو ئەزموونەکەدا نین، کە دوو مەرجی پێویست و پێشترن و کەس ناتوانێ لە ڕێگەی تاقیکردنەوەی هەستەکییەوە بیانناسێت، هەروەها کانت جەخت لەسەر «کاتیگۆرییەکان» دەکات کە ژمارەیان دوازدەیە و لە لۆژیکی ئەرستۆوە وەرگیراون و دەبنە پێش مەرج بۆ تێگەیشتن، پرۆژە فەلسەفییەکەی کانت بەستنەوەی فێرگەی هەستەکی و هۆشەکییە، بڕوای وایە هۆش بە تەنیا و بەبێ یاریدەدانی هەستکردن ناتوانێت خەسڵەتەکانی جیهانی دەرەوە بناسێنێت، واتە هۆش و هەست تەواوکەری یەکترین، بەڵام هۆش لای کانت وەکو هۆش لای دیکارت نییە، چونکە لای کانت بیری زگماکی لەگەڵ خۆیدا نەهێناوەتە وجوودەوە و گومانیش لە بوونی هۆشێکی لە «ماتر» بەدەر دەکات. کانت جیهانی کردووە بە دوو بەشەوە، جیهانی «فینۆمینە» کە زانراوە و دەکەوێتە بەر ڕۆشنایی هەستکردن و کاتیگۆرییەکانی تێگەیشتن، جیهانی «نۆمینە»ش کە جیهانێکی لە «ماتر» بەدەرە و لەو دیو فینۆمینەوەیە و هەرگیز مرۆڤ نایناسێت، من لێرەدا هەوڵ دەدەم بە هەمان زمانی دکتۆر محەمەد کەمال پوختەی بابەتەکە بگوێزمەوە، واتە بەشێک لە بۆچوونە فەلسەفییەکان بخەمەڕوو، کێشە دوالیزمەکەی کانت بە تایبەتی هەڵچنینی دیوارێکی ئەستوور لەنێوان جیهانی فینۆمینە و نۆمینەدا و لەنێوان خود و جیهانی دەرەوەدا... دەبێتە هۆی نارەزایی فەیلەسووفە ئەڵمانییەکانی پاش کانت، شۆپنهاوەر و فیختە و یاکۆبی و شلایە ماخەر و شیلنگ و شیلەر و هیگڵ هەوڵیان داوە چارەسەری ئەم کێشە دوو فاقییە بکەن. دکتۆر محەمەد کەمال لەم کتێبەدا بیروبۆچوونی هەریەک لەو فەیلەسووفانەی کە لە سەرەوە ئاماژەم بۆ کردوون لە مەڕ خود و جیهانی دەرەوە، یان جیهانی فینۆمینە و نۆمینە دەخاتە ڕوو، بەڵام من هەوڵ دەدەم زۆرتر جەخت لەسەر بیروبۆچوونەکانی هیگڵ بکەمەوە، چونکە بابەتی سەرەکی کتێبەکە پێوەندی بە فەلسەفەی «هیگڵ»ەوە هەیە، بەدیدی «فیختە» ناسینی جیهان بۆ زات، کێشەیەکی گران،

یان مەحاڵ نییە، زات چۆن خۆی دەناسێت بەو شێوەیەش جیهانی دەرەکی دەناسێت، چونکە جیهانی دەرەکی دیوی دەرەوەی خۆیەتی و بۆ ئەو بێگانە نییە، ئەم هەنگاوەی فیختە بەدیدی هیگڵ کارێکی خراپ نییە، بەڵام هێشتا مەسەلەکە بە تەواوی چارەسەر نەکراوە، هەروەها هیگڵ لە ئاستی ئەم کێشەیەدا تارادەیەک پشتگیری شیلنگ دەکات، بەڵام هاوکات رەخنە لە شیلنگ دەگرێت، چونکە ئەزموونی هونەری چارەسەری کێشە ئۆنتۆلۆژییەکان ناکات، هەروەها هونەریش لە فەلسەفەی هیگڵدا پلەیەک لە خوار ئایین و دوو پلەش لە خوار فەلسەفەوەیە، دکتۆر محەمەد کەمال لەگەڵ زۆربەی ئەو بیرمەندانە هاورا نییە کە رەخنە لە هیگڵ دەگرن، بە تایبەتی «رۆبرت سولۆمۆن» و «کارڵ پۆپەر» و «برتراند رەسڵ» و پێی وایە هەندێکیان نەشارەزایانە پەلاماری هیگڵیان داوە، هەروەها شیلنگ بروای بە رەسەنیەتی فەلسەفەی هیگڵ نەبووە، لە بەشێکی تری ئەم کتێبەکەدا دکتۆر بیروبۆچوونە فەلسەفییەکانی هیگڵ سەبارەت بە بوونی رەها «خوا» دەخاتەروو، چونکە هیگڵ پێی وایە دامەزراندنی سیستەمێکی رەها کارێکی ئەوەندە سەخت نییە، لەبەر ئەوەی سیستەمێکە و بوونی رەها «خودا» دایناوە و هیگڵیش تەفسیری دەکات، هیگڵ بە پێچەوانەی پارمەندیس و ئەفلاتوون، بوونی رەهای بە راستەقینەیەکی نەگۆڕ و وەستاو دانەناوە، بەڵکو ئەم بوونە هەمیشە لە جووڵە و گۆڕاندایە، ئەم خاڵەش بۆ ئەفلاتوون و ئەرستۆ و دیکارت و سپینۆزا سەیر و نەگونجاوە. لە دیدی ئەم بیرمەندانەوە بوونی رەها، پڕ و تەواوە و گۆڕانکاری تێدا روونادات، بەڵام بوونی رەها لە فەلسەفەی دیالێکتیکی هیگڵدا وەکو بوونی مرۆڤ دینامیکییە و بەهۆی پرۆژەکانییەوە هەوڵی خۆ تەواوکردن و گەیشتن بە تەواو کۆیی دەدات.

هیگڵ بڕوای وایە دیالێکتیک سیستمێکی زانستانەیە و لەلایەکی تریشەوە سەرهەڵدانی ناکۆکی و لایەنە دژ بە یەکترەکانی کردووە بە رەورەوەی گۆڕانکاری.. دکتۆر محەمەد کەمال ناکۆکییەکانی بەسەر دوو شێوەدا دابەش کردووە:

**یەکەم:** ناکۆکییەکانی جەوهەری «ناوەرۆکی» کە لەناو بوونی هەموو بابەت و رووداوێکدا هەیە چی ماتەر، یان لە ماتەر بەدەر.

**دووەم:** ناکۆکی یەکێکە لە کاتیگۆرییەکان لەناو لۆژیکی هیگڵ و لە بەشی دووەمی لۆژیکدا سەرهەڵدەدات. هیگڵ وای بۆ دەچێ کە هەموو شتێک هەڵگری ناکۆکییە، هەتا بوونی رەهاش لە توخمی ناکۆکی بێ بەش نییە، لەم بەشەشدا بە دووروودرێژی لە ئاگایی و بیرکردنەوەی بوونی رەها دەدوێت، کە چۆن بیرکردنەوە پێوەندی بە بابەتەوە هەیە و بوونی رەهاش بیر لە خۆی دەکاتەوە، یان بیر لە بوونی خۆی دەکاتەوە، واتە هەموو جۆرە خود- ئاگاییەک- بیرکردنەوەیەکی دیالێکتیکانەیە، هیگڵ هەوڵ دەدات دژەکان لەناو ئەو سیستەمە نوێیەدا تێهەڵکێش بکات، دواتر لە ماتەر دەدوێت کە چۆن لە هۆشی رەهاوە دەرچووە و لێی جیابووەتەوە، ئەم جیابوونەوەیە، هەستێکی قووڵە بەنامۆیی، ئەمەیش نامۆیی میتافیزیکییە.. هۆشی رەها هەوڵ دەدات لەم نامۆیییە رزگاری بێت، بەم نیازە جارێکی دیکە لەگەڵ بابەتە دژوارەکەیدا یەک دەگرنەوە. دکتۆر محەمەد کەمال وای بۆ دەچێت کە فێرگە فەلسەفییەکان و کۆمەڵێک بیرمەند سوودیان لە فەلسەفەی هیگڵ وەرگرتووە. بە تایبەتی لە کاتیگۆری رەتدانەوە.. لەوانەش کارڵ مارکس و سارتر و بیرمەندانی سەر بە فێرگەی فرانکفۆرت وەکو مارکۆز و ئەدۆرنۆ.. کە رەتدانەوە لەلایان بووە بەهێز و برستی بیروباوەڕی فەلسەفیانەو گۆڕانکارییەکانی ناو مێژوو، هەروەها هیگڵ بە پێچەوانەی سپینۆزا و ئیبن عەرەبی پێی وایە هۆشی رەها کە سەرچاوەی سروشتە، لە گۆڕان و پەرەسەندندایە و دەیەوێت بگاتە پلەی تەواو کۆیی و بەسەر نامۆییدا زاڵ بێت، دکتۆر محەمەد کەمال سیستمی هیگڵ دەکات بە سێ بەش:

**یەکەم:** (لۆژیک) لە هۆشی رەها دەدوێت... پێش ئەوەی خۆی وەکو سروشت دەربخات و لەگەڵیشیدا یەک بگرێتەوە.

**دووەم:** سروشت.. یان جیهانی ماتریال، کە هۆشی رەها وەکو دژ بۆ خۆی خوڵقاندوویەتی.

**سێیەم:** هۆش، یان «فەلسەفەی هۆش» دکتۆر لێرەدا مەبەستی

فەلسەفەی ڕوحە.. کە تێهەڵکێشی بەشی یەکەم و دووەمە، باسی کۆمەڵ و فەلسەفەی ڕامیاری هیگڵ دەکات، لێرەدا هیگڵ هەوڵی داوە پێوەندییەکی نوێ لەنێوان خود و بابەتی دەرەوەدا دروست بکات، سەبارەت بەم بابەتەش دکتۆر محەمەد کەمال لە هەمان ڕوانگەی دیالێکتیکییەوە دەربارەی پێوەندی نێوان خود و بابەت، یان خود و جیهانی دەرەوە دەدوێت، ئەم هاوکێشەیەش لای هیگڵ بە سێ جۆر لێک دەدرێتەوە کە بریتین لە یەک چاوگەی ئۆنتۆلۆژی، یەک چاوگەی لۆژیکی، یەک چاوگەی ئەپستمۆلۆژی. لە دیدی هیگڵ هۆشی ڕەها، یان ڕوحی ڕەها ڕاستەقینەیەکی تاک و تەنیایە و بوونەوەرەکانی دیکە شێواز و فۆرمی ئەون، واتە جیهانی دەرەکی «ماتریال» لە بنەڕەتدا شێواز و ڕوخساری هۆشی ڕەهایە.

کاتێک هۆش، یان خود بابەتی دەرەکی دەناسێت، ئەوە خۆی دەناسێت، کە ئەو بابەتەش دەگۆڕێت، ئەوە خۆی دەگۆڕێت، دیالێکتیک لای هیگڵ جووڵەیەکی نەوەستاوە پشت بە بابەت و دژە بابەت و تێکەڵکێش دەبەستێت، لێرەدا هۆشی ڕەها، یان ڕوحی ڕەها بابەتە و جیهانی دەرەکی «ماتریال» کە بێ گیان و ناماقوولّە دژی بابەت و جیهانی ئۆرگانیکی زیندووش کە مرۆڤی تێدا بەشدارە تێکەڵکێشی هەردووکیانە، هەروەها لە دیدی هیگڵەوە زمان ڕۆڵێکی سەرەکی بۆ دامەزراندنی زانین هەیە و ئەوەی باسی نەکرێت، نا دروست و ناماقوولّە. ئەوەی لە زمانیشدا بەکاردێت زاراوەکانە، یان کۆمەڵێک بیری هەمەکین بەسەر هەموو شتێکدا ساغ دەبنەوە، لێرەدا خود، یان زات هێدی هێدی لە قۆناغی هەستەکییەوە و بە دیدێکی هەمەکی لە شتگەلەکان دەڕوانێت و بەرەو خۆ پێگەیاندن و گەشەکردن هەنگاو دەهاوێت، بەڵام لە قۆناغی تێگەیشتن ئاوڕ لە خەسڵەتە هەستەکییەکان ناداتەوە و بە شوێن خەسڵەتی دیکەی بابەتەکەدا وێڵە، هەوڵ دەدات کۆمەڵێک خەسڵەتی هەمەکی بدۆزێتەوە، کە پێوەندییان بە هەستکردنەوە نییە... ئەم خەسڵەتانە وەکو «یەک، زۆر، هێز، وزە، ڕاکێشان» لای هیگڵ لایەنی تیوری بەبێ لایەنی پراکتیک، یان کارکردن ناتەواوە و خود ناتوانێت بەبێ پراکتیک بابەتەکە بە تەواوی بگۆڕێت و بیکات بە موڵکی خۆی.. هەڵبەتە هیگڵ بۆ دیالێکتیکی کارکردن، زانین دەکات بەهێزی گۆڕانکاری و خودیش ڕۆڵێکی پراکتیکی بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت، لەگەڵ ئەم ڕۆڵەیش کێشە کۆمەڵایەتی و ڕامیارییەکانیش لە مێژوودا سەرهەڵدەدەن، ئەمەیش لەپێناوی گەیشتن بەسەربەستی، لێرەدا دکتۆر محەمەد کەمال سەبارەت بەم بەشەی فەلسەفەی هیگڵ لەو بڕوادایە کە کارێکی مەزنی کردووەتە سەر قوتابخانەکانی پاش خۆی، بەتایبەتی فێرگەی مارکسیزم و بوونگەرایی، کارڵ مارکس و مارتن هایدگەر و ژان پۆل سارتر سوودیان لە کێشە کۆمەڵایەتی و ڕامیارییەکانی هیگڵ وەرگرتووە.

لە کتێبی فەلسەفەی مێژوودا، جیهانی بۆ سەر چوار بەش پۆلێن کردووە، جیهانی ڕۆژهەڵات، یۆنان، ڕۆم، ئەڵمان. مەبەست لە جیهانی ڕۆژهەڵات، وڵات و شارستانیەتی چین و هیند و فارسی.. لای هیگڵ بە وەستاو و نەگۆڕ دانراون و دیالێکتیکیان تێدا ڕوونادات، ئەم دوو شارستانیەتە دەکەونە دەرەوەی بازنەی مێژووی جیهانییەوە، گوایە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات باوەڕی بەسەربەستی تەنیا کەسێک هەیە، ئەویش پاشایە کە دەسەڵاتی ڕەهای هەیە و کۆمەڵگای لەسەربەستی بێ بەش کردووە.

لە «چین» دەسەڵاتی دەوڵەت لەسەر خێزان و خوێن ڕاوەستاوە، لە «هیند» بەستراوەتەوە بە بۆچوونێکی ئایینی و میتافیزیکی و کۆمەڵ کراوە بە چوار چین، شارستانیەتی فارس لەسەر بیروباوەڕەکانی زەردەشت وەستاوە، شارستانیەتی ڕۆمانی لە شارستانیەتی یۆنانی پێشکەوتووترە، چونکە لای ڕۆمانییەکان دەوڵەت خاوەنی دەستوورێکی ڕامیارییە و باوەڕی بە مافی سەربەستی تاکەکانیش هەیە، ئەمەیش بووەتە هۆکارێک بۆ سەرهەڵدانی چەند فێرگەیەکی فەلسەفی وەکو ڕواقییەکان و ئەپیقۆرییەکان و گومانکاری.. دواتریش سەرهەڵدانی ئایینی مەسیحی لەسەردەمی «کۆنستەنتین» کە بوو بە ئایینی دەوڵەت.

دکتۆر محەمەد کەمال لەم بەشەدا بە وردی لە چەمکی حەز «Desire» دەدوێت و وەک

هێزێکی دیالێکتیکی کە خود بەرەو جیهان دەهێنێتە جووڵە دەخرێتە ڕوو، لای هیگڵ خود بەهۆی حەزەوە هەست بە بوونی خۆی دەکات و خۆی دەناسێت، هاوکات جۆرێک لە جیاکاری لەنێوان چەمکی حەز و ئارەزوو و زانین دەخرێتە ڕوو، دکتۆر محەمەد کەمال لە ڕوانگەی هیگڵەوە بە دووروودرێژی لە ڕۆڵی حەزلێکەر و حەزلێکراو دەدوێت و خەسڵەتی داگیرکردنی ئەوی دی نیشان دەدات، کە چۆن خودی حەزلێکراو دەبێت بە کۆیلە و خودی حەزلێکەریش بە خاوەن کۆیلە، بەڵام کۆیلە لە بنەڕەتدا خۆی خاوەندی هێزی بەرهەمهێنانە و هەر خۆیشی لە ڕێگەی کارەوە گۆڕانکارییەکان بەرپا دەکات، بەڵام لەبەر ئەوەی لەمردن دەترسێت کۆیلایەتی قبووڵ دەکات، بەڵام هەر ئەوەتا بە ئاگا هاتەوە سەربەستییەکەی لە خاوەنەکەی وەردەگرێتەوە و بە داگیرکردنی خودی ڕازی نابێت.

هەروەها هیگڵ پێی وایە بیروباوەڕی ڕەواقیزم و گومانکاری و بیروباوەڕی ئایینی، گشتیان ئایدیۆلۆژیای کۆیلایەتین و مرۆڤ لە چەوسانەوە ڕزگار ناکەن، واتە کێشەی سەرەکی کۆیلە ترسە لە مردن و غەریزەی ژیان بەسەریدا زاڵە، دکتۆر محەمەد کەمال بەدرێژی لە بنەمای فەلسەفەی ڕەواقییەکان دەدوێت کە «زینۆ» سەر دەستەیان بووە و ئەم فەلسەفەیە سەربەستی مرۆڤ پابەندی «بیر»، یان هزری مرۆڤ دەکات و لە واقیعی خود دووری دەخاتەوە و بڕوای بە خەبات و تێکۆشان نییە و دەڵێت: مادام مرۆڤ لە ناخیدا ئازادە پێویستی بە تێکۆشان نییە لەپێناو سەربەستیدا»، ڕەواقییەکان باوەڕیان بە بوونی واقیعی دەرەکی هەبوو، بەڵام بەبێ بایەخ دایاندەنا، کەچی گومانکارەکان واقیعی دەرەکی بەبێ بایەخ دانانێن، بەڵکو ڕەفزی دەکەن و باوەڕیان بە بوونی نییە، گومان لە هەموو شتێک دەکەن و گومانکارەکان جیهانیان کردووە بە دوو بەشەوە، ئەو جیهانەی کە تێیدا دەژین و هەستی پێدەکەین، جیهانێکیش کە لەو دیو ئەم جیهانە هەستپێکراوەیە، بەدیدی هیگڵ ئەم جۆرە ئایدیۆلۆژیانە مرۆڤ لە ئاستی گۆڕانە مێژووییەکاندا ئیفلیج دەکەن، دواجار هیگڵ شۆڕشی بورژوازی فەرەنسا بە دواقۆناغی گەشەکردن و پێشکەوتنی مێژوو دادەنێت.

لە بەشێکی تری ئەم کتێبەدا دکتۆر محەمەد کەمال بە دووروودرێژی لە چەمکی نامۆیی دەدوێت و جۆرەکانی نامۆییش دەخاتە ڕوو، نامۆیی لەلای هیگڵ ڕووداوێک نییە بارودۆخی ژیانی کۆمەڵایەتی سەپاندبێتی، بەڵکو حاڵەتێکی زەروورییە و بنەماڵەیەکی میتافیزیکی هەیە و دەبێت خود ئەزموونی بکات و وەک قۆناغێک پێیدا تێپەڕێت، هیگڵ دەڵێت بەبێ نامۆیی و هەستکردن بە نامۆیی و خۆ ڕزگارکردن لە دەستی نامۆیی، خود پێش ناکەوێت و ناتوانێت دیالێکتیکیانە هەنگاو بنێت، لە ڕوویەکی دیکەوە هیگڵ نامۆیی و خوڵقاندن و بابەتیەتی لە یەک جیا نەکردووەتەوە. دکتۆر محەمەد کەمال لە چەمکی نامۆیی لای کارڵ مارکس دەدوێت کە چۆن سوودی لە هیگڵ وەرگرتووە، بە تایبەتی لە «دیالێکتیکی کارکردن»ی هیگڵ، بەڵام مارکس چەمکی نامۆیی بە لایەنی ئابوورییەوە گرێ داوە، هەروەها دکتۆر لە بۆچوونی مارکسییە ئەرسەدۆکسییەکان و بیروبۆچوونی جۆرج لۆکاش دەدوێت کە چۆن لە بارەی نامۆیی دواون. بۆ نموونە «جۆرج لۆکاش» و «ئادەم شاف» و «ڕۆژێ گارۆودی»یش لەو باوەڕەدان کە کۆمەڵگای سۆشیالیست ڕەگوڕیشەی هەموو جۆرە نامۆییەک لە بنجەوە دەرناهێنێت، دکتۆر محەمەد کەمال لە بابەتێکی تری ئەم کتێبەدا لە دیدی «هیگڵ»ەوە، پێوەندی نێوان تاک و کۆمەڵ دەخاتە ڕوو. هیگڵ پێی وایە پێوەندییەکانی نێوان تاک و کۆمەڵ دیالێکتیکیانەن، واتە هیچ لایەنێکیان نەکراوە بە قوربانی لایەنەکەی دیکە، بەڵام لە قۆناغێکدا کە هیگڵ ناوی دەنێت «Ethical life» تاک بە تەواوی دەکەوێتە ژێر کارتێکردنی کۆمەڵەوە و ئەو نەریت و بەهایانە پێڕەو دەکات کە کۆمەڵەکەی دایناون، زۆرجار تاک دژی بەهاو نەریتەکانی کۆمەڵ دەوەستێت و هەوڵ دەدات گۆڕانکارییەکانی ناو مێژوو بخوڵقێنێت و قۆناغێکی نوێتر بێنێتە کایەوە، لە دیدی «هیگڵ»ەوە تاک پەنا دەباتە بەر نەریت و بەرژەوەندی خێزانەکەی و ئەم بەرژەوەندییەش لەسەرووی بەرژەوەندی کۆمەڵەوە دادەنێت، چونکە خێزان بۆ هیگڵ دەستگایەکە کە بناغەکەی لەسەر دوو کۆڵەکە

دامەزراوە، سۆز و ڕەوشت، ئەندامەکانی یەکدییان خۆش دەوێت و لە ئاستی یەکدیش بەرپرسیارن، زۆرجار خود ئاگایی تاک لە نەریت و بەها هەمەکییەکانی کۆمەڵی دوور دەخاتەوە و ئەو بەها هەمەکییانە بەکۆسپ و لە ناوچوونی سەربەستییەکەی دادەنێت، لێرەدا هیگڵ بۆ ئەم جۆرە ناکۆکییە ئاماژە بە هەڵوێستی «ئەنتیگۆن»ی پاڵەوانی شانۆگەرییەکەی «سۆفۆکلیس» دەدات کە میتافۆری ئەنتیگۆنا بەجوانترین شێوە ناکۆکییەکانی نێوان تاک و کۆمەڵ دەخاتە ڕوو، لە هەمان کاتدا هەڵوێستی یاخیبووی ئەنتیگۆن ئاماژەیە بۆ ململانێی نێوان تاک و کۆمەڵ، یان تاک و دەوڵەت، هەروەها هیگڵ پێی وایە بەهاو یاساکانی دەوڵەت دەستکردی پیاوە، هاوکات هیگڵ یاخیبوونی ئەنتیگۆنا، یان یاخیبوونی تاک بەمژدەی دامەزراندنی کۆمەڵگای مەدەنی لە قەڵەم دەدات، چونکە تاکەکان بەهای خۆیان هەیە، پێویستە دەوڵەت ڕێزی بەهای تاکەکان بگرێت.

پاشان هیگڵ بە وردی لە چەمکی ڕۆشنگەری دەدوێت کە چۆن لە مێژووی شارستانیەتی ڕۆژئاوادا و لەم قۆناغەدا سەری هەڵداوە، ڕۆشنگەری باوەڕی بە سەربەستی بیرکردنەوە هەیە، ئەوە پرۆژەی ڕۆشنگەری بوو، ڕێگای بۆ شۆڕشی بۆرژوازی فەرەنسا خۆش کرد، بەڵام هیگڵ وای بۆ دەچێت کە دواتر شۆڕشەکە هێدی هێدی لە ئامانجەکانی دوورکەوتەوە و بوو بە ڕژێمێکی ستەمکار و لەئەنجامی ئەمەدا بەها هەمەکییەکان بوون بە موڵکی تاکەکەسێک «دیکتاتۆر» و دەسەڵاتی خۆی سەپاندو سەربەستی کەسانی دیکەی ڕەت کردەوە، لێرەدا دەسەڵاتی دیکتاتۆری بۆ مانەوەی خۆی پەنا دەباتە بەر تیرۆر و کوشتن و لەناوبردنی هێزە بەرهەڵستکارەکان، کۆمەڵ دەبێت بۆ دەوڵەت بژی و دەوڵەتیش دەستگای تاکەکەسێکی دیکتاتۆرە. بەم شێوەیە هیگڵ بڕوای بە شۆڕش نامێنێت و ڕوو دەکاتە ڕژێمێکی ڕامیاری پاشاگەری کە لەسەر پێڕەوی «Constiutution» پەرلەمانی دەوڵەت بەڕێوە دەبات کە دەسەڵاتی پاشا بە پێچەوانەی دەسەڵاتی دیکتاتۆرە و بەپێی پێڕەوی دەوڵەت و پەرلەمان حوکم دەکات و سەربەستی و دەسەڵاتی سنووردار دەبێت.

لەدوا بەشی ئەم کتێبەدا دکتۆر محەمەد کەمال بە وردی لە لۆژیکی دیالێکتیکی دەدوێت و جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە هیگڵ نەخشەی بیروباوەڕەکانی لەسەر سێکوچکەی (لۆژیک، سروشت، ئاگامەندی» دامەزراندووە، هەروەها دکتۆر محەمەد کەمال ڕەگو ڕیشەی واژەی دیالێکتیک بۆ سەردەمی یۆنان دەگەڕێنێتەوە، دەڵێت واژەی دیالێکتیک یۆنانییە و لە «dialektike teehne» واتە هونەری دیالێکتیک «جەدەل»ەوە هاتووە، بۆ یەکەم جار «زینۆی ئیلیا» کە لەسەردەمی چوارەمی پێش زاییندا ژیاوە و واژەی دیالێکتیکی بۆ بەرگریکردن لە بیروباوەڕەکانی «پارمەنیدس»ی مامۆستای بەکارهێناوە، دواتر سۆفیستەکان لەوانە پرۆتاگۆراس و گۆرگیاس بۆ جیاکردنەوەی بیروباوەڕی فەلسەفی دروست و نادروست پەنایان بردووەتە بەر واژەی دیالێکتیک و دوای نەمانی سوکرات و پاشان ئەفلاتوون سوودی لە شێوازی جەدەلی دیالێکتیکی وەرگرتووە. هەروەها زانا موسوڵمانەکانیش وەکو شاگردانی فێرگەی موعتەزیلە لە شارەکانی بەسرە و بەغدا لەژێر کارتێکردنی فەلسەفەی یۆنانیدا سوودیان لە دیالێکتیک وەرگرتووە، لەسەردەمی نوێشدا «کانت» باسی دیالێکتیکی کردووە، بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی فەلسەفەی هیگڵ لۆژیکی دیالێکتیک هاتە کایەوە و لە سیستمێکی تەواودا دامەزرا، ئەم سیستەمەش بە بیروڕای هیگڵ سیستمی جیهان و گۆڕانکارییەکانی ناو جیهانە و «بوونی ڕەها» دایهێناوە و هیگڵ دۆزیویەتییەوە و بە ئێمەی دەناسێنێت.

لێرەدا دکتۆر محەمەد کەمال خەسڵەتە سەرەکییەکانی لۆژیکی دیالێکتیک لای ئەرستۆ دەخاتە ڕوو، کە لەسەر بنەمای یاساکانی بیر دامەزراوە، کە دەڵێن «ئەلف»، ئەلفە، ئەوە ئیتر کەس ناتوانێت بڵێت کە (ئەلف)، (ئەلف) نییە، چونکە ئەم یاسایە ناکۆکی لەخۆیدا هەڵناگرێت، هەروەها لای ئەرستۆ «نەبوون» نابێت بەسەرچاوەی «بوون» لۆژیکی دیالێکتیک لای هیگڵ لەگەڵ ئەم دوو خاڵەدا هاوڕا نییە، چونکە هیگڵ یاسای ناکۆکی دەکات بە خەسڵەتێکی سەرەکی

بیرکردنەوە، لای هیگڵ هەموو کێشەیەکی پۆزەتیڤی وەکو «ئەلف ئەلفە»، یان «مرۆڤ مرۆڤە» لەناو خۆیدا ناکۆکە و ڕەتدانەوەی ڕاستەقینەیەکی دیکەیە. کە دەڵێن پشیلەکە ڕەشە، مەبەستمان ئەوەیە کە پشیلەکە سپی نییە، هەروەها ناکۆکی لە دیالێکتیکدا بووە بەهێز و توانای گۆڕانکارییەکان، بۆیە هەموو ئەو زانایانەی لۆژیکی دیالێکتیک پێڕەو دەکەن باوەڕیان بە گۆڕان بەرەو پێشکەوتن هەیە و لە هەمان کاتدا ئاگامەندی هەوڵدەدات خۆی بگەیەنێتە قۆناغێکی باشتر و بەم شێوەیە بەردەوامی بە گۆڕانکارییە دیالێکتیکییەکان دەدرێت، لەلایەکی دیکەوە هیگڵ پێی وایە کە بوون و نەبوون لەناو یەکدان و تێهەڵکێشراون، هاوکات لای هیگڵ گۆڕانە دیالێکتیکییەکان لە بابەتەوە بۆ دژە بابەت و ئەوجا بۆ تێهەڵکێش دەڕوات، دژە بابەت لەگەڵ بابەتدا ناکۆکە و دژی دەوەستێت و هاوکات لەناو منداڵدانی بابەتدا لە دایک دەبێت، واتە بابەت و دژە بابەت هەمیشە لە ململانێدان و هەوڵ دەدەن بەسەر ناکۆکییەکاندا زاڵ بن، ئەم زاڵبوونەیش کە لەقۆناغی سێیەمدا ناکۆکییەکان لەناو دەبات بەنێوی تێهەڵکێش روودەدات، تێهەڵکێش لە بابەت و دژە بابەت دەوڵەمەندترە، چونکە هەردووکی لەناو خۆیدا هەڵگرتووە، هەروەها دژە بابەت ڕەتدانەوەی «نێگەتیڤی» بابەتە و تێهەڵکێش و ڕەتدانەوەی ئەم ڕەتدانەوەیەیە «نێگەتیڤی نێگەتیڤە».. هاوکات لۆژیکی دیالێکتیک لای هیگڵ بە پێچەوانەی لۆژیکی ئەرستۆوە، باسی جۆرەکانی کێشە و دروستی و نادروستییان ناکات، چونکە کاتیگۆرییەکانی لۆژیکی دیالێکتیک ئەو بنەما هۆشەکییەن کە جیهان و گۆڕانکارییەکانی ناو جیهانی لەسەر ڕاوەستاوە، هەڵبەتە ئەم کاتیگۆرییانە دەستکردی هۆش و تێگەیشتنی مرۆڤ نین، بەڵکو ئۆنتۆلۆژییانەن و خاوەنی بوونی خۆیانن. ڕەتدانەوەی «نێگەتیڤ» هێزی ڕووخان و دامەزراندنە، لەبەر ئەمەیشە گۆڕانکاری دیالێکتیکی بە پێشکەوتنخواز دادەنرێت، چونکە ئەگەری گەڕانەوەی نییە و هەمیشە قۆناغی نوێ لە قۆناغی پێشتر لە خۆی باشتر و دەوڵەمەندتر و بەرزترە، دکتۆر محەمەد کەمال لۆژیکی دیالێکتیکی هیگڵ بەم شێوەیەی خوارەوە پۆلێن دەکات:

١- ڕاڕەوی بوون ٢- ڕاڕەوی ناوەرۆک ٣- ڕاڕەوی چەمک.

هەر یەکێکیش لەم ڕاڕەوانە کراون بە سێ بەشەوە:

ڕاڕەوی بوون - چۆنییەتی، چەندەکی، پێوانە «پێوەر».

ڕاڕەوی ناوەرۆک - ناوەرۆک، رووالەت، ڕاستەقینە.

ڕاڕەوەی چەمک - چەمکی خودی، چەمکی بابەتی، چەمکی ڕەها.

دکتۆر محەمەد کەمال دەڵێت: لۆژیکی هیگڵ کە هەرچەندە ئایدیالیستانەیە، واتە «لۆژیکی ئاگامەندانەیە نەک ماتریالی» لە بوونەوە دەکەوێتە ڕێ و بوون دەکات بە بابەت و ناوەرۆک «وەکو دژە بابەت» پاش بوون دێت، بوون و ناوەرۆک کە بابەت و دژە بابەتن لە ئەنجامی ناکۆکییەکانیاندا دەکەونە ناو تێهەڵکێشەی چەمکەوە و چەمکیش پاش تێپەڕبوونی بە گۆڕانە سێکوچکەیییەکەدا: لە چەمکی خودییەوە بۆ بابەتی ئەوجا بۆ چەمکی ڕەها.. دەبێتەوە بە بابەتێکی نوێ بۆ دژە بابەتێکی دیکە، دواجار ئاگامەندی هەوڵ دەدات ناکۆکییەکانی خۆی لەگەڵ سرووشتدا چارەسەر بکات.. دەتوانم بڵێم ئەمە پوختەی بابەتە سەرەکییەکانی کتێبی فەلسەفەی «هیگڵ»ە، کە دکتۆر محەمەد کەمال نووسیویەتی تێیدا سوودی لە سەرچاوەگەلێکی جۆراوجۆر وەرگرتووە.


بە پێویستی دەزانم لە میانی خستنەڕووی فەلسەفەی «هیگڵ»ەوە ئاماژە بە دووخاڵ بدەم... یەکەمیان پێوەندی بە فینۆمینۆلۆژیای ڕوحەوە هەیە، کە بە گەشەسەندن و خۆناسینەوە پەیوەستە، کە چۆن بەپێی فەلسەفەی هیگڵ چەمکی خود پەرەدەسێنێت ڕووە و خودی بابەتی و ئاوێتەی ڕێکخراوە و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان دەبێت و دواتر ڕووە و خودی ڕەها هەنگاو دەهاوێت، من کاتی خۆی لە ڕوانگەی فینۆمینۆلۆژیای ڕوحەوە نووسینێکم دەربارەی کۆمیدیای خوداوەندی دانتی ئەلێژیری نووسی و تێیدا لە هەر سێ بەرگی کۆمیدیای خوداوەندی دواوم، واتە دۆزەخ و پاقژگە و فیردەوس، سەرەتا گەشتە ڕوحانییەکەی دانتی لەژێر ڕێنوێنی فرجیلۆ دەست پێ دەکات و دواتر

پێی دەڵێت یەکێکی دیکە هەیە لە من باشترە و ئەو شایان و شایستەی ڕێنوێنیکردنە، مەبەست «بەیاتریس»ـە. ئیتر لەدوا بازنە ڕەنگاوڕەنگەکانی فیردەوسدا ڕووە و ڕوحی ڕەها هەنگاو دەهاویشترێ، ئەم نووسینە بە سێ بەش لە ژمارە سەرەتاییەکانی «گۆڤاری ڕامان»دا بڵاوکراونەتەوە و خاڵی دووەم ڕەخنەی هیگڵ»ـە لەسەردەمی ڕۆشنگەری کە چۆن ڕێڕەوی ڕاستەقینەی دەسەڵات دەگۆڕێت و بنەما جوانەکان لەدەست دەدرێن و دەستەڵاتی فەرمانڕەوایی لە ئەورووپا پەیتا پەیتا ڕوو لە ستەمکاری و دروستکردنی سیستمی دیکتاتۆری دەکات، هەمان حاڵەت لەلای بیرمەندانی پۆست مۆدێرنیتە دووبارە دەبێتەوە، کە هەموو هێز و توانا هزری و فەلسەفییەکانیان دەخەنە گەڕ و ڕەخنە لە قۆناغی مۆدێرنە دەگرن، کە تێیدا سیستمی عەقڵگەرایی سەرلەبەری کایەکانی ژیانی گرتووەتەوە و ئازادی تاک پێشێل کراوە، یان بە شێوەیەکی دیکە بیرمەندانی پۆست مۆدێرن هەوڵ دەدەن حیکایەتە گەورەکانی مۆدێرنە هەڵبوەشێننەوە و ئەو ستەم و کارەساتانە بخەنە ڕوو کە لەژێر ئاڵای ئەو عەقڵە ئامێرگەرایە هاتووەتە بەرهەم و بیرمەندانی پۆست مۆدێرن بە جۆرەها شێوازی فیکری داکۆکی لە ئازادییەکانی تاک دەکەن و هەوڵ دەدەن سەرجەم کۆت و بەندەکانی مۆدێرنیتە تێک بشکێنن و هەتا مرۆڤ لەم ژیانە کورتەدا بە ئازادی بژیت. ئەمە چەند سەرنجێکی خێرابوو سەبارەت بە پۆست مۆدێرنە و حەزم نەکرد بە دوورودرێژی لە جیهانی پۆست مۆدێرنە بدوێم.. ئەوەی ماوە پێم باشە ناوی فەیلەسووفە گومانکارەکانی «پێش زایین»یش بخەمەڕوو کە دکتۆر محەمەد کەمال لە پەراوێزی ئەم کتێبەدا ئاماژەی پێ داون و هیگڵ باسی کردوون و بریتین لە ئەرکیسلوس ٣١٥- ٣٤٠ پێش زایین» و «کارنیاویش ٢١٣- ١٢٩ پێش زایین» و فیرۆ «٣٦٥- ٢٧٥ پێش زایین». ئەم ڕێبازە گومانکارییە لە یۆنان سەری هەڵدا لەگەڵ هەندێک شاگردی فەلسەفەدا «مەبەست ئەو فەیلەسووفانەیە کە لە سەرەوە ناویان هاتووە، شوێنکەوتوانی ئەم ڕێبازە گومانێکی ڕەهایان لە ئاستی بوونی جیهانی دەرەکیدا هەبوو.

**ناوی کتێب= فەلسەفەی هیگڵ، چاپی دووەم، ساڵی ٢٠٠٩.**
**نووسینی= د. محەمەد کەمال.**
**بابەت= فەلسەفی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، کوردستان- سلێمانی.**

# کۆلارەباز یادەوەریی جەنگێکی دۆڕاو

غەمگین بۆڵی




دیارە جۆرەکانی ڕۆمان لە ئەدەبیاتی دنیادا زۆر و جیاوازن، بەپێی ئەو پۆلێنکردنانەی کە لە کتێبی (ڕۆمان چییە؟)ی نووسەر و توێژەرەوەی بواری ئەدەبیات (م.ه. ئیبزامر مالکۆم برادبری نۆرترۆپ فرای)دا هاتووە کە ڕۆمان خۆی لە بیست و چوار جۆر دەدات. وەلێ من پێم وایە لەم کتێبەدا چەندین جۆری تری ڕۆمان فەراهەم کراون، بەهەرحاڵ ئەوەی شیاوی هەڵوەستە و قسە لەسەرکردن بێت هەندێک لەو جۆرانەی کە لە کتێبی ڕۆمان چییە؟ دا هاتوون هێشتا لە ناو ئەدەبیاتی کوردیدا سەریان هەڵنەداوە. نموونەش بۆ پشت ڕاستکردنەوەی زیاتری قسەکەمان، هێشتا ڕۆمانی پۆلیسی لە ناو ئەدەبیاتی کوردیدا بوونی نییە، لە کاتێکدا چەندین جۆری تری ڕۆمان لە ناو ئەدەبیاتی کوردیدا بەدرێژایی مێژووی ڕۆمان کاری لەسەر دەکرێت. وەک ڕۆمانی ناوچەیی و ڕۆمانی کۆمەڵایەتی و ڕۆمانی سۆزداری و ڕۆمانی سیاسی و ڕۆمانی کەسایەتی پاڵەوان و ڕۆمانی ئەزموون و ڕۆمانی یادەوەری و منداڵی. دیارە لێرەدا دەمانەوێت تیشکێکی بچووک بخەینە سەر ڕۆمانی یادەوەری.

ڕۆمانی یادەوەری گەڕانەوەی خودە بۆ نێو یاد و ڕابردووی بوون و منداڵی و بەرائەتە رابردووەکانی زەمەن و شوێن پێی هەنگاوەکان. کە ئەمە لە ڕۆمانی کوردیدا وێنەی زۆرە و ڕۆماننووس گەلێک کاری لەسەر دەکەن و لەم نێوەندەدا توانیویانە تا ئەندازەیەکی باش سەرکەوتووبن و بەشێکی زۆری خوێنەرانی ڕۆمانی کوردی بۆ لای خۆیان پەلکێش بکەن و سوود لە یادەوەری و ڕابردوو و منداڵی وەربگرن.

(کاروان عومەر کاکە سوور) یەکێکە لەو یادەوەرنووسانەی کە هەنگاوی باش و جوانی بۆ ناوە و تا ئەندازەیەکی زۆر بەنێو کونوکەلێنی یادەوەرییەکانیدا شۆڕبۆتەوە و بە قووڵیی کاری لەسەر کردوون. لەکاتێکدا (کەریم کاکە) بەهۆی زمان ڕوونی گێڕەوەی کارەکتەرەکانی جوانیناسی باشی بە بیرەوەرییەکانی بەخشیوە و بەو هۆیەوە هەنگاوی جوانی ناوە.

ڕۆمانی (کۆلارەباز) ی

رۆمانـنووسی ئەفغانی (خالید حوسێنی)یش یەکێکە لەو رۆمانانەی کە خەیاڵەکانی نووسەر بەسەر پشتی یادەوەرییەکان و منداڵی و بەرائەت و عەشق و کۆڵانە بەجێماوە جوانەکان و شوێن پێی هەنگاوەکان و سەفەردا پیاسە دەکات و بەم ئاسمانی ئەندێشەیەدا بۆ منداڵی و نیشتمانێک دەخولێتەوە.

**کرۆکی باسەکە:**

رۆمانی کۆلارەباز هەڵاتنە لە نیشتمان و گەڕانەوەیە بۆ یادەوەرییەکان و بیرکردنەوەیە لەمنداڵی. لەهەمان کاتیشدا قووڵبوونەوەیە لە کردارەکانی رابردووی پڕ مەینەتی، کە هەر بیرکردنەوەشە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ منداڵی. کۆلارەباز یەکێکە لەو رۆمانانەی دوای خوێندنەوەی حەیف بۆ ئەوە دەخۆی، کە بۆچی نەتتوانیوە زووتر بیخوێنیتەوە! تەنانەت ئاسوودەی کە کاتت لەگەڵ رۆمانەکەدا بە فیڕۆ نەچووە. لە سەرەتای ئەم رۆمانەوە سۆزێک بوونی هەیە، کە سۆزی هەڵاتن و گەڕانەوەیە، سۆزی منداڵییە. ئەوەتە ئەدۆنیس وەها تۆوی بۆچوونی خۆی بەسەر کێڵگەکانی نووسیندا دەوەشێنێت «سۆزی گەڕانەوە بۆ منداڵی جۆرێک لە خەبات دژی مەرگ دەشارێتەوە، چونکە ئەمە چەکێکی ترە بۆ رووبەڕووبوونەوەی مەرگ و سووککردنی». زۆرجار بەهۆی گەڕانەوە بۆ منداڵی دژی مەرگ و حەزی خۆکوژی دەوەستین. ئاخر تەنیا هێزی گەڕانەوە بەردەوامیمان پێ دەبەخشێت لەژیاندا. کە دژی مەرگ بووەستین و ژیانمان خۆشتر بوێت.

بەریەککەوتنی کولتوورەکان نەگونجانی باوکی ئەمیر بە کولتووری بێگانەوە، کە ئەمیر کارەکتەری سەرەکی رۆمانەکەیە و دەشێت خودی ئەمیریش نووسەر خۆی بێت. کێشەکان لەو کاتەوە دەست پێدەکەن کە ئەفغانستان لەلایەن یەکێتی سۆڤیەتی جارانەوە (رووسیا) داگیردەکرێت و هێزەکانی تاڵیبانیش بۆ رزگارکردنی وڵاتەکە هەمیشە لە بۆسە و جەنگدان بۆ سوپای داگیرکەری رووسیا. دەشێت جەنگ لە هەر وڵاتێکدا بێت و رووبدات ئەو وڵاتە لە تەواوی کەرتەکانی ژیان تووشی دواکەوتن دەبێت و کورتهێنان لە تەرازووی پاشەکەوت و سەرمایەش رووددات، تەنانەت بە وێرانبوونی پیرۆزییەکانی مرۆڤبوون و ژیاندۆستی و سووتاندنی گوندەکان کۆتایی دێت و ئاسەواری جەنگ بەتەواوی بەو وڵاتەوە دەلکێت و دەیشێوێنێت. نەفرەتکردنی بەردەوامی خەڵکی ئەفغانستان لە سوپای رووسی بێگانە هەمیشە بوونی هەیە. چەند دیمەنگەلێک لەم رۆمانەدا خۆیان دەدوێن و تا ئەندازەیەکی روونیش دەبنە ئاوێنەیەک بۆ شەقامەکانی کوردستان، ئەوەتە ئەفغانستانیش بەهەمان شێوەی جەنگی نێوان عیراق و ئێران، سەر سنوورەکان و شوێنە تایبەتی و گشتییەکانی وڵات مینرێژ دەکرێن و چەندین کارەساتی بەدوای خۆیدا لێ دەکەوێتەوە. پچرانی تەزووی کارەبا و گەڕانەوە بۆ سەردەمی چرای نەوتی و بەرزبوونەوەی رێژەی بێکاری لە وڵاتدا و نەبوونی خزمەتگوزاری پێویست و کون کون بوونی تابلۆ و دیوارەکانی شار بە گوللە و فرۆشتنی لاقی دەستکرد بۆ پەیداکردنی پارە و فرۆشتنی گورچیلە و بەرزبوونەوەی رێژەی منداڵی بێ باوک و کردنەوەی هەتیوخانەی بێ خزمەتگوزاری و بەرزبوونەوەی رێژەی نەخوێندەواری. ئەمانە و دەیان نموونە و وێنەی تر لەم رۆمانەدا بوونیان هەیە، لەبەرانبەر دواکەوتوویی و بارگرژییەکانی سیاسی، ئەمیر بەدەم پرسیارێکی جددییەوە ئەم سەفەرەی دەبڕێت، کە بۆچی خەڵکی وڵاتەکەی خۆی بەدەستی خۆیان نیشتمانەکەیان وێران دەکەن؟ ئەم پرسیارە دوای سیاسەتی چەوتی سوپای تاڵیبان دێت. ئاخر شەڕ تەواوی جوانییەکانی لەناو بردووە، جەنگ ماچەکانی یارە نازدار و حەیرانەکانی لەگیرفانەکان دزیوە. جەنگ رۆح و جەستەکانی ماندووکردوون. پیرۆزییەکانی وڵاتی شێواندووە، تەنانەت کەسایەتی و کردار و رۆخسار و هەڵسوکەوتی مرۆڤەکانیش دەگۆڕدرێت، ئەوەتا ئەمیر وەها شرۆڤەی مرۆڤی وڵاتەکەی دەکات «ئەوانەی لە ئەفغانستان بەشداریی جەنگییان کردووە، نابێت چاوەڕێی رووی خۆش بی لێیان».

**دیمەنگەلێک لە هونەری گێڕانەوە**

هونەری گێڕانەوە یەکێکە لە کۆڵەکە پتەوەکانی رۆمان، رۆمانیش بەهۆی گێڕانەوەوە، هەناسەکان

درێژتر دەکاتەوە و بەردەوامی زیاتر بە سەفەرەکان دەدات. لە ڕۆمانی کۆلارە بازیشدا هونەری گێڕانەوە لەپاڵ یادەوەرییەکاندا دەبینرێت و ڕۆماننووس خۆی ئەو ڕاستەقینەیە بە وشەکانی وێنە دەکات، وەک ئەوەی لەم چەند ڕستەیەدا دەبینرێت.

* «ئەم بەسەرهاتەم لەزمانی ڕەحیم خانەوە بیستووە».

* «هەمیشە لە زاری خەڵکییەوە دەربارەی باوکم ئاگاداری شتگەلێک دەبووم».

* «باوکم لە هیچ کام لە بەسەرهاتەکانی منداڵییدا وەک هاوڕێ باسی عەلی نەدەکرد».

لێرەدا ئەوەشمان بۆ ڕاڤە دەبێت کە لە ڕۆمانی کۆلارەبازدا هونەری گێڕانەوە لە زمانی کارەکتەرەکانیش کاری بۆ کراوە و ئەم هونەرە جێبەجێ کراوە. هەروەک لە ڕۆمانەکانی (ئۆرهان پاموک)یش هونەری گێڕانەوە بوونی هەیە، وەلێ ئەوەی بە جۆرێک لە جۆرەکان لە یەکتریبیان جیا دەکاتەوە ئۆرهان پاموک خۆی دان بەو ڕاستییەدا دەنێت و زۆرجار ئاماژە بە زیاد پێوە نانەوە دەکات لە لایەن کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکانییەوە.

ڕۆماننووسی بەتوانا و بەسەلیقە کاتێک لە بارەی شتگەلێکەوە دەنووسێت، لە کاتی خوێندنەوەدا خوێنەر واهەست دەکات بە وشەکانی نووسەر وێنەی ئەو ڕاستەقینەیەی بۆت دروست کردووە و بە مەعریفەی جوان و فانتازیای جوان و نۆستالیژیای جوان ڕەنگی کردووە. ئەوەتە بەهۆی ڕۆمانی کۆلارەبازەوە چەندین دابونەریت و یاسا دەزانین لە بارەی خەڵکی ئەو وڵاتەوە، تەنانەت شار و دێهاتەکان و شەقامەکانیش جوان وێنەکراون. خوێنەر بەهۆی سەفەری خوێندنەوە واهەست دەکات سەفەری ئاسایی و جەستەیی بۆی کردووە. ئەوەتا بەهۆی کۆلارە فڕاندنەوە دەزانین پێشبڕکێی کۆلارەبازی هەیە، دەزانین پێشبڕکێی بزن فڕاندن هەیە وەک نەریتێکی مێژوویی ماوەتەوە، دەزانین وەک خوویەکی نەریتی لەشەواندا ڕاوە مەل و مراوی دەکرێت، دەزانین منداڵان لە ڕۆژی جەژناندا جەژنانە وەردەگرن و یاریش بە هێلکەی کوڵاو دەکەن، تەنانەت دەزانین بەهۆی سیاسەتی چەوتی تاڵیبان نابێت بەهیچ شێوەیەک ژن لە بازاڕ و شوێنە گشتییەکاندا بەدەنگی بەرز قسە بکات. ئەمانە نموونەی ڕوون و بەرچاوی ئەو دابونەریت و ئەو یاسایانەی ئەو وڵاتەن (هەڵبەتە ئەوانە لەو ڕۆمانەدا تیشکیان خراوەتە سەر، ئەگینا دڵنیام دابونەریت و یاسای تر زۆرن)، کە ئەمە تا نیوەی ڕۆمانەکە بەهۆی دوو کارەکتەری سەرەکییەوە خوێنەر درکیان پێدەکات و ڕاوی چەندین دیمەنگەلی پڕ ڕەهەند دەکات، کە ئەمیر و حەسەنن، بەلای ئەوانەوە ئەمیر و حەسەن سوڵتانەکانی کابولن. ئەم دوو کارەکتەرە زڕبرای یەکترن و هەردووکیان لە باوکێکن و هەردووکیان لێی بێ ئاگان. بەدرێژایی ژیانی منداڵی بەیەکەوە یاری دەکەن و حەسەن هەمیشە دەبێتە قوربانیی هەم لە پێناو ئەمیر و هەمیش لە دەست کولتووری ئەو وڵاتە و بەخت ڕەشییەکەی. حەسەن یەکێکە لەو کارەکتەرانەی تووشی دەرد و مەینەتییەکانی ژیان دەبێت و دواجاریش بە دەستی تاڵیبان خۆی و خێزانەکەی بەناوی فەرزانە دەکوژرێن. کە بەشێکی بۆ ئەو هەڵە ڕەشەی دایک و باوکی دەگەڕێتەوە کە بەشێوەیەکی ناشەرعی و نایاسایی دەیخەنە دنیاوە. کاتێک دایکی حەسەن لە ماڵی باوکی ئەمیر کار دەکات و لەگەڵ باوکی ئەمیر دەستیان تێکەڵ دەکەن و کاری سێکسی دەکەن. گیرۆدەبوونی ئەمیریش کە کارەکتەری یەکەمە گیرۆدەبوونە بە خوێندنەوە و چیرۆکنووسین، لەکاتێکدا باوکی ئەمیر بەچەندین شێوە هەوڵ دەدات بیخاتە ناو دنیای وەرزشی تۆپی پێوە و وەرزش لە ناخی بچەسپێنێت. وەلێ حەز و خولیاکانی مرۆڤ شتێکە کە دواجار تەنیا خودی ئەو کەسە دەتوانێت بڕیاری بۆ بدات. کۆکردنەوەی پارەی ڕۆژانە بۆ کڕینی کتێب نموونەیەکی بەرچاو و ڕوونی ئەم مەسەلەیە.

خوێندنەوە سەفەرە بەسەر پشتی خەیاڵەوە، وەلێ خوێندنەوەی ڕۆمانی کۆلارەباز سەفەری چوون و هاتنەوەی یادەوەریی جەنگێکی دژوار و دۆڕاوە. کە ئەمیر لەو کاتەوەی لەگەڵ باوکی نیشتمان جێ دەهێڵن و سیاسەتی سەرکوتکردن و مەینەتییەکانی ئەفغانستان و بێ بەهابوونی مرۆڤ بۆ نیشتمانە وێرانبووەکەیان بەجێ دەهێڵن، هەرچەندە قەدەری ئەو سەفەرە (کەمن پێم وانییە سەفەر بێت، بەڵکو هەڵاتنە لە نیشتمان، هەڵاتنە لەیادەوەریی، هەڵاتنە لە بەشێک لە

ڕوحی خۆت)نادیارە. وەلێ ئەمیر و باوکی هەمیشە لایان وایە ترووسکەیەک هەیە بۆ ئازادی، ڕێگەیەک دەیانگەیەنێتە ئازادبوونی مرۆڤ و بەها سەرەتاییەکانی هەرچەندە ڕێگەکەیان دوور و دژواریشە. کاتێک دەگەنە ئەمەریکا شاری کابول لەلایان دەبێتە شاری ڕوحە بەجێماوەکان. ئەوەی شیاوی قسە لەسەرکردنە و جوان ڕەنگی لەم ڕۆمانەدا داوەتەوە هەستی بۆنکردنی مرۆڤەکانە لەلایەن ئەفغانییەکانی ئەمەریکاوە. کاتێک ئەفغانییەکانی ئەو وڵاتە لەبازاڕی کۆنەفرۆشان کۆدەبنەوە و خەمی دڵی خۆیان لای یەکتر هەڵدەڕێژن و لەیەکتری نزیکتر دەبنەوە، تەنانەت گۆڕستانیشیان جیایە و پارێزگاریش لە دابونەریتەکانیان دەکەن، کەچی لێرەدا بەریەککەوتنی دابونەریت و یاسا و کولتووری دوو نەتەوەی زۆر جیاواز (کە بێ گومان لە دوو نەتەوە زیاتریشە، وەلێ ئێمە دوو نەتەوە بەرچاوەکە وەردەگرین و قسەی لەبارەوە دەکەین) ڕۆمانەکەی دەوڵەمەندتر کردووە. کە ئەم هونەرەی بەریەککەوتنە هەم لە ڕۆمانی (بەفر)ی ئۆرهان پاموک و هەمیش لە ڕۆمانی (شیکاگۆ)ی عەلا ئەسوانیدا کاریان لەسەر کراوە و بوونیان هەیە.

ڕۆماننووسی هاوچەرخ هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدایە بە ڕەمز و هێما و وێنەگەل وردەکارییەکانی نووسینی زیاتر بەناویەکدا چڕتر بکاتەوە و بەکەمترین کەرستەکانی نووسین مەزنترین بینای مانادار و پڕ مەعریفە دروست بکات. بەبۆچوونی میخائیل باختین نزیکی بوونەوە کە لای وایە «واقیعییەتی ڕۆمانی هاوچەرخ گەیشتە ڕادەی وێنەگرتنی زمانپیسی و دنیای سێکسی و ڕەفتاری دژ بە ئەخلاقی باو لە دزی و ئاوارەبوون و دەستدرێژی کردنە سەر شتگەلێک کە دەربڕی باری ژێرەوەی کۆمەڵ دەکەن و ڕۆمانی هاوچەرخیان بەرهەم هێناوە، نەک سەرە ڕووی کۆمەڵ بەرهەمی بهێنێت»* . ئەمە بەئاشکرا لە ڕووداوگەلی ڕۆمانی کۆلارەبازدا بوونیان هەیە و بەو پێوەرەش بێت. ڕۆمانی کۆلارەباز یەکێکە لە ڕۆمانە هاوچەرخەکانی دنیا و ئەستێرەیەکی گەشیشە بە ئاسمانی ئەدەبیاتی ئەفغانستانەوە.

لە کاتی خوێندنەوەی ڕۆمانی کۆلارەبازدا چەندین دەستەواژە و ڕستەی بەهادار و پڕ لە واتا دێتە بەردەم خوێنەر، کە خوێنەر حەز ناکات بەجێیان بهێڵێت و چەندین جار دەچێتەوە سەریان و هەڵوەستەیان لەسەر دەکاتەوە و دەیانخوێنێتەوە. وەک «ژیان شەمەندەفەرێکە، سواربە» . «هێشتا ڕێگەیەک هەیە بۆ گەڕانەوە» . «حەزم دەکرد لە ژوورەکەمدا بەتەنیا بام، لەگەڵ کتێبەکانم، دوور لە مرۆڤان» . «بەداخەوە کە ئەفغانستانی منداڵی ئێمە لە مێژە مردووە» .

زۆرجار ڕۆماننووسی جوانبین و خاوەن هێزی جاویدانی دابونەریت و ئایین و سنوور و یاسا و کولتوورەکان دەبەزێنێت و تروسکەی جوانتر بە ڕۆمانەکەی دەدات. ڕۆمانی کۆلارەبازیش یەکێکە لەو ڕۆمانانە بەربەرەکانیەتی سوپای تاڵیبان و ئەو کەسانەی کە ئایین و کولتوور و نەریتەکان دەکەنە هۆیە تایبەتییەکانی خۆیان. هەروەک لە چەند هەقیقەتێکدا باوکی ئەمیر ئامۆژگاری ئەمیر دەکات و پێی دەڵێت «هەرچی مەلا فێری کردوویت لەبیری بکە، تەنیا گوناهێک بوونی هەبێت دزییە» . یان دەڵێت «منداڵان خۆ دەفتەری وێنە نین، تاوەکو بە هەر ڕەنگێک کە خۆی پێی خۆش بێت ڕەنگیان بکەی» . لەم ڕۆمانەدا دەگەینە ئەو ڕاستییە کە دابونەریتەکانی ئەو وڵاتە لە سەرەوەی یاساوەن و لە یاسا گەورەترن.

## ژن وەک قوربانی لە پرۆسەی عاشقبووندا:

بەدرێژایی مێژووی عاشقبوون، بەشی هەرە زۆری قوربانییەکان بۆ تاکی مێینە دەگەڕێتەوە، تەنانەت زۆرجار بەهۆی دوو زمانی و ناو پیسکردنی تاکی مێینە لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکاندا هەمیشە تاکی مێینە دەبێتە قوربانی ئەم کولتوورە. ئەوەتا سورەیا عاشقی پیاوێکی ئەفغانی دەبێت کە ئەم پیاوە بەمادده هۆشبەرەکان و سرکەرەکان گیرۆدە بووە، بۆیە لەدوای دەستبەرداربوونی لەم عەشقە و دوورکەوتنەوە لەیەکتری ناووناتۆرە بەچارەنووس و ناوی سورەیاوە دەنووسێت، تا بینینی لەلایەن ئەمیرەوە چەکەرەبوونی عەشقی سورەیا لەدڵی ئەمیردا سورەیا هەربەدەست ئەم ئازاری ناوزڕاندنەوە دەناڵێنێت، هەربۆیە سورەیا بەدەم گلەییەوە

دەڵێت «تەنیا دەبێت پیاو خۆش بژیت». دوای پرۆسەی هاوسەرگیری نێوان سورەیا و ئەمیر ئەم کۆسپە دەروونییەی سورەیا نامێنێت، هەڵبەتە ئەمەش بۆ تێگەیشتنی ئەمیر دەگەڕێتەوە. وەلێ دواجار کۆسپێکی تر دێتە بەردەم سەفەری ژیان و لەزەت و عاشقبوونیان کە کۆسپی منداڵ نەبوونە، لەتەواوی ئەمانەشدا ئەمیر هەمیشە بیر لە حەسەن دەکاتەوە. بیر لە منداڵی و کابول دەکاتەوە. تا ئەو ڕێگایەک دەسازێنێت بۆ گەڕانەوە و دانپێدانانی بۆ خۆشەویستی حەسەنی بەدبەخت، بەناچاری بەهۆی نامەیەکەوە کە لەلایەن ڕەحیم خانەوە بەدەستی دەگات و نهێنییەکانی ئەو ڕۆمانەش دەدرکێنێ، دەگەڕێتەوە وڵاتی یادەوەرییەکان. وەلێ تا ئەمیر دەگەڕێتەوە، سوپای تاڵیبان حەسەن و فەرزانەیان گوللەباران کردووە و سوهرابیش لەهەتیوخانەیەک فڕێ دەدرێت. بەجێمانی پارچەیەک لە ڕوحی حەسەن کە سوهرابی کوریەتی، هێندەی تر ئەمیر جددیتر دەکات، کەچی ئەمیر خۆشی دان بەترسنۆکی خۆیدا دەنێت. وەلێ دەستبەرداری پارچە ڕوحەکەی حەسەن نابێت و قوربانیی زۆری بۆ دەدات، تا سوهراب بەدەست دەهێنێت و سۆزی زۆری پێدەدات و دواجار لەگەڵ خۆی دەیبات بۆ ئەمەریکا و تا ئەندازەیەکی زۆر کێشەی نەزۆکی و نەبوونی منداڵیشیان بنبڕدەکرێت و دەرگایەکی نوێ بەڕووی سوهرابدا دەکەنەوە و لەژێر سۆزی ئەمیر و سورەیادا هەنگاوی جوان و گەش بۆ ئایندەی تەمەنی دەنێت.

**دوماهی:**

کارکردنی خالید حوسێنی ڕۆماننووس لە ڕۆمانی کۆلارەبازدا بەوپەڕی وردبینی و سەلیقە و پشوو درێژبییەوە بووە. ڕووداوەکانی بەوپەڕی وردبینییەوە گێڕاوەتەوە و بە ئاراستەیەکی جوانبینییەوە بەشەقامەکانی یادەوەریدا شوێن پێی هەنگاوەکانی گرتۆتەوە بەر. ئاخر هەموو مرۆڤێک کە ڕۆژگارەکانی بەسەر یەکەوە دەڕۆن و شەو بە ڕۆژ و ڕۆژیش بە شەو گرێ دەداتەوە و ڕۆژگارە تاڵ و شیرینەکان بەڕێ دەکات. لەو کاتەوە یادەوەری و یاداشتی ئەو مرۆڤە دەست پێدەکات. دوابەشی ئەو یاداشت و یادەوەرییەش بریتییە لە مردن، کە مردن تاکە بەڵایەکە بەسەر مرۆڤەکان دێت و مرۆڤیش ناتوانێت لە دەستی ڕزگاری ببێت و بەسەر مەرگدا زاڵ ببێت. ژیانی هەموو مرۆڤێکیش بریتییە لە چەند وێستگەیەکی پڕ ڕەهەند و جیاواز، هەربۆیە یادەوەرییەکانی ناو ژیان تەنیا بە خۆشی و شادی، یان بە تاڵی و مەینەتی کۆتاییان نایەت، هەروەک خالید حوسێنی لە ڕۆمانی کۆلارەبازدا دەڵێت «ئەگەر ئەمڕۆ کەسێک لە من بپرسێت کە ئایە چیرۆکی حەسەن و سوهراب و من سەرەنجام بە خۆشی و شادی کۆتایی دێت، یان نا؟ بەڕاستی نازانم چی بڵێم، ئایا چیرۆکی ژیانی هیچ کەسێک بەخۆشی کۆتایی دێت؟».

**پەراوێز و سەرچاوە:**

**- کۆلارەباز، ڕۆمان، نووسینی خالید حوسێنی، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: ئارام سۆفی، لە بلاوکراوەکانی یەکێتی ژنانی کوردستان - زنجیرە(٥٢) - چاپی یەکەم ٢٠١٠، چاپخانەی تەوار.**

**- نووسینی ناو جووت کەوانەکان لە ڕۆمانی کۆلارەبازەوە وەرگیراون، وەلێ ڕەچاوی ڕێنووس و زمانەوانیم بۆیان کردووە.**

*** لە بارەی مێژووی ڕۆمانەوە، حەننا عەبود، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە، عەبدوڵڵا ڕەحمان، چاپی یەکەم ٢٠١٠، چاپخانەی منارە، هەولێر.**

به بۆنەی داگیرساندنی مۆمی شازدەمین ساڵەی تەمەنی (ڕامان)ەوە

# (ڕامان)ی سەرچاوە

**د. ئازاد عوبێد**
**(کۆلێژی ئاداب - زانکۆی سەلاحەدین)**

ڕامان ئەو گۆڤارە دانسقەیەی مێژووی ڕۆژنامەوانیی کوردی دوای ڕاپەڕین، زۆر بە لێهاتوویی و شیاوی توانی شـوێنی شـایسـتـەی خـۆی گـر بدات، دوای ئەوەی ژمارەیەکی زۆر گۆڤار و ڕۆژنامەی جۆراوجۆر دەرچوون، زۆریان ئاوابوون و لەبیران چوونەوە و کەمیان توانییان بە ئاستی پێویست، ڕامان ئاسا بەردەوام بن.

تەمەنی زیاتر لە پازدە ساڵ کەم نییە، لە سەروەختی خۆی دڵ و دەروونی خوێنەرانی پاراو بکات.

* (ڕامان)ی گرێدای هەموو بەشەکانی کوردستان و تەنانەت دەرەوەیشە..

* (ڕامـان)ی زمـان پاراو و خـەمـخـۆری ڕێنووس و زمانی یەکگرتووی کوردی.

* (ڕامـان)ی ڕۆشنبـیـری گـشـتی و دەقی ئەدەبی خۆماڵی و وەرگێڕدراو.

* (ڕامان) لە هەموو کانیاوە سازگارەکان تینوویتی دەشکێنێ، لە بەسەرکردنەوەی ناوە دیارەکانی ڕۆشنبیری کوردی، لە هەموو بوارە جیاجیاکاندا، چاوپێکەوتنی تێروتەسەلی لەگەڵ کردوون و سەدان لاپەڕەی پڕ زانیاری ورد و بایەخداری بۆ تۆمارکردووین، کە بێ ئەم لاو ئەولا بوونەتە سەرچاوەی ڕەسەن و دەگمەن بۆ ساغکردنەوەی مـێـژووی نەتەوەکـەمـان، ئەوەتا لەم ڕۆژانەدا نـامـەیەکی ماستەرم لەبەر دەستە سەبارەت بە باری ڕۆشنبیری شاری هەولێـر (١٩٥٨- ١٩٧٥)، گـۆڤـاری (ڕامـان) وەک سەرچاوەیەکی باوەڕ پێکراو (٣٠) جار بەکارهێنراوە و تەنانەت لە پێشەکیدا لە ئاماژەکردن بەسەرچاوەکاندا، کە دێتە سەر گۆڤار و ڕۆژنامەکان، بە تەنیا ناوی گۆڤاری (ڕامـان) هاتووە، دڵنیـاشم، ئەوەی بیـەوێ لە بارەی بارودۆخی ڕۆشنبیریی کوردستان بنووسێ، دەبێ (ڕامان) بپشکنێ بۆ ئەوەی بتوانێ کارەکەی تێروتەسەل بێت. بێ گومان ئەمەش شانازییەکی گەورەیە بۆ (ڕامان) و هەقی خۆشیەتی.

* وێڕای ئەمـانە (ڕامـان) بەو دەسـتە و دایرە کـەمـە و بەو کـارە پوخـتـەی، دەیسـەلمێنێ، کـارکـردن بە زۆری و بۆری نییە، بەڵکو بە دڵسۆزی و پەرۆشی و خەمخۆری و نیـازپاکـیـیـەوەیە. هەر لەو ڕوانگەیەشـەوە بەر لە چەند ساڵێک پێشنیـارم بۆ گۆڤارێکی تازە دامەزراو کرد کە چاو لە (ڕامان) بکەن، بۆ بەڕێوەبردنی گۆڤارەکەیان.

دیارە ئەم کـارە پوخـتـەش، بەڕاسـتی شـیـاوی کـاک (ئازاد عەبدولواحید)ی سەرنووسەری (ڕامان)ە، کە بە شـارەزایی و لێـهـاتـوویی و دڵسـۆزی و پاکی خـۆی ئەو مـاوە درێژە بەردەوام بێ، بە هیـوای ئەوەی تەمـەنی (ڕامان) بە قەد چیای سەفین بێت، دەست خۆشیش بۆ کاک ئازاد و هاوکارانی.

هەر سەرفراز و بەردەوام بێت ڕامان.



# تیرێژی تیرۆژە چیرۆک

ئەحمەد حەقناس
(بۆکان)






بێ گومان چیرۆکنووسین هونەرێکە توانیویەتی هەر لە سەرەتاوە تا ئێستا داهێنانی بە خۆیەوە ببینێ، بەڵام هەر زەمەن و قۆناغێک بەپێی ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵگا. ئەوەی ئێمە لێرەدا دەمانەوێ بیخەینە بەرچاو ڕێ سەرەکییەکانی هونەری داهێنانی تیرۆژە چیرۆکە. دەتوانم بە دڵنیاییەوە دان بەو ڕاستییەدا بنێم کە تیرۆژە چیرۆک لەناو خوێنەراندا ڕێزێکی باشی بۆ خۆی پەیدا کردووە، چونکە ئێستە دەبینی و دەخوێنییەوە چ لە گۆڤار و ڕۆژنامە و سایتەکان، یان لە شێوەی کتێب چاپ و بڵاو دەبنەوە، کەچی لای خۆمان بە هەڵکەوت. من نامەوێ بڵێم دەبێ هەموو شتەکان چکۆلە بکرێنەوە، بەڵام ئەمە ئاڵوگۆڕییەکانە وامان لێدەکەن بتوانین لە هەموو چوارچێوەیەکدا داهێنان بخولقێنین، دەبینین چ لە شیعردا چ لە مۆسیقا، یان ئەوەتا بە چاوی خۆمان دەبینین سینەماکارەکان فیلمی یەک چرکەیی دروست دەکەن و ...تاد! لەوە زیاتر درێژ دادڕی ناکەم بۆ کار ئاسانی ئەو کەسانەی کە دەیانەوێ لە بواری تیرۆژە چیرۆک، یان کورتیلە چیرۆکدا کار بکەن چەند خاڵێک دەخەمە ڕوو: تیرۆژە چیرۆک لە هەنار دەچێ کاتێ دەیشکێنی و دانەکانی دادەوەرێنی و توێکڵەکەی فڕێ دەدەی، تەنیا دەنکە سوورەکانی دەمێنێتەوە کە دەتوانێ ببێتە تیرۆژە چیرۆکێکی زۆر سەرکەوتوو، دەبێ هەوڵبدرێ ئیلهامێکی کورت بدۆزیتەوە کە هەواڵی ڕووداوێکی گرینگی لەنێو خۆیدا حەشار دابێ لە بارەی شێوەی ژیانی ڕووداوی وەک «مەم و زینی ئەحمەدی خانی و حەمەدۆکی یاشار کەمال» پێویستمان بە ڕۆمان هەیە، لێرەدا دەتوانی تەنیا بەشێکی لێ هەڵبژێری- بۆ وێنە دڵداران چ هەست و سۆزێکیان هەیە، بۆچی ناتوانن پێکەوە وتووێژ بکەن، یان فلان دڵدار بە ناحەق چوو ئەوی تر بڕێک باشتر بووە، ئەوسا یەکێکیان هەڵبژێرە و بینووسە. ساتێ تیرۆژە چیرۆک دەنووسن، نابێ چەند لاپەڕە درێژدادڕی بکەن، ڕێگایەک بدۆزنەوە کە هەمووی لەچەند خەتێکی کورتدا بنووسرێ، بەڵام دەبێ لە کاتی نووسیندا بە ئاگا بی لە چ بوارێکدا دەنووسی، هەمیشە تیرۆژە چیرۆک لە نوختەی هەست بزوێنەوە دەست پێدەکا- بۆ وێنە پیاوێک دەیەوێ لە دەست ژنەکەی خۆی تیرۆر کا- لە حەژمەتان مێشکێک خەریکە دەتەقێتەوە لەوەی زیاتر کە پێویستە بۆ تیرۆژە چیرۆک نابێ درێژدادڕی بکرێ. چۆن خوێنەر دەتوانێ نەنووسراوەکان بخوێنێتەوە لێگەڕێی خوێنەر بۆ خۆی لەگەڵ بیروبۆچوونی نووسراوەکەدا دەستەویەخە بێ تا بێ دەنگی چیرۆک بدۆزێتەوە و بیکا بە هاوارێک بۆ هەڵاتنی وەهمەکانی- هەوڵ بدەن وێنەی ڕووداوێکی سەرسووڕهێنەر بدۆزنەوە لەسەری بیر بکەنەوە ساتێ دۆزیتانەوە لە تیرۆژە چیرۆکدا جێیەکی بۆ دەست نیشان بکەن- بۆ وێنە لەو زەوی لەرزەدا دوای چەند ڕۆژێک منداڵێک بە سەلامەتی دۆزرایەوە، سیاسەتوانێک بۆ ئامانجی ڕیشەی خۆی ڕیشەکێشی دەکا- تێ بکۆشن بە وشە شێوەکاری بکەن، دڵنیابن هیچ زیانێک ناگەیەنێ بەو شتەی کە مەبەستتانە چۆن پێش هەموو شتێک ئەمە یەک تیرۆژە چیرۆکە.

لەم شێوە و ڕێبازەدا ڕێ بۆ پێشەکی و خەیاڵ چنین نییە، دەبێ لە لێوەی وشەوە دەست پێ بکەی- یەک ڕووداوی ساکار دەتوانێ ببێتە هاوارێکی گەورە، ڕەنگە خوێنەر لێکدانەوەیەکی لە بارەی تیرۆژە چیرۆکەوە نەبێ، بەڵام بە سەرسوڕماوی تا کۆتایی دەمێنێتەوە. کاتێ تەواو دەبێ نووسەر دەبێ خوێندنەوەی پەیامێکی بۆ خوێنەر جێ هێشتبێ- لە سۆز و ئیلهامی خراپ کەڵک وەرمەگرن بە سەرنجدانی ڕووداوی خۆماڵی و سەردەمی تەکنۆلۆژیا دەتوانی تیرۆژە چیرۆک لە هەموو وشەیەکی نەخوازراو بپارێزی، لە هەواڵی ڕووداوی پێچوپەنا دووری بکەن. سۆزی تیرۆژە چیرۆک بە ئازادی ئازاد بوونی بسپێرن چۆن خوێنەر بۆ وەرگرتنی شتە ونەکانی نێو تیرۆژە چیرۆک زۆر هۆشیارە هەرگیز نابێ فێڵی لێ بکرێ، چونکە هەر خۆت تووشی دۆڕان دەبی- ڕووداوی چاوەڕوان نەکراوە ڕێگە بە نووسەر دەدات کۆتایی تیرۆژە چیرۆک کۆ بکاتەوە سەریەک و تیرۆژە چیرۆک زۆرترین کات کۆتایی چاوەڕوان نەکراوی هەیە چۆن لە ئەمڕۆکەدا بۆ نووسینی چیرۆکی درێژ کات و ساتی وا بە دەستەوە نییە، بەڵام تیرۆژە چیرۆک کار ئاسانی دەکات تا دوور نەکەوێتەوە لە دنیا پیرۆزەکەی چیرۆک، سەردەم، سەردەمی پێشکەوتنە هەر ڕێچکە و شێوازی بۆ خۆیان خەریکی داهێنانی نوێترن بمانەوێ و نەمانەوێ تیرۆژە چیرۆک وەک ئەدەبیاتی زمانەکانی نەتەوەکانی سەرگۆی زەوی هاتووەتە نێو ژیانی ئەدەبیاتی ئێمەوە، ئەم ڕێچکەیە ئەگەر لەڕێی وەرگێڕانەوە بێ، ئەوە هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بە توانایی ڕۆشنبیرانی خۆمان، یان بۆ پێشکەوتنی نووسەران، ئەمەش ئەو شتەیە کە لای هەمووان جێی سەرنج و ڕێزە. پێویستە ئەویش بڵێین لە زۆر شوێندا تیرۆژە چیرۆک بێ ئەوەی نووسەرەکەی بیەوێ تێکەڵ دنیای تەنز دەبێ، ئەمەش خۆی لەخۆیدا داهێنانێکی نوێیە لە ژیانی تەنزدا، بەڵام هێشتا لە بارەی تیرۆژە چیرۆکەوە گومانمان هەیە هێشتا لای زۆرمان نەناسراوە، چونکە زۆر کورتە ئەوەیش دەزانین کە داهێنانێکی نوێیە و خوێندنەوەی چێژی تایبەت بە خوێنەر دەبەخشێ و ساتێکی کەم لە وەختی ئێمە دەگرێ تا ئەو جێیی من بۆم ڕوون بۆتەوە لایەنگرانی تیرۆژە چیرۆک زۆرترە تا ڕۆمان، هۆیەکەشی ڕوون و دیارە، ڕۆمان کاتی زۆری دەوێ کە لەم سەردەمەدا بۆ کەس ناگونجێ، بەڵام تیرۆژە چیرۆک بە پێچەوانەوە کاتی خوێندنەوەی لای هەموو کەس دەست دەکەوێت.